قادر عەبدوڵلا

# زۆربای ئێرانی

منتدى إقرأ الثقافي

لە هۆڵەندییەوە: شەفیقی حاجی خدر

ڕۆمان

www.iqra.ahlamontada.com



ئەم کتێبە

لە ئامادەکردنی پێگەی

(منتدى إقرأ الثقافي)ە

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM

بۆ سەردانی پەیجی پێگە:

https://www.facebook.com/iqra.ahlamontada/

بۆ سەردانی پێگەکە:

http://iqra.ahlamontada.com

# زۆربـــــــــای ئێرانـــــــی

## قادر عەبدوڵلا

لە هۆڵەندییەوە: شەفیقی حاجی خدر

٢٠١٩



**کتێب:** زۆربای ئێرانی

**بابەت:** ڕۆمان

**نووسەر:** قادر عەبدوڵلا

**وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە:** شەفیق حاجی خدر

**دیزاینی بەرگ و ناوەرۆک:** شۆڕش غەفووری

**تیراژ:** [illegible]٠٠٠ دانە

**نرخ:** ٨٠٠٠ دینار

**نۆرەی چاپ:** یەکەم

**ساڵی چاپ:** ٢٠٢٠ی زایینی. هەولێر

**ژمارەی سپاردنی ( ٦٨٠) کتێبخانە گشتییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی بۆ ساڵی ٢٠١٩ی زایینی دراوەتێ.**

**مافی ئەم کتێبە پارێزراوە ©**

بێ ڕەزامەندی وەرگێڕ هیچ کەس و لایەنێک ڕێپێدراو نییە بۆ لەبەرگرتنەوەی ئەم کتێبە، جا چ بە شێوەی ئەلکترۆنی، کاغەزی، وێنەیی، دەنگی یان هەر شێوازێکی دیکەی لەبەرگرتنەوە بێ.

بە سوپاسەوە بە هاوکاریی (دکتۆر ئەحمەد فاتح مەلازادە) چاپکراوە




تێبــە بــە «ســەعید ســوڵتانپوور» پێشکەشــە، ئــەو کەســەی دەبوایــە بــە خــۆی و
ـــەی بــڕوا و نەگەڕێتــەوە تــا هەرگیــز کێڵگــە و مــەزرا هۆڵەندییــەکان نەبینــێ.

ی ئـەو شـتانەی نێـو ئـەم کتێبـە دەکرێ بـە قانونـی وێـژە بخوێنرێنـەوە. ئاخر «سـوڵتان»،
تخوانـی ئـەم چیرۆکـە، شـوێنپێی «شـەهرەزاد»ی خاتمـە حەکایەتخوانـی هـەزار و یـەک
شــەوەی هەڵگرتووە.

## نێوەرۆک


| | | |
|---|---|---|
| **پێشباری** | وەرگێڕ | ٥ |
| **کورتە پێشەکی نووسەر** | بۆ چاپی کوردی بەرایی | ٩ |
| **پێشبەند** | | ١١ |
| **بەرایی** | | ١٧ |
| **کتێبی یەکەم** : | ئەفسانە | ٢٧ |
| **کتێبی دووەم** : | سینەمای ئێرانی | ٢٣٣ |
| **کتێبی سێیەم** : | ڕۆژگاری شۆڕش | ٣٣٣ |
| **کتێبی چوارەم** : | لە کێڵگەکەدا | ٤٠٧ |
| **کتێبی پێنجەم** : | هەنگە ڕەنگزێڕینەکان | ٤٧٧ |
| **کۆتایی** | | ٤٩٦ |
| **تێبینییەکانی** : | ڕۆماننووس | ٤٩٧ |

# پێشباری وەرگێڕ

## ١

لەوەتــەی بە خوێندنەوەی ڕۆمانەکانی «قادر عەبدوڵڵا» ئاشــنابووم، ویســتوومە خوێنەرانیــش پێی ئاشــنابن، ئیدی لــە دوای وەرگێڕانی شــاکاری (خانووەکەی مزگەوتــێ)، پەیتا پەیتا هەوڵمداوە هەندێ لە بەرهەمە ناوازەکانی دیکەی بکەمە کوردی. هاوکات کاک «سەلاحەدین بایەزیدی»ش دەستبارێکی باشی لەگەڵ گرتم و ڕۆمانەکەی (سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان)ی لە فەرەنســییەوە کردە کوردی.

## ٢

پێرار بەسەفەر چوومەوە هۆڵەندا و ڕۆماننووسم لەوێ بینی. لە میانەی قسەوباسـەکاندا هاتمە سـەر ئەوەی، نیازی وەرگێڕانی ڕۆمانی (پاشا) کەی بۆ بدرکێنم، کە دەربارەی (ناسرەدین شای قاجار)ە، ئەویش یەک دوو شتی سەرباركرد و گوتی وا چاکە (کلیلە و دیمنە)ش وەربگێڕی، هەروەها باسـی دوو ڕۆمانی نوێی دیکەشـی بۆ کردم، ئەوەبوو هاوینی دواتر ڕۆمانە نوێیەکەی (لە مەککە)م وەرگێڕا و بڵاوبووەوە.

بـۆ بەجێگەیاندنـی بەڵێنەکەم سـەبارەت بـە ڕۆمانی (پاشـا) لەبەر سـەرقاڵبوونم بە وەرگێڕانی دیکە، هەروەها لەبەر ئەوەی هەر سـاڵێک کاک «قادر عەبدوللا» ڕۆمانێکی نوێی دەخستە بازاڕ، ئیدی منیش لە تامەزرۆی شـتە نوێیەکانی، دەرفەتی ئەوەم نەبووە هێشـتا دەست بۆ ڕۆمانە ناوبراوەکە ببەم.

## ٣

کاتێ نووسەر ئەم ڕۆمانەی بە هۆڵەندی بە ناونیشانی (ڕێچکەی قاپقاپە زەردەکان Het pad van de gele slippers) بڵاوکردەوە، پەیوەندیم پێوەکرد، گوتم تا ئەوکاتەی دانەی کتێبەکەم بە کاغەز پێدەگا، بەڵکو بـە (پـی دی ئێف) بۆم بنێری، ئەوەبوو ئەویش بۆی ناردم و هەر زوو کەوتمە خوێندنەوە، لە ئانوساتی خوێندنەوەیدا بڕیاری وەرگێڕانم دا.

پـاش یـەک دوو مانگیـش بە سوپاسـەوە کاک «بەختیـار بەکر» لە گەڕانـەوەی بۆ کوردسـتان، کتێبەکەی بە دیاری بـۆ هێنام. ئاخر خۆ کتێب وەک کاغەز تام و بۆی لە دیجیتاڵ زیاترە.

هـەر لەگەڵ خەتمکردنی کتێبەکە، تێبینیم لەسـەر ناونیشـانەکەی بۆ دروسـتبوو، سەیر ئەوە بوو، لە ناوەڕاستی بەشی یەکەمی کتێبەکەوە، کەڵکەڵەی بیرم بۆ لای (زۆربای یۆنانی) هی نووسەری ناودار «نیکۆس کازانتزاکیس» هەڵفڕی. لەگەڵ بەدواییەکداهاتنی بەندەکانی ڕۆمانەکە، ئـەم بیرۆکەیەم لا چەسـپاوتر بوو؛ پێموابوو (سـوڵتان)ی شاکەسـی

ڕۆمانەکە، ڕێک زۆربایە، بەڵکو هەورازتریش. ڕاستییەکەی ڕۆمانەکەم هەروەک داستانێک هاتە پێشچاو.
لە ڕۆمانەکەدا (سوڵتان) لە مێرمنداڵییەوە، پاڵەوانانە دێتەپێش، کاتێکیش هەراش دەبێ، زۆر ڕۆڵ دەبینێ، هەمووشی لە چاوی کامێراکەیەوە دەگێڕێتەوە، ئەو کاتەش، کە کامێرا دادینادا، ئیدی وێنەکان بە وشە دروستدەکا تا ئەم ڕۆمانەی لێدەردەچوێنێ. شایانی باسە چ لە ڕۆڵی باری کۆمەڵایەتی چ سیاسی و چ شۆڕشگێڕیدا ڕاستیگۆیی و وڵاتپارێزی سەرمەشقییەتی، ئیدی لە ترۆپکەی چێژ و لەززەتی ژیاندا، (مام هێمن)ئاسا گوتەنی (ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە...) دروشمێکە و بە کردەوە دەیسەلمێنێ، قوربانیشی لەپێناودا دەدا.
ئینجا بەر لەوەی دەست بە وەرگێڕانی بکەم، پرسەکەم لەگەڵ کاک «لوقمان شلانی» و یەک دوو خوێنەری جدیی دیکە کرد و هەم نامەشم بۆ نووسەر نارد و چەند تێبینیم بۆ نووسین، لەنێویاندا، مەیلی وەرگێڕانی ڕۆمانەکە و لەگەڵیدا گۆڕینی ناونیشان بۆ (زۆربای ئێرانی). مایەی خۆشحاڵییم بوو، نوسەر بە ئیمێل وەڵامی دامەوە، تێبینییەکانی پەسەندکردم. ڕاشکاوانەش بە گۆڕینی ناونیشانەکە قایلبوو.
دوای ئەوەی لە وەرگێڕانەکەش بوومەوە، دیسان نامەم بۆ ناردەوە و سەبارەت بە یەک دوو ناو پرسیارم لێکرد، هەروەها پرسی ناونیشانەکەشم لێ دووبارەکردەوە، ئەویش دیسان بە سوپاسەوە وەڵامیدامەوە، هەم کورتە پێشەکییەکی بۆ وەرگێڕانە کوردییەکە نووسی و هەم پەسەندنامەی خۆی بۆ ناونیشانە تازەکە بۆ (زۆربای ئێرانی) و هەم بۆ ژمارەبەندیکردنی کورتەبەندەکان دووپاتکردەوە.
ئینجا منیش ناوی خوام لێهێنا. ئێستاش لەبەردەستی خوێنەرانە.

## ٤

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەم وەرگێڕانەش هەر بە هاوکاری و بەشداری و ماندووبوون و شەنخوونی ئەم خۆشەویستانەم بەم شێوە فراژیبووە، دیارە ئەو خۆشەویستانە لەپشت وەرگێڕانەکانی منەوەن و بۆ من کۆڵەگەی سەرخانی چاپەمەنییەکانمن.

سەرەتا سوپاس بۆ «شێخ شەماڵ گەزنەیی»، کە هاندەر و خوێنەرێکی جدییە و لە هەندێ هەڵەی زەقوزۆپی دەستنووسی یەکەم ئاگاداریکردمەوە.

کاک «لوقمان شلانی» نەوەک هەر هەڵە و دەستەواژە لەنگەکانی بۆ ڕاستکردمەوە، بەڵکو پێ بەپێی ڕووداوگەلی نێو بەندەکانی کتێبەکە لەگەڵمدابووە و بە یەکەوە موناقەشەمان کردووە. دوو جارانیش بەسەریداچۆتەوە، یەکەمجار و دواجار.

«بارام سوبحی» بە سەلیقە ناوازەکەی خۆی، هەرچی لە فلتەری یەکەم و دووەم و سێیەم دەرباز بووبێ، ئەو گرتوویەتیەوە و هەڵەکانی بۆ ڕاستکردوومەتەوە.

«ئازاد سەید عەبدوڵڵا بێخاڵی»ش لەم وەرگێڕانەمدا وەک خۆبەخشێکی سەرنج ورد و چاوتیژ لێم هاتەپێش و کارێکی مەردانەی لەگەڵ کردم.

پاشان ئەرکی پێداچوونەوەی لایەنە زمانەوانییەکە وەک هەمیشە کەوتە سەر شانی «حەیدەری حاجی خدر» و لەخەم ڕەخساندی.

دەستوپەنجەی ڕەنگین و گوڵگری (شۆڕش غەفووری)ش نەبوایە بەرگەکە بەم نەخشکارییە نەدەکەوتە بەر دیدی خوێنەران.

هەڵبەتە ڕۆڵی (کنێر جەمیل خەیلانی) هاوژینیشم ناکرێ نادیدە بگرم، چونکە ئەگەر هاوکارم نەبێ ئەوا ناتوانم کارەکانم بەباشی ڕاییبکەم.

ش.ح.خ

# کورتە پێشەکییەک بۆ وەرگێڕانە کوردییەکەی ڕۆمانی (زۆربای ئێرانی)

**ئازیزم شەفیق،**

سەلام،

دەســتت خۆش بێ، کارێکی باشت کردووە.

خۆشــم نازانم چۆنە، بیرم هەر لای کوردســتانە، ئەوەش گرفت نییە کە چ بەشێک بێ.

هەروەها ئەوەش نازانم چۆنە، کە لە کوردستان هەستدەکەم لە ماڵی

خۆمم (هەرچەندە لەوێش نیم).
من ژنم هێناوە و دوو دۆتی جوان و نازداریشم لە ماوەڵەوە هەن، کاتێ هێشتا گەنج بووم، هێشتا هیچ کتێبم نەنوسیبوون، ئەوە بوو یەکەمین کتێبم سەبارەت بە بەرزایی و گوندەکانی کوردستان نووسی، هەر لەوێش لە شوێنێک کیژێکی جوان، ژنێکی گەنجی زۆر نازدارم بینی، ئەویش منی بینی و چاومان بەریەک کەوت. ئیدی هەردووکمان زانیمان، لە چاوەکانی یەکدی خوێندمانەوە، شتێکمان خوێندەوە کە خەڵک تێیدەگا چییە. کەچی بۆ هەردووکمان ئەوە دیاربوو، کە بەیەکگەیشتنمان ئەستەمە. کەواتە نە هیچ قسەیەک و نە نیگایەکی درێژتر، ئاخر خۆ شتەکە نەکردە بوو.
منیش درێژەم بە ڕێگەی خۆم دا، بەڵام بینیم دەستی ئەو نیوەی لە هەوا بوو، بۆ منی ڕادەوەشاند.
کاتێکیش ئەم کتێبەم نووسی، بۆ ئەوم نووسی. هەرچەندە نە ناو، نە ناونیشان، نە هیچ قسەیەکی ئەویشم لا نەبوو.
لێ گەلۆ، ڕووە گەشاوەکەی، دوو چاوە جوانە کێوییەکەی ڕوخسارێکی (مۆزە)ی خواوەند بوو.

**قادر عەبدوڵلا**

**هۆڵەندا ـ ٢٠١٩/٥/٧**

# پێشبەند

## سیمرخ

**پەپووسلێمان**، نوێنەری هەموو باڵندەکانی دونیایێی بە ناسراو و نەناسراوەوە بانگهێشتی دانیشتنێک کرد، تا پرسێکی چارەنووسساز یەکلابکەنەوە.
پرسەکەش ئەوە بوو، ئەرێ چۆنە تا ئێستا مەملەکەتی مەلان هیچ پاشایەکی نییە.
پەپووسلێمان، لە کاتی گردبوونەوەکەدا هاتەپێشەوە و خۆی گەیاندە ناوەڕاستی باڵندە ئامادەبووەکان. لەسەر سینگیشی نەخشێکی ڕازاوە هەبوو، نیشانەی ئەوە بوو، کە پەیکی شا سلێمان بووە. ئیدی ڕووی

خۆی لە باڵندەکان کرد.

«ئێمە پێویستمان بە پاشایەک هەیە، بەڵام دەبێ بە دوایدا بگەڕێین تا دەیدۆزینەوە. ڕاستییەکەی ئەویش لە نزیکمانە، بەڵام ئێمە لێی دوورکەوتووینەتەوە. لەبەردەم ئەودا هەزاران پەردە لە ڕووناکی و تاریکی هەڵواسراون. ناوی ئەو سیمرخە. ئەو لە چیایەکی عاسێدا دەژی، پێیدەگوترێ چیای قاف. خۆ ناشێ ئەوەش فەرامۆشبکەن، کاروانەکە بۆ ئەوێ دوور و درێژە. زۆر وڵات و دەریا دەکەونە سەر ڕێ. ئەگەر هاتوو شا سیمرخ ڕووی خۆی لە ئێوە ئاشکراکرد، ئەوا یەکسەر ئەوە بەدیدەکەی، کە هەر مەلێک لە ئێوە سایەی ئەوە. هەرگیز هیچ سێبەرێک لە دروستکەرەکەی خۆی جیانابێتەوە، بەم جۆرە هەموو مەلێک نمایشێکە لە ئەو. کەواتە وەرن با بناوێک بەنێو تەلیسمدا لێبدەن. پێچکەتان بخەنە سەر ڕێی گەڕان بە دوای پاشا. کێ لە پێش و کێش لە پاش بفڕێ، هەمووومان هەر یەکین.

هۆ **قەشکەرە**[1]، بەخێر بێی.

تۆ کە دەمانخەیتە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە لە موسا! سەرت بەرزبکەوە، دەی با فیەتەفیتت دەنگبداتەوە. تۆ هەر وەک موسا، ئەو موسایەی سەر کێوی توورێی[2]؛ لە دوورەوە ئاگر دەبینی.

هۆ توتییەکە، بەخێربێی! تۆش بەو بەرگە نایابە و ئەو یاخەیەی وەک ئاگر وایە. دەی سەری نەمروود بشکێنە و دۆستایەتیت بۆ

١. کلک مەلنگێنە، کلک مەقری و کلکدرێژەی پێدەگوترێ.

٢. ڕۆمانتووس نووسیوویەتی کێوی سینا، بەڵام لە کوردەواریدا بە کێوی توورێ ناسراوە. وەرگێڕ.

ئیبراهیم بنوێنە. کاتێکیش لە دەستی نەمروود قوتاربوویت، بەرگی نەمری بپۆشە و لە یەخەی ئاگراوی مەترسە.

**هۆ هۆ، کەوی!**
تۆ کە ئەوەندە بەناز دەڕۆی و دڵشادی بەوەی کاتێ بەسەر چیای خواناسیدا دەفڕی. دەی خۆت لە شادی هەڵکێشە و چاکەی شاخەکانی ڕێگەکە هەڵسەنگێنە. خۆ شاخ لەبەر تایبەتمەندی ئارەزووی بەرزەفڕیت سەردادەنوێنێ، بە شێوەیەک وشتر دەتوانێ بەسەریدا بڕوا.

**هەڵۆ، هۆ هەڵۆی بەرزەفڕ، بەخێربێیت!**
تۆ کە هیچ شتێک بەرگەی تیژبینییەکەت ناگرێ. تۆبڵێی تاکەی هەروا سەرکەش و تاسەمەند بمێنیتەوە؟ دەی چڕنوکەکانت توند لە نامەی خۆشەویستیی هەمیشەیی گیربکە، بەڵام نەکەی مۆری سەر نامەکە بدڕێنی. دەی گیانت تێکەڵی ئاوەزمەندی بکە و لەگەڵ ئێمەدا وەرە و خۆت لە ئەنوای یەکانگیرییدا جێگیربکە. کێ لەپێش و کێ لە پاش بفڕێ، هەموومان هەر یەکین.

**هۆ سوێسکە!**
کاتێ لە ڕۆحی خۆتدا هەست بە کورتهێنی ئەڤینی دەکەی، ئەوا هەموو جەستەت پڕ لە تامەزرۆ دەبێ. دەی منگەمنگ بەسە، جەستەت هەروەک گوێدرێژەکەی عیسا خاڵیکەوە لە تامەزرۆیی، ئینجا وەک مەسیح، خۆت ئازادکە و بڕیکە لە خۆشەویستی پاشاکەت. ئەوسا

لەگەڵمان وەرە با بڕۆین.

هۆ **شالورەکەی** ڕەز و باخی خۆشەویستی، بەخێربێی.
دەی گۆرانی شین بچڕە، با شینەکە هەروەک شا داود لە دڵەوە بێتەدەر. دەی لە ڕێی گۆرانی شینئاسای خۆت ڕاستەڕێ ببینە. کەواتە تۆش لەگەڵمان وەرە. ئەوەی لە پێش و ئەوەی لە پاشیش بفڕێ، هەمووومان هەر یەکین.

هۆ **تاوسەکە**، تاوسی باخی پشت دەرگاکان. تۆ ئازارکوشتەی ئەو مارەی کە تەفرەی دای و لە بەهەشت دەریکردی. خۆ ئەگەر خۆت لەو مارە شەڕانگێزە دەربازبکەی، ئەوا ڕێگەی بەهەشتت بۆ واڵا دەبێ.

بەخێر بێی هەی **پۆپی** نازدار!
خۆ تۆ هەموو شتێک لە دوور دوورەوە دەبینی، تۆ دەبینی چۆن دڵت بۆ ئۆقیانوسێکی ڕووناکی لێدەدا. لێ خۆ تۆ هەر لە کونە تاریکییەکەدا دانیشتووی. دەی لە کونەکە وەرەدەر و سەرت بەرەو تەخت و تاجە پیرۆزەکە هەڵبڕە. دەی تۆش لەگەڵمان وەرە. هەندێک لە پێش و هەندێک لە پاشەوە بفڕن، ئێمە هەمووومان هەر یەکین.

هۆ **قومری**، هەی قومری گمە نەرمەکە!
تۆ بە دڵخۆشی هەڵفڕی و ڕۆیشتی، کەچی بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە گەڕایتەوە نێو قەفەز، هەروەک قەفەسەکەی یونس بچووک بوو.

تــۆ کە وەک ماســی دەجووڵێی، چــۆن دەتوانی خۆت لــە بەدنیازی ئەهریمەن دەرباز بکەی؟ دەی خۆت لە ماســی بە دووربگرە و لەگەڵ ئێمە بفڕە تا لەســەر لووتکەی مانگ جێگیر ببی.

**کۆترەکە**، بەخێر بێی!
دەی هێــزی ملوانکــە مرواری گەردنت دانــێ و ڕەگەڵمان کەوە. ئاخر خــۆ گەردنە مروارییەکەت نیشــانەی متمانەبوونــە. خۆ ئەگەر لەگەڵ ئێمە بە ڕێی تێگەیشتندا بڕۆی، لە پاداشتدا ئاوی بەهەشتت دەدرێتێ و دەگەیتە پایەی نەمریی.

تۆش هۆ **بازەکە**!
تۆ ئەو باڵندەی دژی ئەلێکساندەری سەردارت یاخیبووی و لە شەققەی باڵــت دا. تــۆ ئەوەی لە بەرزی کێوەکان، دوور زۆر دوور لە هەمووان دەژی. هەر کاتێک خۆت لە دەســت ئێستا و ئایندەت قوتارکرد، ئەوا جارێکی دیکە لەبەردەســتی ئەلێکساندەری سەردارت دەحەسێیتەوە. دەی تــۆش لەگەڵمان وەرە. خۆ ئەوەش لــە هیچ ناگۆڕێ، ئەوەی لە پێشــەوە بفڕێ یان لە دواوە، هەموومان هەر یەکین.

هۆ **کەناری** نازدار بەخێربێی!
دەی تامەزرۆیــی نیشــاندە، چونکە ئەگەر خۆت لە کــۆڵ خەمەکانت بکەیتــەوە، ئــەوا چرای نەمریی لە تۆدا خۆی نمایشــدەکا. دەی ئەی ئــەوەی بە ڕازونیــازان دەزانێ، بە متمانــەداری بمێنەوە. دەی تۆش لەگەڵمان بفڕە. با بە دوای شا سیمرخ، تاکە شا و دوا شادا بگەڕێین.

کاتێک پەپووسلێمان لە دوانەکەی بووەوە، باڵندەکان پڕ جۆشوخرۆش بوون تا دەربارەی نەمریی پاشاکەیان بدوێن و بڕیاریشیاندا بە یەکەوە بە ڕەوە بڕۆن و بفڕن؛ هەریەکەیان دۆستی ئەوی دیکە و دوژمنی خۆی. لێ کاتێ لەوە تێگەیشتن، ڕێگەیان درێژە و بارگرانییە، سەرباری نیازپاکی دەستپێکەکە، دوودڵ بوون و دەستیان بە پاکانە و سازش کرد. ئیدی شوێنی بەیەکەوەبوونیان جێهێشت.

لەگەڵ ئەوشدا پۆلێک باڵندە لە دواوە مانەوە، باڵندەکانی ئەو پۆلە بڕیاریاندا بە دوای شا سیمرخدا بگەڕێن. هەموویان چ ئەوەی لە پێش و چ ئەوەی لە دواوە دەفڕی، هەر یەک بوون.

# بەرایی

## ١

وەهــا بــوو، ڕۆژێکیــان هاوڕێیەکــی دێرینیم ســەریلێدام. ئــەو ناوی «ســوڵتان گوڵســتان فەراهانجی»یە، منیش لــەم چیرۆکەدا هەر بە «سوڵتان» ناویدەهێنم.

مــن دەمێکــە، ڕاســتییەکەی زۆر لەمێــژە دەیناســم. کاتێــک من لە نیشتمان نووســەرێکی تازەلاو بووم، «ســوڵتان» فیلمدەرهێنەرێکی شۆڕشگێڕی ناودار بوو.

منیش بە دوای ژیانی ئەودا چووبووم و یەکەمین فیلم و کارە بەڵگەنامەییەکانی ئەم دواییانەیم هەموو بینیبوون. هەرچی لە نیشتمانیش بوو، تەنیا یەکجا ڕووبەڕوو بینیبووم. ئەو کاتیش لە سینەمایەک بوو لە تاران، ئەو کاتەی نمایشی فیلمەکانی دەکرد، ئەوە بوو یەکدیمان بینی و تۆقەمان لەگەڵ یەک کرد.

کەواتە ئەوە عەیامێکە، زۆر لەمێژە، ئێستاش ئێمەی کۆنەهاوڕێ، هەردووکمان لە هۆڵەندا دەژین. ئەو لێرە لە شوێنێک، لە کێڵگەیەک لە دەوروبەری شاری «دێلفت» دەژی، منیش لە بەندەرەشاری «ڕۆتەردام». بەم جۆرە، شوێنەکانمان زۆر لەیەک دوور نین.

لەو کاتەی ئەو هاتۆتە هۆڵەندا، ڕاستییەکەی ئەو کاری بەڵگەنامەیی دەکا، ئاخر خۆ بە دەستی بەتاڵ و هەروەها لە غەریبایەتیدا ناتوانی فیلمی درێژی سینەمایی دروستبکەی. کارە بەڵگەنامەییەکانیشی هەر بۆ نیشتمان بوون، ئەوانیش لە ڕێی بەشی فارسی بی بی سی و تەلەفزیۆنە ئەمریکییەکان و لە ڕێی سەتەلایتەوە پەخشدەکرێن. وێڕای پەستبوونی دەسەڵاتدارانی وڵاتیش، ئەو جۆرە بەرنامە بەریتانی و ئەمریکییانە بیست و چوار سەعات پەخشدەکرێن و بە ملیۆنان کەسیش دەیبینن. ئەم شتە بۆ کارە بەڵگەنامەییەکانی سوڵتانیش هەر وایە. ئاخر خۆ هەموو فیلمەکانی قەدەغە و خۆشی دوورخراوەتەوە. ئەو خۆی لە نیشتمان کەسێکی خۆشەویستە.

ئەو بۆ فیلمسازانی هۆڵەندیش کەسێکی ناسراوە. یەک دوو لە spelfilmlی لە هۆڵەنداش پەخشکراون. هەمیشە ڤیستڤاڵەکانی

فیلمی ئەمستەردام و ڕۆتەردام کارە بەڵگەنامەییەکانی ئەم دواییانەی ئەو لە نێو خشتەی بەرنامەکانی خۆیان دادەنێن.

بۆ ئەوەی کارنامەی ژیانی ڕابردووی ئەو پیاوە کورتبکەینەوە: هاوڕێ دێرینەکەم دەرهێنەرێک بوو، کە دەمانچەی لەبەر پشتدا بوو.

ماوەیەکی درێژ بوو سوڵتان هیچ زەحمەتییەکی لەگەڵ ئەوەدا نەبوو، زمانی هۆڵەندی فێرببێ. لەوانەیە ئەمەش لەبەر سروشتی کارەکەی بووبێ: ئاخر بۆ هەر شوێنێک دەچوو ڕووبەڕووی ئینگلیززمان دەبوەوە و فیلمەکانیشی بە زمانی فارسی بوون. بە شێوەیەکی بنەڕەتی، دەکرێ بڵێین ئەو پێویستی بە هۆڵەندی نەبوو. خۆ هەندێکیش بە شڕوشەقی قسەی بە هۆڵەندی دەکرد، بەڵام ئەوەشم زۆرجار دەبینی، هەوڵیدەدا لە ڕێی فەرهەنگەوە شیعری هۆڵەندی بخوێنێتەوە.
هەفتەی ڕابردوو سوڵتان سەرسامیکردم.
ئەوە بوو لەسەر ئەوە ڕێککەوتین لەماڵی ئێمە یەکدی ببینین.
کاتێکیش زەنگی ماڵەکەم لێدرا، بەرەو پەیژەکان ڕۆیشتم تا بەخێرهاتنی لێبکەم. ئەو پاکەتێکی پێبوو، بە سینگییەوە گرتبووی.
- «بەخێر بێی، ئەرێ ئەوە چییە لەگەڵ خۆت هێناوە؟» من وەهام بانگکرد.
- «دەی کەمێکی دیکە پێتدەڵێم.» «سوڵتان»یش وەهای لێوەرگرتمەوە.

کاتێکیــش لە پەیژەکان بەســەرکەوتین و چووینە ژووری میوان، ئەو زەرفە گەورەکەی لەسەر مێزی نووسینم دانا و پەنجەی ئاماژەشی بۆ دەزگای قاوەلێنان ڕاهێشت.

منیش قاوەکەم سازکرد و دەستم بۆ کوپێکی جوان برد و قاوەیەکەم بــۆ تێکــرد. ئاخــر خــۆ ئــەو هاوڕێیەکــی ســەرپێی نەبــوو، بەڵکو نیشــانەنمایەک بوو بۆ بۆ سەردەمی خۆی، بۆ سینەمای نیشتمان.

ئەویــش قومێکی لە قاوەکەدا و گوتی: «دەی زەرفەکە بکەرەوە.»

منیــش بــە پرســنییەوە زەرفەکەم کــردەوە. چی ببینــم، هەر پەڕە کاغــەزی نووســراو بوون. ئــاوا نزیکەی هەزار پــەڕە کاغەزێک بوون، بەدەست نوسرابوون. لێمپرسی:

- «ئەمە چییە؟»
- «کتێبێک،» وەها وەڵامی دامەوە.
- «چ جۆرە کتێبێک؟»
- ئەویــش گوتی: «ئەمە کتێبی منە.»

خــۆی دەبوایــە پێبکەنم، بــەڵام خۆم گرت، چونکــە ڕوویەکی جدی نواند. ئینجا دەســتم دایە یەک دوو پەڕەکاغەز و تەماشــایەکم کرد، ئاخــۆ باســی چــی دەکا. بەڵێ خۆ ئــەوە دەقێک بوو، ســەدان جار ڕەشــکرابووەوە و ڕاســتکرابووەوە و نەشــدەخوێنرایەوە. بۆ یەکەمین نیگا وەهام زانی بە ئینگلیزی نوسراوە، بەڵام خۆ دیاربوو بە هۆڵەندی دەچوو.

پێشبەندەکەیم خوێندەوە، ئای لەوە، خۆ ئەمە برگەیەکە لە «زمانگۆی

مەلان»[٣]ی ئوستادی فارسی، «فەریدەدین عەتتار».

منیش بە تامی نوکتە پێمگوت: «چییە، لەوانەیە دەستنوسێکی کۆنی ئەو ئوستادە فارسەت لە هەورەبانی کێڵگە کۆنینە هۆڵەندییەکدا دۆزیبێتەوە؟»

- «خۆ ئەگەر کوپە قاوەیەکی دیکەم بۆ تێبکەی، چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕمەوە.»

منیش کوپێکی دیکەم بۆ تێکرد.

ئای لەو هاوڕێ نازدارەم، من چەند بە کارەکەی ئەوەندەش بە ژیانیەوە سەرسامم، ئاخر ئەو کتێبێکی پێنجسەد لاپەڕەی بە هۆڵەندی نووسیوە.

لێمپرسی: «باشە بۆچی بە ئینگلیزی یان بە فارسی نەتنووسی؟»

- «ڕاستییەکەی من بۆ خۆم نووسیومە. هەر بۆیەش بەم شێوەیە، بە هۆڵەندی نووسیومە تا خۆم لە خۆسانسۆری بەدووربگرم، شوێنێک کە کەس نەتوانێ بمدۆزێتەوە. ئاخر بە زمانی زگماکی خۆت ناتوانی هەموو شتێک بنووسیتەوە. هەر بۆیە پەنام بۆ زمانە شەقوشڕە

٣. مەبەست (منطق الطیر)ە، وەرگێڕ. ئەوەی ڕاستی بێ، من فارسی نازانم زۆریشم سەبارەت بەم کتێبە بیستبوو، لەملاو ئەولا، کەم تا کورت شتم لەسەر خوێندبووەوە، ئیدی کاتێ لە خوێندنەوە و وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە، دیسان بەسەر ناوی (منطق الطیر)ی «فەریدەدین عەتتاری نیشابوری»دا کەوتم دیسان کەڵکەڵەی پێزانینی لەکەللەی دام، خۆشبەختانە هاوڕێم کاک لوقمان شلاتی لە سەفەرێکی تاران گەڕایەوە، مژدەی دیارییەکی نایابی پێدام کە وەرگێڕانی کتێبەکە بوو بە کوردی. ئیدی منیش بەر لە تەواوکردنی وەرگێڕانەکە خوێندمەوە، بۆ ئەوەی هەرهیچ نەبێ باشتر لە کتێبە لێوەرگیراوەکە حاڵی بکەم. بڕوانە: منطق الطیر، هۆنراوەی شێخ محەممەد فەریدەدین عەتتاری نیشابوری، وەرگێڕ بۆ سەر هۆنراوەی کوردی: عەبدولسەلام مودەڕیسی (خالی)، چاپی دووەم ١٣٩٥ هەتاوی/٢٠١٦ ی زایینی، ورمێ، چاپخانەی حوسێنی ئەسل.

هۆڵەندییەکەم بردووە. "

تەنانەت نەشمدەزانی چی پێبڵێم. ئیدی کوپێک قاوەم بۆ خۆم تێکرد و لەگڕ هزران ڕاچووم.

ئینجا پرسـیم: « ئەدی ئێستا چی، دەتەوێ چی لێبکەی؟»

- «کاتێک لە نووسـینی چیرۆکەکە بومەوە، ماوەیەک هەر بیرم لەوە دەکردەوە، بیکەمە کتێبێک و بخوێنرێتەوە، بەڵام خۆ ئەوە کاری من نییە. من هەر ئەوە دەزانم، بە کامێراکەم هونەر بخوڵقێنم. کەچی لە پڕێکـەوە بۆم هات، چی لەم چیرۆکە بکەم. لێرە، ئەوە هەر هەمووی بۆ تۆ، دەی بیخوێنەوە و شـتێکی جوانی لێپێکبهێنە.»

منیش بە زمانبەسـتراوی هەر سەیرمکرد.

- «پێویسـت ناکا وەها سەیرمبکەی. من بارستە کاغەزێکت دەدەمێ کـە ناخوێنرێتـەوە. تـۆش چیرۆکێکی لێدروسـتبکە، بـەلای منەوە، هـەر تـۆ دەزانی، من باسـی چـی دەکەم. مـن ئـەم کاغەزانەت بۆ بەجێدێڵـم و چیدی خۆمی تێهەڵناقورتێنم. ئاخر خۆ هەمیشـە کتێب لـە نووسـەرەکەی زیرەکتـرە. من بە تاسـەوەم. کاتێ کتێبەکەشـت چاپکرد، ئەوا بە پاڵپشـتی فەرهەنگێک دەیخوێنمەوە.»

- «بـەڵام باشـە بۆچـی ئـەم برگەیەی پێشـبەندت لە هی ئوسـتاد «فەریدەدین عەتتار» هێناوەتەوە؟» من وەهام لێپرسـی.

- «نازانـم،» سـوڵتانیش وەها هاتەگۆ، «پێویسـت بـوو وەها بێ. بەردێکـم لەسـەر ئەو بارسـتە کاغەزانە داناوە، تا با پەرشـوبڵاویان نەکا.»

ئـەو پێشـنیازە منی بـۆ خۆی برد. ئاخـر من ئەوم باش دەناسـی، سـەربردەی ژیانیشـم دەزانی. دیسـان کاغەزەکانم هەڵگێڕ و وەرگێڕ کردن، پەڕەکانم هەڵدانەوە. بەڵێ چیرۆکەکەی ئەو چیرۆکی وەچەیەک بوو. ئەوەش شـەڕەفمەندی بوو، کە ڕووی لێنام و متمانەی پێکردم. ئەوە بوو پێمگوت: «باشە دەیکەم. من ئەمە وەک ئەرکێک دەبینم.» ئەویـش هەڵسـا، وەک ئەوەی بارێکی گرانم لەسـەر شـانی لابردبێ، دەستی گوشیم.

منیش پێمگوت: «باشـە، بەڵام بە یەک مەرج.»

- «دەی بیڵێ!»

- «تا ئەو کاتەی بە چیرۆکەکەی تۆوە سـەرقاڵم، نامەوێ بتبینم.»

- بە خەندوە گوتی» قایلم.»

ئینجـا بۆ خواحافیزی تا دەرگەی دەرەوە لەگەڵی چووم و بەڕێمکرد. کاتێکیـش دەرگەی دەرەوەم بۆ کردەوە تا بڕوا، شـتێکم بەمێشـکدا هات.

- «ئەرێ هەر بەڕاست، تۆ بە کتێبەکەی «ماکس هاڤەلار» بەڵەدی؟»

- «نەخێر، بۆچی؟»

- «ئاخـر خـۆی ئـەو نووسـەرێکی کلاسـیکی ئەدەبیاتـی هۆڵەندی بـوو. کارەکەی ئەویش لەسـەر بنەمای بارسـتەکاغەزێکی پڕ پەراوێز بنیاتنرابـوو. ئـەوەی قاوەفرۆشـەکە لـەو کتێبـەدا دەیگێڕێتـەوە، چیرۆکەکەی تۆی بە بیرهێنامەوە. کتێبەکە لەنێو ڕەفەی کتێبەکانمدا هەیە. دەچم بۆتی دێنم.»

- «ئاخر خۆ ناتوانم بیخوێنمەوە.»
- «دەی کاتـی خۆتی بۆ وەرگرە، لە ڕێی فەرهەنگەوە بیخوێنەوە.» چوومـە سـەرەوە و کتێبەکەم بۆ هێنـا، کە کتێبەکەم ڕادەسـتکرد، ئەویش ڕۆیشت.

ئاوەهـا، بـەم جـۆرە، وەک زۆر شـتی جوانی دیکەی ژیانم، بەسـەر نووسینی ئەم کتێبەدا کەوتم.
مـن ئەمە وەک ڕێچکەیەک دەبینـم، وەک ڕێچکەیەکی نوێ، کە ژیانی منی لەگەڵ خۆی برد.
پەرۆشیشم ئاخۆ دەگەمە کوێ.

# ٢

لــەو ماوەیــەی ڕابردوودا، ئەم دەستنوســەی هاوڕێکەمم ســێ جاران خوێندەوە. یەکەم جار وەهام بینی، دەستخەتێکی شەڕەپشیلەئاسایە و ناخوێنرێتــەوە. لــێ کاتێــک بۆ دووەمیــن جار بەســەریداچومەوە، چیرۆکێکــی بەهێــزم لــە تێکەڵاویــە پاشــاگەردانییەکەیدا هەڵکڕاند. خوێندنەوەی سێیەمین جاریش، هێنامیە سەر ئەو بڕوایە، کە سوڵتان بە شــێوەیەکی ناوازە نووســیویەتی. لێ گەلۆ. پرسیارەکە ئەوە بوو، ئاخۆ چۆن بتوانم پێشکەشی بکەم.

هاوڕێ دێرینەکەم هەروەک منداڵێک بۆ ئیشــەکە چووبوو: بۆ ئەوەی زەفــەر بــەوە ببەیــن ئاخۆ ئــەو چی لە مــرازدا بووە تــا بیڵێ، ئەوا ئەو هەموو ڕێســاکانی تووڕ هەڵدابوون. ئەو وەک حیکایەتخوانەکانی پێشــان چیرۆکەکــەی گێڕاوەتەوە، بێ ئــەوەی بونیادێکی بۆ ڕێکبخا. ئەمــەش لەبــەر ئەوە بووە، ئــەو چیرۆکەکەی بۆ کەس نەنووســیوە، تەنانەت بۆ خۆشی نەنووسیوە. ئەو هەر شتێکی بە مێشکیدا هاتبوو، خستبوویە سەر کاغەز. بەم جۆرە ئەو سنووری خەیاڵکردەکەی خۆی بەزاندبــوو. هــەر نموونەیەکیش بۆ ئەمــە، بڕگەکانی زمانگۆی مەلانی «فەریدەدین عەتتار» بوو. هێشــتاش لەوە تێناگەم، ئاخۆ بۆچی ئەو بڕگانەی لێبژاردوون.

نووســین بە زمانێکی دیکە ئازادییەکی زۆر دەداتە نووسەرەکە خۆی، کەچی سوڵتان بەم کارەی خۆی یەک دوو هەنگاو دوورتر ڕۆیشتووە. هەنووکــە کاغەزەکانــی لەســەر مێزەکــەی مــن کەوتــوون، منیــش

بارستەیەک سەرنج و تێبینیم لەسەر نووسین. لەسەرەتاوە، پێم وا بوو بابەتەکانی نێو کاغەزەکان، چیرۆکی لەیەک جیاوازن، لێ کاتێ زیاتر لێیقووڵ بومەوە، بۆم دەرکەوت دەستخەتەکە چەند دێڕێکی نادیارن، هەر هەمووی بەیەکەوە گرێدراوە. ئەم دێڕانەش ئەو ڕێچکەیە بوو، زۆر جار ژیان بەرەو ئەوێ لێیدەخوڕێ. منیش بە نیازم بەو ڕێچکانەدا بڕۆم.

سوڵتان ناونیشانی «مایک هامەر»ی بۆ کتێبەکەی دانابوو. ««میکائیل «مایک هامەر» لێکۆڵەرەوەیەکی توندی خەیاڵکردەیە، ئەو یەکێ لە دروستکراوەکانی نووسەری ئەمریکی «میکی سپیلان»ە. ئێستاش کە من دەستمپێکردووە، لەوە تێگەیشتم، بەو ناونیشانە بە هیچ شوێنێک ناگەم. چیرۆکەکە خۆی دەبێ ناونیشانێکی گونجاو نیشان بدا.

ئیدی لێرەوە، من چیرۆکەکە دەگێڕمەوە، چیرۆکەکەی سوڵتان، فیلم دەرهێنەرێکی ئێرانی. چیرۆکەکەش لە قەڵایەک دەستپێدەکا، قەڵایەک، کە لە تافی منداڵی، تێیدا ژیاوە.

# کتێبی یەکەم

## ئەفسانە

### ١

ناوم «سوڵتان»ە و ماوەیەکی درێژیشە بە خۆم و سەگەکەم لە کێڵگەیەکی دەرەوەی «دێلفت» دەژیم. «دێلفت»یش ئەو شارە کۆنە دیرۆکییەیە، کە شازادەی بنەماڵەی ئۆرانییە، باوکی نیشتمان، هەر لە ١٥٧٢دا تێیدا ئاکنجی بووە و هەر لەوێش لە ١٥٨٤دا کوژراوە. بەخێوکردنی سەگ لە کلتوورەکەی مندا، شتێکی نائاساییە، بەڵام خۆ سەگەکە سەگی کێڵگەکە بوو، ئیدی منیش لەگەڵ خۆم هێشتەوە.

سەگەکە ناوی «گورگی»یە، ناوەکەش من لێم ناوە، گورگی واتای گورگ دەگەیەنێ. چۆن و بۆچیش ئەو ناوە فارسییەی وەرگرت، دواتر دەیگێڕمەوە.

من لە خانووەکەم، لە سەرەوە مێزێکم لای پەنجەرەکە داناوە، لەوێ دادەنیشم و دەنووسم. پەنجەرەکەش بەسەر دیمەنی جۆگەکە، بەسەر مەزرا و چیمەنەکەدا دەڕوانێ و لەوێ لە پشت دارەکانیشدا دەکرێ کڵێسا ناودارەکە ببینی، ئەو کڵێسایەی کە «ولیەم ڤان ئۆرانیە»ی لێ بەخاکسپێرراوە.
خۆی نیازم وایە لەپشت ئەو پەنجەرەیەوە چیرۆکەکەم بگێڕمەوە.
بۆ ئەوەی لە سەرەتاوە دەستپێبکەین، دەستتان دەگرم و لەگەڵ خۆمدا دەتانبەمە زێدەکەم «ئاراک». ئەم شارە هەندێک لە شارە دێرینەکەی «بەترا (Πέτρα)ی ئوردنی دەچێ. «بەترا» لەنێو خەرەندێکی قووڵی نێوان شاخەکاندا هەڵکەوتووە. پێشتر لە نێو ئەشکەوتەکانی خەرەندەکەدا خەڵک ژیاون، لە بەردەکانیش زۆر خانوویان داتاشیون.
هەرچی ئاراکیشە بە شێوەیەکی دیکە دروستکراوە، ئەو دەکەوێتە سەر ملەی شاخ و خۆی بەناو بەردەکاندا لێککێشاوەتەوە. لە لای سەرەوەش ڕیزە ئەشکەوتێک هەیە، سەردەمی بەرێ هەروەک ئاکنجییەکانی بەترا، خەڵکی لێژیاوە.

ئەشکەوتەکان هەروەک تاجی سەری شارەکە دیارن، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ ڕووداوێکی مێژوویی لەوێدا نەقەوماوە، بۆیە بە بایەخەوە

سەیرنەکراوە. «یۆنسکۆ»ش هەرگیز ئاوڕی لێنەداوەتەوە تا بیکاتە پاشماوەیەکی کۆنینەی جیهانی.
خۆ ئەگەر تۆ لەنێو ئەشکەوتەکەدا بوەستی و سەیری لای خوارەوە بکەی، ئەوا بیر و هۆشت بە لای بازاڕە دوور و درێژە سەرداپۆشراوەکە، بۆ لای گومبەزی مزگەوتەکە و بۆ ئەو خانووە بچکۆلانە و بۆ ئەو شەقامانە دەچێ، کە وەک هێڵی قەڵەمی دار کووڕبوونەتەوە.
ڕاستییەکەی، لە دامێنی چیاکانیشدا، لەو شوێنەی سنووری شارەکەیە، قەڵایەکی دێرین بە خۆی و قوللەکەی هەیە، لە ڕابردوودا وەک بورجی ئاگرین یان بورجی چاودێری بەکارهێنراوە.
قەڵاکە موڵکیماڵباتەکەم بوو، منیش لەوێ لەدایکبووم. سەردەمی بەرێ، باب و باپیرانم لەوێ دەژیان، کە بەسەر شارەکەدا دەسەڵاتدار بوون. لە ڕۆژانی منداڵی منیشدا، باوکم و براگەورەکەی و خێزانەکەی هەموو لەوێ دەژیان، لێ خۆ ئێمە چیدیکە سەرداری فیودالی (ئاغا) نەمابووین، ماڵباتەکە بازرگانیی گەورەی زافەرانی لە شارەکە لەبن دەستدا بوو.
مامم و خێزانەکەی لە لابالی خوارەوەی قەڵاکە دەژیان و ئێمەش لە دیوەکەی لای سەرەوەی. ڕیزێک لە پیرەدارەکان هەردوو خێزانەکەی لەیەک جیادەکردەوە، بە جۆرێک پێویست نەبوو ڕۆژانە تووشی یەک ببن. باپیرەم، باوکی باوکیشم هەر لەو قەڵایەدا ژیابوو. تەمەنی لە نەوەد تێپەڕیبوو، ئەو لە ژوورەکەی خۆی بوو، ئاخر ژوورەکە هەمیشە بۆ باپیرەکان تەرخانکرابوو.
قەڵاکە دەرگایەکی گەورە و دەروازەیەکی بچووکی هەبوو. لە پاشخانی قەڵاکەدا خانووێکی سەربەخۆ بۆ دەرگەوان و خێزانەکەی هەبوو. ئەم

خانووەش دەروازەی سەربەخۆی بۆ لابالێکی سەر قەڵاکە هەبوو.
جاران، بە شەوان چرا لەسەر قوللەی قەڵاکەدا دادەنرا، ئەمەش بۆ ئەوە بوو تا خەڵک، ئەوانەی لە شاخەکانەوە دادەبەزین، ڕێگەی خۆیان بۆ نێوقەڵاکە بدۆزیبایەوە. ئەو چرا کۆنانە هێشتاش هەر هەڵواسراون، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی کارەبا چیدی باویان نەما. لە سەرووی قوللەکەشدا دووربینێک دانرابوو، بەهۆیەوە دەکرا سەیری کێوەکان و شارەکە بکەی.
لە ڕۆژانی منداڵیی باپیرەمدا، قەڵاکە تاکە باڵەخانە بوو، کە لەسەر ملەی چیاکان دروستکرابێ، بەڵام لەسەردەمی منداڵیی مندا، لەپڕێکەوە بە سەدان خانوو لە دامێنی شاخەکان دروستکران و قیتکرانەوە. هەمووشیان هەر خانووی هەرزانبایی لەقوڕدرواستکراو بوون، خانووی ئەو گوندنشینە تازانە بوون، کە هاتبوونە شار و بەدوای کاروکاسبی نوێدا دەگەڕان. ئیدی دەبوایە لەو خانوانەدا کەلوپەلی جیاوازجیاوازی ڕۆژئاوایی لەیەک بدەن و بەسەریەکەوە بنێن و بیبەنە بازاڕەکە و بیفرۆشن.
ئەو کرێکارانە لەگەڵ گەردەی بەیانی، زوو لەخەو هەڵدەستان و لە ماڵەکانی خۆیان بۆ سەر ئیشوکاریان دەردەچوون، منداڵەکانیشیان تەواوی ڕۆژەکە هەر لە کوچە و کۆڵانەکان بوون، ئەمە و لە کاتێکدا ژنەکانیش لە خانووە بە قوڕەکان بە کاروباری ماڵەوەیان خەریکبوون.
دیوارە بەرزەکانی قەڵاکە کتومت، سنوورێک بوو لە نێوان ئەو منداڵانە و مندا. هیچ پەیوەندییەک لە نێوانی یەکدیدا لەئارادا نەبوو. من هەر تەنیا لە سەر قوللەکە و بە دووربین ئەوانم دەبینی، لەوێوە سەیری جیهانی دەرەوەی قەڵاکەم دەکرد.

کاتێکیش وەک منداڵێک بەسەر پەیژە شێدارەکانی قوللەکە سەرکەوتم، کە دووربینەکەی بەلایەکی دیوارەکە هەڵواسرابوو، لە ڕاستییدا من بەو ڕێچکەیەدا نێردرام، کە پاشەڕۆژی منی دیاریکرد.

هێشتا چاکم وەبیرە، نزیکەی هەموو ڕۆژێک بەو دووربینە بۆ دوورم دەڕوانی، بۆ ئەو شوێنانەم دەڕوانی، کە لە دوورەوە بە شێوەیەکی تەمومژاوی مەزرای زافەرانی لێوەدیاربوو، ئەو مەزرایەی بە گوڵی زەردی بۆرە، خاکەکەی داپۆشیبوو. لەوێدا باوکم وەک چاودێرێک کاریدەکرد. ئەو گەلای زافەرانی دەپشکنی کە کیژەکان لێیان دەکردەوە. ئەو هەموو کیسە لۆکەییەکانی بە گەلایەکی وشکراوە مۆردەکرد و بەسەر پشتی هێستران بۆ شاری ڕەوانەدەکرد، لەوێش لە بازاڕ کارگەی ماڵباتەکە هەبوو، مامم لەوێ بوو، سەروکاری دەکرد و بەڕێوبەر بوو.
ئەو دەم، زۆر جاران لەو مەزرا دوورانەدا بە دووربین بە دوای بابمدا دەگەڕام. هەڵبەتە بەڕاستیش نەمدەبینی، کەچی شتێکم دەبینی هەروەک چۆن کیژەکانی نێو مەزراکە دەچەمانەوە تا پەلکەکانی زافەران لێبکەنەوە.
لەنێو ئەوانیشدا، هەمیشە کچێکم دەبینی کە بە شەلی دەڕۆیشت. لەڕاستیشدا ئەو لەوێ نەبوو. ئەو لە قەلاکەی ئێمەدا دەژیا، ئەو دایکم بوو بە شەلی دەڕۆیشت. ئەویش ڕۆژێ لە ڕۆژان لەوێ بۆ لێکردنەوەی پەلکە زافەران نووشتابووەوە. کاتێکیش باوکم خواستی، بوونە ژن و مێردی یەکدی، منیش پەیدابووم. کوڕی ئەوان بووم.
دواتر من بوومە فیلمساز، بەلام خۆ من ئەوەم لە ماڵەکەم بۆ

نەمابــووەوە. دایکــم کیژێکــی گوندانی بــوو، هەرگیز هیــچ کەس لە گوندەکــەی ئــەودا فیلمی نەبینیبوو، دەستیشــی لــە کامێرا نەدابوو. هەمان شــتیش بۆ خانەوادەی باوکم هەر ڕاســت بوو، ئەوانیش فرپیان بەســەر کامێــراوە نەبــوو. بــەلام بە لێکدانــەوەی من هەموو شــتێک لەبن ســەری ئەو دووربینە بوو، کە بــە دیواری قوللەی قەلاکەمانەوە هەلواســرابوو. من پێویستم بەوە بوو لە ڕێی شووشەیەک، جامێک لە ڕێی چاوێکەوە (لێنزێکەوە) ســەیری دنیا بکەم.

لەوانەشــە هــەر مــن نەبووبم، بەم شــێوە بە هــۆی ئامێرێکی ڕوانین ئاســوودە بووبــم. دیاربوو باب و باپیریشــم لە پشــت دووربینەکەوە سەیری دەوروبەری خۆیان کردبوو.

ئیدی من لە مێشــکی خۆم هەر خەیالم بۆ دەهاتن. هەر دەبێ پارچە شووشــەیەکم پێویســت بووبێ، تا بە جیهانی ڕاســتییم ببەستێتەوە، ئیدی بەم جۆرە، بۆ یەکەمین جار بینیم دایکم بە پێلاوێکی ڕەنگینەوە ڕێدەکا.

## ٢

زافـەران ڕووەکێکـی گوڵ جوانـە، هاڕاوەکەی بە نرخێکـی گرانبەها دەفرۆشـرێ. هەر بەڕاسـتیش زافەرانی بەتام و بۆن بە زیادەوە خۆی لەقەرەی نرخی زێڕ دەدا.

بەرووبوومەکەشی لە لایەن ماڵباتەکەمان لە سندووقی بچووک بچووک دادەنرا و ڕەوانەی تاران دەکرا، لەوێشەوە ڕێگەی خۆی بەرەو خۆرئاوا دەگـرت. بۆ لەندەن، پاریس و نیویۆرک دەنێردرا.

لەسەر ڕووی پێشەوەی کارخانەی ماڵباتەکەمان، تابلۆیەکی ڕەنگین بە ناوی «فەراهانجی» و کوڕ هەڵواسرابوو. «فەراهانجی» پاشناوی ماڵباتەکەمان بوو.

باوکم کە بە دەساڵ لە مامەم بچووکتر بوو، بەردەوام لە ڕێگەدا بوو. لەکاتی چاندن و خەلەوخەرماندا بۆ ماوەیەکی درێژ لە نێوکێڵگە و مەزرا، لە نێو چیاکاندا دەمایەوە. هەموو مانگێکیش بە خۆی و گوشێک لە پارەی کاغەز بە سواری هێسترێک لەم گوند بۆ ئەو گوند دەچوو تا مز و هەقدەستی ئەو جوتیار و ئەو کیژۆڵانە بدا، کە لە کێڵگەکانی ئەودا کاریاندەکرد.

مامیشم چوار کچی هەبوون، دووانیان مێردیان کردبوو. هەرە گەورەکە و هەرە بچووکەکەشیان، هێشتا هەر لە قەڵاکەدا دەژیان، بچووکەکەیان لەگەڵ من هاوتەمەن بوو. باوکیشم یەک تاقە کوڕی هەبوو، ئەویش من بووم. ئەو لەڕاددەبەدەر بە کوڕەکەی دڵخۆش بوو. سەبارەت بەوەی بە چاودێرێکی دیکە دەچوو، کە سەبارەت بەوەش من چیرۆکێکی کۆنم لەبارەی خوێندوەتەوە. بە کورتیش چیرۆکەکە دەگێڕمەوە تا باشتر وێنای باوکم بکەم.

هەبوو نەبوو چاودێرێکی کۆن هەبوو، ئەو هەموو ساڵانە هەر چاوەڕێی ئەوەی دەکرد، بەڵکو ژنەکەی کوڕێکی ببێ. بە درێژایی ئەو هەموو ساڵانە ئارامگر بوو تا خودا لە کۆتاییدا مرازەکەی حاسڵکرد. لە سوپاسگوزاری ئەم بەخشینەشدا، بۆ ماوەی چل شەو و چل ڕۆژ خواردنی گەرمی بۆ هەژاران ئامادەکرد و بەسەریدا دابەشکردن. لە ڕۆژی چل و یەکەمینیشدا، ژنەکەی چووە بازاڕ تا قوماشی نوێ بۆ

کۆرپەلەکـــەی بکـــڕێ و بۆی بکاتە جلوبەرگ، تا چووە بازاڕ و هاتەوە منداڵەکـــەی لـــە ماڵێ، لای باوکـــە بەختەوەرەکەی بەجێهێشـــت. لەو نێوەشـــدا یەکێک هاتە بەر دەرکە و ویســـتی هەندێ قســـەی لەگەڵدا بکا. قســـەکردنەکەیان هەندێکی پێچوو. لەپڕێکیش مارێک پەیدا بوو، لێـــوەژوور کـــەوت و خـــۆی خشـــاندە ژووری منداڵەکـــە و چـــووە نێو لانکەکـــەی. هەرچەنـــدە ژنەکە لە بـــازاڕ بوو، بەڵام گوێـــی لە قیژەی منداڵەکـــەی بـــوو. ئیدی هەر شـــتێکی کـــە کڕیبوو، یەکســـەر داینا و بـــە غـــاردان گەڕایەوە ماڵ. بۆ مایـــەی خۆشـــبەختی منداڵەکە هیچی بەسەرنەهاتبوو.

مـــن بۆیـــە ئەمە دەگێڕمەوە تا بە هۆیەوە شـــتێکی دیکە بڵێم، ئەوەی ڕاســـتی بێ بۆشـــم نییـــە بیدرکێنم. دایکـــم کەســـایەتییەکی بە هێزی هەبـــوو، باوکیشـــم بەســـتەزمان بوو، پیاوێکی ســـادە و ســـاکار بوو. جیهانـــی ئـــەو بریتـــی بوو لە ژن و کـــوڕە تاقانەکەی. ئـــەو لە کێڵگە و مەزراکـــەدا خـــۆی زۆر مانـــدوو دەکـــرد، لـــەوە زیاتر هەقی بەســـەر کاروکاســـبی ماڵباتەکەوە نەبوو. ئەو کرێ و مزەی لە کارەکەی وەری دەگرت، یەکســـەر لە دەستی دایکمی دەنا.

ئارەزووەکەشـــی دروســـتکردنی پێڵاو بوو بۆ دایکـــم. هەندێک جار بە چەندین مانگ خەریکی دروســـتکردنی جووتێک پێڵاو بوو.

دایکیشـــم ســـەر بە ماڵباتێکی جوتیاری دیکە بـــوو، کە چوار کیژیان هەبـــوون، بەتایبەتیـــش لەبـــەر ئـــەوەی ئـــەو بە شـــەلی دەڕۆیشـــت، بۆیـــە دەرفەتی شـــوکردنی دەگمەن بـــوو. ئەو کاتی خـــۆی بۆ باوکم

کاریدەکــرد، چونکە بە لەنگی[٤] دەڕۆیشــت، هــەر بۆیە زوو ئەویان لە نێو ئەو کیژانەی لە کێڵگە و مەزراکان کاریاندەکرد، ناسییەوە. وێڕای ئەوەش، ئەو هەم جوان و هەم ناسک و نازداریش بوو. باوکم هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە کەوتە داوی خۆشەویستییەوە.

خــۆی دەبوایە باوکم داخوازی بکردبایە و لەگەڵ خۆی بیهێنابایە نێو قەڵاکە، بەڵام خۆ ســەبارەت بەم داخوازیە مامم قایل نەدەبوو. ئاخر ئــەو کات دەیگوت: ئەرێ بــرا، ئەو هەموو دوکاندارە لە بازاڕدا هەن، هەمووشــیان پێیان خۆشــە کیژیان لێبخوازین و بماندەنێ، باشە لەو هەموانــە بۆچــی تەنیا و تەنیا داڵغەت لەوەدایــە کیژێکی ناو کێڵگە بخوازی، لەکاتێکدا کیژەکە شەلەشە؟ بەڵام خۆ باوکم کەوتبووە داوی خۆشەویســتی ئەوەوە، بــە گوێرەی پەندی پێشــینانیش بێ، خۆ تۆ لەو قۆناغەی ژیان خۆت خۆت نیت. تۆ دەبیتە ئەو کەســەی کە هی ئەوەیە خۆشــت دەوێ، تۆ تەنیا هەر گوێت لە قســەی ئەو دەبێت و هەر ڕووخساری یار دەبینی.

بــۆ ئــەوەی هیچ بووکێکی شــەلە نەیەتە نێو قەڵاکــە، باوکم بڕیاریدا بــوو پێڵاوێکی بووکانە بۆ یارەکەی دروســتبکا. ئیــدی هەموو ژیانی هــەر خەریکی ئــەوە بوو: لێخەوتان[٥] و هونەرنواندن بۆ ئەوەی جووتە پێڵاوێک بۆ دایکم دروســت بکا، وەک ئەوەی لێهاتبوو ببێتە بەشــێک خووخدە و کەسایەتی باوکم.

خــۆی ڕۆژە هەینییەکــی هەتاو بوو، کە ئەو دایکمــی بە بووک هێنا. ئیــدی کیژەکــە (بووکەخــان) جووتــە پێڵاوێکــی نایابی لــە پێبوو،

---

٤. بەلەنگی ڕۆیشتن: بە شەلی یان بە گۆجی ڕۆیشتن

٥. لێخەوتان: مشوورخواردن، گرنگیپێدان.

سەرنجی هەمووانی بۆ خۆی ڕاکێشابوو. ئەو بە جۆرێکی وەها ڕێک و باش بە پێڵاوە دەستکردەکەی باوکم دەڕۆیشت و ڕێیدەکرد، هەروەک ئەوەی ئاسـایی بێ و هیچ کەسـیش نەیبینێ، کە ئەو شەلە بێ.

کاتێکیـش دایکـم هاتە نێـو قەڵاکـە و لێیژیا، دەسـتبەجێ ئەوەی ڕوونکـردەوە، کـە خـۆی و باوکـم دەیانـەوێ ژیانی خۆیـان هەبێ. پیرەدارەکان کە هەردوو لای ژێر و ژووری قەڵاکەیان لەیەکجیادەکردەوە، ئەوەندە گەورە و بەهێز بوون، هەرگیز پێشـتر وەها نەبوون. پێموایە ئەمـەش لە چاوی ئەو ئیـرادە بەهێزەی دایکمەوە بوو، دارەکان وەها بـەرز و بەهێز بـوون، تخووبێکیـان لەنێوان دایکـم و خێزانەکەی لە لایەک و باقی ماڵباتەکە لە لایەکی دیکەوە کێشـا.

لە دیواری لای خوارەوەی قەڵاکە، حەمامێکمان[٦] هەبوو، بە شێوەیەکی تایبەتـی بـۆ ماڵباتـی مامم بەکاردەهـات. دایکم ئامـاژەی بەوە دا، حەزنـاکا ئەو حەمامە بەکاربهێنێ، ئاخر دەیەویسـت سـەربەخۆ بێ. ئیدی دەسـتی منی گرت و بەرەو حەمامی بازاڕ بازڕۆ.

---

٦. نووسەر لە دەقە هۆڵەندییەکە هەر هەمان وشەی حەمام hamamی بەکارهێناوە.

## ٣

**مـن لـە باپیرمـەوە** ئـەوە فێرببـوم، کە شـا «سـولەیمان» یاخود «سـالامۆ» نەوەک هەر سـەرداری مرۆڤ، بەڵکو سـەرداری مرۆڤ و ئـاژەڵ و جنۆکەکانیش بـوو. ئەوەش هەمووی لە کتێبی ئەفسـانەی جنۆکەکان نووسرابوو، کە ڕۆژانە دەیخوێندەوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، شـا «سـولەیمان» دوای ماوەیەکی زۆر لە گومان گەیشتە بڕیارێک. هات و جنۆکەکانی خۆی خستنە نێو گۆزەقوڕینەکان،

سەریشــی تونـد گرتــن و مۆری خــۆی لەســەر ســەرە داخراوەکانی گــۆزەکان دا. ئینجــا گۆزەکانی بردنە بیابان، لەبــەر تینوتاوی ڕۆژدا بەجێیهێشتن. بەڵام خۆ جنۆکەکان زانیان چۆن گۆزەکان بشکێنن و بە تاریکی شــەو بە چوار کەناردا هەڵبێن، بە شــێوەیەک ســولەیمان هەر نەشیان دۆزێتەوە.

لــەو ڕۆژەوە بــە دواوە، جنۆکــە ژیانی خۆیان دەبەنەســەر و خۆیان کوێخــای خۆیانــن. ئــەوان لەبــەر چــاوی ئادەمیــزادەوە نادیــارن و پێغەمبــەری تایبــەت بە خۆشــیان هەن. ئەوان لــە هەموو لایەک، لە هــەر چوار کەناری دنیایێ، بە ژمارەیەکــی زۆریش هەن. ئەوان ئێمە دەبینــن، گوێیــان لــە ئێمە دەبێ، کەچــی ئێمە نــە دەیانبینین و نە لێشــیان دەبیســتین. بە ڕۆژ ئەوان لە دەم چۆم و ڕووبارەکان، لەبن پــردەکان، لەنێو ئەشــکەوتە تاریکەکان و لــە وێرانە و کاولە خانووە چۆڵکــراوەکان لێیپاڵ دەدەنەوە. بە شــەویش لــە حەمامە چۆڵەکەدا خۆیان دەشۆن.

نازانم ئاخۆ کتومت تەمەنم چەند بوو، پێنج ســاڵ بووم یان شــەش، لــەو تەمەنە بە دواوە دایکان ناتوانن کوڕەکانیان لەگەڵ خۆیان ببەنە حەمامــی ژنــان. لەو تەمەنە هەر دەبێ کوڕان لە گــەڵ باوکیان بچنە حەمام.

بەڵام خۆ دایکم لەســەر ئەو بڕوایە بوو، کە باوکم ئاگای لە من نابێ و ناتوانێ بمپارێزێ. ئاخر ئەو لە گوندەوە هاتبوو، دەشیزانی هەندێ پیاوی بەدکار هەن، کاری خراپ لەگەڵ منداڵان دەکەن، هەمیشــەش کەســی خراپ لــە حەمامەکاندا هــەن. هەربۆیە هەوڵیــدەدا تا بکرێ

وادەی چوونە حەمامی پیاوانم دوابخا.
زۆر جار دەیزانی چۆن پاککەرەوەی حەمامی ژنان بە پارە ڕازییانبکا، بەوەی بەیانیان زوو، بەر لەوەی ژنانی دیکە بێنە حەمام، ئێمە بچین و حەمامـی خۆمان بکەیـن و بێینەدەرەوە. ئەوە بـوو، بەیانیان زوو لـە خەو بێداریدەکردمـەوە، چونکە دەبوایـە حەمامکردن بەر لە ڕۆژ هەڵهاتن ڕوویدابوایە.
منیش بە تاریکی بەدوای دایکمدا بەرەو حەمام، بۆ بنەبانێی حەمام غارمدەدا. کە دەگەیشتینە ئەوێ، دایکم لە دەرگەی دەدا، پاکەرەوەی حەمامەکەش پەردەکەی هەڵدەدایەوە، ئینجا بە خێشـکەیی دەرکەی لێدەکردینـەوە. ئێمـەش دەچووینـە ژوور، خێرا دایکـم جلکی لەبەر دادەکەنـدم، نەبـادا ژنـەکان بێنەژوور. لەگەڵ ئەوەشـدا خۆ دەبوایە هەندێک بووەسـتین تا جنۆکەکان لەخۆدەبوونەوە[٧]. ئاخر خۆ شەوان حەمامەکە بۆ ئەوان بوو، ئەوانیش بەم کازیوەی بەیانە حەمامەکەیان پڕ لە دەنگەدەنگ کردبوو. لەگەڵ خۆرهەڵاتنیش دەڕۆیشـتن و لەوێ نەدەمان.
لەکاتێکـدا مـن ڕووت بووم، لە کونی کولانکەی سـەرەوە تەماشـای تیشـکی ڕۆژمـان دەکرد، ئـەوە بوو من و دایکـم چاوەڕێمان دەکرد. هەر کاتێکیش یەکەمین گوررزەتیشـکی ڕۆژ لە کولانکەکە دەهاتەژوور، جنۆکەکان بڵاوەیان لێدەکرد و وندەبوون، ئەوسا دایکم پەلی دەگرتم و دەیبرمە ژوورە گەرمەکەی حەمام.
منیش لە ترسان دەلەرزیم، دەگریام، ئەویش خێرا دەیشوشتم و جار جاریـش ژنـە پاککەرەوەکەی حەمام بانگی دەکـرد» خێرا بن، دەی

٧. لەخۆبوونەوە: واتە تەواربوون، کۆتاییهاتن.

پەلەبکەن، هەربینا ژنان لێوەژوور کەوتن.»

دواجار کە دایکم منی لەگەڵ خۆی بردە حەمامی ژنان، سپێدەیەکی زستان بوو، بەفریش دەباری. ئێمە لە گردەکە بەرەو ناو جەرگەی شار، بەرەو حەمامی «جەلیلی» شۆڕبووینەوە. لە سەگە تۆڕپییەکان دەترساین، کە بەو تاریکییەی بەربەیان، بەو بەفرە بەدوامانەوە بن. من لەسەرمان و لە ترسی ئەوە هەڵدەلەرزیم، مەبادا بچینە نێو حەمامەکە و جنۆکەیەکیش هەر مابێ و نەڕۆیشتبێ، ئیدی لەپڕ لێم وەدەرکەوێ.
دایکیشم جانتایەکی پڕ لە جلی پێ بوو، بە پەیژەکانی حەمامەکەدا هاتینەخوار. منیش بە فینگەفینگ[8] بە دوایەوە بووم. وەک ئەوە وابوو بمکاتە قوربانی، هەروەک چۆن «ئیبراهیم» ویستی کوڕەکەی بکاتە کۆچی قوربانی. بە گەیشتنمان ژنە پاککەرەوەکەی حەمام دەرگەی کردەوە و بە چرپەیەکیشەوە گوتی: «خێرابە، دەنا کاری خۆمی لەسەر دادەنێم.»
هەر یەکسەر دایکیشم جلەکانی لەبەر داکەندم و لەوکاتەی دوولنگەکەی لەپێ دەهێنامەخوار، ژنە پاککەرەوەکە بانگی کرد: «نابێ، خۆی نابێ، هەر بەڕاستی نابێ وا بێ، دەبێ ئەو کوڕە بچێتە حەمامی پیاوان.»
دایکیشم دراوێکی دیکەی دایێ و ئینجا دوولەنگەکەی لەبەرداکەندم. جنۆکەکانیش ڕۆیشتبوون، بەڵام پاشماوەیان لەدوای خۆیان بەجێهێشتبوو: لە هەموولایەک پارچە سابوون و دەستەسڕی پیس

٨. کەسێک لەبەر پاشماوەی ترس و گریان هێشتا نووزەی لێوە بێ.

و پۆخڵ بەجێمابوون. ئەوسا دایکم دەستوبردیکرد و منی لەسەر سەکۆیەکی بەردین، لەسەر تاتێک دانا و خێراخێرا ئاوی بەسەر سەردا دەکردم. ئەو ئاو و کەفەسابوونەی چووە نێو چاوم هەرچی جنۆکە هەبوو لەبیری برمەوە. کاتێکیش ئەو پاک پاک منی شوشت، خێرا منی بردە بەر ئاوڕشینەکە و بۆ دواجار دەستێکی دیکەشی بە ئاوە گەرمەکە شوشتم.

لەم کەینوبەینەدا گوێمان لە دەنگە دەنگی ژنان بوو. دایکم ئەوەندە بە من خەریکبوو، هیچ کاتی ئەوەی نەبوو خۆی بشوا. ئیدی پەلی منی گرت و بەرەو گۆشەی حەمامەکەی بردم، بەڵام خۆ درەنگ کەوت، کار لەکار ترازا. لە پڕێکەوە حەمامەکە پڕی ژن بوو. منیش ڕاچڵەکیم، ئاخر زۆرجاران خۆ هەر لەو حەمامەدا شوراوم، بەڵام هەنووکە ڕان و سمتی گەورە گەورە و مەمکۆڵە و مووی سەر جەستەی ژنانم بینین. کاتێکیش ژنەکان چاویان بە من کەوت، کەوتنە بۆڵەبۆڵ: «ئەمە نابێ و ناکرێ، باشە کێ ڕێگەی بەو کوڕیژگە داوە بێتەژوورێ؟»

ژنە پاککەرەوەکە خاولییەکی گەورەی بەسەردا دام، منی بەرزکردەوە و لەسەر پلیکانەکە، لە پشت دەرکە دایدنام. منیش چاوەڕێی دایکمم نەکرد، بە پەیژەکاندا هەڵگەڕام و بەرەو جیهانی پیاوان ڕۆیشتم.

زۆر دوای ئەوە، کاتێک من دەروازەی ژنانم لێکرایەوە، زۆر جاران دەبوایە بیر لەو سمت و ڕان و مەمکۆڵەی سەردەمی بەرێ بکەمەوە، بەتایبەتیش ئەو کاتانەی دەستم لە ژنێک دەدا.

هەنووکەش کە ئەمە دەنووسمەوە، چیرۆکێکی کۆنینەی دیکەم بیردەکەوێتەوە، ئەو کات من بچکۆلە بووم، باپیرەم بۆی گێڕابوومەوە.

هەبـوو نەبـوو، پیرەژنێـک هەبوو، لە لێـواری دارسـتانێکدا دەژیا، لەکاتێکـدا کیژەکـەی لەگـەڵ زراسـکێک[٩] لـە دیوەکـەی دیکـەی دارسـتانەکەدا دەژیـا. زۆر جار، کـە پیرەژنەکە حەزی لـەوە بوایە، نەوە بچکۆلانەکەی بدیتبایە، دەترسـا نـەوەک گورگێکی هاروهاج بێ و پەلاماری بدا.

ڕۆژێکیان داپیرە پیرەکە لە بێستانەکەی خۆیدا کوولەکەیەکی گەورەی لەبـن گەڵا پانوبۆڕەکاندا بینی. وەک ڕۆژ دەدرەوشـایەوە. خۆ ئەگەر کوولەکەکە زۆر گەورەبێ، ئەوا دەتوانێ خۆی تێدا بشارێتەوە و ئینجا غلۆریبکاتـەوە تا دەگاتە بەر دەرکەی ماڵی کچەکەی.

چیرۆکەکـە درێژەی هەیە، بەڵام خۆی دەربارەی کوولەکەیە.

---

٩. زراسک: منداڵی ساوا.

## ٤

**ڕۆژەکاری من** لە سەعات شەشی بەیانییەوە دەستپێدەکا و تا چواری دوای نیـوەڕۆ دەخایەنـێ. مـن کۆمپیوتەرێکی باشـم هەیە، بەڵام بە دەسـت دەنووسـم. ڕاسـتییەکەی منیش وەک ئەوە دەکەم، کە چۆن باوکم پێڵاوی بۆ دایکم دروستدەکردن. ئەو دەیبڕییەوە، بۆیەی دەکرد، دەیدرووی و بە چەندین سـەعات دارەکانی لووسدەکردن وەک ئەوەی ژیانـی ئەوی لەسـەر بەندبێ. منیش ئەو سـەرنجەم لا دروسـتبووە، هەمان شت لەگەڵ دەفتەرەکانم بکەم.

بـە درەنگانێکـی دوای نیـوەڕۆوە لەگـەڵ سـەگەکەم «گورگی» بە لێـواری جۆگەکە ڕۆیشـتین، کە هەمیشـە «شینەشـاهۆ»یەک لەوێ دیـارە. لەکاتی ئەو قەدەم لێدانەمدا هەمیشـە بیرم بۆ ڕیزبەسـتنێک دەڕوا. شـەوانیش لەگـەڵ «ئاورێلیـا»دا بەیەکەوە لە سەرشاشـەی سـینەما بچکۆلەکەی ماڵەوە سـەیری فیلمێک دەکەین. دواتر باسـی ئەوەش دەکەم، کە چۆن «ئاورێلیا» گەیشـتە لای من.

خـۆی من بەنیازنەبووم کتێبێک بنووسـم، هەروەک زۆر شـتی دیکە، خـۆی بۆ خۆی هات. لەو کاتەی دەستیشـم بە نووسـین کرد، گەلێ جـار ڕۆمان دەخوێنمـەوە. لە ڕێی خوێندنەوە باشـتر لەوە تێدەگەم من سـەرقاڵی چیم و چی دەکەم. من بە پیشـە فیلمسازم و تا ئێستا هـەر لە ڕێی کامێراوە چیرۆکەکانم گێڕاونەتەوە. بەڵام خۆ درکم بەوە کـردووە، کە ئەدەب تەنیـا هونەردەربڕینێکە بە هۆیەوە مرۆ دەتوانی بەتـەواوی، بەڵکـو زیاتـر لە فراژیبوون و تەواوعەیاریشـدا شـتەکان باسـبکا و بیانگێڕێتەوە. کاتێک تۆ دەسـت بە نووسین دەکەی، ئەوا تـۆ خۆت دەنووسـییەوە، خـۆت دەبیە دەق، خـۆت دەبیە چیرۆک. کامێـرا خەیاڵ جام دەکا، هەرچی خامەیـە ڕێک پێچەوانەکەی دەکا. ئیدی بە بیرۆکەیەک دەسـتپێدەکەی و ئـاگات لەخۆت نییە، هێزێکی تەلیسـماوی دەڕژێتە نێو کادانی چیرۆکەکانت.

دەکـرێ ئەمە بە مارەکانـی[١٠] نەوتدۆزەرەوەکانی سـەدەی نۆزدەمین بـەراورد بکەم، ئەوانەی بە دوای چـاڵاوی ژێرزەوی نەوت دەگەڕان و بـە خۆیان و تەور و بێڵەکانیان خاکیان هەڵدەکۆڵی، تا لە پڕ نەوتی ڕەش قوڵپیدەدا و دەهاتەدەر.

١٠. مارە: پێشەنگرەوڵ، ئەوانەی نۆرەیان لە سەرەتاوە دێ. وشەکە لە کاتی یاریکردنی ماتانێ (کەلاپانێ. هەورزەل) هاتووە لە گەمەکەدا مارە و قارە هەیە، مارە واتە بەرە، یەکەم کەس کە یارییەکە دەکا، قارەش دواهەمین کەسە.

چیرۆکی ئەو پیرەژنە و کوولەکەکەی سەرنجی ڕاکێشام و بۆخۆی بردمەوە. هەمیشەش لەگەڵ کولەکەدا بەزمی گورگێک لە ئارادایە.
ڕۆژێکیان لە هیکەوە هەموو نەوجەوانەکانی گەڕەکەکەمان سەریان ڕووتایەوە. هەر هەموویان سەر و برۆیان ڕووتایەوە و مووی پێوە نەما، ئەوسا لەبەر ئەوەی سەری هەمووانیش بە هەتوانێکی زەرد چەورکرا، ئیدی سەرتاپایان لە پیاوەکانی مەریخ دەچوون.
دایکم لە ترسان نەخۆشکەوت، هیچی لەدەست نەدەهات. دەترسا منیش وەک ئەوانم لێبێ. ئەوە بوو ڕێکارێکی دژواری گرتەبەر: «تۆ دەبێ هەر لە نێوقەڵاکەدا بمێنیتەوە. نابێ تخوونی دەروازەکە بکەوی. نابێ قسەش لەگەڵ هیچ منداڵێکی دیکەدا بکەی، تەنانەت ئەگەر بچیتە سەر قوللەکەش.»
ئیدی دەبوایە تا مووی سەر و برۆی منداڵەکان دەهاتەوە، هەر لەنێو قەڵاکەدا بمابامەوە. هەموو ڕۆژێکیش وەسەر قوللەکە دەکەوتم، دەستم دەدایە دووربینەکە و سەیری سەر و کەللەی ئەوانم دەکرد.
دایکم ویستی باشتر بمپارێزێ، هەمو ڕۆژێک دەسرۆکێکی[11] بەسەر سەر دادەدام. بەڵام هەوا، ڕووناکی، باڵندە، شەمشەمەکوێرەکان، یان جنۆکەکان کاری خۆیان کرد و لەپڕ تۆپەڵە موویێکی سەری منیش لە ناندینەکەمان کەوت، کە دایکم وەهای بینی لە ترسان لە هۆشخۆی چوو. کاتێکیش بەخۆی هاتەوە، بەتەواوی کەچەڵ ببووم.
بۆ ئەوەی پشت بکاتە چارەنووسەکە، خێرا منی گەیاندە ئەو گوندەی نێو شاخان، کە تێیدا لێی لەدایکببوو. شێخە پیرەکەی گوند، هەندێ شتی جادووی لەنێو بادییەک[12] تێکەڵکرد و لەگەڵ ڕۆنی زەیتونی

---

[11] دەسرۆک: دەستەسر، هەروەها بە چەمەدانی و ناخەبانیش دێ.

[12] بادی: جام دەفر.

تێکەڵاوکرد و کردییە هەتوانێک و سەرە ڕووتاوەکەی پێ چەور کردم. ئینجا دەستەسـرێکی بەسەر دادام و منی ڕەوانەی ماڵەوە کردەوە. سـەرەتا هەستم بە هیچ نەکرد، بەڵام بۆ شەوەکەی سەرم زوورایەوە. منیـش بە هەردوو دەسـت سـەرم گرتبـوو، بە گریانـەوە لە ژووری دانیشـتندا ڕاوێچکەم[١٣] دەدان. بەڵام خۆ دەبوایـە ئارامبگرم، چونکە جادووگەرەکە گوتبووی چەند سـەری کوڕەکەت بزووریێتەوە، ئەوەندە زوو بەڵاکـە تێدەپـەڕێ و چاکدەبێتـەوە. وەختێکم زانـی لەبەر ئازار کەوتمەسـەر ناوکەوەکە[١٤] و لەهۆش خۆم چووم.

هەینـێ باوکـم لە مـاڵ نەبوو. دایکم بە غاردان منـی گەیاندە ژووری باپیرەم. باپیرەشم سەری خاوێنکردمەوە و وەک هەمیشە بە هێواشی یەک کەوچک شـەکراوی دامێ تا بەهۆش خۆم بێمەوە.

کاتێکیـش بۆ ڕۆژی پاشـتر بێداربوومەوە، بە زەحمەت سـەری خۆم بـۆ هەڵدەگیـرا. دەسـتم لەسـەرم دەدا و لە ترسـان زەندەقم چوو. یەکسـەر بەرەو لای ئاوێنە ڕامکرد. ئاخر سـەرم ئەوەندە گەورە ببوو هەروەک کوولەیەکی لێهاتبوو. دواتر هەر لەو ڕۆژەدا بەسـەر قوللەکە کەوتمـەوە. ئـەوە بوو بە دەیان منداڵ هاتبوونـە بن دیواری قەڵاکە، لەوێـوە هاواریاندەکرد: «کدوو، کدوو، کەللە کدوو!»

دوای ئـەوە بۆ یـەک دوو ڕۆژ زاتم نەدەکرد بەسـەر قوللەکە بکەوم. ڕۆژێکیان، کاتێک بەلای گۆلەکەدا دەڕۆیشـتم، باپیرەم ڕوبەڕووم هات و ڕایگرتم و دەسـتی ڕاسـتی بەسـەر کەللەسـەرە ڕووتەکەمدا هێنا. هەسـتمکرد لەهەمان کاتدا کەسـێکی دیکەش دەستی بەسەر سەرمدا هێنـاوە. من لەوە دڵنیابووم کە دەسـتەکەی دیکە، دەسـتی جنۆکە

١٣. ڕاوێچکە: لە شوێنی خۆت بێیت و بچی.

١٤. ناوکەو: ئەرزیەی ژوور و ماڵ.

بزرەکەی باپیرەم بوو. ئاخر ئەو پێشتر بۆی باسکردبووم، کە هەموو مرۆڤێک جنۆکەی خۆی هەیە، لەناوی دایە، لەگەڵ ئەودا دەژی. کاتێکیش ئەوان بەیەکەوە دەستیان لەسەرە ڕووتاوەکەی من خشاند، هەستمکرد وردە وردە کدووەکە لەبەین نەما و کەللەسەرەکەی جارانم بۆ گەڕایەوە.

باپیرەم بە پەنجەی دۆشاومژەی خۆی ئاماژەی بە ئاسەواری برینی کەللەسەرمی کرد و گوتی: «برینەکە بە ناڵ دەچێ، ئەمەش نیشانی بەختە. ئیدی تۆ بوویتە ئەسپ.»

هەر کاتێک تۆ لە شارەکەی ئێمەدا جووتە پێڵاوێکت دەکڕی، دەستبەجێ دەچوویتە لای پینەدۆز، ئەویش یەک دوو ناڵچەی بۆ لەبەری پێڵاوەکەت دەدا. ئینجا کەمتر بنی پێڵاوەکەت دەشۆرا.

ئەو ئێوارەیەی بەر لە یەکەمین ڕۆژ کە بۆ قوتابخانە بچم، باوکم بە خۆیی و جووتێک پێڵاوی نوێوە گەڕایەوە ماڵ. ئەو چووبووە لای پینەدۆزێک تا جووتە ناڵچەیەکی ڕەنگزێڕینی لێبدا. ئیشەکەش هەر وا بوو، وەک ئەوەی جوانووە ئەسپێک بە سمی زێڕینەوە بۆ یەکەمجار بچێتە قوتابخانە. هەر دەبێ حەوت ساڵان بووبم، ئیدی بۆم هەبوو بچمە قوتابخانە.

دایکم جانتایەکی مەکتەب و قاتێکی نوێی بۆ بەڕداندابووم، ڕاستییەکەشی پێویست نەبوو دەمودەست لەبەریانکەم. ئاخر ئەو دیوارە دووروودرێژەی قەڵاکە، سنورێک بوو لە نێوان کوڕوکاڵی گەڕەک و من. ئەوە بوو بە فیکەیەک ئەویش لەبەین نەما. بەڵێ من دووربینەکەم بە دیواری قوللەبەرزەکە هەڵواسیەوە و قاتە نوێیەکەم لەبەرکرد و دەستم دایە جانتاکەم، دەبوو بچمە قوتابخانە.

ڕاستییەکەشــی ئەوە بوو، دەبوایە هاموشۆم لەگەڵ کوڕوکاڵانی دیکە پەیدابێ.

کوڕوکاڵ پۆل پۆل لەگەڵ یەک دەڕۆیشتن و بەیەکەوە یارییاندەکرد، بــەڵام خۆ هیچ دەســتەیەک نەبوو تــا من پێکبکا[١٥]، کەسـیش نەبوو بیــەوێ لەگەڵ من یاریبــکا. کاتێکیش نەوجەوانە هەراشــەکان منیان بینــی بــە تەنیــا وەســتاوم، جوێن و قســەی ناشــیرینیان پێگوتم و دەستێکیشیان لە نێوچاوانم دا. ئەوان جانتاکەیان لێبردم و لەو گۆڕە فڕێیاندایە ســەر زەوی. لە پشــتەوەش دەســتیان بۆ هێنام، یەخەی کراســە نوێیەکەمیشیان گرت و بۆ لای دیوارەکە ڕایانکێشام.

منیــش لەوە تێنەدەگەیشــتم، ئاخــۆ بۆچی وەهایان کــرد و خۆم بە ســووکی بینی، تەنانەت نەمویست بە مامۆستاکەش بڵێم.

مــن خێرا نەگریام، ئــەو کات بۆم دەرکەوت دەبێ بتوانم شــەڕبکەم. ئەوە بوو بە تووڕەییەوە دەستم لێکردنەوە، پێشتر بەخۆم نەزانیبوو. بۆ دوای نیوەڕۆکەی، لە ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ ماڵ، ســێ لە کوڕەکان ویســتیان بمگــرن. منیش بە جانتا نوێیەکە لێمــدان و ڕامکرد، بەڵام لە لای کەلاوە خانووەکە گەیشــتنە ســەرم و ڕێگەیان لێگرتم. ئەوان منیــان بــەزەوی دادا و فڕێیاندامە نێو قۆرتێکــی[١٦] گەورە. یەکێک لە کوڕیژگــەکان خۆی فڕێدابووە سەرشــانم و تونــد گرتبوومی، یەکێکی دیکەیان نیشــتبووە ســەر قاچەکانم، سێیەمەکەشیان هەوڵیدا قایشی پانتلۆنەکــەم بترازێنــێ. منیش پڕکێش پڕکێشــم[١٧] بــوو بەڵکو خۆم لــە دەســتیان ڕاپســکێنم. ئەو کوڕیژگەی شــانەکانمی تونــد گرتبوو

---

١٥. پێککردن: قبوڵکردن، ڕێگەدان بۆ ئەوەی بێتە هاوڕێ. کردنە شەریک لە یاری.

١٦. قۆرت: چاڵ

١٧. پڕکێش پڕکێش: خۆڕاپسکاندن، تەکاندان بۆ دەرچوون لە سەختانگییەک.

لەسەر سینگم دانیشت، دەستی لەسەر دەمم دانا، بە توندیش سەری بە زەویەکەوە پاڵدەنام. لەو ساتەدا نیگام پەڕیە سەر کتێبێکی ڕەنگاوڕەنگی دڕاو، کە بەرگەکەی وێنەی کاوبۆییەکی لەسەر بوو، سواری سەر پشتی ئەسپێک ببوو، شەپقەیەکی فشوفۆڵیشی لەسەر بوو.

لە مێشکمدا گوێم لە دەنگێک بوو بانگیکرد: «بۆ وەستاوی، خۆ تۆ ئەسپی!»

ئیدی پاڵم بەو کوڕەی وەنا کە لەسەر سینگم دانیشتبوو، پێی ڕاستەم لە بنی دەرهێنا و تا هێزم تێدا بوو بە ناڵچەی بنی پێڵاوەکەم لە دەموچاوی کوڕەکەم دا، کە زۆری نەمابوو قایشی پانتلۆکەم بکاتەوە. هەر ئەوەندەم زانی لە بەر ئێش و ئازار ناڵاندی و بە پشتەوە داکەوت و بە هەردوو دەستەکانی دەمووچاوی گرتبوو. ئیدی بەڵایەکەم لەکۆڵبووەوە. لە هیکەوە نەمزانی لە کوێوە هاتن، مامۆستاکان بەغار بۆ لای ئێمە هاتن و ئەو کوڕانەش هەڵاتن.

منیش هەروەک ئەسپێک دامە غار و بەرەو قەڵاکەمان گەڕامەوە، گوێشم لە ناڵچە ئاسنینەکان بوو. لەبەر خۆشمەوە هەر ئەو وشانەی باپیرەم دەگوتنەوە:

**قەسەم بە بەغاردانی ئەسپە جەنگاوەرەکان، ئەوانەی خێرا و کورت کورت هەناسە دەدەن.**

**بەو بریسکانەی لە جێسمیانەوە دێ.**

**بە شەڕڤانانی بەرەبەیان.**

**ئەوانەی تۆز و غوبار لەخۆیان دادەکوتن.**

**ئەوانەی لە مەیدانی شەڕدا، بەیەکەوە ڕێگەیەک دەکەنەوە**

٥

**لە پشت ئەو کێڵگەیەی** مـن لێیدەژیـم، هەندێک دوورتـر و لە کن گۆلەکـە، قوتابخانەیەکی فێربوونی ئەسپسـواریی هەیە. زۆر جار، کە لەپشـت مێزەکەم خەریکی نووسـین دەبم، کوڕان و کچان بە سواری ئەسپ بەرەو لای ئەوێوە دێن.

پێشـتر هەفتەی دوو جاران بۆ مەودایەکی دوور غارمدەدا. کاتێکیش ڕێڕەوێکـی ئەسـپم دەهاتە پێش، هەنـدێ تیژتـر تێدەپەڕیم. منیش هەروەک ئەسـپێک لە نەرمەغارمدەدا و بە دوو چاوی گەوڕۆنەشـەوە

ســەیری دەورووبەری خۆم دەکرد. لەو نێوەشــدا «ئاورێلیا» ڕێرەوی ڕۆیشــتنی منی گۆڕی. ئەو بڕیاردەدا، ئەو بۆم دەستنیشــاندەکا ئاخۆ بەرەو کوێ بڕۆم.

«هێنک» دۆستێکی کۆنی منە، ئەو پەیکەرتاشە، ئەو لە هەفتەیەکدا ڕۆژێک وەک باخەوانی ئەو قوتابخانە سوارچاکییە کاردەکا. بەڵام خۆ کاری باخەوانــی خەریکــە لەناودەچێ. «هێنک» وەک خۆبەخشــێک کاردەکا، بــۆ ئەمــەش تەنیــا مەرجێکــی هەیە، ئەویــش ئەوەیە، کە کــوورەی ناڵبەندیــی قوتابخانەی مەشــقی ئەسپســوارییەکە بۆ کاری تایبەتی خۆی وەک پەیکەرتاشــێ بەکاربهێنێ.

چەند دانەیەک لەو پەیکەرانەی کە «هێنک» تاشیونی، لە پارکەکانی شــار دانراون. دەســتکارە هونەرییە هەرە پێشچاوەکەی ئەو هەیکەلە ئاســنینەی قاچەکانی ژنانن، کە لەســەر ڕێگەی دەرچوونی شــار بە ئاراستەی گوندی «پاینەکەر» دانراوە.

خــۆی «هێنــک» لە کێڵگەدا دەژی. ئەو هەر نیو کیلۆمەترێک لە لای دەستەچەپی منەوەیە، کەواتە دراوسێین.

عەیامێکە بەســەر ئەوەدا تێپەڕیوە، کاتێک ئەو جارێک سەردانیکردم تا بەیەکەوە پێکێک فڕبکەین، پێمگوت، کاتی خۆی منیش ئەســپێک بــووم بۆ خۆم. ئەویش پێکەنی. ئیدی بۆم گێڕایەوە، چۆن لە ڕۆژانی منداڵیمدا ببوومە ئەســپ، چۆنیش هەر بە ئەســپ مامەوە و چۆنیش بۆ نمایشــی یەکەمین فیلمی ســینەماییم لە نیشتماندا، پێڵاوی باتەی تایبــەت کە ناڵچەی ڕەنگزێڕینی لێدراوبوو، لەپێمکردبوون.

- «ئەدی ئێســتا ئەو کەوشانە لە کوێن؟»

- «هــەروەک شــتەکانی دیکە، لەوێ، لــە ڕابردوو بەجێمهێشــتوون.

لەوەتەی هاتوومەتە هۆڵەندا، ئەسـپەکەی جاران نەماوم.»

- «دەی کەواتــە جوتە کەوشـێکی نوێ بکـڕە و بیانکەپێ و جارێک سەردانم بکە،» ئەو وەها لەسەر قسەکەی ڕۆیشت؛ «کە هاتی منیش دەتکەمە ئەسپێکی هۆڵەندی.»

منیـش جـووت پێڵاوێکـی مەحکەمـم کـڕی و پێیچومــە لای ئەو لە فێرگــەی ئەسپســوارییەکە. «هێنک»یـش پارچە مسـێکی لە کوورە گەرمەکــەدا دەرهێنـا، چەنـد ناڵچەیەکی نایابی بۆ لــە بنی پێڵاوەکە دام. هــەر بەڕاسـتییش ناڵچەکان شـتێکی ناوازە بـوون و دەنگێکی نوێیــان لێوەدەهــات. زۆرجــار لەپێمدەکردن، هــەر کاتێک بۆ کۆڕێک یــان میهرەجانـی فیلـم لــە شـوێنێک بانگهێشـتکرابام، بــە پێڵاوە ناڵچەدارەکانەوە دەچووم.

یەکەمیـن جاریش کە کەوشــە ناڵچەدارکانم لەبەرکردن، لە کۆشـکی «نوردایـنــدە» بوو، لەوێ کورتە کارێکی بەڵگەنامەییم نمایشــدەکرا. ئــەوەش لــەو کاتــە بوو، کــە زنجیرە کۆڕێــک لەســەر کۆچکردن بۆ ئەورووپــا پێشکەشــدەکران، سەردەســتەی میوانەکانیش «ســەلمان ڕوشــدی»، نووســەرە بەریتانی-هیندییەکــە بــوو. کاتێکیش بەســەر ناوکەوە مەرمەڕییەکەی کۆشــکەکەدا دەڕۆیشــتم، هەمووان سەیریان دەکردم.

ئەو کاتەش منیان بە خانمەشــای شکۆدار ناساند. شاژنی هۆڵەندا بە خەندەوە ئەمەی پێگوتم: «پێم وا بوو ئەســپێک هاتە ژوور.»

بــەڵام خــۆ من تەنیــا نەبووم، کە وەک ئەســپ دەڕۆیشــتم. «مایک هامەر»یش بە جووتێ پێڵاوی ناڵچەدار ڕێیدەکرد، ئەوەش لەو کاتەی بــە خۆی و دەمانچەی دەسـتی، ئــەو کاتــەی ڕاوی دز و چەتەکانی

نیویۆرکـی دەنـا. کەچـی من بەرلـەوەی «مایـک هامەر» بناسـم، ئیسـماعیلی کاوبۆی بە سواری ئەسپ لە ژیانمدا پەیدابوو.

## ٦

ئەو ئێوارەیە، دوای ئەوەی لە گەڕەکەکە کوڕەکان لە منیان داو شەڕمانکرد، بیرمکەوتەوە لە کەلاوەی خانووە چۆڵەکەدا کتێبێکی قوڕاویم لە چاڵەکەدا بینی.

بۆ ڕۆژی پاشتر بە دوای کتێبەکەدا چوومەوە هەمان شوێن، خۆشبەختانە هێشتا کتێبەکە هەر لەوێ مابوو.

لەسەر بەرگی کتێبەکە وێنەی کاوبۆیەک بەخۆی و شەپقەیەکی

فشـۆڵ هەبوو، کابرا دەمانچەیەکیشـی لە کەلەکی بەستبوو و گورزە گوریسـێکی هەڵوێزنراوی بە شـانەوە کردبوو. ناونیشانی کتێبەکەش ئەمەبوو: **ئیسماعیل لە نیویۆرک**.
ئـەو کات و لەو تەمەنەمدا هیچـم دەربارەی کاوبۆی و ژیانی ئەمریکا نەدەزانی. بەڵێ ئەوەم دەزانی ئێمە شایەکمان هەبوو، چونکە وێنەی سـەروبیچمەکەی لە لاپـەڕەی یەکەمی هەموو کتێبەکانـی قوتابخانە درابـوو. کەچی هێشـتا ئـەوەم نەدەزانی، شـایەکەمان بـە یارمەتی ئەمریکییـەکان هاتبـووە سـەر تەختوتاجـی دەسـەڵات. هەروەهـا ئەوەشـم نەدەزانی، ئەمریکییەکان بە گوڕدەم لە وڵاتەکەمان هەن تا بیئەمریکێنـن. تەنانەت دایکیشـم نەیدەزانی، کە ئەو گوندنشـینانەی گەڕەکەکەمـان هـەر هەموویـان کرێـکاری ڕادیـۆ، کاسـێتی تۆمار، تەلەفزیۆنی ڕەشوسـپی، ئوتی و زۆپا بـوون، ئاخر هەر لەوێ پارچە ئامادەکراوەکانیـان لەیەکدەدا و ڕەوانەی بازاڕیان دەکرد.
ئـەو کتێبـە وێنەدارەش خـۆی بەرهەمێکـی ئەمریکییـەکان بوو، بە هۆیەوە هەوڵـدەدرا هەوادارییمان بۆ ئەمریکا تیختیخە بدەن. دیاربوو ئەوەیان یەکەمین کتێبی وێنەداربوو، کە گەیشـتبێتە شارەکەمان.
منیش کتێبەکەم لە تۆز و غوبار داتەکاند و خستمە نێو جانتاکەمەوە.

کاتێکیـش دوای نیـوەڕۆ لـە قوتابخانـە گەڕامەوە ماڵ، ڕاسـتەوخۆ بەسـەر قوللەی قەڵاکە کەوتم. لـەوێ دۆڵابێکی کۆنینە هەبوو، دەکرا کەلوپەلـە تایبەتییەکانـم تێـدا بشـارمەوە. هەروەهـا پەسـتەکێکی کۆنینەی شوانانیشی لێبوو، لە کەوڵی مەڕ دروستکرابوو، بە دیوارەکە هەڵواسـرابوو. کاتێکیـش سـەرما دەهـات، ئیـدی ئەو پەسـتەکەی

سـەدەکانی ناوەڕاستم بەسەر شـانەکانم دادەدا و لەسەر تەختەبەندە دارینەکە دادەنیشتم، سەرم بەسەر کتێبەکدا دەگرت و دەمخوێندەوە. یەکەمین کتێب کە تێکۆشـام بە هـەوڵ و هیممەتی خۆم بیخوێنمەوە و تێبیگـەم، ئەو کتێبە وێنەدارە ئەمریکییە بوو.

ئیسـماعیلیش کورتکـراوی ناوی ئیشـمائیل Ismail بـوو. وێنەکان جوان بوون، تەلیسماویی بوون، ئاخر کتێبەکە دەربارەی شتێک بوو، پێشتر نەمبینیبوون.

کتێبەکـە چیرۆکی ئێرانییەک بوو، یەکەمین جاری بوو بچێتە ئەمریکا و لەوێش لە نیویۆرک بگیرسـێتەوە. خۆی پیاوێکی سـادە و ساویلکە بـوو بـە قاتێکی ڕەش، شـەپقەیەکی ڕەش و جوت سـمێڵێکی ڕەش و خەنجەرێکی لەبەرپشـت ڕاکردبوو. شـتێکی سـواو بوو. کەسـێک خۆی نیشـاندەدا زۆر پیاوانەیە و ئامادەیە بۆ شـەڕەفی خوشکەکەی بجەنگێ. هەمیشەش هەر دوو کەس سێ کەسی لە پشت دەڕۆن. ئەو لـە ژینگەی خۆیدا جۆرە مامۆتکێکی هەرزانبەها بوو.

ئەو پیاوە، کە ئیسـماعیلی ناو بوو، بە هەر هۆیەک بێ گەیشـتبووە نیویـۆرک. ئـەو یـەک قسەشـی بـە ئینگلیـزی نەدەکـرد، کتێبـە وێنەدارەکەش سـەبارەت بە ژیانی کابرایەکی سـەرگەردان بوو لە نێو شـارێکی تـەواو نامۆدا. لـە یەکێک لـە وێنەکاندا دیار بـوو، ئەو لە فڕۆکەخانەی کەنەدی نێودەوڵەتییەوە بە پێ لەسـەر ڕێگاوبانی خێرا بەرەو شـار دەهات، چونکە تاکسـییەکانی فڕۆکەخانەکە گران بوون. ترومبێلەکانیـش هـەر هۆڕنەیـان بۆ لێـدەدا و شـوفێرەکان هاواریان دەکردێ بگەڕێتەوە، بەڵام ئەو لەسـەر ڕۆیشتنی خۆی بەردەوام بوو، بەڵکو ترومبێلێک بۆی ڕابگرێ و بیگەیەنێتە شـار.

له وێنه‌ی دواتردا، قۆڵی لێهه‌ڵکردبوو، ئاخر یارمه‌تی ئه‌و شـوفێره‌ی ده‌دا له سـه‌ر ڕێگاکه لایدابوو، تایه‌ی په‌نچه‌ربببوو. دواتریش خۆی له ناو هه‌مان ته‌کسییدا بینییه‌وه. له پاداشتی یارمه‌تیدانی تایه‌گۆڕینه‌که بۆی هه‌بوو بێ پاره تا «مانهاتن» سـواری ته‌کسییه‌که بێ.

لـه وێنه‌یه‌کـی دیکـه‌دا، فارگۆنێکـی قیتـار هه‌بـوو، ئه‌و له سـه‌ر ته‌خته‌به‌ندی قاتی سـه‌ره‌وه و له هـی خواره‌وه‌ش ئافره‌تێکی که‌ژه‌ی ئه‌مریکی دانیشتبوو. له نیوه‌شه‌ویشدا، کاتێک کتوپڕ قیتاره‌که که‌وته جووڵه، ئه‌و له‌سـه‌ر ته‌خته‌به‌نده‌که‌ی خۆی که‌وته‌خوار و به‌سـه‌ر ژنه مووزه‌رده‌که‌دا که‌وت. به شه‌پقه دانانه‌وه که‌وته سه‌ر سینگ و به‌رۆکی ئافره‌ته‌کـه، له‌کاتێکـدا ژنه‌که به ده‌سـت و پێ هه‌وڵیـده‌دا له خۆی دووربکاته‌وه و بقیژێنێ. سـه‌رچڵییه‌کانی ئیسماعیل له لاپه‌ڕه‌یه‌که‌وه بـۆ لاپه‌ڕه‌یه‌کـی دیکـه به‌رده‌وامبوون، تـا ئـه‌و وه‌ک کاوبۆییه‌ک به پانتۆڵێکی چه‌رمین و شـه‌پقه‌یه‌کی به‌رین، به ده‌مانچه‌ی به‌ر قایشـی پشتێن و تۆپه گوریسێکی هه‌ڵوێزراو به شانه‌وه، به سواری ئه‌سپێکی بـۆره‌ی به‌قه‌ڵافه‌تـه‌وه به دوای جـه‌رده ئه‌مریکییه‌کانـدا ڕایده‌کرد و ڕاویده‌نان.

هـه‌روه‌ک باپیـره‌م، کـه ته‌نیـا یـه‌ک کتێـب کـه ئه‌ویـش «هـه‌زار ئه‌فسـانه» بوو ده‌خوێنده‌وه، منیش سـاڵ له دوای ساڵ ئه‌و کتێبه‌م ده‌خوێنـده‌وه. خۆی کتێبه‌که‌ی باپیـره‌م، کتێبێکی زۆر کۆنی ئێرانی بوو، ڕاستییه‌که‌شـی به وێنه‌ی هه‌ره به‌رایی و یه‌که‌می گێڕانه‌وه‌کانی هه‌زار و یه‌کشه‌وه له قه‌ڵه‌مده‌درا. که‌سایه‌تییه ته‌لیسماوییه‌کانی وه‌ک «عه‌لـی بابـا» و چل جه‌رده، «عه‌لائه‌دیـن» و جنۆکه‌ی نێو قۆدیله جادووییه‌که و مافووره فڕیوه‌کانی تێدابوون.

ئــەو دانــە کتێبەی ئێمە لــە ماڵەوە هەمان بــوو، کۆمەڵە چیرۆکێکی دەســتخەتی گــەورەی جزووبەندکــراو بوو. کتێبێکــی دڕاو بوو، خورا بوو، ئاخر لە ماوەی دووســەد، سێســەد ســاڵی ڕابردوودا پیاوان لە نێو دۆڵابەکدا دەریاندەهێنا و دەیانخوێندەوە و لە شــوێنەکەی خۆیدا دایاندەنایــەوە. ئێســتاش وەک کتێبێکــی پیرۆز لەســەر ڕەفەی لای ژوورەکەم داناوە. چەندین ســاڵ بەر لە ئێســتا، دوای مردنی باپیرەم، یەکــێ لە بازرگانــە ئێرانییەکان، کە بازرگانی بــە زافەرانەوە دەکرد، وەک یادەوەرییــەک لەگەڵ خۆی بۆ هێنابوومە هۆڵەندا.
هەنووکــەش زۆر جــار گوێم لە دەنگــی باپیرەمە، لەنێــو لاپەڕەکانی کتێبەکــەی تایینەوە، گوێم لە دەنگە دەنگی ئەو دەبێ، دەنگێک، کە سەر بە ڕابردوی دوورەوە دێ.

باپیــرە، پیرەڕۆحێــک بــوو بەســەر ســەری قەڵاکەوە ئێشــکگر بوو. ئــەو کتێبەکەی خــۆی دەخوێندەوە، لە بەردەمیشــمدا هەندێ کۆپلە هۆنراوەی فارســی بە دەنگ دەگوتەوە، ددانی لەســەر دەگیرســاند، هەروەک ئەوەی بیەوێ لەناو مێشــکدا قسەبکا.
ئەو هەموو ڕۆژەکەی هەر لە هۆدەکەی[18] خۆی دادەنیشــت و هەمیشە بــە جزوبەندکردنــی کتێبــەوە ســەرقاڵ بــوو. هــەر کاتێــک پیاوانی ماڵباتەکە بەتەمەندا دەچوون و پیردەبوون، بۆیان نەدەکرا لە کێڵگە و کارگــەی ماڵباتــدا کاربکەن، ئیدی کتێبیان لــە نێو کتێبخانەکەمان دەردەهێنــان و ســەرلەنوێ بەرگیــان دەکردنــەوە. بــەدەم ئەم کارە نایابــە پڕبایەخــە، خۆیان بۆ مەرگ ئامادەدەکرد. بەم جۆرە ســەدان

١٨. هۆدە: ژوور

کتێبی کتێبخانەکەمان بە خەمخۆرییەوە هەڵگیراون، هەر هەمووشیان ژمارەبەندی کرابوون.

بەڵێ، باپیرەم هەموو ڕۆژەکەی هەر لە هۆدەکەی خۆی بوو، لە پشت پەنجەرەکە سەری بەسەر مێزی کاری بەرگکردنی کتێبەوە داگرتبوو. ناو بەناویش دەستی دەدایە کتێبە خۆشەویستەکەی و لێیدەخوێندەوە و لەگەڵ خۆشی قسەیدەکرد. هەمووانیش هەر وەهایان دەبینی. تەنانەت خۆشی ئەوەی دەگوت، کە ئەو لەگەڵ جنۆکە هاوکوفەکەیدا[١٩] دەژی و جنۆکەکەشی لە تەک دانیشتووە و لەگەڵی دەدوێ.

بەهۆی ئەوەی پیاوانیماڵباتەکەمان بەردەوام ئاگایان لە کتێب بووە و بایەخیان پێداوە، هەرلەبەر ئەوەش بوو، من کتێبەکەی نێو کەلاوەکەم بەدیکرد و هێنام. هەڵبەتە خۆ نەمدەزانی ئینگلیزی بخوێنمەوە، لێ هەموو ڕۆژێ دوای ئەوەی لە قوتابخانە دەگەڕامەوە، وەسەر قوللەکە دەکەوتم و لەگەڵ ئیسماعیلدا بە نێو نیویۆرکدا گەشتم دەکرد. دایکیشم زۆر دڵشاد بوو، کە ئەو کارە دەکەم و ناچمەدەر، ئاخر خۆ ئەوێ بۆ کوڕەکەی سەلامەتترین شوێن بوو. لەبەر ئەوەی دایکم دەردەچۆکی هەبوو، نەیدەتوانی بەسەر پەیژەکان بکەوێ و خواردن و خواردنەوە و میوەم بۆ بێنێ. بۆیە بۆی دەکردمە نێو زەمبیلێک، منیش لەسەرەوە گوریسم شۆڕکردبووە، ئیدی لەخوارەوە زەمبیلەکەی بە سەری گوریشەکەوە دەکرد و منیش لەو بەرزییەوە هەڵمدەکێشایە سەرەوە.

---

١٩. هاوکوف: هاوشان.

هێشــتاش ئەوە نازانم ئاخۆ لەبەر ئەوەی من کوڕێکی ترســنۆک بووم یــان بە ئاســانی نەمدەتوانی لەگــەڵ کوڕوکاڵانی دیکــەدا پەیوەندی بگــرم و هاموشــۆیان بکــەم. لــە هەمووان دەترســام، لــە کوڕوکاڵی هــەراش دەترســام، لــەو دز و جەردانەش دەترســام، کــە خۆیان لە ئەشــکەوتەکاندا حەشــاردەدا، لــێ گەلــۆ، بەشــێوەیەکی تایبەت لە «ڕەحمەتوڵڵا» دەترسام. ئەویش کوڕی دەرگەوانەکەمان بوو، لەگەڵ دایابــی لە دیوەکەی دیکەی قەڵاکە دەژیا.

تەنیــا لەســەرەوە، لەنێــو قوللەکەدا هەســتم بە ئاســایش و ئارامی دەکرد.

کەســیش نەدەهاتە ســەرەوە، لەوەش گەڕێ کە «ڕەحمەتوڵڵا» هەر بۆی نەدەکرا، ئاخر ئەو نەیدەتوانی بڕوا، چ جای بەســەر پەیژەکاندا بکەوێ. جارێکیان ئەنگۆرەیەکی ڕۆژی هەینی، ئەو کاتەی من لە بەر تیشــکی چرای قوللەکە دانیشــتبوم، بۆ ئەوەندە جارە ســەرم بەسەر کتێبــە وێنەدارەکــەدا گرتبــوو، لەگەڵ ســەرچڵییەکانی ئیســماعیلدا دەژیــام، گوێم لە دەنگی پێیەک بوو لــە پەیژەکانی قوللەکەوە هات. هەناســەم ڕاگرت. تۆبڵێی کێ بێ؟ دەترســام مەبادا «ڕەحمەتوڵڵا» بــێ. بەڵام نەخێر، خۆ ئەوە دەنگی پێی ئافرەت بوو.

«ئــەوە چــی دەخوێنیتــەوە؟» گوێم لێبــوو «ئەکرەم» لێیپرســیم.

«ئەکــرەم جــون»، کچــە هەرە گەورەکــەی مامم بوو. ئەو دەرســی ئینگلیزی دەدایە تاکە قوتابخانەی ناوەندی کچانی شــارەکەمان.

ئیدی لەبەر تیشــکە کزەی چراکە، کتێبەکــەی لێوەگرتم و پەڕەکانی هەڵدانەوە، ئینجا گوتی: «ئۆووو، جوانە، کتێبێکی ئەمریکایی، چۆن دەستتکەوت؟»

تا ئەو دەم بە باشی سەیری «ئەکرەم جونم» نەکردبوو، خۆ ڕۆژانەش لە نێو قەڵاکەدا تووشـی دەبووم، بەڵام ئێستا بە ڕاسـتی بە باشـی دەیبینم. ئەو بە ڕوخسارێکی خۆشەویستانەوە ژنێکی وردیلەی ناسک بوو. ئەو شـتێکی لە کچە شـازادەکانی نێو چیرۆکەکانی سـەردەمی بەرێ بەرکەوتبوو.

بـۆ ڕۆژی پاشـتر چوومە ژوورەکەی ئەو. خـۆی زۆر جاران چوومەتە لای، بەڵام ئەم جارەیان جیاوازتر بوو، لە هیکەوە هەموو شـتێکم بە جۆرێکـی دیکـە بینی. ئەو جلوبەرگ و جووت پێڵاوی زۆری هەبوون، بەتایبەتیـش پێـڵاوی ڕەنگاوڕەنگـی پاشـپانیبەرزی لەپێدەکـردن. بەڕاسـتی ئەوەی دەسـتبەجێ لە هۆدەکەی ئەودا سەرنجی ڕاکێشام، دۆڵابـی کتێبەکان بوو، پڕ لە کتێبـی ئینگلیزی بوون. هەر بەتەواوی ئەوان لەو کتێبانەی نێو کتێبخانەکەمان جیاواز بوون، شـتێکی دیکە بوون.

- «ئـەرێ کتێبەکـەی خۆتت لەگەڵ خۆت هێناوە؟ زۆر باشـە، دەی وەرە دانیشـە، من فێرە خوێندنەوەت دەکەم.»

بەرەبەرە ئەو منی بردە نێو جیهانی تەلیسـماوی وێژە، کە لە هەموو جۆرێکـی تێدابوو. «مایک هامەر»یش یەکێک بوو لەوان.

دەی، با یەکەم جار چیرۆکی «ڕەحمەتوڵڵا»، کوڕی دەرگەوانەکەمان بگێڕمـەوە، ئـەو کـوڕەی من بـە دڵ لێیدەترسـام و هەترەشـم لێی چووبوو.

## ٧

**من لەنێو** کلتوورەکەی خۆمدا خوویەکم لەگەڵ خۆم هێناوە. شیعر بۆ ئێرانییەکان وەک مەیە بۆ فەرەنسییەکان: ئەوان پێیەوە مەست دەبن. زۆر جاران بە یارمەتی فەرهەنگێکەوە شیعری هۆڵەندی دەخوێنمەوە. سەرقاڵبوونێکی ناوازە و خۆشە. شیعرێک دەگرم و بەری نادەم تا گەرمدەکاتەوە، هەروەک ئەوەی لەسەرخۆ پێکی شەرابێکی باش هەڵبدەم وایە. دوا شت، شیعرێکی «سلاوەرهۆف J. Slauerhoff»م

خوێندەوە، بە شـــیعرێکی زۆر جوانم دانا. سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

**تەنیـا لە نێو هزرەکانم دەتوانم بژیم**
**هەرگیز و لە هیچ شـوێنێکی دیکە**
**خـۆم لە بن هەنواندا نادۆزمەوە**

تیشکخســتنە ســەر ئەو شتەم بە شـێوەیەکی بێوێنە بینی. ئاخر خۆ مــن هەرگیز نەمدەتوانی لە نێــو فیلمەکانمدا بژیم، چونکە تۆ بەتەنیا فیلـم بەرهەمناهێنی. لەم کارەدا هەمیشــە بەندی بــە کامێرامان، بە دەنگهەڵگر، نەخشەســازی شارســتان و تیمی مۆنتاژ. هەنووکەش کە ئەم کتێبە دەنووسم، هەستدەکەم خەریکە خانووێک ڕۆدەنێم تا تێیدا بژیــم، ڕێک هــەروەک بەتەمەنەکانــیماڵباتەکەم کاتــێ لە ژوورەکانی خۆیــان نەدەهاتنەدەر و خۆیان بــە بەرگکردنی کتێبان خەریکدەکرد. ئەوان جنۆکەی خۆیان لەگەڵدا بوو، منیش (ئاورێلیا)م هەیە، هەندێ جارانیش حەیراندەبم، گوماندەکەم ئەو شـۆخە ئادەمیزاد بێ.

من ئێســتا پیاوێکی هەراشــم[٢٠]، لێ هێشــتا ئەو ترســەی منداڵیم هەر ماوە، نەخاسمە لەو کاتەی دەربارەی «ڕەحمەتوڵلا» دەنووسم. ئاخر ئەو ترســە لە قووڵایی ناخی نەستم خۆی حەشارداوە.
بە دوای باشــترین وشــەی هۆڵەندییــدا گەڕام تا ئەو جۆرە ترســەی پــێ وێنابکەم. کەچی نەمدۆزییەوە، بەڵام خۆ دەکرێ ڕوونیبکەمەوە. زۆر جــاران لــە خــەودا زینــدەوەری گــەورە و قورس دێن و لەســەر پشــتم دەنیشــن. ئەو شــتێکی وەک زۆرانبــازە سـۆمۆ ژاپۆنییەکان

---

٢٠. هەراش: گەورە، پیاوێکی باڵغی سەرووی هەژدە ساڵێ.

بـــوو. هەوڵمدەدا لەبن ئەو پڕکێشـــی خۆم بکـــەم و خۆم قوتاربکەم و هاوارهاوارم دەکرد، لێ گەلۆ بێســـوود بوو، هەناسەم تەنگدەبوو.

هـــەروەک منداڵێـــک بیرم بۆ ئەوە چوو، کە ئەمەیان جنۆکە بێ، بەڵام دواتر چیدی پێیەوە خەریک نەبووم. هەر بۆیە ئێستا قەڵەم و کاغەز دادەنێم و دەچمە پشـــت مێزی کۆمپیوتەرەکە. هەســـتی ئەو کاتم لە «گوگل» تایپدەکەم و بەنێو ئینتەرنێتدا بەدوایدا دەگەڕێم. بۆ مایەی ڕاچڵەکینـــم ئەمەی خوارەوەم دۆزییەوە. «تۆ بێداردەبیتەوە. ناتوانی هەناســـەبدەیتەوە. پەکتدەکەوێ. هەســـتێکی ســـەیرت بۆ پەیدادەبێ بەوەی بوونەوەرێکی شـــەڕانگێز لە ژوورەکەتدا هەیە. گوێت لە دەنگە دەنگی نامۆ دەبێ. دەنگی پێ. ئاخوئۆف هەڵکێشـــان. ئەو دێتە سەر ســـینگی تۆ دادەنیشێ و وات لێدەکا بخنکێی.»

پەکـــوو، من گوگلم خۆش دەوێ. ئاخر ئـــەو وێناکردنە دەقاودەقانەم چاوەڕواننەدەکـــرد. کتومـــت ئـــەوە بوو، کـــە بە دوایدا دەگـــەڕام. بە ئینگلیـــزی پێیدەڵێـــن «ئۆلـــد هـــاگ Old Hag» واتـــە پیرەژنـــی جادووگـــەر[٢١]. لـــە زمانـــی ئاڵمانیدا نـــاوی «مێیر Mare»ـــە، واتە ڕۆحێکـــی شـــەڕانگێزانەی شـــەو. لـــە «زانیبـــار Zanzibar»دا بـــە «پۆپۆباوا Popobawa» ناسراوە. لە زمانی یابانیشدا پێیدەگوترێ «کاناشیباری Kanashibari». لە فارسیشدا هەردەبێ جنۆکە بێ. زیاتـــر بـــە دوایـــدا گەڕام. یەک دوو نووســـەری مەزن ئـــەو جنۆکانەی «ئۆلد هاگ»یان وێناکردوون. من ناونیشـــانی ئەو کتێبانەم لای خۆم یاداشـــتکردن و پاشان لە کتێبخانەدا دەرمهێنان.

---

٢١. لـە کوردەواریشدا چەندین ناو و هاوماناو هەن لەوانە: مۆتەکە، شـەوە، شـەولەبان، شـەوارە، دێو، جنۆکـە، کامۆسـەک، لەمەچێتر...

نووسەری فەرەنسی «گای دی مۆپۆسان Guy de Maupassant» دەق مۆتەکەی ئەو جنۆکانەی وەها وەسفکردوون، وەک ئەوەی لە لای من ناسراوە. لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی «لی هۆرا Le Hora»دا، شاکەسەکەی دەترسێ بخەوێ، چونکە شەوانە جنۆکە دێتە لای و لەسەر سینگی دادەنیشێ. ئەویش هەرچەند دەیەوێ هاواربکا، بەڵام ناتوانێ.

چیرۆکەکەی «بەفرەکەی کیلمنجارۆ The Snow o Kilimanjaro»ی «ئێرنست هەمەنگوای»ش هەمان جنۆکە و هەمان ترسی تێدایە. «هێرمان مێلڤیلی»یش لە شاکارەکە خۆی بە ناوی «مۆبی دیک Moby Dick» و «شکسپیر»یش لە «ڕۆمیۆ و جولێت»دا شتی لەو بارەی نووسیوە.

منیش ئەمەم بە شتێکی سەرنجڕاکێش بینی، ئاخر هەر وام دەزانی، زەقوزۆپ جنۆکە هەر لە ڕۆژهەڵات و کلتوری سەردەمی زۆر کۆندا هەیە. دەی کەواتە هەروەک مرۆڤ، هەروەک سەگ و باڵندەی دەوروبەرمان لە هەموو کلتورەکاندا هەیە.

هێشتا هەر لە بیرمە، ڕۆژێکیان لەسەر قوللەکە وەستا بووم، هەر ئەوەندەم زانی دەرگەی قەڵاکەمان کرایەوە، بەڵام نەمبینی کەس پێیدا بێتەژوورەوە. دڵنیابووم، ئەمەیان جنۆکەیەک بووە. ئاخر خۆ جنۆکە نەبینراوەکان ڕوخساری خۆیان دەگۆڕن و ئەویش هەروەک سەگێکی ڕەش بە دەوری باپیرەمدا دەیدایە قەڵەمبازی، باپیرەشم بە خۆی و گۆپاڵەکەی لەنێو لمەکە و لەسەر تەختەبەندێک لە لێواری گۆلەکە دانیشتبوو، خۆی دابووە بەر هەتاو. من سڵەمیمەوە، بەڵام ئەو هەر گوێشی لێنەبوو، خۆی لە گوورە نەبرد، ئاخر ئەو

کسـۆکەکەی دەناسی، دەیزانی جنۆکە شەڕانگێزەکە ڕۆژانە دێتە لای تا پەلاماری کـوڕە گەورەکەی دەرگەوانەکەمان بدا. ئیدی بە ناچاری باپیرەم بەنێو باخەکەدا بە دوای جنۆکەکەدا ڕۆیشت. کەچی لەهیکەوە سەگەڕەشـەکە گۆڕا و بووە قەلەڕەش، قەلەڕەشـیش بە قیفەقیفەوە بەسـەر قەڵاکەدا فـڕی، بە قاڕە قاڕەوە بەرەو ئاراسـتەی من هات و چووە سـەر ئەو دارەی، کە دەرگەوانەکەمان لەبنی دادەنیشت. خۆی لەوە مەڵاسـدا، بەڵکو دواتر پەلاماری «ڕەحمەتوللا» بدا.

هەنووکە، بەڵێ ئێستا، لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا، ئەوە دەبینم، کـە لەبەر ئەو کـوڕە عەنتیکەیەی دەرگەوانەکەمان بوو، من پەنام بۆ سـەر قوللەی قەڵاکە دەبرد. ئاخر ئەوێ شـوێنێکی ئارام و سەلامەت بوو، ئەو هەرگیز نەیدەتوانی بگاتە ئەوێ. کوڕەکەی دەرگەوانەکەمان لەو ترسەدا بەرجەستە بوو، کە وەک بونەوەری قوڕس قوڕس لە لای من پەیدا دەبوون.

هەینـێ[22] تەمەنـی «ڕەحمەتوللا» بیسـت و حەوت سـاڵان بوو. ئەو زۆر بەزەحمـەت ڕێیدەکـرد، خەڵک دەیگوت، گوایـە جنۆکە چەندین جار باسک و لاق و سەریان شکاندووە، هەر بۆیە ئێستا وەک ئەوەی لێهاتووە هەروەک دارێک لەسـەر شەقامدا بڕوا وایە.

ماڵباتەکـەی دەرگەوانەکـە هەرگیز پێیان نەدەنایـە ژووری قەڵاکە، ئـەو شـوێنەی ئێمەی لێدەژیـان، بەڵام بۆ چەندین جـار، بە هەردوو چاوەکانـی خۆم بینیم، شـەوان بە تاریکی ئـەو «ڕەحمەتوللایە» بە پشـت قۆپەنە دارەکە خۆی دەخشاند دەخشـاند تا خۆی دەگەیاندە

22. هەینێ: ئەوێ ڕۆژێ، ئەوکات.

پشــت پەنجەرەی هۆدەی «ئەکرەم جون»ی دۆتمامم.
هــەر جارێک ســەر لەبەیانیــان، کاتێ بــەرەو قوتابخانە دەڕۆیشــتم، تەنگەنەفــەس دەبووم، ئاخر دەترســام نەوەک لە ڕێگە تووشــی ئەو کورە ببم. هەر بۆیە لە ترسان و تا بۆم دەکرا بە خۆم و کۆڵەپشتی قوتابخانەوە بە سەر پەیژەکانی قوللەکەوە غارمدەدا و خۆم دەگەیاندە ســەری ســەرەوە، لەوێ دەســتم دەدایە دووربین و ســەیری ڕێگەی قوتابخانەم دەکرد ئاخۆ «ڕەحمەتوللا» لە هیچ شــوێنێک دیار نییە. خــۆ ئەگەر لە شــوێنێک بمدیبایە، ئیدی بە لاڕێــدا پێچێکم بەغاردان لێدەدا تا خۆم دەگەیاندە مەکتەبێ.
لــە ڕێــی گەڕانەوەشــم بــۆماڵــێ، خــۆ ئەگــەر ئــەو لای دوکانــی بەهاراتفرۆشــەکەی ســەر ســووچی شــەقامەکە لەســەر شۆســتەکە دانیشــتبایە، ئەوەندە دەترســام نەدەوێرام بەلای ئــەودا بڕۆم. ئیدی پێچــم دەکــردەوە و بەغار بەرەو لای مەکتەبی کیژان، ئەو جێیەی کە «ئەکرەم جون» دەرســی لێدەدایەوە، ئەوســا لەگــەڵ ئەو بەیەکەوە بەرەو ماڵ دەگەڕاینەوە.

من لەوەش سەرمسوڕمابوو، تێنەدەگەیشتم ئاخۆ بۆچی جنۆکەکەکان هەموو ڕۆژێ وەهایان لە «ڕەحمەتوللا» دەکرد. ئاخر ئەو چی کردبوو؟ خۆی دەمزانی چەند جنۆکەی بەدفەڕ و شەڕانگیز هەن و بەقەد ئەوانیش جنۆکەی باش هەن. جنۆکەکەی باپیرەم ئارام بوو، خۆی دەشاردەوە و بەڕێکوپێکــی لەگــەڵ باپیــرەم دەژیــا. کەچی ئــەو جنۆکانەی کە دەستوپێی «ڕەحمەتوللا»یان شــکاندبوو، جنۆکەی بەد و شەڕانگێز بوون. زۆر جــاران دەیانزانی چۆن لە گۆڕەپانەکەی مزگەوتێ بیگرن. بــە دووربینەکــەم دەمبینی چ حەشــرێکی پێدەکەن. مــن چاودێرییم دەکرد. ئەو هەروەک پیاوێکی تێکشکاو دەچووە گۆڕەپانی مزگەوتێ.

لــێ کاتێــک دەهات دەوەســتا، ئینجا هێــزی نادیــار دەیانگرت و بە زەویان دادەدا. ئەویش باسکی درێژدەکرد و دەیەویست بسوورێتەوە، بەڵام بەسەر زەویدا بەردەبووەوە و دەموچاوی بە بەردەکان دەکەوت تا لەهۆش خۆی دەچوو، کەفیشــی هەڵدەدا.

لــەو ســاتانەدا کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد بەلایــەوە بچێ، خەڵکیش دەترســان، لەو کاتــەی جنۆکەکان خەریکی بوون، دەترســان خۆیان تێهەڵبقورتێنن. هەمووان ڕادەوەستان، چاوەڕێیاندەکرد تا جنۆکەکان لــە خۆیــان دەبوونەوە و تــا «ڕەحمەتوڵڵا»یــان نیوەمردی دەکرد و لەســەر زەوی دەکــەوت. ئینجــا کەســێک دەچەمایــەوە و بە نووکی قەڵەمەمبرەکەیــەوە بازنەیەکی بەدەوری دەکێشــا تــا چیدی جنۆکە لێــی نزیــک نەکەونــەوە. خەڵکیــش هەنــدی وردەپارەیــان بــۆ فڕێ دەدا و دەوەســتان تــا چاوەکانــی هەڵدەهێنــا. پاشــان دوو زەلامی چوارشــانە هەردوو قۆڵیان دەگرت و بەرزیان دەکردەوە ڕایاندەکێشــا تا دەیانگەیاندە بن دیوار و پشــتیان بەدیواری مزگەوتێ دەدا. قومە ئاوێکیشیان دەدایێ تا بەخۆی بێتەوە.

کاتێکیــش دەهاتــەوە ســەرخۆی، بــە دووربینەکــەوە دەمبینی، ئەو شــتێکی وەهای دەکرد ســەرنجمی ڕادەکێشا. لەوانەیە من تاکە کەس بووبم، ئەو جووڵەیەی ئەوم بەدیکردبێ، چونکە لەو ساتەدا هەموویان پشتیان تێدەکرد تا نەیبینن.

بــە پشــت دانــە دیوارەکــەی مزگەوتــێ، «ڕەحمەتولــڵا» دوگمەی پانتۆلەکــەی خۆی دەترازاند. ئینجا شــتێکی پیســی گــەورەی لەنێو دوولینگەکــەی دەردەهێنــا. شــتەکە ئەوەنــدە گەورۆنــە و ئەوەنــدە ترســناک بوو، پیاوان لێنەدەگەڕان تاکە ئافرەتێکیش بەو لایەدا بڕوا. هەر کاتێک لە دوورەوە ئافرەتێک بەدیدەکرا، بەدەســت ئاماژەیان بۆ

دەکرد تا بە ڕێگەی خۆیدا بگەڕێتەوە و دوورکەوێتەوە. «ڕەحمەتوڵڵا» یـاری بــە هەرامەکەی[٢٣] خۆی دەکرد و تــا دەهاتیش ڕەپ و گەورەتر دەبوو. لەوە زیاتر نەمدەویســت بزانم ئاخۆ چی دەکرد. ئینجا منیش دەســتم دەدایە کتێبە وێنەدارەکەم و لە سەرچڵییەکانی ئیسماعیل لە نیویۆرک قووڵ دەبوومەوە.

دەترســم لە بەندی داهاتوودا شــتێک بگێڕمەوە، لە ڕاستیدا حەزیشم لێ نییە باسی بکەم. ئاخر هەر لەبەر ئەو شتەی «ڕەحمەتوڵڵا»، لە هیکەوە و کوڕی قەسابەکەی گەڕەکەکەمان هاتە نێو یادەوەرییەکانم. دەی بــا ئەمــڕۆ ئەوەندە بەس بێ، قەڵــەم و کاغەز دادەنێم و لەگەڵ «گورگــی»دا دەچمــە دەرێ و پیاســەیەک دەکــەم. «ئاورێلیا»ش هەمیشە لەو کاتەدا دەچێتە نێو شینابیەکە[٢٤]. هەر لەو کاتەی هاتۆتە لای من، ئەو خواردن ســازدەکا و شــتی وەها لێدەنێ هەرگیز بیریشم لێنەکردبووەوە. «ئاورێلیا» مایەی ئاســوودەیی و بەختەوەریمە. ئەو ئێســتا ماوەیەکە هاتۆتە لام، ناشــزانم چەند دەمێنێتەوە. ژیان ئەوی ناردۆتــە ئــەم کێڵگەیــە بۆ لای مــن. ئەو ڕێی بەلای منــدا کەوتووە. ژیانیش هەمیشــە ئەو شتانەی هێناومەتە سەرڕێ.

هێشــتا من لە کێڵگەکە دەرنەچوبووم، کە کوڕی قەســابەکە لە دیوی نەســتمەوە لێمپەیــدا بوو تا پیاســەیەکم لەگەڵدا بــکا. (گورگی)ش هەســتی کرد نائاسوودەم، بۆیە کەوتە حەپەحەپ.

– «هێی گورگی، هیچ لە گۆڕێ نییە. ئاســایی بڕۆ!»

---

٢٣. هەرامە: هێن، واندەک، راک...

٢٤. شینابی: ئەو سەوزە و تەڕەیەی لەو پارچە زەویەی بەرهەمدێ، کە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکراوە.

## ٨

**دەی با کەمێک** بگەڕێینەوە لای «سـلێمان»، ئەو کەسـەی بەسـەر وڵاتێکـی مـەزن فەرمانڕەوا بوو، لە زمانی باڵندانیش دەگەیشت. ئەو باڵندەیەکـی هەبـوو ناوی پەپووسـلێمان بـوو، وەک تەتەر کاری بۆ دەکرد.

سـلێمان ڕووی خـۆی لـە باڵنـدەکان کـرد و گوتی: «ئـەرێ چۆنە پەیکەکـەی خۆم، پەپوو نابینـم، نەتانبینیوە؟ ئەرێ ئەو نەهاتووە؟

هـــەر دەبـــێ بە توندی ســـزای بدەم، من دەبێ تێـــر بیکوتم یان دەبێ بـــاش بۆم ڕوونبکاتەوە ئاخۆ لە کوێ بووە؟»

خـــۆی زۆری پێنەچـــوو، پەپووســـلێمان پەیدابووەوە و وەها قســـەی بـــۆ ســـلێمان کرد: «من شـــتێک دەزانم تـــۆ نایزانی. تـــازە لە وڵاتی «ســـەبەئ»ەوە هاتوومەتـــەوە. لـــەوێ شـــاژنەکەیانم بینـــی، هەمـــوو شتێکیشـــی هەیە، لەو شتانەش تەخت و تاجێکی تەلیسماوی.»

ســـلێمانیش هەڵیدایـــێ و گوتـــی: «ئێمـــە بـــە دوایـــدا دەڕۆیـــن ئاخۆ ڕاســـتدەکەی یا درۆ. دەی کەواتە بڕۆ هەڵفڕە و ئەم نامەیەم لای ئەو بەربـــدەوە. ئینجا بگەڕێوە، بزانە کاردانەوەی چۆنە.»

پەپووســـلێمانیش بە دەندوکی نامەکەی هەڵگرت و دوور دوور فڕی.

خـــۆی ئەوە چیرۆکێکی ئەویـــنداری مێژووییە، لە نێو کتێبە کۆنەکەی باپیرەمـــدا هەبوو. دواتر کاتێ توانیم کتێب بخوێنمەوە، ســـەرلەنەوێ بەسەریدا چوومەوە.

پەپووسلێمانکەی نێو چیرۆکەکە، منی بۆ خۆ کێشکرد. پاشان منیش وەک سلێمان پەپوویەکم بۆ خۆم لە نێو قەڵاکەدا هەبوو، وەک پەیک لەخزمەتم دابوو.

پەپووســـلێمانەکەی مـــن لـــە کونێکـــی دار گوێزە پیرەکـــەدا هێلانەی چێکردبـــوو. پەڕی ســـووری بۆرە و پۆپیتەکی ڕەشـــی درێژی هەبوو. کلک و باڵیشـــی ڕەش و خەتی پانی ســـپی تێدا بوو. دەندووکەکەشی درێژ و باریک بوو.

بـــە گوێـــرەی دابونەریتـــی کۆنـــی ئێرانـــی بێ، خـــۆی پەپووســـلێمان ئادەمیـــزاد بووە، بە جـــۆرە زمانێکی وەک «پەپووو پەپووو» دواوە. هەر بۆیەشە هەستی بەلای مرۆڤدا دەڕوا و حەزی لێیە لێیاننزیک بێ

و بەردەوامیش لە خزمەتیاندا بێ.
سـلێمانیش کۆنەپاشـایەکی بە ئەزموون بوو، هەرچـی من بووم ئەو کات تەمەنم دە ساڵان بوو. «شلۆمۆ» سەرداری وڵاتێکی گەورە بوو، مـن نا، من تەنیا قەڵایەکم هەبوو.
من زۆر جاران باڵندەکەم دەناردە دەرێ تا بزانێ ئاخۆ «ڕەحمەتوڵڵا» لە کوێیە. بۆ هەر شوێنێک بمناردبا دەچوو، بەڵام ئەو بەلای قەسابی گەڕەکەکەمانـدا نەدەچوو، ئاخر ئەویش لە مەڕ و بزنە سـەربڕاوەکان دەترسـا، کـە قەسـابەکە بـە قولاپـی دوکانەکەی وەدەکـردن. ئەو سـەربڕاوانەش بە چاوی ڕەشـی گەورە گەورەی مردووەوە سـەیریان دەکـردی، لەکاتێکـدا هـەر خوێـن لـە پەلەوپۆیـان دەچۆڕایـەوە. پشـیلەکانیش خوێنـی سـەر زەویەکەیـان دەلێسـتەوە و مێـش و مەگەزیش بە گلۆرە لەو دەوروبەرە دەسـووڕانەوە. پەپووسـلێمانەکە ڕقی لە کوڕی قەسابەکە دەبووەوە، کە بە خۆی و کێردێکی گەورەی خوێناوییەوە مەڕەکانی سەردەبڕین.
کاتێک بیر لە کوڕی قەسـابەکە دەکەمەوە، ڕاسـتەوخۆ بیر لە پردە دارینەکـەی ڕوباری «شـیرپالا Shirpala» دەکەمەوە، کە هەندێک لەولای قەڵاکەمانەوە، لە دامێنی شاخەکانەوە ڕێگەی خۆی کردبووەوە. ڕاستییەکەشی خۆ ئەوە پرد نەبوو، بەڵکو چەند قەدەدارێکیان لەیەک بەستبوو بەسەر ڕوبارەکەیان ڕانابوو.
پردەکە بۆ من تخووب بوو، لە بابمەوە، لە مامەوە، بە تایبەتیش لە باپیرمەوە ڕاسـپێردرابووم، هەرگیز نەچمە ئەودیوی ڕووبارەکە. ئەوێ بۆ من قەدەغە بوو. پێشیان نەگوتم بۆچی وایە، بەڵام من گومانم بۆ ئەوە چوو، ئەوێ قەڵەمڕەویی جنۆکە شـەڕانگێزەکان بووبێ.

منیش هەمیشـــە بـــە دووربینەکەم بەســـەر پردەکـــەوە چاودێر بووم.
هەندێـک جار دەمبینـــی کە چۆن پیاوێـــک کوڕیژگەیەک لەگەڵ خۆی دەباتـــە ئەودیوی ڕووبارەکـــە. پیاوەکە یارمەتـــی کوڕەیژگەکەی دەدا تـــا بەســـەر بەردەکاندا هەڵبگەڕێ و کەچی لـــە پڕێکەوە لە یەکێک لە ئەشـــکەوتەکاندا دیارنەدەما. هەروەها چەندەها پیاوم دەبینین خۆیان لە پشـــت گابەردەکاندا حەشـاردەدا، کوڕیژگەکانیـــش بە گریانەوە لە شـــاخەکانەوە دەهاتنەخوار بەرەو پردەکە بەغار دەڕۆیشتن.
ڕۆژێکیـــان جنۆکەیەکـــی شـــەڕانگێزم لە بیچمی کوڕی قەســـابەکەمان بینی، لەبەر دەرگەی قەڵاکەمان وەستا بوو بانگیدەکرد: ئەرێ نایەی فەڕەیەک بە پایســـکل لێبدەین، دەی وەرە لە پشتمەوە سوار بە؟»
پایســـکل چ پایســـکل، پایسکلێکی نوێی ڕەنگ سووری تاریک، لەبەر تیشکی ڕۆژدا دەبریسکایەوە.
پەپووســـلێمانیش کـــە ڕقـــی لە کوڕی قەســـابەکە دەبووەوە، بەســـەر ســـەری منـــدا هەڵفڕی و بـــە زمانی خۆی هۆشـــداری دامـــێ: پەپپوو پەپپوو، ئاگاداربە پەپپووو.»
ڕۆژانە کوڕی قەســـابەکە گۆشـــتی بۆ دەهێنایـــەوە. هەندێک جاریش دەهاتـــە هۆدەکەی باپیرەم و لە لایەوە دادەنیشـــت و بازاڕی قســـانی لەگەڵ گەرمدەکرد. کاتێکیش منی لەســـەر قوڵلەکە دەبینی دەستێکی بـــۆ هەڵدەوەشـــاندم. هـــەر بۆیـــە دوودڵ نەبـــووم لـــەوەی بچـــم و بە پایسکلەکەی فەڕەیەک لێبدەم.
«دەی بـــا بچیـــن فەڕیـــەک لێبدەیـــن؟» ئەو بـــەدەم پرســـیارەکەوە ئامارەشـــی بە پاشکۆی پشتەوەی پایسکلەکە کرد.
منیش بە شەوقەوە دابەزیم و چووم لە پشت پایسکلەکەی سواربووم

و بـە ئاراسـتەی ڕووبارەکە بڕۆ بـازۆ. خۆی پردە دارینەکە سـنوور بـوو، من دەمزانـی نەدەبوو هەرگیز بپەڕمـەوە ئەوبەر. کەچی کوڕی قەسابەکە پایسکلەکەی بەسەر پردەکەدا هاژۆت، دوورتر بە لای ڕەزی مێودا ڕۆیشت، ئەو ڕەزەی، کە هەموی وشیە ترێی زێڕینی پێوەبوون، پێشتر بە دووربین لە سەر قوللەکەوە سەرنجم لێگیرکردبوو. ئەوە بوو لەوێ کوڕی قەسـابەکە ڕایگرت و پایسکلەکەی بە قەدی داربادەمێک ڕاگـرت و قفڵەکەی لێـدا و پێیگوتم: «دەی وەرە، ئەگەر حەز بکەی دەتوانین بۆ ئەشـکەوتەکان سـەرکەوین. دەی ئەوێ زۆرخۆشە، پێت خـۆش دەبـێ، خـۆ تۆ هەمیشـە لـە دوورەوە، هەر بـە دووربینەوە سەیریاندەکەی.»

منیش لە ئەشـکەوتەکان دەترسـام، بەڵام خۆ کوڕی قەسابەکە وەها قسـەی لەگەڵ کردم، زانی قەناعەتم پێبێنێ، کە هیچ ترسـی ناوێ.

«تۆ لەسـەر قوللەکەوە سـەیری ئەم ئەشـکەوتانە دەکەی، ئێستاش دەتوانی لە ئەشـکەوتەکانەوە سـەیری قوللەکەت بکەی. شتێکی زۆر جیـاوازە. لەوێـوە قەڵاکە بـە خـۆی و قوللەکەیـەوە وەک بەلەمێک دیارە کە لە نێو هەوردا بڕوا.» ئیدی دەسـتی گرتم و یارمەتیدام تا بەسـەر گابەردە گەورەکاندا بکەوم، بەتەنیا نەمدەتوانی بەسـەریاندا هەڵبگەڕێم.

گوێم لە دەنگە دەنگی ناڵچە ڕەنگزێرینەکانی پێڵاوەکانم بوو بەسـەر بەردەکانـدا تەقەیـان دەهات. کاتێک لەسـەر بەردێک بۆ ئەوی دیکە بازمدەدا، دەنگیان خۆشتر و ڕوونتر دەهات. تا دەهات زیاتر و زیاتر بەرەو ئەشکەوتان هەڵدەکشام.

خۆی حەکایەتێکم دەزانی، کە هی پیاوێک بوو لە لایەن دوژمنەکانیەوە

ڕاونرابــوو. ئیــدی ئــەو هەڵاتبــوو پەنــای بــۆ ئەشــکەوتێک بردبوو. لــەوێ جاڵجاڵۆکەیەکــی گــەورە لە دەمــی ئەشــکەوتەکەدا تەونێکی دروســتکردبوو، تەونەکە بە شــێوەیەک بوو، هیچ کەسێ لە دەرەوەڕا نــاوەوەی ئەشــکەوتەکە نەبینــێ. چیرۆکەکــە وای لەمــن کردبوو بۆ چوونە نێو ئەشــکەوتەکە بە تاسەتر بم.

هەنووکــە گوڵــە خاشخاشــی گەورۆنە گەورۆنــەم بینین، پێشــتر لە دوورەوە بــە دووربین ســەیرم کردبوون. ئــەوان ئەوەندە گەورە بوون تەنانەت بە هەردوو دەســتیش پێت نەدەگیران. مێشەکانیش لە گوڵە کێوییــەک بــۆ یەکێکی دیکە هەڵدەفڕیــن و ڕۆژیش ئەوەندەی دیکەی مــەزرا و چیمەنی قەدپاڵی لە دوورەوە ڕازاوە و جوانتر کردبوو.

ئەوەنــدە پەرۆش بــووم بچمە نێو ئەشــکەوتەکەوە، بێئاگا لەوەی بۆ ســاتێکیش خەیاڵــم بۆ ئەوە بــڕوا، کە کوڕی قەســابەکە بە هزرێکی بــەد و تاریکبین منــی هێناوەتە ئێرە. بە ئارەقەکردنەوە گەیشــتینە ئەشــکەوتە تەلیسماوییەکە، کە زۆر چیرۆکم لەبارەیەوە بیستبوون.

لــە دەمی ئەشــکەوتەکە وەســتا بووم و لە دوورەوە ســەیری شــار، ســەیری بازاڕ، ســەیری مزگەوتەکە، ســەیری دووکەڵکێشی کارخانە نوێیەکەم دەکرد. بەڵێ کوڕی قەســابەکە ڕاســتی کرد، هەر بەڕاستی قەڵاکەمــان لە بەلەمێک دەچوو بەنێو هەوادا بڕوا.

من گوتم: «پەککو، نێو ئەشــکەوتەکە چەند تاریکە.»

کوڕی قەسابەکەش وەها وەڵامی دامەوە.»دەی زیاتر بڕۆ، هێشتا هەر تاریکتر و ورووژێنەرتر دەبێ.»

منیش بە دوایدا زیاتر بۆ بنەبانێی ئەشــکەوتێ ڕۆیشتم.

- «سەیرکە، لێرە تاتێکی بەردین هەیە. زەمانی زوو ئەشکەوتنشینەکان

لەســەر ئەو جــۆرە تاتە بەردینانەدا ڕازاون. لــەولا، هەندێک دوورتر، مێشــتا پۆلەمرد و خۆڵەمێشــی ئەو ئاگرە ماوەتەوە، کە کاتی خۆی دایانگیرساندبوو.»

منیش چووم و لە تەنیشت ئەو دانیشتم. ئەویش دەستی بۆ ئاوێزانی قایشی پانتۆلەکەم هێنا و توند گرتی و ویستی بترازێنێ و پانتۆڵەکەم لێبێنێتــە خــوارێ. ئەوە بــوو ڕێگەم لێگــرت و هەوڵمدا لە دەســتی هەڵبێــم، بەڵام ئەو منی بۆ ســەر تاتە بەردەکــە پاڵنا و پانتۆڵەکەی لەپێ هێنامەخوار. لێیپاڕامەوە بەڵکو وازم لێبێنێ و بە لاکەی دیکەی تاتــە بەردینەکە خۆم گرت و خۆم ســووڕاندەوە. ئیدی ئەو بەلایەکدا کەوت و خێرا پاتۆڵەکەم هەڵکێشــایەوە. ئەمجارەیان یەخەی گرتم و ســەری بە بەردەکە دادام. لەبەر ئازار بە هەردوو دەست سەری خۆم گرتبوو ســەری خۆم بەســەر سینگمدا شــۆڕکردەوە تا هاوار نەکەم. لەو ســاتەدا بیرم لە شــەرەف و نامووســی خێزانەکەم کردەوە. ئاخر ئەگــەر هاتــوو پیاوەکانــی ماڵباتەکەمان پێیبزانن کــە چی قەوماوە، خــۆ پیاوەکانمــان چیــدی ناتوانــن بە پشتڕاســتی و ســەربڵندییەوە بەنــاو بازاڕدا بــڕۆن. کەواتە دەبوو خۆم لەو هەڵوێســتە قوتاربکەم. مــن لێمــدەدا و لەبەریشــی دەپاڕامــەوە، بەڵام دادی نــەدا. ئیدی لە چاونوقانێکــدا گوێــم لە دەنگێکی ناخم بوو: «خۆ تۆ ئەســپی! دەی بــە ســمەکانت لەقەیەک لە دەموچاوی بدە!» ئیــدی بەهێزێک کە لە نوێــوە لە دەمارەکانم گــەڕا، پاڵێکم بە کوڕی قەســابەکەوە نا، پێی ڕاســتەم لە بنی دەرهات، تا هێزم تێدا بوو بە ناڵچە ڕەنگزێڕینەکەوە لەقەیەکــم لــە دەموچاوی دا. ئەو بە پشــتدا کەوت. دیســان گرتم و بــە توندی لــە دەموچاویم دایەوە، ئینجا پانتۆڵەکەم هەڵکێشــایەوە،

بەسەر بەردەکان بازمدا، بەرەو خوار بە غار شۆڕبوومەوە و گەیشتمە بەر ڕووناکی. من وەک جوانووە ئەسپێکی ترساو لەسەر بەردێکەوە بۆ ئەوی دیکە بازمدەدا و وشە پیرۆزە کۆنینەکانی باپیرەشم لە گوێدا هەر دەزرنگانەوە:

**سوێند بە ڕۆژی ڕووناک.**

**بە سمکۆڵی ئەسپە جەنگاوەرەکان کە هەناسەی کورت و خێرایان دەدا.**

**بەو پریسکە ئاگرانەی لەبەر سمیان هەڵدەستا.**

**ئێمە تۆمان نە جێهێشتووە و نە فەرامۆش کردووە.**

**دەی ، بجەنگە!**

ئیدی نەمتوانی بەرگە بگرم، لە قیژەم دا، لە خۆشیان هاوارمکرد. ئەوەندە بە توندی ڕامدەکرد و هاوارمدەکرد تا قورگم ژانی کرد. لەبن فرمێسکەکانم بینیم کەوتومەتە سەر ڕێڕەوە ڕاستەکە. بە هەموو لایەکدا بەدوای پردە دارینەکەدا گەڕام، کەچی نەمدۆزیەوە. من گەیشتبومە دیوەکەی دیکەی ڕەزی دارمێوەکان، ئیدی هەر هاوارمدەکرد تا لە دوورەوە پەپووسلێمانم بەدیکرد. بە کەف و لیکاوی دەمم بە ئاراستەی پەپووسلێمان غارمدا، ئەوە بوو لە دوورەوە پردەدارینەکە بەدیارکەوت.

هەرچی کوڕی قەسابەکە بوو، بە ڕێیەکە بەڵەد بوو، زانی چۆن بە پایسکلەکەی بمگاتێ. ئەو لەسەر پردەکە ستۆپیکرد و ڕێگەی لێگرتم. بە کەپوویەکی خوێناوییەوە هاواریکرد» هەی پیس، هەی کوڕێژگە پیسەکەی قەلا. بۆ کوێ دەڕۆی، چارەت دەکەم!»[٢٥]

---

٢٥. لێرەدا پەنام بۆ ئەم ئیدیۆمە بردووە بەبۆی دەقەکە خۆی وەک لە ڕستەکەدا هاتووە وەرگێڕم کە واتای ئەوە دەدا (الثاوت دەبەم) .

ئێ خۆ ڕەوشەکە هی ئەوە نەبوو کات لەدەست بدرێ. هەر دوو ئەگەر هەبـوون. یـان ئەو توند ئاوێزانی قایشتێ پانتۆڵەکـەی دەگرتم و بۆ ژێرپردەکە بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشام، یان من دەرفەتی ئەوەم دەبوو پاڵی پێوەبنێم و بە سواری پایسکلەکەوە بەریبدەمەوە و بیخەمە نێو ڕووبارەکـە. هەردوو کردەوەکەش دژواریی خۆیـان هەبوو، خەڵکیش دواتر بۆی دەردەکەوت، کە چی قەوماوە. هەر چۆنێک بێ، خۆ ئەگەر مـن توانیم ئەو فڕێبدەمە ناو ڕووبارەکە، ئەوا بەسـەرکەوتن دادەنرا. کوڕی قەسابەکە هێشتا ئارەقەی لێدەچۆڕایەوە و لە خوێنیشدا شەلاڵ ببوو، ئەو هەر لەسەر پایسکلەکەی خۆی بوو کاتێک سەرێکم لە زگی دا و بە خۆی و پایسـکلەکەوە کەوتە نێو ڕووبارەکە.

ڕووبارە شێت و هارەکەش هەروەک چۆن پایسکلەکەی لەگەڵ خۆی برد ئاوەها کوڕی قەسابەکەشـی برد. منیش بە غار بەرەو ماڵ بوومەوە، یەکسـەر لـێ وەسـەر قوللەکە کەوتم و دەسـتم دایـە دووربینەکە و بـە بـەر چاومەوە گرت تـا بزانم ئاخـۆ ڕووبارەکە کوڕی قەسـابەکە و پایسـکەکەی گەیانـدە کـوێ. لێ گەلۆ خـۆ ڕووبارەکە دەمێک بوو کوڕەکە و پایسـکلە نازدارە نوێیەکەی بەرەو دەریا بردبوو.

دوای ئەوەی چیرۆکی کوڕی قەسابەکەم خستەسەر کاغەز، شەوەکەی خەوێکـی خۆش و قووڵم لێکەوت، هەرگیز وەها نەخەوتبووم.

# ٩

**مـن دەبـێ** دان بەشـتێکدا بنێـم. ئاخـر نەمدەزانی لەگـەڵ قەڵەم و کاغـەزدا وەها بـە ڕێکی دەڕۆم. ئەو فیلم و بەڵگەنامانەی تا ئێسـتا نمایشـمکردون، نەیانتوانیوە من وەک خۆی نمایشبکەن. تازە تێبینی ئەوە دەکەم، کە هەر بە قەڵەم و کاغەز دەتوانم خۆم خۆم بم. ئیدی من دەقەکەم، دەقەکەی خۆمم.

ڕاسـتییەکەی لە ڕێی ئەو هۆڵەندییەی من دەیزانم، دەتوانم هزرەکانم کۆبکەمـەوە و تیشـکۆم خڕبێ و بەسـەرخۆمدا زاڵببمەوە. باشـترین

نمونـەش ئـەو پارچە نووسـینە بـوو، دەربـارەی کوڕی قەسـابەکە گێڕامەوە. من گوتم کەوا لە ئەشـکەوتەکە بە غار هەڵاتم، خۆی ئەوە ڕاسـتییەکە بـوو. من نووسـیم، بەرەو پردەکە ڕامکـرد، ئەوەش هەر ڕاستی بوو. ئەوەشم نووسی، کەوا کوڕی قەسابەکە پێش من گەیشتە سەر پردە دارینەکە و ڕێگەی لێگرتم، ئەوەش هەر ڕاستی بوو. دواتر ئەوەشـم نووسـی، کەوا بەرانانی[٢٦] سـەرێکم لە زگی دا و بە خۆی و پایسـکلەکەی وەرمگێڕایە نێو ڕووبارەکە، لێ ئەمەیان ڕاست نەبوو.

نەخێـر، مـن ئەوم فڕێ نەدایـە نێو ڕووبارەکە. من شـتێکم کرد، کە سـاڵانێکی دووروودرێژ پاشتر هەر لە بنیدا دەمناڵاند. من لەوێ لەسەر پردەکـە گریـام و لێیپاڕامەوە یەخەم بەربـدا و لێمبگەڕێ بە ڕێگەی خۆمـدا بـڕۆم. کەچی ئەو بە توندی لێیدام، لە دەموچاوی دام، چەند جارێک لەسـەر یەک بە زللە و مشـتەکۆڵە لێیدام، لە پشـتەملی دام، ئینجا وازی لێهێنام بڕۆم.

کەوابـوو مـن کوڕی قەسـابەکەم بـە کەللـە سـەرێک فڕێنەدایە نێو ڕووبارەکـە، بەڵێ ئەوە ڕاسـتی بـوو، لەبەر ئەوەی وەهـام نەکرد و فڕێمنەدایـە نێـو ڕووبارەکە، بۆیە بۆ سـاڵانێکی دووروودرێژ هەر بیرم لێدەکردەوە. تا دوێنێش خۆم و خەیاڵم بە ملیۆنان جار ئەو نمایشەم کـردەوە، کە چۆن بەرانانی سـەرم لە زگـی قایمکرد و ئیدی خۆی و پایسکلەکەم هەڵدایە نێو ڕووبارەکە.

ئـەو حاڵەتەی کە تۆڵەم نەکردەوە منی نەخۆش کرد، تا لە کۆتاییدا لێرە لەسـەر کاغەز، لەم کتێبەدا توانیم بیکەم. بەڵام خۆ هێشـتا لێی نەبوومەتـەوە. چونکـە کاتێک ئـەوم فڕێدایە نێـو ڕووبارەکە، مارێک خۆی خشاندە نێو کێڵگەکەم

---

٢٦. بەرانانی: وەک بەران، بەرانئاسا، واتە وەک شەرەقۆچی بەرانان.

## ١٠

**پێشــان زۆر جاران** مارومر بەســەر پردە دارینەکەدا دەهاتن و خۆیان دەگەیانــدە گەڕەکەکەمــان. لــەو بــارەوە چیرۆکــی زۆرم بیســتبوو. ڕاســتییەکەش مارەکان بۆ مشــکەکانی قەســابخانەکە دەهاتن. خۆی چیرۆکێکم هەر لەبیر ماوە، دەربارەی خودی قەســابەکەیە. جارێکیان ئەو دەســتی بۆ بەرکی بردەوە، هەســتی بەشــتێکی نەرم کردووە و لەهیکەوە لە هاواری دا: «هێی مارە!» ئیدی بە ترسەوە هەڵات بەڵام خۆ ئەو هێشــتا چاکەتەکەی هەر لەبەردابوو و مارەکەش هێشــتا هەر

لەنێو بەرکیدا گینگڵی دەدا.

ڕۆژێکیـان، دوای ڕووداوەکەی نێو ئەشـکەوتێ، مارێکی ڕەشـی بۆرە بەنێو دەرگای قەڵاکەمان خۆی خشاند و هاتە حەوشەکەمان. من لای پەرژینەکەوە بینیم بەرەو باخەکە ڕۆیشـت. «مار، هێی مارێک لەناو باخەکەماندایە،» بەو هاتوهاوارە بۆ لای باپیرە ڕامکرد، باپیرەش لە هۆدەکـەی خۆی خەریکی کتێبە پەڕزەردەکان بوو.

وەک ئـەوەی هـەر لـە خـۆوە پێیگوترابـێ، باپیـرەم بە دەسـتێک سـەبەتەیەکی هەڵگرت و بەدەسـتەکەی دیکەش گۆچانەکەی و بەرەو ئەو شـوێنەی ئاماژەم بۆ کرد، بۆ نێو باخەکە ڕۆیشـت. دوای ئەوەی مارەکەی لەژێر کدووە پەلک پانەکان بەدیکرد، سـەبەتەکەی لەسـەر زەوی لە تەنیشـت خۆی دانا. سـەرێکی داردەسـتەکەی بە هێواشـی خستەسەر سەری مارەکە، ئینجا مارەکەی بە فیشکەفیشک بەرەبەرە بـەرەو نێـو سـەبەتەکە کێشـکرد. منیش بە ترسـەوە لـە دوورەوە وەسـتابووم تەماشـام دەکـرد. مارەکە لەبـن دارەکە خۆی خشـاند تا چوە نێو سـەبەتەکە. ئەوسـا باپیرەم سەری سـەبەتەکەی گرت، دەسـتی دایە و بەسـەر پردە دارینەکەدا پەڕیەوە ئەوبەر. لەو دیوەی پردەکەوە مارەکەی بەڕەڵاکرد.

مـن ئەوەم دەزانـی، ئەگەر هاتوو مارێک بهاتبایـە ماڵەکەت نەدەبوو هەرگیز بیکوژی. ئاخر ئەگەر وەهات کردبا، ئەوا ئاشقە یان ماشقەکەی دەهات و تۆڵەی کوشتنەکەی لێدەکردیەوە.

یەکێ لە هەقایەتەکانی کتێبە ئەفسانە فارسییەکەی باپیرم دەربارەی کوڕوکاڵێکـی هاوتەمەنـم بوو، کە هێزێکی جـادووی گەورەی هەبوو. هـەر شـتێک ئـارەزووی بـۆ چووبـا، بۆی دەچووەسـەر. هـەر ئەم

چیرۆکە دوای سەد ساڵ شێوە و شەقڵی خۆی لە «عەلائەدین» و قۆدیلکە جادووەکەی بینییەوە. ئاخر ئەوەی عەلائەدینیش بە مراز بیخواستبایە، ئەوا هەموو شتێکی لە ڕێی ئەو جنۆکەیەی[٢٧] نێو قۆدیلکە جادووەکەی بە ئاسانی بەردەست دەبوو.

خۆ من هیچ قۆدیلکەیەکی جادوویيم نەبوو، بەڵام لە قووڵایی ناخمدا خواستم وەها بوو جارێکیان مارێک بڕواتە ماڵەکەی کوڕی قەسابەکە و خۆی بخزێنێتە نێو پێخەفەکەی. شەوێکیان لەپڕ لەسەر شەقام بووە هاتوهاوار و پاشاگەردانی، سەگ ساحێبی خۆی نەدەناسییەوە. هەر بابا بوو دەستیدەدەدایە چرایەک و لە ماڵ دەردەچوو. قەسابەکە، ژن و کوڕ و کیژەکانی بە پێخواسی لە دەرەوە وەستابوون. بەڵێ هەر بەڕاستی مارێک لە ماڵەکەیان وەژوورکەوتبوو.

قەسابەکە بە دڵنیاییەوە دەیەویست وەها خۆی نیشانبدا، لە مار ناترسێ، دەستی دابووە بێڵێک و چووە نێو خانووەکە. لەوێ لەم ژوور بۆ ئەو ژوور بەدوای مارەکەدا گەڕا، تا لە دواییدا لە ژووری دانیشتن دۆزییەوە. کەمێک دواتر، کە هەمووان بە مەراقەوە چاوەڕێیاندەکرد، کابرا بەسەرکەوتووی هاتەدەرەوە و سەری مارەکەی پانکردبووە، کلکی گرتبوو و هێنایەدەرێ.

«ئەو نەدەبوا بیکوشتبا،» لە ماڵەوە باپیرەم وەهای گوت، «ئاخر لەمەوپاش مارەکان وازیلێناهێنن.»

ئەوە بوو یەک دوو شەو و ڕۆژ ڕابردن. شەوێکی ئارام بوو، مانگ لە پشت پەنجەرە دیاربوو تریفەی دەدا، منیش لەسەر جێی خۆم بووم دەمخوێندەوە. هەرهێندەم زانی پەپووسلێمانکەی من لە ناوەختێکەوە

---

٢٧. لە حەکایەتەکانی کوردەواریدا دێوێک نەوەک جنۆکێک لە قۆدیلکە جادووەکەی عەلائەدین دەردەچێ. وەرگێڕ

خوێنـــدی. ئەوەش نیشـــانەیەک بوو، کە شـــتێکی ناخـــۆش قەوماوە. ســـەگەکانیش لە پاڵ چۆمەکە کەوتنە وەڕین.

گوێـم لە باپیرەم بوو گوتی: «مارەکان بەرەو گەڕەکەکە دێن.»

منیش بەغار چوومە ســـەر قوللەکە. نەشـــمدەتوانی بە باشـــی ببینم، بـــەڵام لـــە بن تیشـــکی مانگی پڕدا بە ئاســـتەم چەند شـــتێکم بینین، وەکو گوریس بەسەر زەویەکەدا دەخشان. سەگە بەڕەڵاکان دەحەپین و کلکیشیان هەر بادەدا.

گوێـم لە دەنگی خەڵک بوو هاواریاندەکرد: «ئەرێ هۆ قەســـاب! مار دێنە نێوماڵەکەت، ئاگاداربە!»

منیش لە شـــوێنی خۆمەوە قەســـاب، کوڕەکە، ژنەکـــەی و کیژەکانیم بینیـــن بەپەلەپرووزێ لە ماڵ هاتنەدەر. ئیـــدی کەس نەیوێرا بچێتەوە ژور، قەسابەکەش هەر هیچ.

دوو ڕۆژ بـــەم دۆخە بەســـەرچوو. قەســـاب و خێزانەکـــەی هەر لەنێو قەسابخانەکەیان بوون، چاوەڕێیان دەکرد، بەڵام خۆ مارەکان نیازیان نەبوو خانووەکە جێبهێڵن.

ئینجا باپیرەم بە هانای قەســـابە بێدەســـەڵاتەکە چوو. ئەویش بانگی حـــەوت قاریئی[٢٨] کـــرد، ئەوانەی دەقـــە کۆنەکانیـــان دەخوێندەوە تا مەترســـی ڕاوبنێن. ئینجا ئەوان چونە ســـەر بانی ماڵەکە دانیشـــتن تا دانـــە ڕۆژێکی تەواو ســـورەتی ســـلێمان بخوێننەوە. خـــۆی ئەمە تاکە ڕێگەبـــوو، تـــا بە ناوی ســـلێمانەوە داوا لە مـــارەکان بکرێ لە ماڵەکە بڕۆن و بچنەوە کونەکانیان.

پلیکانەیەکـــی درێژ بە بانی خانووی قەســـابەکە هەڵنرا. مافوورێکیش لەسەر بانەکە ڕاخرا. قاریئەکان چوون و لەسەر مافوورەکە بازنەیەکیان

٢٨. قاری: قورئانخوێن. نووسـەر وشـەکەی بە گۆکردنی فارسییەوە وەک خۆی بە پیتی هۆڵەندی نووسیوەتەوە gharis منیـش دەسـتکاریم نەکرد. وەرگێڕ

دروستکرد. کتێبەکانیان کردنەوە و دەستیان بە خوێندنەوە کرد. بۆ ڕۆژی پاشتر، کاتێ تاریک داهات، مارەکان بە خێشکەیی بەرەو پردە دارینەکە، بەرەو ئەو شوێنە گەڕانەوە، کە ئەشکەوتەکان وەک شاری مارە ترسناکەکان لەنێو شاخەکان هەڵکەوتبوون.

ئێستاش کە ئەو هەموو شتەم گێڕایەوە، هەستدەکەم هەورە تاریکەکانی سەردەمی منداڵیم بەرەبەرە دەڕەوێنەوە و ئاسمانیش ساماڵ دەبێ.

کاتێک دەستم بەم کتێبە کرد، چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد، بەسەر تەونی چیرۆکەکانی خۆمدا بکەوم. هەنووکە بۆم دەردەکەوێ، هەر کاتێ لە گێڕانەوەی چیرۆکێک دەبمەوە، یەکێکی دیکە سەرملێهەڵدەداتەوە. ئەوان بە جۆرێک بۆم دێن تا چیرۆکەکانیان بگێڕمەوە.

تا ئێستاشی لەگەڵدابێ، باوکم، دایکم، باپیرە، منداڵانی گەڕەک، ئیسماعیل لە نیویۆرک، ڕەحمەتوڵلا و کوڕی قەسابەکەش ناویان هاتووە و باسوخواسیان باسکراوە. چاوەڕێی ئەوە دەکەم، ئەوان جارێکی دیکەش سەرهەڵبدەنەوە، چونکە هێشتا چیرۆکەکانیان تەواونەبووە.

هەروەک ئەوێ دەمێ، کە (ئاوررێلیا)م لەباوەش گرت و بسکەکانم ماچکرد، کچێک لەنێو بیرکردنەوەمدا بە خۆی و تۆپە بنێشتێک لە دەمدا سەری هەڵدایەوە. هەر دەبێ ئەو کات دوازدە سێزدە ساڵان بووبم، کیژەکەش هەندێ هەراشتر بوو. ئیدی ئەو هات و پەلی منی گرت و لەگەڵ خۆی بردمیە نێو جیهانی ئافرەتان.

## ١١

**مـــن نازانـــم** ئاخۆ ئاكنجييانى شـــارەكەمان لەوە بە ئـــاگان يان نا، كە بەهۆى پێشكەوتنى پيشەسازييەوە ژيانيان گۆڕاوە. كەچى ئەوە باش دەزانم، خەڵكى گەڕەكەكەمان قەت ئاگايان لە گۆڕانكارى و پێشهاتى سياســـى و ئابـــوورى وڵات نەبوو. ئـــەوان نەياندەزانى لە گوندەكانيان هاتوونەتە شار، چونكە شا خەريكى هاوچەرخكردنى وڵاتەكە بوو. ئێ خـــۆ دەبوو بازاڕى نوێ بۆ بەرهەمى ئەمريكـــى پەيدابىێ. ئيدى ئەوە

بوو کارخانه و فابریکەی نوێ پەیدابوون، کە پێویستیان بەدەستی کار هەبوو. تەگبیر؟ هەر دەبوایە کرێکاریش لە گوندەکانەوە هێنرابانە شاری.

ئەو قەڵایەی لێیدەژیام، هی سەردەمی دەرەبەگایەتی وڵاتەکەمان بوو. جاران باپیرەی باپیرەم چەندین گوندی لەبندەستدا بوون، بەڵام بە ڕامالینی سیستمی دەرەبەگایەتی هەروەک چۆن ئەرستۆکراتەکان، باپیرە گەورەکانی منیش بەشێکی زۆری موڵکومالیان لەدەستدا.
لە قوتابخانەشدا فێری ئەوەیان کردین چۆن (شا)مان خۆش بوێ، بەلام لە مالەوە، هەلوێستی مالباتەکەمان بەتایبەتیش هی مامم تەواو جیاواز بوو: «شا نۆکەری ئەمریکایە. ئەو تەنانەت ئامادەیە گیانی وڵاتەکەش بە ئەمریکییەکان بفرۆشێ.»
باوکم هیچ لە سیاسەت نەدەگەیشت، ئەو نە ڕۆژنامە نە کتێب، هیچی نەدەخوێندەوە. هەرچی مامم بوو لە سیاسەتدا کارا بوو، بەڵام من هیچ لە هەلوێستەکانی ئەو نەدەگەیشتم. هەروەک منداڵێک هیچ سەرنجی ئەوەم لاپەیدا نەبوو، کە ئەمریکییەکان لە دەوروبەرماندا هەبن. ئاخر ئەوەندە خەڵکی گوندان لە خانووە بە قوڕەکانی دەوروبەری قەڵاکەماندا دەژیان، بە ڕوونی نیشانەی گۆڕانکاری بوو. ئەو کتێبە ئینگلیزییەی (ئیسماعیل لە نیویۆرک)یش بەڵگەیەکی سەلمێنەری گۆڕانکارییەکە بوو. خۆ هەر هیچ نەبێ، بۆ من دیاردەی بنێشت نیشانەیەکی ڕوون و ئاشکرا بوو. یەکێ لەو دوو هاوپۆلەی دۆتمامە بچکۆڵەکەم، دوای ئەو نیوەڕۆیەی هاتبوونە لامان لە قەڵاکە تا لەگەڵی یاریبکەن، یەکێکیان بنێشتی لە دەمدا بوو.

زەوەنـدەی[٢٩] باوکم بنێشـتیان نەدەناسـی، بەڵام ژنان لەو سـەردمدا جـۆرە بنێشـتێکیان دەجووی، کە لـە ڕووەکێکـی تایبەتیی چیاکان خۆشـکرابوو. هەرچـی ئەو بنێشـتە نوێیـە بوو، بـۆ ئافرەتانی ئێمە نەبوو. ئاخر شـتێکی پەسـەند نەبوو، پوورم لە بەردەم ماممدا تۆپە بنێشـتێکی لەدەمدا بێ و بیجوێ و گڵۆپی پێدروست بکا!

سەروەختایەک لە قاتی دووەمی قەڵاکەماندا خۆم لەگەڵ سێ کیژۆڵەدا لەبـن بەتانیدا بینیەوە، دۆتمامە بچکۆلەکەم و دوو دەستەخوشـکی، کە هاوپۆلی بوون، لەسـەر مافوور و لەسەر زگ درێژبوون ڕەفتارێکی ئاسـایی بـوو. خـۆ هەمـوو منـداڵان هەروایـان دەکرد، لەسـەر زگ درێـژ دەبوون و بالیفێکیان لەبن سـنگیان دادەنـا یان ئەو ئەرکەیان جێبەجێدەکـرد، کـە لـە قوتابخانـە پێیانسـپێردرابوو یـان کتێبیان دەخوێندەوە.

ئـەوە بوو هەر چوارمان لەبن بەتانی لەسـەر زگ درێژببوین سـەیری گۆڤارێکمـان دەکـرد. ئەو کیژۆڵەیەی، کە بنێشـتی لە دەمدا بوو، لە تەنیشـت من درێژ ببوو. ئەو لە دوو کیژەکەی دیکە کچانەتر دیاربوو و بۆنێکی زۆر خۆشیشـی لەدەمەوە دەهات. ئێمە وەها ڕاکشـابووین بەیەک نەدەکەوتین، بۆشـاییەکی بچووک لەبەینماندا هەبوو. ئاخۆ بە ئەنقەسـت بووبێ یان هەر بە ڕێکەوت بوو، سـەروەختایەک ئەو پێی لە پێی من خشـاند. لەپڕ گەرماییەک سـەرتاپای جەسـتەی داگرتم. خەریکبوو پێیەکەم لە خۆشیی ئاگرەکە دەسووتایەوە، پێشتر هەرگیز شـتی وەهام بەخۆوە نەبینیبوو. ئەو گەرماییە پەرییە زگم لەوێشەوە هەڵکشـا هەڵکشـا تا گەیشتە سـەرم. کیژەکەش تەماشایەکی کردم،

---

٢٩. زەوەند: نەسل و نەوە.

تۆپێکی بە بنێشتەکەی دروستکرد و کردیە گلۆپ و بەدەموچاوی مندا تەقاندییەوە. ئینجا لە قاقای پێکەنینی دا و ئەمجارە ڕاشکاوانە جەستەی لە جەستەم خشاند بە جۆرێک خەریکبوو جڵەوی خۆم لەدەست بدەم. هەندێکی دیکە خۆی جووڵاند و هەستم بە مەمکە نەرمەکانی کرد، کە بەر شانم کەوتن. هەر ئەوەندەم زانی گڕکانێک پەڕیە بنزگم، نەمزانی چی قەوما. ئەوە بوو پەتۆکەم بەسەر سەرم دادا.

کاتێکیش گڕکانەکە دامرکایەوە و جەستەم سارد بوویەوە، هێشتا هەر لەسەر زگ مامەوە. کیژەکەش زانی چی ڕوویدا و بە پێکەنینەوە دۆتمامەکە و کیژەکەی دیکەی لەگەڵ خۆی بردە دەرەوەی هۆدەکە تا بتوانم هەڵبستمەوە.

بەڵێ کیژۆڵە بنێشت لە دەمەکە کاری خۆی کرد. ئەو چاوی منی بەسەر جیهانی ژندا کردەوە.

منیش دەتوانم لەسەر زەوییەکەدا هێڵێک بکێشم، کە بە کیژە بنێشت لە دەمەکەی ئەوێ ڕۆژێی قەڵاکە دەستیپێکرد و بە (ئاورێلیا)ی نێو کێڵگەکەشم کۆتایی پێهات. مەراقیشم بزانم ئاخۆ ژنانی دیکەی سەر هێڵەکە، کە لە ژیانمدا تووشیان هاتم، لەم کتێبەدا باسوخواسیان بێتەگۆڕێ.

لە شوێنی خۆم هەڵسام و دەستم دایە پایسکلەکەم (ڕاستییەکەی هی دکتۆر –ماینەما– بوو) و لەگەڵ «ئاورێلیا»دا پیاسەیەکمان بە ئاراستەی «پاینەکەر»دا کرد. لەوێ لە کێڵگەیەک لە «نۆۆتدۆرپ»دا کەڵەبابێکی ڕەنگین خۆی هەڵدایە سەر پەرژینێک و قوقاندی. خۆی عادەت نەبوو لەم کاتەدا گوێت لە دەنگی کەڵەشێر بێ. لەوانەیە

هــەر لەبەر ئــەوە قووقاندبێتی، کە وا ژنێکی ناســک و نازداری وەک «ئاورێلیا»ی لەو دەورووبەرە نەبینیبێ.
ئــەو کەڵەبابــە ڕەنگینــە بــە قووقەقــووق کەڵەبابێکــی دیکــەی بەبیرهێنامەوە، منی بەرەو ڕێچکەیەک کێشــکرد، لە کۆتاییدا کردمیە فیلمساز.

## ١٢

**دوای ئەو سەربردەیەی** بن بەتانیم لەگەڵ کیژەکەی بنێشت لەدەمدا، ئیدی لە هەموو لایەکەوە هەر کیژم بینین. بۆ هاوینی پاشتر لەهیکەوە کەوتمە داوی حەزی کیژێکی چاوشین. کەچی ئەو هی ئەوە نەبوو دەستم بیگاتێ. ئەو لە پارێزگایەکی خوارووی وڵات، لە عەبادانەوە هاتبوو، شارێک کە بەلای منەوە خەیاڵی دیاربوو، چونکە خۆم خەڵکی شارێکی پشتکووری دیندار بووم. عەبادان شارە نەوتێکی

ئازاد بوو، شارێک بوو پڕ لە پاڵاوگەی نەوت و سنوورێکی ناوازەی سەر زێی هەبوو، کە تیمساحەکان تێیدا مەلەیان دەکرد. لە هاویندا ئەوێ زۆر گەرم دادەهات، ئیدی خەڵکەکەی بە دوای شوێنێکدا دەگەڕان هەندێ فێنک بێ. هەر بەم جۆرەش کچە چاوشینەکە ناوبەناو لە هاوینان لەگەڵ ماڵباتەکەی بارباندەکردە هاوینەهەوارێک لە نزیک قەلاکەی ئێمە، ئاوەها منیش بە کچەکە ئاشنا بووم. ناویشی (مینو توسنجیاد) بوو، ناوێکی سەیر و جیاوازبوو، نزیکەی زۆرینەی کچەکانی شارەکەشم ناویان فاتیما بوون.

(مینو) واتای «گومبەزی گەردوون»ی دەگەیاند. منیش لە پاشناوەکەیدا ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینەم دەبینینەوە. ڕۆژانە بە سەدان جار لە چاوی دووربینەکەمەوە سەیری هەوارەکەی ئەوێم دەکرد، بەڵکو بۆ ساتێکیش بێ نیگام بکەوێتە سەری. ئیدی ئەوە وەک ئەوە وا بوو لە هەسارەیەکی دیکە، لەسەر مانگ یان لە مەریخ بژی. ئەوەش بۆ من بەس بوو، خۆ پێویستیش نەبوو لە نزیکەوە بیبینم. کەچی ڕۆژێکیان، بێ ئەوەی ڕەچاویشم کردبێ، لووتم لە لووتی چەقی و لەسەر جادەکە تووشی بووم. هەر بەڕاستیش جوان بوو، لەسایەی پرچە ڕەنگ زێڕینیەکەشیەوە بەتەواوی لە هەموو کیژەکانی شارەکە جیاوازتر بوو، ئاخر خۆ کیژانی شارەکە هەر هەمویان پرچیان ڕەش بوو. مەمکە تازەسەرهەڵداوەکانی لەژێر بلووزە هاوینییەکەدا دەلەرانەوە. کاتێک وەهام بینی، خۆم پێڕانەگیرا و بە دوایدا بەرەو ناوجەرگەی بازاڕ ڕۆیشتم. ئەویش هیچ گومانی نەکرد، کە من دوای ئەو کەوتووم و بە شێوەیەک دەڕۆیشت هەر ئاگاشی لەوە نەبوو، کەوا ڕۆژانە بە دووربینەکەم چاودێریدەکەم.

لـه ڕێگـه لـه پـاڵ تابلۆیەکی گـەورەی ڕیـکلام، لە لای وێسـتگەی پاسـەکە وەسـتا و سـەیرێکی وێنـەی ڕیکلامەکەی کـرد. کاتێکیش ئـەو زیاتر ڕۆیشـت و لە تابلۆکـە تێپەڕی، ئەوجار زانیـم ڕیکلامەکە هـی جۆرە بنێشـتێکی نیشـتمانی بوو. لـە تابلۆکـەدا کەڵەبابێک لە سـەری سـەرەوەی ڕیکلامەکە وێنەیکێشـرابوو، لە خـوارەوەش ئەم دەقە نووسرابوو: «بنێشتەکەمان دانەکانت پاکدەکاتەوە، وات لێدەکا هەوایەکـی تەڕوتـازە هەڵمـژی، یارمەتی هەرسـکردنی خواردنەکەت دەدا و تامـی پونگـی تازەی لێدێ. سـەیری لۆگۆکەمـان بکە. ئەمە کەڵەشـێرە.» بنێشـتەکەش لـە پاکەتێکی شەشـپاڵو وەرپێچرابوو، لۆگۆی کەڵەشێرەکەشـی لەسـەر بوو. لەپشـت کەڵەبابەکە و لەسەر پۆستەکە وێنەی کامێرایەک کرابوو، ئەم دەقەشی لەسەر نووسرابوو: «دەی ٥٠٠٠ لەزگـەی کەڵەشـێرەکەمان بۆ کۆبکـەرەوە و ئەم کامێرا نازدارە ببەرەوە.»

هەر بەڕاسـتیش کامێرایەکی نازداری ئەمریکی بوو، هێشتا نەهاتبووە بازاڕی شـارەکەمان. ئەرێ بەڕاسـت، کێ بتوانێ ئەو هەموو بنێشـتە بکـڕێ تا ببێتە خاوەنی کامێرایەکی وەها؟

نیـوەی شـەو بوو لە خەو ڕاپەڕیـم، یەکێک بانگیکـرد: «دەی پێنج هەزار لەزگەکە کۆبکەرەوە و بڕۆ کامێراکە بەدەسـتبێنە.»

بەڵێ ئەو کچەی دەسـتم نەدەگەیشـتێ کاری خۆی کرد، ئیدی وازم لـە دووربینەکەم هێنا و چیدی چاودێریی کچەکەم نەکرد. لە قوللەکە دابەزیم و بە دوای کۆکردنەوەی لەزگەی ڕیکلامی بنێشـتەکە کەوتم. ئـەوە بـوو لەزگەکان لێـرە و لەوێ لەو گۆڕە کەوتبـوون، (با)ش بە هەموو لایەکدا پەخشیدەکردن.

زۆر جاران لە شــارەکەماندا ڕەشــەبایەکی تونــد و ناخۆش هەڵدەکا، لــم لەگەڵ خۆی دێنێ و ئــاگات لەخۆت نەبێ چاوەکانت پڕ دەکا. بۆ گەڕان و ســوڕان بە دوای لەزگەی ڕیکلامەکە وەک شــێتانم لێهاتبوو، لەبەر خۆشــمەوە هەر بردەبردم بوو: «با، دەی بایەکە ئەو لەزگانەم بۆ بێنە!» ئیدی (با)ش هاوکاری کردم. لە ڕۆژەکانی بەراییمدا زیاتر لەزگــەم کۆکردنــەوە، تا دەهاتیش، بــە تێپەڕینــی ڕۆژ بایەکە زیاتر ئــەو لەزگانەی بــە دەموچاوم دادەدا. خۆی ئەمەش لــە نامیلکەکەی (ئیســماعیل لە نیویــۆرک) فێرببووم. خۆ ئەگەر هــەر کاتێک پارەی لێبڕابا، ئەوا ئەو بەســەر شۆســتەکانی نیویۆرکدا دەڕۆیشــت و لەبەر خۆیــەوە دەیگــوت و دەیگوتــەوە: «دۆلار، دەی دۆلارێک دەربێنە با ببیبنین.» هەمیشــە بەم جۆرە دۆلاری دەدۆزینەوە، هەروەک ئەوەی لــە ئەمریــکا دۆلار لە هەموو لایەک هەڵڕژابــێ و هەر ئەوەندەی مابێ خڕیانبکەیتەوە.

خۆزگەی ئەوەشــم دەخواســت، لــەو کاتەی خۆم شــۆڕدەکردەوە تا لەزگەیەکــی ڕیکلامەکە هەڵبگرمەوە، باپیرەم نەمبینێ، ئەو لەزگانەی با دەیهێنان و منیش بە بردەبردێک بۆیان دەچووم. هەروەها خواخوام بوو دایکیشــم جلەکانم نەپشکنێ، ئاخر خۆ هەموو بەرکەکانم پڕبوون لەو ڕیکلامە. لەگەڵ ئەوەشــدا هەر دوودڵ بووم. شــتەکە وەک ئەوە وابــوو، من ســواڵکەرێک بم و بە کوچــە و کۆڵاناندا بۆ هەڵگرتنەوەی لەزگەکان بگەڕێم و ســواڵبکەم. خۆ ئەوەش ڕووی نەبوو، بۆ یەکێکی وەک منیــش نەدەگونجا. زۆر لــەو لەزگانەش و پیس و قوڕاوی بون. دەبوایە بە دزی لەماڵەوە یەک بە یەک پاکیانبکەمەوە. نەخێر دەبوو

بوەستم و وازبێنم. شەوێکیان هەر هەموو لەزگەکانم کۆکردنەوە بە تەمابووم فرێیان بدەم، بەڵام شتێک بەرییێگرتم.
«نەخێر وا نەکەی. بەردەوام بە تا دەگەیتە پێنج هەزار،» گوێم لە کەسێک بوو وەهای پێگوتم. هەرچەند ئاوڕمدایەوە، کەسم نەبینی.
ئیدی هەموویانم خستنەوە پاکەتەکە و گەڕامەوە سەر جێگەی خۆم.
هەینییەکیان، ئەو ڕۆژەی هەموویان بۆ خوتبەی هەینی دەچوونە مزگەوتێ، منیش لە قەڵاکە وەدەرکەوتم، ویستم منیش بەرەو مزگەوتێ بچم، لێ لە پڕێک (ڕەحمەتوڵڵا)م لەسووچیماڵەکەی خۆیان بینی.
لە شوێنی خۆم ڕاچڵەکیم، هێدمەگرتمی، خەریک بوو ببمە بەرد.
- «سەلام.» بە دوودڵییەوە وەهام پێگوت. نەشم دەزانی دوای ئەوە چی بکەم.
- ئەویش دۆستانە وەها وەڵامیدامەوە: «سەلام گەنجۆ، ئەرێ چۆنی باشی؟»
- «بەڵێ باشم، ئەدی تۆ؟»
وەک نیشانەی باشبوونی خۆی سەریلەقاند، منیش بە ڕێی خۆمدا ڕۆیشتم لەو تێپەڕیم، بەڵام هێشتاش هەر دەترسام. کاتێکیش چەند هەنگاوێک لەو تێپەڕیم، لە خۆشیان ڕامکرد.

لە ماڵێ گوتبووم دەچمە مزگەوتێ و دوایێ لەگەڵ باپیرە دێمەوە، بەڵام بامدایەوە و لەگەڵ بادا بە دوای لەزگەکاندا گەڕام. ئیدی ڕێم کەوتە گەڕەکێکی هەژارنشین، کە هێشتا بۆڕی ئاو نەبرابووە ماڵەکانیان.
هەر ماڵێک حەوزێکی لە نێو حەوشەکەیدا دروستکردبوو، لەوێدا

قاپوقاچاخ و دەستوچاوی خۆیان دەشوشت. منیش هەر بە دوای لەزگەکاندا ڕۆیشتم تا گەیشتمە کۆڵانێکی بنبەست، ئاخر با لەزگەکەی بۆ ئەوێ فڕاندبوو، منیش بە دوایدا تا دوایین ماڵ ڕۆیشتبووم. دەرکەی ماڵەکە داخرابوو. بە هێواشی کردمەوە و وەژوور کەوتم. لێ گەلۆ، خۆ نەدەبوایە بە دوای بایەکەدا بڕۆم و بەسەر جیهانە نوێیەکەدا بکەوم تا شتێکم بینی، کە هەرگیز پێشتر نەمبینیبوو.
ژنێکی گەنجی ڕووت لە لای حەوزەکە دانیشتبوو، بەتەمای خۆشوشتن بوو. خۆی دوای نیوەڕۆیەکی گەرمیش بوو، لە منارەی مزگەوتیشەوە دەنگی بانگدەر دەهات و خەڵکی بۆ نوێژکرن بانگدەکرد.
کە ئەوەم بینی، لەزگەی کەڵەشیرەکەم لەبیرچوو، سەرسامانە بەدیار تەماشاکردنی ژنەکە وەستابووم. دیاربوو ئەویش بەدەم داڵغەلێدانەوە پرچە درێژە ڕەشەکەی دادەهێنا. ئینجا بۆ پێشەوە خۆی شۆڕکردەوە و دەستی بۆ ئاوەکە برد.
پێشتر، کاتێ منداڵ بووم، لە حەمامی ژنان، ئافرەتم بە ڕووتی بینیبوون. کەچی ئەم ئافرەتەیان جیاواز بوو. وەک ئەوەی جادووم لێکرابێ، ڕەقوتەق لە شوێنی خۆم وەستام، لێیڕامابووم. ئینجا هەرهێندەم زانی، منی بینی و هاواریکرد: «ئۆی، خوایە،» و بە هەردوو دەستەکانی توند مەمکەکانی داپۆشین، بەڵام ڕاستی نەکرد، لە شوێنی خۆی نەجوڵا و هاواریشینەکرد، کە دەبێ لەوێ بڕۆم و لەخۆم هەڵدەم. لەسەر زەوی چارشێوێکی ڕەشی گەورەی هەڵگرتەوە بەسەرخۆیدا دا. شتەکە وەک ئەوە وا بوو، باڵندەیەکی ڕەشی گەورۆنە فڕیبێ و دیسان گەڕابێتەوە بەسەر سەریدا هەڵنیشتبێتەوە.
دوای ئەوە بۆ ماوەیەکی درێژ هەر حەیران مام.

هەموو شەوێک کەڵەشێرێکی ڕەنگین بە قوقەقوق دەهاتە خەونم، پاشان نۆرەی ئافرەتەکە بە ڕووتی دەهات. ژنە دەهات و خۆی دەخزاندە هۆدەکەم، لەسەر ڕۆخی پێخەفەکەم دادەنیشت، هەندێ خۆی بەسەرمدا شۆڕدەکردەوە و دەیچرپاند: «هێشتا نەنووستووی؟» ئینجا چارشێوەکەی فڕێدەدا، دەستی دەگرتم و لەسەر مەمکە گەرمە پڕەکانی دادەنا. هەروەک ئەوە وا بوو، چۆن لە بن بەتانی لەگەڵ کیژە بنێشت لەدەمەکەدا کردم. گەرماییەکی نەناسراو لە پەنجەکانی پێمەوە هەڵکشا بەرەوقاچەکانم پاشان زیاتر هەڵکشا تا گەیشتە بنزگم، ئیدی لەوێ وەک گڕکانێک تەقییەوە.

لەپڕ بە سڵەمینەوە لە خەو ڕاپەڕیم و نەشمدەزانی چی بکەم. وەک ئەوەی بووبمە بەرد، لەسەر جێگەکەم دانیشتم، ئاخر خۆ ئێستا لەشم پیسبوو، دەبوو خۆم بشۆم، جەنابەت لەخۆم دەرکەم، خۆم بسمیل بکەم. خۆ لەو حاڵەتانەدا هەر شوشتنی جەستە بەس نییە. تۆ دەبێ بە گوێرەی ڕێنماییەکانی دیین غوسڵ لەخۆت دەربکەی. ئەمەش واتای ئەوەیە دەبێ بچییە حەمام و سەرتاپات پاک بشۆی؛ بەڵام خۆ نەدەبوو هەروا لە گۆترە و بە تەنێ، لەو بەیانییە زووە ڕێی حەمام بگرمەبەر.

ئەوە بوو بەغار خۆم گەیاندە سەر ڕووبارەکە. بە هەڵلەزرینەوە جلەکانم داکەندن و چوومە نێو ئاوەکە، هەر ڕۆیشتم تا ئەو قووڵاییەی بەگوێرەی ڕێنمایەکانی دیین بایی ئەوە بوو غوسڵی پێ لەسەرخۆ دەربکرێ. بۆ چەند چرکەیەک لە نێو ئاوەکەدا مامەوە، پاشان خێرا هاتمەدەر، جلەکانم لەبەرکردنەوە و هەر بە ڕاکردنیش گەڕامەوە قەڵاکە.

ئای لەوە، خۆ بۆ شەوی پاشتر دیسان ئافرەتەکە هاتەوە خەونم. بۆ بەیانییەکەی وەک ڕۆژی پێشتر بەرەو ڕووبار غارمدا. بەم جۆرە ئەو شەوانەی من و ئەو گوناحانەی نیوەشەو هەر کۆتایی نەدەهات. سپێدەیەکیان دوای ئەوەی خۆم لە ئاوی ڕووبارەکە هەڵهێنابوو، بەرەو قەڵاکە دەگەڕامەوە، لەوێ تووشم بە تووشی باپیرەم بوو: «لەگەڵم دێی؟»

منیش بەدوایدا چوومە هۆدەکەی، کە بارستێک لە کتێبە پەرزەردەکان لەسەر مێزەکەی دانرابوون، دەبوایە بەرگیان بکا. نەمدەزانی بۆچی بەو شێوە ڕەچاونەکراوە داوای لێکردم بەدوایدا بچم و بەم کازیوەیە وەستابوو قسەم بۆ بکا. ئینجا هاتەگۆ» گەنجۆ! پێویست ناکا چیدی بچیتە سەر ڕووبارەکە. دەتوانی بە خۆڵ تەیەمموم بکەی.»

خۆی تەیەمموم بۆ ئەوە بوو کاتێک نەدەتوانرا خۆت بشۆی. لەم دۆخەدا دەبوو تۆ وەک سارانشینێک لەپت لە لم بدەی و دەستێک بەسەروچاوتدا دابێنی. خواش ئەو شتەی لێ قبووڵ دەکردی.

منیش دەستم بە گریانێ کرد.

باپیرەشم کاتژمێرەکەی بەرکی لەخۆی کردەوە و خستە ناولەپم و گوتی: «لە کانگای دڵەوە پیرۆزە. ئیدی بوویتە پیاو.»

من هەم گریام و هەم پێشکەنیم. حەزملێبوو دەردەدڵی خۆم سەبارەت بەو ئافرەتە بکەم، کە شەوانە دەهاتە خەونم. بەڵام دیاربوو باپیرە لە ڕێی جنۆکەکەی خۆی هەموو شتێکی دەزانی، چونکە بە چرپەوە پێیگوتم: «دەی، چێژی لێببینە.»

ئەو کات لەوە گەیشتم، کە ئافرەت چەند باڵادەستیشن. ئەو ژنەی

لەبــەردەم حەوزەکـدا بینــم، هەر دەهاتــە خەونم تا ســاڵانی دواتر، ئــەو کاتەی ببوومە فیلمســاز، لە دووەمین فیلمــی خۆمدا جێگەیەکم دایــێ. بــە فیلمــی یەکەمــم ناوێکم بۆ خــۆم پەیداکردبــوو. بەڵێ بە نمایشــی گرتەفیلمێــک، دیمەنــی ژنێکــی ڕووت لەبــەردەم حــەوزی حەوشــەی ماڵەوەیان خەریکی داهێنانی پرچــی خۆی بێ، دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشــم خولقاند. بۆ ئەم کارەش یەکێ لە جوانترین کچە ئەکتەرەکانــی وڵاتەکــەم لێگــرت. خۆی دەبوایە زیاتر لە بیســت جار دیمەنەکە دووبارە بکاتەوە تا دەرەنجامی ڕاست و دروست بەرجەستە دەبێ.

ئەمــەش دیمەنەکە بوو: ئەکتەرەکە چارشــێوە ڕەشــەکەی لەبەردەم حەوزەکــە هەڵدەدایە ئاســمان و ئیــدی چارشــێوەکە دەگەڕایەوە تا جەستە ڕووتەکەی داپۆشێ.

لە تافی لاوێتی ئەوســامدا، شــەو لە دوای شــەو لەگەڵ ئەو دیمەنەدا دەژیــام، تــا با منی لەگەڵ خــۆی هەڵگرت، خێرا بــەرەو ئەو کامێرا دوورەدەستەی بردم.

## ١٣

**لـــە هاوینـــی** ســـاڵی پاشـــتر و لەکۆتاییـــدا پێنج هەزار لەزگەی ســـەر ڕێکلامەکـــەم کۆکـــردەوە. ئیـــدی ئێســـتا ســـەد دەســـتە لەزگەکەم لە بەرکەدایە، هەر دەســـتەیەکیان پەنجا دانەیە و لەنێوســـندوقی قوللەی چاودێرییەکەم هەڵمگرتوون. دوای ئەوەی جارێکی دیکە بە ڕێکوپێکی ژماردمنەوە، ئینجا هەموویم لە نێو ســـندوقێکی پێڵاوان دانان.

ئەوســـا قاتـــی ڕۆژانی هەینیم دەبەرکرد، پرچی خۆم جوان شـــانەکرد

و لێــدە بــۆ لای بریکاری کارخانەی بنیشــت لەنێو بــازاڕ، بەڵکو ئەو کامێرایەی، کە خەونم پێوەدەبینی، پێوەربگرم. ئاخر ســاڵی پێشــتر زۆر جــاران بــە بەردەمی دوکانەکــەدا دەڕۆیشــتم و هەرگیز کامیرای تاییـنــم لەوێ نەبینی. خۆی دوکانەکە لە بنەڕەتدا دوکانی فرۆشــتنی دەرمان و بەهارات بوو، بارســتەی ئەو بنێشــتەش لەوێ دانرابوو، کە وێنەی ڕیکلامی کەڵەشــێر لەســەر پاکەتەکانیان بوو. هەمووی لەسەر یەک لەســەر ڕەفەکە دانرابوون. بەهاراتفرۆشــەکەش پیاوێکی ڕیشدار بوو. لەوێ وەســتام تا ئەو لەسەروســەودای خۆی لەگەڵ کڕیارەکانی بووەوە. پاشــان بەرەو لای مێزکەی ڕۆیشــتم، بەڕێکوپێکی ســڵاوێکم لێکــرد. ئینجــا پێمگــوت، من پێنــج هــەزار لەزگەی ڕیکلامی ســەر بنێشــتەکەم کۆکردونەتەوە و هاتووم لە پاداشتدا کامێراکە وەربگرم.

- «ئەرێ گەنجۆ ئەوە تۆ باســی چی دەکەی؟» بەهاراتفرۆفرشــەکە وەهای پێگوتم.

منیــش دەبوایە دوو جار بۆی ڕوونبکەمەوە تا کابرا لە مەبەســتەکەم بگا، کە بۆچی چوومەتە لای.

- «هــۆ گەنجۆی بەســتەزمان، تۆ بەڕاســتیتە؟ هەر بەڕاســتی پێنج هەزار لەزگەت کۆکردۆتەوە؟ ئای لەو خواســتە خورتە.»

بەڵام خۆ هیچ کامێرایەک لە گۆڕێ نەبوو. ئەو هەرگیز باسوخواسێکی وەهای نەبیســتبوو. خۆی هەر پڕوپاگەندەیــەک بوو و هەرگیز ئەوان بیریان لەوە نەکردبووەوە، ڕۆژێک دێ کەسێک بەدوایدا دەچێ و پێنج هــەزار لەزگە کۆدەکاتەوە و بۆیان دەباتەوە.

ئەوە بوو کاتێک بەهاراتفرۆشەکە سندووقەکەی لێوەرگرتم و کردیەوە، بینی ئەو هەموو دەســتە ســەد لەزگەیەی تێدابوون، لە پەشۆکاوییدا

فرمێسک بە چاویدا هاتنەخوار.
ئەوسا دوکاندارەکە پێیگوتم: «گەنجۆ، گوێبگرە، جارێ ئەم سندووقە لەگـەڵ خۆت ببـەرەوە، هەفتەیەکی دیکە وەرەوە ســەرێکم لێبدەوە، لــەو نێوەدا هەوڵێکدەدەم بزانم چیم پێدەکرێ.»
هەفتەی دواتر چوومەوە. پیاوەکە پەیوەندی بە نووسینگەی سەرەکی کارخانەکــە لە تارانەوە کردبــوو، بەڵام لەوێش کەس دەربارەی کاری ریکلامەکەی نەزانیبوو.
- «مــن بەتونــدی قســەم لەگەڵ کــردن،» بەهاراتفرۆشــەکە وەهای پێگوتم؛ «ئەوان لە تارانەوە پۆســتەرێکی وەها دروستدەکەن، کەچی کڕیارەکان لێرە بەسەر مندا دەدەن.»
دەبوایە بۆ ســۆراخ هەفتەیەکی دیکەی سەری لێبدەمەوە.
بۆ هەفتەی پاشــتر دیســان قاتە کەشــخەکەم کردەبەرم و چوومەوە لای کابــرا. ئەمجارەیــان پیــاوە پیرەکــە بــە ڕووێکــی بەخەنــدەوە پێشــوازیلێکردم. ســندووقە پــڕ لەزگەکــەم لەســەر مێزەکــەی دانا. ئەویــش لەنێو دۆڵابێکدا پاکەتێکی ڕەنگینــی دەرهێنا، وێنەی کامێرا سەرسامەکەی لەسەربوو.
بەڕێزەوە سوپاســی بەهاراتفرۆشــەکەم کرد، دەســتم دایە پاکەتەکە بەرەو ماڵ گەڕامەوە. لەخۆشــیان تەنانەت ڕێگەی ماڵیشــم لێبزربوو، نەمدەزانی چۆن خۆم بگەیەنمەوە ماڵ.
هەســتێکی بەختەوەری ســەیرم لا پەیدا بوو، کە پێشــتر پێی ئاشنا نەبووم، هەســتەکە پەڕیە دڵم و بەهۆیەوە قورگیشم گیرا. هەستمکرد بــەو کامێرایە شــتێکی گرنگ لە ژیانمــدا ڕوودەدا، بەڵام خۆ ئەو کات نەمدەزانــی چییە. ئیدی بەو پاکەتەی نێو دەســتم بەسەرلێشــێواوی

بەرەو بازاڕ ڕامکرد. باشتر وا بوو لە جیاتی ئەوەی لێ وەسەر قوللەی خۆم بکەوم، بچم و بەسەر منارەی مزگەوتێ بکەوم و ئینجا لەوێ لە خۆشییان پڕ بە دەنگم هاواربکەم.

بەو کامێرایەی لەبن هەنگڵم دامنابوو، هەر بە غاردان بەرەو قەڵاکەمان ڕۆیشــتمەوە و لەوێوەشەوە یەکسەر بۆ سەر قوللەکە.

- «ئەرێ چی بووە؟»

ئــەوەش دەنگی دۆتمامە خۆشەویســتەکەم، دەنگــی (ئەکرەم جون) بوو، پێی باشــتر بوو هەر بە ئینگلیزی لەگەڵم بدوێ.

## ١٤

**کاتێ تەمەنی کیژۆکاڵەکان** دەگەیشتە حەڤدە ساڵی، مێردیان دەکرد. ژنانی هێشتا گەنج، ئەوانەی تەمەنیان بیست ساڵان بوو، تا ئەو کات منداڵێک یان دووانیان دەبوو. کەچی «ئەکرەم جون»، کیژە گەورەکەی مامم، سی ساڵان بوو، هێشتا مێردیشی نەکردبوو. ئەو چوار ساڵ زانکۆی لە تاران خوێندبوو، خۆی ئەو تاک بوو، لەوانەشە تاکە کەسی شارەکەمان بووبێ، ئینگلیزی زانیبێ.

دوای تەواوکردنی خوێندنەکەی گەڕابووەوە ماڵ و ببووە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە قوتابخانە تاقانەکەی ناوەندی کچانی شارەکەمان. ڕاستییەکەی زۆر پیاو هەبوون داخوازییان کرد، بەڵام ئەو هەمووی ڕەتکردبوونەوە. ئەو ئافرەتێک بوو بەخۆی شاناز بوو، بەخۆیشی دەزانی کە لە بنەماڵەی خانەدانەکانە. ئەو وەک شازادەیەک ڕەفتاری دەکرد و چاوی لەسەر پیاوەکانی بازاڕ نەبوو. خۆی ژنانی شارەکەمان چارشێویان لەسەر دەنا، بەڵام ئەو وا نەبوو، تەنیا شاڵێکی بەسەر سەری خۆیدا بەردەدایەوە و لەچکەکانیشی گرێنەدەدان.

«ئەکرەم جون» تەواوی مووچەی مانگانەی خۆی لە جلوبەرگ، جانتا و بەتایبەتیش لە پێڵاوی نوێ خەرجدەکرد. ئافرەتانی خێزانە نەریتپارێزەکان نەدەچوونە سالۆنی ئارایشتگای شار، بەڵکو هەر دەلاکی ژنانە بوو دەهاتە نێو ماڵان و کارەکەی خۆی دەکرد. کەچی «ئەکرەم جون» دەچووە سالۆنی ئاریشتگاکەی سەنتەری شار.

ئەو بەو ژیانەی هەیبوو بەختەوەر بوو، بەڵام دایکی خەمی لێدەخوارد: «ئەرێ لەسەر کێ وەستاوی؟ ئەرێ چییە، لەسەر شازادەیەکی ئینگلیز وەستاوی تا بە سواری ئەسپێکی سپی بێتە بەردەرکەمان؟»

«ئەکرەم جون»یش هیچی نەدەگوت، بەڵام خۆ ئەو بە دزییەوە چاوەڕێی شاسواری خەونەکانی خۆی دەکرد. ئەو هیچ پەلەی نەبوو، بە شێوەیەکی ئاسایی، کتێبە ئینگلیزییەکانی دەخواستن، دەرکەی هۆدەکەی لەسەر خۆی پێوەدەدا و دەچووە سەر پێخەفەکەی تا بەوپەڕی ئارامییەوە سەری بەسەر کتێبەکانیدا بگرێ و بیانخوێنێتەوە. من هەرگیز ئەوەم نەدەزانی، کە کامێرا نوێیەکەی من ئەو دەگەیەنێتە

شاسوارەکەی نێو خەونەکانی.

«ئەکرەم جون» پشتوپەنای من بوو. ئەو فێرە خوێندنەوەی کتێبی ئینگلیزی کردم. ئەو منی وەک برالەی[٣٠] خۆی دەزانی. من پێڵاوەکانی ئەوم لای پینەدۆز دەهێنانەوە، جلەکانی ئەوم دەبردنە ئوتو، شانەکانی ئەوم دەشیلان. من یەکەم کەس بووم پەسنی عەبا یان فستانەکەی بدەم. کەچی ئێستا باسوخواسی کۆکردنەوەی لەزگەی ریکلامی کەلەشێرەکەی سەر بنێشتەکەم پێنەگوتبوو، دەترسام مەبادا ڕاستەوخۆ پەسەندی نەکا.

کاتێکیش گەڕامەوە ماڵ و ئەو زەرفەم پێبوو، کە کامێراکەی لەنێودابوو، لێیپرسیم: «ئەرێ چۆن ئەو کامێرایەت پەیداکرد؟»

منیش پەشۆکام، پێیبڵێم کەوا بە پێنج هەزار دانە لەزگەم کڕیوە، بەڵام ڕاستییەکەشم هەر پێگوت. ئەویش بڕوای نەکرد و گوتی: «ئەوە نابێ، خۆی ئەوە کامێرایەکی چاک و گرانبەها نییە.» ئینجا بەدوایدا کەتەلۆکی چۆنیەتی بەکارهێنانەکەی خوێندەوە.

بۆ ڕۆژی پاشتر کامێرام بە شانەوە کرد و دەستم بەوێنەگرتن کرد. وێنەی باپیرەم، هی باڵندەکە، پەپووەکەی خۆم، هی قوللەکە، لە دوورەوەش هی شارەکە و هی «ئەکرەم جون» یشم گرت. ڕاستی، خۆ پارەی زۆریشی دەویست تا عەکسی فیلمەکان بشۆمەوە.

ئەوە بوو«ئەکرەم جون» بەهانامەوە هات و چارەسەری بۆ دۆزیمەوە:

---

٣٠. ووسەر وشەی برای بە شێوەی خۆشەویستن بچووککردووەتەوە، ئەم حاڵەتە لە زمانی هۆڵەندیدا دەردەکەوێ، بۆ نموونە broer واتای برا دەگەیەنێ، هەرچی broertje واتای براڵۆکە، یان براڵە دەگەیەنێ. لە زمانی کوردیشدا ئەو (ۆکە یان لە)یە هەم بۆ خۆشەویستکردن و بچووککردنەوە و هەم بۆ سووککردنیش بەکاردێ. وەرگێڕ

«من دەزانم چۆن عەکسـی فیلمی کامێراکە بشـۆیتەوە. پێویستت بە هۆدەیەکـی تاریک دەبێ، دەببەیەک لە مـادەی کیمیاوی و گڵۆپێک، کە ڕوناکییەکەی سـوور بێ. من قسەم لەگەڵ کابرای فۆتۆگرافی شار کردووە، دەکرێ ماوەیەک بۆ مەشـقکردن بچیتە لای.»

ئیـدی بۆ ماوەی شـەش مانگ، هەفتـەی دوو ڕۆژ دەچوومە دووکانی وێنەگرەکـەی شـارەکەمان. ئەو فێریکردم چۆن بە باشـترین شـێوە کامێـرا بگرم. بینیشـی بۆ ئەم کارە بەهـرەم تێدا هەیە. لەبەرئەوەی ئامۆژگاری کردم، سەرەتا وێنەی دەوروبەرەکەی خۆم، ئەو ژینگەیەی تێیـدام بگـرم، بۆیە منیش بە دەوری قەڵاکەدا سـوڕامەوە و هەرچی دەهاتە بەرچاوم وێنەم دەگرت.

وێنـەی دایکـم لەو کاتەدا گرت، کە دەچووە سـەر ڕووبار. لە چاوی کامێراکەشمەوە شتی سەرسامکەرم بۆ دەرکەوت. ئەو کاتەی لە چاوی کامێراکەم سەیرم دەکرد تا وێنەی بگرم، بینیم دایکم جووت پێڵاوێکی جـوان و نـازداری لەپێدایە. هەر ئەو کات زانیـم، دایکم دەلەنگێ[٣١] و باوکیشـم هەمیشە هەر پێڵاوی جوان جوانی بۆ دروستدەکا.

وێنەیەک لەوانەی گرتم و زۆر سـەرنجی وەسـتا وێنەگرەکەی ڕاکێشا، هـی باپیرەم بوو. «لەم وێنەدا شـتێکی دەرکپێنەکراو هەیە.» ئەمە قسـەی وێنەگرەکـە بوو. بەڵێ ڕاسـتی کرد، چونکە لـەو کاتەدا ئەم وێنەیـەم گرتبوو، کە باپیرەم لەگەڵ جنۆکەکەی خۆی دەدوا. منیش لـە ڕێـی کامێراکەمەوە تەماشـام دەکردن، ئەو دەسـتی دایە نان و پاروویێکـی لە خواردنەکەی دا، ئینجا قاپەکەی هەندێ بۆ جنۆکەکەی بەلاوە ناو گوتی: زۆر خۆشـە، دەی تۆش شتێکی لێبخۆ.»

---

٣١. دەلەنگێ: دەشەلێ، دەگرمژێ.

لــەو کاتەدا منیش کرتەم لە دوگمەی کامێراکەوە هێنا.

حەزیشم لێبوو چەند وێنەیەکی (ڕەحمەتوللا)ی کوڕی دەرگەوانەکەمان بگــرم، بــەڵام نەمدەزانــی چۆن. جارێکیــان لەپشــت دەوەنەدارەکە، زوومــی کامێراکــەم تێکرد تا وێنەی بگرم. لەو ســاتەدا هەســتمکرد ئەویــش مرۆڤە، ئەویش یەکێکە لە سەرنشــینەکانی قــەڵا. لەکاتێکدا هەمیشــە ئەوم بە کەسێکی عەنتیکە، بوونەوەرێکی ترسناک دەبینی. ڕۆژێکــی خــۆش بــوو، ئەو لــە قەپەنگــی ژوورەکــەی وەســتا بوو. لەچاوترووکانێــک کراســەکەی داکەنــد و بە نیوەڕوتی پشــتی لە من بوو، لەســەر سەندەلییەکی کۆنینە دانیشــت. کاتێک جەستەیم بینی لە شــوێنی خۆم ڕاچڵەکیم. ئاخر ئەو جێبرینی گەلێ زۆری پێوەبوو. ئەو لە پشــت دارەکانەوە گوێی لێبووم و سەیریکردم.

ئەوســا گوتی: «ئەرێ ئەوە لەوێ چی دەکەی؟»

منیــش بــە کامێراکەمەوە لە پشــت دارەکان هاتمــەدەر و بەرەو ئەو قەپەنگەکــەی، کە ئەو لێی دانیشــتبوو چــووم و پێمگوت: «دەکرێ یەک دوو وێنەت بگرم؟»

- «وێنەی من؟»
- «بەڵێ.»
- بە خەندەیەکی شەرمنانەوە پرسی:»بۆچی؟»
- «خۆم ڕادێنم.»
- ئەوســا پرسییەوە: «باشە ئێستا چی بکەم؟»
- «هەڵســەوە وەک ئەوەی لەچەند شوێنکی جیاجیا ڕاوەستابیت.»

ئەویــش بــە زەحمەت لەســەر ئەســکەملەکە هەڵســا، منیــش چەند

وێنەیەکم لێگرت و ئینجا ڕۆیشتم.
کاتێکیش وێنەگرەکە لە هۆدەیەکی تاریک و لەبەر تیشکێکی سووورباودا لە وێنەکان ڕاما، گوتی: «نایابن، وێنەی زۆر جوانن. دیارە وێنەی زیاترت گرتوون.»
«باشە چی زیاترم گرتوون»
وێنەگرەکە پێیگوتم.»مردن.»
منیش وێنەکانم خستنە زەرفێکەوە و چومە ماڵی دەرگەوانەکە.
دەرکەی ژووری (ڕەحمەتوڵڵا) هەندێ تیدرابوو[٣٢]، بانگمکرد: «ئەرێ کاک ڕەحمەتوڵڵا، لە ماڵێی؟ "
ئەو لە هۆدەکەی خۆی بوو، بەڵام هیچ وەڵامی نەبوو. دیاربوو پێی وا بوو گوێکانی هەڵیانخەڵەتاندووە، کەس لەبەر دەرکە نییە بانگیبکا، چونکە پێشتر کەس بە «کاک» یان «بەڕێز» بانگی نەکردبوو.
جارێکی دیکە بانگمکردەوە» کاک ڕەحمەتوڵڵا!»
گوێم لە دەنگی پێیەکانی بوو بەزەحمەت ڕێیدەکرد. لە دەرکە بەدەرکەوت. ئینجا زەرفەکەم ڕادەست کرد: «فەرموو ئەوە وێنەکانتن.»
ئەویش پشتی بە دیوارەکە دا، لەبەر شەبەنگی ڕۆژ، کە لە پەنجەرەوە هاتبووە ژوور، بە دەستی لەرزۆکەوە زەرفەکەی لێککردەوە. لەوێنەکاندا خۆی نەناسییەوە. بۆیە بە چاوێکی پڕ لە پرسیارەوە سەیریکردم. ئەوەش لەبەر ئەوە بوو، ئەو هێشتا هێزی چاوی کامێرای بۆ دەرنەکەوتبوو، نەیدەزانی چ با سوخواسە.
جارێکی دیکە لە وێنەکانەوە ڕاما، ئینجا بە دەنگێکی بەرزەوە لە

---

٣٢. تیدانی دەرکە: دەرکەکە تۆزێک کرابووەوە.

تریقەی پێکەنینی دا.
- «پەککوو، لاوە لاوە لاوە»
لەوەش زیاتر بەڵکو قیژەیەکیشی بۆ کرد، قیژەیەک وای لێکردم بیر لە تابلۆی «هاوار»ی (ئێدڤارد مونخ) بکەمەوە.
مەلەکانیش هەروەک «ڕەحمەتوڵڵا» و من بە هێزی هونەر ئاشنا نەبوون، ئەوان بە جریوە و چریکەیەکی زۆرەوە لە خۆشی و سەرلێشێواویدا بەسەر قەڵاکەدا هەڵفڕین. سەگەکانیش ئەوانەی لە دەرەوەی قەڵاکەدا بوون دەڕۆیشتن، هیچیان دەربارەی کامێرا نەدەزانی، ئیدی هەر لەبەر «ڕەحمەتوڵڵا» کەوتنە وەڕین. پشیلەکانیش خۆیان هەڵدایە سەربان تا بزانن ئاخۆ چی ڕوویداوە، بەڵکو بزانن هونەر واتای چی دەگەیەنێ.
دایکیشم کە هەموو شتەکەی بینی، بانگیکرد: «سوڵتان، دەی تا ئێرە وەرە.»
منیش چوومە لای.
پشووی هاوین داهاتبوو، زۆری نەمابوو دەبوومە شازدەساڵان.
دایکم گوتی: «دەی کامێراکەت بشارەوە.»
- «بۆ؟»
- «باشترین جلەکانت بکەبەرت و لەگەڵ من وەرە.»
- «بۆ کوێ؟»
- «بۆ لای هۆشەنگ.»
- «هۆشەنگ کێیە؟»
- «لەوێ بە چاوی خۆت دەیبینی!»

## ١٥

**دوای نیوەڕۆیەکـی** درەنگ بوو، منیـش هەگبە کۆنەکەی هەورەبانەی کێڵگەکەمـان هێنایەخـوارێ، لەوێـدا وێنـەی ڕەش و سـپی تافـی جاحێڵیمـی تێدابوون، ڕۆژگارێک بوو هەڵمگرتبوون.

ئـەو وێنانەم هەمیشـە لەنێـو دۆڵابێک لە بورجـی چاودێری قەلاکەدا هەڵگرتبوون، خەریکبوو بەجارێک لەبیرم بچێتەوە. بەڵام ئەو بازرگانە ئێرانییـەی مـاددەی زافەران، کە باولـە کۆنەکـەی باپیرەمی لەگەڵ خۆی بۆ هێنابوومە هۆڵەندا، جارێکی دیکە وێنەکانیشـی هێنابوون.

منیش لەنێو شتە ئەرشیفکراوەکانمدا بەدوای وێنەی هۆشەنگدا گەڕام. چەند دانەیەکم لێ دۆزینەوە. وێنەکان ئەوەندە منیان هەژاند تەنانەت نەمتوانی سەیریشـیان بکەم. ئیدی لە شـوێنی خۆم دامنانەوە، پێکە کۆنیاکێکم بۆ خۆم تێکرد و لەبەردەم پەنجەرەکە دانیشتم، کە بەسەر شـینابییەکەمدا دەیڕوانـی. «ئاورێلیا»ش لەوێ لەسـەر کورسـییەک دانیشـتبوو، تەماشـای هەنگەکانی دەکرد، مێشـەکان وردە وردە لە کێڵگەکە دەگەڕانەوە تا لە نێو غەڵێفەکانیان[٣٣] پشووی خۆیان بدەن. لەهیکـەوە شـتێکم بۆ هات، هەسـتمکرد جارێکـی دیکە مارێک خۆی خزاندۆتە بن پەلکە پانوپۆڕە کدووەکانی نێو شینابییەکەمان. ئیدی لە شـوێنی خۆم هاوارمکرد و هەم بە دەسـتیش ئاماژەم کرد: «وریابە! مار! مار هەیە!» بەڵام خۆ (ئاورێلیا) هەر خۆشـی لە گوورە نەبرد، وەک ئەوەی هەر لە مار نەترسێ.

دکتـۆر (ماینەما)ی ماخۆی کێڵگەکـە، چەندین جار بە منی گوتبوو: «هۆڵەنـدا هیـچ مـاری لێنەماون. هەر بسـتە زەوییەک لـەم وڵاتەدا کۆنترۆڵکراوە، چاودێریکراوە و کنەوپشکنینی بۆ کراوە. بەڵێ ئێمەش مارمـان هەن، لێ تەنیا لە باخچەی ئاژەڵان.»

منیـش بـڕوام پێکرد، بەڵام هێشـتاش لـەوە دڵنیابـووم، کە مارێک لـە نێـو کێڵگەکـەدا هەیە. خۆ هێشـتا مارەکەشـم نەبینیبوو، بەڵام سـەرنجێکم لا پەیدابوو، کەوا لە بن پەلکەکان خۆی ماتکردبێ.

کاتێکیـش یـەک دوو پێکـم هەڵـدان، جارێکی دیکە گەڕامەوە سـەر

---

٣٣. غەڵێف یان غەرێف: ماڵی مێشەهەنگە، لە داری بی دروست دەکرا، شێوەی تووێڵێکی یەک مەتریان هەبوو، کاتی خۆی (حاجی خدری مەلابەکری پیرباوەیی) باپیرم ڕێزای ئەوەی وەستایەکی ناوابی شکستە بوو، هەنگەوانێکی مشوورخۆر بوو، غەرێفی نازداری دروستدەکردن. بەڵام هەنوکە زیاتر سندووق بەکاردەهێنن، چونکە کردەییترە.

وێنەکان.

لەنێو پسامەکانی دایکم چەند پیاوێک هەبوون سەروسەودایان لە کاروباری گوماناوی ڕەشدا هەبوو. هۆشەنگیش یەکێک بوو لەوان.
دایکم سەر بە ماڵباتێک بوو، کلتورێکی تەواو جیاوازیان لەگەڵ ماڵی باوکمدا هەبوو. هەر بۆ نموونە دۆتمامێکی دایکم ڕەگەڵ دراوسێیەکیان دەکەوێ و دوو منداڵ لەسەر سەری باوکەکەیان جێدێڵێ، ئەم کارە لەنێو ماڵباتی باوکمدا کارێک نەبوو هەر بیریشی لێبکرێتەوە، کارێکی نەکردەبوو.
ئەوە ڕوون بوو، دایکم لە نێوان دوو جیهاندا دەژیا. لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە، لەدواییدا گەیشتبێتە ئەو ئەنجامە، کە کوڕەکەی پێویستی بە مشووری زیاتر هەیە، زیاتر لەوەی لە نێو قەڵاکە وەریدەگرێ.
ئەو زۆر جاران دەیبینی. من لەگەڵ باڵندەکەم دەدوێم. یەک دوو جارانیش منی لەقافدا گرت، بەوەی بە دزییەوە ویستومە وێنەی جنۆکەی باپیرەم بگرم. جنۆکەی ئەوێ دەمێ لەبەرچاوان بزربوو، بەرەو دەروازەی قەڵاکە دەڕۆیشت.
منیش وەهام دانابوو، دەتوانم لە ڕێی چاوی کامێراکەمەوە بیگرم، ئیدی ئەوە ئەو دیمەنە بوو، دایکم لێیترسا. ئەو ئەم شتەی بە ڕەفتارێکی نەشیاو دانا و خوازیار بوو لەکاتی خۆیدا چارەیبکا. هەر بۆیە منی لە جیهانی خەیاڵاوی نێو قوللەکە دەرهێنا، منی هێنایە خوارێ، منی بردە لای ئەو پیاوەی لە داکەوتەیەکی[٣٤] سەختدا، لە دەرەوەی دیوارەکانی قەڵاکەدا دەژیا.

٣٤. داکەوتە: رائیع

ئـــەوەی دایکــم بەنیاز بوو بیــکا، کردەیەکی یاخیانە بــوو، ئاخر ئەو ویســتی من هاموشــۆی کەسانێکی ڕەق و زبری ســەر بە ماڵباتەکەی ئــەو بکەم. وەهام چاوەڕواندەکرد، باپیرەم ئەم کارەی پێناخۆشــبێ و ڕێگــەی لێبگرێ، بەڵام خۆ ئــەو ئاوەزمەند بوو، دەیزانی ئەو مافی ئەوەی هەیە کوڕەکەی بەشــێوازی تایبەتیانەی خۆی پەروەردەبکا.

منیــش بە دوای دایکمدا لــە گۆڕەپانی مزگەوتێ تێپەڕین، وردە وردە ســەنتەری شاریشــمان بەجێهێشت و نیو ســەعاتێک بە پێ ڕۆیشتین تا گەیشــتینە گەڕەکە کۆنەکەی شــارەکەمان. دایکــم لەبەر دەرکەی خانووێکی کۆن وەســتا، کە وەک شوێنی کارکردن دیاربوو. یەک دوو پیاویش لەوێ لەســەر شۆســتەکە وەســتابوون، چەند پیاوێک بوون دانی زێڕیان لەدەمدابوو، قۆڵ و باســکیان کوترا بوو، قاتی ڕەشــیان لەبەردابوو، شەپقەی ڕەشیان لەسەرنابوو.

دایکم بە یەکێ لە پیاوەکانی گوت: «هاتووم هۆشــەنگ ببینم.»

«دەچم ئاگاداریدەکەمــەوە،» یەکێ لە پیاوەکان وەهای وەڵامدایەوە و بــەرەو نێو خانووەکە ملی لێنا.

گوێــم لــە دەنگی پێی کەســێک بوو لــە تاریکی داڵانــی خانووەکەوە دەهات، دیسان پیاوێک بە خۆی قات و شەپقەیەکی ڕەش بەدەرکەوت. کەچی ئەو پیاوە یەک باسک بوو، جێبرینێکی درێژ و قووڵیشی لەبن لێــوەوە تا بن گوێی لای چەپەی درێژببووەوە.

مــن ناوەکەیم دەزانی بەڵام خۆییم نەدەناســی و نەمدەزانی ئەمەیان، ئەوەی لەبەردەممان وەستاوە هۆشەنگی یەکدەستە[٣٥] ترسناکەکە بوو.

---

٣٥. نووسەر بە هۆڵەندیش هەر وشەی یەکدەستی نووسیوە و لە بەرانبەریشدا واتا هۆڵەندییەکەی (یەک باسک) نووسیوە. منیش هەروەک ئەو یەکدەستم نووسی نەوەک یەک باسک.

ئاخر بەندوباوی زۆری لەبارەوە هەبوون و خەڵکیش لێیدەسڵەمینەوە.

پێشـــتر دایکـم هەرگیز باســی ئــەوەی بـۆ نەکردبوم کە ئــەو پیاوە پسمامیەتی.
بـــەم جـۆرە ئەوە دەبینرا، «هۆشـــەنگ» جۆرە پیاوێکـــە جیاواز لەو پیاوانـــەی لەنێو قەلاکەدا هەبوون. ئەو خۆی کوێخای خۆجێیی ئەوێ بـوو، کەسـێک بـوو خەنجەری لەبەر پشـتدا بـوو. ئەو لـە جیهانی ژێرزەمینییـــەوە کاری دەکـرد، بـەڵام لـە هەمـان کاتیشـدا مـرۆڤ دەیتوانـی ڕاسـتەوخۆ هــەر کاتێـک بۆ پزیشـک یان بۆ پرســـەیەک پێویسـتی پێـی هەبـا، هانای بـۆ بردبـا و داوای کۆمــەک و پارەی لێکردبـا. خۆ ئەگــەر یەکێک لە ماڵباتەکە لێیقەوما و دەســتدرێژی کرابایــە ســەر مێردمنداڵێکی خێزانەکەیان، زاتی ئەوەشــیان نەکردبا لای کەس باســیبکەن، ئەوا دەیانتوانی بە دزییەوە بە «هۆشــەنگ» بڵێن. ئەویش بە خەنجەرەکەی ســزای تاوانبارەکەی دەدا.
«هۆشـــەنگ» کەســایەتییەکی ئاڵۆزی هەبوو، لە ڕەوتی ڕۆیشـــتنیدا شانوشـــەوکەتی هێز و دەســـەڵات دیاربوو، کاربەدەستانی شارەکەش حیسابیان بۆدەکرد.
- «ئەرێ دۆتمام ئەوە لێرە چی دەکەی؟» «هۆشـــەنگ» وەهای لە دایکم پرسی.
- «کوڕەکەمـم لەگــەڵ خـۆم هێناوە. ئەوە هاویـن دادێ و لە هەموو لایەکیـــش هـــەر مەترســـییە. ئـــەو زۆر بـــە نـــازەوە بـــۆ ئـــەم جیهانە پەروەردەکراوە. تۆش بیکە پیاو.»
«هۆشەنگ»ی یەکدەست نیگایەکی تێبڕیم.

- «ناوت چیە؟»
- «سوڵتان.»
- «چەندساڵی؟»
- «نزیکەی شانزە.»
- «لە چی باشی؟»

هێشتا نەمدەزانی، لەچ کارێکدا باشم، لێ گوتم : «وێنە دەگرم.» دایکیشم دەستبەجێ هەڵیدایێ:»ئەو حیساب باش دەزانێ. ئەو زۆر کتێب دەخوێنێتەوە و بیریشی لێدەکاتەوە. کەسێکە هی متمانەپێکردنە.»

دیاربوو کتومت «هۆشەنگ»یش کەسێکی بەم خەسڵەتانەی پێویست بوو. ئەو دەیتوانی باش بخوێنێتەوە، بەڵام سەلیقەی نەبوو دەقەکان بخوێنێتەوە، چونکە ئەو دەستی ڕاستی نەمابوو، نەشی دەتوانی بە باشی بنوسێ. پێویستی بە کەسێکیش بوو، متمانەی پێبکا.

«دیارە تۆ کتێب زۆر دەخوێنیتەوە،» ئەو بەدەم ئەم قسەیەوە کاغەزێکی چرچولۆچی لە بەرکەی دەرهێنا. کاغەزەکەی لەبەردەمم ڕاگرت و گوتی: «دەزانی ئەمە بخوێنیتەوە؟»

خۆی شتەکە چەند سەرنجێک دەستخەت بوون نەدەخوێندرایەوە. منیش نووسینەکەم بە دەنگ بۆ خوێندەوە، ئەمە لە کاتێکدا هێشتا کاغەزەکە هەر لە دەستی ئەودا بوو. دایکیشم، کە ئەمەی بینی پشتی قیتکردەوە.

ئینجا «هۆشەنگ» کاغەزێکی دیکەشی دەرهێنا و لەبەردەم کەپوومی ڕاگرت. ئەم دانەیان کەتەلۆکێکی چۆنیەتی چاککردنەوەی بەفرگر بوو، بە زمانی ئینگلیزی نووسرابوو. منیش دەقەکەیم بە دەنگ بۆ

خوێندەوە.
دوای خوێندنەوەکە لێیپرسـیم: «باشە لەوەی نووسراوە تێدەگەی؟»
«بەڵــێ، لێی تێدەگا. ئەو کتێبــی ئینگلیزیش دەخوێنێتەوە.» دایکم لەجیاتی من وەڵامیدایەوە.
«دەی برۆ ژووری.» هۆشــەنگ وەهای بــە من گوت، ئینجا ڕووی لە دایکم کرد و پێیگوت: «تۆش ســڵاوم بگەیەنە ماڵێ.»

هۆشــەنگ منــی لەگــەڵ خۆی بــرد، بردمی بــۆ نێو قووڵایــی داڵانە تاریکەکــەی خانووەکە. پاشــان لە ڕێی دەرگەیەکی پشــتەوە وەژوور خانووەکە کەوتین. خۆی شــوێنێکی بێســەروبەر بوو، باخچەیەکی بێ خزمــەت بــوو. چەند پیرەدارێکــی لێبوو، زۆر شــتی بێکەڵک لەملا و ئەولا کەوتبوون. کورسی شەقوشڕ، دۆشەکێکی پیس و تایەی کۆنەی ترومبێل.
بە هەناسەهەڵکێشــانێکەوە بانگیکرد: «دوو پیاڵە چامان بۆ بێنن.» ژنێک لەبن چارشێوێکی ڕەش هاتەدەر، سینییەکی پێبوو، دوو پیاڵە چای لەسەر بوو، هێنای و لەسەر مێزە پیسەکەی بەردەمی ئێمەی دانا و خۆی جارێکی دیکە چوە ئەو ژوورەی، کە لێوەی هاتبوو. کاتێکیش بــەرەو ژوورەوە گەڕایــەوە، چاوێکی لێکردین و خەندەیەکیشــی کرد. ئەوســا زانیم هێشتا هەر کچ بوو.
هۆشەنگ ڕووی تێکردم و گوتی: «جەوان، گوێبگرە. تۆ لە خێزانێکی باشــەوە هاتــووی، بەڵام خۆ ئەوە بــۆ من پووشــێک ناهێنێ. لێرەدا مــن مەزنــم. دەبێ باش لــەوە وریابی چیت پێدەڵێم. دەق ئەو شــتە دەکــەی، کە پێتدەڵێــم. دەنا شــاپێکت تێهەڵــدەدەم و دەتنێرمەوە

قەڵاکە. تێگەیشتی؟»

منیش سەرم بۆ لەقاند.

- «ئــەوەی لێــرە دەیبینــی هەر لێــرە دەمێنێتەوە. بــۆت نییە یەک وشەش لێرە ببەیتەدەرەوە. خۆ تێمدەگەی؟»

منیش سەرم بۆ لەقاندەوە.

ئەو سێ کلۆ شەکری خستە نێو ئیستیکانە چایەکەی، قەڵەمبڕەکەی لەبەرکــە دەرهێنا، کردییەوە، چایەکــەی پێتێکدا و گوتی: «ئەوە لە مێشــکی خۆت ببەدەر، کە درۆم لەگەڵ بکەی. تێگەیشتی؟»

لەبەر ئەوەی چاوەڕێی قســـەیەکی وەهابووم بیکا، «ناشبێ بەو چاوە سەیری ئەم کیژە بکەی، دەنا هەر لێرە لەو باخچەیە پارچە پارچەت دەکەم.» منیش دووجار لەســـەر یەک سەرم بۆ لەقاند.

ئەوســا لێیپرســـیم: «ئــەرێ گەنجــۆ، قــەت ئایســـکرێمی ئالاســـکات خواردووە؟»

ئەمجارەیان سەرم بۆ بادا.

«ئالاسکا» ناوی مارکەی ئایسکرێمێکی زۆر بەهەڕمێن بوو لە تاران. ئایســـکرێمی تۆپەڵ بوو. هێشــتا نەگەیشــتبووە شــارەکەمان، بەڵام هۆشــەنگ پێیگوتم، بەنیازە بیهێنێتە بازاڕ.

«گوێبگرە، دەســـتم بەکارخانەیەکی ئاسیکرێمی ئالاسکا کردووە. بەم زووانە بەفرگری ناوقووڵ و سندوقی ساردی و عەرەبانەی گواستنەوە دەگەنەجــێ،ماڵباتەکەی تۆ فێرمایەکی گەورەی زافەرانیان لە بازاڕدا هەیــە. خــۆی بازرگانی لــە خوێنی ئێوەدا قوڵپــدەدا. هەر دەبێ لەم کارە بزانی. تێدەگەی چیت پێدەڵێم؟»

خۆی کتومت نەمدەزانی مەبەستی چییە، بەڵام سەرم هەر بۆ لەقاند.
«دەی ئەو کاغەزانەم بۆ بێنە! ئەو وەهای بانگکرد، بەڵام مەبەستی من نەبوو. ئەوە بوو کیژە چارشێوبەسەرەکە بە خۆی و چاوە لاسارەکانی جارێکی دیکە دەرکەوتەوە و بارستە کاغەزێکی هێنا.
«ژنەکەم دەزانێ بخوێنێتەوە، بەڵام گێژوێژە، لێیان حاڵی نابێ.»
ئەمەی گوت و ئاماژەشی بۆ کیژەکە کرد. ئینجا هۆشەنگ هەندێ بۆ پێشەوە دانەویەوە و گوتی: هەموو ئەو کەتەلۆکانە بە زمانی ئینگلیزیین، من هیچیان لێتێناگەم. کەچی خۆ هەر دەبێ بزانم ئاخۆ چۆن ئەو ئایسکرێمانە دروستدەکرێن.»
بەڵێ من دەمزانی کتێب بە ئینگلیزی بخوێنمەوە، بەڵام خۆ هیچ لەو کەتەلۆکانە نەدەگەیشتم. کەچی من پشتم ڕاستکردەوە و بە لەخۆڕادیتنەوە گوتم: «من یەک بەدوای یەک مشووریان دەخۆم. تۆ زیاتر پێوستت بە کامیانە؟»
ئەویش گوتی: «من دەمەوێ بزانم چۆن ئایسکرێمی ئالاسکا دروست دەکرێ.»
منیش لەنێو کاغەزەکان گەڕام، نامیلکەیەکم لە نێویاندا دۆزییەوە و پێمگوت: «من خەمی ئەوەت بۆ دەخۆم، ئەم شتەت بۆ وەردەگێڕم و دەیخەمە بەردەستت.»
چاوی هۆشەنگ گەشایەوە. تۆبڵێی دیارییەک نەبووبم و بۆ ئەو لە ئاسمان بەرنەبیومەوە؟
«هەروەک گوتم. تۆ لەخێزانێکی بازرگانەوە هاتووی» ئەو وەهای گوت و دەمودەستیش بە شاگەشکە و ئۆخژنەوە هەڵسایە سەرپێ. ئینجا بە هەناسەهەڵکێشانێکی بە کەیفەوە بانگیکرد: «دەی دوو

کۆلامان بۆ بێنن.»
کیژە چارشێوبەسەرە چاوبزێوەکە بە خۆی و دوو کۆلاوە لە ژوورەکە هاتەدەر.
دڵیشـم زۆر تونـد لێیدەدا، ئاخر زۆر پەرۆش بـووم وێنەیەکی بگرم، بـە دەسـتێک دوو کـۆلای گرتـووە و بەدەسـتەکەی دیکـەش توند چارشێوەکەی گرتبوو؛ بەڵام خۆ چەقۆکەی هۆشەنگ ڕێگر بوو لەوەی زیاتر لێیبڕوانم.
کاتێکیـش سـەر لـە ئێوارەکـەی بـەرەو مـاڵ بوومـەوە، نامیلکەی کەتەلۆکەکـەم دایە دەسـتی «ئەکـرەم جـون» و پێمگوت: «ئەرێ دەکرێ ئەم شـتەم بۆ وەربگێڕی؟ ئەمە شتێکی زۆر گرنگە.»
- «بۆ کێ؟ بۆ چییە؟»
- «بۆ هۆشەنگە»
- «چـی؟ ئاخر تۆ لەگەڵ ئـەو چەتەیە چی دەکەی؟» ئەو بە چاوە گەورەکانی وەها لێیپرسیم.
کاتێکیـش پێمگـوت، بـۆ ئـەو کاردەکـەم، هێدمـە گرتـی. ئینجـا «ئەکـرەم جون» کەتەلۆکەکەی خوێندەوە، هیچ لە پەیوەندی نێوان ئایسـکرێمی ئالاسکا، هۆشـەنگی یەکدەست و من تێنەگەیشت. خۆی ئەگـەر ڕێچکەیەکی نوێـت هاتەپێش، پێدەچێ کاردانـەوەی بەراییت سەرسامانە، پەشۆکاو و سڵەمینەوە بێ.
«ئەکـرەم جـون» لەسـەر جێگـەی خـۆی بـە قووڵـی چـووە نێو کەتەلۆکەکە، منیش بیروهۆشـم لای شـتێکی دیکە بوو. خەیاڵم لای کیـژە چاوبزێوەکە بوو. لەوەش تێنەگەیشـتم ئاخۆ بۆچی خوا کیژی وەها جوان و نازداری دروستکردوون.

## ١٦

**چیرۆکەکە دەربارەی مێملەکانی**[٣٦] هۆشەنگە، جارێک توانیبوویان لە شوێنێکی تاریک و تەنگەبەردا دەورەی بگرن و قۆڵێ ڕاستەیان هەلابەهەلا کرد. ئەویش بە دەستەکەی تر و بە خەنجەرەکەی توانیبووی دەموچاوی زۆر لە پەلامارەدەرەکان بێنێتەخوارێ، هەروەک چۆن پاڵەوانەکەی باشووری ئەمریکا بە شمشێرەکەی پیتی (Z) لە

٣٦. مێمل: نەیار، دوژمن، ناحەز. وەرگێر.

دوای خۆی وەک پشماوە جێبێڵێ. هۆشەنگیش نیشانەی تایبەتی خۆی هەبوو، نیشانەکەش دەقاودەق وەک ئەو جێبرینەی سەر دەموچاوی بوو.
کاتێکیش وەرگێڕانی ناملکەی کەتەلۆکەم دایە دەستی هۆشەنگ، کە «ئەکرەم جۆن» وەریگێڕابوو، بە چاوێکی بڕواپێنەکراوانە سەیری هەر سێ لاپەڕە وەرگێڕدراوە تایپکراوەکەی کرد. بە بەهەندهەڵگرتنێکەوە هەوڵیدا دەقە وەرگێڕاوەکە لەبەر ڕوناکییەکەدا بخوێنێتەوە. تا دەهاتیش خەندە لەسەر ڕوخساری دروستدەبوو.
- «هۆ پیاو، زۆر باشە دەستخۆش،» بە دڵخۆشییەوە وەهای پێگوتم «چۆن ئەم کارەت کرد؟»
- منیش پێمگوت: «بەیەکەوە لەگەڵ «ئەکرەم جون» .»
- «ئەکرەم جون؟»
- «دۆتمامە گەورەکەم، مامۆستای زمانی ئینگلیزییە لە قوتابخانەی کچان.»
ئەو هێشتا نیگای هەر لەسەر لاپەڕەکان بوو کە گوتی: «کەواتە سڵاوم بگەیەنە کچە مامەکەت.»
ئیدی هۆشەنگ پشتی پێبەستم. دوای سێ هەفتە نزیکەی هەموو کاروباری ساردەمەنی ئالاسکای بە من سپارد. منیش بە شێوەیەکی زۆر ڕێکوپێک سەرپەرشتی حەوت کارمەند لە کارگەکە و سی مێردمنداڵی دیکەشم کرد، کە ئایسکرێمەکەیان لەنێو شاردا دەفرۆشت. کارەکە منی بۆ خۆی کێشکرد و خۆشیشیم لێدەبینی.
لەوانەیە هۆشەنگ لەسەر هەق بوبێ کاتێ گوتی بارزگانی لە خوێنی نێو دەمارەکانماندایە، بەڵام خۆ شتێکی دیکەش لە ئارادا بوو. من

ئەوەم کرد تا کیژە چارشـێودارەکە هەر دەرفەتێک بقۆزێتەوە بەڵکو خۆیم بۆ دەربخا و بیبینم.

ئیدی کیژەکە دەیگوت: «سوڵتان، چا ئامادەیە!» هەروەها «سوڵتان، هۆشەنگ لێرە نییە، ئەرێ دەزانێ چۆتە کوێ؟» یان «ئەرێ سوڵتان دەکـرێ پارمەتیم بدەی ئەو کارتۆنە بەرزبکەمەوە؟»سـوڵتان دەکرێ ئایسکرێمێکم بۆ بێنی؟»

لەبەرئەوەی ژنی هۆشـەنگ بوو، سـەیریم نەدەکرد. بەڵێ من سەیری قۆڵەکانیم دەکرد کاتێ ئایسکرێمم دەدایێ. قۆڵەکانی زۆر نازدار بوون، منیش دڵنیا بووم، کە بە ئەنقەسـت بەهەردوو دەسـتی ئایسکرێمکەم لێوەردەگرێ.

کاتێکیش دەسـتی بە دەستم دەکەوت سەرتاپای جەستەم دەکەوتە لـەرزە. ئیـدی خێرا لە ژوورەکەی ئەو دەردەچـووم، چونکە چەند لە خوا دەترسـام ئەوەندەش لە هۆشـەنگ. خوا هەر دەبێ لەسـەر ئەو داڵغـە کێوییانەم سـزام بدا. خۆ ئەگەر هاتبا و هۆشـەنگ پێیزانیبا، کەوا لەخەیاڵمدا من کچەکەم لە باوەش گرتووە، لەوانەبوو چەقۆیەکی بەدەموچاومدا هێنابووایە.

هەرکاتێـک بەیانیـان چـاوم هەڵدەهێنـان، خەیاڵـم بـۆ لای کیژەکە دەڕۆیشـت و منیـش پێـی شـادمان دەبـووم، ئیدی بە خۆشـییەوە هەڵدەسـتام و خـۆم دەگـۆڕی و خێـرا دەچوومـەوە سـەر کار. بە تاسـە و پەرۆشـەوە چاوەڕێـی ئەو چرکەسـاتەم دەکرد، کـە بانگی دەکردم:»سوڵتان، چایەکە ئامادەیە.»

خۆی هۆشـەنگ سـێ جار ژنی هێنابوو و لەیـەک جیابووبونەوە، ئەم کیژەیان جاری چوارەمی بوو. لەو نێوەدا تێگەیشتم، کچەکە خوشکی

یەکێک لە هاورێکانی هۆشەنگ بوو، ئەویش پیاوێک بوو سەروکاری لەگەڵ کاروباری گوماناوی هەبوو؛ بەڵام نەمدەزانی باقی ڕۆژەکە لەنێو ماڵەکەدا چی دەکا و ڕۆژەکانی خۆی چۆن دەباتەسەر، چونکە کەسێک نەدەهاتە لای.

لێ ڕۆژانی وا هەبوو گوێم لە دەنگی گریانی کچەکە دەبوو. هەروەها هەندێ جار بینیم کە لەگەڵ هۆشەنگدا دەمەقاڵەیانە. دەمەقاڵەیەکی وەها هۆشەنگ شتی پێدادەدا و ئەویش دەیقیژاند.

هەڵبەتە من لەوە نەگەیشتبووم، ئاخۆ خۆشەویستی واتای چی دەگەیاند، من هێشتا چیرۆکە شاکارەکانی خۆشەویستی ئەدەبیاتی خۆمان نەخوێندبوونەوە. ئەوەشم نەدەزانی ئاخۆ کەی کەوتیە داوی خۆشەویستی، دەبێ بەدوایدا بڕۆی!

جارێکیان کە گوێم لە دەنگی گریانی کیژەکە بوو، ویستم بزانم چ باسە، بەڵام لە نیوەی ڕێ گەڕامەوە، خۆی نەدەبوو خۆم لەو شتەدا هەڵبقورتێنم. جارێکی دیکە، کاتێک بە ڕوونی کیژەکە هاواری خدری زیندەی دەکرد، منیش بە ڕاکردن لێی چوومەژوور. گوێم لێبوو لەبەر ئازار دەیناڵاند. ئیدی لەپڕ دەرکەی هۆدەکەی کرایەوە و ئەویش بەبێ چارشێو بەڕاکردن هاتەدەر. بەڵێ ئەو ناسک بوو، جەستەیەکی جوان و پرچێکی ڕەش و کەزی درێژی هەبوو. ئەو بە هاوارهاوارەوە هاتە حەوشەکە و چووە پشت دارەپیرەکە وەستا. هۆشەنگیش بە خۆی قایشە چەرمینەکەی دەستی هاتەدەر و بەدەور و خولیدا سووڕایەوە. ئینجا کیژەکە بۆ دیوەکەی دیکەی باخەکە وەرسووڕا. هۆشەنگیش بەدوایدا ویستی بە کەزیەکانی بیگرێ. کیژەکە سەرپەلۆ چوو، کەوتە سەرزەوی، لێ خێرا هەڵسایەوە و بەرەو لای من ڕایکرد. منیش

هــەروەک کۆتەڵێک لەنێو باخچەکدا چەقیبووم، واقمورمابوو.
کیژەکە هاتە پشــتم ڕاوەســتا، بە هەردوو دەســتەکانی توند باسکی ڕاســتەی گرتــم. هۆشــەنگیش وەک دڕندەیەکــی کێــوی دەینەڕانــد، ئەویش لەپاڵ پشــتمەوە خۆی پەنادابوو، بەڵام خۆ هۆشــەنگ توانی کەزیەکانی بگرێ و ڕایکێشــێ، ئەویش بە هاوار هاوارەوە» یارمەتی، تکایە یارمەتی!»
ئیــدی بەم هاوارەیــەوە بێداربوومەوە. بە هێزێک کە پێشــتر لە خۆم ڕانەدیتبوو ســەرێکم بە توندی لە لای ڕاســتی بێقۆڵەکەی هۆشــەنگ دا. ئــەو هاوســەنگی تێکچوو، دەســتی لــە کەزیــەکان بەربوو، یەک دوو هەنــگاو بــۆ پشــتەوە گەڕایەوە. لە کۆتاییدا خــۆی گرتەوە، لەو شــوێنەی لێبوو وەســتا و لە هەردووکمان ڕاما، سەیری کچەکەی کرد کە لە پشــتمەوە وەســتابوو، سەیری منیشــی کرد، کە لەبەر گەرمی مەمکەکانــی خەریکبــوو دەکوڵیــم. تۆبڵێی زللەیەکی تونــدم لێبدا و بەرەو قەڵاکە ڕەوانەم بکاتەوە یاخود بەسەر تووڕەیی خۆیدا زاڵدەبێ؟ ئــەو پێویســتی بە من بوو، بەڵام خۆ هۆکارێکــی دیکەش هەبوو، کە جڵــەوی خۆی گــرت و زیاتر هەڵنەچوو. هۆکارێــک، من ئەوێ دەمێ پەییم پێنەبرد.
ئینجــا ڕووی تێکردیــن گوتی: «تۆ بۆ ژوورەکەی خۆت، دەی تۆش بۆ سەر کارەکەت.»
ئینجــا کچەکــە بەڕاکــردن چــووە ژوور و منیــش بۆ ســەر کارەکەم گەڕامەوە.
بێدەنگی باڵی بەســەر حەوشــەکەدا کێشا. کەچی کەمێک دواتر گوێم لــە هاتوهاوار بووەوە. ویســتم بە هانای بچم و خێــرا گەڕامەوە. خۆ

ئەگەر پێویستی کردبا دەچوومە هۆدەکەیان.
بەڵێ، ئەمجارەیان شتێکی دیکە لەگۆڕێدا بوو. گوێم لە کیژەکە بوو هەر قرتەقرت و حیتەحیتی پێکەنینی دەهات. هەندێک زیاتر چوومە پێش و دەرکەم تیدا تا بتوانم زیاتر نێو ژوورەکە ببینم.
ئەوان شەڕیان بوو، کیژەکە هەر هەوڵی دەدا لەدەستی هۆشەنگ قوتاری بێ، هۆشەنگیش لەناوقەد گرتبووی هەوڵیدەدا لە زەوی بدا. لە کۆتاییدا ئەوەی بۆ چووە سەر. چۆکی لەسەر زگی کیژەکە دادان، دەرپێیەکەی لێهێنایەخوار و دوور فڕێیدا. ئینجا خێرا قایشی پانتۆڵەکەی کردەوە، هەرامەی خۆی لەنێو ڕانەکانی گیرکرد. کیژەکەش بە پێکەنینەوە، دەیقیژاند و لێیدەدایەوە، گەزەی لێدەگرت و لاقەکانی لە هەوا دەکرد، بەڵام هۆشەنگ زیاتر پاڵیپێوەنا. ئینجا بەتوندی هەناسەی هەڵکێشاوە و خۆی ڕادەستکرد و قاچەکانی لەپشتی هۆشەنگە یەکدەستەکە وەرێنا ئەویش هەروەک دڕندەیەک دەیمڕاند. منیش گەڕامەوە سەر کار و نێوچاوانیشم ئارەقەی کرد.
لەو کاتەوە زۆرجار گوێم لە قیژە و قرتە و تریقەی پێکەنین لە نێو خانووەکە دەبوو، خۆی ببوومە گەواهیدەرێک لەسەر شەڕ و دەمەقاڵێ نێو ژوورەکە. لەپشت جامی پەنجەرەوە دەمبینی چۆن هۆشەنگ بە کەزییەکانی کیژەکە بۆ ناو هۆدەکە ڕادەکێشێ. ئەویش بە قیژەوە داوای یارمەتی و فریادڕەسی دەکا، بەڵام خۆ من بەهانایەوە نەچووم، چونکە دەمزانی چۆن ئەو هەراوزەنایە کۆتاییپێدێ. ئیدی لێیانگەڕام چیدەکەن بیکەن و تیشکۆی هزر و وزەم خستەسەر کارەکەم؛ بەڵام خۆ نەمدەتوانی لە دەست خەیاڵ و ئەندێشەم ڕابکەم. خۆم وەها دەبینیەوە چۆن چۆن ئەوم بۆ خۆم ڕادەکێشا و بە توندیش دەرپێم

لەپێ دەهێنایەخوار.
بەڵێ، خۆ ئەو کیژێکی ئاسـایی نەبوو، بەڵکو کەسـێک بوو لە دژی چەتەیەکـی وەک هۆشـەنگی یەکدەسـت دەجەنگـی. خـۆی ئەویش خوشـکۆڵەی یەکێ لە سـەرۆک باندەکانی شـارەکە بوو، لە شـەڕ و دەمەقاڵـێ، لـە ئیشـوکاری ڕەش و گوماناوی، لـە درۆ و فەندوفێڵ ڕاهاتبـوو. نەتدەتوانی ئەو لەگـەڵ کیژەکانی دیکە بەراوردبکەی، ئەو جوانووە پڵنگێکی کێوی بوو بۆخۆی.
وردەوردەش لـەوە گەیشـتم، کە منیـش گەنجێکی ئاسـایی نەبووم، چونکـە منیش دەمویسـت ئەو کیژەم هەبێ و دەسـتم بیگاتێ. لەوە زیاترم نەدەویسـت، کە بۆ من بێ، لێمبگەڕێ دەسـت بۆ دەرپێکەی ببەم و لە قاچەکانی بهێنمەخوار. خۆ ئەگەر ئەوەش نەکردە نەبووبێ، دەکـرێ ئەویش زۆری پێخۆش بێ، حەزی لێبێ، من وەهام کردبێ.
ئـەوە بـوو، هەمو شـەوێک بەو خەیاڵـەوە دەچومە سـەرجێی ئەو، کاتێکیـش بەیانیـان لەخەو هەڵدەسـتام، پەرۆشـبووم ببینم و دڵم بۆی لێدەدا.
خۆی من لە بارێکی ئەسـتەمدا بووم ئەو شـتەم بۆ مەیسەر بێ. هەر دەشـبوو بچمە لای، لێ نەشـم دەزانی چۆن چۆنـی ئەم کارە بکەم، تا سـپێدەیەکیان بیـرم بۆ کامێراکەم چوو. ئیدی یەکسـەر پەتۆکەم لەسەر خۆم لادا و لە سەر پێخەفەکەم ڕابووم. هەڵسام و بە خێرایی دەموچـاوم شوشـتن و خۆم گـۆڕی. ئینجا وەسـەر قوللەکە کەوتم، لـەوێ غارمدایە باولەکە و کامێراکەم خسـتە نێو جانتای کۆڵەپشـتم بەرەو شـوێنی کارەکەم بازۆ. من لەوە خاترجەم بووم، کە دەکرێ لە چاوی کامێراکەمەوە بیگەمێ.

## ١٧

**هەرگیــز ناوی ژنەکەی** هۆشـــەنگم نەزانی. ئـــەم حاڵەتە بۆ (ئاورێلیا)ش هەر ڕاســتە، تا ئێستاشــی لەگەڵدا بێ ناوی ڕاســتەقینەکەیم بۆ دەرنەکەوت.

لێــرەدا و لەم کتێبەدا ژنەکەی هۆشـــەنگ ناودەنێم (زارا)[٣٧]، لەســەر نـــاوی کیــژە خۆشەویســتەکەی پێغەمبــەر محەمـــەد. کاتێکیش زارا

٣٧. ڕۆماننوس ناوەکەی دەق (زەهرا Zahra) نووسیوە.

چارشـێوە ڕەشـەکەی هەڵدەدایـەوە و بێوەییانە سـەیری پێش پێی خۆی دەکرد، هیچ ناوێکی دیکە غەیری «زارا»ی بۆ نەدەشـیا.
بەیانیـان مـن یەکەمیـن کـەس بـووم دەچوومـە سـەر دوکانەکـە. کرێکارەکانـی دیکـە سـەعاتێک یـان دوان درەنگتـر دەهاتـن. بۆیە سـپێدەیەکیان سەرلەزوو چوومە سەر کارەکەم، هەر ئەوەندەم زانی، گوێم لە دەنگی «زارا» بوو لە پشـت منەوە هات.
«چایەکە ئامادەیە، باشـە،» گوێم لێبوو وەها بانگیکردم.
کاتێکیش سـەیری دەوروپشتی خۆم کرد، بینیم لەبەر تیشکی خۆری بەیانی لای چوارچێوەی دەرکە وەسـتاوە. ئەو هەندێک چارشێوەکەی هەڵدابووەوە، بەڵکو نیگایەک لە جەسـتە پەریئاسـاکەی بگرم و لاقە ڕووتەکانی ببینم.
ئینجا کەوتە قسە: «هۆشەنگ پێیگوتم پێویستە پێتبڵێم، ئەو ئەمڕۆ لێـرە نییـە، دوای نیوەڕۆیەکـی درەنگ دێتەوە. ئەگەر هەر شـتێکت بوێ، لە هۆدەکەم دەمبینیەوە.»
منیـش بیرم لە هۆشـەنگ نەکردەوە، هەرتەنیـا ئەوەندەم بینی چۆن کزە ڕووناکیی سپێدەکە لەبن چارشێوەکەی بەدەرکەوت و تا جەستە کیژۆڵانەییەکەی خۆی نمایشبکا. ئیدی دەستم دایە کامێرەکەم و پێم گـوت: «نەجووڵێی. بە دەسـتی چەپت چارشـێوەکەت بگرە، لەبەر چەناگەت بگرە و هەندێک بۆ لای دەستەڕاسـت بڕوانە.»
ئەویـش ئەوەی کرد، کە پێم گوت؛ منیش وێنەیەکم گرت.
«چایەکـە دێمی کێشـاوە، سـاز و ئامادەیـە، دەی وەرە بیبە.» بە قرتەیـەک وەهای گوت و خێرا خۆی بەناو ژوورەکەدا کردەوە.

ئەو سپێدەیە من لێی نەچوومە ژوور. وەستام تا ئەو کاتەی خۆی چایەکەی بۆ من و بۆ کارمەندێکی دیکە هێنا.
چاوەکانی هەر پێدەکەنین، ئەمەش واتای ئەوە بوو، گوایە ئێمە بە یەکەوە نهێنییەکمان هەیە، وێنەیەک لەنێو کامێراکەمدا هەیە.
هەرکاتێک ئاوڕ لە ڕابردوو دەدەمەوە، پەی بەوە دەبەم، کامێراکەم لەنگەرگرێک بوو بۆ من. لەنگەرەکە توند بەلەمەکەی منی ڕاگرتبوو، لێنەگەڕا شەپۆڵە هاروهاجەکان بەملا و بەولادا ببیەن.

یەک دوو ڕۆژ دوای ئەوە، کاتێک دیسان هۆشەنگ لەماڵ نەبوو، وێنەکەم نیشاندا.
- «ئای لەوە، خۆ ئەوە منم؟» بەسەرسامیەوە وەهای گوت. «دەی وێنەی زیاتریشم بگرە.»
من حەزم لێبو، سوێم ببووەوە، بەڵام لەنێو مێشکمدا گوێم لە دەنگی باپیرەم بوو پێیگوتم: «حەوسەڵەت هەبێ، گەنجۆ ئارامبگرە.»
لەو قۆناغەی ئارامگرتنەدا، لە هۆشەنگم پرسی، بەڵکو بکرێ یەک دوو وێنەی بگرم.
ئەویش پێی وا بوو باش گوێی لە من نەبوو.
منیش کامێراکەم دەرهێنا. ئەویش دەستی دایە و کێشای وەک ئەوەی گندۆرەیەک بێ لەسەر لەپی دەستی.
ئینجا گوتی: «دەی بیگرە.»
منیش سێ وێنەی ڕوخسارم گرتن و چوار وێنەی دیکەشم لە جووڵە و شوێنی جیاواز گرتن. ئەوە یەکەمین جار بوو کامێرام لەدەست ببینێ. کامێراکەی لەسەر کۆشی دانا و جگەرەیەکی پێکرد.

بـە بیرلێکردنـەوە قوومی لـە جگەرەکە داو دووکەڵەکـەی بەباکرد و گوتـی: «گەنجۆ، ئەمە هونەرە. تۆ گیانێکی هونەرمەندانەت هەیە.» هێشـتا هـەر وا دیار بوو شـتەکە نالەبارە. گومانـم هەبوو ئەو خۆی بیری بۆ ئەوە نەچووبێ. ئاخر ئەوەم دەزانی، کە هۆشـەنگ بیری بۆ ئەوە چوو، کە من نەمزانیبێ.

من کەتەلۆکێکی نوێی ئایسـکرێمی نوێی ئالاسـکام لەسـەر پێخەفی «ئەکرەم جون» بینی، تێیدا هاتبوو چۆن چۆن تەنکە شوکولاتەیەک بەسـەر ئایسـکرێمدا دەکرێ. هیچیشـم لەو بارەیەوە نەدەزانی، ئاخۆ ئەم کەتەلۆکە چۆن گەیشـتۆتە دەستی دۆتمامەکەم.

هۆشەنگ یەک دوو پارەی کاغەزی خستە نێو بەرکم. خۆی ئەمەش بۆ یـەک دوو وێنە پارەیەکی زۆربـوو. کاتێکیش ڕەتمکردەوە وەریبگرم، پێیگوتـم: «دەی هەڵیگـرە. تـۆ شـایانی ئەوەیـت. سـەوداکردن لەخەسڵەتتاندایە.»

گومانـم بۆ ئـەوە چوو، ئاماژەیـەک بێ بۆ «ئەکـرەم جون». خۆی شـکولاتەکە بیرۆکەیەکی «ئەکرەم» بـوو. جارێکیان بۆی گێڕامەوە، لە تاران ئایسکرێمێکی ئالاسکای بە شکولاتەی زۆر خۆشی خواردووە و هێشـتاش تامەکەی هەر لەبن ددانەکانی ماوەتەوە.

ڕۆژێکی دیکەشـیان کە هۆشـەنگ دیسان لەماڵ نەبوو، کارمەندەکانی دیکەش هەر لەوێ نەبوون. گوێم لە زارا بوو گوتی: «چا ئامادەیە.» منیش دەستم دایە کامێراکە و چووم. دەرکەی هۆدەکەی تیدابوو، بە نەرمی لە دەرکەم دا.

«فەرموو.»

منیش چومە ژوور. ئەو چارشێوی لەسەر نەبوو، بلوزێکی تەسکوتاری لەبەردابوو، مەمکۆڵەکانی تێدا دەرپەڕیبوون.
ئامادەکاری ئەوەم کرد وێنەیەکی بگرم.
ئەویش گوتی: «کەمێ بوەستە.» ئینجا قەڵەمی لێوانی لەنێو جانتا بچکۆڵەکەی دەرهێنا و هەندێک بە لێوەکانی داهێنا و سوورێکردن. نەوەستام تا لەخۆی دەبێتەوە، وێنەیەکم چرکاند. خۆ نەدەبوو کات بە فیڕۆبدەم، ئاخر زۆری نەدەبرد کرێکارەکان بێن، هاتنەوەی هۆشەنگیش لە ئانوساتدا بوو. کاتێکیش لەبەردەم ئاوێنە بە پەنجە ڕەنگی سەر لێوەکانی ڕاستدەکردەوە، وێنەکەم گرتبوو. «دەی بوەستە تا لەخۆم دەبمەوە.» وەهای پێگوتم و پەنجە تەڕەکەی بە برۆ ڕەشەکانی داهێنا؛ بەڵام خۆ من نەوەستام و وێنەی خۆییم گرت، پاشان لە هۆدەکەی هاتمەدەر.

دوو هەفتەی خایاند تا فیلمەکەم شوشتەوە، چونکە دەمویست خۆم لە ژووره تاریکەکەی خۆمدا بیشۆمەوە.
«ئەکرەم جون» کارێکی وەهای بۆ کردبووم، ژوورێکی سەربەخۆی تاریکم هەبێ. لەو پارەی پاشەکەوتم کردبوو شتە پێویستییەکانی دەستی دوومان لە بازاڕ کڕیبوو. ئەو یارمەتیدام، کە ئەو کۆڵێتە بچکۆڵەیەی پشت قۆپەنەدارەکە، کە هیچ کەسێک بەلایەوە نەدەچوو، بەکاربهێنم؛ ئەوێ بکەمە ژورێکی تاریکی ئەنگوستەچاو. دوو مێزی بچکۆلەم بردنە ئەوێ. یەکەم بەکرەی فیلمەکە وێنەکانی زارای لەسەربوون.
هەروەک دیندارێک کاتێک کامێراکەم دەستدەداێ، وێردێکم لەسەرزار

بوو. ئیدی لە ژوورە تاریکەکەدا بەکرە فیلمەکانم دادەنان و خەریکی شوشـتنەوەیان بووم. دڵیشم بە توندی لێیدەدا.
ئەوێ ژوورێکی تاریکی ئاسـایی نەبوو، بەڵکو ئەوێ ڕێچکەیەکی نوێ بوو. خۆی ئەوە زارا بوو لەبن مادە کیمیاییەکانەوە نیگای تێبڕیبووم.
ئینجا وێنەکانم خسـتنە بەرکم و بەرەو شوێنی کارەکەم ڕۆیشتم. ئەو یـەک دوو جار پرسـیاری وێنەکانـی لێکردم، منیـش بەڵێنم پێدابوو لەگەڵ خۆمیان بیانبەم.
کاتێکیـش ئـەو بانگیکـرد کـە ئامادەیە، دەسـتبەجێ دەسـتم دایە زەرفەکە و بەرەو هۆدەکەی ڕۆیشـتم. لە دەرکەم دا.
«فەرمو وەرە ژوور!»
منیش چومە ژوور. یەکسـەر نیگام پەڕیە سـەر جانتایەک، کە لەوێ داندرابـوو. بە خێرایی دەرکەی پێوەدایەوە، ئەمەش منی ڕاچڵەکاند.
«وێنەکانت.» وەهام پێگوت.
خـۆی دەبوایە کامێراکەشـم لەگەڵ خۆم بردبایە تـا خۆم پێبپارێزم.
ئەویـش بەدڵخۆشـییەوە سـەیری وێنەکانی کرد و ئەو شـتەی کرد، کـە تەنیـا کیـژە کێوییەکان دەیکـەن. ئافرەتێک کە ژنی هۆشـەنگ و خوشـکە هـەرە بچکۆلانەکەی سـەرباندێکی چەتەی شـارەکە بوو.
ئەوە بوو باوەشـێکی پێداکردم، منی بۆخۆی کێشکرد. خۆی دەبوایە دەستم بۆ ژێر تەنوورەکەی ببردبایە تا هەر وەک هۆشەنگ دەرپێکەی لە پێ بێنمەخوار، شتێک دەیان جار لە خەونەکانمدا کردوومە؛ بەڵام خـۆم گرت و وەهام نەکرد. ئاخر پێشـتر هۆشـەنگ پلەی منی وەک هونەرمەندێـک بەرزکردبوەوە. ئەو متمانـەی پێبووم، منیش دەبوایە هەروا بمێنمەوە.

زارا لێوەکانی لەسـەر دەمم گیرسـاند، دەسـتی گرتم و لەسـەر ڕانی خۆی دانا. منیش هەسـتم بە لاسـتیکی درپێکەی کرد. ئینجا گوتی: «من واز لەو درندەیە دێنم.»
دەستی بۆ دەرکە برد و کردیەوە، جانتاکەی هەڵگرت و لێیدا ڕۆیشت.

ئێسـتاش کە بۆ ئەو سـەردەمە دەگەڕێمەوە، دڵخۆشم بەوەی دەستم لـە زارا نـەدا. ئەو بۆ هەتاهەتایە ڕۆیشـت و ونبوو، بەڵام هۆشـەنگ مایـەوە. بـە دڵنیایشـەوە یەکێک بە خـۆی و جانتاکـەی پەیدابوو، نەمانزانی سەروسـەکوتی لە کوێوە دەرهێنابوو، پێویستم بەو هەبوو.

## ١٨

**لـە ڕێـی کارکردنـم** بـۆ هۆشـەنگ زۆر شـت لـە ژیانم گـۆڕا، ئەو گۆڕانکارییانەش تا ماوەیەک پێش ئێسـتا هەر مابوون، بەتایبەتی تا هاتنی شـڵخەی مێشە هەنگێک تا لەنێو کێڵگەکەمدا لانەیەک بۆخۆی چێبکا.

هاوین ڕۆیشـت و منیش دەبوایە خواحافیزی لە هۆشەنگ بکەم.

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ دووکانی هۆشـەنگم جێهێشت. لە کۆڵانەکە

دەرچــووم بــەرەو شــار ڕۆیشــتم، لــەڕێ گەنجێکم بینی بــە خۆی و جانتاکــەی ڕووبەڕووم هــات. پێم وا بوو پێشــتر بینیومە، بەڵام زانیم ڕاست نەبووم.

پیاوە گەنجەکە ســمێڵی هەبوو، ڕۆنیشــی لە پرچی دابوو. ئەو وەک فەرمانبەرێکــی میری دیار بوو تازە دامەزرابێ.

کاتێک بەتەنیشــتمدا ڕۆیشــت، گوێــم لە هیچ دەنگــی پێیەک نەبوو، تەنیا دەنگی سمی بزن نەبێ.

لەپڕێکەوە تووڕەبووم. پریشــکی تووڕەییــم لەچاو دەهات. بەڵێ ئەو کەســە جنۆکە نەبوو، بەڵکو کوڕی قەســابەکە بوو، ئەو کوڕەی منی بردبووە ئەشــکەوتێ و ویستی بەزۆر دەرپێم لەپێ دابکەنێ.

بەڵێ منیش ئەو کوڕە سادە و ساویلکەی جاران نەمابووم، من لەگەڵ هۆشــەنگی یەکدەست هەڵســابووم و دانیشــتبووم. کوڕی قەسابەکە هەر بیســت مەترێک لە من دوورکەوتبووەوە. کەمێ لە شــوێنی خۆم وەســتام، ئینجا بە دوای ئەودا ڕۆیشتم، دەستم بۆ برد و جانتایەکەم لێستاند و بەرەو لای دوکانی ئایسکرێمی ئالاسکاوە ڕامکرد. پیاوەکە، کوڕی قەســابەکە، جنۆکەکە پێیوابوو من دزم، ئەویش بە دوای مندا غاریدا و بانگی کرد: «بوەســتە، هەی دز ڕاوەستە!»

بــەو جانتایــەی لێمڕفاندبوو چوومــە دوکانەکە. کوڕە قەســابەکەش بەدوامدا هات، ئەو بەپەشــۆکاوی لە نێوان عەرەبانەی ئایســکرێمەکە و بەفرگرەکە وەســتا. منیش خۆم لە پشــت کارتۆنی شیرە هاڕاوەکە شــاردبووەوە. کوڕی قەسابەکە نەیدەزانی چی لە گۆڕێدایە.

«ئــەوە لە کوێــی؟ دەی جانتاکەم بدەوە!» ئــەو وەها هاواریدەکرد. ئەوەش دەنگێک بوو ناسیمەوە، دەنگێکی بێزراو، هەر جارێک لەشتێک

بترسابام گوێم لەو دەنگە دەبووەوە. «بۆ کوێ دەچی، هەر دەتگرم، سەرت دەبڕم.» ئەو وەهای گوت و بەرەو لای کارتۆنە لەسەریەک دانـراوەکان هات. منیش لەوێ، لە تاریکی دەرپەڕیم و وەک بەورێکی ڕەش نەڕاندم و لێی چوومەپێش، ئەویش لەو شتەی لە تاریکی و لەپڕ لێیپەیدا بوو ترسا، پەشۆکا. من دەمزانی چیدەکەم، نەخشەکەم هەر لەسەرەتاوە دانابوو. هاوارمکرد: «ئـەوە جانتاکەت! ئیدی فڕێمدایە نێـو ئەو پەناگەیەی بۆ کەرەستەکان دانرابوو، فڕێمدایە نێو مەنجەڵ و دامودەزگای تێکەڵکردن و تێکوەردانی شـیرەکە.

کـوڕی قەسـابەکەش یـەک دوو هەنگاو بـۆ عەمبـارە ژێرزەمینەکە شۆڕبووەوە. ئەو کاتەی خۆی نەوی کردەوە تا جانتاکەی هەڵبگرێتەوە. بە توندی شـاپێکم لە پشـت ملی دا، یەکسەر بەسـەر مەنجەڵەکاندا کەوت. ئینجا خێرا دەرکەی عەمبارە ژێرزەمینەکەم لەسەری داخست. کوڕی قەسـابەکە بە هەردوو دەسـتی لە دەرکەی دەدا و بانگی کرد: «هەی بیژمۆت، دەرکەکە بکەوە!»

منیش وەک بەردم لێهاتبوو، لە نێوەڕاستی دوکانەکە لە شوێنی خۆم ڕەق وەستابووم.

دوای کەمێـک لە لێدانی دەرکەکە وەسـتا، ئینجـا هاواریکرد، بەڵکو کەسـێک بـە هانایەوە بچـێ. لەوانەیە وای بیرکردبێتـەوە، من لەوێ ڕۆیشـتبم. کەچی خۆ کەس گوێی لەو نەبوو، دەرەوەش تاریک بوو. گوێـم لە دەنگی پێیەک بوو، چراش هەڵکرا.

خۆ ئەمە هۆشـەنگ بوو، یەکسەر گوتی: «ئەوە لێرە چی دەکەی؟»

منیش هیچم نەوت، هەر لە شـوێنی خۆم ڕەق وەسـتابووم. کاتێکیش گوێی لە دەنگی کابرا بوو لەپشت عەمبارەکەی ژێرزەمین، دەستبەجێ

تێگەیشت، کە شتێکی دژوار لەئارادایە.
کوڕی قەسابەکە، کە گوێی لە دەنگی هۆشەنگ بوو، بانگ و هاواریکرد:
«هــەی بیژمۆت دەرکە بکەوە، بۆ کوێ دەڕۆی هەر دەتکوژم.»
بینیــم چــۆن چاوەکانی هۆشــەنگ هــەروەک ئەوەی چــاوی مارێکی ژەهــراوی بێ بچووکدەبوونەوە. ئاخر ئەو هەمــوو متمانەیەکی بە من بــوو، دەیزانــی لە خۆڕا پیاوێک لەپشــت دەرکــەی عەمبارێک ناکەم. دەیزانی لەنەستەوە چاوەڕێی ئەوم کردووە.
پێیگوتم: «کلیلەکە؟»
منیش دەســتم بۆ ڕاداشــت، بەڵام خۆ دەستم ببوە بەرد، نەمدەتوانی مشتم لێکبکەمەوە.
هۆشــەنگ بە پەنجە توندەکانی دەســتی منی لێککردەوە و کلیلەکەی دەرهێنا. دەرکەی کردەوە و لەبەردەم کوڕی قەسابەکە وەستا. خۆی بەســەردا دا. ترســم لە چاوی کوڕی قەسابەکە بینی. ئەو نەیدەزانی، هۆشەنگی بەترسوسام یەک دەست بوو. نەشیدەزانی ئاخۆ بۆچی من ئەوم بەندکردووە.
هۆشــەنگ ئەوی لــە ژێرزمینەکــە هێنایەدەر. کوڕی قەســابەکە منی ناســییەوە، ئینجا تێگەیشــت کەر لە کوێ کەوتووە و کوندە لە کوێ دڕاوە. وەک ئەوەی لەپڕ مارێک گازی لە ئانیشکی دابێ و پێیەوەدابێ، تۆقی.
هۆشــەنگیش بانگیکردم « بۆچی ئەوەت لێرە بەند کردووە؟»
مــن نەمدتوانــی هەروەها نەشمدەویســت هیــچ وەڵامێکــی بدەمەوە. بێدەنگ بووم.
«باشــە بۆچی ئەو تۆی لێرەدا پەســتاوە؟» هۆشــەنگ بانگی کوڕی

قەسابەکە، پیاوەکە، جنۆکەکە، فەرمانبەرەکەی کرد. ئەویش تازە هۆشەنگی ناسییەوە، هەنگاوێک بۆ دواوە کشایەوە.
هۆشەنگ دەستی بۆ بەرکی پانتۆڵەکەی برد و لەچاوتروکانێکدا چەقۆکەی دەرهێنا و ڕایکێشا. ئینجا ڕووی خۆی بۆ لای من وەرسووڕاندەوە و جارێکی دیکە بانگیکرد: «بۆچی ئەوت لێرە پەستاوە؟»
خۆی هەرگیز نەدەبوو وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، بەڵام نەشمتوانی بەر بەفرمێسکەکانم بگرم. ڕۆندک لە چاومدا هاتنەخوار.
«باشە بۆچی تۆی لێرە پەستاوە؟» دیسان پرسیاری لە پیاوەکە کردەوە. کابراش بەو جانتایەی لەدەستیدا بوو، بە چاوە تۆقیوەکانی سەیری هۆشەنگی کرد و متەقی لێوە نەهات. ئیدی چەقۆکە لە هەوا درەوشایەوە. ئەوە بوو چەقۆکە وەشێنراو دەموچاوی کوڕی قەسابەکەی هەر لە لای گوێی ڕاستەی تا بن لێوی هێنایەخوار. لەبەر ئازار ناڵاندی، دەستێکی لەسەر برینەکە دانا و بەدەستەکەی دیکەش جانتاکەی و بۆ دەرەوە ڕۆیشت.

ئەوە بوو بە یەکجاری هاوین کۆتاییهات. من زۆر شتم لەگەڵ هۆشەنگ هەبوو، بەڵام زۆری پێناچێ کەسێکی دیکەش دەناسم کە سەد جار لە هۆشەنگ بەهێزتر بوو. پیاوێک هەروەک من ناڵچەی زێڕینی لە بنی کەوشی دابوو. ئەو خەڵکی ئەمریکا بوو، تا ئاراستەیەکی دیکە بداتە ژیانم. ناویشی (مایک هامەر) بوو.

## ١٩

**جار بەجار** هەندێ وێنە نیشـــانی «ئاورێلیا» دەدەم. هەر جارێک لە نووســـینی بەندێک ببمەوە، سەیری یەک دوو وێنەی دیکە دەکەم، کە بۆ بەندی دادێ پێویستم پێیاندەبێ.

خۆی هەمیشـــە دەبێ ئامانجێکم هەبێ. هەر بۆیەشـــە ئەو چیرۆکە بۆ «ئاورێلیـــا» دەگێڕمـــەوە. ئەو ناتوانێ ئەو کتێبـــە بخوێنێتەوە، بەڵام کێ دەزانێ، بەڵکو ڕۆژێ دابێ، ئەویش هۆڵەندی فێر ببێ، ئینجا ئەم

کتێبەم بخوێنێتەوە.
هەرگیز ئەوەم بۆ دەرنەکەوتووە ئاخۆ زمانی زگماکی «ئاوریلیا» چی بـووە. بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژ، بە یەکەوە زمانێکی بەراییمان داهێناو و پەرەپێدا، تادێ تێیدا مەعلان دەبم. کەواتە من بە زمانی هۆڵەندی و بــە ئینگلیزی و نەخاســمە بە زمانــی ئامازە ئەوەی بۆ دەگێڕمەوە، ئاخــۆ چیرۆکەکەم لەبــارەی چییەوە دەدوێ. ئــەوەش لەئارادا نییە، ئەو لە هەر هەمووی بگا، بەڵام خۆ ئەوەش هەر پێویســت نییە، یان با بڵێین قەیدی ناکا. وەها باشترە ئەو بە خەیاڵ و ئەندێشەی خۆی، چیرۆکێکی دیکەی لێدروستبکا.
تــا ڕادەیەک من هیچ لەبــارەی ڕابردووی (ئاورێلیــا)وە نازانم، بەڵام ئەوە باش دەزانم، ئاســوودەیی و بەختەوەری، ئەو شتە شایستەیەی ئەم لەو کێڵگەیەدا بەسەریدا کەوتووە و دۆزیویەتەوە، جارێ بە هیچ شتێکی ئەم دنیایەی ناگۆڕێتەوە.
ئێســتا ئاورێلیا هەموو کەســایەتییەکانی نێو وێنەکان دەناسێ، بەڵام من هیچ وێنەیەکی کوڕی قەســابەکەی نیشــاننادەم. خۆی دەبێ وەک مەتەڵێــک لەنێو وێنەکاندا، بیچمی کابرا هەڵبێنێ.
بۆ نووســینی ئەم بەنــدە، فیلمێکی پۆلیســی«مایک هامەر»م لەنێو ڤیدیۆخانــەدا هێناوەتەدەر. هەروەک نەریتی خــۆی، ئاورێلیاش هاتە تەنیشــتم دانیشت، تا بەیەکەوە سەیری فیلمەکە بکەین.

«مــن نامەوێ هیچ کەســێک بگرم. هەر ئەوەم دەوێ بە شــێوەیەکی ئاســایی خەڵک بکوژم.» ئەوە قســەی «مایک هامەر» بوو. ئەو بە ڕاســت و چەپ، شــەلم کوێرم، هیچ نابوێرم، تەقــەی دەکرد. بۆ ئەو

تەنیا کوشـــتن، کوشتن، هەر کوشتن و کوشتن بەس بوو.
ئـــەو فیلمەی ســـەیرمان کـــرد، لەســـەر کتێبـــی بەناوبانگـــی «میکی ســـپیلانس» بە ناوی (کوشـــتنە گەورەکە) ڕۆنرابوو. خۆشەویسترین گرتەش بۆ ئاورێلیا ئەو دیمەنە بوو، کە تێیدا (ڤێلدا) سکرتێرە هەرە جوانەکەی «مایک هامەر» بە نەخۆشی سەردانی دەکا. ئەو لە لایەن چەنـــدان تاوانبار حەســـیرمەیدانێکی خراپ کرابوو، لـــە ترومبێلەکەی فڕێیاندابـــووە خـــوار. شـــۆفێرێک کە بەڕێکـــەوت بەتەنیشـــتیدا دەڕوا دەیبینێ و پاشـــان پۆلیســـی لێئاگاداردەکاتەوە. دوای ســـێ ســـەعات لـــە ڕووداوەکـــە، ئینجـــا (ڤێلـــدا) پێیدەزانـــێ، کەوا ئەو هێشـــتا هەر لـــە نەخۆشـــخانەدا کەوتـــووە. لـــە کتێبەکەدا «مایـــک هامەر» خۆی حیکایەتخوانەکەیە.
««ڤێلـــدا» ئافرەتێکـــی قەبـــەی بەژنبـــڕ بـــوو، ئەو بە ڕووم مســـکە بـــووەوە، هەر یەک دوو ســـانتیمەتر لێمـــەوە دوور بوو و تا دەهاتیش چرکەبەچرکـــە لێـــم نزیکدەکەوتـــەوە. ئـــەو ئەوەندە جـــوان بوو، هەر تەماشـــاکردنی بەئازاربوو. دەســـتە نەرمەکانی لەسەر ڕووی من دانان و دەمیشـــی هەم گەرم و هەم وەک هەنگوینیش شیرین بوو. تەنانەت لە بن پەتۆکانیشـــدا هەستم بە فشـــاری مەمکە توندوبەندەکانی کرد، دیاربوو باوەشیان بۆ کردبوومەوە.
ڤێلدا گوتی: «مایک، من تۆم خۆشـــدەوێ.»
منیـــش بـــە نەرمـــی دەســـتمگرت و لەســـەر جێیەکـــەم هەڵســـامەوە. ســـەیرمکرد چـــۆن چۆن بـــەرەو دەرکە دەڕوا، هەر بـــە تەواوی حەزم چووە هەر جووڵەیەکی لەشـــولاری. ئاخر شـــتێکی ئازەلانە لە ڕەوتی ڕۆیشـــتن و سمتبادانیەوە هەبوو، وەک ئەوەی ئاژەڵێکی نێو جەنگەڵ

بێ.
چاوەکانی سـەمایان دەکرد، خۆ تەنانەت شـتێکی وەهات لە گۆڤارە مۆدەکانیـش نەدەهاتەبەرچـاو. ئـەو خۆی (سـایرس Circe) بوو، عفریتێکـی پڕحەز بـوو، پەیکەرێکی زیندوو لە پیشـانگایەک دانرابێ و تەنیا یەک کەسـیش بەدوایدابگەڕێ. دامێنی تەنوورەکەی هەڵکشـا و لەژێـر نایلۆنەکـە شـتێکی زێـدە نایابی خـڕ بەدیارکـەوت، ئینجا نایلۆنەکەشـی هەندێک هەڵکێشـا و ڕانی وەک پەنیرێکی سـپی سپی بەدەرکەوت و پێمگوت: «کیژێ بەسـە. تکایە وازبێنە.»
بەر لەوەی شتێکی دیکەی پێبڵێم، بزەیەکی بۆ کردم و ماچێکی تێگرتم ئینجا گوتی: «هەنووکە دەزانی کەوا «ئۆدیسـیۆس Odysseus» دەبێ چ هەستێکی هەبووبێ.»

«ئەکرەم جون» هەموو چیرۆکە پۆلیسـییەکانی (مایک هامەر)ی لە نێـو دۆلابی کتێبخانەکـەدا هەبوو. منیش شێتوشـەیدای ئەو کتێبانە ببووم. شتی وەها وروژێنەری تێدابوو، ناوبەناو منیش لەگەڵ شتێکی وەها لە دوکانەکەی هۆشـەنگدا دەژیام. دوای پشـووی هاوین، کاتێ دەرگای مەکتـەب کرایەوە و گەڕامەوە قوتابخانـە، پەیوەندیم لەگەڵ هۆشـەنگدا نەما، ئەمەشم زۆر پێ مایەی داخ بوو.
ژیـان بڕیاری شـتێکی دیکـەی دا. دوای نیوەڕۆیەکـی ڕۆژی هەینی، زەنگی دەرگای دەرەوە لێی دا، جارێکی دیکە کەوتەوە گەڕ، ئەمەش هێما بوو بۆ سەردەمی زێڕینی قەڵاکەمان. وەک ئەوە وا بوو، کە ئەو ئامێـرە ژەنگاوییە ژیانی بەبەر قەڵایەکدا کردبێتەوە.

هەمــووان گوێیــان لــەو دەنگە بوو، لێ کەســیان وایــان دانەنا بوو، دەنکەگە لە زەنگەکەوە هاتبێ.
مەلــە پیرەکــە، پەپووســلێمانیش بەســەر قەڵاکەدا هەڵفــڕی و هەر دەیخوێند: پەپوو، پەپپووو.
لەبــەر دەنگەکــە باپیرەم هاتەدەر. بینیم خــۆی و گۆپاڵەکەی بەرەو دەرگای دەرەوە، بــەرەو دەروازەکــە هەنگاودەنێ. بــە زەحمەتێکەوە دەرگاکــەی کــردەوە بینی «هۆشــەنگ» لــەوێ وەســتاوە. بە تاکە دەســتێکەوە شەپقەی لەسەر هێنایەخوار و سلاوی لەباپیرەم کرد.
باپیرەشــم ئەوی ناسییەوە. زانی لە گۆترە زەنگەکە لێنەدراوە، ئیدی فەرمــووی لێکرد و یاوەری کرد تا بردییە هۆدەکەی خۆی.
لــەو ســاتەدا «ئەکرەم جــون» دەرکەی ژوورەکەی خــۆی کردەوە و خۆی نیشاندا.
«ســوڵتان! میوانمــان هەیــە. دەکرێ دوو پیاڵە چامــان بۆ بێنی؟»
ئەوە باپیرەم بوو وەها بانگیکردم.
دایکیشم کە پێشبینی نەکردبوو هۆشەنگ سەردانمان بکا، بە دەستی لەرزۆکەوە دوو پیاڵە چایەی تێکردن و ئینجا بە نەرمییەوە پێیگوتم:
«ئەرێ ئەو لێرە چی دەکا؟ تۆ شــتێکی لەبارەوە دەزانی؟»
منیش ســەرم بادا، چایەکانم بردن و هۆشەنگم بەخێرهێنا.
باپیــرەم پێیگوتم: «دەکرێ داوا لە دایکت بکەی تا ئێرە بێ؟»
کاتێکیش بە دایکمم گوت، بە ترســێکەوە، کە لەنێو چاوانی دیاربوو، چارشێوەکەی بەسەر سەر دادا و گوتی: «باشە ئەوان چییان لە من دەوێ؟ تۆبڵێی شتێکی هەڵەم کردبێ؟»
منیــش گوتم نەخێر، بەڵام لەپڕ منیش ترســام. لەوە ترســام مەبادا

هۆشەنگ بۆی دەرکەوتبێ، کە وێنەی ژنەکەیم گرتووە.

ئیدی هیمەتم دایەبەر خۆم و دایکم لەگەڵ خۆم برد. باپیرەم لە ژوورەکە هاتەدەر و لێگەڕا هەرسێکمان بەیەکەوە بین. هۆشەنگ سڵاوی لە دایکم کرد و گوتی: «تکایە دۆتمام، لێم مەگرە. من هاتوومەتە ئێرە و دەمەوێ سڵاوت لێبکەم. ڕاستییەکەی ویستم پێتبڵێم، کوڕەکەت گەنجێکی باشە. ئەو لە دوکانەکەمدا کاری باشی کردووە، کاروباری ئەوێ ڕێکوپێک بەڕێکردوون. ئەگەر ڕێگە بدەی، دەمەوێ زیاتر کاری پێبکەم. من هەنووکە ئێوارانی ڕۆژی پێنجشەممان پێویستم پێی دەبێ تا حیساباتەکەم بۆ ڕابگرێ.»

دایکیشم کە بەئاستەم لەو سەردانە لەپڕەی وەخۆی دەهاتەوە، بەکورتی لێیبڕیەوە: «بەڵێ، بێگومان. منیش قسە لەگەڵ باوکی دەکەم، بەڵام پێموایە ئەو لاری لەوە نییە.»

خۆ دایکم پێویستی بە ڕاوبۆچوونی باوکم نەبوو، چونکە باوکە خۆشەویستەکەم لە هیچ شتێکدا ڕای خۆی نەبوو. ئەو تەنیا پارەی بۆ ماڵ پەیدادەکرد و دایکیشم مشووری شتەکانی دەخوارد.

کاتێکیش هۆشەنگ خواحافیزی کرد و قەڵاکەی بە جێهێشت، «ئەکرەم جۆن» لەوێ لە لای دارەکان لەپاڵ ڕووبارەکە بەدیارکەوت. هۆشەنگیش کە ئەوی بەدیکرد، شەپقەکەی بۆ داگرت و بە ڕێگەی خۆیدا ڕۆیشت.

کەواتە دیسان کارم بۆ هۆشەنگ کردەوە، بەڵام ئەم جارەیان لە دوکانی گوێزفرۆشتن. هەمان ئەو پیاوانەی لە دوکانی ساردەمەنی ئالاسکاوە کاریاندەکرد، ئەم جارەیان گوێزی نوێیان لە فەردەی

گەورە گەورەی داخسـوور و داخشیندا[٣٨] لە دەرەوەی شار دەهێنا.
پیـاوەکان ئەو گوێزە تەڕانەیان بـە ڕەزەرەوە[٣٩] دەهێنا و پاتکەیان[٤٠]
دەکـردن و بە چەقـۆ ڕەزەرەکەیان لێدەکردەوە. دواتـر گوێزەکانیان
فڕێدەدایـە حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاو.

ئەو گوێزە تەڕوتازانە هەموو ئێوارانی ڕۆژانی پێنجشەممە لە شەقامی
کۆرنیشـی شـارەکە دەفرۆشت، ڕاستییەکەی شـەقامی کۆرنیش ناوە
نوێیەکـەی مەیدانـی مزگەوتەکـە بوو، هێشـتا نەوەی کـۆن هەروای
پێدەگوت.

مەیدانی مزگەوتێ لە ئێوارانی ڕۆژانی پێنجشەممەدا بە هەزاران کەسی
تێدەڕژا. لەنێوەڕاستی شەقامی کۆرنیشەکەدا هەیکەلێکی شایەکەمان
بە سـواری ئەسـپ دانرابوو، دەوروبەریشی هەمووی فوارەی ئاو بوو،
سـەرەو هەوراز ئاوی دەپڕژاند. لەو ئێوارانەدا شـارەوانی بڵنگۆیەکی
گـەورەی دانابـوو، موزیکی لێدەدا. زۆر جاران مـرۆ لەو بڵندگۆیانەدا
گوێی لە دەنگی نەرم و سـۆزداری ژنان دەبوو گۆرانییان دەچڕی.
شـەقامی کۆرنیش بـە پەنجا گڵۆپێـک ڕووناککرابووەوە. هۆشـەنگ
لای هـەر یەکێکیـان مێزێکی دانابوو، گوێزی تازەی دەفرۆشـت. ئەو
کوڕانـەی لە هاویندا سـاردەمەنی ئالاسـکایان دەفرۆشـت، هەنووکە
ببوونە گوێزفرۆش.

---

٣٨. لە حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا ئەردە تەلیسی داخسوڵوور و داخشین هەبوون. داخ سوورەکەیان گەورەتر بوو لە داخشینەکە. ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو برگەیە یادەوەریی منداڵیمی هەژاند. تاخر تا ڕاگواستنی بەزۆرملێی ڕژێمی بەعس لە تەممووزی ١٩٧٨دا، ئێمە لە گوندی (گرک)ی (دۆڵی ڕووست)ێ دەژیان، هەینێ باوکم دوکانی هەبوو، هەروەها بەرووبوومی پایزەی لە سێو و هەرمێ و گوێز و هەنگوینیش لە جووتیاران دەکڕی و و لە هەولێر و موسڵ ساغیدەکردەوە. ئەردەی داخسوور و داخشینی بەکاردەهێنا. ئیدی لێرە ئەو دوو وشەیەم بەهاناوە هاتن. وەرگێڕ

٣٩. ڕەزەر: ئەو توێکڵە کەسکەی وەک بەرگێک دەوری گوێزەکەی داوە بەر لە پاتکەکردن.

٤٠. پاتکەکردن: پاککردن لێکردنەوەی ڕەزەر لە گوێزە تەڕەکە.

منیش ئێستا سەرپەرشتیاری کاروباری گوێزفرۆشتنم.
کاتێکیش ئێوارانی پێنجشەممە، سەر لەزوو بەر لەوەی ئەوانی دیکە بێن، دەچوومە سەر کار، دەمبینی هۆشەنگ لەوێ لەناو دوکانەکە لەسەر فەردە گوێزێکی گەورە دانیشتووە و کتێبێکی بە دەستەوەیە و دەیخوێنێتەوە. کاتێ منی بینی سڵەمەییەوە. ئاخر وەرگێڕانە فارسیەکەی (کوشتنە گەورەکە)ی لەدەستدا بوو.
منیش کتێبەکەم ناسییەوە، شتەکە بۆ من زۆر روونبوو، هەروەک بەری لەپی دەستم وا بوو. لەسەر بەرگی کتێبەکە وێنەی پیاوێک هەبوو، شەپقەیەکی لەسەر بوو، پاڵتۆیەکی دامەندرێژی لەبەردابوو، بۆینباخێکی سووری بەستبوو و دەمانچەیەکیشی لەدەستدا بوو. کیژێکی کەژەی ناسکونازداری شان و مل نیوەڕوتیش دەمانچەیەکی پێبوو، لێیراگرتبوو. لە سەر بەرگی پشتەوەش ئەمە هاتبوو: «مایکی سپیلانس» نووسەرێکی چیرۆکە هەژندەکانە، تا ئێستا پەنجا ملیۆن دانە کتێبی فرۆشراون. ئەو لەسەرتاسەری دنیادا بە ملیۆنان هەواداری هەن. هەموو دەیخوێننەوە، هەر لە کابانی ماڵەوە تا پۆلیسی واشنتن، هەر لە مامۆستاوە تا پێشخزمەتی چێشتخانەکان.
هۆشەنگی یەکدەستیش، کە لە ژیانیدا کتێبێکی نەخوێندبووەوە، ئێستا سەری بەسەر ژیاننامەی «مایک هامەر»دا گرتووە.
منیش وەها جووڵامەوە وەک ئەوەی هەر هەستیشم پێنەکردبێ، کە ئەو کتێبەکە دەخوێنێتەوە. ئەویش کتێبەکەی خستە بەرکی و گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی.

لە وەرزی پایزدا، هەموو ئێوارانی ڕۆژانی پێنجشەممە کارم بۆ ئەو

کـرد. کارەکـەم بە خۆشـییەوە کرد، ئەوە ئەزموونێکـی نوێ بوو بۆ من. بە سواری پایسکلەوە بەسەر گوێزفرۆشەکاندا دەگەڕام تا ئەگەر لێیـان بڕا بێ، هی دیکەیان بۆ ببەم و پارەکەشـیان لێوەربگرم. بەم جۆرە هەم بە شـارەکەمان ئاشـنابووم هەم باشـتر دانیشتوانەکەیشم ناسین.

لـە دوا ئێوارەی پێنجشـەمەی پایزدا، لەپڕ دایکـردە تاوە بارانێکی بـە خـوڕ، شـەقامی کۆرنیـش چۆڵوهۆڵ بـوو. من زووتر لـە جاران گەڕابومەوە تا پارەکە ببمەوە قاسەی دووکانەکە. کاتێک گەیشتمەوە ئـەوێ هەسـتمکرد چرایەکی کز لـە ژوورەکەی هۆشـەنگ هەڵکراوە. گوێـم لـە هاتوارهـاواری فریادڕەسـی ئافرەتێـک بوو، هـەروام زانی ژنـە گەنجەکـەی هۆشـەنگە و گەڕاوەتـەوە لای. ئیدی لـەوێ لە بەر تاریکییەکـە وەسـتام و گوێـم ڕاگرت. ژنە هـەر داوای یارمەتیدەکرد و دەیقیژانـد، لەپڕ تێگەیشـتم کە ژنێکی دیکەیـە. ئیدی ڕووی خۆم وەرسـووڕاند و گەڕامەوە. نەمویست بزانم کێیە.

هۆشـەنگ لەسـەرجێیکردندا دڕندەیـەک بوو بۆ خـۆی، بەڵام خۆ من دڕندەیەکـی دیکـەم ختووکە دا، کە زۆر بەهێزتـر بوو. دڕندەیەک لە ڕێی کامێراکەمەوە هاتەدەر.

## ٢٠

**لە گۆڕەپانی شــەقامی** کۆڕنیشــدا ســینەمایەک دانرا. دیندارەکان بۆ ماوەیەکــی دووروودرێــژ دژی وەســتانەوە، لێ لە کۆتاییــدا پۆلیس بە دەستێکی توند هاتە وەڵام و ناچاریکردن بیسەلمێنن. ئەوە بوو ڕۆژی گۆڕانکارییە مەزنەکەی شــار هات و بە ئاهەنگێک لە لایەن ســەرۆکی شارەوانییەوە سینەماکە کرایەوە.

هەڵبەتــە ماخــۆی ســینەماکە کەســێکی موســڵمان نەبــوو، بەڵکــو

کۆچبەرێکی کریستیانی ئەرمەنی بوو. ئەرمەنییەکان هەموو پیشەیەکیان دەکرد، ئەوەی بۆ موسڵمانان قەدەغە بوو. هەر بەم شێوەیەش قاوەخانەیەک لە شارەکەدا کرایەوە، کە مەی و شەڕابی لێدەفرۆشرا و لێنۆشدەکرا.

هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە، ڕیزێکی درێژ لەبەر پەنجەرەی سینەماکە هەبوو، چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد بلیتێک بەدەستبێنن. هەموویان پیاوی تاسەمەند و پرسەن بوون، هیچ پەییان بەوە نەدەبرد ئاخۆ سینەما چییان پێشکەشدەکا.

منیش حەزم لێبوو لە ڕۆژی یەکەمەوە بچمە سینەماکە، بەڵام خۆ من ڕۆڵەی ماڵباتێکی خانەدانی دێرین بووم، گەنجێک کامێرای بەشانەوە بوو. نەدەکرا لە ڕیزە دووروودرێژەکەدا بوەستم. چومە بەردەم جامخانەکە تا سەیری وێنەی ئەکتەرە ژن و پیاوەکانی فیلمەکە بکەم، کە وێنەکانیان بۆ نمایش لە جامخانەکەدا هەڵواسرابوو. لەو کاتەشدا هۆشەنگ بەدەرکەوت. ئەو دەمێک بوو فیلمەکەی بینیبوو. کە منی بینی ئاماژەی بۆ کردم و بانگی خاوەنی سینەماکەی کرد، کە لە دەرگەکە وەستا بوو، پێی گوت: «ئەم کوڕەیان عایدی خۆمە! ماخۆ ئەرمەنییەکەش هەر لە ڕۆژی قۆناغی فۆتۆگرافیەکەوە منی دەناسی، لەو کاتەوە یارمەتی منی دابوو. بەدەر لەوەش، ئەو پێویستی بە هۆشەنگ هەبوو تا وەک پاسەوانێک سینەماکەی بپارێزێ و بیخاتە بن باڵی خۆیەوە. هەر بۆیە وەڵامیدایەوە: «هەڵبەتە! کوڕە لاوە فۆتۆگرافەرەکەمان هەمیشە وەک میوانێکی شەڕەف بەخێربێ.»

ئیدی منیش چومەژوور، بەسەر پەیژەکان تا قەپەنگەکە سەرکەوتم، ئەو شوێنەی بۆ میوانی شەڕەف و تایبەت دانرابوو. کاتێکیش گڵۆپ

کوژێنرانــەوە، دەســتبەجێ ئاهەنگەکــە دەســتیپێکرد، کیــژە تەمەن حەڤدە ســاڵییەکەی ماخۆی ســینەماکەش هات و لە ســەر کورســی تەنیشــتم دانیشــت. بــە بێدەنگی ســەیری فیلمەکەمان کــرد. خۆی کچەکە تاکە ئافرەت بوو لە نێو هۆڵی ســینەماکە ئامادەبێ. ناوبەناو کیژەکــە لە قاقــای پێکەنینــی دەدا، دەنگەکەی لەو هۆڵــە تاریکەدا سەدای دەدایەوە. هەمووان سەیری لای ئێمەیان کرد. منیش نەمزانی چ دیمەنێــک بوو، وای لە کچە، وەها پێبکەنێ.

کیژەکە ناوی «ناتاشا» بوو. ئەو بووە خەیاڵ شیرینەکەی من: ئاخر هەر فیلمێکم دروســتدەکرد، بیرم لە پێکەنینەکەی ئەو دەکردەوە.

بەم شــێوەیە، بۆ یەکەمین جار لە ژیانم، لەگەڵ «ناتاشا»دا سەیری یەکەمین فیلمم کرد.
دیاربــوو ئــەو دەیزانی، بەڵام مــن هیچم لەو بارەیــەوە نەدەزانی، کە ئەوەی ســەیری دەکەین فیلمێکی ئەمریکایی جادوبازانەیە.
گونــدی کاوبــۆی لە نێــو فیلمەکەدا شــوێنێکی پڕ لــە ڕازونیاز بوو. زەوییەکــەی خۆڵەمێشــی بوو، ئەســپەکان ســەرکێش بــوون، پیاوە چەکدارەکانیش شەپقەی چەرموویان لەسەربوو، هەمیشە جگەرەشیان بــە لالێوەوە بــوو. ئافرەتانیش فیســتانی درێژدرێژیــان لەبەردا بوو، هەموو کاتێکیش بە ئاســانی بەشی ســەرەوەی سینگ و مەمکەکانت دەبینی.
لە نێو فیلمەکەدا هەربینا بینیت، پیاوێکی کەمدوو «چارلس برۆنسن» هاتە نێو گوندەکە. ژنێکی زۆر شۆخ و نازدار «کلاودیا کاردیناله»ی

لەگەڵــدا بوو، دیاربوو شــتێکیان دەویســـت. هەرا و شـــەڕێکی گەورە بەرپابــوو. پیاوەکان لەســـەر ژنەکە بەشـــەڕ هاتــن و تەقەیان لەیەک دەکرد.

هەر زوو بەندوباو سەبارەت بە فیلمەکە لەنێو شاخەکاندا بڵاوبوونەوە، بۆیە گەنج و لاوەکان بە پەرۆشەوە لە شاخەکان دەهاتنەخوار، بەڵکو سەیری فیلمەکە بکەن.

شــوێنە ئارامەکەی سەر جادەی کۆڕنیشـــەکە، لە زستانە ساردەکاندا هەر ئەوانەی بۆ نوێژ هاموشۆی مزگەوتیان دەکرد بەوێدا تێدەپەڕین، لــێ لەپڕ لە گەنجان جمەی دەهــات، ئەوانەی وەک ئەوەی جادوویان لێکرابــێ وا بــوو، ئاخر ئەوان لــە ڕێی ســینەماکە چاویان بە هەندێ ئافــرەت دەکــەوت، کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ دایک و خوشــک و ژنە دراوسێکانیان بەراورد نەدەکران.

لــە یەکێک لەو دوا نیــوەڕۆ ساردوســـڕانەدا، «ڕەحمەتوڵڵا» بڕیاریدا بوو شــوێنەکەی خۆی بەیەکێ لەو شــوێنانەی سەر شەقامی کۆڕنیش بگۆڕێتەوە. خۆی جاران، بە شــێوەیەکی ئاســایی بە بەردەم دیوارە دووردرێژەکــەی مزگــەوت، بە شەلەشــەلی دەڕۆیشــت، لــەوێ لەبن پاردەکە لێی دادەنیشـــت، خۆ ئەگەر حاڵەتی گەشــکەکەی بۆ هاتبا و بیگرتبا، ئەوا یەکسەر هاموشۆکەرانی مزگەوتێ بە هانای دەچوون. لێ گەلۆ هەنووکە ئەو لە دیوەکەی دیکەی گۆڕەپانەکە، بەرەو سینەماکە دەڕوا، ئەوە بوو لای جامخانەی نمایشــی وێنەی دیمەنەکانی فیلمەکە وەستا و سەیریکردن.

ئەو هەر لەوێ بەواقوڕماوی سەیری وێنەکانی دەکرد، تا لەپڕ هێرشی حاڵەتە قورسە گەشکەکەی گرت.. ئەویان فڕێدایە سەر زەوی، سەریان

بە جامی جامخانەی وێنەکان دادا، جەستەی بەر ئەو کەسانە کەوت، کە لە نۆرەی بلیتکڕینەکەدا بوون و ئینجا لەو گۆڕە کەوتەخوار. ئەو کات مـن لەوێ نەبووم، دواتر لە کەسـانی دیکە گوێم لەسـەربردەکە بوو. خەڵکەکەش بێ پەروا و بێدەسـەڵاتانە سەیریاندەکرد، کە چۆن جنۆکە سـەری بە شۆسـتەکەدا دەدەن. هەندێک کەس دەرفەتەکەی وەها قۆستەوە نۆرەبڕی بکا و یەکسەر بچێتە ژوور تا بلیتەکە بکڕێ. لەو هەراوزەنایەدا خەڵکەکە سەری لێشێوا. جامی سینەماکە شکێنرا، وێنـەی دیمەنەکانـی نێـو جامخانەکـە تاڵانکران. ئینجا دەسـتەیەک لـە هەیتـە بە خۆیان و مەترەقەی دەسـتیانەوە هاتـن و ڕاوەدوونان دەسـتیپێکرد. دوای ئەوەی ڕەوشەکە ئارام بووەوە، جووتە پیاوێکی بەتەمـەن ڕەحمەتوڵڵایـان ڕاکێشـایە بـن دیواری سـینەماکە، بەڵکو بەهۆش خۆی بێتەوە.

لـە ئەنجامیشـدا ماخـۆی ئەرمەنی دەرکـەی سـینەماکەی بۆ ماوەی هەفتەیەک داخسـت، بەڵام بۆ ئەوەی تۆڵە لە گێرەشێوێنان بکاتەوە، دواتر فیلمێکی نوێی نمایشکرد، کە هەمووان بە دیاریەوە شەونخوونیان بۆ کێشا.

لـەو فیلمەدا کچە ئەکتەرێکی ناسـک و نازدار ڕۆڵـی تێدا بینی، کە چەنـد دیمەنێکـی لەبیرنەکراوی بە تەنیا مەمکدانـەوە تێدا بوو. ئەو سـەردەم ئەو وەک هێمایەکی سێکس ناسـراو بوو، لەو کاتەی پیاوە بەسـتەزمانەکانی شـارەکەمان نەیاندەزانـی هێمـای سێکسـی واتای چـی دەگەیەنـێ. ئەوان هەر ئەوەیان بینی، کچە ئەکتەرێکی شـۆخی هەوەسباز نمایشی خۆی دەکا، وەهای لێکردن هەرچی حەز و مجێزی

شــاراوەیان هەیە، هەرچی بن بەڕێ بهێنێتە سەربەڕێ.
خۆی شــارەکەمان شــارێکی دینــدار بوو، هەموو ژنــەکان چارۆگەیان لەخــۆ دەدا. کەچــی ئێســتا کچــە ئەکتەرێــک دێت و ئەوە نیشــانی پیاوەکان دەدا، ئاخۆ چی لەبن ئەو چارۆگەدا خۆی شــاردۆتەوە.

پێنجشــەممەیەک دوای نیــوەڕۆ، ڕیزێــک گەنج لەبەردەم ســینەماکە وەستابوون، درێژی ڕیزەکەیان تا مزگەوتێ درێژبببووەوە. ڕەحمەتوللاش لەپــاڵ دیواری مزگەوتێ وەســتابوو، ســەیری ئــەو خەڵکەی دەکرد. ئەمجارەیان خۆم لەوێ بووم، من تازە باپیرەم گەیاندبووە مزگەوتێ. بینیم ڕەحمەتوللا دوودڵە ئاخۆ ئەمجارەشــیان بەرەو ســینەماکە بڕوا یان نا.
ئــەوە بوو بەســەر دوودڵییەکــەی زاڵبوو، بەرەو ئــەوێ هەنگاوی نا. کاتێکیــش ئەوانــەی دەچوونــە ســینەماکە چاویــان بــە ڕەحمەتوللا کەوت، بێدەنگی باڵی بەسەرداکێشــان. ماخۆی ســینەماکەش کە وای بینی بەپەلەپرووزێ هاتەدەر، لەســەر شۆشــتەی ســینەماکە ڕایگرت. جگەرەیەکی داگیرســاند، جگەرەکەی خستەســەر لێوی ڕەحمەتوللا، هەوڵیــدا بە شــێنەیی بــەرەو لای مزگەوتێی ڕەوانەبکاتــەوە. بەدەم دووکەڵــی جگەرەوە ڕەحمەتوللا ڕەتیکردەوە بگەڕێتەوە.
ئەرمەنییەکە زەنگی بۆ پۆلیس لێدا، ئەوانیش دەســتبەجێ گەیشــتن. ســێ پۆلیس لــە ترومبێلەکەیــان دابەزین. هەوڵیاندا بە شــێوەیەکی دۆســتانە ڕەحمەتولــلا لەوێ لابەرن، بەڵام خۆ ئــەو قایل نەبوو. لەو کاتــەی یەکــێ لە هەیتەکان دامەنی چاکەتەکــەی گرت تا ئەو لە لای جامخانەکــە لاببا، کەچی ئەو بە هێزێکی چاوەڕواننەکراوەوە پاڵی بە

هەیتەکەوە نا. هەیتەکە ساتمەی برد، هەموو پیاوە ڕیزبەستووەکان پێیپێکەنین. ئینجا هەیتەکە دەستی بۆ تێڵاکەی برد، بەتوندی لە شان و باسکی ڕەحمەتوڵڵای دا و بەسەریدا هاواریکرد: «ئاخر گوتم برۆ، لێرە مەمێنە!»

هەمووان بە چاوی زەق، هەناسەی خۆیان ڕاگرت و سەیریان کرد. ڕەحمەتوڵڵاش تێڵاکەی لە هەیتەکە ستاند، بەڵام خۆ دوو هەیتەکەی دیکە دەرفەتیان پێنەدا، کەوتنە سەری و بەزەویان دادا و لەدوای خۆیان بەرەو لای مزگەوتێ ڕایانکیشا.

«دەی بوەستن!» یەکێک کە کەس نەیزانی لە کوێ پەیدابوو، وەها بانگیکرد.

خۆ ئەمە هۆشەنگی یەکدەست بوو. بانگیکرد: «لێیگەڕێن!»

هەیتەکانیش کە لێیدەترسان، وازیان لەڕەحمەتوڵڵا هێنا. هۆشەنگ چووە بن باڵی، یارمەتیدا و پێیگوت: «لەگەڵم دێی؟»

بەستەزمانەکەش بە تێکشکاوی، بەڵام بە خەندەیەکی سەرلێو بە دوای هۆشەنگ کەوت و بەرەو لای دەرکەی سینەماکە ڕۆیشت.

لەوێوە هۆشەنگ بانگی خاوەنی سینەماکەی کرد: «»ڕەحمەتوڵڵاش سەر بە منە!»

«بەڵام....» ماخۆی سینەمای بێدەسەڵات وەهای گوت.

«بەڵام و مەڵامی ناوێ، لێیگەڕێ بێتەژوور!» هۆشەنگ وەهای فەرمان بەسەر ماخۆی سینەماکەدا کرد.

ڕەحمەتوڵڵا دەستێکی بە دیوارەوە گرت و بەزەحمەتییەکەوە بەسەر پەیژەکان هەڵگەڕا، لەگەڵ هاموشۆکەرانی سینەماکە بەنێو تاریکدا

خـۆی بە هۆڵەکـەدا کرد. منیش لە دەرەوە وەسـتابووم، دەترسـام مەبـادا «ڕەحمەتولـڵا» گەشـکە لێیبداتـەوە و هـەر زوو هـەرا و پاشـاگەردانی لێبکەوێتـەوە. ئاخـر ئەگـەر وای لێهـات، ئـەوا لـەو تاریکییەدا کورسـییەکان دەشکێنرێن و سـینەماش ئاگرتێبەربدەن و ئیدی فیلمەکەش دەوەستێنرێ.

ئـەوێ دەمـێ کەشـەکە سـارد بـوو، نەمدەتوانی زیاتر لـە دەرەوە بمێنمـەوە. بۆیـە گەڕامـەوە، بـەڵام هەمـوو بیـر و هۆشـم هەر لای «ڕەحمەتوللا» بوو.

کە گەیشـتمەوە ماڵ، چومەسەر قوللەکە، پەستەکەکەم بەسەر شانم دادا، دەسـتم دایە دووربینێ، دانیشتم و شەقامی کۆڕنیشم خستە بن چاودێرییەوە.

کاتێکیـش فیلمەکە کۆتاییهات، هەمووان لە سـینەماکە هاتنەدەر. بە ڕوخساریانەوە دیاربوو، بە فیلمەکە سەرسام بوونە، کەچی لەسەرخۆ و بێ هەراوهوریا دەڕۆیشتن.

«ڕەحمەتولـڵا»ش دواکـەس بـوو هاتـەدەر. بەڕوونـی نەمدەتوانی ببینم، بەڵام بە شـێوە ڕۆیشـتنە خاوەکەی ئەوم ناسییەوە. پیاوێک جگەرەیەکـی خسـتە نـاودەم، مـن ئەمەم لـە بریسـکەی قوملێدانی جگەرەکەوە بینی. گومانم بۆ ئەوە چوو، کابرای خاوەنی سـینەماکە بووبێ. پێدەچوو بەم کارەی سوپاسی ڕەحمەتوللا بکا، کە تا کۆتایی فیلمەکە بە ئارامی مابووەوە.

خۆی هەردەبێ شـتێکی نـاوازە لە سـینەماکەدا ڕوویدابێ. هەردەبێ خواوەنـدی هونـەر «ڕەحمەتوللا»ی پاراسـتبێ: ئاخر ئـەوە یەکەم جاری بوو گەشکەی ڕۆژانە نەیگرێ.

چـاوی دووربینەکەم لەسـەر هەڵنەگـرت، بەدوایدا چـووم، لێ کاتێ ئەو لە مەیدانی کۆڕنیشـەکە تێپـەڕی، بزرمکرد. ماوەیەکی پێچوو تا جارێکی دیکە کەوتەوە بەرچاوم و لە شەقامەکەی خۆمان دەڕۆیشت. ئەو لەسـەرخۆ بـەرەو قەڵاکە دەهاتەوە. کاتێکیش گەیشـتە قەڵاکە، یەکسەر نەهاتە نێو کۆڵانەکە تا بچێتەوە ماڵەکەی خۆی. بەڵکو بەرەو لای ڕووبارەکە ڕۆیشـت. پێدەچوو مێشـکی هەر لای فیلمەکە بووبێ. لەبەر ئەوەی لای ڕوبارەکە تاریک بوو، بە باشـی نەمدەتوانی بیبینم. هەر ئەوە بوو لە دوورەوە تارمایی ئەوم لێدیاربوو، بە هێواشی بەرەو پردەکە هەنگاوی دەنا. تۆبڵێی بەو ئێوارە درەنگە لەوێ بەدوای چیدا بگـەڕێ؟ تـا دەهات ترپەی دڵـم زیاتر لێیدەدا. ئەو گەیشـتە نیوەی پردەکـە، گەشـکە پێیگوت خۆت بگـرە هاتم. جنۆکـەکان بەربوونە گیانی، سـەریان بە دارە ڕەقەکانی پردەکەدا دەدا.

ئەوەندەیان تێهەڵدا تا بەشەنگلێبڕاوی لەسەر لێواری پردەکە کەوت و بەسـەر ئاوەکەدا دەشـەکایەوە. بێ دوودڵی دوا گەشکە بۆ ئەو دژوار بوو: لەسـەر پردەکە گلۆربووەوە، ئاوە بـێ ئامانەکەش لەگەڵ خۆی بردی.

«تکایە فریایکەون! «ڕەحمەتوڵڵا» کەوتە نێو ڕووبارەکە!» لەسـەر قوللەکەوە بە هەموو هێزی خۆم، تا دەنگم دەردەهات هەر هاوارامکرد. ئەوەنـدەم هاوارکرد تا هەمـوو پیاوانی گەڕەکەکە بـەرەو ڕووبارەکە دەرپەڕین.

بەڵام خۆ ئەمە لە کار و دەسەڵاتی پیاوەکان نەبوو، ئەو لەنێو ئاوەکە دەربێنن و بیگەڕێننەوە، بەڵکو ئەمە هەر هێزی سـینەمای دەویست.

## ٢١

**لەو کاتەی** خەریکی نووسین بووم دەربارەی «ڕەحمەتوڵڵا» , گورگی وەڕی. ئاخر تێبینی ئەوەی کرد زیاتر لە باری ئاسایی دانیشتووم و سەرم بەسەر کاغەزاندا داگرتووە. ئەو حەزی لێبوو من بۆ پیاسەیەک بباتەدەر. منیش دەستم لە نووسین هەڵگرت و لە شوێنی خۆم هەڵستام.

هەنووکە سەرنجی ئەوە دەدەم، چۆن خەڵکی وەک «ڕەحمەتوڵڵا»، هۆشەنگ، کوڕی قەسابەکە، ئەرمەنی ماخۆی سینەماکە، کیژە

ناسکونازدارەکەی ئەو و زۆر لە خەڵکی دیکەش شەقڵی ژیانی منیان دارشتبوو. هەموو ئەوانە ئەو کەس و بیچمانە بوون، کە هیچ دەسەڵاتم بەسەریانەوە نەدەشکا.
لە پەیژەکان دابەزیم، گورگی سەری بە قاچم وەنابوو دەقروسکایەوە.
منیش پێمگوت: «دەی گورگی بوەستە، با سڵاوێک لە دکتۆر «ماینەما» بکەین.»
دکتۆر «ماینەما» لەگەڵ (ئاورێلیا) خەریکبوون هەنگەکانیان دەبرییەوە. تا هەنووکە (ئاورێلیا) کارەکەی بەشێوە نەریتەکەی خۆیان دەکرد، پێدەچوو شێوازەکە لە دابونەریتی نیشتمانیی خۆیان فێربووبێ. دکتۆر «ماینەما»ش دووکەڵکێشێکی بۆ هێنا، فێریکرد چۆن مێشە هۆڵەندییەکان لە شانەکان بکاتەوە.
دکتۆر «ماینەما» بە جۆرێک ڕەفتاری دەنواند وەک ئەوەی (ئاورێلیا) ژنێک بێ سەر بە من بێ و ئێستاش بۆ لای من گەڕابێتەوە. «من لەگەڵ گورگی پیاسەیەک دەکەم.» لە دەرکەی عەمبارە ژێرزەمینەکەوە وەها بانگمکرد و لێمدا ڕۆیشتم.

دەمێکە دکتۆر «ماینەما» بۆتە برادەرم. ئەو تاکە هۆڵەندییە، کە ڕۆژانە هاموشۆمان لەگەڵ یەکدا هەیە.
بەر لەوەی ئەم کێڵگەیە ببێتە هی من، ئەوم دەناسی. ئاخر ئەو پزیشکی من بوو. جارێکیان بۆ نمایشی کارێکی بەڵگەنامەیی بۆ فیستڤاڵێکی فیلم لە ڕۆتەردام بانگهێشتمکرد. پاشان ئەویش منی بانگهێشتی کێڵگەکەی کرد تا بەیەکەوە پێکێک هەڵدەین. لەو کاتەوە وەک ئەندامێکیماڵباتەکەمی لێهاتووە.

دکتـــۆر «ماینەما» و ژنەکـــەی منداڵیان نییە. ئـــەوان ژیانێکی ئارام دەبەنەســـەر، هـــەر کاتێـــک دکتـــۆر لە ماڵ بـــێ خۆی بە شـــینایی و ڕووەکەکانـــی ماڵەوە خەریکدەکا. پاشـــان دوای ئەوەی ژنەکەی لەپڕ نەخۆشـــکەوت، بڕیاریانـــدا بگوازنەوە مەڵبەندێکـــی چاودێری، لەوێش زۆری پێنەچوو کۆچی دواییکرد.

بەڵێ کاتێ ئەوان چوونە مەڵبەندی چاودێری، نەیاندەتوانی (گورگی) لەگەڵ خۆیان بەرن. ئاخر (گورگی) ســـەگی کێڵگە بوو.

ئێســـتا (گورگـــی)ش تەمەنێکی زۆری هەیە، بەڵام هەســـتێکی وەهام هەیـــە هـــەر هیچ نەبێ جارێ ناتۆپێ، بـــە دڵنیاییەوە تا (ئاورێلیا) لە لامان بمێنێتەوە نامرێ.

بەڕێز «ماینەما» و خێزانەکەی پێشـــتر کســـۆکی دیکەیان ڕاگرتبوو، دوای پازدەســـاڵ لە پیرییان سەگتۆپ ببوو.

جارێکیان بە دکتۆر «ماینەما»م گوت: «دەی بڕۆ ســـەگێکی دیکەی بۆ بکڕە و بەخێوییبکەن.»

ئەویش وەڵامیدامەوە: «ئێمە بۆ ڕاگرتنی ســـەگێکی دیکە پیربووین و کەڵکمان نەماوە.»

لەکاتـــی غاردانداا بە لای پەرژینە ئاســـنینەکەی مۆڵگەی ســـەگەکانی دەرەوەی شـــاردا دەڕۆیشـــتم. هەمـــوو جارێـــک گجولەســـەگێک[41] بۆ ماوەیـــەک لە دیوەکەی دیکەی پەرژینەکە لەگەڵم غاریدەدا.

فەرخە ســـەگەکە شـــتێکی لـــە گـــورگ دەچـــوو، بێچووەگورگێک بوو بۆخۆی. منیش لە ڕاکردن وەســـتام، دەســـتێکم بۆ هەڵبڕی لە درزی

---

٤١. گجولە: گرجیلە، پێچرسەگ.

شـــووره‌که‌وه ده‌ســـتم به‌ســـه‌ریدا هێنا: «ئه‌رێ هه‌موو شـــتێک له‌گه‌ڵ گورگیدا باشه؟»
گورگی به فارسی واته گورگۆکه.
«من ســـه‌گێکم بۆ خانمه‌کـــه‌ت هێناوه،» جارێکیـــان وه‌هام به به‌ڕێز «ماینه‌ما» گوت. ئیدی هه‌ر ئه‌و ڕۆژه (گورگی)مان هێنایه کێڵگه‌که.
ئێســـتاش (گورگی) بووه‌ته به‌شێک له ژیانه‌که‌ی هۆڵه‌ندام.
کاتێـــک له‌گه‌ڵ (گورگی)دا پیاســـه‌ده‌که‌ین، هه‌ر ئه‌و ئاراســـته‌ی ئه‌وه دیاریـــده‌کا ئاخۆ به‌ره‌و چ ئاقارێک بڕۆین.
هه‌نووکه هه‌ســـتیکرد، من هێشـــتا بیر و هۆشم هه‌ر لای ده‌قه‌که‌وه‌یه، هه‌ر بۆیه ئه‌و ڕێگه‌یه‌ی به قه‌دپاڵ گۆله‌که‌دا ده‌ڕوا لێگرت تا له‌دواییدا بچینه نێو دارســـتانه‌که. ئاخر من پێویســـتم به‌و پیاســـه دووروودرێژه هه‌بـــوو، تـــا ڕه‌حمه‌تولـــلا لـــه مێشـــکم ده‌ربکـــه‌م و بتوانـــم درێژه به گێڕانه‌وه‌ی چیرۆکه‌که بده‌م

## ٢٢

ئەرمەنییەکـەی ماخۆی سـینەما، ئەمجارەیان فیلمێکـی خانەوادەیی هێنا، تا پیاوانی شـار بتوانن بۆ سـەیرکردنی ژن و منداڵەکانیشـیان لەگەڵ خۆیان بهێنن.

فیلمـە نوێیەکـەش، فیلمێکی موزیکئامێز بـوو بەناوی دەنگی موزیک The Sound of Music، فیلمێک بوو لە سەرتاسـەری جیهان بە ملیۆنان کەس بینی.

چیرۆکی فیلمەکە سەبارەت بە «ماریا» بوو، کە لەگەڵ ژیانی کڵێسا

نەدەگونجا. ئەوە بوو کڵێساکە، ئەم ئافرەتەی نارده قەڵای کاپتن «ڤۆن تراپ Von Trapp» بەڵکو چاوی لە منداڵەکانی بێ، کە دایکیان بە نەخۆشی سەری نابووەوە و بێسەرپەرشت مابوونەوە.
هەرچی کاپتنیش بوو ماڵەکەی خۆی وەک سەربازگەیەک دەهاتەبەرچاو و منداڵەکانیشی سەرباز و یاساوڵ.. «ماریا»ش زانی چۆن ژیان بەبەر قەڵاکەدا بکاتەوە و بیبووژێنێتەوە. ئیدی لەنێو قەڵاکەدا زۆرشت ڕوویدا و دەرفەتی ئەوەش هەبوو خۆشەویستی لە نێوان «ماریا» و کاپتنەکە سەرهەڵبدا.
بابای ئەرمەنیش لەو فیلمە باشتری نەبوو، تا نمایشیبکا، بەڵام خۆ هیچ پیاوێک زاتی ئەوەی نەکرد ژن و منداڵەکانی لەگەڵ خۆی بباتە سینەماکە، ئاخر شوێنەکە هەر بۆ پیاوان دروستکرابوو.

«ناتاشا»، کیژە ناسک و نازدارەکەی ماخۆی سینەماکە، قوتابییەکی «ئەکرەم جون» بوو، لە قوتابخانە وانەی ئینگلیزی پێدەگوت. هەر بۆیە «ئەکرەم جون»ی وەک یەکەمین میوانی شەرەف بۆ بینینی فیلمەکە بانگهێشتکرد.
منیش بەمە زۆر خۆشحاڵ نەبووم، بەڵام بەو زانیاری و پێگەی هەمە دەتوانم ڕووداوەکان سەرلەنوێ ڕاست دابڕێژمەوە.
هەموو پیاوەکانی نێو هۆڵی سینەماکە، دەیانزانی «ئەکرەم جون» ئامادەیە و لە قەپەنگەکە دانیشتووە، بەڵام کەس ئەوەی لە مێشکدا نەبوو سەرهەڵبڕێ و سەیری ئەوێ بکا، چونکە دەیانزانی هۆشەنگی لە تەنیشت دانیشتووە.
هێشتا فیلمەکە کۆتایی نەهاتبوو، کە دەنگۆی ئەوەی لە نێوان

هۆشــەنگ و «ئەکــرەم جون»دا هەیە گەیشــتە کیژەکانــی کێڵگە و مەزرای زافەران.
منیش گوێم لە بەندوباوەکە بوو، لەماڵەوە بەئۆقرەلێبڕاوی چاوەڕێی «ئەکرەم جون»م دەکرد.

ئێوارە درەنگ بوو، گوێم لە کردنەوەی دەرگای قەڵاکە بوو. لە هۆدەکەم هاتمەدەر و چووم لە قەپەنگەکە وەســتام. هۆشــەنگ تا بەردەرکەی ماڵەوە لەگەڵ «ئەکرەم جون» هاتبوو، تا ئەو شــوێنەی مامم، واتە باوکــی «ئەکرەم جون»، چەند ســەعاتێک بوو بەحەوســەڵەلێبڕاوی لــە ژوورەکەی خۆی چاوەڕێی گەڕانــەوەی کیژەکەی دەکرد. هەڵبەتە بەندوباوەکە گەیشتبووە بەرگوێی ئەویش.
کاتێکیــش «ئەکرەم جون» بــەرەو هۆدەکەی خۆی هاتەوە، مامم لە ژورەکەی خۆی هاتەدەر.
مامم بە لەســەرخۆیی پێیگوت: «کچەکەم، ئەرێ بۆ ئەوەندە درەنگ گەڕایتەوە؟»
ئەویــش وەها وەڵامیدایەوە: «باوکــە، تکایە لێم مەگرە، لەوەی زیاتر خایاند کە چاوەڕێم دەکرد.»
- «بــەڵام، ئەوە تۆ لە کوێ بووی؟»
- «دواتر بۆت دەگێڕمەوە.» «ئەکرەم جون» وەهای بە باوکی گوت و بەرەو ژوورەکەی ڕۆیشت.
- «من هەردەبێ ئێستا بیزانم. دەنا بەیانی بەسەر بەندوباوی هەللەق مەللەقــدا ڕادەگەم.» مامم ئەمەی بە تۆنەدەنگێکی توندەوە پێگوت.
- «ئەوەی خەڵک لەبازاڕ باســیدەکا، گوێم لێ نییە.»

- «خـۆ نابــێ بەم جۆرە قســەبکەی.» لـە پڕێکـەوە باوکەکە وەها دەنگی هەڵبڕی. ئەو خۆی لەوە دڵنیابوو، خەریکە حەوسەڵەی خۆی لەدەستدەدا.

مامـم پیاوێکی ئاوەزمەند بوو، پیاوێکــی ڕێزلێگیراو بوو، ئازادییەکی زۆری دابــووە کچەکانی، ئەمــەش پێچەوانەی دابونەریتی ماڵباتەکانی دیکــە بــوو. ئــەو خۆی لــە ژنانی بەهێــز و خۆڕاگری نێــو خێزانەکە ڕاهاتبــوو. ئاخر ئەو لەگەڵ دایک و داپیرەی ژیابوو، ئەوانی بینیبوو، ئەوان لەو ژنانە بوون، کە ســەربەخۆ بوون و ڕا و بۆچوونی تایبەتی خۆشــیان هەبــوو. لــێ گەلــۆ، ئەوەی «ئەکــرەم جون» کــردی، لە دەرەوەی سنووری لوان بوو.

ئــەو هەوڵیــدا بەســەرخۆیدا زاڵبێ، بــەڵام کارەکەش ئاســان نەبوو، ڕەوشەکە وەها نەڕۆیی. دیسان بانگیکردەوە: «باشە من چۆن ئێستا بە ســەربەرزی و پشتڕاستی بەنێو بازاڕدا بڕۆم؟»

«ئەکرەم جون»یش وەڵامیدایەوە: «بە شێوەیەکی ئاسایی، هەروەک ڕۆژانــی جاران چۆن بەســەربەرزی و پشتڕاســتی دەڕۆیشــتی، هەروا بڕۆ.»

- «ئەمــە وەڵامدانەوەیەکــی بێڕێزییــە. ئاخــر چــۆن دەکــرێ لەگەڵ پیاوێکدا بچیتەدەر، کە هەمووان لێیدەترســن؟»

- «من لێیناترسم.»

- «دەمت داخە! بێڕێزیش ســنووری خۆی هەیە» مامم وەها هاواری بەسەرداکرد.

لەو کاتەدا باپیرەشــم لە هۆدەکەی خــۆی هاتەدەر. یەکجار بە کلکی گۆپاڵەکەی لەسەر ناوکەوەکەی دا، ئینجا ڕووی لە مامم کرد و گوتی:

«هێـواش! ئــەرێ لە کەیــەوە گوێ لــە بەندوباوی هەڵلــەق مەڵلەقی دەگـری؟ دەی بگەڕێوە ژوورەکەت. من چارەیدەکەم.»
ئەوسـا ڕووی وەرگێڕایە ســەر «ئەکرەم جـون» و گوتی: «جارێکی دیکە وەها درەنگ نەیەیتەوە ماڵەوە، دەرەوە ســەلامەت نییە.»
«خـۆ من بەتەنیا نەبــووم.» «ئەکرەم جون»یش وەها وەڵامیدایەوە و یەکسەر چووەوە هۆدەکەی خۆی.

«ئەکـرەم جون» ئەرکەکەی خۆی بردەســەر. ئێســتا هەمووان لەوە تێدەگەن، کە هۆشــەنگیش سەر بە قەڵاکەیە.
دوای ماوەیەکی کورت، جارێکی دیکە هۆشەنگ ئێوارەدرەنگێک لەگەڵ «ئەکـرەم جـون» تا بەردەرکەی ماڵــێ هاتەوە. بــەڵام ئەمجارەیان بانگێشــتی ژوورێــی کــرد. ئەو ئەنگۆرەیــە مامم لە مــاڵ نەبوو، ئەو لەســەفەر بوو، قەول وا بوو بۆ دوای نیوەڕۆی پاشتر بگەڕێتەوە.
پەپووســلێمان، باڵندەکــەی مــاڵ هەڵفــڕی، خوێنــدی و باپیــرەی ئاگادارکردەوە.
لــێ گەلــۆ، ئەو کاتەی مامم لە ماڵ نەبووایە من پیاوی ماڵ بووم، من ســەردار بووم. مامم هیــچ کوڕی نەبوون، بــە خاترجەمییەوە ئەوەی درکاندبــوو، کــە من لە فیرمای زافەرانی بنەماڵەکە جێنشــینی ئەوم، ئــەوەش وەک نیشــانەی ڕەســەنی بەرهەمــە سروشــتییە ماکەکە بۆ هەموو جیهان بەیان بوو.
ئەمە ڕوون و ئاشکرابوو کە «ئەکرەم جون» هۆشەنگی لەگەڵ خۆی بــردە هۆدەکەی خۆی. باشــە دەبوایە وەک جێگــرەوەی مامم لە نێو قەڵاکەدا من چیم بکردایە؟

هاتمەدەر و لە لای دەوەنەدارەکەی ئەستێلکەکە وەستام و ئەو ناوەم خستە بن چاودێرییەوە. لە پشتی جامی پەنجەرەکەوە تارمایی هۆشەنگم بینی. «ئەکرەم جون»یش باوەشی پێداکرد و دەمی ماچکرد، ئەمەش هەروەک ئەو وێنەیەی لەسەر بەرگی کتێبەکانی «مایک هامەر» وەها بوو. «ئەکرەم جون» یارمەتی هۆشەنگی دا تا چاکەتەکەی دابکەنێ.

باشە چۆن وێرا ئەوە لە نێو قەلاکەدا بکا؟ منیش بە مەراق و خەمەوە سەیری هۆدەی باپیرەم کرد، بەلام خۆ چراکەی کوژابووەوە. سەیری شوێنی مامم کرد، ئەو شوێنەی پوورم لە ناندینەکە وەستابوو. سەیری ماڵەکەی خۆمانمان کرد، باوکم دوای چەند هەفتە لەسەفەر گەڕابووەوە ماڵ؛ بەلام خۆ دایبابم خۆیان لە کاروباری ماڵی مامم هەڵنەدەقورتاند.

خۆی نەدەبوایە هەر لەو شوێنە بووەستم، ئەدی دەبوایە چیبکەم؟ حەزم لێبوو بچمە شوێنەکەم لەسەر قوللەکە، بەلام لەوێ لەچی گەڕابام؟ دەشمەویست بگەڕێمەوە هۆدەکەم، بەلام پرسنییکەم[٤٢] ڕێگەی پێنەدام.

ئیدی ئەوە بوو، گوێم لە دەنگی ئەکرەم جون بوو. گوێم لە قرتەی پێکەنینەکەی بوو. توند دەستم بەگوێمەوەنا و بەرەو لایە تاریکەکەی باخەکە، بۆ پشتەوەی دارەکان ڕۆیشتم.

لە کۆتاییدا گوێم لە جیڕەی دەرگەی ژوورەکەی «ئەکرەم جون» بوو کرایەوە و هەردووکیان بەیەکەوە هاتنەدەر. لەو کاتەی بەیەکەوە لە

٤٢. پرسنی: هەر لە خۆوە زۆر بەدوای شتدا بچی، (طفولي).

دەرگــەی ژوورەکــەی باپیرەم تێپەڕین، چراکــە هەڵکرا. ئەو لەدەرکە پەیــدا بوو، بانگیکرد: « ئێوە لەوێن!»

«ئەکرەم جون» ئاوڕیدایەوە.

ئینجـا باپیــرە بانگیکــردن: «دەی ئێــوە هەردووکتــان، فەرمــون وەرنەژوور!»

ئەوسـا ئەویــش چــووە ژوور و دەرکەکــەی پێوەدایــەوە. لە پشـت دارەکانەوە ســەیری پەنجەرەی ژووری باپیرەم کرد.

باپیــرەم وەک ڕۆحێــک چاودێــری قەڵاکەی دەکرد، ئــەو قەڵایەی بۆ چەندیــن ســەدە بوو بــاوک و باپیرانــی لێدەژیان. بێ ســێودوو ئەو ئــەم جۆرە شــتانەی زۆر بینیــون. هەر بۆیە دەیزانــی چۆن ئابڕووی ماڵباتەکە بپارێزێ.

منیش لە پەنجەرەکەوە هەوڵمدەدا بزانم ئاخۆ لە ژوورەوە چی ڕوودەدا، بەڵام خۆ بە ئاستەم دەمتوانی بیچمەکانیان لەیەکبکەمەوە. من ئەوەم بینــی هەم هۆشــەنگ و هەم ئەکــرەم جونیش بەڕێــزەوە لەبەردەمی وەســتابوون. پێدەچوو باپیرەم لەگــەڵ جنۆکەکەی ئەو پەیوەندییەی نێوان ئەکرەم جون و هۆشەنگی یەکدەست بۆ دوکانداره دیندارەکانی بــازاڕ وەهــا لێبــکا بیگونجێنــێ و ڕەوایەتــی پێبــدا و ببێتــە مایەی ڕەزامەندییــان، بە جۆرێک مامیشــم بەســەربەرزی و پشتڕاســتییەوە بچێتــە نێو کارخانەی زافەرانە بەناوبانگەکەی خانەوادەکە.

کەمێــک دواتــر، ئەکرەم جــون و هۆشــەنگ لە ژوورەکــە هاتنەدەر، جارێکی دیکە چرای هۆدەی باپیرە کوژایەوە. ئەکرەم جون تا دەرکەی دەرەوە لەگــەڵ هۆشــەنگ هات، لەوێ لە نێــو دەرکەدا جارێکی دیکە هەروەک وێنەکەی ســەر بەرگــی کتێبێکی دیکــەی «مایک هامەر»

یەکدیان لەباوەش کرد و یەکدیان ڕامووسـی.
ئەو کاتەش هۆشەنگ بەرەو شار ڕۆیشت، شتێکی وەهام بۆ هات، کە ئەو ئەسـپێکە بۆ خۆی. دەکرا «ئەکرەم جون» خۆی هەڵداتە سـەر پشتی و خەونەکانی بەدیبێنێ.

هەرچەنـدە بـەو زانیارییانـەی ئێسـتام، شـتەکە بـە جۆرێکی دیکە دەبینم. ئەکرەم جون چاوەکانی هۆشـەنگی یەکدەستی لەسەر دنیای نوێ، لەسـەر جیهانی «مایک هامەر» کردەوە. لە ڕێی ئەو کتێبانەی بەسـەری ڕاگەیشت، ئەویش هەڵسـوکەوتی بەو شێوەیە لێهات. ئاخر ئەو پێشـتر هەرگیز لەشار نەچوبووەدەر، تەنانەت سەفەری تارانیشی نەکردبوو. ئەوە «ئەکرەم جون» بوو بە یەکجار وای لێکرد پەیوەندی لەگەڵ نیویۆرک و هەموو ئەو شـتەی لەوێ ڕوویدا پەیدابکا.
مـن ئـەو کات هێشـتا گەنـج بـووم. زۆرم مابوو لەم جۆرە شـتانە تێبگەم.

پاشان دوای نیوەڕۆ، دوای ئەوەی هەموو شتێکم نووسییەوە، ئاورێلیا بە بێدەنگی هاتە تەنیشتم دانیشت. بەیەکەوە لە جامی پەنجەرەکەوە سـەیری دەرەوەمان کرد، سـەیری ئەو شـوێنەمان کـرد، کە ڕۆژ لە پشـت گـرد و دارەکانـەوە ئاوا دەبـێ. من هەگبەیەکی پـڕ لە وێنەم ڕاکێشـا و تەنیا یەک وێنەم لێدەرهێنا. وێنەکەم نیشـانی (ئاورێلیا) دا؛ وێنەکەش وێنەی «ناتاشا» بوو.

## ٢٣

**ڕۆژێکیـان**، ســەرەتای دەسـتپێکی دوایین پشــووی هاوینـــی قۆناغی خوێندنـــی ناوەندیم بوو، لە دەرگەی دەرەوەمان درا.

من نەمدەزانی، کە سەرەتا ژنان دێنە خەونت بەرلەوەی بە شێوەیەکی ڕاســتی لەبەردەمتــدا قیتببنــەوە. منیــش دەرگــەم کــردەوە، بینیم «ناتاشا» لەبەردەم دەروازەکە وەستاوە.

یەکســەر گوتی: «من بۆ لای «ئەکرەم جون» هاتووم.»

تەنوورەیەکی کورتــی لەبەردابوو، قاچوقولی ڕووت بوون. ئەمەش لە شــارە دینداره‌کەی ئێمەدا شــتێکی شۆڕشــگێڕانە بوو، بەڵام چونکە ئــەو کچێکی کریســتیانی ئەرمەنی بــوو، گیروگرفتێکی وەهای لەگەڵ ڕێوشــوێنە کۆتوبەندەکانی سەر ژیانی ژنانی موسڵماندا نەبوو.

منیــش گەنجێکــی خانەوادەیەکی خواپێداو بــووم. بەڕێزەوە فەرموم لێکرد. لەپێشــیدا ڕۆیشــتم و تا بەردەرکەی ژووری «ئەکرەم جون» یاوەرییم کرد.

بەبــێ کامێــرا خۆم هەروەک ســەربازێکی بێچەکی بەرەی پێشــەوەی جەنگ هاتەپێشــچاو. خۆ ئەگەر کامێراکەم لە دەست بوایە، دەمزانی چیمدەکرد، ئەوســا بڕیارم دەدا ئاخۆ «ناتاشــا» چۆن بوەستێ و لە کوێ و چۆنیش دابنیشێ.

ئەکرەم جونیش «ناتاشا»ی بەخێرهێنا، سەرسامی خۆی بۆ تەنوورە جوانەکــەی دەربڕی و لەگەڵ خۆی بردیە ژور.

تۆبڵێــی بۆچی هاتبێتە لای «ئەکرەم جون»؟

کاتێکیــش ناتاشــا ڕۆیشــت، «ئەکــرەم جــون» بانگیکــردم بچمــە ژوورەکەی.

«وەهــا لەگەڵ هۆشــەنگ ڕێککەوتــووم، ئەم هاوینە پێویســت بەوە نەکا ســەروکاری دوکانی ســاردەمەنی ئالاسکاکەی بکەی. من تۆم بۆ شــتێکی دیکە پێویســتە، بەقەد ئەوەی ئەویش پارەکەت دەدەمێ.»

ئەوە قســەی دۆتمامەکەم بووم بۆ من.

منیش لێمپرســی: «باشە چیت بۆ بکەم؟»

وەهــا وەڵامیدامــەوە: «دەمەوێ کچانی گەڕەکەکــە فێری ئەوە بکەم

ئینگلیزی بخوێننەوە و قسەشـی پێبکەن.»
لێم پرسییەوە: «لە کوێ؟»
- «لێـرە، لەنێـو قەڵاکـە. دەمـەوێ تۆش سەرپەرشـتی کۆرسـەکە بکەی، هەروەک ئەوەی بۆ هۆشـەنگت دەکرد. داواشـم لە «ناتاشا» کردووە ببێتە یاریدەدەرم، ئاخر ئەویش بەقەد تۆ لە ئینگلیزی باشە. هەینی داهاتوو یەکەمین دەسـتە کچ دێن تا ناوی خۆیان بۆ خولەکە بنووسن.»
- «باشە بۆچی هەر کچ؟»
- «ڕاسـتییەکەی خۆشـم نازانم، هەروام لەپێش چاوی خۆم داناوە. شـتەکە وەک خەونێکم وایە، هەوڵدەدەم بەدیبێنم.»
بـۆ ڕۆژی پاشـتر تڕومبێلـە بارهەڵگرێکـی گـەورە هاتـە نێوقەڵاکە. هۆشـەنگیش کە لە تەنیشت شوفێرەکە دانیشتبوو، کاتێ تڕومبێلەکە گەیشـتە لای حەوزەکە، دابەزی. باری تڕومبێلەکەش دابەزێنرا، سـی مێزی قوتابیان و دوو تەختەڕەشـی تێدابوو.
هۆشەنگ و شوفێرەکە خەریکبوون بارەکە دابەزێنن. ئەکرەم جونیش لە ژوورەکەی هاتەدەر و پێیگوتم کەوا شتەکان لە کوێ دابنێم: «پانزە مێـز و یەک تەختەڕەش لێـرە دابنێ. پانزە مێز و تەختەڕەشـەکەی دیکەش لەوێ لەبەر سـێبەری ئەو پیرە داربەڕووە دابنێ.»
لـەو کاتەی من کورسـییەکانم لە شـوێنی دەستنیشـانکراو دادەنان، مامۆژنـم خـۆی خزاندەوە نێو خانووەکەی، ئەو شـوێنەی لە پشـت قەڵاکەوە بوو، تا خۆی لە سەرچڵییەکانی ئەکرەم جون بەدووربگرێ. دایکیشـم هەنگاوێک لەو دوورتر ڕۆیشت: ئەو دەستی دایە جانتاکەی تا هەموو هاوینەکەی لەگەڵ ماڵە باوانی لە نێو شـاخەکان بەسەرببا،

بۆ ئەوەی خۆی تووشی هیچ شتێک نەکا، کە حەزی لێنەبوو تووشی بێ و خۆی تێهەڵبقورتێنێ.

ئیدی هەموو شتێک بۆ ئەو کچانەی ڕۆژی هەینی داهاتوو دەهاتن ناوەکانیان بنوسن، ئامادەکرا.
ئەکرەم جون ڕاگەیاندننامەیەکی بۆ دەرسە ئینگلیزییەکانی لە پەنجەرەی دوکانی بەهاراتفرۆشەکەی گەڕەکەکە هەڵواسیبوو، یەکێکیشیان لە لای ستوونی کارەبای تەنیشت شێرەی ئاوی گشتی، لای ئەو شوێنەی کە ڕۆژانە ژنان ئاویان بۆ ماڵەکانیان لێدەبرد.
هۆشەنگیش دەستپێشخەرییەکی کرد و لە ڕێی خزمەتکارەکانی چەند بڵاونامەیەکی گەیاندبووە گەڕەکە هەژارنشینەکان کە لەسەریان نووسرابوو: «لە نێو قەڵاکەدا خولی ئینگلیزی بۆ کچان کراوەتەوە.»
ڕۆژی هەینی، بەیانی زوو گوێم لە پەپووسلێمان بوو، خوێندی و هەڵفڕێ و یەکدوو جار بەسەر قەڵاکەدا لە شەققەی باڵیدا.
منیش بە چاوی خەواڵووەوە لەسەر قەپەنگەکە سەیرمکرد ئاخۆ پەپووسلێمان چی ڕاگەیاندووە. لە پشت دەرگاکە گوێم لە دەنگ و غەڵبەغەڵب بوو. کاتێکیش چوومەدەر، لەو ڕیزە نەپچڕاوەی کچان لەپاڵ دیواری قەڵاکە، کە بەرەو شار دەڕۆیشت، سەرم سوڕما. ئای خوایە، خۆ ئەوانە هەر هەموویان کچانی خێزانە هەژارەکان بوون لەوێ وەستابوون.
ئیدی ئەکرەم جونم ئاگادارکردەوە: «پێم وا بێ شتەکە هەندێک لەدەستدەرچووە. ڕیزێکی بێ کۆتایی لەبەردەم دەرگاکە هەیە.»
ئەکرەم جونیش وەک هەمیشە ئارام بوو، لەپشت دەرگاکەوە

بانگیکرد: «خۆت ڕێکی بخە!»
منیـش گەڕامەوە بزانم ئاخۆ چی بکەم.
کەمێـک دواتر ئەکـرەم جونیش لە ژوورەکەی هاتەدەر. فیسـتانێکی هاوینـەی گوڵگوڵـی جوانـی لەبەرکردبـوو، بـە خـۆی و پێـڵاوی پانیبەرزەوە هاتەدەر و شـاڵێکی تەنکیشـی بەسـەر سەری دادابوو.
کاتێکیش ڕیزەکەی بینی، دەسـتێکی بە دەمیەوە گرت.
هەرچۆنێـک بـێ ئارامی خۆی لەدەسـت نەدا و بـەرەو لای کیژەکان ڕۆیشـت، لەگەڵیـان کەوتـە قسـە و پرسـیاری لێکـردن ئاخۆ لە چ گەڕەکێکـەوە هاتـوون. کچەکانیش وەها ڕوویـان تێکرد وەک ئەوەی ئەکـرەم جـون بۆ فریاکەوتـن و یارمەتیدانی ئەوان لە هەسـارەیەکی دیکەوە دابەزیبێ.

ئیـدی ئیشـەکە کەوتە سەرشـانی من، تا ئەو کارە هـەرە بایەخدارە بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک بەڕێوەببـەم. هەڵبەتە نەمدەویسـت هیچ لـە «ئەکـرەم جون» بپرسـم ئاخـۆ کارەکە چۆن بەڕێـوە بڕوا. زۆر جـاران، بابی پێویسـت ئەوەم بینیبوو، کە چـۆن مامم لە کارخانەی زافەرانـدا جڵـەوی خۆی لەدەسـت نەدەدا بە خۆگریـی بڕیاری خۆی دەدا و کارەکانـی ڕادەپەڕانـد. منیـش مێزێکـم هێنـا و بردمـە لای ئەسـتێلکەکە، پەردەیەکی سپییم بەسـەردا دا. کورسییەکی گەورەی کارهەڵسوێنەریشـم لە ژوری کاری مامم دەرهێنا و لە پشـت مێزەکە دامنا، کورسـییەکە لەوانـە بوو، کە ژمێریارەکانی نێوبازاڕ لەسـەری دادەنیشـتن و ئەو شـتانەیان لەسـەر قەیـد دەکرد، کە بـۆ کڕیار و فرۆشیارەکان پێویست بوو.

لەسەر مێزەکەش قەڵەمم دانا، ئینجا دەرگەی حەوشەم لە کچەکان کردەوە، یەک لەدوای یەک بانگمکردن. بەم جۆرە لەژێر چاودێری پەپووسلێماندا، کە بەکری لەسەر دارەکەی پشتم هەڵنیشتبوو، ناونیشانی کچەکانم قەید کرد و ڕێگەی دەرەوەم نیشاندان.
ئێمە ئاوها زۆر بە چڕی سەرقاڵبوین، کاتێک تڕومبێلێک لەبەر دەروازە ڕایگرت. یەکێ لە پەیامنێرانی ڕۆژنامەی خۆجێی و وێنەگرەکەی لە ترومبێلەکە دابەزین. هەر دەستبەجێ وێنەگرەکە هەندێ وێنەی ڕیزی دووروودرێژی کچەکانی گرت، پەیامنێرەکەش بە سین و جیم چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەکرەم جوندا کرد.
دووسەد و حەفتاو شەش کچ ناوی خۆیان نووسی، یەکەمین دەرسیش لە ماوەی سێ ڕۆژدا دەستیپێدەکرد. ئەکرەم جونیش بە چاوەکانی خۆی باوەڕی نەدەکرد، کە بەم شێوە ناوازەیە خەونەکەی بەدیبێ.

سەر لە ئێوارەکەی بۆ پرسوڕا چومە لای مامم. ئەویش ئاگای لە نەخشەی ئەکرەم جون هەبوو، هەرچەندە کەمێکیش دژی بوو. «هەرچۆنێک بێ، ئەوە تەنیا پرسی ڕێکخستنە، تۆش لەم کارە باشی.» مامم وەهای پێگوتم ئامۆژگاری پێویستی لەو بارەشەوە کردم.
دوای پرسوڕاوێژ بە ئەکرەم جون، بڕیارمدا کچەکان بکەمە دوو گرووپ، تاکو بتوانین بەڕۆژ دەرسەکانیان پێبڵێینەوە. داواشم لە هۆشەنگ کرد بەڵکو سێ کورسی و پێنج تەختەڕەشی دیکەشمان بۆ بنێرێ.
مامیشم حەوت مافووری گەورەی دوازدە مەتر دووجای بۆ ناردین،

ئــەو جــۆرە مافوورانەش هەر بۆ ئاهەنگی گــەورە گەورە، ئەوانەی لە دەرەوە، لە دەشتودەر دەکران بەکاردەهاتن.

بــە یارمەتی باپیرەم و جنۆکەکەی مافورەکانم لە حەوشــەی دەرەوە ڕاخســتن، لای هــەر مافوورێکیش بە دڵخۆشــییەوە تەختەڕەشــێکی قوتابخانەم دانا.

خۆی ڕۆژێکی خۆش و مامناوەندی هاوین بوو، دەستمان بە یەکەمین دەرس کرد. شــنەبایەکیش بە نێودارەکان هەڵیکردبوو، لەســەر هەر مافوورێکیش بیســت کچ دانیشتبوون. باپیرەشم ، دەفتەر، قەڵەمدار، لاستیکێکی ڕەشکردنەوە و قەڵەمتراشێکی بەسەر کچەکان دابەشکرد، کە مامم هەموو ئەوانەی وەک دیاری پێشکەشــکردبوو.

ئەکرەم جوون مامۆستای خولەکە بوو. هەر گرووپێک کورتە دەرسێکی دەدا و چەندین ڕستەی لەسەر تەختە ڕەشەکە بۆ دەنووسین. ناتاشا و منیش مەشــقی دەرسەکانمان بە کچەکان دەکرد، لەکاتێکدا باپیرەشم ئــاگای لە تانکی ئاوەکە بوو، لەکاتی خۆیدا پڕیدەکردەوە.

کچەکان دڵخۆشــبوون، ئەکــرەم جونیش لە بەختەوەریدا شاگەشــکە ببوو، ناتاشــا و ئەزیش بەو بەشداریەمان شاناز بووین.

ئێمــە ئەوەندە بــە کارەکەمــان ماندووبووین، لە کۆتایــی هەفتەکەدا شــەکەتبووین. ئاخر نەماندەزانی، کە کارەکە ئەوەندەمان لێدەخوازێ و ئــەو وزەیەمــان پێخەرجــدەکا، بــەڵام خــۆ ئێمــە ئیشــەکەمان بەخۆشەویســتییەوە کرد. دەرســەکانیش بایی پێویست بون: هەرچی بۆ من بوو کارەکە وەک دارِســانێک وا بوو تا چارەســەری گرفتەکان بکــەم و سەرپەرشــتی کارە ســەرچڵییانەکەی ئەکرەم جــون بکەم.

هەموو ئەنگۆرەیەکیش کارەکەم لەگەڵ مامم هەڵدەسەنگاند، ئەویش فێریدەکردم چۆن لەگەڵ ئەرکەکە برۆم و چۆن خۆمی بۆ تەرخانبکەم بە شێوەیەک تا لە نیوەی رێگە ئەوەندە هیلاک نەبم بکەوم و کارەکەم پێتەواونەکرێ.
ئەکرەم جون و ناتاشا هێز و وزەیان لەسەرچاوەیەکی دیکەوە هەڵهێنجا: ئەویش ئەو سەرنج و بایەخە بوو، کە لە لایەن رۆژنامە خۆجێیەکەوە پێیاندرا. ئاخر ئەوە بوو لەپرێک ناویان دەرکرد.

منیش بە سەختی کارم بۆ ئەوە کرد نەخشەکە سەربگرێ. ئەکرەم جونیش بۆ ئەوە بە پەرۆشەوە تێدەکۆشا بەڵکو خەونەکەی بەدیبێنێ. هەرچی ناتاشاش بوو هەر بەو گیانە ماندونەبوونییە کاری دەکرد، بەڵام بێ ئەوەی هەستیپێبکا، خۆ ئەو نەخشەیەکی دیکەی لە کەللەدا بوو.

## ٢٤

**دوای نیوەڕۆیەکی** پێنجشەممە، ئەو کاتەی کچەکان ڕۆیشتن، منیش شەکەت و ماندوو بووم. ئیدی لێ وەسەر قوڵلەکە کەوتم. کاتێکیش لەوێ لەسەر تەختەبەندە دارەکە دانیشتم و پەڕەکانی ڕۆژنامە خۆماڵییەکەی شارەکەم هەڵدانەوە، گوێم لەدەنگی پێیەک بوو بە پەیژەکان هەڵدەگەڕا. خۆ ئەوە ناتاشا بوو. چاوێکی بەو ناوەدا هێناو گوتی: «ئێو، ئەوە تۆ هەمیشە هەر لێرە دادەنیشی؟ پەککوو، چ

شـــوێنێکی خۆشە، وای لەوە چ دیمەنێکی دڵگیرە.»
ناتاشا فێریکردم ئەو کاتەی ماندوو و شەکەت دەبم، شەنگم لێدەبڕێ، ئـــەوا هەر ژنە دەتوانێ هێزوگوڕم بداتەوەبەر.
منیـــش دووربینەکەم دایە دەســـتی هەندێک دوورکەوتمەوە تا مەودای ســـەیرکردنی بۆ خۆشـــبکەم. لێ ئەو کاتەی ئەو هەندێک بۆ پێشـــەوە چوو تا دیمەنەکەی بە باشی لێوە دیاربێ، خەریکبوو تەواوی جەستەی پێمبکەوێ و لێمبخشـــێ. کاتێکیش ســـەیری لای ئەشکەوتەکانی کرد، سینگی بەرشانم کەوت، هەستم بە مەمکەکانی کرد، کە تازە بناغەیان دانابوو.
بەڵێ شـــتێک لەئارادا بوو. ئەو زۆر جوان بوو، زۆر سەرنجڕاکێشـــیش بوو، بەڵام خۆ ئەو کچێک نەبوو هی ئەوە بێ خۆشـــمبوێ.
مـــن حەزم لێیبوو، خۆشـــیم لە هاتنەکەی بینـــی، بەڵام چەندین جار، خـــۆ ئەگەر وێنەیەکم بگرتبا، هەســـتمدەکرد، کەوا ئەو دەبێ شـــتێک بـــکا، کچانی دیکە هەر زاتیان نەدەکرد خەونیشـــی پێوەببینن. بەڵێ ئـــەو خۆی لە هێزی جەســـتەی خۆی ئاگاداربوو، بەکاریشـــی دەهێنا، ئەو ئەم شـــتەی وەک کەرەســـتەیەکی کار بەکاردەهێنا. ئەوەش ڕوون بـــوو، کەوا تیختیخـــەی من دەدا، بەڵام خۆ ئەوە بۆ من نەبوو، بەڵکو بـــۆ کامێراکەم بوو. هەر زوو کاتێک دەســـتم بـــۆ کامێراکەم برد، ئەو حـــەزی لێبوو وێنـــەی بگرم. خۆی نمایشـــکرد، هێـــزی مێینەی خۆی نیشاندا، هەر بۆیە هەموو ئەو وێنانەی بەکامێراکەم گرتن، لەو وێنانە دەچـــوون، کە وێنەگرێکی تازەی فۆتۆمۆدێل دەیگرتن.

وێنەی ڕەشوسپی ناتاشا و باوکیم نیشانی (ئاورێلیا) دا. ئەویش هەر

دەبوایــە بــەو کابرا ئەرمەنییە ورگزلە و کەپووگۆشــتنە پێبکەنێ، کە کیژێکی وەها ناســک و جوانی هەبوو.
هەینــێ ئێمــە نەدەکرا بزانین، بەڵام خۆ شــابانۆ گەنجەکەی وڵات و ســینەمای ئەمریکایی بوو وای لە ناتاشــا کرد و ئەو بوێرییەی پێدا، هەندێک جار خۆی وەک ئەســتێرەکانی نیویۆرک نمایشبکا.

یەکەمیــن دانپێدانانیش بە بەهرەی کچەکە لەســەر ڕووپەڕی ڕۆژنامە خۆجێییەکــەی شــارەکەمان بــوو. لــە هەفتــەی ســێیەمی دەرســی خولــی ئینگلیزیمانــدا پەیامنێــر و وێنەگری ڕۆژنامەکــە چەند جارێک ســەریانلێداین، تا بزانن ئاخۆ دەرسەکان چۆ دەڕۆن.
ئەوان بە تاســەمەندییەوە وێنەی کچەکانیان لەسەر مافووره ئێرانییە گەورەکانــەوە گــرت، وێنــەی ئەکرەم جون، هی ناتاشــا و باپیرەم و هی منیش. ڕۆژنامەکە هەموو ئەو شتانەی لە پاشکۆیەکی تایبەت بە وێنەیەکــی زۆر جوانی قوللەی قەڵاکــە بڵاوکردەوە. خۆی هەر هەموو وێنەکان جوان بوون، بەڵام ئەوە قسەی لەسەرنەبوو وێنەکەی ناتاشا بوو، کە لە هەموویان سەرنجڕاکێشــتر بوو.
دانەیەک لەو ڕۆژنامە خۆجێیەش گەیشــتە ســەر مێزی نووســینگەی سەرنووســەری گەورەترین ڕۆژنامەی وڵات لە تاران، ئەو ڕۆژنامەیەی ڕۆژانە وێنەیەکی شابانۆی لەسەر لاپەڕەی یەکەمی خۆی بڵاودەکردەوە.
بەڵێ وابوو، خولی دەرسە ئینگلیزییەکە سەرنجی ئەویان ڕاکێشا، ئەوە بوو دەستبەجێ وێنەگرێک و ڕۆژنامەوانێکی پیشەمەندی ڕەوانەکرد تا بزانن ئاخۆ خولەکە دەهێنێ ئەوانیش ڕاپۆرتی لەســەر بکەن.
ئەوانیــش کــە هاتــن زۆر پێیەوە سەرســام بوون. ڕۆژنامەنووســەکە

چاوپێکەوتنێکـی لەگەڵ ئەکرەم جون سـازدا و بـە زمانی ئینگلیزی چەند کورتە پرسیارێکی ئاسانی لە کچانی خولەکە کرد. وێنەگرەکەش بـە دەیان وێنەی لە هەمووان گرت. ناتاشـاش لـەو ڕۆژەدا کورتترین تەنوورەی خـۆی لەبەرکردبوو. دڵی خەبەریدابوو، کاتی ئەوە هاتووە خۆی بۆ سەرتاپای وڵاتەکە نمایشبکا.

یـەک دوو ڕۆژ دوای ئـەوە، چیرۆکی خولی دەرسـە ئینگلیزییەکە لە ڕێـی لاپـەڕەی ڕۆژنامەکە و بە وێنەی ناتاشـا لە ڕووپـەڕی یەکەمی ڕۆژنامەکـەدا بە هەموو وڵات بڵاوبووەوە. ناتاشـا بـە خۆی و کورتە تەنوورەکەی لە لای تەختەڕەشـەکە وەسـتابوو، لەو کاتەی ئاماژەی بۆ ڕسـتەیەکی ئینگلیزی دەکرد، کیژەکانیش بە بایەخەوە تەماشایان دەکرد. وێنە لەوە جوانتر نەبوو.
هەمـووان بـەم حاڵەتە شـادمان بـوون، ئەکرەم جون لە خۆشـییان شاگەشـکەببوو، کچەکانیـش کاتێـک وێنەکانـی ڕۆژنامەکەیان بینی، پێکەنین.
هەمـوان هەر باسوخواسـی ڕۆژنامەکەیان بوو، تەنیا ناتاشـا نەبێ، بێدەنگ، کڕومات بوو. ئەو بێدەنگ لەسەر تەختەبەندێک لای گۆلەکە دانیشتبوو سەیری ئەو ناوەی دەکرد. منیش ئەمەم لە چاوانی ناتاشا خوێندەوە: «شـتەکە بینرا، ئیدی هەروا بێسەرنج نامێنێتەوە.»
تەنانەت شـابانۆ بە خۆشـی وێنەکەی بینی، ئەو خاوەن شکۆیەی کە دواتر ڕێڕەوی ژیانمی گۆڕی.

## ٢٥

پاشـا بـۆ ماوەیەکی درێـژ خەریکبوو وڵات بکاتـە وڵاتێکی هاوچەرخ و پەیوەندییەکـی توندوتۆڵی لەگـەڵ ئەمریکییەکان هەبوو، بەیەکەوە هاوکار بوون. لە پشـتی ئەویشەوە شابانووە گەنجەکە وەستابوو، کە خۆی بۆ پرسـی ژن تەرخانکردبوو. باوکی شـا کاتی خۆی سەرپۆش و ڕووپۆشـی ژنانەی قەدەغەکردبوو. پاشای ئێستاش مافی دەنگدانی بە ژنان بەخشـی. هاوسـەری شا، واتە شابانۆ پشـتی ئافرەتانی بۆ

چوونەسەر کار گرت و بۆ ئەمەش دەرفەتی کاری ئافراند. ئیدی ئەم کلتوورە نوێیە زۆر گۆرانیبێژ و ئەکتەری ژنی هێنانەپێشەوە. وێنەکەی ناتاشا ڕێک لەگەڵ سەرهێڵی ئەو پێشهاتانە دەگونجا.

ڕۆژێکیان پۆستەچی شارەکەمان پەیامێکی شاهانەی گەیاندە دەستی ئەکرەم جون. ئەویش نامەیەکی شابانوو بوو، لەسەر ئەو کارە بێوێنەییدا پەسنی ئەکرەم جونی کردبوو.

پاش دوو ڕۆژ لە گەیشتنی نامەکە، مینیپاسێکی نایابی وەزارەتی پەروەردە لەبەر دەرگای قەڵاکە ڕایگرت. مینی پاسەکە ڕاستەوخۆ لە تارانەوە هاتبوو، تا دیاری شاهانە بۆ خولی دەرسەکانی زمانی ئینگلیزی بهێنێ.

منیش بانگی ئەکرەم جونم کرد، بەڵام خۆ دەبوایە شوفێرەکە هەندێ بوەستێ تا ئەکرەم جون خۆی ڕێکدەخا، ئاخر شوفێرەکە وێنەگرێکیشی لەگەڵدا بوو.

ئەکرەم جون بە تەنوورەیەکی جوان و پێڵاوێکی پانیبەرزەوە هاتەبەردەرگا تا خەڵاتەکە وەربگرێ. لە شارەکەی ئێمەدا هەموو ژنان چارۆگە و سەرپۆشیان دەبەست، کەچی ئەکرەم جون هەمیشە بە تاوێ چاکەتێکی ژنانە دەردەچوو، شاڵێکی نەبەستراوەشی بەسەر سەری خۆی دادەدا.

کەچی ئێستا تەنانەت بەبێ شاڵ هاتەدەر، ئەو لەبەردەم وێنەگرەکە بەبێ سەرپۆش و چارۆکە دەرکەوت؛ بەڵام خۆ مامم و باپیرەم هیچ دەسەڵاتیان بەسەردا نەدەشکا؛ لە ئێستاوە ئەکرەم جون سەر بە کەسێکی دیکەوە بوو، سەر بە هۆشەنگی یەکدەستەوە بوو، ئەو مشووری دەخوارد.

خەڵاتە شاهانەییەکە بریتیبوو لە تۆ ئامێری نوێی گرامافۆن بە تۆماری تـەواوی گرامافۆن بۆ دەرسـی زمانـی ئینگلیزی، دووسـەد و حەفتا فەرهەنگی دەسـتپێکی ئینگلیزی-فارسـی، سێ کارتۆنی پڕ لە کتێبی ئینگلیـزی بۆ منداڵان و لەگەڵ وێنەیەکی گەورەی لەچوارچێوەگیراوی شاهەنشا[٤٣].

لەوکاتەی ناتاشا فەرهەنگەکانی بەسەر کچەکاندا دابەشدەکرد، منیش وێنەیەکـم لێگرت. لەو نێوەدا مـن بەهەموو لایەکدا هەر دەمچرکاند و وێنـەم گرتـن، بێ ئاگا لەوەی ڕۆژێک دادێ وێنەکان وەک ماددەیەکی خاو بەکاربهێنم تا ئەم کتێبە بنووسـم.

منیش وەک جێگرەوەیەکی ئامادەپێدراو بۆ مامم، پۆرترێتە گەورەکەی شا و شابانۆم بردە نێو قوڵلەکە، لەوێ بە بزمارێکی ژەنگاوی لەسەر دۆڵابەکە هەڵمواسـی. مامم نوێنەری دوکاندار و بازرگانەکانی زافەران بـوو لە ناوچەکە، بازاڕیش دژی شـا و دژی هەبوونـی ئەمریکییەکان بوو لە وڵاتەکەماندا. منیش دەمزانی کە پۆرتێتی شـا و شـابانوو بۆ ماڵەکەی نێو قەڵاکە ناگونجێ و پەسـەند نییە.

ڕۆژ هاتـن و چوون، وەرزی هاوینیش بەسـەرچوو. کچـەکان توانیان بە ئینگلیزییەکی ئاسـان لەگەڵ یەک بدوێن و بە فەرهەنگەکەشـەوە دەیانتوانی کتێبی منداڵان بخوێننەوە، ئەو کتێبەی کە دیاری شابانوو بوو. ئیدی چیرۆکی خولی زمانی ئینگلیزی بەسەرچوو، بەڵام چیرۆکی ناتاشا نا.

---

٤٣. خۆی لە هۆڵەندییەکەدا دەستەواژە فارسییەکەی شاهەنشا وەرگێڕاوە واتە کراوەتە شای شایان. منیش هەر دەستەواژە فارسییەکەم پێجوانتر بوو لە وەرگێڕانی وەرگێڕاوەکەدا

مــن خامەکــەم دانــا و چوومــە ژووری مۆنتاژەکەم. لەســەر دیواری هۆدەکە چەندین کاغەزی نوشــتاوەم لە تەنیشت یەک دانابوون، ئاخر لەو کاغەزانەدا وێنەی قەڵا، شاخوداخ، شارەکە، مزگەوت و بازاڕەکەم لەســەر نەخشاندبوو. لەســەر هەر وێنەیەکیش کەســایەتییەکی نوێم بــۆ زیادکردبــوو. ئەمەش هەم بۆ خۆم و هەم بــۆ (ئاورێلیا) دەکەم. ئەمڕۆش تابلۆی ناتاشم لەسەر قوللەکە کێشا، لەو کاتەی بە دووربین سەیری ئەشکەوتەکان دەکا.

کاتێکیش لەم وێنەکێشــانە بوومەوە، بەرەو لای پەنجەرەکە چووم تا بزانم (ئاورێلیا) لە کوێیە.

من ئەوم نەبینی. دیاربوو ئەو بە ســواری ئەسپ چەرخێکی لێدەدا

## ٢٦

لـەم دواییانـەدا دووربینێکی کۆنم لە ڕۆملمارکێتـی[٤٤] تۆتدۆرپ کڕی. دووربینەکەش لەوەی من دەچوو هی سەردەمی قەڵاکە، بەڵام هەندێک خـوراوە. دووربینەکـەم بە بزمارێک لە لای پەنجەرەکە هەڵواسـیوە. ئەوە بوو دەسـتم دایێ و لە دوورەوە سـەیری ئاورێلیام پێکرد. ئەو بەهێواشی ئەسپەکەی لێدەخوڕی و (گورگی)ش بەدوایەوە غاریدەدا.

٤٤. ڕۆملمارکێت rommelmarkt: چەمکێکی بەربڵاوی هۆڵەندییە بۆ بازاڕێکی تایبەت بە بۆنەکان یان هەفتانە، کە خەڵک شتی کۆنینە دێنێتەسەرجادە و دەیفرۆشێتەوە. وەرگێڕ

ئەوان لە ئاشـەکەی سـەردەمی سـەدەی ناوەڕاست هی «نۆتدۆرپ» نزیکببوونەوە.

ئەسپەکە، ئەسپی خانمەکەی «ماینەما» بوو. هەرگیز ناوی ئەسپەکە نەکەوتەسـەرزار و ئاشـکرانەکرا، لێ کاتێ بووە ئەسپی من ناوم لێنا «ڕەخش».

ناوی ڕەخشـیش لە سەر ناوی ئەسـپی ڕۆستەمی زاڵی ئەفسانەییەوە هاتووە، ئەو پاڵەوانە نیشـتمانییە و ئێرانییەی فیردەوسـی شـاعیری سەدەکانی ناوەڕاستی ئێرانی.

ڕەنگی ئەسپە ئەفسانەییەکە بەو گوڵاڵەسوورانە دەچوو کە بە هەموو لایەکی کێڵگە و مەزرای زافەراندا بڵاوببونەوە. خۆی ئەسـپەکە لەپاڵ سـوارچاکەکەیدا دەجەنـگا، هاوڕێیەکی ئەوەنـدە چاک بوو یەک دوو جاران سوارەکەی خۆی لە مەرگی ناگەهان گەڕاندبووەوە. ئەسپەکەمان ئـەو کاتەی هی ماڵباتی «ماینەما» بوو ئەو خەسـڵەتانەی نەبوون. ئـەو پیـر و کەنەفت ببوو، بەڵام ئەو کاتـەی کێڵگەکەم کڕی هەر لە خۆشـی گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ناوم لێنا ڕەخش.

زۆر جاران ئەسپ و ناڵ و ناڵچەی ڕەنگزێڕینم هەبوون. کەچی ئێستا لە کێڵگەکەدا، ئەوە یەکەم جارە ئەسپێک و سەگێکم هەبێ. هەڵبەتە ئـەوەم دەزانی، کە هەمیشـە سـەگ حـەز بە مـرۆڤ دەکا، دەیەوێ لێیەوە نزیکبێ. خزمەتیدەکا تا هەسـتبکا پارێزراوە، بەڵام نەمدەزانی هەندێ جار ئەوان پێویسـتیان بە یەکدی هەیە. خۆی ئەوە (گورگی) بوو ئەو شتەی فێرکردم. ئەو هەم ئێشک لە من وهەم لە ئەسپەکەش دەگرێ.

ڕەخـش سـاڵەکانی پیریی خـۆی لە تەویلەکەدا بەسـەربردن و خانم

«ماینەما»ش مشـــووری دەخـــوارد. خۆ ئەگەر ئاوهـــەوا خۆش بوایە ئەوا یەک دوو جار بە دەوری کێڵگە دەیســـووڕاندەوە.
کاتێکیش (ئاورێلیا) پەیدابوو، ئەســـپەکە ژیانێکی نوێی تێگەڕایەوە.
ئێســـتا ئەو مشـــووری ڕەخش دەخوا، بەبێ زینیش سواری دەبێ و بە نێـــو مەزرا و چیمەنەکاندا دەیخولێنێتەوە.

من هەر بە دووربینەکە، بە دوای (ئاورێلیا) و (ڕەخش) و (گورگی) دا دەچـــم. ئاســـمان شـــین و ســـامالّە. دوای کەمێک ڕۆیشـــتن ئەوان وەســـتان بەرەو بەرزییان ڕوانی، ســـەیری ڕیزە دارە بەرزەکانی پێش خۆیان کرد.
خـــۆی هیـــچ شـــتێکی نـــاوازە نەبـــوو ببینـــرێ، لەوانەیـــە گوێیـــان لە دەنگێکـــی نامـــۆ بووبێ. ئینجـــا ڕەوە باڵندەیەکی کۆچەری لە پشـــت دارەکانـــەوە پەیدابـــوو. ئـــەوان یەکـــدوو جـــار بەســـەر ئەوێنـــدەردا ســـووڕانەوە، ئینجا ئاراســـتەی دیاریکراوی خۆیان دەستنیشـــانکرد و لەســـەر فڕیـــن بەردەوامبوون. وەهـــا پێدەچوو باڵندەکان نمایشـــێکی تایبەت بۆ ئاورێلیا، (ڕەخش) و (گورگی) بکەن، کە بەچاوی زەق و حەپەسانەوە سەیریان دەکرد.
پێشـــتر ئەو مەلانەم لەو دەوروبەرانە نەبینیبوون، ئیدی دووربینەکەم لەسەر ئەوان ڕاگرت تا لە حوکمی چاو ئاوابوون. پاشان دووربینەکەم بە شـــوێنی خۆی هەڵواســـییەوە، چوومە خوار و بەرەو ئەو شـــوێنەی (ئاورێلیـــا)، (ڕەخـــش) و (گورگی) لێبوون. خـــۆی دەمێک بوو مەلە کۆچەرییەکان فڕیبوون، بەڵام من بەدوای ئەوان هەر سەیری ئاسمانم دەکرد.

## ٢٧

**ڕۆژ بە هێواشــی** لەپشــت شــاخەکانی شــارەکەم ئاوابوو. تیشکێکی ڕەنگپرتەقالــی جوانــی بەســەر ماڵەکانــدا پەخشــکرد. منیــش لــە قوللەکــەی خۆم وەســتابووم و لەهیکەوە بالۆنــە هەوایەکی گەورۆنە لەسەر شارەکە پەیدابوو. لەوانەیە من یەکەمین کەس بووبم بالۆنەکەم بەدیکردبێ. ئەم جۆرە بالۆنەم یەکەمین جار لە نامیلکەکەی سەردەمی منداڵیــم هی (ئیســماعیل لە نیویۆرک) بینیبــوو. منیش بە مەراق و سەروســوڕمانەوە بە دووربینەکە ســەیرمکرد. تۆ بڵێی ئەو کەسانەی

لەنێــو باڵۆنە هەواییيە فڕندەکە کێ بن؟ ئەمریکیین؟
لەوانەیە ئەوان بن و هاتبن تا بە کێڵگە و مەزرای زافەرانی شاخەکانمان سەرسام بن. لەوانەیە هەر لە ئاسمانیشەوە بیانەوێ سەیری شەقامی کۆرنیشەکەمان بکەن، کە لەوێوە پەیکەرێکی شا بە سواری ئەسپەوە دانراوە و سینەمایەکیشــی لێیە، کە فیلمی سەرسوڕهێنەر نیشاندەدا. خــۆ دەشــکرێ ئــەوان لەبەرزییــەوە بەســەر قەڵاکەمان بفــڕن و بە دووربینەکان ســەیری ئەکرەم جون بکەن، چۆن کچەکانی شارەکەمان فێری قســەکردن بە زمانی ئینگلیــزی دەکا. کەواتە هەموو ئەگەرێک کراوە بوو؛ خۆ دەکرێ ســەیری هۆشــەنگی یەکدەســتیش بکەن، کە هێشــتا حەزی ئەوەی بەرنەداوە ڕۆڵی «مایک هامەر» ببینێ.
خۆی ئەم شــتانە هی بیرلێکردنەوە نەبوون، بەڵام کێ دەزانێ، بەڵکو ئــەوان ســەبارەت بــەو وێنانەی من گرتبووم، شــتیان بیســتبێ. خۆ دەتوانــن فیلمێــک دەربــارەی ئەو چیرۆکانــە دەربهێنــن، کە خۆیان لەپشت وێنەکان حەشارداوە.
ئێســتا باڵۆنەکە بەسەر شــەقامی کۆرنیش، لە نزیک مزگەوتەکەماندا فــڕی. گوڕییــە ئاگرێکی[٤٥] گەورەیــی لێهاتەدەر. هــەروەک ئەوە وایە خەڵکی هەســارەیەکی تر بن و لەپڕ هاتبنە نێو شارەکەمان.
ئیــدی دووربینەکەم لە شــوێنی خۆی دانایەوە، خێرا بــە پەیژەکاندا هاتمەخــوار وەک هەمــوو خەڵکی بەرەو ناوجەرگەی شــار ڕامکرد تا شتەکە لە نزیکەوە ببینم.
لەوێ بە ســەدان کــەس بە بێدەنگی وەســتابوون، چاوەڕێیان دەکرد ئاخۆ چی دەقەومێ. باڵۆنەکە بە شــکۆوە لە ئاقاری پشــت مزگەوتێ

٤٥. گوڕیە ئاگر: مەشخەڵ

نیشتەوە. حەوت پیاو و ژنێک لەنێو تریانی بالۆنەکەدا بوون. دەمامکی سەرشانۆیان پۆشیبوو. منیش کامێراکەم لە شانم کردەوە، دەستم بەوێنەگرتن کرد. کاتێکیش زوومی کامێراکەم لەسەر ئافرەتەکە راگرت، تەزوویەکی سارد پەڕییە پشتم. لەبن دەمامکەکە ناتاشام ناسییەوە. من ئەوم ناسییەوە، چونکە زۆر جار وێنەم لێگرتبوو.

ناتاشا یەکەمین کەس بوو لە بالۆنەکە دابەزی و پێی نایە سەر خاکی کۆرنیشەکە. بۆ ئاکنجییانی شارەکە شتەکە ئەوەندە وروژێنەر بوو، هەروەک چۆن یەکەم جار مرۆڤ پێینایە سەر مانگ وا بوو.

دوای ئەو، هەر حەوت پیاوەکەش دابەزین. حاڵەتەکە هەروەک ئەوە وا بوو، ئەوان لە دیمەنێکی ناو فیلمدا بێنەوە سەر داکەوتە (واقیع) ی شارەکەمان.

لەو ساتەدا کەس سەری خۆی بەوە نەیەشاند، بپرسێ ئاخۆ ئەم بالۆنە لە کوێوە هاتووە، مرۆ خەریکبوو نیگای خۆی ببڕێتە سەر ناتاشا.

ئەوسا تەوژمێک لە ئیرەیی دایگرتم، بەڵام نەشم دەزانی بۆچی ئیرەییەکە دایگرتووم. ئاخۆ لەبەر گەشتی نێو بالۆنەکە بوو یان لەبەر ئەو بایەخە بوو کە بە ناتاشا درا؟

ئاخر خۆ ئەو هێشتا هەر لە ئەستێرەیەکی فیلم دەچوو. من ئەوم بینی کە رۆڵ لەنێو فیلمێکدا دەبینێ. من ئەو کات نەمدەزانی، بەڵام خۆ ئەو حەوت پیاوەی لەگەڵیدا بوون نوێنەرایەتیی گەورەترین بەرهەمهێنانی فیلمی وڵاتەکەیان دەکرد. ئەوان هاتبوون ناتاشا لەگەڵ خۆیان ببەن، چونکە سینەمای نیشتمان گەیشتبووە ئەو ڕاددەیەی پێویستی بەوە هەبوو خانمە ئەکتەرێک لەبەردەم کامێرادا سینگە

لاوە نازدارەکەی ڕووتبکاتەوە.
بەرهەمهێنەری فیلمەکەش لەو کاتەی وێنەی ناتاشای لە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەی وڵات بینیبوو، داڵغەی لێدابوو.
لەوانەیە شتەکە پەیوەندی بە گیانی سەردەمەکەوە هەبووبێ، یان بە ناتاشا خۆی. من دەمزانی ئەو حەزی لەو بەزمەیە؛ ئاخر کاتێ بە کامێراکەم وێنەم دەگرت، ئەو وەها ڕۆڵی دەبینی وەک ئەوەی من دەرهێنەری فیلم بم.
ئەوەی کە ڕاستیش بوو، کاتێ من هێشتا بەخۆم و کامێراکەم دەسووڕامەوە، ئەو خەریکی ئەوە بوو ببێتە ئەستێرە.
لەو ساتەی ئەو لەنێو باڵۆنەکە هاتەدەر و پێی دانایە سەر زەوی، کاتی هۆدە تاریکەکەم بەسەرچوو. ئەوە بوو گەڕامەوە ماڵ و بۆ ماوەیەکی درێژ لە سەرەوە لەنێو قوللەکە و لە تاریکیدا لێیدانیشتم.
دەبوایە بڕیاری خۆم بدەم. هەڵستامەوە، کامێراکەم خستە نێو دۆلابەکە و لە پەیژەکە دابەزیم.
هێشتاش تێنەگەیشتم ئاخۆ بۆچی ناتاشا و هەر حەوت پیاوەکان لەم ڕۆژەدا بە باڵۆنێک بەسەر ئاسمانی شارەکەدا فڕین، بەڵام خۆ ئەوە شتێکی بۆ من ڕوونکردەوە. ناتاشا دەیەویست هەمووان سەرسامی بن، هەمووان سەیری بکەن. منیش درکم بەوە کرد، کە زیاتر ویستوومە بە ناتاشا سەرسام بم. کامێراکەکەم لەنێو دۆلاکەبەدا بوو: ئێستا دەبێ شتێک پەیدابێ تا ئەو زەرەرەم بۆ پڕبکاتەوە.

## ٢٨

**خۆی نەدەبوایە** بکەوتبامە داوی خۆشەویستیی کەسێکی وەک ناتاشا، بەڵام لەپڕێکەوە غەریبی «لەیلا»یێم کرد.

«لەیـلا» کیـژی مجێورەکـەی مزگەوتێ بـوو. ڕاسـتییەکەی منیش لـەو گەنجانـە نەبووم، هاموشـۆی مزگەوتێ بکـەم. ئەمەش بە هۆی دایکمەوە بوو: ئەو لە خواترس بوو، بەڵام بەدین نەبوو. دایکم سـەر بە ماڵباتێکی جوتیار بوو، زۆر بە نوێژان پابەندنەبوون. ئەمەش ڕێک پێچەوانـەی لایەکەی دیکەی ماڵباتەکەم بوو لە باوکەوە.

بەڵـــێ، هەموو ڕۆژانی هەینی باپیـــرەم دەگەیاندە دەرکەی مزگەوتێ. مجێورەکـــەش بە خـــۆی و خاووخێزانـــی لەوێ لە خانـــووی مزگەوتێ دەژیـــان. بـــەم جۆرە زۆر جـــاران لەیـــلام دەبینی، بەڵام لـــەو هەموو جارانە هیچ نەکەوتبووە بەرچاوم.

ڕۆژێکیـــان، کـــە ڕۆژی هەینـــی بوو، کاتێـــک باپیـــرەم گەیاندە هۆڵی نوێژکـــردن، بۆ یەکەمین جار بـــوو وەک هەرزەیەک نیگایەکی مەیل و حەزم چووە ســـەر لەیلا. ئەو کات کیژەکە هەر شازدەســـاڵان دەبوو. تەنانـــەت پەچەکەی هەنـــدێ بۆ من کردەوە و لە بنـــەوە خەندەیەکی بۆکـــردم. خۆ ئەگەر کیژێک عەباکەی بۆت بکاتەوە، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنـــێ، خۆی بۆت نمایشـــدەکا. منیش ســـەیرم کـــرد؛ ئەو ببووە شۆخێکی نازداری جوان.

خـــۆی خۆشەویســـتی لە هەمـــوو وەرزەکاندا بە جۆرێکـــی دیکە کاری خۆی دەکا.

کاتێکیش بۆ ڕۆژی پاشـــتر سەر لە سپێدەکەی بە ئاگا هاتم، یەکسەر داڵغەم بۆ کیژەکە ڕۆیشت. لە هیکەوە غەریبیم بۆی هەڵسا. ئاخر خۆ ئەوە ڕەوتی ژیان بوو ئەوی خســـتبووە سەر ڕێگەم تا ئەو بۆشاییەی کامێراکەمـــی پـــێ پڕبکەمەوە، تـــا ئەو کاتەی شـــتێکی دیکە جێگەی ئەوی گرتەوە.

منیش بۆ ئەوە ڕیتوێلێکم داهێنا: هەر کاتێک مەلای بانگدەر دەچووە ســـەر منـــارە بەرزەکـــە و بانگیـــدەدا تا خەڵـــک بێنە نوێـــژێ، منیش یەکســـەر غارمدەدایە مزگەوتێ بەڵکو کیژەکە ببینم.

چوومە مزگەوتێ و خۆم هەڵکوتا تا جێی نوێژان، بەڵام خۆ لە درزی دەرکە بچکۆلانەکەی پشـــتەوە چاوێکم هەر لەسەر لەیلا بوو.

ئەویش لە ڕاڕەوەکەدا لە پێشەوە دەڕۆیشت و بۆم پێدەکەنی. منیش بەدوایـدا لە ڕاڕەوێکەوە بۆ ئەوی دیکە. ئەو عەباکەی شـلدەکردەوە، ئیـدی بـە هێواشـی لەسـەر جسـتەی خشـا و کەوتەخـوار. منیش هەڵمدەگرتـەوە، خـۆم دەگەیانـدێ و بەسـەرمدا دەدایـەوە. ئینجـا پێدەکەنی و بە نێو خانووە کۆنەکاندا بە ڕاڕەوە تاریکەکەدا ڕایدەکرد. ئەوە بوو وەک ئەوەی بە ڕێکەوت بێ دەسـتەکانمان بەیەککەیشـتن. ئیـدی بەو تاریکییە لە پشـت دینگـە خۆی پەنادا. منیـش بەدوایدا گەڕام، لە دینگەیەکەوە بۆ ئەوی دیکە. هیچ قسەیەکمان لەگەڵ یەک نەگۆڕییـەوە، بەڵکو هەر دەڕۆیشـتین و لە دینگەیەکی کۆن بۆ ئەوی دیکە، لەو شوێنە پیرۆزەدا بەدوای یەکدا غارماندەدا. ئەو هەمیشە بە ئەنقەسـت تاکە پێڵاوێکی بەردەدایەوە. منیـش بەو تاریکییە بەدوای تاکـە پێڵاوەکـەدا بگەڕێ بگەڕێ تا دەمدۆزیـەوە، ئینجا لەبەردەمیدا شـۆڕدەبوومەوە و تاکە پێڵاوەکەم بۆ دادەنا تا بیکاتەوە پێی. بەڵێ ئەو کیژێک بوو، دەکرا بۆ من بشـێ.

ئێمـە ماوەیەکی زۆر بەیەکەوە دەبوویـن تا نوێژکەران لە نوێژەکەیان دەبوونـەوە. ئینجـا بە ئارەقەوە ڕایدەکرد تا خۆی دەگەیاندە بەشـی ژنـان و منیـش خـۆم دەگەیانـدە نوێژکـەرە پیـاوەکان ئەوانەی لە مزگەوتێ دەهاتنەدەر.

ئـەو خۆی ئـەو کیژە بوو، کە من بۆ یەکەمیـن جار حەز و ئارەزووم لەگەڵیدا پەیدابوو، ئیدی خۆشی و ئێش و ئازار و دوودڵی خۆشەویستی لەگەڵدا پەیدابوو. کاتی خۆی شـتەکە لەپڕ بۆم هات، کەچی ئێسـتا لێی بەئاگام.

ئـەو ببـووە یاری مـن، بەڵام بـە شـێوەیەکی چاوەڕواننەکراو مەلای

مزگەوتێ دەستی بەسەرداگرت و لە منی ستاند.
مەلاکە هەر تەنیا دە خولەکی پێویست بوو تا قسە لەگەڵ مجێورەکە بکا و داوای خوازبێنی کچەکەی لێبکا و ئەویش قایل بوو. هەموو شتێک هەندی بڵێن یەک و دوو تێکپەڕێنرا و هەموو شتێک ڕێکخرا. منیش لەبن باری غەریبیکردنێکی قورسەوە دەمناڵاند، بەڵام خۆ هیچیشم پێنەدەکرا، ئاخر ئەو ئێستا بووە ژنی مەلای ئیمامی مزگەوتێ.
ئەو کات لاو بووم، خەمبار و کەساس، هیچ شتێکی وەهاشم لەبەردەستدا نەبوو تا ئەوەی لە خەیاڵی من ڕوویدا بەرجەستەیبکەم. چەندین ساڵ دوای ئەوە، ئەو غەریبییە گەرمەم لێ زیندوو بووە و لە دیمەنێکی فیلمێکمدا بەرجەستەمکردەوە. خۆی ئەو کات هیچ باڵۆنی هەوا لەگۆڕێدا نەبوو، بەڵام سەرتاپای قەڵاکە وەک کەشتییەک وا بوو لە هەوا دەفڕی، لەو کاتەدا ئەکتەرە جاحێڵەکە لەسەر قوللەکە سوکانی کەشتییەکەی بەرەو ئاراستەی ماڵی مەلا ڕاگرتبوو.
لێ گەلۆ، ئەو سیناریۆیە زۆر دواتر بوو، بۆ ئەوەی کەفوکوڵی حەز و غەریبییەکەم دابمرکێنمەوە، خۆم گەیاندە نێو پەناگە ژێرزەمینەی قەڵاکە، ئەو شوێنەی هەمیشە باوکم لەوێ پێڵاوی بۆ دایکم دروستدەکرد. منیش چوومە پشت ئەو مێزە بچووکەی کە کەرەستە و ئامێرەکانی لەسەر بوو، بەڵکو جووتە قاپقاپەیەک بۆ لەیلا دروستبکەم. کتومت هەر بەو شێوازە کردم، کە باوکم دەیکرد. پارچە چەرمێکم بڕی، بنی قاپقاپەکەم لە دار تاشی، لاچکەکانم بۆیەکردن، لە دارەکەم پێچا، لاچکەکانم دوورینەوە، بە نەرمی بە بزمار دامکوتا، بە جوانیش بەگوێرەی قالبەکە بڕیمەوە.

ئەوەی ڕوویدا مایەی سەرسامی من بوو: قاپقاپە زەردەکان، کە لەنێو دەستمدا بووم شەقلێکیان وەرگرت، منیان گەڕاندەوە سەر ڕێگەی لەیلا. ئیدی بە هێوری شادی پەڕیەوە نێو دڵم.
ئەنگۆرەیەکی پێنجشەممە، ئەو کاتەی باپیرەم گەیاندە مزگەوتێ، هیوام دەخواست هەر بە ڕێکەوت لەیلا لەسەر ڕێگەمدا ببینم، جا هەرواش هاتەوە، چونکە ئەو خۆی لەوێ وەستابوو. ڕێک لەو شوێنەی، کە هەمیشە لێیدەوەستا.
تۆبڵێی ئەوەی بینیبێتم ڕاست بووبێ، یان ئەوە هەر لە ئەندێشەمدا وێناکراوە؟
بەڵێ، شتەکە ڕاستی بوو. ئەتۆ بڵێی ئیدی لە پشت دەرکە بچکۆلەکە ئەو بۆ شوێنی نوێژان هاتبێ؟
بەڵێ پەڕجووەکە قەوما. ئەو، ژنە گەنجەکەی مەلا، بەغاردان خۆی گەیاندە ڕاڕەوە کۆنەکە و منیش بەدوایدا ڕامکرد، ئەمە لەکاتیکدا بوو، کە مەلای ئیمام پێشنوێژی بۆ نوێژکەران دەکرد.
ژنەکە سەیرێکی کردم پێکەنی. بۆ مایەی شادمانییم چارشێوەکەی لەسەر جەستەی لادا و کەوتە سەر زەوی. منیش هەڵمگرتەوە و لە جەستەیم وەرپێچایەوە. پێکەنی، بەرەو ڕاڕەوە تاریکەکە ڕایکرد و تاکە پێڵاوێکیشی لەدوای خۆی جێهێشت.
لە تاریکەییەکەدا بانگمکرد.»من جووتە قاپقاپەیەکم بۆ دروستکردووی، جووتە قاپقاپەیەکی زەرد!»
گوێم لێبو پێیگوتم: «سبەی ئێوارە لەگەڵ خۆتیان بێنە.»

کەچی ژیان بڕیارێکی دیکەی لە بن سەردا بوو.

ئێوارەی ڕۆژی پاشتر شتێکی نائاسایی قەوما. شتەکە ڕێک لەو کاتەدا ڕوویدا، کە من بەرەو مزگەوتێ دەچووم، بە خۆم و جووتە قاپقاپەکە، کە لە ڕۆژنامەیەکی کۆنینەی خۆجێی شـارەکەدا وەرمپێچابوو.

## ٢٩

بەرەبەرەی ئەنگۆرە بوو، تازە ڕۆژ ئاوا ببوو. مـن بۆ ئەوە چوومە مزگەوتـێ تا قاپقاپە زەردەکە بدەمە ژنێک، کە هی خۆم نەبوو.

هێشتا بۆ نوێژ زۆر زوو بوو، دەبوایە هەندێک بوەستم تا بانگدەرەکە دەچێتە سـەر منارە و تێیهەڵدەکاتە بانگی.

بۆ ئەوەی کاتەکە بکوژم بەرەو قوتابخانەی کچان ڕۆیشـتم.

پیاسـەم دەکرد و بیریشـم هەر لای هۆشـەنگ و ئەکرەم جون بوو.

ئاخـــر لەوەتـــەی پەیوەندییـــان لەگەڵ یەک پەیداکـــردووە، بە تەواوی گۆڕاون. زۆر جاران هۆشـــەنگ بە خـــۆی و زەرفێکی «مایک هامەر» لە بەرکەی چاکەتەکەیدا بەنێو شـــاردا دەڕوا و لە ماڵێش خۆی فێرە ئینگلیزی دەکا.

من دەبوایە بەو دواییانە لەسەر ڕاسپاردەی ئەکرەم جون گرامافۆنێک ببەمە ماڵی هۆشەنگ، بەڵکو سەعی لە دەرسی زمانی ئینگلیزی بکا. بـــۆ ئـــەوەی بـــۆی ڕوونبکەمـــەوە، کـــە گرامافۆنەکە چـــۆن کاردەکا، قەوانەکەم خســـتە سەر و بۆم پێکرد.

ژنەکەی ســـەر قەوانی گرامافۆنەکە بە ئینگلیزی شـــێوەزاری ئەمریکی گوتـــی: «ناوی من لیزایە. ئەدی ناوی تۆ چییە؟»

هۆشـــەنگیش بـــە دەنگێکـــی گڕەوە لە دوایـــدا گوتیـــەوە: «ناوی من لیزایە، ئەدی ناوی تۆ چییە؟»

بـــە ئامادەبوونـــی هۆشـــەنگی یەکدەســـت لـــە ژیانی ئەکـــرەم جوندا، بەیەکجاری چارشـــێوەکەی ســـەری خـــۆی فڕێداو لەو کاتـــە بە دواوە شەپقەیەکی لەسەر نا.

دیندارەکانـــی مزگەوتـــێ و دوکاندارەکانـــی بـــازاڕ خۆشـــحاڵ نەبوون بەوەی ئەکرەم جون دەرسی ئینگلیزی بە کیژانی شار بڵێتەوە. ئاخر ئەوان وەهایان دەبینی، کە ئەکرەم جون و ناتاشـــا نموونەیەکی باش نین بۆ کچەکان.

هەر ئەوەندە بۆ ئەو بەس نەبوو، ئیدی جاروبار لەگەڵ هۆشەنگدا بە جادەی کۆرنیشدا پیاسەیان دەکرد.

ئەکرەم جون هەمیشـــە بەو شـــێوازە ژیاوە، کە خۆی ویســـتوویەتی، بـــەڵام ئێســـتا دوای ئەوەی کـــە شـــابانۆ بینیویەتی و گوێـــی لێبووە

هەستیدەکرد زۆر لە جاران بەهێزترە.
ئیدی بە چاوەڕوانی تا کاتی بانگی مەلای دادێ، زیاتر بەرەو ئاراستەی قوتابخانەی کچان قەدەمم لێداو هەر بیریشم لەو جۆرە شتانە دەکردەوە.
ئاگام لێنەبوو لەپڕ تاریکی داهات، هەربینا مەلا بانگیدا. لە دوور مەودایەک، هەر ئەوەندەم بینی لەبەرچاوم ئەکرەم جون پەیدابوو، ئەو لەبن ڕۆشنایی گلۆپی ستونە کارەباییەکە هەندێکی دوور لەولاوە وەستابوو، پێدەچوو چاوەڕێی تاکسییەک بکا. زانیم خۆی بوو، ئاخر بە هۆی شەپقەکەی زوو نەمناسیەوە.
لە شوێنی خۆمەوە دەستێکم بۆ بەرزکردەوە، بەڵام خۆ ئەو منی نەبینی، هەر ئەو کاتیش ترۆمبێلێکی تایبەت لەبەر دەمیدا چەقی. دوو پیاوی لێهاتنەدەر، ئەوان بە توندی پیلی ئەکرەم جونیان گرت و ڕایانکێشایە نێو ترۆمبێلەکە. یەکێ لە پیاوەکان لە پێشەوە لە شوێنی سەکنەکە دانیشت و ئەوی دیکەش لە پشتەوە لە تەنیشت ئەکرەم جون دانیشت. سێیەمەکەشیان لەپشت سوکانەوە دانیشتبوو. هەمووی بەسەریەکەوە هەر چەند چرکەیەکی پێچوو. ترۆمبێلەکە خێرا بۆی دەرچوو بە بەردەمی منیشدا ڕەتبوو. ئەکرەم جون قیژاندی، ئەو پیاوەی لە تەنیشتی دانیشتبوو دەستێکی بەسەری وەنا و نەویکرد. ئەو پیاوەی لە پێشەوەش دانیشتبوو خۆی وەرسوڕاند تا یارمەتی ئەوەی دیکە بدا ئەکرەم جون بەرزەفت بکەن، تا نەتوانێ بە مست لە کابرای تەنیشتی بدا.
منیش بە دوای ترۆمبێلەکەی ڕامکرد و برووسکەئاسا نیگایەکم لە پیاوەکان بڕی. من ئەو دوو پیاوەی توند ئەکرەم جونیان گرتبوو

نەمبینین، هەرچۆنێک بێ خێرا لەبەر تیشـــکی چراکەدا بیچمی کابرای شـــوفێرم لێوەدەرکەوت. ڕوخساری شوفێرەکەم وەک وێنەیەکی ڕەش و سپی لەنێو یادگەی مێشکمدا داکرد ،کە هەرگیز لەبیرم نەچووەوە. کەمێکـــی دیکە بە دواییانـــدا غارمدا ئاخۆ بەچ ئاراســـتەیەکدا داژۆن. ئەوان بەرەو دەستەچەپ باياندایەوە بە ئاراستەی چیاکان لێیانخوڕی. من وەســـتام و بینیم چۆن پیـــاوەکان ئەکرەم جونیان وا لێکرد نەوی ببێ، چۆن ئەویش بەرگریی دەکرد. کتومت زانیم چی ڕوویدا، ئاخر خۆ ئەو جۆرە دیمەنەم لە کتێبەکانی «مایک هامەر» خوێندبوونەوە. لەو کتێبەدا، «ڤێلدا» ســـکرتێرە هەرە شۆخەکەی مایک هامەر بە هەمان شـــێوە ڕفێنرابـــوو. «مایکی ســـپیلانس» دیمەنەکەی بەم شـــێوەیەی خوارەوە وێناکردبوو:

«ترســـوبیم «ڤیلـــدا»ی داگرتبـــوو. ترومبێلەکـــە لـــە تاریکیـــدا و بە خێراییەکـــی بێوێنە بۆی دەرچـــوو. خاتوونەکە زانی کەوتۆتە داوەوە، ئیـــدی دەســـتی بـــە هاتوهـــاوار کرد بۆ ئـــەوەی ئـــەو ترومبێلانەی بە تەنیشـــتیدا ڕەتدەبـــن، بزانـــن کە ئـــەو پیاوانـــە دەیانـــەوێ بیرفێنن؛ بـــەڵام شـــوفێرەکە کاســـێتی موزیکێکی خســـتبووە ســـەر نەوارەکە و هەموو دەنگی دابوویێ، ئەو پیاوەش لە پشـــتەوە لە تەنیشـــتی ڤیلدا دانیشتبوو بە دەستە پان و بەهێزەکەی، بەدەستی ڕاستی ملە باریک و ناســـکەکەی توند گرتبوو پاڵەپەســـتۆی خستبووەسەر تا نەویبکا و بیخاتـــە بەر پێ و دیارنەبێ. خاتوونەکە ئافرەتێکی بەهێز نەبوو، ئەو ژنێکی وردیلە بوو هەر بۆیە پێڵاوی پاشـــپانی بەرزی لەپێدەکردن تا درێژ دیاربکەوێ. پیاوەکە ئەوەندە توند گرتبووی سەری نەویکردبوو، هەســـتێکی وای لا پەیدابوو، کەوا ملی شکاوە.

«ڤێلـدا»ش زانـی کەوتۆتە دەسـت دوژمنە سەرسـەختەکانی مایک هامـەر. باشـە ئـەدی ئەو پیاوانەی، کـە ئەکرەم جونیـان ڕفاند کێ بوون؟ دوژمنە سەرسـەختەکانی هۆشـەنگ؟ یان تۆ بڵێی ئەوان بۆیە وایان کردبێ، چونکە ئەکرەم جون شـەپقەی لەسـەردەنا؟ لەوانەشە شـتەکە هـەر لەبەر ئەوە ڕووی دابـێ، لەبەر ئەو جانتـا پڕنهێنییەی هۆشـەنگ کە من بە دزییەوە لە دۆڵابی قوڵلەکەم هەڵگرتبوو.
ترومبێلەکـە لـە حوکمـی چـاوان ونبـوو، منیش دەسـتبەجێ بەرەو قەڵاکـە غارمـدا و بەپەلەپـڕوزێ چومەژوور. لەوێشـەوە هەر خێرا و بەلەز بەسـەر پەیژەکان سـەرکەوتم تا خۆم گەیاندە قوڵلەکە. لەوێ دەسـتم بـۆ دووربینەکـە برد و سـەیری پیاوەکانم کـرد ئاخۆ بەرەو کـوێ دەڕۆن. نەمدەتوانی ترومبێلەکە ببینـم، بەڵام چرای لایتەکانی پێشەوەی ترومبێلەکەم بینی لەبەردەکانی پێش خۆی دەدا و ڕوناکی دەکردنەوە. من هەروا بە دووربین بەدوایاندا چووم تا لەپشـت تاوێرە بەردەکان ون بوون.

باپیـرەم منـی بینـی و لـە دژواری پرسـەکەش گەیشـت. کەچی نە جنۆکەکـەی و نـە کتێبە کۆنینەکـەی نەیانتوانی بـە فریای ئەکرەم جونەوە بکەون.
شـتەکە هی ئەوەش نەبـوو مامم لێی ئاگاداربکەمـەوە، ئاخر ئەویش هیچـی بـۆ کێژەکەی پێنەدەکرا. ئەو پیاوی قسـە و ئاوەز بوو، لەوە نەدەهات کارێکی وەک ئەوەی مایک هامەر سـەر ڕێ بخا.
هەربۆیـە لـە قوڵلەکـە دابەزیم و بـە هەموو هێزێکمـەوە بەرەوماڵی هۆشەنگ غارمدا.

بە ئارەقەکردنەوە گەیشـــتمە ماڵی ئەو و یەکسەر خۆم بە ژوورەکەیدا کرد. ئەو لە هۆدەکەی لەسەر زەوی دانیشتبوو، گوێی لە گرامافۆنەکە گرتبـــوو. کە منی وەها بینی تۆقا.

منیش بە هەناســـەبڕکێوە گوتم: «ئەکرەم جونیان ڕفاند.»

- «ئەوە چی دەڵێی؟ کێ؟ لە کوێ؟»

- «ســـێ پیاو، بە ترومبێلێکەوە بەرەو شاخەکان ڕۆیشتن.»

خۆی تاریک نەبوو، بەڵام تارماییەکەی بەســـەر چاوەکانی هۆشـــەنگدا هات.

ئەو هەڵســـایەوە. بەیەک دەســـت قایشـــی پانتلۆنەکەی توندکردەوە. منیـــش لـــەوە زراوم چـــوو، بینیم چۆن دەمانچەیەکـــی لەبن جلوبەرگ هێنایەدەر و لەبەر پشـــتی لەبن قایشەکە قایمیکرد.

«لەگەڵم دێی؟»

## ٣٠

هێشتا نەمدەزانی چۆن مامم لە ڕفاندنی ئەکرەم جون ئاگاداربکەمەوە. ئەوە بوو بە دوای هۆشەنگدا بەرەو شاخەکان لێمدا ڕۆیشتم.

کاتێک گەیشتینە لای قەڵاکە، بە هۆشەنگم گوت، دەبێ بگەڕێمەوە ماڵ تا لەگەڵ مامم قسەبکەم، چونکە لەوە خاترجەم بووم، کە ئەو نیگەرانە ئاخۆ بۆچی تا ئێستا ئەکرەم جون نەگەڕاوەتەوە ماڵێ.

هۆشەنگیش گوتی: «پێویست ناکا جارێ پێیبڵێی.»

کەچی لە قەلاکە چوومەژوور. هێشـتا چرا لە پشت پەنجەرەی ژووری مامم دادەگیرسا و بە پەرۆش و خەمەوە لەودیو پەردەکانەوە سەیری دەرەوە دەکا.

منیـش لە دەرکەم دا و لێ چومەژوور.

- «ئـەرێ ئـەوە بە چییەوە سـەرقاڵن؟ ئەکرەم جون لـە کوێیە؟»

وەهای لێپرسیم.

- «ئەو لای دەستەخوشـکەکەیەتی. درەنگتر دەگەڕێتەوە ماڵێ.»

ئەو دەسـتبەجێ زانی شتێک لە گۆڕێدا هەیە، چونکە هەرگیز ئەکرەم جون بە شەو لە دەرەوە نەدەمایەوە.

لێیپرسـیم: «باشە شتێک لە ئارادا هەیە؟»

هەرگیـز نەدەبوو درۆی لەگـەڵ بکەم، بەڵام خۆ کەڵکی ئەوەی نەبوو ئێسـتا بـۆی بگێڕمـەوە، کە چی قەومـاوە... هەر بۆیە من شـتێکی وێوەتریشم کێفەڕات[٤٦] گوت کە بەشێکی پرسەکەی ئاشکراکرد. «هیچ خەم مەخۆ. هۆشـەنگم لە شتەکە ئاگادارکردووەتەوە.»

بینینم تەسبیحەکەی لە نێو دەستدا لەرزین. ئاخر ئەوە یەکەمین جار بوو، لە بەردەمییدا ناوی هۆشـەنگم لەدەم بێتەدەر.

بە مەراقەوە پرسـی: «دەی پێم بڵێ، چی بووە؟»

«دواتر پێت دەڵێم، دەبێ ئێستا بڕۆم. هۆشەنگ چاوەڕێمدەکا.» من وەهـام گوت و لە دەرکەی هۆدەکەی ئەو چوومەدەر.

ئەو منی دەناسـی، متمانەشـی پێبووم. دەیزانی ئەگەر پێویست بایە پێمدەگوت.

جـاران کە هێشـتا نەوجەوان بووم، بە جۆرێکی دیکـە لە نوێژەکانی

٤٦. کێفەڕات: کارەسات، شتێکی زۆر ناخۆش.

مامــم و لە جنۆکەی باپیرەم دەڕوانی.
مــن تــەواو هاتبوومە ســەر ئەو بڕوایە، ئــەو کاتەی بــۆ کاری هەرە پێویســت و ناچار ڕووی لە ئەڵلا دەکرد، شــێوازێکی مامم بوو دادی نەدەدا. کەچی ئێســتا کە بە تەمەندا ڕۆیشــتووم، پێموایە نوێژکردن بۆ ئەوانەی بڕوایان پێیە شتێکی پێویستە. من ئەو کات و ئێستاش، هەمیشــە هیــچ بەڵگەیەکم بەدەســتەوە نییــە، کە بڵێــم ئەڵلا گوێی لــە مامــم دەگرت هەرکاتێک بەســتەزمانانە و دەستەوەســتان، ڕووی تێدەکرد و لێی دەپاڕایەوە. ئاخر خۆ ئەو بە شێوازی خۆی ڕێگەیەکی بــۆ چوونە نێو ڕازونیازی گەورەی ژیان دۆزیبووەوە.
ئەم شــتە بۆ باپیرەشم ڕاســت بوو. ئەو لە ڕێی جنۆکە هاوشانەکەی هەســتی بــە هێزوگوڕ دەکرد. ئەوان بە یەکــەوە کاروبارێکی وەهایان ڕێکدەخســت، بەدڵنیاییەوە باپیرەم بەتەنیا پێینەدەچووســەر، ئیدی ئەم شــێوازەش بە باشی کاری خۆی دەکرد.
من نەبوومە کەســێکی دیندار، بەڵام دواتر تێبینی ئەوەم کرد، منیش ئەو هەموو شتانەم کردوون.
ئیدی مامم بە خۆی و نوێژەکانی لە دواوە جێهێشــت و بەغار لە ماڵ چومەدەر، خۆم گەیاندەوە هۆشەنگ، کە لە دەرەوە چاوەڕێیدەکردم. بەیەکەوە بەسەر پردەکەدا پەڕینەوە و ڕوومان لە کێوەکان کرد، بەرەو ئەو شــوێنە ڕۆیشتین، کە دواجار ترومبێلی ڕفێنەرەکانم لێوەبینی.
خــۆی هەر یــەک ڕێگە بــەرەو شــارەکەمان هەبــوو، ڕێیەکەش وەک مــار پێچاوپێچ بــە نێو کێوەکاندا دەڕۆیشــت. ئێوارانــی درەنگ هیچ ترومبێلێک لەشار نەدەچووەدەر. خۆی دوای دوو سێ کیلۆمەتر لەبەر ڕێگە ســەختەکە دەوەستای و دەگەیشتییە لمی بیابان.

تۆبڵێــی ئەو زەلامانە ئەکرەم جونیان لەگەڵ خۆ بردبێتە کوێ؟
لــەو تاریکییــەدا بە نێــو گابەردەکاندا دەڕۆیشــتین و ســەیری ئەملا و ئــەولای خۆشــمان دەکــرد. دوای ماوەیەک لە ڕۆیشــتن و بەســەر گابەرد هەڵگەڕاندا، گەیشــتینە ڕێگە عاســێکە. لەوێ ئەوەندە تاریک بــوو هیچمان نەدەدی، کەڵکی ئەوەشــی نەبوو زیاتــر بڕۆین، چونکە پێنەدەچوو ڕفێنەران بەنێو لمی بیاباندا لێیانخوڕیبێ و ڕۆیشــتبن.
هۆشــەنگ لەنێــو هــزر و داڵغەکانیدا نقــوم ببوو، ئەمــە و لەکاتێکدا خەنجەرەکەی لەئاســتی نێوچاوانی ڕاگرتبوو. ئــەو، ئەو پیاوە نەبوو خۆی لە مەترســی ترســناک بەدووربگرێ، بەڵام خــۆ ڕفێنەران خاڵە هەرە لاوازەکەیان دۆزیبووەوە، لەوێوە پێوەیان وەدابوو. ئەو ئەوەندە دڵتەنگ و خەمبار بوو، وەک ئەوەی باسکەکەی دیکەشی لەدەستدابێ وا بوو.
- «پێم وا نییە ئەوان بەرەو سارا ڕۆیشتبن.» ئەو وەها کەوتە قسە.
- «لەوانەیە بەرەو ئەشــکەوتەکان ڕۆیشــتبن؟» منیش بە هەستێکی وەهــا هاتمەگۆ وەک ئەوەی زمانێکی بەردم بۆ پەیدابووبێ.
- ئینجــا ئــەو گوتی: «لەوانەیە وایان کردبێ، بــەڵام خۆ بە ترومبێل ناگەنە ئەوێ.»
ئێمە هیچ بژارەیەکمان نەبوو، بەرەو ئەشــکەوتەکان گەڕاینەوە.
ئەشــکەوتەکان هەترەشــی منیــان بردبــوو. لێی بەســەر دەکەوتم و هەســتمدەکرد کە قورقوشمم لە نێو پێڵاوەکانم دایە.
لەبەرئــەوەی هێشــتا مانــگ هەڵنەهاتبــوو، کێوەکانیــش تاریــک و ئەشــکەوتەکانیش لە دەرەوەڕا زۆر ترسناک دیار بوون. بەشێوەیەکی ئاســایی زوو ترســم لێدەنیشــت، ئاخر من وەک منداڵێــک تۆقیبووم

لــەوەی هەربینــا پێم لە مارێک بنێم و پێمــەوە بدا. ئەمەش هەمووی لە بن ســەری کوڕی قەســابەکەوە بوو، کە ئەو کات هەستم بە لاوازی خۆم دەکرد. ئەوەش ئەو ترسە بوو هێشتا بەتەواوی لێم نەڕەویتەوە. هەندێ جار کاتێ تاریک دەبێ و بەتەنیا لە کێڵگەکەم دەبم و بە نێو چیمەنەکەدا دەڕۆم ترسەکەم بۆ دێتەوە؛ ئاخر دەترسم نەوەک پێ لە مارێک بنێم، کە خۆی لەنێو گژوگیادا شــاردبێتەوە.

لەو کاتەی من لە دوای هۆشــەنگ بۆ ئەشــکەوتەکان ســەردەکەوتم و ترسەکەش دایگرتبووم، لە پڕ گوێم لە دەنگی مەکینەی تڕومبێل بوو، لە کێوەکان سەدای دایەوە.

دەســتبەجێ هۆشەنگ ئاوڕیدایەوە. دیار بوو تڕومبێلێک کە لایتەکانی کوژاندبوونەوە لەو کێوانە و لەو شوێنەی ئێمە لێیەوە هاتین، لە شوێنە عاســێکەوە دەڕۆیشت. یەکســەر هۆشەنگیش دەســتی بۆ دەمانچەی بەرپشــتی برد بە ئاراستەی تڕومبێلەکە بەسەر بەردەکان بازیدا. ئەو لەســەر بەردێک بەلاداهات، لێ ســەرباری یەکباڵییەکەی توانی خۆی بگرێتەوە و هاوســەنگی خۆی لەدەســتنەدا. منیــش بەدوایدا بازمدا، بەڵام خۆ تڕومبێلەکە تیژتێپەڕی و نەیگەیشــتینێ.

کاتێکیش تڕومبێلەکە بە ڕێگە عاسێکەدا ڕۆیشت، لایتەکانی پێشەوەی داگیرســاندن. تڕومبێلەکە بە دەســتە چەپ بایدایەوە بەنێو ساراکەدا ونبوو.

ئێمەش لەو شــوێنەی لێیبووین بەرەو ئەو ڕێیەی، کە تڕومبێلەکەمان لێبەدیکردبــوو هاتینەخــوار. هەر بەڕاســتیش خۆ ئــەوێ هیچ ڕێگەی تڕومبێلــک نەبــوو پێیدا بــڕوا. تۆبڵێی بە هــۆی تاریکییەوە هەڵەمان کردبــێ؟ بــەڵام نەخێــر، خــۆ نابێ ئــەوە ڕاســت بووبــێ، ئاخر خۆ

هەردووکمـــان بە ڕوونی ترومبێلەکەمان بینی.
ئێمە لەو کاتەی بەیەکەوە دەرچووبووین هەر یەکدوو قســەمان لەگەڵ یــەک کردبــوو، بەڵام بێ ئەوەی بە ڕاســتی ســەبارەت بــە دۆخەکە بدوێین. هۆشــەنگ لەو کەســانە نەبــوو بیروبۆچوونی خۆی بە کەس بڵێ. ئەو هەموو ژیانی خۆی هەر بە تەنیا بەســەربردبوو. ئەو زۆر لە کورتی دەیبڕییەوە، هەر فەرمانی دەردەکردن.

- «زۆر ڕێیتێدەچــێ، ئــەوان لێــرە لــە شــوێنێک، لەپشــت بەردێک ترومبێلەکەیــان ڕاگرتبــێ و پاشــان ئەکرەم جونیــش....» هەوڵمدا شتێک بڵێم.

کەچی ئەو دوورکەوتبووەوە، نەیدەویســت گوێیلێبێ.

- «مەبەســتمە بڵێــم، ئەگــەر ئەوان بێرەدا هاتبن، ئــەوا خۆ ئەکرەم جونیان لەگەڵ خۆیان بۆ نێو ئەشــکەوتەکان نەهێناوە؟»

ئــەو هەندێکی دیکە لــە من دوورکەوتەوە، بــەڵام تێبینی ئەوەم کرد گوێــی لێڕاگرتبــووم، چونکــە ئــەو لەســەر گابەردێک وەســتا و لەو تاریکییەدا سەیری ئەو ناوەی دەکرد.

مانگ لەسەر لووتکەی شاخەکان هەڵات و هەموو شتێکی ڕووناککردەوە، منیش خەمباریم لەســەر ڕووی هۆشەنگ بینی.

«خــۆ ئەگەر ئــەم ترومبێلە هەمان ترومبێل بێ، ئەوا بۆ ئەوە دەچم، ئەوان تاوانەکەیان لێرە لە شــوێنێک کردبێ، ئینجا دوای ئەوە بەرەو ســاراکە تێیانتەقاند.» من دیسان وەهام پێگوتەوە.

ئەو هیچ وەڵامێکی نەبوو.

- «مەبەستمە بڵێم، لەوانەیە ئەکرەم جونیان لەگەڵ خۆیان نەبردبێ.»

- ئینجا هۆشــەنگ بێدەنگییەکەی شکاند و گوتی: «دەی کەواتە، کە

ئێستا مانگ هەڵهاتووە با زیاتر لێیبگەڕێین.»
لەژێر تیشکی مانگدا ئاسانتر بوو بەسەر بەردەکاندا بڕۆین. من بەسەر بەرزترین بەرد هەڵگەڕام و سەیرێکی ئەو دەوروبەرەم کرد. هیچ شتێکی نامۆ دیار نەبوو؛ بەڵام کە بە باشی سەیرمکرد، بینیم لەخوارەوە لای گابەردەکە شتێک دەجووڵا. سەرەتا پێم وا بوو لەبەر ماندوبوون و هیلاکییان وەهام هاتۆتەبەرچاو، چونکە شتەکە وەک بەشێکی بەردەکە شلەقابوو. منیش زیاتر گرنگیم پێنەدا؛ بەڵام ئەو شتە لەیەکترازاوە خۆ ڕاستی بوو، ئیدی تارمایی ئافرەتێکی نیشاندا. بەڵێ ئافرەتێک لەسەر بەردەکە وەستابوو.
«هۆشەنگ!» وەک مرۆڤێک لەبەرد کە بە ڕێکەوت کەوتبێتە قسە بانگمکرد. «هۆشەنگ، تەماشای ئەو بەردە بکە، لەوێ، ئەو دەجووڵێ!»
ئافرەتەکە، کە تازە لەسەر بەردەکە بوو، کەوتەخوار.
بە قورگێکی نووساوەوە بانگکم کرد. «هۆشەنگ! ئەکرەم جون!»
هەر بەڕاستی ببوومە پیاوێک لەبەرد، چونکە نەمدەتوانی هەر بجووڵێم. هۆشەنگیش بەرەو لای ئەکرەم جون غاریدا. لەبەردەمیدا نووشتایەوە، تاکە دەستەکەی گەیاندە سەری. چاکەتەکەی خۆیی داکەند و بەسەر شانە ناسکەکانی دادا. لە کۆتاییدا یارمەتیدا، بەرزیکردەوە و خستییە سەرپشتە بەهێزەکەی. ئینجا لە کێوەکان دابەزین و بەرەو قەڵاکە گەڕاینەوە.

لە تاریکییەکەدا بریسکەی ئاگری تۆڵەم لە نێو چاوەی هۆشەنگدا بەدیکرد.

## ٣١

**لـە دەوروبەری** سـەعات دەدا خانم «عەزام» هاتـە قەڵاکە و منیش تا بەردەرکەی هۆدەی «ئەکرەم جون» یاوەریمکرد. ئەو پزیشـکێکی ژنانـەی ئەرمەنـی بـوو، لـە شـارەکەدا وەک مریەمی پیرۆز سـەیر دەکرا. من بەیانییەکەی سـەرلەزوو زەنگـم بۆ لێدا و داوامکرد بەڵکو سەردانمان بکا.

خۆی ڕفاندنی ژن سـەختترین شـت بوو، بەڵایەکی ناقۆڵا بوو تووشی خانەوادەیـەک دەهـات. ئاخـر زۆری پێنەدەچـوو باسـەکە دەبـووە

بنێشــته خۆشــەی بن ددانی هەموو ئەوانەی لە بازاڕ بوون. کەچی لە باپیرە و لە مامم فێرببووم، تەنانەت لەکاتی تەنگانەشدا پێویستە بە دەمارساردی خۆت ڕابگری.

باپیــرە و مامم دەیانزانی شــتێکی گەورە قەوماوە، بەڵام ئەوەشــیان دەزانــی، ئەگەر هات و پێویســتبوایە ئەوا هانــام بۆ دەبردن و داوای کۆمەکم لێدەکردن.

کاتێکیــش ڕۆژ ئاوابــوو، هۆشــەنگ هاتــە مــاڵ. بەیەکــەوە چووینە هۆدەکەی «ئەکرەم جون». ئەو لەسەر پێخەفەکەی خۆی ڕاکشابوو، پەتۆی بەســەر سەری دادابوو. نەیدەویست نە هیچ کەس ببینێ و نە لەگەڵ کەسیش بدوێ.

منیش کورسییەکم بۆ هۆشەنگ لە لای پێخەفەکەی «ئەکرەم جون» دانا و خۆشــم بە پێوە وەســتام. هۆشــەنگ ســەری خۆی لە سەری «ئەکــرەم جــون»، کە بە پەتۆ داپۆشــرابوو، نزیککردەوە، ویســتی شــتێکی پێبڵــێ، بەڵام خۆ هۆشــەنگ پیــاوی گفتولفــت نەبوو. ئەو نەیدەزانی لەو بارە کەساســەی تێکەوتووە چی بڵێ، ئیدی ڕاستەوخۆ باسی ڕفاندنەکەی کرد.

- «دەمەوێ هەموو شتێک بزانم. ئایا لێم تێدەگەی چی دەڵێم؟ دەی هەموو شتێکم پێبڵێ!»

«ئەکــرەم جون»، کە پەتۆکەی بەســەرخۆی دادابوو، لێوی لەســەر یەک نەبزووتن.

- «دەی نیشــانەیەکم پێبڵــێ، هــەر هێمایــەک هێمایــەک. دەی شــتێکم ســەبارەت بــەو زەلامانــە پێبڵێ.» هۆشــەنگ هــەر ئەوەی لێدووبارەدەکردەوە.

دیسان «ئەکرەم جون» هیچ وەڵامی نەبوو.

- «من ئەوان تێکوپێک دەشکێنم،» ئەم جارەیان هۆشەنگ بەتوورەبوونەوە گوتی: «باشە بیچمی ئەوان چۆن بوو؟»

ئەکرەم جونیش هەروەک خۆی، هیچ بەرتەکی نیشاننەدا.

- «باشە ئەوان لە بەینی خۆیان هیچ شتێکیان نەگوت؟ هیچ شتێکت گوێ لێنەبوو؟»

وەڵام نەبوو.

- «باشە بۆچی تۆیان لەگەڵ خۆ برد؟» هۆشەنگ وەهای لێپرسی، منیش بینیم، کە بۆ ئەو چەند قورس بوو، دەربارەی ئەو شتە لێیبپرسێ.

کەچی هیچ شتێک لەبن پەتۆکەدا نەجوڵا، هەروەک ئەوەی ئەکرەم جون مردبێ.

هۆشەنگ تاکە دەستەتەکەی لەسەر ڕانی دانا و لەشوێنی خۆی هەڵسا. «هەی بە نەفرەت بێ، من هەردەبێ شتێک بزانم تا ئەوان وەک بەراز بتۆپێنم!»

ئەوسا گوێم لەدەنگێکی نەرم بوو. من چوومە سەر کورسییەکەی هۆشەنگ سەرم لە ئەکرەم جون نزیککردەوە. ئەو شتێکی گوت، بەڵام ئەوەی گوتی هی ئەوە نەبوو مرۆ لێیحاڵی بێ. گوێم زیاتر لێینزیککردەوە. ئیدی ئەوەم دووبارە کردەوە، کە وەک سرتە لە ئەکرەم جونم گوێلێبوو: «جێشوێنی برینێکی قووڵی نینۆک!»

ئینجا هۆشەنگ خێرا لە تەنیشت من لەسەر سەزەوی دانەویەوە و بەسەری نەویەوە گوێی لەوە گرت، کە من لە ئەکرەم جونم وەرگرتەوە.

- «یەکێکیان جێبرینێکی قووڵی نینۆکی لەسەر ڕوو هەبوو.» ئەکرەم جون وەهای گوتەوە.
- زیاتر لەسـەری ڕۆیی.»ئینجا بە ترۆمبێل دوورکەوتنەوە.»
- «چارپایەکی ئاسـنینی سارد، کە تەقەتەقی زۆری دەکرد.»
- «کەڵەشێرێکیش دەیقووقاند.»
- «بۆنی شـیری تازە و نانی کۆن.»

دیسـان بێدەنگی باڵی بەسـەردا کێشـا. ئێمە بەمەراقـەوە چاوەڕێی زانیاریـی زیاترمـان دەکـرد. هەسـتمکرد، ئەکرەم جون لـە قووڵایی یادگەکـەی بـە دوای زانیاریدا دەگـەڕا، کەچـی پێینەدەدۆزرایەوە و ئیـدی بە بێدەنگی لەژێر پەتۆکەدا مایەوە.

هۆشـەنگ هەڵسـایەوە و بە دەستەسڕەکەی ئارەقەی سەر نێوچاوانی سڕی. ئینجا گوتی: «من دەڕۆم.»

منیش تا دەرکەی دەرەوە لەگەڵی ڕۆیشـتم. سـەرەتا وام زانی بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، بەڵام خۆ بەرەو شاخەکان هەنگاوی هەڵێنا؛ منیش بەدوایدا ڕۆیشتم و مەدوایەک لەو دووربووم. خۆ ئەگەر ئەو ئێستا بە دوای بکەرەکانـدا بگـەڕێ، منیش دەمویسـت لەگەڵی بڕۆم. مانگیش هەڵاتبوو، هەموو شـتێکی ڕۆشـنکردەوە. لە ناخەوە شتێکم بۆ هات. بەڕاکـردن بـۆ قەڵاکـە گەڕامـەوە، بەسـەر قوللەکە کەوتم، دەسـتم دایـە دووربینەکـە، ئینجا هەر بەغار ڕوەو ئەو شـوێنە گەڕامەوە، کە هۆشەنگم لەوێ بەجێهێشتبوو.

ئـەو لەوێ، لای پردە دارینەکە وەسـتابوو، لە گـژ هزران ڕاچووبوو. منیـش چوومـە تـەک ئـەو، سـەیری شـاخەکانم کرد، سـەیری ئەو شوێنەی، کە ئەکرەم جونمان لێدۆزیبووەوە.

من هەر بیرم لای ئەو زانیارییانە بوو، کە لێمان وەرگرت. چارپایەکی ئاسنین لە شـوێنێک، کە ترومبێل بتوانێ بەنێو سارادا لێیبخورێ.
«هەردەبـێ ئەو چارپایە لەوێ لە شـوێنێک بێ،» من وەهام گوت و ئاماژەشـم بە بەردێکی بەرز لە دوورەوە دا. «هەر دەبێ لەو شـوێنە بێ، کە ئەکرەم جونمان لێدۆزییەوە.»
هۆشەنگیش گوتی: «دەچم سەیرێک دەکەم.»
«منیش دێم.»
«نەخێـر تـۆ نایەیت، تۆ بگەڕێوە ماڵ.» هۆشـەنگ وەهـا فەرمانی پێکردم.
کەچـی خۆ نەدەکـرا بگەڕێمەوە ماڵێ. لێگەڕام ئەو لەپێشـەوە بڕوا، منیش بە مەودایەک بە دوای ئەودا ڕۆیشتم. ئەو گوێی لە تەپەی پێی من بوو، کە بەدوایدا دەڕۆم، بەڵام هیچیشـی نەگوت.
خۆی ئەوە گەڕان و پشـکنینێک بوو لە ژێر تیشـکی مانگەشـەوەدا، دەکـرا باپیـرەم و جنۆکەکەی بـە هانامەوە بێن. کەچی هۆشـەنگی یەکدەسـت هیـچ سەروسـەودای لەگـەڵ جنۆکان نەبـوو، هیچیش لە دەقی نووسـینە کۆنەکان و سروتەکان نەدەگەیشت.
کاتێکیش گەیشتینە ئەو شوێنەی پێشتر ئەکرەم جونمان لێدۆزیبووەوە، بـەرەو کێـوە بەرزەکـە زیاتر بەسـەر بـەردەکان هەڵگەڕایـن. گوێم قولاغکـردن، گوێـم بۆ ئـەوە هەڵخسـت بەڵکو لە سـاراکەدا دەنگی ترومبێل بێ، بەڵام خۆ شـەوان هیچ ترومبێلێک تا ئەوێ نەدەهات.
«دەی بەسەر ئەو بەردەی ئەوێ بکەوە.» هۆشەنگ وەهای پێگوتم. خۆی سـەخت بوو بەسـەر بەردەکە بکەوم. پاڵم بە دووربینەکەوە نا خسـتمە سـەر پشتم و بەدەست و لاقم بەسـەر کێوەکەدا هەڵگەڕام.

لەوێ تەواو وریا بووم، چونکە دەکرا شتێکی خراپ ڕوو بدا. بە دەستی شەقارشەقارەوە بەسەر کێوەکە کەوتم و گەیشتمە لوتکەکەی. لەوێوە سەیری لای دەستەچەپ، سەیری تەختاییەکەی پشتی و یەک دوو گردۆلکەم کرد.
هۆشەنگ لە خوارەوە بانگیکرد.»چی لەوێ دەبینی؟»
منیش وەڵامم دایەوە: «هیچ شتێکی وەها نابینم، تەختاییەک دەبینم.»
بە دووربینەکەم سەیری کێڵگە و مەزرا درێژبووەکەم کرد. لەوێ هەر دڕک و داڵی درێژ و کێویم بینی؛ بەڵام لەپڕ ئەوەی ئەکرەم جون گوتی «شیری تەڕوتازە» لە کەللەی دام.
ئاخر خۆ لە بەهاراندا شوانەکان بە خۆیان و مێگەلە بزنەکەیان بەدوای لەوەڕ، بەدوای گژوگیای کێویلکە بەسەر کێوەکان دەکەون. هەمیشە ئەوەم لەسەر قوللەکەوە دەبینی؛ بەڵام لە پایزان ئەوان لە شاخەکان دادەبەزین، شۆڕدەبوونەوە بەنێو دڕکودالّی وشک و بۆ بزنەکانیان بەدوای لەوەڕ دەگەڕان، بەڵکو لەوێ لەشوێنێک گیا شینبووبێ.
«خۆ ئەگەر شتێک هەبێ، هەردەبێ لەوێ بێ.» من وام بە هۆشەنگ گوت و ئاماژەشم بۆ ئەوێ بۆ تەختاییەکەی ئەوێ کرد.
- «دەی کەواتە وەرە خوار، با بچینە ئەوێ.»
منیش دوا نیگام بڕیە سەر گۆڕاییەکە[٤٧]، شتێکم بەرچاو کەوت، پێشتر سەرنجم نەدابوو.
- « چی هەیە؟» هۆشەنگ وەها بانگیکرد.

---

٤٧. گۆڕایی: تەختایی.

- «نازانم، بەڵام شتێک لە کۆڵیت دەچێ، کۆڵیتێک لە قوڕ. دەشکرێ لەبەر ڕەشایی سێبەرەکە هەڵەش بم.»
- «دەی دابەزە!»

منیش بە زەحمەتەوە لەسەر کێوەکە هاتمەخوار. بە بزنەڕێدا هەڵگەڕاین و ناوبەناویش کە بەرەو گۆڕاییەکە هەنگاومان دەنا پێ و ئەژنۆمان بەر درزی بەردەکان دەکەوت و ئازاریدەداین.

ئینجا هۆشەنگ بە دووربین سەیری ئەو شوێنەی کرد، کە ئاماژەم بۆکردبوو. منیش گوتم «لەوێ، لە پەنا ئەو بەردەی ئەوێ، کۆڵیتە یان نا؟»

ئەو هیچی نەبینی. ئاخر ئەو ڕانەهاتبوو بە دووربین سەیری شوێنان بکا. لێ کە ئێستا نزیک گۆڕاییەکە بووینەوە، تا دەهات لێیدەچووینەپێش، لەو مەودایەوە، هەر بەڕاستی بینیمان، لەوێ کۆڵیتێکی قوڕین دیارە.

هۆشەنگ تیژبین بوو، هەر زوو دەستی خستە سەرە خەنجەرەکەی بەر پشتی.

لەوێ هەموو شتێک ئارام و بێدەنگ بوو، کۆڵیتە بچووکەکەش وا دیار بوو هەوارێکی خاڵیی شوانان بێ. هۆشەنگ ئارام بوو، وەک بەورێک[48] بوو لە بۆسەدا بێ. کەچی من ئۆقرەم لێهەڵگیرابوو، دڵم بە توندی لێیدەدا، وەک ئەوەی لەبن گوێم لێبدا وا بوو.

ئێمە ئێستا هەر بەردئاوێژێک لە کۆڵیتەکەوە دوربووین.

هۆشەنگ لەسەر پەنجەکانی چوو، منیش بەوریاییەوە بە دوایدا ڕۆیشتم. ئەو سەری نەویکرد و لەبن کەلێنی پەرژینەکدا چووە ئەودیو.

---

٤٨. بەور: جۆرە پڵنگێکە.

- «تاریکـە، کەسـی لێنییە.» بەسـەری زمانـەوە بردەیەکی وەهای لێوەهات.
ئـەو چـووە لای دەرکەکە، بـە قفڵێکـی ژەنگاوی داخرابـوو. منیش چوومە سـەر تەپۆڵکەیەک سەیری گۆڕاییەکەم کرد.
دەنگی تڕومبێلێک لە بیابانەوە دەهات. گوێم قولاغکردن. وا پێدەچوو تڕومبێلەکە لە شوێنێک وەستابێ.
بە دووربینەکە سـەیری ئەو شوێنەم کرد، کە دەنگەکەی لێوەهات.
لەوێوە بە هۆشـەنگم گـوت: «پێموابێ لە دەشـتە چۆڵەکەوە بەرەو ئێرە ڕێگەیەک هەبێ.»
بەڵێ هەر بەڕاستیش، تڕومبێلەکە لە شوێنێک وەستا، چونکە دیسان گوێم لە دەنگی مەکینەکەی بووەوە. کتومت لەو کاتەی دیسـان گوێم لـە دەنگی تڕومبێلەکە بووەوە، لە شـوێنێک کە نەمانزانی کوێ بوو، کەڵەشێرێک قووقاندی.
بەسەرسـامییەوە ئاوڕم لە هۆشەنگ دایەوە. «گوێت لێبوو؟»
بـە دوای کەڵەشـێرەکەدا بە ئەسـپایی دیوەکەی دیکـەی کۆڵێتەکە گەڕام.
بە هۆشـەنگم گوت: «پێموابێ دەنگەکە لە نێو کۆڵێتەکە هات.»
هۆشـەنگیش بـە خەنجەرەکەی بە دوای قفڵەکەدا گـەڕا، بزمارەکانی کێشـانەوە، بە ئاسـانی دەرهاتن و پاڵێکی بە دەرکەوە نا و کرایەوە.
منیش بەدوای ئەو لە نێو دەرکەکە وەستام و بەیەکەوە لەو تاریکییەدا بـە دوای کەڵەبابەکـەدا گەڕاین، کە هەسـتی بە ئێمە کـرد باڵەکانی لەیـەک دان، خەریک بوو ڕابکا، بـەڵام پێینەکرا. کاتێکیش چاوەکانم لـە تاریکییەکـە ڕاهاتن، بینیم کەڵەشـێرەکە بە پەتێـک بە بزمارێک

بەستراوەتەوە. هەرچەندە باشیش دیارنەبوو، بەڵام وەهای بۆ چووم، هی شەرەکەڵەشێر بێ.

«خۆ ئەگەر کەڵەشێر لێرە بێ، هەردەبێ یەکێک لەو ناوە هەبێ.» هۆشەنگ وەهای گوت و لە کۆڵیتەکە چووەدەر.

بۆ ئەوەی نەبینرێ، بەرەو لای دیواری شاخەکە ڕۆیشتین. لێ کەسمان نەبینی، هیچ شتێکمان نەبینی بجووڵێ.

خۆ ئەگەر ئەوێ کۆڵیتی شوانان بێ و کەڵەشێرێکیش بە پەتەوە بەسترابێتەوە، ئەوا هەر دەبێ شوان و بزنیش هەبن. بە دووربین سەیری ئەو ڕێچکەیەم کرد، کە وام دانا بەرەو ساراکە دەڕوا. لەوەی بینیم حەپەسام: بینیم تارماییەک نزیکدەبێتەوە.

- «لەوێ کەسێک هەیە، بەرەو ئێرە دێ!» بە نەرمی وەها بانگی هۆشەنگم کرد.

- ئەویش پێیگوتمەوە: «لە شوێنی خۆت نەجووڵێی، چاودێرییبکە.»

تارماییەکە ڕوخساری خۆی وەرگرت، بیچمی پیاوێک بە کەپەنێکی ئەستووری شوانانی، کە بەسەر شانی دادابوو، کڵاوێکی خوریشی لەسەرنابوو.

ئێمەش لە کەلێنی بەردەکان خۆمان پەنادا بوو، ئەومان خستە بن چاودێرییەوە. دەرکەوت پیاوێکی بەتەمەن بوو. کاتێک بەلاماندا تێپەڕی، گوێمان لە دەنگی پێی هەنگاوە سستەکانی بوو. ئیدی ئەو بەرەو کۆڵیتەکە ڕۆیشت. زۆری پێناچێ بۆی دەردەکەوێ کە قفڵی دەرکەکەی شکاوە. ئەوە بوو هۆشەنگ لە ئانوساتی ئەوەدا بوو وەک ئاژەڵێکی دڕندە بازێکی بۆ هەڵدا و چەنگی لێگیربکا.

پیاوەکە کلیلی لە بەرکی دەرهێنا، بەڵام کاتێک چاوی بە قفڵە

شــکاوەکە کــەوت، هەنگاوێــک بــۆ دواوە گەڕایەوە و بە پەشــۆکاوی ســەیری دەورووبەری خۆی کرد. هێشــتا پیاوەکە لە ســڵەمینەوەکەی نەبووەوە، هۆشــەنگ بە خێراییەکی وەها، کــە لێم چاوەڕێ نەدەکرد بۆی غاردا و خۆی هەڵدایەســەر. لەپشــتەوە ملــی کابرای گرت و بۆ ژوورەوە پاڵی نا.

منیــش بــە دوایدا غارمدا نێو کۆڵێتەکە. کەڵەشــێرە بەســتراوەکە لە ترســان بە هەموو لایەکدا باڵەفرکێی بوو.

- «دەی پێــم بڵێ، چارپایەکە لە کوێیە؟» هۆشــەنگ زۆر بە توندی هاواری بەسەر کابرادا کرد.

- «کامــە چارپایــە، من هیچ پێخەفێکم نییە.» شــوانەکەش وەها بە پاڕانەوە وەڵامیدایەوە.

- «دەی پێم بڵێ، کێ زیاتر دێتە ئەم شــوێنە بۆگەنە؟» هۆشــەنگ وەها بەســەریدا قیژاند و توندتر ملی بادا.

کابــراش بە گریانەوە : «هیچ کەس!»

کەڵەشــێرەکە و منیش لە پاڵ دیوارەکەوە بە ترس وەســتابووین. من لەو توندوتیژیە زیاد لەپێویســت تۆقیبووم، نەخاســمە کە پیاوەکە بە تەمــەن بوو. یەک دوو جار ویســتم بکەومە بەینیانەوە، لێ وەســتام بەڵکو هۆشــەنگ وا لە پیاوەکە بکا، قسەبکا. دەرفەتەکە زۆر بچووک بــوو بــەوەی کەڵەشــێرێکی دیکە لــەو تەختاییەی ئــەوێ هەبێ. خۆ ئەگەر ئەم کەڵەشێرەش، هەمان ئەو کەڵەشێرە بێ، کە ئەکرەم جون گوێــی لێبووبێ؛ کەواتە هەر دەبێ پێخەفێکیش لەو ناوە هەبێ.

پیــاوە پیرەکــە گریــا و زمانی تێکئــاڵا. لەوە تێنەدەگەیشــت ئاخۆ هۆشــەنگ باسی چی دەکا. لێ گەلۆ خۆ هۆشەنگ سەر بە جیهانێکی

توندوتیـژ بـوو، ئەو بە پاڵێک پیاوەکەی فڕێدایە سـەر زەوی، قاچی لەسـەر ملـی دانـا و بانگیکـرد: «دەی بڵـێ! کێ بو دوێنـێ ئێوارە لێرەبوو؟»

پیاوە پیرەکە، کە خەریکبوو لەبن قاچی هۆشەنگدا دەخنکا، هەردوو دەستی لە زەوی دان. هۆشەنگ هێشتا توندتر قاچی لەسەر گیرساند، تا بۆی نەکرێ تەنانەت نە بگرێ و نە زمانیشـی تەتەڵەبکا.

- «دەی ، بیڵێ، پێخەفەکە لە کوێیە؟!» هۆشەنگ بەسەریدا هاڕاند، کە خەریکبوو شێت ببێ.

دۆخەکـە لـە دەسـتدەرچوو. پیرەمێردەکە خەریکبـوو بمرێ. چیدی خۆم پێنەگیرا، بانگی هۆشـەنگم کرد: «دەی بوەستە!»

بەڵام ئەو هەر گوێشی پێنەدا.

- «بوەستە! هۆشەنگ! بوەستە!» منیش بە پەشۆکاویەوە هاوارمکرد.

کاتێک ئەو هەر نەوەسـتا، خۆم لە هۆشـەنگ کرد. هۆشـەنگ بەلادا هـات، بـەڵام توانی خـۆی بگرێتـەوە و نەکـەوێ، ئینجا بـە توندی زللەیەکـی بـە ڕوومەتدا کێشـام. منیش بەلادا هاتـم و یەک مەتر لە دووری ئەوەوە بەسەر زەویدا کەوتم.

لەوێ، لەسـەر زەوی، هەسـتم بەوەکرد، لەم جۆرە جیهانەدا پارێزراو نیـم. هەرچۆنێک بێ خۆم هەڵتەکاند. لەو کاتەی لە کۆتاییدا ویسـتم هەڵبسـتمەوە، دەموچاوم بە شـتێک کەوت وەک پـەردە وابوو. توند دەسـتیم پێوەگـرت؛ هـەر بەڕاسـتی پەردەیەک بوو بەسـەر کەلێنی ژوورۆچکەیـەک دادرابـوو. هەر لە شـوێنی خۆی، ئـەو بیرۆکەیەم بۆ هات، بەوەی لەپشـت پەردەکەوە چارپایەکە دانرابێ، جەسـتەم ڕەق بوو.

ویستم هۆشەنگی لێئاگاداربکەمەوە، لێ ترسام نەبادا دۆخەکە توندتر بکەم. بۆیە هەڵسـامەوە، زاتم دایەبەر خۆم و بە هێواشـی پەردەکەم لادا. ئـەوێ زۆر تاریـک بـوو، هیچـم نەبینی. کەچـی تەزوویەکی پڕ ئـازار پەڕییە پشـتم: ئەمەش نیشـانەی ئەوە بوو چـاوم بە تارمایی شـتێک کەوت لە چارپایە دەچوو. سـاتێک دواتر چارپایەکەم بینی، بەڵام ئەوەندە هەبوو، بۆم جیانەدەکرایەوە ئاخۆ چارپایەکە ئاسـنینە و جیڕەجیـڕ دەکا یـان نا. خۆی دەبوایە لەسـەری دابنیشـم، کەچی نەمتوانی.

لە کۆتاییدا هێزی خۆم کۆکردەوە و لەسەر چارپایەکە دانیشتم. ئیدی وەک ئەو کوڕوکاڵە لەرزیم، کە کوڕی قەسـابەکە لەگەڵ خۆی بردییە ناو ئەشـکەوتان. ئینجا تا هێزم لەبەردا بوو هاوارمکرد: «هۆشـەنگ! چارپایە ئاسـنینەکە لێرەیە! هەر جیڕەجیڕیەتی!»

من شـێت ببووم، من ئەوەم نەدەهێنایە پێشچاوی خۆم، ئاوەها توند هاواربکەم.

هۆشـەنگیش لـە دەرووەکە هاتەپێـش، کاتێکیش منی بینی لەسـەر چارپایەکە دانیشـتووم و دەگریـم، خەنجەرەکەی لە کالان دەرهێنا و گەڕایەوە لای پیرەمێردەکە، کە هێشـتا هەر لەسـەر زەوی کەوتبوو. ئینجا لە تەنیشـت کابرا دانەویەوە، خەنجەرەکەی لەسـەر مل دانا و بـە ڕوویدا هاواریکرد:- «کێ؟ کێبوو دوێنێ لێرەبوو؟»

پیرەمێردەکـە لەبـن ئـازار دەیناڵانـد، بە هـەردوو دەسـتەکانی ملە خوێناوییەکـەی تونـد گرتبـوو و بە زمانی تێکئاڵاوەوە وای نیشـاندا هیچ نازانێ.

«دەی بیڵـێ، دەنـا هەر لێرە تەواوتدەکەم،» هۆشـەنگ بەسـەریدا

نەڕاند. ئەو بە پرچ کابرای گرتبوو، سەری بەسەر زەوی دادا و هەر هاواری بەسەردا دەکرد: «کێ بوون، ئەوان کێ بوون؟»
پیرەمێردەکە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی مەرگ بووەوە، ئەوە بوو بە منگەمنگ ناوێکی گوت.
ئینجا هۆشەنگ بەریدا و بانگی کردێ: «دەی جارێکی دیکە ناوەکە بڵێرەوە!»
- «قاسم.»
- «پاشناوەکەی!» هۆشەنگ تێیڕاخوڕییەوە.
- «دەبباغ.» پیرەمێردەکە بە لاڵانەوە وەهای پێگوت.
- «ناونیشان!»
ناونیشانی کابرای لەبەرنەبوو.
- «لە کوێ کاردەکا؟»
- «لە کارگەی بەرد.»
- «کامە کارگەی بەرد؟»
- «ئەوەی لەپشت گۆڕستانەکەوەیە.»
- «ئەدی ناوی دوو کەسەکەی دیکە؟» هۆشەنگ وەها فەرمانی پێکرد.
- «نازانم. نایانناسم.»
- هۆشەنگ قیژاندی «درۆزن.».
- «سوێند بە خوا نازانم.» پیرەمێردەکە بە گریانەوە وەڵامی دایەوە.
- «خوێڕی، دەمت داخە.»
هۆشەنگ سەیرێکی منی کرد، وەک ئەوەی لێم بپرسێ ئاخۆ بڕوای پێ بکا. منیش بڕوام بە کابرا کرد و سەرمم لەقاند.

ئینجا وازی لە کابرا هێنا و هەڵسـایەوە.
- «باشە، ئەو قاسمە زۆر دێتە ئێرە؟» هۆشەنگ هەر لە تاریکییەکە لە کابرای پرسی.
- «هەندێ جار.»
- «ئایـا لەبری خزمەتەکانت پارەت دەداتێ؟»
پیرە پیاوەکە بێدەنگ سەری بەردایەوە.
«هــەی بێزمۆتــی[٤٩] هیچوپــووچ.» هۆشــەنگ وای پێگــوت و تفێکی تێکرد.
هۆشــەنگ بە شــەکەتییەوە ئاماژەیەکی وای کــرد، کە بڕۆین. کەچی چاوی کەوتە ســەر کەڵەشـێرەکە، کە هەموو کاتەکە لە ترسان لەپاڵ دیوارەکە هەڵتۆقیبوو.
- «ئەم کەڵەشـێرە لێرە چی دەکا؟»
- «هی قاســمە، شــەڕە کەڵەشـێری پێدەکا.» پیاوەکــە بردەیەکی وەهای لێوەهات.
- «خــۆ ئەگــەر درۆت لەگەڵ کردبم، ئەوا دێمەوە وەک پیرە نێرییەک دەتکوژمــەوە و کەوڵــت دەکــەم.» هۆشــەنگ وەهــای پێگــوت و لە کۆڵێتەکە چووەدەر.
لە شاخەکان هاتینەخوار.
من ســەرمام بوو، لە ترســی ئەو زەبروزەنگەی بــە چاوی خۆم بینی هەڵدەلەرزیم.
کاتێکیش گەیشتینەوە سەر پردە دارینەکە، هۆشەنگ خەنجەرەکەی بە ئاوی ڕووبارەکە شوشــت. بە دەستەکەی هەندێک ئاوی بەدەموچاویدا

---

٤٩. بێزمۆت: بێزی، زڵاڵ.

کرد و دەستی تەڕی بە سەر و ملی خۆیدا هێنا.
ئینجا پێیگوتم: «دەی گەنجۆ تۆش دەموچاوت بشۆ. دەموچاو شوشتن دەتهێنێتەوە سەرخۆ.»
منیش وەهام کرد.
کاتێکیش گەیشتینە لای قەڵاکە، باسکی بۆ ڕاهێشتم تا تۆقەم لەگەڵدا بکا.
ئینجا هەر لە کورتی بڕیەوە: «تۆ ئەمڕۆ کاری باشت کرد.»
منیش پێمگوتەوە: «کەی بە دوای قاسمۆکەدا دەگەڕێی؟»
- «کەمێکی دیکە، دەنا دەترسم پیرەمێردی ئاخرشەڕ ئاگاداریبکاتەوە.»
- «منیش لەگەڵت دێم.»
- «لە ئێستا بە دواوە کار دەکەوێتە سەر گوللە و تەقە. ئەمەش ئیشی تۆ نییە. هەریەکە و کاری خۆی هەیە. بە دوای ڕێچکەی خۆتدا بڕۆ.»
ئەمە یەکەمین جار بوو هۆشەنگ بە نەرمی بدوێ. وەک نیشانەیەکی پەسەندکردن، دەستێکی لە شانمدا و ئینجا بەو تاریکییە بەنێو شەقامەکانی شاردا ڕێگەی خۆی گرتەبەر.
منیش بە ڕێگەی تایبەت بە خۆمدا ڕۆیشتم و پاشان فیلمێکم لەسەر هۆشەنگی یەکدەست، «ئەکرەم جون» و دیمەنەکانی کۆڵیتە قوڕینەکە دەرهێنا. سەبارەت بەو تۆڵەکردنەوەیەی بە دەمانچەکەی کردی. بە دوای ئەکتەرێکیشدا گەڕام ڕێک لەگەڵ ڕۆڵی هۆشەنگدا بێتەوە. تاقمی فیلمەکە بەدوای هەر سێ زەلامە ڕفێنەرەکاندا گەڕاین.
فیلمەکە بووە پڕفرۆشترین فیلم لە سینەمای ئەو کاتی نیشتمان.

## ٣٢

هەنــدێ جار لە خۆم دەپرســم تۆ بڵێی هونەرمەنــد لەو پێگەیەدا بێ بتوانێ بە بێ یادەوەرییە دێرینەکانی، شــت بخوڵقێنێ.

بۆیــە ئەمــە دەڵێــم، چونکــە ڕاســتییەکەی هەمیشــە من لــە هزر و دالغەم لەگەڵ هۆشــەنگی یەکدەستدا ســەرقاڵ بووم، لە فیلمەکەم و هەنووکەش لەم کتێبەدا، کە خەریکی نووســینیم.

ئــەم زەمانــە دەتوانــی لە ئینتەرنێــت هەموو شــتێک بدۆزییەوە. من

کۆمپیوتەرەکــەم پێکرد و ناوی فیلمەکە و کاتی دەرهێنانەکەیم لێدا.
لە یەک دوو چرکەدا چەندین گرتەی فیلمەکە هاتنەســەر شاشەکە.
بانگــی (ئاورێلیــا)م کــرد. ئەویــش هــات و لەســەر شــانی مــن بە خۆچەمەناوە سەیریکرد.
لە یەکێ لە گرتەکان ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی هۆشەنگی دەبینی، هەروەک «مایک هامەر» بە پێ چووەتە ســەر پشتی یەکێ لە سێ پیاوەکان.
دەمانچەی لەســەر پشتەسەر ڕاگرتووە، لەکاتێکدا یەک دوو کەڵەشێر باڵەفرکێیان بوو هەڵدەهاتن.
لە گرتەیەکی دیکەدا، هۆشــەنگی یەکدەســت لە قەسابخانەیەکدا، کە مانگا و گۆلکیان[٥٠] بە پێیەکانیان بە ســینگەوە بە هەوا وەکردبوو، بە دوای کابرایەک غاریدەدا.
لــە گرتــەی سێیەمیشــدا، ئــەوەت دەبینی هۆشــەنگ بــە دەمانچەی دەســتی بــەلای بەردەکانی کارخانەی بەردا دەڕۆیشــت، لــە کاتێکدا کابــرا لە دوورەوە هەوڵی دەدا هەڵبێ.
لــە یوتیــوب دەتوانــی تــەواوی فیلمەکە ببینــی. لێ گەلــۆ، خۆ من نەمدەویســتم ســەرتاپای فیلمەکــە ببینمــەوە. ئەوە بــوو دواگرتەی فیلمەکــەم نیشــانی (ئاورێلیــا) دا، چونکــە گرتەکــە بۆ ســەرتاپای چیرۆکی ئەم کتێبەم شــتێکی چارەنووسساز بوو.
دوا گرتــەی فیلمەکــەش بــەم شــێوەیەیە: کات ئەنگۆرەیەکی درەنگ بــوو، کە هۆشــەنگ لە کارەکــەی خۆی بووەوە. ئەو ئێســتا چووەتە نێــو کابینەیەکــی تەلەفۆنکــردن زەنگێــک لێــدەدا. دوای ئەوەی ئەو لــە تەلەفۆنکردنەکــە دەبێتەوە، تاکســییەک دەگــرێ. کەمێک دواتر

---

٥٠. گۆلک: گوێرەکە.

قەڵایەک بە قوللەیەکی بەرزەوە لە سەر شاشەکە دەردەکەوێ. ژنێک، کە شـەپقەیەکی لەسەرە و جانتایەکی بەدەستەوەیە لە تاریکییەکەدا لەبـن پیرەدارەکـە لـە لای دەروازەکەوە وەسـتاوە. خۆیەتی ئەکرەم جونە.
ترومبێلەکە ڕادەوەسـتێ. خێرا هۆشەنگ لێیدێتەدەر، جانتا لەدەستی «ئەکـرەم جون» وەردەگرێ و لـە سـندووقی ترومبێلەکە دایدەنێ. ترومبێلەکـە بەگـەڕ دەکـەوێ و لـەوێ دەڕوا. تۆش ئـەوە دەبینی، هۆشـەنگی یەکدەسـت و ئەکرەم جون لە تەنیشـت یەک لە کورسـی پشـتەوەی تروومبێلەکە دانیشـتوون. ترومبێلەکـە دووردەکەوێتەوە. کۆتایی فیلمەکە.

کۆمپیوتەرەکەم کوژاندەوە. ئاورێلیا کوپێک سووپ و پارچە سەمونێکی لەتکـراوی گـەرم و نەرمی بـۆ هێنام، کە بەخـۆی برژاندبووی. بەڵام خۆ دەبوایە بەرلەوەی پارووەنانێک بخۆم، سەرەتا شتێک تەواوبکەم.

جووت قاپقاپە زەردەکە، کە بۆ لەیلا، ژنە گەنجەکەی مەلای ئیمامی مزگەوتێـم دروسـتکردبوو، هێشـتا هەر لە سـەرەوە لـە نێو دۆڵابی قوللەکە دامنابوون. ئەو ئەنگۆرەیەی کە ویسـتم قاپقاپەکانی بدەمێ، ئەکـرەم جون ڕفێنرا و بۆم نەکرا قاپقاپەکانی بدەمێ.
قاپقاپەکانیـش هی لەیلا بوون. ویسـتم بە خۆم و بەر لەوەی شـارە زێدەکـەم جێبهێڵم بۆی ببەم و دەپێی بکەم.
**ئاخر هەر کاتێک خۆشەویستی زەنگی لێدا، پێویستە دەرگەکە بخەیتە سەر گازەرای پشت. نە بترسی و نە شەرمیش بکەی. خۆی ئەمەم لە**

**کتێبە کۆنەکەی باپیرەم خوێندبووەوە.**

سەر لە ئەنگۆرەیەکی زوو چووم و لە دەرکەی ماڵی لەیلام دا. ئیدی بـۆ من گرفت نەبوو ئاخۆ مەلا لە ماڵ دەبێ یان نا.

لەیلا دەرکەی کردەوە. منیش هەر لەوێ لەبەر پێیەکانی دانەویمەوە. ئـەو یەکەمجار پێی ڕاسـتەی درێژکرد، منیـش پێڵاوەکەیم داکەند و قاپقاپە زەردەکەم کردە پێی. ئەوسا پێی چەپەشی هێنا، پێڵاوەکەیم داکەند و تاکی چەپەی قاپقاپە زەردەکەشم کردەپێی. ئای چەند حەزم لێبـوو وەک خواحافیزی لەو کاتـەی قاپقاپە زەردەکانی دەکردنەپێ، هـەردوو پێیەکانـم ماچ بکردبـا، بەڵام خۆ ئەو ژنـی کابرایەکی دیکە بوو.

ئـەوە بـوو لە شـوێنی خـۆم هەڵسـامەوە و لەوێ ڕۆیشـتم تا هەر بەڕاسـتی هەرگیـز نـە بۆ ڕێـرەوی مزگەوتێ، نە بـۆ قەڵاکە و نە بۆ شاخەکان بگەڕێمەوە.

# کتێبی دووەم

## سینەمای ئێرانی

### ١

«ئەکـرەم جـون» کورتـە پەیامێکی بـە پەلەی بە زمانـی ئینگلیزی لەسەر پێخەفی ژوورەکەی خۆی بۆ بەجێهێشتبووم، تێیدا نووسیبووی: «ئازیزم سـولْتان، سـوپاس بۆ هەموو شـتێک. کێ دەزانێ؟ لەوانەیە جارێکی دی یەکدی ببینینەوە. هەمیشە هەر بیریتدەکەین.»
هەروەهـا لـە تەنیشـت کورتـە نامەکـە، زەرفێکیـش دانرابـوو، ناونیشـانی قوتابخانـەی کچانـی لەسـەربوو، تێیدا «ئەکـرەم جون» دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەشکردبوو. داوای لێکردبووم، بەڵکو

نامەکە بگەیەنمە شوێنی مەبەست.
«ئەکرەم جون» و هۆشەنگ لە شەوی تۆڵەکردنەوەیاندا بە ترۆمبێلێک ڕۆیشـتن و سـۆراغیان نەما، بەم جۆرە ژیانی من لە قەڵاکە لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا سەراوبن بوو.
تۆبڵێـی ئەوان سـەری خۆیان بـۆ کوێ هەڵگرتبێ؟ باشـە بۆچی هەر بـە لای کەمییەوە نیازی خۆیان بـە منیش نەگوت؟ بەڵکو لەبەر ئەوە بووبێ، کە خۆشیان نەیاندەزانی لە کوێ دەگیرسێنەوە. لەوانەشە وەها بۆ من باشتر بووبێ، چەندی کەمتر بزانم ئەوەندە باشتر بێ.
ڕەنگە بەرلەوەی وردەکاریی هەواڵی کوشتنە تەلیسماوییە سێ تاییەکە لە ڕۆژنامەکان بڵاوببێتەوە، ویستبێتیان نیشتمان جێبهێڵن.
پاش سـێ ڕۆژ، ڕاپۆرتێکی دووروودرێژ لەسـەر کوشتنەکە لە ڕۆژنامەی شـارەکەدا بڵاوبـووەوە. بـە گوێـرەی ڕاپۆرتـی پۆلیـس، هـەر سـێ قوربانییەکـە، کە ناویان درابوو، وێنەشـیان گیرابوو، بە خەنجەر و بە دەمانچە کوژرابوون.
پۆلیس سـەبارەت بە ئامانجی تۆڵەکردنەوەی کوشـتنەکە لە تاریکیدا پەلـی دەکوتـا، ئـەوان هیچ بیرۆکەیـان نەبوو، ئاخۆ کـێ ئەم کارەی کـردووە و هەروەهـا ئاخۆ هەر سـێ قوربانییەکە چی بـە یەکەوەیان دەبەستێتەوە؟
بێدوودڵی مام و باپیرەم دەیانزانی کێ لەپشـت کردەی کوشتنەکانەوە بووە، بەڵام خۆ لەنێو قەڵاکەدا هیچ وشەیەکی لەبارەیەوە نەدرکێنرا.
هەرەها سـەبارەت بە دیارنەمانی «ئەکرەم جون»یش هیچ قسـەیەک نەکرا. ئەمەش یەکێک بوو لەو نهێنییە زۆرانەی لەنێو دیوارە کۆنەکانی قەڵاکەدا هەبوون و دەبوایە بشمابایەوە.
یـەک دوو مانگ بەسـەر ڕووداوەکە تێپـەڕی و ئێمە هیچمان دەربارەی «ئەکـرەم جـون» نەبیسـت. لـەو ماوەیەشـدا قۆناغـی قوتابخانەی

ناوەندییم تەواوکرد، بۆ تاقیکردنەوەی نیشتمانی خۆم ئامادەکرد، ئەو تاقیکردنەوەیەی دەروازە بوو بۆ وەرگیران لە زانکۆ. لە یەکێک لەو ڕۆژانەدا لە سەر شەقام تووشی باوکی «ناتاشا» هاتم. لێم پرسی ئاخۆ کاروباری کچەکەی بەچی گەیشت.

- «زۆر باشە،» وەها وەڵامیدامەوە: «ئەو ئێستا لە ئەکادیمیای پاشایەتی بۆ فیلمسازی لە تاران خەریکی خوێندنە.»

پێشتر من بە سینەما سەرسام بووم، لێ کە گوێم لەوە بوو گوایە ئەکادیمیای فیلمسازیی هەیە، تاکە ئەکادیمیاشە لە وڵات زیاتر دڵنیابووم. کتومت هەر یەک مانگ دوای چاوپێکەوتنەکەم لەگەڵ باوکی ناتاشا، منیش لە خوێندنی فیلمسازییدا وەرگیرام، بەهۆیەوە قەڵاکەم بەجێهێشت.

زۆر شادمان بووم بەوەی لەوێ لە ئەکادیمیای فیلمسازییدا «ناتاشا» دەبینمەوە، بەڵام هەرگیز نەمبینی. یەکێ لە بەرهەمهێنەرانی فیلم، کە بەهرە ناوازەکەی ناتاشای بۆ دەرکەوتبوو، وەهای پێباش بووە پێویست بەوە نەکا «ناتاشا» زیاتر درێژە بە خوێندن بدا. هەر دەستبەجێ ڕۆڵیان لە باشترین فیلم پێدا. بەم شێوەیە «ناتاشا» وەک یەکەمین ئەکتەر لە سینەمای وڵات بەدەرکەوت، سینگ و مەمکی خۆی لەسەر شاشەی سینەمادا نمایشکرد.

هەر بە ڕاستیش بۆ من سەخت بوو قەڵاکە جێبهێڵم، ئاخر لە نێو دیوارە مەحکەم و درێژەکانیدا هەمیشە هەستم بەوە دەکرد پارێزراوم. کەچی ئێستا «ئەکرەم جون» و هۆشەنگیش لەوێ نەماون، دەرکەی هۆدە تاریکەکەم قفڵدرابوو، کامێراکەشم لە نێو دۆڵابەکەدا هەڵگیرابوو، هیچ لەنگەرێکی دیکە نەمابوو بمگرێتەوە.

لەپڕ سەردەمی باپیرەم و جنۆکە هاوشانەکەی بەسەرچوو. ڕۆژێکیان پەپووسلێمان بە نائارامی هەر جرتوفرتی بوو، بە شێوە خوێندنەکەی

جارانی هەر بەسەر ژووری باپیرەم هەڵدەفڕی و دەهاتەوە، هەموان تێگەیشتن کۆتایی هاتووە. یەک هەفتە دوای بە خاکسپاردنی باپیرە منیش دەستم دایە جانتا و قەلاکەم بەجێهێشت. دەمزانی منیش هەروەک باپیرەم و جنۆکە هاوشانەکەی هەرگیز جارێکی دیکە بەرەو قەلاکە ناگەڕێمەوە. تا ماوەیەکی نزیک هەر وام دەزانی، ژیانی من لە دوو بەش پێکهاتووە. قۆناغی کامێرا فۆتۆگرافییەکە و قۆناغی کامێرای فیلمسازیی؛ بەلام خۆ قۆناغی سێیەمیشی هەیە: ئەویش ژیانی منە لەو مەزرا هۆڵەندییە کۆنە، کە من لەگەڵ سەگەکەم گورگی، لەگەڵ ئەسپەکەم ڕەخش و لەگەڵ هەنگە ڕەنگزێڕینەکانم دەژیم. هەروەها لەگەڵ ئاورێلیاش. سەرباری ئەو هەموو قۆناغانەش، هەمیشە یەک شت بە نەگۆڕی ماوەتەوە. هەمیشە ژنێک لە نەبووەوە سەریهەڵداوەوە تا ڕێنوێنیم بکا بۆ ئەو شوێن و پێگەیەی کە پێویستە هەبێ.

زۆر کچی وەک «ناتاشا» لە ئەکادیمیای فیلمسازییدا هەبوون. شۆخ و جوان، سەرنجڕاکێش، کەشخە و بە پرکێش بوون، بەلام لەنێویاندا هیچ کچێک نەبوو بکەومە داوی خۆشەویستییەکەیەوە. ڕۆژێکیان یەکێکم لەو کچانە بینی، بەتەنیا لە بن دارەکان وەستابوو. بە بینی، ماریای کیژۆڵە، دایکی عیسام هاتەخەیاڵ و بیرم لێکردەوە. ڕەنگە زێدەڕۆییشم کردبێ، لەوەی هەبوو بە جوانترم بینیبێ؛ هەر بە ڕاستیش وا بوو , ئەگەر واش بووبێ، هۆکارەکەی ئەوە بووە، کە من لە ئەکادیمیای فیلمسازییدا بەتەنیا بووم. هەموو خوێنکاران دەستە دەستە و پۆل پۆل لەگەڵ یەک دەڕۆیشتن، ئەوەی تاک و تەنیا بوو , هەر بەتەنیا من بووم. ئەمەش شتێک نەبوو، نوێ بێ، ئاخر نزیکەی هەموو تەمەنی منداڵیم بەتەنیا لە قەلاکەدا گوزەراندبوو، لێ لە ئەکادیمیای فیلمسازییدا بۆ یەکەمین جار هەستم کرد، من تەنیام.

شتێکی دیکەش ڕوویدا. لە هەفتەی دووەم یان سێیەمی خوێندنمدا،

شـتێکی سـەیر و نامۆم لەخۆم بەدیکرد، جۆرە ترسێک کە پێم جەلە[1] نەدەکـرا. لە ساتێک بۆ سـاتێکی دیکە دەترسـام بـەوەی پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە کیژەکان بگرم، دەترسام لەوەی لەگەڵ خۆم بیانبەمە سـەر پێخەف، دەترسام لەوەی جەسـتەم لەگەڵ نەیەتەوە و هاوکاریم نـەکا بـەوەی حەز لە کیژەکە بکەم وەک ئەوەی شـتێکی ئاسـایی بێ و دەسـتەمۆبکرێ. ئاخـر مـن هەرگیز خـۆم وەک پیاوێکی ترسـنۆک نەدەهاتە پێشـچاو، بەڵام ئای لەمە، ئەم ترسـە هەندێک جار ئەوەندە توند و مەحکەم بوو، جیهانی لەبەرچاو تاریکدەکرم.

خـۆی ماوەیەکی درێژ بەسـەر ئـەوەدا تێنەپەڕیبوو، کـە بۆ «لەیلا» چەمابوومـەوە و قاپقاپە زەردەکانم بۆ دانابوون تا دەپێیانبکا، کەچی ئێستا زات ناکەم یەک هەنگاو لە ماریای شۆخ و لاودا بچمەپێش.

مـن هەموو ڕۆژێ لە پەنا دیوارەکە دەوەسـتام و لە دوورەوە سـەیری ماریام دەکرد. لە تاو حەز و تاسەدا دەسووتام، بۆ ئەوەی بەڵکو دەست لە ناودەست لە ژێر دارەکانی ئەکادیمیادا هەروەک خوێندکارەکانی دیکە قـەدەم لێبدەین، بەڵام زانیم، هەرگیز ئەم حاڵەتەم بەدەستپێشـخەری خۆم بۆ مەیسەرنابێ.

لـە مێژیـش بوو لـە کتێبە کۆنە ئەفسـانەییەکەی باپیـرەم چیرۆکێک دەربارەی دڵداری هەبوو، هەمیشە لەگەڵمدا مایەوە.

چیرۆکەکە سـەبارەت بە شێخێک بوو، عارفێکی سەدەکانی ناوەڕاست، بە خۆی و سـەد دووسـەد دەروێش و مریدەوە بۆ حەج بەرەو مەککە دەڕۆیشـتن. ئـەوان دەچوونـە کەعبە، دەچوونە ماڵـی ئەللا، کە وەک خۆشەویستی خۆشەویستان دادەنرا.

لـە ڕێگـەدا، شـێخ لەنێـو بازاڕی ئـەو شـارەی دەکەوێتە سـەر ڕێی

---

١. جەلە: کۆنترۆڵکردن، بەستنەوەی وڵاخێک بە دوای وڵاخێکی دیکە.

کاروانەکەیان کیژۆڵەیەکی جوان و نازدار دەبینێ. دەستبەجێ دەکەوێتە داوی خۆشەویستیی کچەکە، بەڵام خۆ دەستی بە کچەکە ڕاناگا: ئاخر کێژەکــە فەلە بوو، ئەمەش بۆ شــێخی تەریقەتێکی وەها حەڕام بوو.

شێخ بەهۆی ئەوینییەکەوە ئاوەزی خۆی لە دەستدەدا، واز لە دەروێش و مریدەکانــی خــۆی دەهێنێ و دەچێتەبەر پەنجــەرەی کچە فەلەکە و لێیدادنیشێ.

ئەمەش لە چاوی جیهانی موسڵماناندا سووکایەتی بوو، بەڵام خۆ ئاگری عەشــق لە شــێخەکە بەربببوو، بۆ ئەو هیچ گرنگ نەبوو ئاخۆ خەڵکەکە چــۆن باســیدەکەن. ئیدی دەروێش و مریدەکانی کەوتنەســەر ئەژنۆ و لێیپاڕانەوە بەڵکو دەستبەرداری ئەم خۆشەویستییە نەکردەیەی ببێ و بەرەو کەعبە ڕابەراتیان بکا، کەچی وەڵامی شــێخەکە ڕوون و ئاشــکرا بوو: «حەجەکەی من لێرەدا کۆتاییپێهات. بۆ من ئەم شارە مەککەیە، پەنجەرەی ئەم خاتوونەش کەعبەی منە.»

چیرۆکی شــێخەکە بەرەو کارێکی بەژانوســوێ دنەیــدام. دەبوایە خۆم وەهــا نیشــانبدەم، کە پیاوێکی ترســنۆک نیم و بــۆ منیش هیچ گرنگ نەبــوو ئاخــۆ ئەوانــی دیکە چیــم پێدەڵێن و چۆن باســمدەکەن. بۆیە بڕیارمدا جاڕی خۆشەویستی بۆ کچەکە بدەم.

ئیدی کە ئەوم بینی، دوودڵ بووم.

خۆم بە خۆمم گوت: «ئەوەی دەیکەم گەمژەییە. من ئەوە ناکەم.»

کەچی یەکێک بە گوێیداچرپاندم: «دەی سوڵتان، بڕۆ پێشەوە، بیکە!»

منیش نەمدەزانی کێ بوو یان چی بوو، لێ هەر بە ڕاســتی گوێڕایەڵی دەنگەکــە بــووم. کاتێکیــش کیژەکە ئاوەها ســێزدە هەنــگاوی بەرەو ئەکادیمیاکــە هەڵێنا، چــووم و ڕێگەم لێگرت. بێ هیچ پێشــەکییەک،

ڕاستەوخۆ پێمگوت: «من دەبێ دان بەشتێکدا بنێم. من تۆم خۆشدەوێ! هەمیشە بیر لە تۆ دەکەمەوە. دەمەوێ بەم شتەم بزانی.»
کیژەکەش بە دوو چاوی گەورەوە تەماشایەکی کردم. منیش نەمدەزانی ئاخۆ چیدیکە بڵێم یان نا، خۆ هەموو شتێکم بە یەکجار بۆ هەڵڕشت. ئێستاش نۆرەی ئەوە؛ بەڵام خۆ ئەو هیچی نەگوت. ئەو لەسەر ڕۆیشتنەکەی خۆی بەردەوامبوو، هەندێک لێمتێپەڕی و منیش هەروەک شێخەکەی سەدەکانی ناوەڕاست لەوێ لەسەر شۆستەکە وەستام و سەیرمکرد، ئەویش بەبێ دەنگی تێپەڕی و ڕۆیشت.
بۆ ڕۆژی پاشتر سەرنجمدا کچەکانی ئەکادیمیا ئاماژەم بۆ دەکەن. کاتێک بەلایانەوە ڕەتبووم پێمپێکەنین. منیش دڵی خۆم بە حەکایەتی شێخەکە دەدایەوە. ئاخر خۆ ئەویش لە لایەن هەموانەوە توک و نەفرەتی لێکرا، بەڵام ئەو هەر لە ژێر پەنجەرەی کچە شۆخەکەدا مایەوە، بەڵکو جارێک نیگای بەر نیگای کچەکە بکەوێ.
لێ گەلۆ، خۆ من شێخەکەی سەدەکانی ناوەڕاست نەبووم. ئەڤینییەکەی من بۆ کچەکە وەک دووکەڵ بە باچوو، هەروەک ڕوناکی چرای زەیتی دامرکایەوە. پێویست نەبوو چیدی نیگام بەر نیگاکەی بکەوێ.
کاتێکیش کیژەکان ئامازەیان بۆ کردم و پێمپێکەنین، ئەوجار هەستمکرد چەند دەستم بەتاڵە. منیش ویستم تۆڵە بکەمەوە. لە هزرەکانی خۆمدا بە خۆم و کامێرایەکی گەورەی فیلم بەسەر شانمەوە لەوان تێدەپەڕیم، ئەوانیش بەسەرسامی و بەمەراقەوە سەیریانکردم. کەچی خۆ ئەو جۆرە کامێرایەشم نەبوو.
دیاربوو ژیان ئەو کیژەی خستبووە سەر ڕێچکەی من، ئەمەش بۆ ئەوەی تا ئیرادەم بەهێز بێ، بەڵکو کامێرایەکی وەها بەدەستبێنم.
هێشتاش ویستم هەوڵێکی دیکە بدەم تا ترسەکەم بشکێنم. ئەوەشم دەزانی بۆ ئەوەی ئافرەتێک بەدەستبێنم، دەبوو جەنگێک بەرپابکەم.

## ٢

کردنەوەی قەحپەخانە لە تاران بیرۆکەی ڕژێم بوو. دەسەڵات دەیەویست لەشفرۆشـــی بــە قانونی بــکا و لە جیاتی ئەوەی بە نێو شــاردا بێن و بچن هەموویان لە شوێنێک کۆبکاتەوە، بە شێوەیەک کە لە ژێر ڕکێفی شارەوانییدا کاربکەن.

نەخشـــەی کردنەوەی قەحپەخانە بەرنامەی خۆنوێکردنەوەی «محەمەد ڕەزاشــا پەهلەوی» بوو، کە بە پاڵپشــتی ئەمریکییەکان هاتبووە سەر تەختی دەسەڵات.

بەرجەســتەکردنی بیرۆکەکە بە کردنەوەی قەحپەخانە، ئازایەتی شــای

دەویســـت، چونکە ئایەتوڵڵاکان دژی هەر هەنگاوێکی نوێکردنەوەی ئەو بـــوون. ئـــەوان وەهایان لە شـــا دەڕوانـــی، وەک ئەوەی داشـــی دامەی ئەمریکییـــەکان بـــێ، هەروەها ئەوان لەو بڕوایەدا بوون، کە شـــا بیەوێ موسڵمانێتی لە وڵات قەدەغەبکا.

وێڕای ئەو ناڕەزایەتییە توندەش، کەچی قەحپەخانەکە بووە شوێنێکی سەرنجڕاکێشی گشتیی، ڕۆژانە بە هەزاران پیاو سەریانپێدادەکرد.

خوێندکارانـــی ئەکادیمیای فیلمســـازییش بەردەوام هاموشـــۆی ئەوێیان دەکـــرد و بەجۆشوخرۆشیشـــەوە ئەوەی لەوێ دیبوو و کردبووشـــیان، دەیانگێڕایەوە. بەم جۆرە پەیامەکە ڕوون بوو: خۆ ئەگەر بتەوێ ببیتە پیاوێکی ڕاستەقینە، پێویستە جارێک سەری ئەوێ بدەی.

«تـــۆ هـــەر دەبـــێ جارێک بچیتـــە ئەوێ،» هەمیشـــە ئەو کەســـەی لە کلاسەکە لەتەنیشتم دادەنیشت وەهای پێدەگوتم؛ «ئاخر لەوێ زۆر لە قەحپەی گەنج هەن و خوێندکاریش داشکانی خۆی بۆ دەکرێ. هەڵبەت ئـــەوان دەیانەوێ ئێمە ببینە مەعمیلیان و بچینە لایان لەوەی پیاوە بە تەمەنەکان بچن.»

هاوپۆلەکـــەم گوتی، هەر بەڕاســـتی شـــتێکی باش دەبـــێ بۆ من. ئیدی ئەوە بوو ئێوارەیەکیان لەگەڵ دەستەیەک، کە حەوت خوێندکار بووین، چووینە ئەوێ.

ئـــای لەوە، خـــۆ جیژیانێکی ســـەربەخۆی تـــەواو بـــوو. قەحپەخانەکە لـــە گەڕەکێکـــی تـــەواو پێکهاتبـــوو، شـــەقامی باریک باریـــک و کۆڵانی بنبەســـتی تێدابـــوو. لە هەمـــوو لایەکەوە هەر گڵۆپی ڕەنـــگاو ڕەنگ و جۆشوخرۆشـــی موزیک بوو. هەمووشـــی لەپێناو شەوێکی تەلیسماویدا بوو. ئەوێ زۆر جەنجاڵ بوو، پیاوەکان لەســـەر ســـەکۆ نوێیەکانی ئەو

جامخانانە بە نرکەوە بەیەک دەگەیشتن، لەوێوە لە پشت هەموو دەرکە و پەنجەرەیەکـدا هــەر بۆنــی بۆگەنــی ئارەقەی لەشـولار دەهاتەدەر. ئیدی لەنێو ئەو هەراوهوریایە جەنجاڵەدا، قەحپە بەتەمەنەکان مۆزیان دەفرۆشــت، چونکە مۆز بۆ پیاوەکان باش بوو، دەیانتوانی کارەکەیان بە باشترین شێوە راییبکەن.

لە هەر یەک لەو خانووانە بە دەیان مەعمیل لەسەر کورسییە پلاستیکە ڕەنگسوورەکان دانیشتبوون، چاوەڕێی نۆرەی خۆیانیان دەکرد.

منیش لە ســەرەتادا نەمدەویســت بچمە ئەویّ و لەنێو ئەواندا جێبگرم، بــەڵام زۆریــم لە خۆم کرد تــا وەک هاوپۆلەکانم شــەوەچێژێک ببینم. ئەوان بە ڕێگەکە بەڵەدبوون، لە ماڵێکەوە بەرەو ئەوی دیکە دەڕۆیشتن و بە دوای قەحپەی نوێدا دەگەڕان، منیش ڕەگەڵیان کەوتم.

لە کۆتاییدا هەر یەکێک لە خوێندکارە برادەرەکانم قلی[٢] خۆی دۆزیەوە، لێ من دەبووایە هێشتا هەر بگەڕێم. کاتێکیش قەحپەیەکی لاوم[٣] بینی، بە پێچەوانەی هەموو ئەوانی دیکە، سەرتاپای لە بن چارشێوێکدا بوو. منیش گەوجانە لەســەر یەکێک لە کورســییە ڕەنگسوورەکانی بەردەم ژوورەکــەی نــۆرەم گرت و دانیشــتم، هەڵبەتە چەنــد پیاوێکیش لەویّ نۆرەیان گرتبوو. هێشتا هەندێکی مابوو، لە کۆتاییدا نۆرەم هات. ئیدی قەحپە گەنجەکە هات و دۆستانە دەستی گرتم، دیاربوو بە هۆی ئەوەی خوێندکار بووم، بە دوای خۆیدا بردمی.

هــەر پێم خســتە نێو هــۆدە بچکۆلانەکەی، ژوورەکــە بۆنێکی بۆگەنی لێوەدەهــات، یەکســەر ســەرتاپای جەســتەم بــووە بەرد. ئــەوە بوو

---

٢. قل: دانە

٣. لاو: دوو واتای هەیە، هەم واتای جاحێل و گەنج، هەم جوان و شۆخ.

چارشـێوەکەی لەسـەر خـۆی کـردەوە و بە سـەر شـەمعەی قوژبنی ژوورەکەی دادا و ئینجا لەسـەر پێخەفەکەی لەسـەر پشـت ڕاکشـا و قاچەکانی لەیەککردنەوە.

- «دەی گەنجۆ، وەرە!» ژنە وەها بانگیکردم.

منیش دەمەویسـت دەسـتبەجێ لەوێ بڕۆم، بەڵام بۆ ئەوەی ترسەکەم جلەوبکەم، مامەوە.

وەهـای بە من گوت: «دەی پانتۆڵەکـەت داکەنە،» لەکاتێکدا ئەمەی گوت و تەنوورەکەی بەرزدەکردەوە و دەرپێ کورتەکەی دادەکەند.

کاتێکیش چاوم بەو پارچە گۆشـتەی نائاساییەی نێو ڕانەکانی کەوت، لەجێی خۆم هێدمەگرتی بووم. ئاخر خۆ پێویسـت نەبوو مرۆڤێکی بە ئەزموون بی، تا بزانی ئەو شتە تەندروست نییە.

- «دەی، گەنجۆ، وەرە بیکە!» ئەو هەر وەهای دەگوت و بە باوەشی کراوەش ئاماژەی بۆ کردم.

منیش سـەرم بادا. ئەو بەو هەرامە[٤] نائاساییەی خۆی ئەوەندەی دیکە لەوەی هەمبوو ترسـاندمی. منیش برە پارەیەکم داێ، سوپاسـمکرد و لە هۆدەکەی هاتمەدەر.

کاتێکیش لەگەڵ هاوپۆلە شـادمانەکانم بەرەو ئەکادیمیای فیلمسـازی گەڕامەوە و گوێم لە سەرچڵییە خۆشەکانیان گرت، زانیم ئەوەی ڕوویدا پەیوەندی بۆ خۆمەوە هەبوو. دیار بوو شـتێک لە من کورتی هێناوە، منیش ئەوەم بەوە لێکدایەوە، کە هەرگیز ناتوانم ژنێک دەستەمۆبکەم. بەڵێ من ئەوانم خۆشدەویسـتن، حەزم لێیان بوو، لێ پێدەچوو ئەوان بەڕێکی قەدەغەبن لە من.

---

٤. هەرامە، واک، واڵدک، هین.

ئیــدی مــن ژنم بەلاوەنان، خۆم بۆ یەکەمین کامێرای فیلم تەرخانکرد، کە بۆ خوێندنەکە لە ئەکادیمیا وەرمگرتبوو.

ئەوە بوو لە سەرتاپای ساڵەکەدا، هەموو شەوێک فیلمێکم لە ئەکادیمیا دەبردەوە ژوورەکەم تا لەسەری بخوێنم. خۆم بۆ خوێندنەکەم تەرخانکرد و زۆر باش بۆی تێکۆشام، ئەوەی لێشیکەوتەوە ئەو پەیوەندییە ناوازەیە بوو، پەیوەندی بە بناغەی کارنامەی فیلمسازیی منەوە هەبوو.

## ٣

لە ساڵی دووەمی خوێندمدا، مامۆستاکەم دەرفەتێکی بۆ ڕەخساندم تا لەگەڵ فیلمسازی بەناوبانگ «ئیبراهیم بۆستان» مەشقبکەم. ئەویش، ئەو کەسە بوو، کە سینەمای نیشتمانی خستەسەر ڕێڕەوی خۆی. کاتێکیش ماوەی ڕاهێنانەکەم تەواوبوو، کارێکیشی وەک یاریدەدەر پێبەخشیم. ئینجا لە کاتی وێنەگرتنی گرتەی فیلمەکانی بۆ هەر کوێیەک ڕۆیشتبا، لەگەڵی دەچووم و تا نیوەشەوانیش لە ژووری مۆنتاژی ئەو لە ناوجەرگەی تاران دەمامەوە.

لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا وەک هاوکارێکی دەرهێنەر پەروەردەبووم.

خـۆ ئەگەر ویسـتبای شـتێک بـکا، یەکەمجـار لە ڕێی منـەوە لەگەڵ ئەکتەرەکان بە کوڕ و کچەوە پرۆڤەدەکرا. تەنیا ئەو کاتەی من گرەتەکەم پەسـەندکردبا، وەک دوا ئەنجـام دەچووە بەردەسـت «ئیبراهیم» تا سەیریانبکا.

ئـەوەی ڕاسـتی بێ، لـەو کاتەوە مـن لە سـتۆدیۆی فیلمەکـەی ئەو دەژیـام. زۆر کارمدەکرد، هەروەک ئەوەی کاروبارێکی خانەوادەیی بێ. ئیدی شـەرەفی ئەوەم هەبوو، ببمە دەستەڕاسـتی سـێ ڕۆمانە فیلمی سەرکەوتووانەی ئەو.

نەویسـتراوانە و نائاسـاییانە ژیان خۆی ئەو دەرفەتەی پێبەخشیم، کە نیـوەی دوا فیلمـی ئەو دەربهێنـم، ئاخر ئەمەش لـەو کاتەدا بوو، کە «ئیبراهیم» تووشـی فشـاری دڵ هات. ئەمەش ڕاسـتەوخۆ دوای ئەو ماوەیـە بوو، کـە خوێندنەکەم تەواوکردبوو. بەمە لـە هیکەوە ببوومە دەرهێنەرێکی گەنجی ڕیشهاتوو.

بۆ خۆشـبەختی «ئیبراهیم» لە نەخۆشـییەکەی چاکبووەوە و چێژی لـە سـەرکەوتنی دوا فیلمـی خۆی وەرگـرت، بەڵام خۆ تەندروسـتییە لاسەنگەکەی لێنەگەڕا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە نێو ستۆدیۆکەی خۆی. هـەر بە ڕاسـتیش، ئـەو کات، کاتێکی زۆر دڕدۆنـگ و ناخۆش بوو بۆ تاقمی فیلمسـازییەکە، ئاخر سـاڵانێک بوو لەگەڵ ئـەودا کاریاندەکرد. بۆ منیش هەروا بوو، هەسـتمکرد کۆتایی سـەردەمی شاگەشکەبوون و باڵگرتنمە.

دیسـان هەستم بەدەسـت خاڵیبوونی خۆم کردەوە. چونکە ئەو هەموو کامێرایانـە، ئەو هەموو کەسـانەی تاقمـی فیلمسـازییەکە و تەنانەت خودی باڵەخانەی سـتۆدیۆیەکە هەر هەموویان هی «ئیبراهیم» بوون. خـۆ ئەگەر ئـەو لە نێومانـدا نەمێنێ، ئـەوا هەموو شـتێک لەباریەک هەڵدەوەشێ.

هەینێ زۆر هەستم بە تەنیایی کرد. ئاخر بە تەنیا لە هۆدەکەم دەژیام و هێشتا هیچ ژنێکیش نەهاتبووە نێو ژیانم. هەرچەندە لە ستۆدیۆکەی ئـەو، هەمیشـە دەورووبەرم پڕی کیژۆڵە بـوون، بەڵام خۆ هەر تەنیا لە چاوی کامێراوە سەیرمدەکردن و پێیانەوە سەرسام بووم.

بـۆ ئـەوەی هزرەکانم بەدوای یەکـدا ڕیزبکەم، کارم لەسـەر فیلمێکی بەڵگەنامەیی کرد، کە کاتی خۆی «ئیبراهیم» دەستیپێکردبوو، کەچی بۆی تەواونەکرا.

شەوێکیان لە ژووری مۆنتاژدا بەسەر مێزێک نوشتابوومەوە، کارم لەسەر فیلمـە بەڵگەنامەییەکـە دەکرد، لەپڕێکەوە هەسـتم بە دەسـتێک کرد کەوتە سەرشـانم. منیش ئاوڕێکم دایـەوە. خۆ ئەمە «مەرجان» بوو، کچەئەکتەرێکی سـەرنجڕاکێش، کچێکی ئەوەندە شۆخ و جوان، نەکەی بکەی هەر تەماشای سای گەردنێی بکەی.

ئـەو وەهای پێگوتم.»سـوڵتان بـا کارکردن بەس بـێ. دەی بابڕۆین شتێک بخۆین.»

ئـەو کات نەمدەزانـی چۆن بـوو، ئەو، ئەو بیرۆکەیـەی بۆ هات تا من بـۆ ژەمەخواردنێـک لەگـەڵ خۆی ببا. دوای پێنج سـاڵ، ئەوسـا بۆم ڕوونبووەوە. خۆ دەکرێ لەمەشـدا سـەرچیخ چووبم، بەوەی ئەو ژەمە خواردنـە هیـچ پەیوەندی بـەوەی چوار تا پێنج سـاڵی دوایی ڕوویدا، نەبوو.

دوای ئەوەی نانی شـێوانمان خوارد، کەمێک بەو شـەوە جوانە بە نێو تاران پیاسەمان کرد، تا ئەو شوێنەی دەنگی گۆرانیبێژێک بە غەمگینی لە قەوانـی گرامافۆنێکەوە هات. ئینجا گەیشـتینە بەردەم خانوویێکی کۆنینە و لەوێ وەستاین.

ئەوسا «مەرجان» گوتی: «من لێرە دەژیم.»

«هەر بەڕاستی؟» منیش بە جۆرە واقوڕمانێکەوە وەهام پێگوت، چونکە شتێک لەو دیمەنانە دەچوو، کە زۆر جار لە فیلمە ڕۆژئاواییەکانەوە بینیبووم. ئاخر پیاوەکە تا بەردەکەی ماڵ لەگەڵ ژنەکە دەڕۆیشت، ئینجا ژنەکە لێیدەپرسی دەکرێ لەگەڵم بێیتەژوور.

«مەرجان» سی و پێنج ساڵ دەبوو. دوای ئەوەی شوکردنەکەی بە بنبەست گەیشتبوو، بەتەنیا لەگەڵ دایکی لە ماڵە کۆنەکەی باوانی دەژیا.

لێیپرسیم: «دێیتە ژوور؟»

منیش نەمدەزانی ئاخۆ هەر سەر لە ئێوارەوە، بەنیاز بووە لەگەڵ خۆی بمباتەوە ماڵەوە، هەرچۆنێک بێ بە دوایدا چوومە ماڵ، کەچی لە دڵیشەوە ترسێکم هەبوو.

- «دایکم خەوتووە،» ئەو بەدەم ئەم قسەیە، بە نێو تاریکییدا دەرکەی ماڵی خۆی کردەوە.

بە هێواشی بەسەر پەیژەکاندا بەرەو هۆدەکەی سەرکەوت. خۆ نەدەکرا منیش بگەڕێمەوە، هەر بەڕاستی نەمدەویست بگەڕێمەوە. ئاخر ژیان ئەو دەرفەتەی پێبەخشیم، بەڵکو هەوڵێکی دیکە بدەمەوە.

«مەرجان» ئەو ئەکتەرە شۆخ و شەنگەی سینەمای نیشتمان، کە هەزاران پیاو خەونیان پێوەدەبینی، دەرکەی هۆدەکەی لەسەر من کردەوە و گڵۆپەکەشی داگیرساند.

ئینجا بە چرپەیەکەوە گوتی: «بەخێربێی.»

منیش وەک کوڕوکاڵێکی پانزەساڵی، کە هێشتا نەمدەزانی لەشی ئافرەتێک چۆنە و چۆن نییە، لە هۆدەکەی چوومەژوور. لەوێ لە ناوەڕاستی جلوبەرگ، جانتا، ئاوێنە، کەلوپەلی ماکیاژ، پێڵاوی پانیبەرز و پۆستەری گەورەی فیلمەکان، کە تێیدا ڕۆڵی بینیبوو، وەستام.

لە لای دیوارەکە پێخەفێکی دووکەسـی دانرابوو، لە ئاوێنە گەورەکەدا ڕەنگیدەدایـەوە. ترسـی شکسـتەکە دایگرتمـەوە، بـەڵام خـۆ مـن کەوتبوومە نێو دەسـتی ژنە ئەکتەرێکی شـۆخ، دیاربوو دەیزانی چۆن پیـاو دەسـتەمۆبکا. ئیدی ئەو خۆی وەرسـووڕاند، پرچـە درێژەکەی بەرزکـردەوە، ملـە جوانەکەی بەدەرکەوت، ئینجـا پێیگوتم: «دەکرێ زنجیری فیستانەکەم بکەیتەوە.»
منیـش بە دەسـتی لەرزۆکەوە زریزەی فیسـتانەکەم کـردەوە، لاچکە ڕەشەکەی مەمکدانی بەدیارکەوت.
کاتێکیش گەرمی جەستەی ئەوم لە ڕێی سەرپەنجەکانم گەیشتێ، زانیم ترسەکەم جڵەوناکرێ و جەستەشم لەگەڵ خواستم هاوکار نابێ.
«مەرجـان» تەنوورەکـەی لە کەمەری خزانـد و لای قاچەکانی کەوتە سـەر زەوی، مەمکدانەکەشـی کردەوە و لەو نێوەدا و لە ئاوێنەکەدا بە خەندەوە سـەیریکردم. منیش خۆم بەسـەریدا چەماندەوە و چرپاندمە گوێی، کەوا هیچ ئەزمونێکم لەم شتەدا نییە، لەوانەیە نەتوانم بیکەم.
لێ ئەو لێوەکانی خۆی سـوورکردن وەک ئەوەی گوێی لە قسەکەی من هەر نەبووبێ. پاشـان گڵۆپە گەورەکەی کوژاندەوە و گڵۆپی شەوانەی پێکرد. دەستی منی گرت و گەمەئاسا منی بۆسەر جێی خۆی ڕاکێشا. ئیدی لەوێوە جادووی لێکردم.
بەڵێ، ئەو جادوبازێکی ڕاستەقینە بوو: وای لێکردم بەسەر ترسەکەمدا زاڵببـم. ئـەو منـی بـردە جیهانـە خۆشـەکەی ژن، نمایشـی نهێنی خۆشەویستیی ئەکتەرێکی شۆخی بۆکردم.
دواتـر، ئـەو کاتـەی سـەری خسـتە سـەر سـینگم، هەسـتمکرد بەختەوەرترین پیـاوی تارانم. ئەوەنـدە بەختەوەر، هەرگیز شـتێکی وەهـام لە خـۆم بەدینەکردبوو. خۆی ئـەوە بەختەوەرییەکی نوێ بوو بـۆ مـن، بەختەوەرییەک لەگەڵ هیچ شـتێکی دیکە بـەراورد نەدەکرا.

بەختەوەرییەکی سەربەخۆ. هەستمکرد ئەمەش پاداشتی ئەو هەموو سالانە بوو، کە ئارامم گرتبوو.
ئێمە بە بێدەنگی لەپاڵ یەک ڕاکشابووین. حەزم لێنەبوو هەرگیزاوهەرگیز ئەم شەوە کۆتاییبێ، بەلام «مەرجان» هەندێ سەرتر هەڵکشا، دەمی هێنایە ئاست گوێم و چرپاندی: «دەرکەی ستۆدیۆکە دامەخە. دەست بە فیلمی خۆت بکە.»
هەر بە ڕاستیش ئەمە پێشنیازێکی چارەنووسساز بوو، بەلام داخم ناچێ، کە ئەو لەو ساتەدا بەبەر گوێمیدا دا. ئاخر من هێشتا هەر بە خۆشی ژنایەتییەکەی مەست ببووم، زۆر لە خەونەکانی جیهانی سینەما دوورکەوتبوومەوە. لێ گەلۆ، ئەمە وەدرەنگ کەوتبوو، ئەوە بوو ئەو منی لە بەهەشتی جەستەی دوورخستەوە. دەستی دایە ڕۆبی شەوانەی و لەسەر پێخەفەکەی هەڵسا. منیش دەستبەجێ ڕابووم و جلکەکانم کردنەوەبەر. دەبوایە بگەڕێمەوە ستۆدیۆکە؛ لە مێشکی خۆمدا دەستم بە یەکەمین فیلمی خۆم کردبوو.
ئیدی زانیم کێ ڕۆڵی «ئەکرەم جون» بگێڕێ. تەنانەت خۆم ناونیشانێکم پێشتر بۆ دانا بوو.

٤

یەکەمیــن فیلمم بە ناوی (قەیســەر/تزار)، هەرایەکی زۆری نایەوە. بۆ شاکەســی فیلمەکەش «بەهرۆز»م لێگرت، کە خۆی هێمایەکی شانۆی ئێرانی بوو. ئەو ڕۆڵی هۆشەنگی یەکدەستی لە فیلمەکەدا بینی.

هەرچی «مەرجان»یش بوو، ڕۆڵی «ئەکرەم جون»ی بینی، ڕۆڵەکەی لێهاتووانە گێڕا. ئیدی ئێمە چی دی باســی ئەو شــەوەمان نەکرد، کە بەیەکــەوە لەســەر پێخەفی ئەو بەســەرمان بردبوو. هەمــوو بایەخمان چووبووە ســەر فیلمەکە، چونکە هەســتمانکرد، ئێمــە هەر هەموومان خەریکی شتێکی گرنگین.

ئەوەی ڕاستی بێ، زۆر شت لە «ئیبراهیم بوستان» فێربووم، بەڵام خۆ شتێکی نەکردەش بوو بەبێ متمانە بەخشندەییەکەی ئەو دەست بە دەرهێنانی فیلم بکەم: ئەوە بوو ئەو بۆ ماوەیەکی کاتی، تەواوی ستۆدیۆکەی خستە بەردەستم. هەروەها سەرتاپای تاقمی فیلمەکەش لە پشت پرۆژەکە وەستان. هەمووان بە کارەکە دڵخۆشبوون و ماندوونەناسانە هاتنەمەیدان، بەڵکو دەستپێکە سەرکەوتووەکە ڕێگای خۆی بەرەو کۆتاییەکەی بگرێ.

فیلمەکە سەرکەوتوو بوو، بەو پارەیەی لە فیلمەکەشەوە دەستمکەوت، ستۆدیۆکەم لە «ئیبراهیم» کڕیەوە.

ئێستاش ستۆدیۆکە بووە موڵکی خۆم، ئەوسا زاتی ئەوەم کرد خەون بە بەرهەمی باشترەوە ببینم. بە دەرهێنانی فیلمی **قەیسەر** هەوڵمدا شتێک بەرهەمبهێنم، ساڵانێک بوو لە مێشکی خۆمدا وێنەم بۆ کێشابوو. حەزیشم لێنەبوو هەرگیز خۆم لە کاروباری سیاسیی هەڵبقورتێنم، هەروەها مەیلیشم لێنەبوو پەیامێکی تایبەت بگەیەنمە بینەر. ئەوەی دەمویست، هەر ئەوە بوو، ئەوەی لە مێشکمدا گینگڵیدەدا، بیخەمە سەر شاشە؛ بەڵام خۆ ڕەخنەگران زۆر شتی دیکەیان لێهەڵکڕاند. ئەوان باسی تۆڵەسەندنەوەی ناموس، کلتوری دەستومست و گواستنەوە لە خەنجەر بۆ دەمانچەیان باسکرد، هەمووان بەو جۆرە سەیریانکرد، گوایە وەک شتێکی هێمادار هەنگاونانە بەرەو نوێکردنەوەی وڵات. ئەوان پرسیارگەلێکیان کرد، کە من هیچ وەڵامێکم بۆیان نەبوو. ئاخر دەبێ کابرا کەڕەپە[5] یەکدەستەکە بە دەست و مستی خۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە و بەبێ سزا وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ؟ باشە ئەوان سەری خۆیان بۆ کوێ هەڵگرت؟ بەرەو ئەمریکا؟ ڕووەو نیویۆرکەکەی

---

٥. کەڕەپە: ئەسلێن لامل، عیناد.

«مایک هامەر»؟ ئایا شتی دیکەی بەدوادادێ؟

نەخێر، هیچی دیکەی بەدوادانەهات. دوای ئەو فیلمێکی دیکەی ئەڤینیم دەرهێنا، کە سیناریۆکەی لەسەر بنەما دڵدارییەکەی سەردەمی نەوجەوانی من بنیاتنرابوو، واتە فیلمەکە لەسەر «لەیلا»، ژنە جاحێڵەکەی مەلای ئیمامی مزگەوتێ بوو.

لە فیلمەکەدا لێگەڕام کچە ئەکتەرەکە و کوڕەکە لە کۆڵانێکی تاریکی تەنگەبەری پشت مزگەوتێ ڕابکەن. کوڕە ئەکتەرەکە قاپقاپە زەردەکانی کردنە پێی کیژەکە و کچەکەش خێرا بە نێو کۆڵانەکان غاری دەدا، ئەمەش لەو کاتەی مەلای مێردی لە نێو مزگەوتێ، بۆ نوێژکەران خەریکی پێشنوێژ دابەستن بوو.

ئەم فیلمەش هەرایەکی دیکەی نایەوە و بەرتەکی زۆری هەبوو.

خۆی هەر بە ڕێکەوتیش بووە فیلمێک، کە ڕژێم زۆر سوودی لێببینی. ڕاستییەکەی باوکی شا و (شا)ش بە خۆی هەموو شتێکیان کە لەدەست دەهات کردیان، بەڵکو مەلا ڕوحانییەکان لەنێو کۆمەڵگەدا شاربەدەربکەن و چالاکییە دینداریییەکان سنووورداربکەن و وایان لێبکەن هەر لەنێو چوار دیوارەکانی مزگەوتێدا قەتیس بمێننەوە.

ئەوەی من لە نێو فیلمەکەدا هێنامەگۆ، خۆشەویستییەکی ڕادیکالیانە بوو، جۆرە پەیوەندییەکی قەدەغەکراو بوو، بەڵام خۆ میدیا و بەتایبەتیش ڕۆژنامەکان فیلمەکەی منیان وەک دەرفەتێک قۆستەوە، تا داوای ئازادی زیاتر بۆ ئافرەتان بکەن.

تەلەفزیۆنیش هەر بۆ دارسان و بە ئەنقەست کتومت ئەو دیمەنانەی لێدان، کاتێ کوڕە ئەکتەرەکە قاپقاپە زەردەکانی دەکردنە پێی ژنە گەنجەکە و ئەویش لە خۆشیان شاگەشکە بوو، هەر پێدەکەنی.

ئەوە بوو لەپڕ و بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو نامەیەکم لە «فەرەح دیبا»ی شابانووە بەدەستگەیشت، پەسنی فیلمەکەی منی دابوو.

هەروەها ئەوەشــی تێدا بەیانکردبوو، گوایە خودی (شــا)ش هەر دوو فیلمەکانی منی بینیون.
بەڵێ، شــا و شــاژن فیلمەکانی منیان بینیبوو، بەڵام خۆ بەدڵنیاییەوە مامــەم نەیبینیبــوو. هەندێک جار کە دەهاتە تــاران دەمبینی، لێ ئەو هەرگیز باسی فیلمەکانی نەکرد. تەنانەت لە وێنەکانی ناو مێشکیشمدا هەرگیــز ئــەوەم دانەنابوو، کە مامم لە ســینەما دابنیشــێ و ســەیری فیلمەکانــم بــکا. ئاخر خۆ ئەم بوارە بە شــێوەیەکی ئاســایی لەســەر دیندارە نەریتخوازەکان قەدەغە بوو. ســەرباری ئەمەش، خۆی شتەکە لە ئەویش نەدەهات. هەمان شــتیش لەســەر باوکم ڕاســت بوو، بەڵام سەبارەت بەدایکم، دڵنیا نیم. دەکرێ ئەو بە دزییەوە و لەگەڵ یەکێکی ســەر بــە ماڵباتەکەی ســەرێکی ســینەمای دابێ، تــا کاری کوڕەکەی ببینێ، بەڵام خۆ ئەگەر وەهاشــی کردبێ، هەرگیز باسی نەدەکرد. هەر پێویستیش نەبوو ئەندامانی ماڵباتەکەمان کارەکانی من ببینن، چونکە ئــەوان گوێیان لەو باسوخواســەی من بوو، شانازیشــیان پێوەدەکرد. منیش ئەوانم خۆشدەویســت، بە چاوی ڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری هەموانم دەکرد و دەمپاراستن.
هەمووی بەســەریەکەوە شــتێکم نەبوو مایەی گلەیی و گازاندە بێ، لێ گەلۆ، من لە ژیانمدا غەریبی ژنێکم دەکرد.
مــن هەروام دەزانی دوای شــەوەکەم لەگەڵ «مەرجان»، ئیدی ترســم لــە ژنان بۆ هەتــا هەتایە ڕەویوەتەوە، بەڵام خۆ لەوەدا شــاش بووم. ترسەکە بەشێوەیەکی توندتر بۆم گەڕایەوە.
دوێنــێ قســەم لەگــەڵ «ئاورێلیــا» کــرد، هەوڵمــدا ترســەکەمی بۆ ڕوونبکەمەوە. ئەویش لێم تێنەگەیشــت، یان ئەوە بوو شــتێکی وەهای ڕەچاونەدەکرد. من ئەوەم بۆ باسکرد، کە هەرگیز ترسەکە بەرینەداوم. دەکرێ ترسەکە لەگەڵم پیروخەڕۆ ببێ و دەکرێ لەگەڵیشمدا بێتە نێو گۆڕەوە. لەوانەیە ئەو کات، لە نێو گۆڕدا هەر بە خۆی لە باریەکهەڵوەشێ

و بڕەوێتەوە و دەفن ببێ.

لەگەڵ هاتنی مێشە ڕەنگزێڕینەکانیش بۆ نێو کێڵگە و مەزراکەم. کۆنە ترسەکەم لێ ژیەوە.

دکتۆر «ماینەما» هەمیشە هەر بە هۆڵەندی قسەی لەگەڵ (ئاورێلیا) دەکرد. منیش بە زمانی ئاماژە لەگەڵی دەدوام. پێکەوە و بەپێی تێپەڕینی ڕۆژ، زمانێکی هاوبەشی سەرەتاییانەمان بۆ لەیەکتێگەیشتن لەنێو خۆماندا داهێنا. ئەم زمانەش ئاسوودەیی بە هەردووکمان دەبەخشی.

پەیوەندیەکانمان شتێکی بەراییانەی پێوەبوو. من، خۆمان لەگەڵ گورگی و ڕەخش و مێشە ڕەنگزێڕینەکان و ئەو مارەی کە هێشتا نەبینرا بوو، بەڵام لەوێ لە نێو باخەکەدا خۆی لەبن گەڵاکان دەخشاند، وەک دوو کەس، وەک دوو مرۆڤی سەردەمی بەرێ دەهاتە پێشچاو.

بێگومان ئەو کاتەی (ئاورێلیا)، ئەو ئاسوودەییە پێویستەی لای من دۆزیەوە. مەزراکە جێدەهێڵێ. منیش دەمزانی ئەو کات ترسەکەم بۆ دەگەڕێتەوە.

دوێنێ، ئەو کاتەی سەبارەت بە فیلمەکانم، سەبارەت بە «مەرجان» و نامەکەی شابانوو بۆ (ئاورێلیا دوام، ئەویش بە خەندەوە سەیری دەکردم. بە پێی لێکدانەوەی من بێ، ئەو بەتەواوی لەوەی بۆم باسکرد، تێگەیشت.

لێ گەلۆ، کاتێ باسی بزووتنەوەی بەرگری گەریلاییم بۆ کرد، ئەو بە بیرلێکردنەوە لێمەوەڕاما.

«گەریلاکان، پارتیزانەکان. نموونەکانی «چی گیڤارا»، خەباتی ژێرزەمینی، چەک.» هەوڵمدا وەهای پێبڵێم.

دەگونجێ حەزی لەوە نەبووبێ باسی توندوتیژی بکرێ. ئەو لەبەر خۆرەتاوی ئەو ڕۆژە دانسقانەی نۆڤێمبەرەوە، سەری خستە سەرشانم و چاوەکانی لێکنان.

## ٥

سێیەمین فیلمم لەسەر «ڕەحمەتوڵڵا»، کوڕی دەرگەوانەکەی قەڵاکە بوو. بە نیازبووم، خەم و ئازار و تەنیاییەکەی نیشانی خەڵک بدەم. لەو نێوەشدا خۆ هەر دەبوایە فیلمی کاوبۆی ئەمریکی و ژنە ئەکتەرە نیوەڕووتەکانیش نۆرەیان بێ و لە سینەمای شارە دیندارەکەمان نیشانبدرێن.

کارێکی وەهام کرد، «بەهرۆز» ئەکتەرە ناودارەکە ڕۆڵی «ڕەحمەتوڵڵا»ش ببینێ. ئیدی ئەوە بوو جنۆکەکان ئەویان لە بەردەم دەرگای سینەماکە گرت و تێروپڕ کوتایان. جنۆکەکان هەر بەدوای خۆیان ڕادەکێشا و بە زەویان دادەدا تا خوێن لە دەم و لووتی دەهات. ئینجا دوای ئەوەی

وەک مردوویــەک لەســەر زەوی دەکەوت، خەڵکەکە بــە هانایەوە چوون و بردیانە ســەر شۆســتەکە و لەبەردەم جامخانەی هەڵواســینی وێنەی ڕیکلامــی فیلمەکــە، کە وێنــەی ژنە ئەکتــەرەکان بە خۆیــان و مەمکە سەرنجڕاکێشەکان، پشتیان بە دیوارەکەوە دا.
«بەهرۆز» ڕۆڵەکەی زۆر وەستایانە بینی؛ ئازار و خەم و بەستەزمانییان[6] لە ڕوخساردا دەخوێندەوە. کاتێکیش پشتیان بە دیوار دا و دوای ئەوەی هەندێــک بەخــۆی دەهاتەوە، ئینجا بە هێواشــی دەســتی بــۆ دۆخینی شــلوارەکەی بــرد. بــە زەحمەت گرێــی دۆخینەکەی کــردەوە و هەرامە زەبەلاحەکەی خۆی دەردەهێنا.
لە جیهانی ڕاستییدا هەرگیز «ڕەحمەتوللا» پەیوەندی بە ژنانەوە نەبوو، دەستی لێنەدابوون، بەلام لە فیلمەکەدا من ژنێکم دابوویێ. «مەرجان» ڕۆڵــی ژنەکەی دەبینی، وای لێکــرد «ڕەحمەتوللا» بۆ هۆدەکەی خۆی کێشبکا و دەستەکانی بۆ بن جلکەکانی ببا و مەمکەکانی بگرێ.
خۆی ئەمەیان باشترین فیلمی من نەبوو، بەلام فیلمێکی زۆر وروژێنەر بوو. ڕاستییەکەشی من هیچی وەهام نەکرد بوو، بەدەر لەوەی کاتی خۆی بە چاوی خۆم و لە ڕێی دووربینەکەم بینبوو، ڕێگەی خۆی لەسەر شاشەی سینەما ببینێتەوە. من هیچ مەبەستێکی سیاسییم لەبەرچاو نەبوو، کەچی فیلمەکە هەراوزەنای وەهای نایەوە و کاردانەوەکان سەبارەت بە سێکس و شتە حەڕام و قەدەغەکراوەکان بەدوایخۆیدا هێنا و لەدەستیش دەرچوو. ئــەوە بوو لــە هەموو لایەکەوە، بــە چەپڵەڕێزان پێشــوازی لە ئازایەتی «بەهرۆز» و «مەرجان» و ڕۆڵە وەســتایانەکەیان کرا. منیش لە لایەن میدیاوە بۆ ئاســتی ئەو فیلمســازانە بەرزکرامەوە، کە دەنگ و ڕەنگ و تامێکی تایبەتییان دایە ســینەمای نیشــتمانی. ئەوە بوو لە یەکێک لەو ڕۆژە سەرقاڵییانەمدا، «مەرجان» هاتە هۆدەکەم و لەپشتەوە دەرکەکەی داخست.

---

٦. بەستەزمان: پێدەسەلات.

سـەرەتا هەر وەهام زانی، بۆیە هاتووە تا سـەبارەت بە چیرۆکی فیلمی چوارەمـم لەگەڵ بـدوێ، کە هەر دوێنێ بوو لەگەڵ تاقمەکەمدا گفتوگۆم کردبوو. لە ماوەی ئەو سـاڵانەی ڕابردوودا، من ڕایەڵەی دۆستایەتییەکی مەحکەمـم ڕاچاندبـوو. ئەویـش یەکـێ لـە ژنە ئەکتـەرە نـاوازەکان و هاوڕێیەکی پڕپەهابوو بۆ من. منیش گوێم لە ڕاوێژی دەگرت و سەبارەت هـەر دیمەنێکیـش کە لێی دوودڵ بام، ڕوونکردنـەوەم بۆ دەدا تا بگەمە بەرەنجامێکی باش. بەڵام خۆ ئەو، ئەمجارەیان بۆ شتێکی دیکە هاتبوو، من پەرۆشی و جدییەتم لە ڕەنگوڕووی بەدیکرد.

- «مەرجـان، فەرمـوو دانیشـە.» بـە دەم ئاماژەپێکـردن تا لەسـەر کورسییەک دابنیشێ، وەهام پێگوت،

ئەویش دەستەکانی خستنە سەر کورسییەکە، بەڵام دانەنیشت. هەندێک بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت و سەیرێکی دەرەوەی کرد.

- «خێرە؟ شتێک هەیە؟ وەهام لێپرسی و بەخۆم و کورسییەکەشمەوە بەرەو ڕووی وەرسووڕام.

- «دەمـەوێ پەیامێـک بگەیەنـم.» ئەویش بـە نەرمییەکـەوە وەهای پێگوتمەوە.

- «پەیامێک؟ لە کێوە؟»بە سووکە مەراقێکەوە وەهام لێپرسی.

- «لە کەسێکی زۆر گرنگ.»

- «بە دڵنیاییەوە لە (شا)وە.»

- «نەخێر.» سەری خۆی بادا.

- «کەواتە لە شاژنەوەیە؟»

- «نەخێر، بە دڵنیاییەوە لەوەوە نییە.»

- ئاخر خۆ لە وڵاتدا لەوان گرنگترمان نین.» منیش وەهام پێگوتەوە. مەبەستیشم شێوە گوتنێکی تەوسانە بوو، تا دەهاتیش مەراقتر دەبووم.

- «بەڵێ هەیە.» ئەویش وەها وەڵامی دامەوە.

- «کەواتە کێیە؟»

- «سەرکردەی پارتیزانەکان.»
- «چی؟» من وەهام گوت و لەسەر کورسییەکەم هەڵسامەوە.
- «ئەو دەیەوێ بتبینێ.»

تا ئەو کاتە، من هەروەک ئەوە وا بووم، دوو تۆپە لۆکەم لە گوێچکەکانی خۆم ئاخنیبێ تا هیچ دەربارەی گەریلا یان پارتیزانەکان نەبیستم. ڕاستییەکەی ئەوە بوو، من حەزم بە چارەیان دەکرد، پێیانەوە سەرسام بووم، بەدوا هەواڵی چالاکییەکانیشدا چووم. سەبارەت بەو هەموو شتانەش لەگەڵ کەس قسەم نەکردبوو، نەخاسمە لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانم لە ستۆدیۆدا. هەڵبەتە ئەم هەڵوێستەش جۆرە خۆپارێزییەک بوو. دیاربوو دەترسام نەوەک هاوسۆزییان بۆ دەرببڕم، نەتوانم چیدی فیلم بەرهەمبهێنم.

هێشتاش لە بیرمە، کاتێ ڕۆژنامەیەک دیدارێکی دوورودرێژی لەگەڵدا کردم، لەوێ لە گۆشەیەکی نەگبەتی ڕۆژنامەکەدا وێنەی گەریلایەک بڵاوکرابووە، لەشەڕدا بە دەستی پۆلیسێکی نهێنی ڕژێم کوژرابوو. پارتیزانەکانیش بەتەمابوون جۆرە شۆڕشێکی کوبایی لە وڵات هەڵبگیرسێنن. ئەوان لە نێو دارستانەکانی پارێزگای باکووری وڵاتدا دەستیان بە شۆڕش کردبوو. هەروەک چۆن «فیدل کاسترۆ» و «چی گیڤارا» بە خۆیان و یاخیبووەکان کردبوویان، ئەوانیش دەق دەیانەویست هەمان شت بکەن. ئەوان دەستیان بەسەر مۆڵگەی سەربازیشدا گرت، دەستیان بەسەر چەک و تەقەمەنیدا گرت و بەو چەکەوە بەرەو تاران کشان، بەڵکو تارانیش بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان و ئەمریکییەکانیش ڕاوبنێن.

کەچی بەرلەوەی بە ئاراستەی تاران بگەنە یەکەمین گوند، لە لایەن کۆپتەری جەنگی و لە لایەن هێزی ئامادەی سەربازییەوە، کە بەسەرپەرشتی ژەنەراڵێکی سی ئای ئەی بوو، درانە بەر ئاگری چەکەکانیان.

زۆر لە پارتیزانەکان کوژران و بە دەیانیشیان لێ گیران. لەنێو گیراوەکاندا سێ فەرماندەی مەیدانی بوون، کە وەک بڕبڕەی پشتی بزووتنەوەی

پارتیزانــی ســەیردەکران. لەشــکریش هــەر وەهای دەزانی ســەرکردەی بزووتنەوەکــەش لەنێــو گیراوەکاندایە، بەڵام خۆ ئەو توانی لەدەســتیان دەربچێ. ئێســتاش ســەرکردەی پارتیزانەکان بــە دوای مندا دەگەڕێ و دەیەوێ بمبینێ.

«مەرجان»یش پێناوەکە[٧] بوو، کە هەزار ساڵیشــی خایاندبا نەمدەزانی هەر زەینیشم بۆ بچێ، کە «مەرجان» نێوەندگیری ئەوە. من هێشتاش نازانــم ئاخــۆ ئەو کاتەی «مەرجان» منی بــۆ هۆدەکەی خۆی پەلکێش کرد، پەیوەندی بە پارتیزانەکانەوە هەبوو یان نا.

هەرچۆنێــک بــێ، ئێســتا ئــەو ڕاســتەوخۆ پەیوەنــدی بــە ســەرکردە ئەفســانەییەکەی بزووتنــەوەی نیشــتمانی گەریلاکانی ئێمــەوە هەبوو. پەیوەنــدی بــەو پیاوەوە هەبوو، کە هەم لە لایــەن ڕژێم و هەم لە لایەن ئەمریکاوە داواکراوە هەروەک ئەوانەی لە نێو فیلمی کاوبۆیەکاندا هەیە:

**بە زیندی یان بە مردی!**
**پاداشت!**
**$ ١٠،٠٠٠$**

منیش هیچ بژاردەم لەبەردەستدا نەبوو، شتەکە بە پێیەکانی خۆی بۆ من هاتبوو. وەها دەرکمپێکرد، کە ژیانیش هەر وەهایە. من بیرم لە پیاوەکە کردەوە، لەنێو مێشکمدا زۆر جاران لەگەڵ سەرکردەکەدا دوابووم، کەواتە خۆی شــتێکی لۆژیکی بوو بە پیر داواکەیەوە بچم. دیداری ســەرکردەکە شەرەفێک بوو بۆ خۆی؛ لەهەمان کاتیشدا دژوار بوو. ڕاستییەکەی ئەوە بوو بە سێ فیلمەوە چووبومە نێو مێژووی سینەمای نیشتمان. ئێستاش بەو چاوپێکەوتنە لە ناکاوەوە هەڕەشەی ئەوە دەکەم بچمە نێو مێژووی سیاسییشەوە.

---

٧. پێنار: لە حیراندا زۆر ناوی پێناو، نەخاسمە پلکە پێنار هاتووە، مەبەستیش ئەو کەسەیە. کە کوڕ و کچەکەی نێو حیرانەکە پەیەکەوە دەگەیەنێ. لێرەدا بۆ واتای نێوەندگیر بەکارمهێنراوە.

## ٦

ترومبێلێــک لــە تاریکییدا، لە پشــت ســتۆدیۆکەوە چاوەڕێیدەکردم. «مەرجان»یش دەسـرۆکێکی دامێ تا چاوەکانی خۆمی پێ ببەسـتم. کاتێکیـش هەر لە دەرەوە دەسـرۆکەکەم توند گرێـدا، گوێم لە تەپەی پێـی پیاوێک بوو، هەر دەبێ شـوفێرەکە بووبـێ. ئەو بێ ئەوەی یەک قسەشـم لەگەڵ بکا، توند پیلی گرتم. تا ناو ترومبێلەکە یاوەریکردم، لێیگەڕا لە کورسـی پشتەوەی ترومبێلەکە دابنیشم، ئینجا خۆی چووە پشت سوکانەکە و ترومبێلەکەی لێخوڕی.

بەدانیشتن بەو شێوە لە نێو ترومبێلەکە، بیرم بۆ «گاتا» یان ئایەتێکی

ئاڤێســتا، کتێبە پیرۆزەکەی زەردەشــت ڕۆیشــت، کە باپیرەم هەموو بەیانییەک دەیخوێندەوە. من ئەو حیکمەتەم لەبەربوو: **«هەمووان هەر بەو ڕێگەیەدا دەڕۆن، کە لەبەر پێیاندایە.»**

زەردەشــت داوای یارمەتی لە خوا، لە ئاهورامازدا دەکا. ئاهورامەزداش ئەمەی خوارەوە دەڵێ:

**«لە ڕێی هەبوونی خۆمەوە بەهێزت دەکەم.**
**من ئەو ڕێگەیەت بۆ ڕووناک دەکەمەوە کە لەم جیهانەدا گرتووتەبەر.**
**وەهات لێدەکەم ببینی.**
**پشتت دەگرم.»**

کەواتە بەچاوبەســتراوی لەنێو ترومبێلەکەدا دانیشــتبووم، نەمدەتوانی چاوم هەڵبێنم ئاخۆ بە چ ئاراستەیەکدا دەڕوا. پێدەچوو نیو سەعاتێک لە ترافیکی قەڵەباڵغیدا بووین، پاشــان گەیشــتینە سەر ڕێگەی خێرا. دوای ئەوە بە چارەگێک شوفێرەکە لایدا و خۆی بەنێو گەڕەکێکدا کرد. ئەو لە شــوێنێک وەستا، شــوفێرەکە لە ترومبێلەکە دابەزی و گوێم لە دەنگی دەرکە بوو کرایەوە. دیسان شوفێرەکە چووەوە پشتی سوکانەکە، هەندێکی دیکەی بۆ پێشــەوە لێخوڕی. جارێکــی دیکە ڕایگرتەوە و لە ترومبێلەکە دابەزی و دەرکەی پێوەدایەوە. دیاربوو ئەمجارەیان بۆ نێو باڵەخانەیەک لێیخوڕێ.

لــە کۆتاییــدا ڕایگرت و یارمەتیدام تا دابەزم. ئەو توند باســکی گرتم بەسەر دوازدە پەیژەدا سەرکەوتین. هەستێکی وەهام بۆ پەیدابوو، کەوا چووینەتە ماڵی خانەدانێکی گەورە. بەنێو دەروازەدا ڕۆیشــتین و کابرا منی گەیاندە هۆدەیەک. ئەو منی بەتەنیا لەوێ جێهێشــت، هێشــتاش چاوەکانم هەر بەسترابوونەوە.

کەمێــک دواتــر گوێم لە تەپەی پێــی دیکە بوو، دیاربــوو دەنگی پێی پیاوێک بوو. ئەو هاتەژوور و بە کەیفخۆشییەوە بانگیکرد: «بەخێربێی!

دەی دەسرۆکەکە لە چاوت بکەرەوە.»
منیش دەسرۆکەکەم کردەوە و دەستم بە چاومەوە گرت تا وای لێبێ لە ڕووناکییەکە ڕابێتەوە. دوو قەنەفەی دانیشتن، ئاوێنەیەک ئینجا پیاوێکم بینی.
من پیاوەکەم نەدەناسی، تا ئەو ڕادەیەی بشزانم لە هیچ کوێیەک تووشی نەهاتبووم. هەر لە ڕەفتارەکەیەوە بۆت دەردەکەوت، کە خۆی سەرکردەکەیە، پیاوێک لەو کاتەی کۆپتەر تەقەی لێدەکەن بتوانێ تەقە بکاتەوە و ڕاشبکا. پارتیزانێک کە درێژبووەوەی جۆرە ئەفسانەیەکی وەک هی چی گیڤارایە. بە شکۆوە سڵاوم لێکرد. تا ئەو کاتە نەمدەزانی ناویشی چییە؛ پاشان، دواتر دوای ئەوەی لە سێدارەدرا، ئینجا ناوەکەیم زانی. ئەو ناوی «هومایون سەمەد ڕۆزبە» بوو.
هۆدەکە گەورە بوو، قەنەفەی جوان و مافووری گرانبەها ڕاخسترابوون. لەوانەیە ئەو خانووە ئەرستۆکراتییەی وەک پەردەپۆشێک بەکارهێنابێ؛ ئاخر کەس گومانی بۆ ئەوە نەدەچوو، پیاوێک، کە لە هەمووان زیاتر داواکراوبێ لە وڵات و لەو شوێنە خۆی حەشاردابێ.
لەوانەیە ئەو شتەکەی هەڵسەنگاندبێ، بەڵام خۆ من هەرگیز بیرم بۆ ئەوە نەدەچوو، کەوا بەم دیدارەمان ئەو بگاتە بن پەتی سێدارە.
بەڵێ، من بە هزری دیکەوە خەریکبووم. کاتێکیش تۆقەی لەگەڵ کردم، یەکسەر بیرم بۆ فیلمی ئایندەم چوو. لەهەمان کاتیشدا لەوە ترسام، هەر بەهۆی ئەو چاوپێکەتنەوە، هەرگیز نەتوانم ئەم فیلمەم دروستبکەم.
- «ئەو بە ئاسوودەییەوە گوتی: «ئێمە فیلمەکانی ئێوەمان بینیوە.»
منیش وەستام تا زیاتر قسەبکا.
- ئینجا گوتی: «ئێمە پێمان باشە. دەنگێکی نوێیە!
- منیش پێم گوتەوە: «منیش ئەمە بە شەرەف دەزانم، کە ئێوە

فیلمەکانتان بینیوە.»
ڕەفتار و شێوەی قسەکردنەکەی منی بردە سەر کەڵکەڵەی پاشاکەمان.
- «زۆر باشە. ئەریّ تۆ چۆنی؟» ئەو ئەوەشی بۆ زیادکرد.
- «هەندێک جار من زۆر باشم.» منیش وەهام پێگوتەوە.
ئەو بە بەسەرخۆدازاڵبوونەوە وەک شا بە خەندوە گوتی: «هەر بەڕاستی ئەمەم لەبیردەبێ.»
لەسەر مێزەکە چایەدانەک و دوو ئیستیکان و سینییەکی پڕ لە کێکی تازەدروستکراو دانرابوو. ئەو چایەی بۆ هەردووکمان تێکرد و پارچە کێکێشی لێکردەوە و گوتی: «ئەوەی تۆ بە کامێراکەت دەیکەی، ئێمەش بە تفەنگ دەیکەین. هونەرمەندانی وەک ئێوە بۆ نیشتمان بەهای زێڕیان هەیە.»
من چاوەڕوانی ئەو بەراوردکردنە نەبووم. تا دەهات دڵم زیاتر لێیدەدا، ئەویش زیاتر لە کرۆکی چاوپێکەوتنەکەمان نزیک دەبووەوە. بە مەراقەوە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد ئاخۆ چی بەدوادادێ و چی دیکە دەڵێ. ئەو فرێکی لە چایەکەی دا.
- «من بۆیە تۆم بانگی ئێرە کردووە تا ئەم پرسیارەت لێبکەم.» ئیدی ئەو زیاتر لەسەر قسەکەی ڕۆیشت.
منیش گوێم بۆ شلکرد.
- «ئێمە پێویستمان بە تۆیە.» ئەو وەها کەوتەوە قسە.
منیش بە وریاییەوە ئیستکانی چایەکەم لەسەر مێزەکە دانایەوە، تا لەرزینی دەستم نەبینێ.
- «پرسیارەکەم ئەمەی خوارەوەیە. ئایا ئامادەی لەگەڵ ئێمەدا کار بکەی؟»
جەستەم گەرم داهات. لەوانەیە بۆ بیست چرکە بێدەنگ بووبم، ئەمەش لەو کاتەدا زۆر دوورودرێژ بوو.

- «مەبەستت چ جۆرە هاوکارییەکە؟» وەهام لێپرسی.
- «هاوکارییەک لەگەڵ خۆت و کامێراکەت؟»
- «چۆن؟ بە چ توانایەک؟ مەبەستم ئەوەیە بە چ شێوەیەک؟»
- «شـێوازی بەشدارییەکەی تۆ هێشـتا ڕێکنەخراوە. ئێمە پێمانخۆشە ئەوە بزانین، ئاخۆ تۆ بە کامێراکەتەوە، هەر کاتێک پێویسـتیمان پێت هەبێ، ئامادە دەبی؟»
- «بۆ ئەوەی وەڵامی پرسـیارەکەت بدەمەوە، خۆ پێویستە ئەوە بزانم چیت لە من و کامێراکەم دەوێ؟»
- «ئەمەیان لە قۆناغێکی دیکە باسی لێوەدەکەین، بەڵام بە دڵنیاییەوە نیازمـان نییە تفەنگێکت بدەینە دەسـت و لەگـەڵ خۆمان بتبەینە نێو دارستان.»
- «ئەز، ئەز... هێشتا تێنەگەیشتم.» وەهام پێگوتەوە.
- «من پرسـیارەکەم ڕووندەکەمەوە. **ئایا ئامادەی قوربانییەک لەپێناو نیشتماندا بدەی؟»**

ئارەقەیەکی ساردم بەسەر نێوچاواندا داهات. سەرنجمدا ژیان خۆی منی بەرەو ئاراستەیەک ڕاکێشاوە، ئەو ئاراستەیەی کە پێویستە پێیدابڕۆم. ڕاستەوڕاسـت سـەیری دوڕ چاوی سـەرکردەی پارتیزانەکانم کرد، ئەو چـاوە تیژانـەی وەک هەڵـۆ وا بـوون. هەر یـەک هەنگاو بـوو، ئیدی گەڕانەوەی بۆ نەبوو. دەبوایە وەڵامێکی ڕوون بۆ پرسارە ڕاشکاوەکەی بدەمـەوە. ئاخر خـۆ هەر پرسـیارەکەی ئەو بوو، ڕەوتـی ژیانی منی گۆڕی. وەڵامەکەشم نەدەکرا ئەو گۆڕانکارییە هەڵبگێڕێتەوە. خۆم باش دەناسی، نەدەکرا پشتی تێبکەم، لە ئەندێشەی خۆمدا زۆر جاران خۆم لە نێو دارسـتاندا دەبینییەوە، خۆم و کامێرا لەسـەر شانم، لەو کاتەی تفەنگ قرمەیان دەهات، من هەموو دیمەنێکم دەگرت. ئیدی گەیشـتمە ئەو بەرەنجامە، نابێ پرسـیارەکەی پشـتگوێ بخەم، ئەوە بوو گوێم لە

دەنگــی خۆم بووەوە: «ئەگەر پێویســت بێ، ئامادەم قوربانی لەپێناو نیشتماندا بدەم.»

«ئایا تۆ لە لێکەوتەکانی ناترسی؟» وەها کەوتەوە قسە.

دیســان گوێم لە دەنگی خۆم بووەوە، هەروەک ئەوەی کەســی سێیەم بێ و لە ژوورەکەدا قســەبکا: «ئەگەر کامێراکەم پێ بێ، ئەوا لە هیچ شتێک ناترسم.»

ئەو بە هەردوو دەســتی تۆقەی لەگەڵ کردمەوە. پاشــان دەســتی بۆ دەســرۆکەکەی سەر مێزەکە برد و دایەوە دەستم. لەو کاتەی خەریکی چاوبەســتنەوەی خۆم بووم، شــتێکی گوت، زۆر بــاش گوێم لێنەبوو، چونکە لەو کاتەدا گوێم لە تەپەی پێی شوفێرەکە بووەوە. ئەو هات و پیلی گرتمەوە و بەرەو دەرەوەی بردم.

کاتێکیش گەیشتمەوە نێو ترومبێلەکە، هەستێکی وەهام بۆ هات، کە لە خەونێــک بێداربوومەتەوە. ئاخر من تازە بەڵێنێکم دابوو، ئەگەر درێژە بــە پەیوەندیــم لەگەڵ پارتیزانــەکان بدەم، ئــەوا ئەگەرێکی زۆر هەیە هەموو ئەو شــتانەی کە هەمن، لەدەستبدەم. کامێراکەم، ستۆدیۆکەم، فیلمەکان و خەونەکانم؛ هەروەها «باران»یش.

## ٧

«باران» کیژە هونەرمەندێکی لاو بوو. بۆ یەکەمین جار لە پیشانگایەکی بە کۆمەڵی یەکێک لە هاوڕێکانم بینیم.

- «ئەرێ ئەو سێ تابلۆیانە هی کێن؟» من وەهام لە «کاوە»ی سەرپەرشتیاری گەلەرییەکە پرسی.

- «هی ئەو کچە جوانەیە، کە بە لاتدا ڕەتبوو،» کابرا چاوێکی داگرت و وەها ڕستەکەی تەواوکرد: «هەر ئێستا دێتەوە.»

کاتێکیش ئافرەتەکەم بینی، یەکسەر زانیم، «کاوە» هەقی بوو. خۆی ئەو ژنە بوو، کە بەدوایدا دەگەڕام.

هێشتاش نازانم ئەو جۆرە پەیوەندییانە چۆن سەرهەڵدەدەن و چۆنیش گەشــەدەکەن، بەڵام دوای ماوەیەک بەیەکــەوە چووینەدەر. کاتەکەش درەنگ بوو. نەشم دەویست کۆتایی بە پیاسەکەمان بێ، بۆیە داواملێکرد بەڵکــو تــا بەردەرکەی ماڵەوە لەگەڵی بڕۆم، ئەو هێشــتا هەر لە ماڵە باوانی دەژیا.

بــەڵام خۆ من نەمدەویســت وادەیەکی نوێی بە یەکگەیشــتنی لەگەڵدا دابنێــم. ئاخر من بەردەوام لە گژ ئــەو هزرانە ڕادەچووم، کە بە فیلمە نوێیەکەمەوە ســەرقاڵیکردبووم، ترسیشــم لە نوشســتهێنانی شــتەکە بوو، ترســەکەم لە جاران بەهێزتر بۆ گەڕایــەوە. بەڵێ، لە ئابڕووتکان دەترسام، نەخاســمە کە ئێستا بوومەتە فیلمسازێکی ناسراو. ئەوەبوو ئەوم گەڕاندەوە ماڵێ و بۆ خۆم بۆی دەرچووم.

مانگێکــی ڕەبەق بوو لەگــەڵ خۆمدا دەجەنگام: دەمەویســت بە دوای کیژەکــەدا بگەڕێــم، کەچی نەشــدەگەڕام. هەموو ئــەو هزرانەی کە لە میشکمدان، لە دیمەن و گرتە هەرە خۆشەکانی فیلمەکانمدا دەبینرێن، بــەڵام لە داکەوتەی ڕاســتییدا، خۆم لەو پێگەیــەدا نەدەبینی بە تەنیا لەگەڵ ئافرەتێکدا بم.

ئینجــا هەر بە ڕێکەوتیش تووشــی بووم، ئەویش لە کاتی شــانۆگەری یەکێ لە هاوڕێکانم. بەڵام لەوێ ئەوەم نیشــاننەدا، کە من چەندە بیرم لێکردبووەوە و چەند بۆی شێت و شەیدا ببووم.

لە ڕۆژنامەکاندا پەسنی من درابوو، گوایە ئازام، ئاخر وەک دەرهێنەری فیلم ســنوورم بەزاندبوو. خۆی ئەمەش هیچی لە ڕاستی کەمتر نەبوو: ئــەوە بوو تووشــی ئەو ئافرەتــەی ژیانم ببووم، کەچی نەشــمدەتوانی ڕووبەڕوو پێیبڵێم.

لەو نێوەدا شــتێکی ئاوەزمەندانەم بۆ هات. « **ئەوەی ئێســتا کە هەی پەســەندی بکــە و متمانەش بە ژیــان بکە، ئەوەی دیکــە هەمووی بە چاکی دێتەڕێ.**» منیش دەمێک بوو بەوەی هەبووم قایلبووم، ئەمەش ئاســودەییەکی باشــی پێبەخشــیبووم، بەڵام پێویســتبوو فێربم چۆن متمانە بە ژیان بکەم.

لــەو کاتــەی ڕێژنە باران لێیداین، من بیرم هەر لای ئەم ڕســتەیە بوو. بارانەکە لە گۆترە نەبوو. ئەو هات و دەستی گرتم.

گەنجێک بەرەو ڕومان غاریدا: «سەیوانە؟»

لە چوارڕیانەکەی تاران هەمیشــە نەوجەوانان گوڵ، بنێشــت و پاکەتە جگەرەیان دەفرۆشت، ئێستاش چەتر دەفرۆشن.

منیش ویستم دووو دانە چەتر بکڕم.

«باران»یش گوتی، «یەکێک بەشی هەردووکمان دەکا.»

پارەی چەترەکەم دایە کوڕە نەوجەوانەکە، سەیوانەکەم هەڵدا و لەسەر سەری کچەکەم ڕاگرت تا هەر بە تەنیا لە بن سەیوانەکەدا بمێنێتەوە.

«خــۆ تــۆ ئاوەها تەڕ دەبی، دەی وەرە ژێر.» ئەو بەدەم ئەم قســەیە پیلی منی توند بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

«بــاران»[8] بە زمانی فارســی واتای بــاران دەدا. کاتێکیش پیلی منی گــرت، دڵخــۆش بووم. بەختەوەرییەکەشــم لــەو گەرمییە و شــەپۆڵە نەرمانەی دەریا دەچوون کاتێک لە کەناراوەکاندا لەپێی ڕووتی کەســە ڕاکشاوەکانی دەدا.

بەم جۆرە، لەبەر باران و بەبێ دەنگی هەندێک ڕۆیشــتین. لە مێشــکی خۆشمدا ڕســتەیەکم سازکرد و وەک ئەکتەرێک ڕۆڵەکەی لە دیمەنێکدا بداتــەوە هــەر لەبەر خــۆم دووبارەمدەکردەوە، خۆیم بــۆ ئامادەکرد.

---

٨. دیارە لە هەردوو زمانی کوردی و فارسیدا باران هەر بارانە. وەرگێڕ.

ئینجا لە شـوێنی خۆم وەسـتام و پێمگوت: «من دەمەوێ تۆ بۆ من بی.»
ئەویش سەیرێکی سەرزەوی، سەیری بەرپێی خۆی کرد، بیری لێکردەوە.
منیش چاوەڕێی وەڵامی بووم. پاشان سەری خۆی بەرزکردەوە و گوتی: «کەواتە لە ئێستاوە دەستپێبکە.»
دەقـاودەق نەمزانـی مەبەسـتی چـی بـوو. بـەڵام وەک ئەکتەرێک لە دیمەنێکی دڵدارییدا بووبێ، سەرم لێی نزیککردەوە و ماچێکم لەسەری کوڵمەکەی کرد. بەم شێوەیە ئاهەنگی بەیەکەوە بوونمان دەستپێکرد.
لەو ساتەدا هەرگیز ئەوەم وەبیر نەبوو، کە دیدارێکم لەگەڵ سەرکردەی پارتیزانەکان کردووە، پاشـان ئەو دیدارە هەموو ڕێساکانی یارییەکەمی گۆڕی.
«باران» لە سـەردەمێکی جوان لە ژیانمدا سـەریهەڵدا. خۆی ئەوەش قۆناغێک بوو، من لەسـەر ئاسـتی وڵات ناسـرا بووم، خەریکی فیلمە نوێیەکەشـم بووم. ئەو ئامادەبوونەی بارانیش لە ژیانمدا، گۆڕوتینێکی زیاتری پێبەخشیم.
ئەو کات لە شـوێنێکی جوان و خۆشی گەڕەکێکی کۆنی تاران دەژیام، کەچی هێشـتا زاتی ئـەوەم نەدەکرد، «باران» لەگـەڵ خۆم ببەمەوە ماڵێ. لە کۆتاییدا بەسەر دوودڵییەکەمدا زاڵبووم. ئەو کاتەش «باران» پێـی نایـە نێو ماڵەکەم، بـۆم دەرکەوت هەموو ئەو سـاڵانەی ڕابردوو چەند تەنیا بووم.
ئێمە هەموو شـەوەکەمان بە خۆشـی بەسـەربرد و بەجۆشوخرۆشەوە باسی ژیانی هاوبەشی ئایندەی خۆمانمان کرد. بەڵام کاتێک ئەوم لەگەڵ خـۆم بردە ژووری نوسـتن، تـرس وەک مۆتەکەیەک خـۆی هەڵدایەوە سـەر پشـتم. بیرم لە یەکەمین ئەزموونم لەگەڵ «مەرجان»، ئەکتەرە شـۆخەکە کردەوە، تێکۆشام ترسـەکەم بەلاوە بنێم و جورئەتم دایەوە

بەرخۆم. **دەی ئەوەی هەتە پێی ڕازی بە**، ئەم ڕستەیەم چەند جارێک لەمێشکی خۆم گوتەوە و بەدەم ئەم هزرەشەوە بە هێواشی جلەکانم لەبەر «باران» داکەندن.

ئەوە بوو ئافرەتێکی جوانم لە تەکدا بوو، کە زۆرم پێخۆش بوو ببێتە ژنی من. چووم لە پاڵی ڕاکشام، لێ هەستمکرد هیچم پێناکرێ. دیسان لەشم ناپاکی لێکردمەوە. دەستەکانم ئەوەندە سارد بوون، نەیاندەویست خۆیان لە جەستەی «باران» بدەن.
زانیم شەرەکەم لەگەڵ خۆم هیچی لێ شیننەبووە. من ئەوە بووم، کە هەبووم و دەبوایە سەرکەوتن بەدەستبێنم. بە ئارەقکردنەوە سەرم بەسەر باراندا شۆڕکردەوە و بەسرتەوە پێمگوت: «ناتوانم.»
ئەویش لە شوێنی خۆی بێدەنگ مایەوە، ئینجا بە نەرمی بەرەو جەستەی خۆی ڕایکێشام و سەری منی خستە سەر مەمکەکانی.
شان و ملە ڕووتەکانی بارانم ماچکردن، وشەی ناسک ناسکم بەگوێدا چرپاندن و بردمە سەرجێ.
هەموو شەوەکە وەها مام، هیچم پێنەکرا.
ڕەوشی من لەو شەوەدا تەنیا و تەنیا هەروەک ئەو ئەفسانە دێرینە بوو. دەتوانم هەروەهاش وێنایبکەم. پاڵەوانێکی ئێرانی ویستی کیژە تاقانەکەی پاشا بخوازێ، بەڵام خۆ ئەمەشیان بە تاکە مەرجێکەوە بەندبوو. ئەو دەبووایە ئەژدیهایەک بکوژێ، کە لەنێو ئەشکەوتێکدا خۆی حەشاردابوو. ئەژدیهایەک کە ژەهری خۆی دەکردە بناوانی ئەو ئاوەی بە نۆین[9] دەهاتە قەڵاکە و ئاوەکەی ژەهراوی کردبوو.
پێشتریش کەسانی دیکە بۆ هەمان مەبەست هاتبوون و چوبوونە نێو

٩. نۆین: بەر لە پەیدابوونی لولەکێشی ئاو لە سەرچاوەیەی کانیاوەکان یان لە بناوانی ڕووبارەوە ئاو بە جۆگە بۆ ئاوایی ڕادەکێشرا و سەریشی دادەپۆشرا. واتە جۆگەی ئاوی سەرداپۆشراو.

ئەشکەوتەکە، بەڵام ئەژدیها دڕندەکە هەمووانی کوشتبوو.
ئێستاش نۆرەی ئەو پاڵەوانە بوو. ئەویش چووە نێو ئەشکەوتەکە و لەگەڵ دڕندەکە کەوتە جەنگ.
خەڵک لە دوورەوە گوێیان لە دەنگەدەنگێکی سامناک بوو، لەوێوە دەهات. زەوی لەژێر پێیان دەلەرزی. کات تێپەڕی، ئێوارەدرەنگ بێدەنگییەک پەیدابوو. هەمووان بەترس و ورووژان و مەراقەوە چاوەڕێی ئەوە بوون بەڵکو پاڵەوانەکە لە نێو ئەشکەوتەکە بێتەدەرێ. ماوەیەکی درێژ تێپەڕی و هیچ ڕووی نەدا، بەڵام دواتر لەپڕ پیاوێکی پیر بە خۆی و ڕیشە بۆزەکەیەوە لە نێو ئەشکەوتەکە هاتەدەر. کابرا لەبەر شەڕە کوشندەکەی لەگەڵ ئەژدیهاکە پیربببوو، سەروڕیشیشی بۆز ببوو.
ڕووداوی ئەم ئەفسانەیە یەکسەر زمانحاڵی سەربردەکەی من بوو. ئاخر کاتێک من بۆ ڕۆژی پاشتر سەیری ئاوێنەم کرد، بینیم داوی سپی سپی لە پرچم پەیدابوونە، ئەمەش هەمووی لەبەر ئەو جەنگە بوو، کە لەگەڵ خۆم بەرپامکردبوو.
کەچی خۆ من کۆڵم نەدا، هێشتا شەش شەوی دیکەشم بەم حاڵە بەسەربرد. لە شەوی حەفتەمدا ترسەکەم ڕەویەوە. «باران»یش لە پاڵم، لە خەوێکی قووڵدابوو. ئیدی گەزەم لێگرت و وەک دەعبایەک خۆم هەڵدایەسەر.

سێ شەو دوای ئەوە، دیسان بە چاوبەستراوەیی بردرامە لای سەرکردەی پارتیزانان. خۆی نەدەبوو سەبارەت بەو دیدارانە لەگەڵ کەس قسەبکەم. هەروەها لەگەڵ «باران»یش.
ڕاستییەکەی ئەمەیان یەکەمین قوربانی بوو دەبوو بیدەم. بژارەی دیکەم لەبەردەمدا نەبوو، دەبوایە بڕوام بە خۆم هەبێ.

## ٨

دوای چاوپێکەوتنەکــەم لەگــەڵ ســەرکردەی گەریــلا، هێنامیانــەوە ســتۆدیۆکەم. لەوێش یەکســەر چوومە نووسینگەی کارەکەم و لەپشت مێزەکەم دانیشتم.

لــەوێ بە بێدەنگــی بیرم لە دیدارەکە کردەوە. ڕاســتییەکەی هێشــتا نەقەومابوو، بەڵام هەستمکرد بومەلەرزەیەک لەبن قاچەکانمدا ڕوویداوە. لەپــڕ ئەوەم بەبیرهاتەوە، ســەرکردەکە لــە کۆتاییدا چی بە من گوت، بەڵام ئەو کات شتەکەم بە مێشکدا نەچەسپا. ئێستا پەی بەوە دەبەم، کەوا شتەکە چەقی بازنەی چاوپێکەوتنەکەمان بووە.

کاتێک من گریێم لە دەسرۆکەکە دا تا چاوەکانم ببەستمەوە، ئەو گوتی: «خـۆ ئەگـەر هات و ڕژێـم پەیوەندی پێوەکردی، ئەو دەسـتەی بۆت درێژدەکەن، فەرامۆشی نەکەی.»
ئێسـتاش کە بیر لەو وشـانە دەکەمەوە مێشکم گەرم دادێ. ئەرێ ئەو کات بۆ نەمپرسی باشە دەقاودەق مەبەستی چی بوو؟
لەوانەیـە ئەمـەش هەر لەبـەر ئەوە بووبـێ، کە خەریکی ئـەوە بووم چاوەکانم ببەسـتمەوە و هەر لەو ساتەشـدا دەنگی پێی شـوفێرەکەم هاتەبەرگوێ. خۆ دەکرێ لەبەر ئەوەش بووبێ، بە ئەنقەست ویستبێتم خۆم لە پرسیارەکەی بدزمەوە.
ئێستاش، کە هەڵوەستە لەسەر قسەکەی دەگرم، هەر بە بیرلێکردنەوەکە حەپەسـام. لەوانەیە «مەرجـان» ئەو نامەیـەی خوێندبێتەوە، کە لە قووڵایی چەکمەجەکەی مێزەکەم دانابوو. کەواتە هەر دەبێ سەرکردەی پارتیزانیش بە ناوەڕۆکی نامەکەی زانیبێ.
لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە، سەرکردەکە داوای دیتنی منی کردبێ.
«مەرجـان» تاکە کەس بوو لەبـارەی دوودڵییەکانم لەگەڵیدا قسـەم دەکـرد. مـن ئـەوم وەک هاوکارێک و وەک کچـە ئەکتەرێکی ناوازە بە دڵ بـوو، کـە لە ڕێی ڕۆڵبینینەکەی واتـای زیاتری دەدایە فیلمەکان و کارنامەکەم.
تۆبڵێی مەرجان نامە نهێنییەکەی خوێندبێتەوە، نامەیەک کە تا ئێستا نەمویستووە سەبارەت بە ناوەڕۆکەکەی لەگەڵ هیچ کەس قسەبکەم؟
من لە ناو چەقی بازنەیەکی وروژاندا بووم.

خـۆی، نووسـەر و هونەرمەندە بەناوبانگەکان ئەوەیـان ڕەتکردبووەوە هـەر شـێوە پەیوەندییەک بـە ڕژێمەوە بکـەن. ئەوان خۆیان لە شـا بەدووردەگـرت، ئـەو شـایەی بـە کۆمەکـی ئەمریکییـەکان و لە ڕێی

کودەتایەکــی ســەربازییەوە تەختوتاجــی پاشــایەتییان پێبەخشــی، هەروەک نۆکەرێکی ئەوانیش دەستبەکاربوو. شا «موسەدیق»ی گرت، حیزبە ئۆپۆزســیۆنەکانی هەڵوەشــاندەوە و ژمارەیەک لە ســەرکردەی حزبــە چەپەکانیشــی لە ســێدارەدان. هــەر بۆیە ئــەوان، بەتایبەتیش هونەرمەندان خۆیان لە ڕژێم بەدووردەگرت.

منیــش بە ڕوونی خۆم لە ڕژێــم بە دوور دەگرت. کەچی لەو دواییانەدا نامەیەکی شــابانووم بۆ هاتبوو. ڕاستییەکەشــی ئەمەیان دووەمین جار بوو، نامەیەکی شاهانەم پێبگا.

یەک دوو ســاڵ پێشتر، شابانوو لە یەکەمین نامەیدا هەندێ سەرسامی بە کارەکانم دەربڕیبوو. منیش لە بری تاقمی فیلمەکەوە وەڵامدایەوە، سوپاســی شــاژنی خــاوەن پایەبەرزم کــرد بێ ئەوەی بە شــێوەیەکی تایبەت ناوی خۆم بهێنم.

کەچــی ئــەم نامەیەیان شــتێکی دیکە بــوو. نامەکە لە نووســینگەی پاشــایەتییەوە هاتبــوو، ڕاســتەوخۆش لــە لایەن ســکرتێری تایبەتی شاژنەوە نووسرابوو. لە نامەکە ناوی هێنابووم، بۆ دیدارێک بانگهێشتی بۆ کۆشکی شاهانەی کردبووم.

ڕاستییەکەشــی ئەوە بوو، نامەکە هێشــتا پۆستێکی فەرمی پاشایەتی نەبوو. ئاخر لەو کاتەی شــای گەنج تەختوتاجی دەســەڵاتی خستبووە بن ڕکێفی خۆیەوە، هیچ کاتێکی وەهای نەبوو تا بە فەرمی بچێتە سەر تەخت و تاجی شــایەتی بنێتەســەر. لەو نێوەدا بوو نرخی نەوتی خاو بەرزبــووەوە، ئیدی دۆلارێکی بێژمار بەســەر وڵاتــدا ڕژا. وەبەرهێنەرە ڕۆژئاواییەکانیــش لەنێــو خۆیاندا هەر پرکێش پرکێشــی ئەوەیان بوو، کە ســەرمایە لە ئێران وەبەربهێنن. (شــا)ش بە زنجیرەک چاکســازی ســەرقاڵبوو؛ ئیدی وەها لە خۆی گەیشــتبوو، گوایە بە دەســەڵاتترین شــایە؛ هەر بۆیە دەیەویســت بە نمایشێکی دەســەڵاتخوازانەی زۆرەوە

تاجی شـایەتی لەسـەر بنێ. ئـەو بڕیاریدابوو سـەرجەم سـەرۆک و سـەرکردەکانی جیهان بۆ تاجلەسـەرنانە فەرمییەکەی بانگهێشـتبکا، ئاهەنگێک بگێڕێ، کە ملیۆنان دۆلاری بۆ تەرخانکردبوو.
هەر بۆیە منیش بە بانگهێشتکردنەکە حەپەسام. بە شێوەیەکی ڕەهاوە نەمدەویسـت توخنی[10] کۆشک بکەوم: خۆ ئەگەر وەهام بکردبایە، ئەوا دەسـتبەجێ وەک فیلمسازێکی خزمەتکاری دیکتاتۆر لە قەڵەمدەدرام. دیـارە لە گۆتـرەش نەبـووە، کە نامەکـەم لەنێو چەکمەجـەی مێزی نووسـینگەکەم حەشـاردابوو. لەو کاتەوە لە دەروویەک دەگەڕام، ئاخۆ چۆن بتوانم خۆم لە بانگهێشتنەکە بدزمەوە.
ئەوەندەی بیرم لە دیدارەکەی سـەرکردەی گەریلاکان دەکردەوە، چەند ئەوەندە قەناعەتم زیاتر دەبوو، کەوا ئەو , بەو نامە شاهانەیەی زانیوە کە بۆ منیان ناردووە.
تا ڕۆژی دیدارەکە، من هەر کارم لەسەر فیلمە نوێیەکەم دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو کارە هەمووی بووە شتێکی پاشخان. ئەم شەویش «باران» دێتەلام، منیش بەهاتنەکەی دڵخۆشـم. بەڵام خۆ دەبێ سـێ جار باش باش بیربکەمەوە ئاخۆ شـتێکی هۆشـمەندایە درێژە بە پەیوەندییەکەم لە گەڵ «باران» بدەم یان نا.
حـەزم لێنەبـوو ئەو لەگـەڵ خۆم ببەمە سـەر ڕێیەکی پڕمەترسـی و دژوار، کە کۆتاییەکەم لێ دیارنەبوو. بەس چۆن بتوانم ئەم شـتەی بۆ ڕوونبکەمەوە؟
ئاخر من کەوتبوومە ڕەوشێکی وەها، لۆژیکێکی تایبەت بەخۆی هەبوو. لۆژیکی قوربانیدان. شیکردنەوەشی قەدەغەبوو.

---

١٠. توخنکەوتن: لێنزیکبوونەوە.

ئـــەوەش درەنگبوو تا لە خۆم بپرســـم، ئاخۆ بۆچـــی «مەرجان» نامە شـــاهانەکەی خوێندووەتـــەوە و ڕێگای گەڕانـــەوەش نەمابوو. ئاخر ئەو پەناگەم بوو، منیش متمانەم پێیهەبوو، لەوانەشـــە شتە دروستەکەشی کردبێ. لەوانەبوو خۆم لە خۆم دوودڵ بام.

مـــن بەبێدەنگی هاوســـۆزی بزووتنـــەوەی پارتیزانی بـــووم. لە داڵغە و ئەندێشەمدا، بە کامێراکەمەوە لەگەڵ ئەواندا بووم، کاتێک ئەوان لە نێو دارســـتانەکەدا ڕێڕۆیشتنی خۆیان بۆســـەر ڕژێم جاڕدا. لە خەیاڵکردەی خۆم، کە ئەوان بەســـەر تارانیان دادەدا، وێنەی هەموو شـــتێکم دەگرت و دەمکردە فیلم. دەمەویســـت لەگەڵ ئەوان مێژوو دروســـتبکەم. خۆی من یەکێک لەوان بووم و «مەرجان»یش هەستی پێکردبوو، بینیبووی. دەبـــووا خۆم فەرامۆش بکەم، خۆی نەشـــدەبوو پشـــت لـــە خەونەکانم بکەم.

من نامەکەی شـــابانووم لە چەکمەجـــەی مێزەکەم دەرهێنا و بە توندی دەستم بە زەنگەوە نا.

دەرگەوانەکە لە دەروازی دەرگە وەستا.

- «بانگی «مەرجان» بکە!» وەهام پێگوت.

کەمێک دواتر گوێم لە تەپەی پێ بوو لە دەروازەکەوە هات. «مەرجان» هاتە نووسینگەکەم.

منیش نامەکەم دایە دەســـت و گوتم: «دەی دیدارێکم بۆ لەگەڵ شاژن ڕێکبخە.»

## ٩

دوای نیوەڕۆیەکـی درەنـگ بوو، لە نووسـین وەسـتام، بەڵام لەسـەر کورسییەکەم مامەوە و بیرم هەر لای ئەو ڕۆژانە بوو.
(ئاورێلیا) بە خۆی و دوو ئیستیکانی چایە هاتە سەرەوە بۆ لام. یەک دوو لە مێشـە ڕەنگزێڕینەکانیشـی لەنێو پرچە ڕەشەکەیدا مابوونەوە. هەرگیـز هەنگەکان پێیانوەنەدەدا. (ئاورێلیا) هات لە تەکم دانیشـت، هەر بۆنی هەنگوینی تازە بڕاوەی لێدەهات.
(ئاورێلیا) هیچی دەربارەی نیشـتمانی من نەدەزانی، هیچی دەربارەی پاشـا کۆنەکان، کۆشـکەکان، مافووری فڕنـدە، عەلائەدین و جنۆکەی

نێــو قۆدیلەکە نەدەزانی. بەڵێ ئەو زۆر شــتی نەدەزانی. هەندێک جار لە خۆم دەپرسییەوە تۆبڵێی شتێک دەربارەی زمان و سنوور و وڵاتان بزانێ.

هەســتێکی وەهام لا گەڵاڵە ببوو، ئەو لە نێو لێڕەواردا، لەگەڵ ئەسپ، هەنگ، باڵندە و شەمشەمەکوێرەکان، لەوێ لە شوێنێک کە نە پێویستی بە زمان نە بە سنوور هەبێ گەورە بووبێ.

خــۆی ئەزموونێکــی زۆر خۆش بوو هەندێ شــت بە زمانێکی ســادەی هێماوە بۆ ئەو ڕون بکەمەوە.

- «زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەخولێتەوە!» من ئەمەم بە زمانی ئاماژەوە پێگوت. ئەویش لە شوێنی خۆی خەندە دایگرت.

هەر بەهەمان شــێوەش، بەند بە بەند باســی ئەم کتێبەم بۆ کرد، کە خەریکی نووسینی بووم، بۆم باسکرد، بەڵام بێگومان ئەو لە خەیاڵ و ئەندێشــەی خۆیدا چیرۆکێکی خۆی لێدروســتکرد، شتێک تەواو لەوەی من دەینووسم جیاوازە.

من یەک دوو وێنەی شــاژنی پێشــووم نیشــانی ئاورێلیا دا، بەڵام ئاخۆ چــۆن ئەوەی بــۆ ڕوونبکەمەوە، کاتێ وێنەیەکی من لەگەڵ شــابانوودا لــە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە، ئیدی ناوبانگی من بووە ســفر؟ هەروەها چۆن ئەوەش ڕوونبکەمەوە، وێڕای هەموو ئەو شــتانەش هێشــتا کەیفم بە چارەی ئەو شاژنە گەنجە دەهات؟

سەبارەت بە بزووتنەوەی گەریلایی لە وڵاتەکەم بۆ ئاورێلیا دوام، باسی پارتیزانەکانم بۆ کرد، ئەوانەی لە ســەر شــەقامەکانی تاراندا خەباتی چەکدارانەیــان دژی ئاژان و هەیتــە نهێنییەکانی ڕژێم درێژەپێدەدا. بۆ ئەوەی تێیبگەیەنم کە من دەبوایە لە نێوان سینەما و مێژوو یەکێکیان هەڵبژێرم، ئیدی بە نێو گوگل بۆ وێنەیەکی «هومایون»ی سەرکردەی پارتیزانەکان گەڕام.

هەر تەنیا یەک وێنەش هەبوو، کەوا ئەو بە پەتی سێدارە هەڵواسرابوو. سـەری بەسـەر سـینگیدا شـۆڕببووە، هەروەک ئەوەی سـەری بڕاوی باڵندەیەک بێ.

کاتێکیـش هەوڵمـدا بۆی ڕوونبکەمـەوە، کە چی ڕوویـداوە، لە خۆوە وروژام و جۆش گرتمی. فرمێسـک لە چاوەکانـم هاتنەخوار. نەمتوانی خۆم بگرم، ئیدی وەک منداڵێک لە پرمەی گریانم دا.

(ئاورێلیا)ش فرمێسـکەکانی سڕیمەوە. بۆ لای خۆی کێشام و دەستی گرتم و بردمییە لای پەنجەرەکە.

هەنگـە ڕەنگزێڕینەکانمـان بـەو بولێڵییـە ئازادانـە دەفڕیـن. دکتـۆر «ماینەما»ش بەرەو لای پایسـکلەکەی خۆی ڕۆیشـت، سـواری بوو، پەیدانیلێدا بەرەو لای خەڵوەتگەی پیری لێیخوڕی. ئێمەش لە شـوێنی خۆمـان ماینەوە، سـەیرمانکرد تا لە حوکمی چاو، لە پشـت دارەکان ئاوابوو.

ئینجـا چووینە خوار. (ئاورێلیا) ئەسـپەکەی لـە تەویلەکە هێنایەدەر و یارمەتیـدام تا بە پشـت ڕووتی بەبێزین، سـواری ببم. ئینجا لغاوی ئەسـپەکەی ڕاکێشـا، چووینە دەر تا هەوایەکی تەڕوتازەی هەڵبمژین، کە سـواری سەر پشتی ئەسـپەکە بووم، ئەوسا (ئاورێلیا) جڵەوەکەی دایەوە دەستم، (گورگی)ش بە هێواشی بەو بولێڵییە بەدواماندا هات. ئەمەش باشترین ڕێگە بوو تا چیدی بیر لە کات نەکەیتەوە.

## ١٠

کۆشــک پەلــەی بــوو، بۆیە هــەر زوو دیدارەکەیان لەگەڵ شــابانوو بە خێرایی ڕێکخست. سەر لە ئێوارە ترۆمبێلێکی مارسێدیس بێنزی ڕەش، منــی لەبەردەم ســتۆدیۆکەمدا هەڵگرت و گەیاندمییە کۆشــک. منیش چاکەتەکەی خۆمم کردەبەر، سەیرێکی ئاوێنەم کرد، هۆدەکەم جێهێڵا، بە پەیژەکاندا شــۆڕبوومەوە تا لای شوفێرەکە، ئەو دەرکەی پشتەوەی ترۆمبێلەکەی بۆ کردبوومەوە.

پێدەچوو ئەوان حیسابی دڕدۆنگییەکەی منیان کردبێ، بەوەی کاتێ بۆ کۆشــک دەچم لە لایەن ئەوانی دیکەوە نەبینرێم، هەر بۆیەشــە وادەی

دیدارەکەیان بەم جۆرە بە درەنگانی ئێوارە دانابوو.
ئەوە بوو ژیان منی گەیاندە بەر دەرکەی کۆشـکی پاشـایەتی، منیش نەمدەتوانـی لـە بڕوابەخۆبـوون زیاتر شـتێکی دیکە بکـەم. من هەم پرسن بووم و هەم دەشترسام، بەڵام خۆ ترسێکی پەکخەر نەبوو. ئەم ترسەیان ترسێک بوو، ڕوخسارێکی نوێی پێبەخشیم.
ئـەو کۆشـکەی منیـان بۆ بـرد، تەلارێکی نـوێ بوو. شـاژن بە خۆی نەخشی تەلارسازییەکەی بۆ کێشابوو، ئاخر ئەو لە زانکۆی «سۆربۆن» تەلارسازیی خوێندبوو.
ئەو لەو کۆشکە نوێیەدا مەودایەکی تایبەتی بۆ خۆی ئافراندبوو، وەک نووسینگەی شاژنایەتییەکەی بەکاریدەهینا.

کاتێکیـش لە هەفتەی ڕابـردوو «باران» لای من شـەوی کردبووەوە، ئێمـە باسـی دوارۆژی خۆمـان کرد. پێمگوت دەمـەوێ مارەی بکەم و گەشـتی هاوژینیشـمان بـەرەو ئەمریکا بێ، ئەو کات براکەشـی لەوێ دەژیا؛ بەڵام دوای ئەوەی دوێنێ شەو لای من ڕازا، هیچم سەبارەت بەو شتە پێنەگوت. ئەو یەک دوو جار باسەکەی هێنایەگۆڕێ، بەڵام من هەر زوو ڕووی باسوخواسەکەم دەگۆڕی و دەمبردەوە سەر شتێکی دیکە.
«تۆ ماندوویی.» «باران» وەهای پێگوتم و درێژەی بە قسـەکەی دا:
«تۆ زۆر کار دەکەی، پێویسـتت بە پشـووە. دەی پشووێک وەربگرە، خۆ پێویستیش ناکا جارێ ڕاستەوخۆ دەست بە فیلمێکی نوێ بکەی.»
لەوێـوە منیش هەر بیرم لە مارسـیدس بێنزەکە دەکـردەوە. بارانیش هیچی دەبارەی دیدارەکەی من لەگەڵ شاژندا نەدەزانی. «مەرجان» و سەرکردەی پارتیزان تاکە کەس بوون لە دیدارەکە بەئاگا بوون.

هەڵهێنانی ئەو مەتەڵەش ئاسان بوو، ئاخۆ بۆچی شاژن منی بانگهێشتی

کۆشک کردبوو.

پار، شا ڕۆژژمێری ئیسلامی وڵاتەکەی گۆڕی و لە جێگەیدا ڕۆژژمێرێکی دەستکردی خۆی دانا. ئەمەش گۆڕانکاریەکی ڕیشەیی بوو، تووڕەییەکی زۆریشی لە نێو مەلا ڕۆحانییەکاندا بە دوای خۆی داهێنا: ئاخر ئەو ڕۆژژمێری عەرەبەکانی بەلاوە نابوو، لە بری ئەودا ڕۆژژمێرێکی ئێرانییانەی گێڕابووەوە. ئەو ڕۆژژمێرەکەی بە شێوەیەک دانابوو، زۆری پێنەدەچوو ساڵی ٢٥٠٠ دابێ و ئەویش لەو ساڵەدا تەختی پاشایەتی لەسەربنێ.

شا بە نیازبوو بەبۆنەی ئەو ساڵنامە دروستکراوە و بە فەرمی لەسەر نانی تاجی پاشایەتی، ئاهەنگێکی زۆر گەورە لە وڵات بگێڕی.

منیش لەو بڕوایەدا بووم، بانگهێشتکردنەکەی من پەیوەندی بەو پێشهاتەوە هەبێ. کەچی دەقاودەق نەمدەزانی ئاخۆ شاژن چیم لێدەخوازێ.

کاتێکیش ترومبێلەکە لە کۆشک نزیکبووەوە، لە شوێنەکەم خۆم ڕاستکردەوە و قیت دانیشتم. شوفێرەکە لەبەردەم دەروازەکە وەستا، ئەفسەری دەروازەکە نیگایەکەی لە من بڕی. منی ناسی و سڵاوێکی لێکردم.

ئینجا ترومبێلەکە چووە نێو کۆشکە خەوناوییەکەی و لەبەردەم پەیژەکانی باڵەخانەیەک ڕاوەستا، کە بە شێوازێکی ناوازە نەخشەی تەلارسازیی بۆ کێشرابوو. شوفێرەکە لە ترومبێلەکە دابەزی و دەرکەکەشی بۆ من کردەوە. خانمە بەڕێوبەرەکەی نووسینگەی شاژن لە سەرەوەی پەیژەکان بەدیارکەوت و هەردوو دەستی بۆ من ڕاهێشتن. منیش لە پەیژەکان سەرکەوتم و تۆقەیەکم لەگەڵ کرد.

«ئای لەوە، چ شانازییەکە بەدیداریت شاد ببین.» ئەم قسەیەی بە خەندەوە پێگوتم.

ئیـدی یاوەری منی کرد تا هۆڵیکـی هاوچەرخ، هۆڵێک کە دیوارەکانی بـە تابلـۆی دیمەنی ئێرانی نەخشـابوو. هاوکاتیـش دەرکەیەکی دیکە کرایەوە: شاژنی لێهاتەژوورەوە.
منیـش کەمێک سـەرم بۆ دانەواند و لەو شـوێنەی لێیبووم وەسـتام.
ئەویـش بۆ لای من هات، دەسـتی درێژکـرد و گوتی: «بەخێربێیت بۆ کۆشک.»
بە ڕوخساری دیار بوو بە هۆڵەکە شاناز بوو، منیش ئاماژەم بە دیوار، دینگە و پەردەکاندا و گوتم: «هەر بەڕاسـتی ئێوە ئێرەتان کردووەتە یەک پارچە هونەری ڕاستەقینە.»
«دڵخۆشم بەو پەسنەت.» شابانوو دەستبەجێ هاتە وەڵام. «هەمووان دەڵێن ئێرە زۆر جوان بووە، بەڵام تۆ یەکەمین کەسـی بە یەک پارچە هونەر لە قەڵەمی بدەی.»
خۆی من نەمدەویسـت هیچم لەگەڵ کۆشـکدا هەبێ، ئاخر سیسـتمێک بوو لە شازادە گەندەڵەکان، کە گیانی خۆیان فرۆشتبووە دڵۆپ دڵۆپی نەوت، بەڵام خۆ منیش گەیشـتمە ئەوێ و دەمویست لەگەڵیان هاوکار بم.
خانمە بەڕێوبەرەکە یاوەری ئێمەی کرد بۆ ژوورێک، کە مێزێکی سادەی بۆ خوانی شـێوان لێبوو. منیش لە بەرانبەر شاژندا دانیشتم، خانمەکە شـەرابی سـووری فەرەنسـی بۆ لە پێکەکان کردین و خۆی بۆ دواوە گەڕایەوە.
کاتێکیش شـاژن پێکەکەی خۆی بەرزکردەوە، منیش هەمان شتم کرد و گوێم لەخۆم بوو گوتم: «لە چاوی شـابانوو، ئەو شـاژنەی لە تافی نەوجەوانیمەوە خۆشم دەوێ.»
تروسـکاییەک لە چاوەکانی پەیدابوو، بەخەندەیەکەوە گوتی: «چۆن؟»

منیش باسی دەرسەکانی «ئەکرەم جون» و گرامافۆنەکانم بۆ کرد، کە وەک دیاری شاهانە بۆ هاتبوون.
لە ڕێی ئەو بەبیرهێنانەیەوەدا کەوتینە گفتوگۆیەکی دۆستانە و خواردنی شێوانیشی بەسەرداهات و بۆ ماوەی دوو سەعات درێژەی کێشا.
هەروەک پێشتر ڕەچاومکردبوو، ئەو باسی ئاهەنگی فەرمی داهاتووی تاج لەسەرنانی مێردەکەی و مێوانە ناودارەکانی بۆ کردم، کە لەهەر چوار کەناری دونیاوەڕا دێن.
«لە ڕووی مێژووییەوە ئێمە لەسەر خاڵی وەرچەرخانین. ئێمە ئەوە بە ئەرکی خۆمان دەزانین، هێز و جوانی و نازداریی وڵاتە دێرینەکەی خۆمان نیشانی هەموو جیهان بدەین. بەو ئاهەنگە نیشتمانییە، پاشا ڕەونەقێکی دیکە دەداتە شانازیی و شکۆی شارستانییەتە دێرینەکەمان.»
منیش مەراقی ئەو بەشە مجێزبەرزییەی تاج لەسەرنانی شابووم، کە پێویستیان بە من هەبوو.
«هەڵبەتە تەلەفزیۆنی نیشتمانی ئەو ڕووداوە مێژووییە دەگوازێتەوە، بەڵام من دەمەوێ تۆماری تایبەتی خۆم هەبێ، بە هۆیەوە دەچێتە نێو مێژووەوە. کارێکی بەڵگەنامەیی، کە لە سەرووی کاری ڕۆژنامەوانییەوەیە. شتێکی نەمر. ئەمەش هەر دەبێ لە لایەن دەرهێنەرێکی بەهرەمەندی وەک تۆ بەدیبێ.»
هەرچەندە بە شێوەیەک لە شێوەکان شتێکی وەهام ڕەچاودەکرد، کەچی بەو داوایەشی حەپەسام. خۆ ئەگەر وەها بکەم، ئەوا بەمەحکەمی بە دیکتاتۆرەوە پەیوەستدەبم. بە ڕژێمێک پەیوەستدەبم، کە دەیان پارتیزانی بە کۆپتەری جەنگی کوشتوون. ڕژێمێک حەوت سەرکردەی بزووتنەوەی گەریلایی گرتوون، ئەشکەنجەی داون و لە زیندان ئاخنیونی و ئێستاش چاوەڕێی پەتی سێدارە دەکەن. دەسەڵاتێک بە هۆکاری

سیاسییەوە بە هەزاران لە پیاو و ژنی خستۆتە کونجی زیندانەوە.
کەواتە دەبوو لە هەموو ئاهەنگە شاهانەییەکەدا ئامادەبم و تۆمارییەکەم و کارێکی بەڵگەنامەیی مێژووی لەسەر دروستبکەم، کە بۆ هەتاهەتایە نیشانیبدەن.

- «باشە تۆ چی دەڵێی؟» شاژن وەهای لێپرسیم.

منیش دەستم بۆ دەستەسڕێک برد، ئارەقەی نێوچاوانم پێسڕیەوە و هەوڵمدا بەهانەیەک بدۆزمەوە تا ڕاستەوخۆ داواکەی ڕەتنەکەمەوە.

- «خانمی پایەدار، من ئەمە بە شەرەفێک دەزانم،» وەها کەوتمە قسە، «بەڵام ئەمە بۆ من وەدرەنگ کەوتووە. ئەگەر هەڵە نەبم، بۆنەکە هەر دەرۆژێکی ماوە. لەم ماوە کورتەشدا زەحمەتە، خۆ ئەگەر نەڵێم نەکردەیە تاقمێکی فیلمی کارامەی وەها پێکەوەبنێم. وێڕای ئەمەش، من دەستم بە فیلمە نوێیەکەی خۆم کردووە، ئێمە ئێستا بەتەواوی سەرقاڵی تۆماری گرتەکانی بەراییین. باشە بۆ خاوەن شکۆ زووتر ئاگاداری نەکردمەوە؟»

- «من لێت تێدەگەم،» ئەویش وەها وەڵامیدامەوە؛ «بەڵام دەستم بەتاڵ نەبووە. خۆی ئەمە نیازی من بوو، بەڵام خۆ دەبێ تەلەفزیۆنیش لەسەری کۆک بێ. لە کۆتاییشدا شا خۆی پاڵنەری نەخشەکە بوو، دەنا بۆم مەیسەر نەدەبوو. تۆش دەبێ لەوە تێبگەی، شتەکە هەر پەیوەندی بە ئێمەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە مێژووی کۆنی وڵاتەوە هەیە. تێدەگەی چی دەڵێم؟»

ئەو منی لە گۆشەیەک پەستا، نەدەکرا لێی ڕابکەم. هەستم بە قورسایی دەستێک کرد لەسەر شانم بۆ پێشەوە بۆ ڕێڕەوێکی نوێی پاڵدەنام. خۆی ئەمەش لەو دەستە نادیارەی بەخت زیاتر شتێکی دیکە نەبوو.

- «ئەگەر شاژنی خاوەنشکۆ کاتی پێویستم بداتێ، ئەوا لەگەڵ تاقمەکە قسەدەکەم.» من ئەمەم پێگوت و پێشنیازەکەی سەرکردەی

پارتیزانەکانیشم لە مێشکمدا بوو.
- ئەویش بەخەمخۆرییەوە پرسی: «هەڵبەتە. بەڵام... پێتوایە پێیڕابگەی؟»
- «هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم.»
- «جوانە،»شاژن بە خەندەوە وای گوت و لە شوێنی خۆی هەڵسا. بۆ ژوورێکی دیکە ڕۆیشت، منیش گوێم لێبوو گوتی: «هەندێ کاتت هەیە؟»
من وەهام لێکدایەوە قسەکەی لەگەڵ خانمە بەڕێوبەرەکەی بێ.
من هێشتا هەر لەسەر کورسییەکەی خۆم دانیشتبووم، سەیری دەورووبەری خۆم دەکرد تا لە پڕێک شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی هاتەژوور.
منیش هەڵسام.
ئەو دەستی بۆ من ڕاهێشت. بەڵێ هیچ گومانی تێدا نەما، مێژوی کۆنی وڵاتەکەمان هاتە ژوورەکە.
کاتێکیش دەستی پاشایەتیم گوشی، یەکسەر هاتمە سەر ئەو بڕوایە، کە من ئەو کارە بەڵگەنامەییە دەکەم.

هەر لە قەڵاکەماندا بەو بڕوایە گەیشتبووم: **کاتێک ژیان ڕێڕەوێکی نوێت پێدەبەخشێ، پێویست ناکا بترسی.**

## ١١

نیـوەی شـەو بـوو، هەمـان تڕومبێل بەنێو شـەقامەکانی تـاران منی گەیاندەوە ستۆدیۆکەم.

هەر گەیشـتمەوە نووسـینگەکەم، چوومە بەردەم پەنجەرە و سـەیری دەرەوەم کرد.

بینیم تڕومبێلی کەمتر لەسـەر جادەوبان هـەن. لێرەو لەوێ، تاکوتەرا کەسانێک بەسەر شەقامەکاندا دەڕۆن.

لەباری ئاساییدا من جگەرەم نەدەکێشا، کەچی بۆ ئەمشەوە چرووتێکی کوبیم لە چەکمەزەی مێزەکەم دەرهێنا و بەبامکرد.

زۆر جاران لە پشــت جامی پەنجەرەوە لە شــەوی تارانم ڕوانیوە، بەڵام خۆ ئەمشەو، هەندی بڵێی یەک و دوو، هەموو شتێک گۆڕا. هەستێکی وەهام لا پەیدابوو، شــارەکە لەدەســت دەدەم، وەک ئەوەی شــارەکە شاری من نەبێ. تاران ماڵئاوا. خواحافیز لە سینەمای تاران.

هەنووکــە هی ئــەوە نەبوو چیــدی بگەڕێمــەوە یان پەشــیمانببمەوە. پێویستە خۆم بدەمە دەست قەدەر. دەمزانی قایلبوون بە شتەکە تاکە بژارە بوو، کە هەم بوو.

خۆ هەمیشــە ویستوومە کارەکەم و نەخاسمە ناوەکەم بخەمە شوێنێک کە مێژوویەکی پێببەخشــم. ڕەنگە ئەو ســەردانەم بۆ کۆشک ویست و خواستەکەمی بەدیهێنابێ.

خۆی ئەمە ئەرکێکی خەونئاســابوو. بەمە دەستم گەیشتە ناوجەرگەی ڕژێــم و خەونــی ئەوەی خانەوادەی پاشــایەتییش بکەمە فیلم، ئەمە و لەکاتێکدا زێڕ و ڕووناکی چاوەکانی منیان نابیانکردبوو.

من هێشتا هەر لەبەردەم پەنجەرەکە وەستابووم، گوێم لە تەپەی پاشپانی پێــڵاوی «مەرجان» بوو لەســەر ناوکەوە دارەکەی نووســینگەکەمەوە هات.

ئــەو لە دەرکەی ژوورەکەمی دا. منیش فەرمــووم لێکرد. هیچ بوارێکم نەدا هیچ بڵێ، یەکســەر پێمگوت: «دەی خێرا دیدارێکم لەگەڵ ئەو بۆ ڕێکبخە.»

ئەویش سەری لەقاند و بۆی دەرچوو.

بۆ شەوی دواتر، چاوم بەسترا و بۆ لای سەرکردەی پارتیزان نێردرام. لەوێ باســی چاوپێکەوتنم لەگەڵ شــا و شــاژن بۆ گێڕایەوە. ئەویش لە تەنیشــت من لەســەر قەنەفە نەرمەکەی ژووری میوانان دانیشتبوو، بــە بایەخەوە گوێیلێگرتم. کاتێکیش هەموو شــتێکم بۆ هەڵڕشــت، لە شــوێنی خۆی هەڵسا، چووە لای مێزەکە و دوو پەرداخە ئاوی تێکرد.

پەرداخێکی دایە دەست من، ئینجا شەنقاوێک بەرەو لای پەنجەرەکە ڕۆیشت و سەیری دەرەوەی کرد. منیش دوودڵ بووم، ئاخۆ هەر لەشوێنی خۆم بەدانیشتنەوە بمێنمەوە یان هەڵبستم.
دواتر منیش هەڵسام.
سەرکردەی پارتیزان بەرەو لام هات و بە جۆرێک لێم نزیککەوتەوە، ئەگەر قسەش بکرێ، ئەوا لەنێوان دووکەسدا هەروەک سرتەکردنی لێبێ.
ئینجا گوتی: «باش جولاویتەوە.»
خۆ ئەگەر یەکێک لە پشت دەرکە بوایە، گوێی لە قسەکان نەدەبوو.
دیسان هەندێک سەری لێم نزیککردەوە و نەخشەکەی بۆ ئاشکراکردم.
بە بیستی شتەکە و کاتێک وشەی بە بارمتەگرتنی لەدەم دەرچوو، برووسکەژانێک پەرپە برپرەی پشتم.
- «ئەگەر ئێمە ئەو برفێنین، ئەوا دەتوانین بەو حەوت هاوڕێیەی بگۆڕینەوە، کە چاوەڕێی لەسێدارەدان دەکەن.»
منیش بە سەختی هەناسەیەکی قووڵم هەڵکیشا و پشتی خۆم کێلکردەوە[11].
- «بارمتەگرتن و گۆڕینەوە.» ئەم قسەیەی لەبن گوێمدا دووپاتکردەوە.
نەخشەکەی ئەو گەمەی ژیان و مردن بوو. خۆی کارەکە کارێکی مەردانە بوو، کارێک کە بە خەیاڵیشیمدا نەدەهات. ئەمەیان پلانێک بوو، پێشتر هیچ کەس لێی ئاگادار نەکرابووەوە. شتەکە هەر لە نێوانی سەرکردەکە و مندا بوو.
ساتێک بێدەنگی باڵی بەسەرداکێشاین، منیش پێویستیم پێبوو تا دێمەوە سەرخۆ. بۆ یەکەمین جار، بەڕوونی هەستم بەوە کرد، کەسێکی

---

۱۱. کێلکردەوە: ڕاستکردەوە، قیتکردەوە.

دیکە چووەتە بن کەوڵم، لەو ساتە چارەنووسسازەدا ڕەوشەکەم لەگەڵ هەڵدەسەنگێنێ. مـن زۆرجـار گوێم لێی بـووە، بەڵام خۆ تا ئێستا دەرکم بە بوونی نەکردبوو. کەسەکە لەگەڵم دوا. بوونەوەرێک، ڕەنگە جنۆکەیەک بووبێ و لە کاتی پێویستدا ڕاوێژی بۆ کردبم. ئێستاش بەڕوونی گوێم لێیبوو: «خۆ ئەگەر بتەوێ بچیتە نێو مێژوو، بیکە!»

ژانەکەی پشتم نەما. چاوم بڕیە نێو چاوی سەرکردەی پارتیزان و لێبڕاوانە گوتم: «دەیکەم.»
ئەمجارەیان من بووم یەکەم جار دەستم ڕاهێشت و دەستی سەرکردەی پارتیزانم گوشی.
ئەوسا دەسرۆکەکەم لە چاوی خۆم بەستەوە.

کاتێکیش شوفێرەکە منی لەسەر شۆشتەکە دانا، تەنانەت شوێنەکەشم نەناسییەوە. هەرچەندە من لای ستۆدیۆکەی خۆم بووم، کەچی دەورووبەرەکەیم نەناسییەوە. شتەکە وەها پێدەچوو وەک ئەوەی لە شارێکی نامۆدا لایدەیەک بم. ئەو خاکەی لەسەری وەستابووم ببووە شوێنێکی سەیر. هەرچەندە بە بەهێزیش لای سەرکردەی پارتیزان خۆم ڕاگرتبوو، کەچی هەستمکرد زەبوونم. تەنانەت ڕێگەی خۆشم بزرکرد، بەڵام تروسکە ڕووناکییەک لە مێشکم پەیدابوو. ئەویش تیشکی گلۆپی نووستنی ژووری ڕازانەکەم بوو، «باران» لەسەر پێخەفەکە چاوەڕێیدەکردم.

## ۱۲

تاکسییەکم گرت، ئاخر لە ڕەوشێکدا نەبووم بەخۆم ترۆمبێل لێبخوڕم. لـە ماڵەوە هەموو گڵۆپەکان کوژابوونەوە تەنیا گڵۆپە کزەکەی ژووری ڕازان نەبێ.

بە هێواشـی بەسەر پەیژەکان کەوتم، لەوێ لەدەرکەی ژووری نووستن وەستام و سەیری «باران»م کرد، بە ئارامی خەوی لێکەوتبوو.

ئـەو زگپـڕ بوو. مـن نەمدەزانـی، ئەویـش هێشـتا پێینەزانیبوو، کە دووگیانـە، بـەڵام خۆ هیچ منداڵێکی نەدەبـوو. دوای ئەوەی گیرا و لە بەندیخانەدا ئەشـکەنجە درا هەموو شـتێک تێکچـوو، لەبارچوو. خۆی

ئەم شــتەی لای هاوڕێیەکی متمانەدار باســکردبوو، دوای چەندین ساڵ ئەوسا من بیستمەوە.
«بــاران» و مــن دەربارەی هاوژینیمــان دوابووین، لێ هەرگیز باســی منداڵمان نەهێنابووەگۆڕێ. من ئەوم خۆشدەویســت، بەڵام لەو ساتەی پەیوەندیم لەگەڵ سەرکردەی پارتیزان پەیدابوو، ئەوەم بۆ ڕون بوو، کە خۆشەویستییەکەم شتێکی ئەستەم بوو. حەزیشم لێنەبوو چارەنووسی بە کردە سەرچڵییەکەی خۆمەوە ببەستمەوە.
خۆی دەبوایە، یەکســەر هەر دوای یەکەمین دیدارم لەگەڵ ســەرکردەی پارتیزان بڕیاری کۆتاییهێنان بە پەیوەندیم لەگەڵ «باران» بدابا. بەڵام کاتێک شــتەکەم لەگەڵدا باســکرد، دەستی بەگریانێ کرد: «بۆ، ئەرێ بۆ خاتری خوا بۆ؟»
«ناتوانــم ڕوونیبکەمەوە.» منیش وەهام پێگوت. خۆ نەشــم دەتوانی پێی لەسەردا بگرم؛ چونکە خۆشمدەویست.
کەواتە ئەو لەوێ مایەوە، لەوێ بە ڕووتی لەسەر پێخەکەم بوو، منیش هێشــتا هــەر لە بــن قات و بۆینبــاغ و لەبەر تیشــکە کزەکەی گڵۆپی نووســتن ســەیرمدەکرد. لەتاو ئەوە شــێت ببووم تا لە باوەشی بگرم، تەنانەت بۆ جارێکی دیکە بیریشــم لێکردەوە: نەکەی. دەی، لێیگەڕێ با بە ڕێگەی خۆیدا بڕوا.
بــەڵام خــۆ حەز و ئــارەزوم زاڵتر بوو. بەڵکو ئەمە دوا چێژ و خۆشــی بووبێ بەر لە مەرگم پێیشادبووبم.
ئیــدی جلەکانم داکەند، خۆم خشــاندە بن پەتۆکە، گەرمی لەشــولاری ئەوم پێگەیشــت و مەمکە گەرمەکانم ڕامووســین، بەڵام خۆ دێوەکەی ناخم بەئاگابووەوە، ترس ســەرتاپای لەشــی داگرتم، ویســتی هاوکارم نەبێ. بێئومێدبوم، تێنەگەیشتم ئاخۆ کەی دەتوانم و چ کاتیش ناتوانم. ماندووئاسا خۆم کێشایەوە و لەسەر پشت لە تەک ئەو ڕاکشام.

شەوێ بە خەونی کاموسەک لە خەودا ڕاچڵەکیم. خەونم بینی، لە ڕێی دڕزی تاوێــرە بەردەکانەوە بەرەو دوند هەڵدەکشــام. خەریکبوو بگەمە لوتکــەی کێوەکــە، کەچی لــە پڕێکەوە بەردێک لەبن پێــم دەرپەڕی و خلیسکام، تا نەگەیشتمەوە دۆڵەکە خۆم نەگرتەوە.

ئەوســا لەنێو جێوبالینگانەکەم هەڵســام و چوومە ناندین بەڵکو قوومە ئاوێک بخۆمەوە.

لــەوێ لــە قاتی خــوارەوە، لــە ناندینەکــە مامەوە، چایەشــم بۆ خۆم لــە دێــم نا. چایەکەم تێکرد. لەوێ ســەیری قەنەفــە، کەوەنتەر، وێنە لەچوارچێوەگێراوەکەی سەر ئاگردانەکە و سەیری مافوورە ڕاخراوەکانم کرد، کە هێشــتا هەر هی من بــوون، بەڵام خۆ زۆری پێنەدەچوو وەها نەدەمان، هی من بمێنن.

گوێــم لێبوو «باران»یش لە قاڵدرەمەکان هاتەخوار، هاتە ناندینەکە و تێبینی ئەوەی کرد، هەموو شتێک گۆڕابوو.

بە خەمەوە پرسی: «ئەوە چیتە؟»

«هیچ، شــەوەم لە خەودا بینی.» وەهام گوت. ئینجا شــتێکی دیکەم کرد بەهۆیەوە زۆر هێدمەگرتی بوو: هەڵسام، باوەشم پێداکرد، بەتوندی لە ئامێزم گرت و گوشــیم و سەرم ماچکرد. ئەمەم زۆر جاران کردبوو، بــەڵام دیــار بوو ئــەم جارەیان جیاواز بــوو. ئەویش خۆی لەباوەشــم ڕاپسکاند و گوتی: «ئەرێ بۆ وا دەکەی؟»

ئەو فیســتانێکی تەنکی شــەوانەی لەبەردابوو، سەرتاپای جەستەی لە بنیدا دیاربوو. ئیدی جەستەم شل و پڕ حەز بوو.

پێیگوتم: «بڕوام پێبکە، دەی بۆم باس بکە.»

من دەمم لەســەر دەمی گیرســاند و بەرمدا. ئەویش بە نەرمی پاڵی بە منەوە نا. ئێستا شتێک ڕوویدا، پێشتر هەستم پێنەکردبوو. هەمووشی

هــەر بەیەکــەوە هات: نەرمی جەســتەی ئــەو و جیهانــی دەرەوە، کە لەو ســاتەدا نەمدەویســت هیچــی لەبارەوە بزانم. تێبینــی ئەوەم کرد، هەســتمکرد جارێکــی دیکە من مرۆڤ نیم، بەڵکــو ئاژەڵێکم. ئەوە بوو پاڵــم پێوەنا و لەســەر ناوکەوەکە درێژم کــرد، ددانم لە مەمکۆڵەکانی گیرکــردن بــە هەموو هێزێکمــەوە بەرزەفتمکرد. ئەویــش گریا و پاڵی پێوەنام، باوەشــی پێداگرتم و لێیدام و ماچیکردم، لە خۆزاییەوە لەوە تێگەیشت، ئەم جارەیان دواجارە لەگەڵ مندا بیکا، دوا جارە لە باوەشم بگرێ، دوا سات و چرکەی پێکەوەژیانمانە.

لــەو کاتەی ئەو هێشــتا هــەر لە بن مندا بوو، وەهــام چرپاندە گوێی:

«دەی خۆت کۆکەرەوە و جانتاکەت تێکبنێ و لە وڵات دەرچۆ.»

- «ئەوە تۆ چی دەڵێی؟» وەهای پێگوتم و هەڵســایەوە و لە شــوێنی خۆی دانیشت.

- منیش گوتم: «بەرلەوەی کار لەکار بترازێ، ژیانی خۆت ڕزگارکە.»

- بە پاڕانەوە گوتی: «دەی دە متمانەم پێبکە، پێم بڵێ ئاخۆ چی لە ئارادا هەیە.»

- ئینجــا هاوارمکــرد: دەی هەڵســەوە، جلەکانــت بگــۆڕە و لــەو ماڵە دەرچۆ.»

- ئەویش گوتی: «هەر هیچ نەبێ پێش ئەوەی بڕۆم، شتێکم پێبڵێ.»

- «ئاخر لەبەر ئەوەی خۆشم دەوێی، بۆیە هیچت پێناڵێم.»

دەبوایە بیر لە ســەلامەتی ئەو بکەمــەوە. چەند کەمتر بزانێ، ئەوەندە بۆ ئەو باشتر بوو.

ئیدی خۆی کۆکردەوە، جلەکانی کردەبەر و بێ ئەوەی ماچیشم بکا، لە ماڵ دەرچوو. دەرچوون ئەو دەرچوون[١٢]!

---

١٢. ئیپیزۆدێکە واتا دوا دەرچوون، دەرچوون و نەگەڕانەوە دەدا.

## ١٣

پێویست نەبوو بیرە لەوە بکەمەوە، ئاخۆ هاوکارە سینەماکارەکانم چی سەبارەت بە هاوکارییم لەگەڵ ڕژێمدا دەڵێن.

دەکرێ ئەوان بڵێن، کەوا مـن زیاتر بە دوای ناوبانگدا گەڕاوم، بەوەی چاوم لەسەر ئەوە بووبێ کارنامەیەکی نێودەوڵەتی وەک ئەوەی هۆلیودم لە نیازدا بووبێ. خۆی دەربەسـتی ئەو جۆرە خەتابارکردنانە دەهاتم، چونکە ئەگەر وەک ئەوان بیرمبکردبایەوە، ئەوا هەر ئەو شـتەم دەکرد و لێمدەوەشایەوە.

ئەوە بوو فیلمە نوێیەکەم بەلاوەنا و خۆم بۆ ئەو ئاهەنگە سەیروسەمەرەیە

ئامادەکرد، کە هەر دە ڕۆژی مابوو.
نیـاز وەها بـوو تۆمارەکەی من ببێتە بەڵگەنامەیـەک، کات و مردن و بەرگێک بپۆشـێ، کە زۆر لە نەوەکانی دوای ئێمەش هەر سەیریبکەن.
خۆی ئەمە پرۆژەیەکی مجێزبەرز بوو، هەموو ژیانمی پێوە سەرقاڵکردبوو.

بەڵێ، خۆ سـەرکەوت. لەو نێوەدا فیلمە سـینەماییەکانم لە ئەرشیفدا تۆزیـان لەسـەر کەوت، کەچی کارە بەڵگەنامەییەکـەم بووە تۆمارێکی مێژوویـی. بە دەیان گرتـە لەو کارە بەڵگەنامەییـەدا بەردەوام لە لای گەنجان لەسەر هێڵەوە بە زیندووی لەسەر ئەنتەرنێت دەبینرێن.
لەبەرئەوەی ئەو کات، من باشـترین ئامرازی فیلمســازییم لەبەردەستدا بوو، چۆنیەتی ئەوە تۆمار و دیمەنانەی گرتوومن تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ وەک ئەوەی نوێ بن وان. ئەو زێڕ و تەلا و چرایە دوای ئەو هەموو ساڵانە هێشتاش هەر دەدرەوشێنەوە.
هەر بەڕاسـتیش، ڕووداوێکی مێژووی ڕاسـتەقینە بوو، کەچی لەهەمان کاتـدا، زۆر گاڵتەجاڕیش بوو. ئاخـر «محەمەد ڕەزا پەهلەوی» چووە سـەر تەخت و بە دەسـتی خۆی ئەو تاجە زێڕینە قورسەی لەسەر نا.
ئینجا ڕووی لە پاشای گەورەی ئێرانی «کیورس»ی بەر لە ٢٥٠٠ ساڵە کرد و گوتی: «کیورس، ئەی شاهەنشـا، بە ئاسوودەیی بنوو، چونکە من بێدارم!»
وەک فیلمسـازێک بەم شـێوەم بینی: ئەو یارییەکی پێکەنیناوی کرد، بەڵام ڕۆڵێکی ڕاستەقینەی بینی.
لـەو کارە بەڵگەنامەییەدا نزیکەی سـەرۆکی هەموو دەوڵەتانی دنیا بە خۆیان و ژنەکانیان دەیانبینین. کامێراوانەکانم، کە لەژێر سەرپەرشتی منـدا کاریـان دەکـرد، لە هەمـوو لایەک دانابـوون، تـا بتوانن هەموو وردەکارییەک تۆماربکەین.

ئاهەنگەکە یەک هەفتەی ڕەبەق بوو لە « تەختی جمشید- پێرسیپۆلیس[١٣]»، شوێنەواری ئەو کۆشکە وێرانانەی یەکەمین پاشای ئێرانی. خۆی یەک هەفتە خۆشی و شادی بوو بۆ من وەک دەرهێنەر، مۆڵەتی پاشایەتیشم هەبوو بچمە هەر شوێنێک و هەموو شتێکیش تۆماربکەم.

کاتێکیش ڕووداوە مێژووییەکە کۆتایی هات، شا و شابانوو بە کۆپتەرێک بۆ یەک هەفتە پشوو بەرەو دەریا ڕۆیشتن تا خۆشی لە دوای ئاهەنگە یەک هەفتەیەکەیان وەربگرن. باسوخواسی ئەوان لاپەڕەی سەرەکی ڕۆژنامەکانی جیهانی داگرتبوو. لەو کاتەشدا من لەگەڵ تاقمەکەم لە هۆڵێکی بچووکی سینەمای تاران دانیشتبووین تا هەموو گرتەکان ببینینەوە. خۆی ئەوێ کۆنترین شانۆی تاران بوو، هەمیشە بۆ مۆنتاژ لەوێ فیلمەکانی خۆم لێدەدانەوە.

من لە ژوورێکی مۆنتاژی بچکۆلەی نمایشی تیاترۆخانەکە دانیشتبووم، کە زەنگی تەلەفۆن لێیدا. شابانوو بوو. پرسی ئاخۆ کار چۆن دەڕوا و ئاخۆ گرتەی تۆمارکراوەکانم بە دڵە.

- «خانمی پایەدار، ئێمە هێشتا هەر خەریکین. بە خۆم زۆر بە بەرەنجامەکە شانازم. ئەمەش بەشێکی گەورەی بە هۆی دەستەی کامێرا لێهاتووەکە بوو، ئەوانەی ئەزموونی خۆیان بە خۆشەویستی بەجێگەیاند.»

- «منیش تاسەمەندی بینینی کارەکەم.» شابانوو بە شادمانییەوە وەهای گوت و زیاتریش لەسەری ڕۆیشت: «چەندی دیکەی پێدەچێ؟ یارۆیانی تەلەفزیۆن دەیانەوێ زوو فیلمەکەیان بگاتەدەست.»

ڕاستییەکەی ئێمە تەواوببووین، خۆشم دانەیەکی لەبەرگیراوی فیلمە

---

١٣. پێرسیپۆلیس: تەختی جمشید: شارێکی کۆنە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شیراز، لە سەدەی شەشەمی پێش زاییندا لەلایەن داریوشی یەکەمەوە وەک پایتەختی ئەخمینییەکان دامەزراوە.

بەڵگەنامەییەکـەم بـە دزییەوە بۆ بی بی سـی لە لەنـدەن ناردبوو، تا لەوێ لە دەستێکی ئاسایشپارێزدا بێ. کەچی وەهام بە شابانوو گوت: «هـەر یـەک ڕۆژی دیکە، هەر یەک دوو گرتـەی بچکۆلە ماون، جارێ نازانـم ئاخۆ لایان ببەم یان لە شـوێنی شایسـتەی خۆیان دابنێم. من پێمباشە ئەگەر خانمی پایەدار بێت بەخۆی ببینێ و ڕای خۆی لەسەر بدا. وێڕای ئەمەش بۆ تاقمەکەم مایەی دەستخۆشی دەبێ، کە شابانوو بەر لە خەڵکی دیکە فیلمە دۆکیومێنتارییەکە ببینێ.»
ئەمـەش ئـەو نەخشـەیە بوو، کـە لـە دیدارێکی دیکەی سـەرکردەی پارتیزانی تاوتوێمکردبوو.
- «بیرۆکەیەکـی باشـە، هـەر لێـرەوە باسـی لێـوە دەکەیـن. ئاگادارتاندەکەینەوە.» شـاژن وەهای پێگوتمەوە دەسکی تەفۆنەکەی دانایەوە.
کاتێکیش ئەو دەهات، ئەوا دەمانتوانی بە کردەوە دەست بە نەخشەی بە بارمتەگرتنەکەی بکەین.

دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ بوو، نووسینگەی شابانوو تەلەفۆنی کردەوە. لێگەڕام سێ جاران زەنگی تەلەفۆنەکە لێبدا. ئینجا دەسکی تەلەفۆنەکەم هەڵگرت و بە خۆزاڵبوونێکەوە گوتم: «فەرموو سوڵتان لەگەڵتە.»
ئەوەی تەلەفۆنی کرد خانمە بەڕێوبەرەکەی شـاژن بوو، ئەو کەسـەی وادەی دیدارەکانی بۆ ڕێکدەخست.
- «بۆ بەیانی باشـە،» وەهام بە خانمەکە گوت و لە سـەری ڕۆیشتم، «باشـتر وەهایـە درەنگانێکی دوای نیوەڕۆبێ. دەق سـەعات پێنج زۆر گونجاوە. لەوانەیە ئەو کات من خانمی پایەدار بە تەواوکردنی نەوارەکە سەرسام بکەم، بەڵام با جارێ ئەمە هەر لە نێوانی خۆماندا بێ.»
ئەویش بە کەیفەوە گوتی: «هەر بەڕاسـتی ئەو شتە هەر لەنێوانی من

و تۆدا دەمێنێتەوە .»

بـۆ ڕۆژی پاشـتر و دوای نانی نیـوەڕۆ هاوکارەکانم ڕەوانەکردنەوە . لە شـوێنی ئەوان سێ کەس، سـێ گەریلا هاتن، کە سەرکردەی پارتیزان ناردبوونـی . منیـش ئەوانم وەرگرت و لە پشـت ئامێرەکانـی مۆنتاژدا دامنان و خۆیان وەها نیشاندا، کە پێوەی خەریکن.

وەهـام دانابوو کە دەمارگـرژ و وروژاو دەبم، بەڵام خۆ وەهاش نەبوو. دیاربـوو کاتـێ سـەرگەرمی کارێکـی مێژوویی دەبی خۆت بـە ئارامی دەهێڵیتەوە .

دیدارەکەم سەعات پێنج دانابوو، چونکە لە سەروبەندی سەعات شەشدا تاریک دادەهات. ئەوەش بۆ جێبەجێکردنی نەخشەکەمان پێویست بوو.

دەقاودەق لە سەعات پێنجدا چوومە دەر تا پێشوازی لە شاژن بکەم. مارسیدیسێکی ڕەش لەبەردەم دەرکە وەستا . شاژن و سێ پاسەوانی بە جلکی مەدەنی لە ترومبێلەکە دابەزین و ئەویان گەیاندە تیاترۆخانەکە . منیـش هەنـدێ سـەرم بۆ دانەواند بە پێشـیدا ڕۆیشـتم تـا گەیاندمە تیاترۆخانەکـە . پاسـەوانەکانیش بـەدوای ئێمەدا هاتـن و هۆڵەکەیان پشکنی. منیش بیرۆکەی ئەو هاتنەیم بۆ شاژن ڕوونکردەوە و فەرمووم لێکرد، بچێتە سـەر ئەو کورسییە تایبەتییەی بۆ ئەو دانرابوو. هیواشم خواسـت هەر زوو دوای پشکنینەکە پاسەوانەکان لە هۆڵەکە بچنەدەر، چونکە ئەوەی ڕاستی بێ، نەمدەویست توندوتیژی بەکاربهێنم.

هەر سـێ گەریلاکانیش لە پشـت پـەردەوە چاودێرییەکی باشـی ئەو ناوەیان کرد. هەر کاتێک پاسـەوانەکان لە هۆڵەکە نەچووبانەدەر، ئەوا ئەوان بە چەکەوە دەهاتنەوە ژوور و بەسەریان دادەدان.

کاتێکیش گڵۆپەکانم کوژاندەوە، بۆ خۆشبەختی من، شاژن ئاماژەی بە

پاسەوانەکان دا بچنەدەرەوە، لەوێ چاوەڕێبکەن.
منیش ئامێری هەڵکردنەوەی فیلمەکەم پێکرد و لەوێ وەستام.
شابانووش بە بایەخەوە سەیری فیلمەکەی دەکرد و هەستمکرد خۆشی لێهاتووە و چووەتە نێو گرتەکانی.
گوێم لێبوو گوتی: «زۆر نایابە.»
لێیگەڕام شەش گرتە بۆ نزیکەی سێ خولەکی فیلمە دۆکیومێنتارییەکە ببینێ. دوای ئەوە گرتەکانی دیکەی سەر بە پاشا کۆنەکانی ئێرانی و کۆشکە مێژووییەکانم نیشاندا، کە وەک دیکۆرێک بۆ کارە دۆکیومێنتارییەکەم بەکارمهێنابوو. موزیکەکەش لە لایەن «ئەسفەندیار»ی موزیکژەنی ئەفسانەیی ئێرانی ئامادەکرابوو، کە موزیکی بۆ فیلمەکانی دیکەشم دانابوو.
کاتێکیش ئەمە بەسەرچوو و گڵۆپەکانم هەڵکردەوە، شابانوو لە شوێنی خۆی هەڵسا و گوتی: «زۆر دڵخۆشم. هەر بەڕاستی دڵخۆشم.»
لەو کاتەدا پاسەوانەکان هاتنەوە ژوور تا چاوێک بەو ناوەدا بخشێننەوە، ئینجا چوونەوە دەر.
ئیدی کاتی هات. ئەوسا ڕووم لە شاژن کرد و گوتم: «ئەگەر خانمی پایەدار بخوازێ ئەوا دەکرێ لە ژووری مۆنتاژدا یەک دوو گرتەت نیشانبدەم، کە هەندێک لێیان دوودڵم. لەوێ تاقمەکەم بە شەو و ڕۆژ کارییان تێدا کردووە و زۆری پێوە ماندووبوون. لەوەش دڵنیام ئەوان شەرەفمەند دەبن ئەگەر هاتوو خانمی پایەدار نیگایەکیان تێببڕێ.»
ئەویش گوتی: «بەڵێ، بێگومان.»
منیش بە نێو دەرکەیەکی بچکۆلەدا یاوەریم کرد و لە هۆڵی فیلمنیشاندان بردمەدەر.
- « پەککوو، ئێرە چەند تاریکە. من هەرگیز وەها نەترساوم.» شاژن وەهای پێگوتم.

کاتێکیش چووینە ژووری مۆنتاژ، دەستبەجێ سێ گەریلا هەڵسانە سەرپێ، سڵاویان لە شابانوو کرد و سەری خۆیان بۆ دانەواند. شابانووش هەر وای دەزانی ئەوان سەر بە تاقمەکەی منن، تۆقەی لەگەڵ یەک بەیەکیان کرد و سوپاسی ئەو هەموو کارە بە جۆشەی لێکردن. ئینجا شتێکی کرد منی درووژاند. ئەو جانتا دەستییەکەی خۆی کردەوە و وەک پاداشتێک سەر و دراوێکی زێڕینی پێدان. ئەمە دەماری گرتم، بەڵام خۆ ساتەکە هی ئەوە نەبوو تا هەڵبچم.

شاژن نیگایەکی بڕییە سەر ئەو سەد دوو سەد کاسێت و ڕۆڵەی فیلم کەوا هەموویان بەسەر یەکەوە لەسەر مێزەکە دانرابوون. لەو نێوەدا منیش بە هێواشی چەکمەجەی مێزی مۆنتاژەکەم کردەوە و ئەو دەمانچەیەم دەرهێنا، کە لەوێ دامنابوو و خستمە بەر پشتم. یەک دوو چرکە پێشتر من دەرهێنەری فیلم بووم، لێ ئێستا لەپڕ بوومە شەڕڤان. فریشم بەسەر ئەو شتەوە نەبوو، کە بیرۆکەگۆڕێن چۆن خۆی دێتەپێش. کاتی خۆی لە شوێنێک خوێندبوومەوە، **کاتێک سواری سەر پشتی وشتر دەبی، ئەوا بیر لەوە دەکەیتەوە چۆن ئاژەڵەکە جڵەو بکەی، بەڵام کاتێک دەگەیتە سارا، ئەوا وشترەکەیە جڵەوەکەی دەکەوێتە دەست.**

ئینجا ڕووم لە شاژن کرد و بە تۆنەدەنگێکی هێورەوە پێمگوت: «خانمی پایەدار، ئێستا ڕەوشەکە گۆڕا.»

ئەویش بە سەرسامییەوە گوتی: «چی گۆڕا؟»

- «لەو چرکەساتەوە تۆ لە لایەن ئەو سێ پیاوەوە بە بارمتە گیراوی. ئەوانە شەڕڤانی بزووتنەوەی ژێر زەمینی گەریلایین.»

بە چاوێکی زەقوزۆپەوە سەیری هەر سێ پیاوەکانی کرد.

- «ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟» ئەو بە پەشۆکاوییەوە وەها پرسی: «مەبەستتان چییە، بە بارمتەگرتن؟»

ئیدی کاتی ئەوە نەمابوو لەدەستبدرێ. لە پشتەوە ترۆمبێلێکی بچووک لای شۆستەکە لە بەردەم دەرگای چوونەدەرەوەی فریادڕەسی ڕاگیرابوو.
- «قسـەی زیاتر مەکە. بەهێواشـی بمێنەوە، دەنا دەکوژرێی.» یەکێ لە پیاوەکان وەها هاتەدەنگ.
- «خۆ من منداڵی بچووکم لە ماڵەوە هەن.» شاژن بە تۆنە دەنگێکی دایکانەی بەستەزمانانە هاتەدەنگ لەوەی شاژن بێ.
- «مـن گوتـم قسـەی زیاتر نەکەن. دەنـا دەکوژرێـی.» پیاوەکە بە مکوڕبوونەوە قسەکەی خۆی دووبارەکردەوە و دەمانچەکەشی دەرهێنا.
- «خانمی پایەدار، بە دوایاندا بڕۆ، ئەمەش بۆ هەموو لایەک باشترە.» منیش وەهام پێگوت.
ئیـدی پیـاوەکان هیـچ دەرفەتی دیکەیان بۆ شـاژن نەهێشـتەوە تا قسەیەکی دیکە بکا. ئەوان لە ڕێی دەرکە بچکۆلانەکەی فریاگوزارییەوە بردیانەدەر و منیش بەدوایاندا ڕۆیشتم.

لەنێو ترۆمبێلەکەشـدا دەبوو هەروەک ئەو منیش سەرم نەوی بکردبایە و لەسـەر چۆک دانیشـتباین تا نەبینین ئاخۆ بـەرەو کوێ دەبردرێین و هەروەهـا تا نەشـدیترێین. ترۆمبێلەکە کۆڵانە بنبەسـتەکەی پشـت تیاترۆخانەکەی جێهێشت.
- « باشـە ئێوە دەمبەنە کوێ؟» شـاژن بە سـەری نەوییەوە وەهای پرسی.
پیاوەکانیش هیچ وەڵامیاننەدایەوە.
- «خانمی پایەدار، منیش نازانم. من گەریلا نیم.» منیش بە سـەری نەویکراوەوە وەهام پێگوتەوە.
- «کەواتە تۆ؟»
- «داوام لێکراوە قوربانییەک بدەم. لەوە زیاتر پەیوەندییم بە شتەکەوە

نییه. خۆ دەبینی، منیش بەسەری نەویکراوەوە لە سەر کورسییەکە دانیشتووم. خانمی پایەدار؛ قوربانی، لەوە زیاتر هیچ شتێکی دیکە لەئارادا نییە.»

- «چ قوربانییەک؟ ئایا من قوربانییم؟»
- «نا، نەخێر، خانمی پایەدار. تۆ خەم مەخۆ.»
- «بێدەنگ!» ئەو گەریلایەی ترومبێلەکەی لێدەخوڕی وەهای فەرمانکرد.

ئیدی بێدەنگی.

تێبینی ئەوەم کرد، ترومبێلەکە دوای نزیکەی دە خولەکێک ڕێگەی خێرای جێهێشت و خۆی کرد بەنێو گەڕەکێکی ئارام. لەوێشەوە چوونە نێو چەند شەقامێک و لەولاوە لێیەوە دەرچوون، بۆ ئەوەی نەزانرێ کتومت ئاخۆ ئێمە بەرەو کوێ دەبەن. پاشان کاتێک ترومبیلەکە لە شوێنێک لە تاریکی وەستا، هێشتا نەدەبوو شابانوو و من ڕێک و قیت لە شوێنی خۆمان دانیشین. ئینجا شوفێرەکە دابەزی، گوێم لە کردنەوەی دەرکەی خانوویەک بوو. شوفێرەکە یارمەتیدام لە ترومبێلەکە دابەزم و بردمیە نێو خانووەکە. پاشان هەردوو پیاوەکە شابانووشیان دابەزاند. ئەوسا ئێمەیان بەیەکەوە لە ژوورێک بەجێهێشت و دەرکەیان لەسەر قفڵداین. گوێم لێبوو دەنگی ترومبێلەکە بوو، لەوێ ڕۆیشتن.

لەو تاریکییەدا بەدوای پلاکی گڵۆپی کارەبا گەڕام.

کاتێکیش گڵۆپەکەم داگیرساند، یەکسەر ڕووبەڕووی شاژن خۆم بینییەوە. خۆمان لە خانوویەکی بچکۆلەی سادەی کرێکاران دۆزییەوە.

## ١٤

خانووەکە هەم کۆن و هەم چۆڵیش بوو. ژوورێکی بچووکی لێدانیشتن، هۆدەیەکی بچووکی نوستن و ناندینۆکەیەکیشی هەبوو. خانوویەکی کرێکارانی هەرزان بۆ ژن و مێردێک و زارۆکێک. ژووری دانیشتن پەنجەرەیەکی هەبوو بە تەختەدار داخرابوو. لە ژێر پەنجەرەکەدا مێزێک دانرابوو، تەلەفۆنێکی لەسەر بوو، ئێمەی بە دنیای دەرەوە دەبەستەوە. لەبەردەمیشیدا کورسییەک دانرابوو. پێشتر بە من گوترابوو لەو خانووەدا دەمێنینەوە. تەلەفۆنەکەش یەک سەرەبوو، هەر بۆی دەهات، تۆ نەتدەتوانی تەلەفۆنی پێبکەی. بەدەر لەو شتانە، نان

و پەنیر و قوتوی ماسی تونە، واتە ئازووقی یەک هەفتە لە ناندینەکە دانرابوو.

شاژن چووە سەر قەنەفە بۆرە کۆنینەکەی ژووری دانیشتن. بینیم ئەو بە زەحمەت دەستی لە قەنەفەکە دەدا.

بەتووڕەییەوە گوتی: «ئەدی ئێستا؟»

- «خانمی پایەدار، منیش نازانم. ئێمە دەبێ چاوەڕێبکەین تا زەنگی تەلەفۆن لێبدرێ، یاخود یەکێک دەرکەمان لێبکاتەوە. پێموابێ ئێستا پارتیزانەکان لەگەڵ کۆشک لە پەیوەندیدان تا شا لە بارمتەکردنەکە ئاگاداربکەنەوە. قسەشی لەسەر نییە، پۆلیسی نهێنیش کنەوپشکنینێکی زۆر دەکا. هیوادارم ئەوان هۆشی خۆیان بەکاربهێنن و شتی سەرشێتانە نەکەن، چونکە ئەو کات پارتیزانەکان هەموو هێز و چەکی خۆیان بەکاردەهێنن، کە تۆ لە دەستیان دەرنەچی. ئاخر خۆ پاشا ویستی بەو ئاهەنگە گەورۆنەیە نیشانی جیهانی بدا، کە هەموو شتێکی لەژێر جڵەودایە. ئەگەر هاتوو زەبروزەنگ بەکاربهێنرێ، ئەوا هەموو جیهان دەزانێ تەنانەت ئەو دەسەڵاتەشی نییە تەنانەت ژنەکەی خۆشی پێبپارێزێ.»

- «قسەی بێ مانا.» شاژن وەها هاواریکرد؛ «ئەمە هیچ پەیوەندی بە شاوە نییە. ئەوە پەیوەندی بە خاڵی لاوازی منەوە سەبارەت بە هونەرەوە هەیە، پەیوەندی بە بڕوای من بە جیهانێکی باشترەوە هەیە. پاشا بە دەسەڵاتە، من زەبوونم، خۆی نەدەبوایە بڕوا بە هیچ کەسێک بکەم. دەی ئێستا سەیری خۆت بکە، گورگێکی لە پێستی مەڕدا.»

- «خانمی پایەدار، من گورگ نیم، من زۆر لەوە دڵنیام. ئەوەی من دەیکەم، لە پێناو نیشتماندا دەیکەم. شادمانم بەوەی تا ئێستا هەموو شتێک بەهێواشی ڕۆیشتووە و هیچ توندوتیژی لەبەرانبەر پاسەوانەکانت بەکارنەهێنراوە.»

ئینجا چوومە ناندینەکە و پەرداخە ئاوێکم بۆ هێنا، بەڵام خۆ ئەو هەر ئاوڕیشی لێنەدایەوە.

- «ئەوە زۆر باشە کە جارێ پاڵبدەیتەوە پشوو بدەی.» من وەهام بە شـاژن گوت؛ «ژووری نوسـتنەکە بۆ تۆ دانراوە. ئێمە دەبێ چاوەڕێی تەلەفۆن بکەین تا زەنگ دێ. منیش نازانم تا چەند لێرە دەمێنینەوە، بەڵام ئەوەندە دەزانم خۆراکی یەک هەفتە وەک زەخیرە دانراوە.»

- «یەک هەفتە؟!» بە حەپەساوییەوە هاواریکرد. «ئاخر خۆ منداڵەکانم هێشتا بچووکن، ئەوان تێکدەشکێن.»

دەستی بە گریانێ کرد. منیش خۆم کێشایە ناندینەکە تا فرمێسکەکانی نەبینم.

خۆم بەوە خەریککرد، دەستم دایە پارچەپەڕۆیەک ئەو ناوە پاکبکەمەوە. ئاخر خۆ هەموو شتێک بە چینێکی تەنکی تۆز داپۆشرابوو.

- «ئەو بەفرگرە بکوژێنەوە، تکایە. ئەو دەنگەدەنگەی خەریکە شـێتم دەکا.» لە ژووری دانیشتنەوە وەها بانگیکردم.

منیش سەری وایەری کارەبای بەفرگرەکەم لە سویچ پکلاکەکە دەرهێنا.

ئینجا بانگم کردێ: «برسیت نییە؟ دەتەوێ شتێک بخۆی؟»

ئەو هەر گوێشی پێنەدام.

مـن قوتووە ماسـییەکی تونام هەڵپچـڕی و لەگـەڵ پارچەیەک نان و کەوچکێک لەسەر مێزێک لەتەنیشت ئەوم دانا.

- «ئـەوەت بۆ کرد؟» بە بۆڵەبۆڵەوە وەهای گوت؛ «من ئەمەم لە تۆ چاوەڕێنەدەکرد.»

- «منیش ئەمەم لە خۆم چاوەڕێنەدەکرد. شتەکەم لە خۆوە بۆ هات.»

- بـەڵام بەو بەبارمتەگرتنە، خۆ ئەگەر کۆتاییەکەی هەرچۆنێکیش بێ، ئـەوا ژیانی خۆت بەدەسـتی خۆت وێرانکـرد. لەچاوتروکانێکدا هەموو

فیلمەکانت فت و دەچنە نێو تەنەکەی خۆڵ.»
- «من لە مەبەستت تێدەگەم. بەڵام هەر لە ڕێی ئەم بەبارمتەگرتنە کارێکی بەڵگەنامەییم کردووە، زۆری پێناچێ هەموو جیهان دەیبینێ.»
- ئەویش گوتی: «هەر لەبیری کە. ئەو کارە بەڵگەنامەییە لەبەین دەبرێ.»
- منیش پێمگوتەوە: «من لە وێرانکردن پاراستوومە. شتەکە بە سەلامەتی لای «بی بی سی» لە لەندەن پارێزراوە.»
- «چی؟» دیسان هەڵسایەوە سەرپێ و هاواریکرد؛ «سەیرکە! خۆ تۆ دووڕوویت!»
- «نەخێر، خانمی پایەدار، دووڕوو نیم، دووڕوو نیم، بەڵکو لەوانەیە جنۆکەیەک بم.» قسەکەم وەها لە دەم دەرچوو.
- «جنۆکەیەک؟»

هیچ وەڵاممنەدایەوە، ئاخر نەمویست لەوە زیاتر شتەکە ئاڵۆزترکەم. شاژن دەستی دایە پەرداخە ئاوەکەی سەر مێزەکە و خۆی خزاندە ژوورە تاریکەکەی نوستنێ، لەوێ دۆشەکێک و بەتانییەک و سەرینێک لەسەر زەویەکە دانرابوون.

منیش ماندوو بووم. گڵۆپەکانم کوژاندنەوە، دەستم دایە پەتۆیەک، کە بۆ من دانرابوو، هەر لەوێ، لەسەر ناوکەوەکە لای تەلەفۆنەکە لێیدرێژبووم.

## ١٥

شەوی یەکەم هیچ ڕووینەدا، ڕۆژی پاشتریش هەر هیچ. بۆ بەیانییەکەی هەندێک پەنیرم بۆکردە نێو نانێک و لەگەڵ پەرداخە ئاوێکم بۆ لەسەر مێزەکـەی بـەردەم قەنەفەکە دانا. کەچی هەر ئـاوڕی لێنەدایەوە. من حـەزم لـە چایە بـوو، بەدڵنیاییەوە ئەویـش حەزیلێبـوو، بەڵام وەک دیاربـوو، ئەو ئازووقەیەی دانرابوو، زۆر پەلەی پێوەدیاربوو، لە دوایین ساتدا ڕێکخرابوو.

- «ئەگـەر هیچ نەخـۆی، نەخۆش دەکەوی. ئەمـەش دۆخەکە پۆلکتر دەکا.» بە دەم وتنی ئەم قسەیەم چوومەوە ناندینەکە.

کاتێکیش لەوێ هەندێ پەنیرم لەنێو نان دەنا، گوێم لە ئامێری تەلەفۆنەکە بوو لێیدەدا و دەسکەکەشی بە نەرمی هەڵگیرا.

- «بەم تەلەفۆنە زەنگ لێنادرێ، تەلەفۆنی پێناکرێ. پێویستە ئارامبگرین تا زەنگمان بۆ لێدەدرێ.» وەهام بانگکردێ.

ئەویش دەسکی تەلەفۆنەکەی دانایەوە و گەڕایەوە سەر قەنەفەکە و بە درێژایی ڕۆژەکە قسەی لەگەڵدا نەکردم.

بۆ ئێوارەکەی، بێدەنگییەکەی شکاند. «من وەهام تۆ دەناسی، کە دەرهێنەرێکی بەهەست بیت. وەهام دانەنابوو کەسێک بیت تەقە بکەیت و خەڵک بکوژی.»

منیش دەمانچەکەی لەبەر کەمەرم، خستبووە ژێر فانیلەکەمەوە، بەڵام خۆ دیار بوو هەستپێکردبوو.

- «بەڵێ ڕاستدەکەی، ناتوانم تەقە لە کەس بکەم و بیکوژم.».

- «ئەدی بۆچی دەمانچەت لەبەر قایشی پشتێ داناوە؟»

- «تا تۆی پێبپارێزم.»

ئەو پێکەنی. هەر دەبێ ئەو دوای بە بارمتەگرتن لەوە تێگەیشتبێ، کە مەبەستم بووە.

کاتێکیش هەستیکرد، کە بەکردەوە ئێمە هیچمان لە دەست نایە، خەریکبوو زیاتر لێم نزیکدەکەوتەوە.

- «خۆ تۆ لە چاوتروکانێکدا ناو و ناوبانگی خۆت وێرانکرد. ئیدی هیچ پاشەڕۆژت نەما. ئایا هەڵوەستەت لەسەر ئەم شتە کردووە؟»

- «ئەوەی پەیوەست بێ بە پاشەڕۆژی من، سێ ئەگەر لەپێش خۆمدا دەبینم. بگیرێم، لەسێدارەبدرێم یان هەڵبێم.»

- تۆ سەرچیخ چووی بەوەی وابزانی هەڵدێی و قوتاردەبی. مەرگ چاوەڕێتدەکا. بە داخەوەم کە پێویستە وا بڵێم.

- منیش پێمگوتەوە: «منیش ئەوەم بەهەندهەڵگرتووە.»

- «ئەرێ ژنت هێناوە؟ منداڵت هەن؟»
- «نا، نەخێر، ئەمەیان نا، بەڵام...»
- «بەڵام چی؟»
- «بەڵێ ژنێک هەیە. بەنیازبووم مارەی بکەم، کەچی بەم بە بارمتەگرتنە لەدەستم دەرچوو.» وەهام پێگوتەوە و لەوێ ڕۆیشتم و چوومە ناندینەکە نەبادا خەموخەفەتم بەدیبکا.

ئێوارەدرەنگ شاژن بە بێدەنگی چووە ژووری نوستن و بۆ دووەمین شەو لەسەر دۆشەکەکە خەوی لێکەوت.
ڕۆژی سێیەم ئەو هەر بێدەنگ بوو، بینیم باش نەڕازابوو. ئەو منی پشتگوێخست و هەموو کاتەکە لەسەر قەنەفەکە بە دانیشتنەوە داڵغەی لێدابوو، لەگژ هزران ڕاچووبوو. تا ئەو بێدەنگییە ناقۆڵایە بشکێنم، چوومە سەر کورسییەکەی تەک تەلەفۆنەکە و سەری قسەم داهێنا: «تۆ خانمێکی ڕۆشنبیری و خاوەن گیانێکی ئازادی. تۆ دڵت بۆ هونەر، فیلم و ئەدەب لێدەدا، ئەرێ چۆن لەو کۆشکە هەڵدەکەی؟»
- «مەبەستت چییە؟»
- «چۆن دەتوانی لەگەڵ ئەو خانەوادە پاشایەتییە گەندەڵەدا هەڵبکەی.» وەهام پێگوت لەکاتێکدا بە ڕوونکردنەوەکەشم حەپەسام. ئەویش وەک ئەوەی هەر گوێی لە قسەکەم نەبووبێ. کەمێک دواتر هەڵسا و گوتی: «دەکرێ ئاوێک بەخۆم دابکەم.»
منیش سەرەتا وەهام دانا بە هەڵە لێی تێگەیشتبم، چونکە بە باشی دیار بوو، خانووەکە هیچ ژووری گەرماوی تێدا نەبوو.
- «تۆ دەتوانی لە ناندینەکە ئاوێک بە سەروچاوتدا بکەی. بە داخەوە ئێرە هیچ ئاوی گەرمی لێ نییە، بەڵام دەچم شتێکت بۆ پەیدادەکەم.»
چووم و مەسینەیەک ئاو و پارچەسابوونێکی کۆنی دەستشوشتن

و دەستەسڕێکی خاوێنی ناندینم بۆ ڕێکخست. کاتێکیش گەڕامەوە ژووری دانیشتن و چوومەوە سەر کورسییەکەی تەنیشت تەلەفۆنەکە دانیشتمەوە، گوێملێبوو بەدەم منگەمنگێکەوە دەستوچاوی شوشتن و منیش چاوەکانم نوقاندن. لە بیرکردنەوەمدا بینیم باوکم لە عەنباری قەڵاکەدا خەریکی سازکردنی جووتەپێڵاوێکە بۆ دایکم. ناشزانم بۆچی لەو ساتەدا ئەو یادەوەرییەم بۆ هات، لێ کاتێک چاوەکانم هەڵهێنانەوە، بۆ یەکەمین جار بینم جووتە قاپقاپەیەکی بندار لەوێ لە بن قەنەفەکە دانراوە. قاپقاپەکە داشۆرابوو، بەڵام هێشتا بەری قاپقاپەکە باش دیار بوو.

دەنگێک لەنێو سەرمەوە هات و گوتی: «دەی بەم دۆخە زۆر زەحمەتە ئاهەنگبگێڕە.»

- «چی؟ چی ماوە تا ئاهەنگی بۆ بگێڕدرێ؟» وەهام بە خۆم گوتەوە. وشەی «ئاهەنگێڕان» ئەو وشەیە بوو، پێویستم پێیهەبوو. ئاهەنگگێڕان تاکە شت بوو دەستی پێوەبگرم و بە هۆیەوە ئەو شتە جڵەوبکەم، کە بە شێوەیەکی سەرەتایی هیچ لەبن دەستمدا نەبوو.

من لەنێو ژوورەکەدا بەدوای پارچە چەرمێکدا گەڕام. لە گۆشەکە جانتایەکی کۆنەی ژنانە بە پشت دەرکەکە هەڵواسرابوو، تا ئەو کات نەمدیبوو. جانتاکە هەر دەبێ هی ئافرەتێک بووبێ، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان لەو خانووەدا ژیاوە.

کاتێکیش شاژن گەڕایەوە ژووری نووستنەکە، منیش دەستم دایە قاپقاپە و جانتا چەرمینەکە. ئینجا لەسەر ناوکەوەکە دانیشتم بە سەرنج و بایەخی باوکمەوە بۆی دانیشتم، ویستم یەک جووت قاپقاپە بۆ شابانوو دروست بکەم.

بە چەقۆی ناندینەکە دارەکەی بەری قاپقاپەکەم داتاشی تا وەهای لێ بێ نوێ دیار بێ. ئیجا یەک دوو تیزمارم لە جانتا چەرمینەکە بڕی و

وەک لاسک بە بزمار لە بنی قاپقاپەکەم چەسپکرد.
هیچ نالّچەی ڕەنگزێڕینم نەبوو تا لە بنی قاپقاپەکە بدەم. لە بری ئەوە یەک دووپارچەم لە قوتووی ماسییە توونەکە بڕی و لەبن پاشپانییەکەم دان. بۆ بەیانی سەرلەزوو بوو، کە لە دروستکردنی قاپقاپەیەکی زەردی دەستکردی وروژێنەر بۆ شاژن بوومەوە. ئیدی قاپقاپەکەم خستە نێو دۆلاب و چووم هەندێ چاوم گەرمبکەم.

بە دەنگی تەپەی پێی شاژن بە ئاگاهاتمەوە. خەوێکی قووڵم لێکەوتبوو، ئەمەش بۆ پاسەوانێک کە دەمانچەی لەبەر قایشی پشت نابوو، دروست و گونجاو نەبوو. خۆ هەر هەنگاوێکی ئەو مایەپووچ بوو، چونکە نەیدەتوانی هەڵبێ. دەرکەی خانووەکە لە دیوی دەرەوە گارەدرابوو و پەنجەرەکەشی بە دار و بزمار شەتەکدرابوو.
- «بەداوای لێبوردنەوە.» وەهام گوت و هاتمەوە سەرخۆ.
ئەویش خۆی نەبانکرد، تەنانەت بەیانی باشیشی لێنەکردمەوە. ئەوە ڕوون بوو، شەوێکی دیکەی خراپی بەسەربردبوو.
دەستی ڕاستەم بە چەقۆی ناندینەکە ڕووشاندبوو، بە شێوەیەک نەمدەتوانی سەری پەنجەکانم بجووڵێنم.
شاژن پەرداخە ئاوێکی خواردەوە و جێگەی خۆی لەسەر قەنەفەکە گرت و سەری بەسەر خۆیداگرتبوو.
- من پێمگوت: «خانمی پایەدار، تکایە خەمبار مەبە. ئەم شتە هەر تێدەپەڕێ.» بڕیارمدابوو شتی دیکەش بڵێم، هیواشم خواست قسەکانم دەرەنجامێکی پێچەوانەیان لێنەکەوێتەوە. «بێدەنگییەکەی تۆ کەشەکە زیاتر ناخۆشدەکا. ئەوەش لەبەر ئەوەیە، کە شاژنی. بۆیە پێشنیازێکم هەیە. دەی با لەم کاتەدا ئاهەنگی نادڵنیایی خۆمان بگێڕین.
- ئەویش سەری بەرزکردەوە و بە تەوسەوە گوتی: «ئاهەنگگێڕان؟»

- «کتومت وەک گوتم: خۆ تۆ کەسێکی لەگۆترە و هەروا ئاسایی نیت، تۆ کەسێکی جیاوازی. بۆیە دەکرێ وا بێ. دەی با ئێمە ئەو کەشە تاریکە ناقۆلایەی ئێرە بگۆڕین.»
- «چۆن، چۆن بیگۆڕین؟» وەهای گوت لەکاتێکدا هەر پەست بوو.
منیش هەلسام، چوومە ناندینەکە و جووتە قاپقاپە زەردەکەم لە نێو کەوەنتەرەکە دەرهێنا. کە هاتمە ژوور، قاپقاپەکانم لە پشتمەوە گرتبوو. ئینجا لەبەردەمیدا نوشتامەوە و جووت قاپقاپەکەم لەبەر پێی دانا.
- «ئەوە چییە؟» بە دڕدۆنگییەکەوە وەهای پرسی.
- «بۆ تۆم دروستکردووە.»
- «دروستکردن؟ کەی ئەمەت کرد؟»
- «شەو پێیەوە خەریکبووم. ویستم شتێک بە شتێک بکەم تا بەهۆیەوە ئەم کاتە نادروستەم بیربکەوێتەوە.»
ماوەیەک ئەو بەئەوقماوی مایەوە و هەر سەیری قاپقاپەکەی کرد.
- ئینجا هاتەدەنگ: «من پێویستیم بە قاپقاپە نییە.»
ئەو بە پێی قاپقاپەکانی لادا و هەلساو بەرەو ناندینەکە ڕۆیشت.
باڵی بێدەنگییەکە لە جاران قورستر کەوتەوە. سەری پەنجەکانیشم ژانی زیاتریان هەبوو. پێویستیم بە کتێبێک، ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، فیلمێک هەبوو تا کاتەکەی پێبکوژم، بەلام خۆ خانووەکە تەنیا و تەنیا یەک دۆشەک، یەک قەنەفە، دوو بەتانی، بەفرگرێکی بەتاڵ و تەلەفۆنێک هەبوو، کە زەنگی پێلێنەدەدرا.
ئەو کات برگەیەکی «ئەلبێر کامۆ»ی نووسەری فەرەنسیم بیرکەوتەوە: «خۆ ئەگەر یەکێک منی بە پەتێکەوە لە دارێک بەستەوە، ئەوا هەرگیز هەراسان نابم. ئاخر دەکرێ هەر بە دالغە سەفەربکەم.»
لەسەر کورسییەکەی تەک تەلەفۆنەکە دانیشتم و چاوم لەسەریەک دانان

و لە داڵغەی خۆم بەسـەفەرچووم. گەڕامەوە نێو چیاکانی ئەو شارەی لێـی لەدایکببوم، گەڕامەوە لای ئەشـکەوتەکان، گەڕامەوە لای قوللەی قەڵاکەمان کە هێشتا دووربینە کۆنەکەی هەر بە دیوارەوە هەڵواسرابوو. من سەری هۆدە تاریکەکەی خۆم و هی «ئەکرەم جون»م دا، چوومە سـینەمای شـارەکەمان، چوومە مزگەوتێ، چوومە ئەو داڵانەی، کە بە دوای ژنەکـەی مەلای مزگەوتـێ ڕامدەکرد، چووم چووم تا گەیشـتمە مۆتەی ئالاسکای هۆشەنگی یەکدەست، بە دوای ژنەکەی ئەودا گەڕام، کە وێنەم لێگرتبوو. نازانم ئەو سـەفەرەم چەندی خایاند کاتێک گوێم لە دەنگی پێییەک بوو لەسـەر ناوکەوە بەردینەکەی ناندینەکەوە هات، دەنگی پێیەک کە وەک زێڕ دەنگیان دەهات.

چاوەکانم کردنەوە. شـاژن قاپقاپەکانی کردبوونە پێ و پێیدەڕۆیشت. بۆ شـتەکانی دیکـەش ئەو قاپە خواردنەی لە پێشـی بـوو، هەمووی خواردبوو. بەڵکو خۆی بۆ کێک و کولیچە لە بەفرگرەکە گەڕابوو.

ئیدی دەسـتمان بە قسـان کردەوە. من باسی یەکەمین فیلمم کرد، کە لە شـارەکەمدا بینیبووم، ئەویش باسـی ئەو فیلمانەی بۆ کردم کە لە سەردەمی خوێندنی لە پاریس پێیانەوە سەرسام ببوو.

بۆ ئێوارەکەی نانی شێوانمان بەیەکەوە خوارد. ئێمە هێشتا بە تەواوی لە نانەکە نەببووینـەوە زەنگی تەلەفۆن لێدرا. لەکۆتاییدا هەردووکمان ڕاچڵەکین. بە پەلە غارمدایە لای تەلەفۆنەکە و دەسـکەکەیم هەڵگرت. چاوەڕێمکـرد تـا کابـرای ئەودیوی هێڵەکە، شـەڕڤانێک ئـەو کۆدەی لەسەری ڕێککەوتبووین بڵێ. کاتێکیش من کۆدەکەم پێگوت، گوێم لەو ئەرکە بوو، کە دەبوو بیکەم.

- «زۆر باشە.» وەهام گوت و دەسکی تەلەفۆنەکەم دانایەوە.

شاژن بە ڕووخسارێکی بزرکاوە گوتی: «ئینجا؟»

- «خانمـی پایەدار! گۆڕینەوەکە ڕێکخرا. بۆ خۆشـبەختی نەخشـەکە

بەبێ توندوتیژی تێپەڕی. من تۆ دەگەیەنمەوە ماڵی خۆتان.»
- «چۆن؟ کەی؟»
- «هەر ئێستا، دەستبەجێ.»
ئەویش یەکسەر قاپقاپەکانی داکەندن و پێڵاوەکانی خۆی لەبەرکردنەوە. ئەمەش کاری تێکردم، بۆ ساتێک هەستم بە سووکایەتی کرد، بەڵام خۆ کاتی ئەو جۆرە هەستە زێدەبارییانە نەبوو.
من بەگوێرەی ڕێنماییەکان ڕۆیشتم و دەستم دایە ئەو چارشێوە ڕەشەی، کە بە شەمعەی ژوورەکە هەڵواسرابوو.
- «تۆ دەبێ ئەم شتە بپۆشی و بەدوای منیشدا بێی. ئەگەر گوێڕایەڵ بووی، ئەوا ئەمشەو لە ماڵی خۆت بە ئاسوودەیی دەخەوی.»
- «باشە. بەدواتدا دێم.»
- «زۆری پێناچێ یەکێک دێ و قفڵی دەرکەی دەرەوە دەکاتەوە. منیش دەرکەکە لەم دیوە دەکەمەوە. سەرەتا من دەچمە دەرێ. هەر کاتێ ئاماژەم بۆ کردی، تۆش دێیتەدەر. تۆ لە تەکم، لە لای ڕاستەمەوە دەڕۆی. لە ڕۆیشتنندا تەنها سەیری پێشەوەی خۆت دەکەی، تا دەگەینە شەقامە سەرەکییەکە. ئەمەش هەمووی لە پێناو سەلامەتی خۆتە. تێگەیشتی؟»
ئەویش سەری لەقاند.
گوێم لە دەنگی تەپەی پێ بوو لە دەرەوە هات، یەکێک قفڵی دەرکەکەی کردەوە. منیش وەستام تا ئەو دەڕوا. ئینجا دەرکەکەم کردەوە و بە ئەسپاییەوە چومە دەرەوە. کاتێکیش هیچ کەسم لە دەوروبەر نەبینی، ئاماژەم بۆ کرد بەڵکو ئەویش بێتەدەر. ئەوسا بە هێواشی دەرکەکەم لە دوای خۆم پێوە دایەوە. وەک ژن و مێردێک لە تەنیشت یەک، بەنێو تاریکایی کۆڵانەکەدا بەرەو شەقامە سەرەکییەکە، کە لە دوورەوە دیار بوو، ڕۆیشتین.

لەوێ کەمێک وەسـتاین تا تاکسییەک پەیدابوو. هەرچەندە لەو کاتەی تاریکایی ئەنگۆرەدا و لەو گەڕەکە کرێکارنشـینەدا، خۆ هیچ تاکسیەک لەسـەر جادە نەبوون. تڕومبێلێکی پەیـکان پەیدابوو، منیش ئاماژەی وەسـتانم بۆکـرد. لە ئێـوارە جەنجاڵەکانـدا ئەو جـۆرە تڕومبێلانەش نەفەریان دەگواسـتەوە، بەڵام ئەو کات دەبوایە لەشوێنی بارەکە سوار بووبای. شاژن دەستی لەسەر شانم دانا و سوار بوو. منیش ناونیشانێکم دایە شوفێرەکە و سواربووم.

- «باشـە بۆ کوێ دەڕۆین؟» ئەو بەنەرمی وەهای پرسـی لە کاتێکدا چارشێوەکەی توند گرتبوو.
- «بەرەو کۆشک.»
- بە خەمەوە پرسی: «بەڵام خۆ تۆ ناونیشانێکی دیکەت داین.»
- «هەمووی باش دێتەوە.» وەهام پێگوتەوە؛ «خەم مەخۆ.»

ئەویـش هیچی نەگـوت، بەڵام وەهام بینی لە مـن دڵنیانەبێ، کە هەر بەڕاسـتی بیگەیەنمەوە کۆشـک. دوای سـەعاتێک لێخوڕین بە سواری تڕومبێلەکە بەنێو شـەقامەکانی باکـوری تاراندا، ئیدی زۆری پێنەچوو دیمەنی کۆشک لە دوورەوە بەدیارکەوت.

منیش لەو کزە رووناکییەی ئێوارە بولێڵەکەدا خەندەم لەسەر ڕوخساری بەدیکرد.

هێشـتا پێنجسـەد مەتـری مابوو بگەینـە کۆشـک، تڕومبێلەکە بەنێو شـەقامێکی لاوەکی لایدا و لە لای گەلەرییە هونەرییەکە وەسـتا، ئەو شوێنەی باش پێی بەڵەد بووم، کە داخرابوو.

منیش دەسـتم بۆ شـاژن ڕاهێشـت بەڵکو یارمەتیبدەم لە تڕومبێلەکە دابەزێ. بە یەکەوە ڕوووە و کۆشک بە پێ ڕۆیشتین. کاتێک هەر سەت مەترێک مابوو بگەینە کۆشـک، لەبن گوێمدا چرپاند: «ئێستا دەتوانی بچیتەوە ماڵی خۆت. بەڵێ ماڵەوە. منیش داوای لێبوردنت لێدەکەم.»

شــاژنیش چارشێوە ڕەشــەکەی فڕێدا. من لە خۆشیان شاگەشکەبووم کاتێک بینیم قاپقاپەکانی لەبن هەنگڵ دانابوون. هێشتا کەمێک وەستام تا ئەو دەگاتەوە دەروازەی کۆشــک. یەکێ لە پاســەوانە چەکدارەکان هاتە بەردەمی و ڕایگرت، لێ ئەو کاتەی ناسییەوە سڵاوێکی بۆ کرد و دەرکەی دەروازەکەی بۆ کردەوە.
بۆ دواجار شاژن وەک نیشانەیەکی خواحافیزی، ئاوڕێکی لێدامەوە.

منیش بە هێواشــی بەنێو شەقامە لاوەکییەکەی گەلەرییەکەدا ڕۆیشتم. لە کۆتایی شــەقامەکەدا بەرەو دەستەڕاســت بامدایەوە؛ لەوێ ئەوەندە خێرا ڕۆیشتم، تا توانیم غارمدا. یەک دوو شەقام هەر بەڕاکردن تێپەڕیم تا گەیشــتمە وێســتگەی پاس، کــە لەو کاتەدا خەریکبوو دەڕۆیشــت. دوای یەک چارەکی دیکە لە پاســەکە دابەزیم و ســواری پاسێکی دیکە بوومــەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی ســۆراخم شــوێنبزربکەم. لە کۆتاییشــدا چوومە ئەو ناونیشانەی، دەبوایە لەوێ خۆم حەشاربدەم.

## ١٦

سـێ مانگ لەسـەریەک خۆم شاردەوە. ڕیشم هات و درێژ بوو تا کەس نەمناسێتەوە.
ڕۆژەکەش هات: بۆ ئێوارە گەیەنرامە چێشتخانەیەکی سەر ڕێگا، لەوێوە ترۆمبێلکی بار لەسەرم وەستابوو. قولاپی شوێنی بارکردنی کرابووەوە. منیش خۆم خزاندە ناو، بەو تاریکییە شوێنی خۆم لەنێو کەلوپەلەکان کردەوە. کەمێک دواتر قولاپی دەرکەی بار داخرایەوە و ترۆمبێلە باربەرەکەش کەوتە جووڵە. خۆ ئەگەر ڕەوشەکە هەمووی بەرێکوپێکی ڕۆیشتبا، ئەوا منیان لەسەر سنووری پاکستان فرێدەدا تا بتوانم لە

وڵات هەڵبێم. تەنیا یەک بوتڵە ئاو، یەک دوو پارچە نان و سەد دووسەد دۆلاریکیشم پێبوو، ئاویّ بێنە و دەستان بشۆ.

دوای یەک دو سەعات لە لێخوڕینی تڕومبێلەکە گوێم لە دەنگەدەنگێک بوو، وای لێکردم بیرم بۆ کۆپتەر بچیّ.

تا دەهات دەنگەکە زیاتر دەبوو. لایتی کۆپتەرەکە بە هەموو درزەکانی پشتەوەی تڕومبێلی بارەکەدا هاتەژوور. غەڵبەغەڵبیش بە ڕادەیەک پتر بوو دەستم بە گوێکانمەوە نا.

تڕومبیلی بارەکە وەستا. دەنگی بڵندگۆیەک هات، لێی حاڵی نەبووم. کەمێک دوای ئەوە قولاپی دەرکەی شوێنی باری تڕوومبێلەکە کرایەوە. گوورزە تیشکێکی زۆر بەهێز هاتەژوور. منیش لە پشتەوە خۆم گرمۆڵەکردبوو. یەکێک لە بڵنگۆکەوە بانگیکرد: «دەست بەرزبکەنەوە! دەی وەرنە دەریّ!»

منیش حەبێکی سیانیدی بکوژ، کەپسولێکم پێبوو. هەمیشە شەڕڤانان بۆ حاڵەتی گیرانیان یەکێکیان لەبن زماندا بوو. هەر حەبەکە بجوون، دەمودەست بە پاشدا دەکەون و ساردەبنەوە. ئاخر ئەگەر هاتوو بگیرێن، ئەوەندە ئەشکەنجە دەدرێن بەڵکو دانی پێدابنێن و هاوڕێکانیان ئاشکرابکەن.

کاتێکیش دەرکەی باربەرەکە کرایەوە، حەبە کوشندەکەم خستە نێو دەمم. بەڵام خۆ من نەمجووی، قووتیشم نەدا. نەمتوانی وەها بکەم. جەستەم پێی قایل نەبوو. ویستم نەمرم، هێشتا بڕوام بە ژیان مابوو. ئیدی حەبەکەم فڕێدایەوە و دەستەکانم بەرزکردنەوە.

ئەوانیش نەیانویست هیچ کاتیان بە فیڕۆبدەن، هەر بۆیە ڕاستەوخۆ منیان بردە ژووری ئەشکەنجەدان. دەست و پیّ و ملیان لەسەر چارپایەکی ئاسن بەبیّ دۆشەک بەستمەوە و ئینجا جەللادەکە هات و

بــە كێبلێک لە بەری پێـی دام، لێدان ئەمما لێدان. ئەوەندەم هاوارکرد تا قورگم کەوت. ئاژانێکی دەزگای نهێنی سەری بەسەردا شۆڕکردمەوە و هاواری بەسەرداکردم: «دەی بڵێ! ئەوان لە کوێن؟»
ویســتی بزانــێ ئاخۆ هەر حــەوت گەریــلا بەردراوەکە لەکــوێ خۆیان شاردۆتەوە. بەڵام خۆ من هیچ زانیارییەکەم دەربارەیان نەبوو.
- «دەی هێشتا توندتری لێدە.» ئاژانەکە وەهای بە جەللادەکە گوت. ئەویــش لێیدام و منیش هەر هاوارم دەکرد، ئەمە و سەریشــم توند بە چارپایە ئاسنینەکە شەتەکدرابوو.
- «دەی بیڵێ! ئاژانەکە هاواریکردەوە؛ «ئەوان بەرەو کوێ چوون؟»»
منیش گریام، تفم بە دەموچاویدا کرد و قیژاندم: «نازانم! هیچ نازانم!»
ئاژانەکە دەموچاوی خۆی سڕییەوە ئینجا مستێکی لە دەمم دا.
هاواریکرد: «دەی ناونیشانەکەیانم پێبڵێ! ناوەکانیان بدرکێنە!»
منیــش هیــچ ناونیشــانم نەدەزانیــن. تاکە کەسێکیان کە ناســیبێتم «مەرجــان» بوو. قســەی لەســەر نەبــوو، هەردەبێ ئەویــش دەمێک بــێ خــۆی حەشــاردابێ. هەیتەکان تاقمــی فیلمســازیی منیان گرت و لێکۆڵینەوەیــان لەگــەڵ کــردن، بــەڵام ئــەوان هیچیان ســەبارەت بە نەخشــەکەی من نەدەزانی. ئەوان «بارانی»یشــیان لەناو پێخەفەکەی دەرهێنابوو، بردبوویانە زیندان، لێیانکۆڵیبووەوە، ئازار و ئەشکەنجەیان دابوو. لێ ئەمەم ئەو کات نەزانی.
ئەوان ئەوەندەیان لێدام تا بێهۆش بووم. ئاوی ســاردیان بەدەموچاودا کردم و کاتێکیش بە خۆم هاتمەوە، زیاتر ئەشکەنجەیاندام.
- «مــن هیــچ نازانــم. نە ناو نــە ناونیشــانیان نازانــم.» وەها هاوارمکــرد. گریام و نەفرەتم لە ڕژێم کرد و قیژاندم: «هەی بووکەڵە! گەندەڵ! نۆکەرانی «سی ئای ئەی»!»
ئەوان ئەوەندەیان لێدام، تا چەرمی بەری پێم شــەق بوو، کەوتم و بە

خۆم نەهاتمەوە.
یــەک هەفتە بە بێهۆشــی مامەوە. کاتێکیش بە خــۆم هاتمەوە، بینیم لەسەر پێخەفێکی نەخۆشخانە بە پێ هەڵبەستراوی ڕاکشاوم. بۆ ڕۆژی پاشتر بردمیانە زیندانی «ئێوین»، زیندانە سامناکەکەی تاران و منیان لە ژوورێکی تاکنەفەری گۆشەگیر دانا.
دەق پــاش ســێ مانــگ و ســێزدە ڕۆژ بردمیانــە بــەردەم دادگایەکی ســەربازی. خــۆ ئەمــە دادگا نەبــوو. دادوەرەکان پێشــوەختە بڕیاری مەرگیان بەسەردا دابووم.
- «ئەرێ ســکاڵات لەسەر ئەم بڕیارە هەیە؟» ئەمە قسەی دادوەرەکە بوو، کاتێک حوکمی سزادانەکەی ئاشکراکرد.
منیــش بەنیازنەبــووم هیــچ بڵێم، بەڵام لەو ســاتەدا هەســتمکرد، من فیلمســازێکی ئاســایی نەبووم، بەڵکو فیلمســازێک کە قوربانی دابوو. منیش هەڵســامەوە، ڕوم لە دادوەرەکە کرد و گوتم: «تۆ دادەوەرێکی ســەربەخۆ نیت، بەڵکو نۆکەرێکی شــای. من هیچ بایەخ بۆ قســەکانت دانانێــم. مەرگــی من هیچ شــتێک ناگۆڕێ. ئەم ڕژێمــە زۆری پێناچێ لەباریەک هەڵدەوەشــێ.» ئەم دادوەرە ســەربازییە، کە پێدەچوو ئەم جۆرە قســانەی لە شــەڕڤانانی دیکە گوێ لێبووبێ، ڕەفتارێکی وەهای نواند وەک ئەوەی هەر گوێی لێنەبووبێ.

لە چاوەڕوانیی لە ســێدارەدانمدا هێشــتا شــەش مانگی دیکە لە چاوە زیندانییەکەمــدا مامــەوە. لەو هەمــوو ماوەیەدا دەنگێک لــە ناخەوەم پێیگوتــم: **«دەی بــڕوات بــە ژیــان بمێنــێ. تــۆ جارێکی دیکــە فیلم دروستدەکەیتەوە.»**
بەرەبەیانییەک بەڕێوبەری زیندانەکە هاتە ژوورەکەم. وام زانی بۆ ئەوە هاتووە کاتوساتی مردنەکەم بۆ ئاشکرابکا.

- «من فیلمەکانتم بینیون.» وەها کەوتە قسە؛ «زۆرم پێ جوان بوون. گوناحە تۆ بکوژرێی. بۆ خۆشـبەختیش هەواڵی خۆشـم بۆ هێناوی.» ئینجا لێگەڕا ساتێک بێدەنگی باڵ بەسەر ژوورەکەدا بکێشێ.

منیش چاوەڕێم کرد بەڵکو زیاتر لەسەری بڕوا.

- «سزایەکەت لەسەر سووکرا، بووتە زیندانی هەتا هەتایە.»

لە نێو مێشـکمدا شاژنم بینی بە خۆی و قاپقاپەکان، ئەو قاپقاپانەی، کە بە نێو کۆشکەکەدا دەڕۆیشت، وەک زێڕ دەنگیان دەهات.

کاتێک هەموو ئەم شـتانەم بە (ئاورێلیا) گوت، بەو جووتە چاوەی کە ژیانیان لێ دەتکا، سـەیری کردم. کاتێکیش ویسـتم باقی چیرۆکەکەی بۆ بگێڕمەوە، پەنجەی لەسـەر لێوی دانا. منیش وس بووم. چاوەکانم نووقاندن بەڵکو پشوو بدەم، بەڵام لە نێو یادەوەریمدا لە هۆبەی ژمارە ٧ چوومەژوور.

## ١٧

دوای سووککردنی سـزاکەم، بردرامە هۆبەی زیندانییە سیاسییەکان. ئەم لابالّەی زیندانە گەورەکە بە ژمارە ٧ ناسـراوبوو. ئەمەش لەبەر ئەوە بوو، لابالّەکە شـێوەی ژمارە ٧ی وەرگرتبوو.

خـۆی تەلارەکە لە دالآنێکـی بچووک و درێژ پێکهاتبـوو، کە لەنزیک دەرکەوە یەکدیان دەبڕی، بەوەی هەمیشـە پاسـەوانی سـەرەکی لە پشت نووسینگەی شوشەیی دادەنیشت.

چـاوە زیندانییەکانی سـەر دالآنەکەش لەپشـت شیشـەکانەوە بوون، زیندانییەکان یەکدییان دەبینی.

له دالآنه بچووکەکەدا ئەو زیندانییانه دانرابوون، کە سـزای سووکیان بەسـەردادرابوو. لـە دالآنه درێژەکەشـدا ئەو زیندانییانـە بوون، کە حوکمەکەیان لە پێنج سـاڵییەوە تێدابوو تا زیندانی هەتایی.
کاتێکیـش بـە دالآنـە درێژەکـەی ژمـارە ٧دا بـردرام و ڕۆییشـتم، زیندانییەکان لە پشـتی شیشـەکانەوە دەسـتیان دەرهێنا و کردیانە چەپڵـە و بەخێرهاتنیـان لێکـردم. بەو پێشـوازییە گەرمـەی ئەوان هەسـتێکی وەهام بۆ پەیدابوو، کە من لە بن بێجامە خەتخەتەکەمەوە وەک ئەوە وا بوو لەسـەر مافووری سوور بڕۆم.
هەرچەنـدە ڕژێـم هەوڵیدا هەواڵی ڕفاندنی شـاژن دیزە بە دەرخوونە بکا، بەڵام هەمووان زانییان.
دالآنـە درێژەکەی زیندانەکە شـوێنێکی سـەرنجڕاکێش بوو: ئاخر تۆ لە نێوان ژمارەیەک کەسـایەتی ئەفسـانەیی بووی، کە بە شێوەیەکی ئاسـایی لە چاوە زیندانییەکەدا لە تەنیشت تۆوە بوون.
ڕۆژی یەک جار بۆمان هەبوو بۆ ماوەی نیو سەعات بچینەدەر، بچینە حەوشەکە تا هەوای سازگار هەڵمژین. لە ماوەی ئەو کورتە پشووەدا تووشـی هەموو جۆرە بیچمێک دەهاتی، کە هەر لە بیچمی حەکایەتی ئەفسانەیی دەچوون. ئەو پاڵەوانانە بوون، کە بۆ وڵات تێکۆشابوون.
(شـا)ش هـەر لەسـەر بەزمـی خـۆی بـەردەوام بـوو، جاڕیدابـوو شانشـینەکەی لە سـەقامگیرترین دەوڵەتەکانی جیهانە. کەچی لەنێو زیندانەکەدا مرۆڤ باسـی سـەرهەڵدانی شۆڕشێکی نزیکی دەکرد، کە بـە هۆیەوە خانەوادەی پاشـایەتی پەهلەوی فڕێبدرێتـە نێو زبڵدانی مێژوو.
هەر بەڕاسـتییش شۆڕش لە ڕێ بوو، بەڵام خۆ دەبوایە من دە ساڵی ڕەبـەق لـە کونجـی زیندان و لە پشـت شیشـەکان بەسـەربەرم، تا کۆتاییەکەی دێ.

دە ساڵی ڕەبەق لە تامەزرۆیی بۆ هەوایەکی سازگار، بۆ خۆر، بۆ باران و بۆ لە باوەشگرتنی خۆشەویستان. ئەوەش وەک برینێکی کولاوەی سەر ڕوومەت بوو، یان وەک دەرهێنانی ددانێکی ژەهراوی مارێک بوو لە ئەژنۆت: شوێنەوارێکی ترسناک، کە هەرگیز ون نەبێ. لێ من دەبێ پێ لەوە بنێم، کە لاباڵی ژمارە ٧ بۆ من لە ئەزموونی جۆرە زانکۆیەک زیاتر بوو. زۆر جاران لەگەڵ چواردە زیندانی لەیەک چاوە زینداندا دادەنیشتین، کە حەوت پێخەفی دوو قاتی تێدا بوو. هەر کاتێکیش یەکێک ئازادکرابا یاخود یەکێک لە ئێمە بەهۆی نەخۆشی درێژخایەنەوە گواسترابایەوە هۆبەی چاودێری، ئەوا زیندانییەکی نوێی بۆ دەهات و شوێنە بەتاڵەکەی پڕدەکردەوە.

هەر بۆیە ئاشنایەتیمان لەگەڵ چەندین جۆر پەیدادەکرد: لەگەڵ فەیلەسوف، شاعیر، سەرکردەی ڕۆحی و لەگەڵ سیاسەتوانان... هەندێک جاریش لەگەڵ ئەوانەی لەژێر ئەشکەنجەدا ندا دەڕووخان، ئیدی دەیاننادردنە ئەو جۆرە چاوە زیندانییانە تا سیخوڕیبکەن.

خۆ ئەگەر بەختت هەبووایە، هاموشۆت لەگەڵ هاوزیندانییەکەت پەیدادەکرد. پێنج ساڵی ڕەبەق ڕوحانییەکی وەک «تاڵەقانی» لە چاوە زیندانەکەی ئێمەدا بوو، لەژێر قاتی خوارەوەی چارپایەکی مندا دەنوست. ئەو هەموو ڕۆژەکەی لەسەر جێیەکەی دەمایەوە دەینووسی. ئەو خەریکی وەرگێڕانی[١٤] قورئان بوو، بە وردەکارییەکی زۆری ڕاڤەکردنی هەموو سورەتەکان. دواتر، دوای شۆڕشەکە، کتێبەکەی بە پێنج بەرگ چاپ و بڵاوکرایەوە.

پێنج ساڵی ڕەبەق، هەموو ئێوارەیەکی ڕۆژانی هەینی، بە خۆشییەوە لەسەر چارپایەکەی ئەو دادەنیشتم تا دەرسی لە کن بخوێنم. من

---

١٤. ڕۆماننووس نووسیویەتی وەرگێڕان نەوەک تەفسیر. وەرگێڕ.

دیندار نەبووم، بەڵام چێژم لە دەرسەکانی دەبینی. لەوەوە فێربووم کاتێک بخرێیتە قەفەسەوە چۆن لەگەڵ کاتدا هەڵبکەم.

جارێکیان «موشیری» شاعیرە ناودارەکەیان هێنایە چاوە زیندانییەکەی ئێمە. ئەویش پێخەفە بەتاڵەکەی تەنیشت منی بە قسمەت بوو. لەکاتی نوستندا سەرمان لەتەنیشت یەکەوە بوو. بۆ ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق، کە ئەو لە زیندانەکەی ئێمەدا بوو، بەیەکەوە هەموو شەوانی سێشەممان لەسەر جێگەکەمان دەرسی هۆنراوەی کلاسیکیی فارسی پێدەگوتینەوە. بە نەرمی تاوتوێی ئەو بابەتەمان دەکرد تا هاوزیندانەکانی دیکەمان هەراسان نەکەین.

هێشتاش یەکێ لە هۆنراوەکانی ئەوم لەبەرە. ئەوەش هۆنراوەیەک بوو لە زیندان نووسیبووی. من ئەوکات بە خەمگینی لەسەر جێگەکەی خۆم کەوتبووم، چونکە هاوزیندانییەکی ئێمەیان لەسێدارەدابوو. ئەوە بوو شاعیرەکە سەری لە گوێم نزیککردەوە و بە نەرمی شیعرە نوێیەکەی بۆ خوێندمەوە تا دڵم بداتەوە. دوێنێ شەو شیعرەکەم بۆ (ئاورێلیا) خوێندەوە:

**بهار را باور کن**

باز کن پنجره‌ها را،
که نسیم
روز میلاد اقاقی ها را
جشن می‌گیرد ...

با بڕوات بە بەهار بێ!
پەنجەرەکان بکەوە،

چونکە شـەماڵ جەژنیساڵڕۆژی گوڵان دەگێڕێ و
بەهاریش
لەسەر هەر لقێک
لەتەک هەر گەڵایەکی تازە
مۆمێکی جوانی هەڵکردووە

هەموو پەریسێلکە گەڕانەوە،
گۆرانی خۆشی سازگار دەچڕن
بەهۆیــەوە کۆڵانی تەنگەبەرەکەمان یەک پارچە بووەتە ئاواز

دارگێلاسەکانیش
چرۆیان دەرکردووە
تا جەژنی ســاڵڕۆژی هەرچی درەختە بگێڕن

دەی دۆستەکەم، پەنجەرەکە بکەوە!
ئەرێ هێشتا نازانی
کە تێنوێتی ســامناک مەزرای هەڵکرووزاند
هەموو گەڵاکان زەرد هەڵگەڕاون؟
هێشتا نازانی،
تێنوێتــی بەد، چی لە جەرگی زەوی کرد؟

ئەرێ هێشتا نازانی
لە شەوی ئەنگوستەچاودا
سەرما چی بەسەر دارمێوەکان هێنا؟
چۆن ڕەشەبا گوڵەکانمانی هەڵشێلا؟

مەگەر لەبیرت چووە؟

ئێستا، بڕوا بە پەرچووی باران بکە
سەیری چاوی کەسکی بەخشندەیی مەزرا بکە
سۆز لە نێو ڕۆحی شەماڵە نەرمەکەدا ببینە
چۆن بە دەستی بەتاڵەوە،
جەژنی ساڵیادی گەڵا تازەکان دەگێڕێ.

زەوی دیسان بووژایەوە.
تۆش چما وەک بەرد لەجێی خۆت ڕەقهەڵاتووی؟
چما هێندە دڵتەنگ بووی؟

دەی پەنجەرەکان بکەوە
بڕوا بە بەهار بکە!

ئەوەش هۆنراوەیەک بوو بەڵێنی ئازادی ئێمەی پێبوو، بەڵێنی ئەوەی پێبوو، کەوا ئەم ساردییە، ئەم شەوە ساردوسڕە بکوژانە بەسەر دەچن و بەهار دێ، گەرمایی دادێ، جارێکی دیکە سۆز و بەزەیی دەگەڕێتەوە.
لە پشت شیشی زیندانەوە کەسانی جوامێر بەندکرابوون، کاتی زیندانەکەیان کردبووە زێڕ و تەلا. ئەوان دەرسی زمانیان دەدایەوە بە درێژایی ساڵ خەریکی لێکۆڵینەوەبوون لە دیرۆک و لە وێژە. ئەوان لەسەرووی دەرسەکان فێریانکردین: ئارامبگرین، ئارامبگرین. منیش ئەوانم وەک پێشەنگ دانان، زۆریشی پێنەچوو شوێنەکەی خۆم وەک دەرهێنەرێک لە هۆبەی ژمارە ٧دا دۆزییەوە.

لــه زینداندا نه‌مده‌توانـــی فیلم دروســـتبکه‌م، به‌ڵام بیــرم له دیمه‌نی شــانۆگه‌رییه‌کان کردەوه، ده‌کرا بــۆ پێنج خوله‌ک ڕۆڵیان تێدابگێڕی.
ئه‌و دیمه‌ن و کۆپلانه‌ی له نێو زینداندا بوون ســـه‌باره‌ت به تاســـه و ئاره‌زووه‌کانیان، ســـه‌باره‌ت به‌و کورتـــه ته‌له‌فۆنه گاڵته‌جاڕیانه بوون، کـــه له‌گه‌ڵ خاوخێزانه‌کانیان ده‌کرد، ســـه‌باره‌ت بـــه‌و گفتوگۆ خێرایه بوو، که له پشـــت دیواری شوشه‌ییدا ده‌کرا کاتێ که‌سوکار له ڕۆژانی دیاریکـــراودا ســـه‌ردانی خۆشه‌ویســـته‌کانی خۆیـــان ده‌کـــرد، هه‌روه‌ها دیمه‌نی پێکه‌نیناویشـــی تێدابوو ســـه‌باره‌ت به ژیـــان له نێو زیندان و ده‌رباره‌ی په‌یوه‌ندی به پاســـه‌وان و ئێشکچییه‌کانه‌وه.
ئیدی پێبه‌پێی ڕۆژ، ده‌سته‌یه‌کم له زیندانیان وه‌ک ئه‌کته‌ر کۆکرده‌وه، که به شـــێوه‌یه‌کی سه‌رسامانه، چاک ڕۆڵه‌که‌یان ده‌گێڕا.
زۆر جاریـــش له ڕۆژانی هه‌ینیدا پشـــووی ڕۆژانه‌مان تا یه‌ک ســـه‌عات درێژده‌بووه‌وه. له ماوه‌ی پشـــووی هه‌فته‌که‌دا مه‌شـــقمان ده‌کرد و له ڕۆژانی هه‌ینیشدا شانۆگه‌رییه‌که‌مان بۆ زیندانییانی دیکه نمایشده‌کرد، ئه‌وانیـــش به بازنه‌یه‌کی گه‌وره ده‌وری ئه‌کته‌ره‌کانیان ده‌دا.
هه‌ندێ کۆپله‌ی شـــانۆکه‌مان ئه‌وه‌نده خۆشه‌ویست و جه‌ماوه‌ری بوو، نه‌وه‌ک هه‌ر پاســـه‌وانه‌کان، به‌ڵکو به‌ڕێوبـــه‌ری زیندانه‌که‌ش ده‌هات و سه‌یریده‌کرد.
بیرکردنه‌وه له‌و کۆپله شـــانۆیانه و جێبه‌جێکردنیان ئه‌رکی سه‌رشانی من بوو. منیش له‌و هاوزیندانییه ناوازانه‌م فێربووم، که ئه‌و پشـــووه زۆره‌ملێیه بکه‌مه پشـــوویه‌کی خۆش و شادمان.

**له زیندان باش له‌م شـــته گه‌یشـــتم، که هه‌موو شتێک کۆتاییدێ.**
لـــه زووری کارم له کێڵگه‌ی هۆڵه‌ندام، به‌بیرکردنه‌وه ده‌گه‌ڕێمه‌وه ئه‌و ساڵانه‌ی هۆبه‌ی ژماره ٧.

لــە تەک ڕوخســاری ئەو هەمــوو زیندانییە جوامێر و بــە جەرگانەدا، هێشــتا دوو ڕوخسار هەن هەرگیز فەرامۆشیان ناکەم.

ئەوانیش دایبابم بوون، ئێســتا لە ژیاندا نەماون.

وێنەکەیــان وەک دوو هێمای فریشــتەی پیرۆز بە دیواری ژوری کارم هەڵواسراون.

لە ماوەی ئەو دە ســاڵەی زیندانمدا، ئەوان مانگی یەک جار دەهاتنە سەردانم. باوکم وەک هەمیشە بێدەنگ لە لایەک دەوەستا. بە کردەوە هیــچ نــەدەدوا، هەنــدێ جار خەنــدەی بۆ دەکردم. ئــەوە هەر دایکم بوو لە پشــت شوشــەبەندەکەوە قســەی لەگەڵ دەکــردم. ئەو نان و کولیچــەی دەســتکردی خۆی بــۆ دەهێنام، گۆرەوی بــۆ دەهێنام کە خۆی چنیبووی. دایبابم تاکە ئەندامی ماڵباتەکەم بوون، ســەردانیان دەکردم.

هەمــوو جارێکیــش لە هەموانم دەپرســی، دایکیشــم هەمیشــە هەر هەمان بەرسڤی هەبوو:

- «گەنجۆ، باشــن، هەموان سڵاوت لێدەکەن.»
- «ئەدی مامم چۆنە؟»
- «زۆر باشــە، سڵاوی هەبوو. هەمیشە دوعات بۆ دەکا.»
- «ئەدی ئەرمەنییەکەی خاوەن ســینەماکە، ئەو چۆنە؟»
- «گەنجــۆ ئەو مرد. لە کۆتاییدا هەموومان دەمرین.»
- «ئــەدی مــەلای مزگەوتێ؟» من وەهام لێپرســی و دایکیشــم زانی مەبەســتی ڕاستەقینەکەی من زانینی هەواڵی «لەیلا»ی مەلاژن بوو.

«ئەویش باشە، هەر کاتێک دەمبینێ دەڵێ سڵاوی منی پێبگەیەنە.»

- «دایکە، ئەرێ هیچ هەواڵی «ئەکرەم جون»تان هەیە؟» هەمیشــە ئەمەم وەک دوا پرسیار لێدەکرد.

ئەویــش هەمیشــە هــەر هەمــان وەڵامی هەبــوو: «نەخێــر، هیچمان

نەبیستووە. لەوانەیە مامت بزانێ، ئێمە نازانین. ئەوان دەڵێن گوایە بۆ دیوەکەی دیکەی ئۆقیانوس پەڕیونەتەوە.»

وەرز هاتن و تێپەڕین، ساڵ هاتن و ڕۆیشتن. دەمبینی دایک و باکم تا دەهات پیر و پیرتر دەبوون، بەڵام یەک شت بە نەگۆڕی مابووەوە، یەک شت هەمیشە لە کاتی سەردانیان دەبریقایەوە. ئەویش ئەو جووتە پێڵاوەی دایکم بوو، باوکم بۆ هەر سەردانیکردنێک جووتێک پێڵاوی بۆ دروستدەکرد. دەتگوت پێڵاوەکان زێڕن. ئەویش ئەم کارەی بۆ ئەوە دەکرد بەڵکو خەمی ئەو هەموو ساڵەی لەسەر شانی خۆی کەمبکاتەوە.

دە ساڵی ڕەبەق هەر کاتێک چرا لەسەر هۆبەی ژمارەی ٧ دەکوژایەوە چاوم دادەخست و دەبوایە لەسەر پێخەفەکانمان بە کڕوبێدەنگی بمێنینەوە و منیش بیرم لە قاپقاپەکانی «باران» دەکردەوە، کە ئەویشم بە چەشنی سینەماکەم کردە قوربانی. هەر ساڵێک ٣٦٥ شەوی هەیە؛ لە دە ساڵدا دەبوایە من ٣٦٥٠ جووت پێڵاوم بۆ دروست کردبایە. هەموو شەوێک دەمزانی ئاخۆ من بە چەند جووت خەریکم. کارم لەسەر ژمارە ٣٦٤٧دەکرد، کاتێک لەپڕ لە دالانە تاریکەکەی هۆبەی ژمارە ٧دا دەنگەدەنگ پەیدابوو. خۆ ئەوە دەنگی ژیانی ڕاستەقینە بوو، دەنگی دەرەوەی دیوارەکانی زیندان بوو.

زیندانییەکی جوامێری کۆن لە چاوە زیندانەکەی خۆی و لە تاریکیدا هاواریکرد: «شۆڕش هەڵگیرسا!»

ئیدی زیندانییەکانیش لەسەر پێخەفەکانی خۆیان بازیاندا و چەپڵەیان بۆ بەخێرهێنانی شۆڕشەکە لێدا.

# کتێبی سێیەم

## ڕۆژگاری شۆڕش

### ١

مێــژوو، «ئایەتولــڵا خومەینی» هێنایەپێشــەوە، مەلایەکــی ڕوحانی، ڕابەرایەتی شۆڕشــی لە دژی دەســەڵاتی «محەمەد ڕەزاشــا پەهلەوی» کرد.

ئێمــە بــە هەبوونــی ئەومــان دەزانــی، بــەڵام خــۆ ئێمە بە ئــەوەوە خەریکنەبوویــن. لــە هۆبەی زیندانی ژمــارە٧دا، هەندێک جار لەبارەی ئەویشەوە قسەدەکرا، بەڵام هیچ کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد، بێت و دەسەڵات بگرێتەدەست.

ئــەو مەلایەکــی ڕوحانــی پیر بوو، لــە خانوویەکی قوڕیــن لە کۆڵانی

پشــتەوەی بازاڕی شــارە دینداریيەکەی نەجەفی عێراق دەژیا. پێشــتر بەر لە پازدە ســاڵ، لەو کاتەی دژی چاکســازییەکانی شــا وەستابوەوە وڵاتبەدەرکرا. ئەو بەســادەیی دەژیا، نان و پەنیری دەخوارد و ڕۆژیش یەک جار قاپە سوپێکی دەخوارد. بەتەنیاش لەگەڵ ژنە بە تەمەنەکەیدا دەژیــا، کتێبەکانی خۆی دەخوێندنەوە و ڕۆژێ پێنج جارانیش دەچووە ئەو مزگەوتە بچکۆلانەیەی نزیک ماڵی خۆی.

**شۆڕشەکان بەردەوام بەدوای سەرکردە کەڕەپەکاندا دەگەڕێن.**

کاتێکیش هەموو ســەرکردەکانی ئۆپۆزســیۆن هێشــتا هــەر لە هۆبەی زیندانــی ژمــارە ٧ بوون، خومەینی لە ماڵە ســادە بچوکەکەیەوە زانی چۆن سەرکردایەتیی شۆڕشەکە بخاتە ژێر جڵەوی خۆیەوە.

لەنێو زیندانەکەدا زانیاریی ئەوەمان هەبوو، کەوا لە شارە دیندارەکاندا خەڵک ڕاپەڕیوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی هیچ ڕۆژنامەمان پێنەدەگەیشــت و گوێشــمان لــە ڕادیــۆ نەدەبــوو، نەماندەتوانــی بزانیــن ئاخــۆ ئــەو خۆپیشاندانانە چەند ڕاستەقینەن.

شەوێکیان لە پشت زیندانەکەوە گوێمان لە دەنگی هەزاران کەس بوو. کاتێکیش گوێچکەمان هەڵخســت، ئەوەمان بیست، خۆپیشاندەران هەر هاواردەکەن: **«ئازادی، ئازادی، ئازادی بۆ زیندانە سیاسییەکان!»**

بۆ ســپێدە و ئێوارانی دواتر، تا دەهــات دەنگەدەنگ نزیکتردەبووەوە، گوێمــان لێبوو ســەدان کــەس لەوانەیە بــە هەزارانیش بــن، پێیان لە زەوی دەدا و دروشــمیان دژی شــا و دژی ئەمریکا دەگوتەوە. دیار بوو تەقەکرا، دەنگی ویتەویتی ترومبێلی فریادڕەسی پۆلیسیش هات، بەڵام خۆ ئاپۆرای خەڵکەکە نەیدەویست بڵاوەی لێبکا.

ڕۆژێکیان بە هەزاران لە خۆپیشاندەران بەسەر دیوارەکانی زیندانەکەیان دادا و لێهاتنەژوور. ئێمە هێشتا هەر لە پشتی شیشەبەندی ژوورەکانی زیندانەکەدا بووین، ئەوان لە هۆبەی ژمارە ٧ هاتنەژوور. شیشــەکانیان لە

ڕەگەوە دەرکێشا و دەرکەی زیندانیان کردەوە و ئێمەیان ئازادکرد.
خەڵکەکە سەرکردە سیاسییەکانیان خستنەسەرشان و بردنیانە دەرەوە و ئەوانەش منیان دەناسی لە باوەشیان گرتم، ماچیانکردم و گوڵیان خستە نێو دەستم. شادمانی و سەرسامی ئەوەندە مەزن بوو، زیندانییەکان لە خۆشیان دەگریان و پێدەکەنین.
خۆپیشاندەران ئێمەیان هێنایەدەر. شتەکەش وەک ئەوە وابوو، لەدەست خەڵکەکە وەک کۆلکەدارێک بووم بەنێو ڕووبارێکی هاروهاجدا بیبەن. لە دەرەوەش شەقام و تەلارەکان لە ماوەی ئەو دە ساڵەدا ئەوەندە گۆڕابوون، نەمدەزانی کوێ کوێیە و من لە کوێم. وەختێک هەر ئەوەندەم زانی ڕژاینە نێو شەقامێک و لە پڕ موچڕکم هاتنێ. حەشاماتەکە منیان گەیاندە ستۆدیۆکەم. منیش جڵەوی هەستوسۆزم لەدەستدا بوو: فرمێسک بەسەر لاڕوومەتمدا هاتنەخوار.
ئاخر دە ساڵ پێشتر، کاتێک ئێمە شاژنمان ڕفاند، پۆلیس کونوکەلەبەری ستۆدیۆکەمی پشکنیبوو، پاشان بە داروبزمار دایخستبوو. دواتر ئەو کاتەی بڕیاری سزای مەرگیان بۆ دەرکردم، دادگای سەربازیی خاوەندارێتی ستۆدیۆ و ماڵەکەی لێستاندمەوە. مامیشم پێواژۆیەکی قانونی دووردرێژی دەستپێکردبوو، لە کۆتاییشدا زانیبووی چۆن بڕیاری دادگا سەربازییەکە هەڵوەشێنێتەوە. مامم خانووەکەمی فرۆشتبوو، هەموو پارەکەشی خستبووە سەر حیسابی بانکیی دایکم، بەڵام ستۆدیۆکەی هەر بە داخراوی هێشتبووەوە.
مامم دیندار بوو و لە ژێرەوەش پەیوەندی بە لایەنگرانی ئایەتوڵڵا خومەینییەوە هەبوو، تەنانەت ئەمەش لەو کاتەدا بوو، کە هێشتا هەر لەقەڵاکە بووم. ئەو لەو کەمینانە بوو، بڕوای وا بوو ڕۆژێک دادێ ئایەتوڵڵا شۆڕشێک هەڵدەگیرسێنێ. لەوانەیە هەر لەبەر ئەوەش بووبێ، ستۆدیۆکەمی دەست لێنەدابوو.

هەنووکەش حەشــاماتی خۆپیشــاندەر منیان گەیاندە لای ستۆدیۆکە. خەڵکەکــە دارەکانیــان لە دەرکــە و پەنجەرەکان کــردەوە. لەو هەموو ساڵانەدا من کلیلێکم هەر لەناو کەلوپەلی زیندانیمدا هەڵگرتبوو. ئیدی کلیلەکــەم لە قفڵە ژەنگاوییەکە بــادا و هەندێک بە زەحمەت دەرکەکە کرایەوە. خەڵکەکەش چەپڵەیان لێدا و هاواریان کرد: «**بڕووخێ شــا، بژی ئازادی!**»

دەیان خۆپیشاندەر لەگەڵم هاتنە نێو ستۆدیۆکە. ئەوان پەنجەرە و سەر مێزەکەمیــان خاوێنکردەوە. کارەباکــەش چاک کرایەوە و گڵۆپەکانیش هەڵکران و تەلەفۆنەکەش گەڕێنرایەوە دۆخی ئاسایی خۆی. هەر ئەوان بەفرگرەکەیان بۆ پڕ شــتومەک کردم و چایەشــیان لەدێم نا. پاشــان ڕۆیشتن و منیان بۆ پشوودان لەوێ جێهێشت.

کاتێکیش هەمووان ڕۆیشتن، لەسەر کورسی پشت مێزی نووسینگەکەم دانیشــتم تا هەناســەیەکم بێتەوەبەر. بەڵێ بە ملیۆنان کەس ڕاببوونە سەرپێیان تا کۆتایی بە دەسەڵاتی پەهلەوی بهێنن.

منیش پێویســتم بە کات بوو تــا ڕێگەی خۆم لەنێو ئاپۆرای خەڵکەکە بدۆزمەوە. **بەڵام خۆ مێژوو لەســەر کەس ناوەستێ**. هەر بەدانیشتنەوە نیگام کەوتە ســەر کامێرای فیلمەکەم. بینیــم یەکێ پاترییە کۆنەکەی لێکۆڕیبوو و شــریتێکی بەتاڵیشی لە تەنیشت دانابوو. دڵم خێرا لێیدا. هەڵســامەوە، دەســتم دایە کامێراکە و پێمکرد. وەک تاقیکردنەوەیەک چوومە بەردەم ئاوێنەکە، وەستام و فیلمی خۆمم گرت. من بۆز ببووم. کەسێکی سەروریش ماشوبرنجی، لاواز و تێکشکاو.

کاتیش هی ئەوە نەبوو چاوەڕێبکەم. ئاپۆرای خەڵک بەرەو کۆشک چوو تا شــا ڕاوبنێن. منیش دەبوایە، بەر لــەوەی وەدرەنگ بکەوێ، هەموو دیمەنەکــە تۆماربکەم. ئەوە بوو کامێرام بە شــان دادا و بە پەیژەکان هاتمەخــوار، بــەڵام لە نیــوەی ڕێ ئاوڕمدایەوە، گەڕامــەوە هۆدەکەم،

ژمـارەی تەلەفۆنـی ماڵـی خۆمانمان لێدا، بۆ خۆشـبەختیم هەمیشـە ژمارەکەم لەبەر بوو، ئیدی دەسکی تەلەفۆنیشم هەڵگرت.

مامم لە دیوەکەی دیکە تەلەفۆنەکەی هەڵگرت:

- «بەڵێ، فەراهانجی!»

- «سەلام، سوڵتانم.»

- «کێ؟ تۆو، سـەلامون عەلەیکـوم. لە کۆتایدا کـوڕە ونبووەکەمان گەڕایەوە ماڵێ.» ئەو وەهای گوت. خۆی ئەمە دەقی سورەتێکی قورئان بوو سـەبارەت بە پێغەمبەر یوسـف، کە دوای سـاڵانێکی دووروودرێژی زیندانیی گەڕابووەوە ماڵێ.

کە وام بیست قوڕگم گیرا و نەمتوانی چیدی بدوێم.

- «بوەستە! دەچم دایکت ئاگاداردەکەمەوە!»

گوێـم لـە دەنگـی پێی دایکم بوو، بـە گریانەوە پرسـی: کەی دێیەوە ماڵێ؟»

- «دایە، من ئێستا ناتوانم بێمەوە ماڵێ، بەڵام مشووری ئەوە دەخۆم ئێوە بهێنمە تاران و لێرە بتانبینم.»

- «دەی کەواتە زوو ئەو شتە ڕێکبخە، تا لە هەژمەتان نەمردووم.

- «بەڵێ وا دەکەم، دایە خاترجەمبە وەها دەکەم.»

ئیـدی دەسـکی تەلەفۆنەکەم دانایەوە، دەسـتم دایـەوە کامێراکەم و چوومەدەر، بەرەو کۆشـک ڕۆیشـتم. لەوێ زۆری پێنەچوو شا و شاژن خرانە نێو کۆپتەرێک تا هەڵبێن بەر لەوەی گوردەمی خەڵکەکە بە سەر کۆشکدا بدەن.

بەڕێگاوە بەرەو کۆشک سواری پشتی کامیونێک بووم، تا بتوانم هەموو شـتێک بخەمـە بەر چاوی کامێراکەم و فیلمی بگـرم. تازە کۆپتەرەکە بەسـەر کۆشـکدا ڕەتبوو، ئەوێی جێهێشـتبوو، بەسـەر ئەو شەقامەدا دەفـڕی کـە ترومبێلەکە بەناویـدا تێدەپەڕی. منییش هەر لە شـوێنی

خۆمەوە کامێراکەم هەڵکرد، لە کاتی خۆی و هێشتا درەنگ نەکەوتبوو، توانیم دوا ڕوخساری شاژن بگرم، کە بە حەپەساوەیی و سەرسامییەوە سـەیری ئاپـۆرای خەڵکی دەکـرد، ئەوانیش تازە بەسـەر دیوارەکانی کۆشکدا هەڵگەڕابوون و کۆشکەکەیان تاڵاندەکرد.

ئینجا ڕەگەڵ حەشاماتەکە کەوتم و چوومە نێو کۆشک، ئەو کۆشکەی پێش دە ساڵ لەگەڵ شاژندا نانی شێوانم لێخوارد.

هەموو شـەوەکەی هەر دیمەنی خەڵکەکەم دەگرت، کە چۆن کورسـی و قەنەفە، مێز و دۆڵاب، ئاوێنە، تابلۆ، مافوور و تاجە سـووکەکان بۆ دەرەوە ڕادەکێشن و باردەکەن. لە ژوورێکی شاهانە بۆ ژوورێکی دیکە دەچـووم، بـە دوای قاپقاپە زەردەکەدا گەڕام، ئەوانەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بۆ شاژنم دروستکردبوون، بەڵام خۆ لە هیچ شوێنێک نەمدۆزینەوە.

بەیانی سـەر لەزوو بە هیلاکی و شـەنگلێبڕاوی گەڕامەوە ستۆدیۆکەی جارانی خۆم.

## ٢

بـۆ ڕۆژی پاشـتر ترومبێلێکم بـە کرێگرت تا دایبابـم بهێنێتە تاران و بیانبینم. ژوورێکی ئوتێلیشـم بۆ دوو شـەو بۆ گرتن، کاتێکیش ئەوان گەیشـتن، ئیـدی بردنمە باشـترین چێشـتخانەی شـارەکە. ئێمە هیچ دەربارەی زیندان نەدواین، بەڵام سـەبارەت بەماڵبات قسـەی زۆرمان کرد.

دایکم گوتی: «هەمووان سڵاویان هەیە، هەمووان دەیانەوێ بتبیننەوە.»

- «دایە، تۆش سڵاوم بگەیەنەوە هەر هەموویان. منیش زۆر نابا دێم و سەریان لێدەدەم.»

ئینجا ڕووم کردە باوکم و گوتم: «ئەرێ لەگەڵ کاروباری مەزرای زافەران چۆنی؟ هێشتا هەر وەک جاران جوان و ڕەنگینە؟»
ئەویش چاوێکی لە دایکم کرد. دایکم قسەکەی لێوەرگرتەوە: «کێڵگە و مەزرای زافەران باش و ڕێکوپێکن و هەر وەک جارانیش جوانن. ئەوانیش سڵاویان بۆت هەیە. کوڕم، پێویستە زوو بگەڕێیتەوە و بە چاوی خۆت ببینی.»
من دوو ڕۆژ و دوو شەوی خۆشم لەگەڵ ئەوان بەسەربرد.
پاشان دایکم گوتی: «کوڕم، پارەی خانووەکەتم لە بانک داناوە، کەی دەتەوێتەوە؟ خۆ هەر دەبێ خانوویەک بکڕی.»
منیش پێمگوتەوە: «جارێ نا.»
ئەویش بە خەمەوە گوتی: «بەڵام خۆ هەر دەبێ ماڵێک و ژن و منداڵیشت هەبن، دەی وا نییە؟»
بە جەفەنگەوە پێمگوتەوە: «دایە، ئێستا کاتی شۆڕشە. ئێستا کەس خانووی نوێ ناکڕێ، کەس نە ژن دێنێ و نە مێردیش دەکا، خۆ کەس لەو هەرا و پاشاگەردانییەدا نایەوێ منداڵی پەیدابێ.»
- «ئەمە ڕاست نییە، پێویستە خێرا ژنێک بدۆزییەوە. خۆش نییە بە تەنیا برازێی.»
خۆی ئەمە قسەکردنێکی هەق و سەیر بوو: نەشمزانی بۆ، بەڵام شتێکی وەهام بۆ هات، کە ئەمە دوا دیدارمان بێ.
پێموابێ دایک و باوکیشم هەمان هەستیان هەبووبێ، چونکە کاتێ ماڵئاواییمان لەیەککرد، دایکم باوەشی پێداکردم، هەروەک ئەوەی هەرگیز جارێکی دیکە لە ئامێزم نەگرێتەوە.
باوکیشم ڕەفتارێکی نواند، هەرگیز پێشر نەینواندبوو، هەرگیز شتەکەم لێڕەچاونەدەکرد. دەستی منی گرت، توند گوشی، بەرزیکردوە و هەندێکیش سەری دانەواند و ماچێکی لێکرد. منیش لە ورۆژاویان

لەرزییم. ئەریّ باشە بۆ وای کرد؟
ئای کە ئادەمیزاد چەند سەیر لەنێو خۆیدا ئاڵۆزە.
بۆ ئەنگۆرە، کاتیّ دایبابم گەڕانەوە، تاقمە کۆنەکەی فیلمم هاتنە لام تا ئاهەنگی ئازادیم لەگەڵدا بگێڕن. هەموو بە جۆشوخرۆش بوون، هەموو لە بیرۆکەی نویّ تەژی بوون. ئێمە دەربارەی هەموو ئەو فیلمانە دواین، کە بەتەمابووین لە دوارۆژدا سازیانبکەین.
رۆژگاریش رۆژگاری وەرچەرخـان و نادڵنیایی بوو، ئاخر خۆ کەس بە کاری سـینەمایی، هونەر و نمایشـی شـانۆییەوە خەریکنەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، ئێمە خۆمان بۆ ئایندە ئامادەدەکرد.
شا و شاژن ولاّتیان لە پشت خۆیان بەجێهێشت، کارمەندانی باڵوێزخانەی ئەمریکا ژن و منداڵەکانی خۆیان ڕەوانەکردەوە. ژەنەڕاڵەکانی سوپاش دەسەلاّتیان گرتبووە دەست و باری ناکاویان جاڕدابوو، بەلاّم خۆ کەس بە گوێی نەدەکردن. خۆپیشـاندەران بەسـەر سـەربازگەکانیان دادا تا چەک بەدەستبێنن.رئەو کاتەی هێشتا ئایەتوڵلاّ خومەینی هەر لە عێراق بوو، لە ڕێی کاسێتی تۆمارکراوەوە لەگەڵ لایەنگر و شوێنکەوتوانی لە پەیوەندیـدا بوو. هەر لەو ماوەیەشـدا بو چووبـووە پاریس، تا لە ڕێی تەلەفزیۆن و سەتەلایتەوە ڕابەڕایەتیی شۆڕشەکە بکا.
ئەو هەگبەی خۆی تێکنابوو، لە ئانوسـاتی گەڕانەوە بوو بۆ نیشتمان، بـەلاّم ژەنەڕاڵـەکان هەڕەشـەی ئەوەیـان لێکـرد، فڕۆکەکـەی بخەنە خـوارەوە. منیش بڕیارمدابوو هەمو ڕووداو و بەسـەرهاتە مێژووییەکان بـە کامێراکەم تۆماربکەم، بەلاّم لەهەمان کاتیشـدا کۆبوونەوەم لەگەڵ تاقمـی فیلمەکەم کرد بەڵکـو ئامادەکاری بۆ فیلمـە نوێیەکەم بکەن. پێشـتر هەر لە زیندانەوە سـیناریۆی فیلمەکەم داڕشتبوو و بە سەدان جاریش فیلمەکەم لە مێشکی خۆم لێدابوو.
خۆی دەبووە یەکەمین فیلمی سینەماییم دوای شۆڕش.

ئاخر خۆ ڕژێمی شـا لەو دە سـاڵەی ڕابردوودا، لەوەدا سەرکەوتوبوو، بەتـەواوی پـەردە لەسـەر بزووتنـەوەی گەریلایـی هەڵبداتـەوە و ڕێکخستنەکانیان ئاشـکرابکا، هەموو سەرکردە سەرەکییەکانی لەکاتی شەڕی شەقامدا بکوژێ یان دوای گرتنیان لە سێدارەیان بدا. ئێستاش هـەر یەک دوو شـەڕڤانی گەنج مابوونـەوە، بەتەمابـوون ڕابەڕایەتیی بزووتنەوەکـە بکـەن. ئەوان لێـم نزیکبوونەوە بەڵکو کاریـان لەگەڵدا بکـەم، بـەڵام خـۆ من تەنیا و تەنیا دەمویسـت تیشـک بخەمە سـەر کاروباری خۆم.

کارەکەی منیش، فیلمە نوێیەکەم سەبارەت بە یەکەمین نەوەی گەریلاکان بوو، ئەوانەی لە ڕاپەرینەکەی دارسـتاندا سـەریان تێداچوو. سەبارەت بەوانە بوو، کە لە شـەڕی دەستەویەخەی شەقامەکاندا لەگەڵ پۆلیسی نهێنی ڕژێم کوژران و گیران، دەربارەی ئەوانە بوو، کە لەسێدارە دران و ئەوانەی شاژنیان ڕفاند.

بۆ ئەوەی کات بەدەسـتبێنم، تاقمی فیلمم ڕاسـپارد تا پێشوەختە بە دوای ئەکتەری شایستە و شوێنی لێگرتنی فیلمەکە لە نێو دارستانەکەدا بگەڕێن. منیش بە خۆم پەیوەندیم بە چەندین بەرهەمهێنەری جۆربەجۆر کـرد، بـەدوای ئەوەدا گـەڕام، ئاخۆ کێ بێ لـەم ڕۆژگارە نادڵنیاییەدا ئامادەبێ سەرمایەی خۆی لە فیلمێک بخاتەگەڕ.

سـێ مانگ دوای ئەوە، دوای ئەوەی هەموو هەوڵێکی سـوپا بۆ ئەوەی وڵات بخەنەژێر ڕکێفی خۆیان، شکستیهێنا و خۆپیشاندەرە چەکدارەکان هەموو وەزارەت و باڵەخانەکانی میرییان خسـتە بن دەسـتیان، ئیدی ژەنەڕاڵەکان بەرگی یەکپۆشـی فەرمی خۆیان داکەند و هەوڵی ئەوەیان دا لە وڵات هەڵبێن. ئەوە بوو ڕژێمی پاشـایەتیی پەهلەوی بەیەکجاری لەباریەکهەڵوەشا و ئایەتوڵڵا خومەینیش لە پاریسەوە بەرەو تاران فڕی تا جڵەوی دەسەڵات بگرێتەدەست.

تاقمەکەم و منیش بەسواری جێبێک بەرەو فرۆکەخانە ڕۆیشتین بەڵکو هاتنەوەی ئایەتوڵلا بکەینە فیلم. ئێمە کامێراکانمان لەسەر میچ قایمکرد و دەستمان بە فیلمگرتنی ئەو کرد، کە وەک جۆرە چاکەیەکی پیرۆز و موفەرک وا بوو.

بۆ ماوەی یەک هەفتەی بۆ هەموو شوێنێک بە دوای ئایەتوڵلاوە بووم، فیلمی هەموو ساتە گرنگەکانم گرت. تۆمارەکەم ببووە تۆمارێکی مێژوویی، کە بۆ میراتی نیشتمانی بۆ نەوەی داهاتوو پارێزراو بێ.

کاتێکیش هەموو ئەم شتانە تەواوبوون، چوومەوە نێو ستۆدیۆکەم و دەرکەم لەسەرخۆم داخست، تا تیشکۆی هزر و بیرم بخەمە سەر فیلمە نوێیەکەم. چەند ئەکتەرێکی گوڵبژێرم لێگرتن تا زیاتر باسی کارەکەیان بۆ بکەم. دوای ئەوەش بۆ ماوەیەک چووینە دارستانی پارێزگاکەی باکورر تا ئەو شوێنەی فیلمەکەی لێدەگرین، بپشکنین و لێیبکۆڵینەوە.

من هێشتا هەر لەناو دارستانەکەدا بووم، کاتێ ئایەتوڵلا خومەینی فەتوایەکی دا: «سینەما حەرامە! سینەماکان شوێنی گوناحن.»

خۆی ئەوە زللەیەک بوو بەر ڕووی من کەوت. باشە چۆن ئەوەی کرد؟ ئاخر بەو فەتوایەی خەونەکانی منی کوشت. منیش بێتاقەت بووم. کەسیش نەیدەتوانی دژی فەتوایەکی وەها بوەستێتەوە. شتێکی سامناک بوو. وای لێکردم بیر لە دیمەنە ڕەش و سپییەکانی سینەمای خۆمان بکەمەوە، کە تێیدا مانگایەک بە چاوی تۆقاوەوە سەربڕا. ئیدی هیچم لە نێو دارستانەکەدا بۆ نەمایەوە، گەڕامەوە تاران.

لێ گەلۆ، خۆ زیندان منی کردبووە کەسێکی توندوبەند، ئەم جۆرە فتوایانە منیان پێنەدەڕووخا. هەر دەبێ ڕێچکەیەک هەبێ، تا فیلمەکەم لە نێو جەنگەڵەکەدا تەواوبکەم، کەچی ژیان منی بەرەو ئاراستەیەکی دیکە نارد.

منیش دەستم دایەوە کامێراکەم، چووم بزانم ئاخۆ چیم پێدەکرێ.

## ٣

من فیلمی ئەو پیاوە ڕیشدارانەم گرت، کە چۆن بە زەبروزەنگ دەرکەی سینەماکەیان بە دار و بزمار داخست و چۆن ئایەتوڵڵاکان کاسێت و بەکرەی فیلمەکانیان لەسەریەک کەڵەکەکرد و ئاگریانتێبەردا.

ئەری گەلۆ، تۆبڵێی ئەو پیاوانە لە کوێ پەیدابوون. پێشتر ئەوانە لە کوێ بوون؟

وەها پێدەچوو ئەوان لە ئەشکەوتە شێدار و تاریکە ژێرزەمینەکانەوە هاتبەنەدەر.

لە سینەماکەوە بۆ ئەوی دی دەچووم و فیلمی هەموویانم گرت. هەروەها

قسەی ماخۆکانی سینەماکانیشم بە گریانەوە تۆمارکرد.

کاتێکیش ئەو ئێوارەیە بە درەنگ و تاریکییەوە گەڕامەوە ستۆدیۆکەم، لەسـەر پێخەفە یەک نەفەرییەکەم ڕاکشـام، هەستێکی وەهام بۆ هات، کەوا لەسەر چارپایە ئاسنینەکەی هۆبەی ژمارە ٧ی زیندانەکە ڕازاوم. خۆ ئەوەشم دەزانی دەبوایە جارێ ئارامبگرم. خۆی نەدەبوو پێشوەختە بکەومە پرتە و بۆڵەبۆڵ، چونکە فێرببوم گەر هەر بۆڵەبۆڵ بکەی ئەوا دەیدۆڕێنـی. هەق وایە لەو جۆرە دۆخانـەدا خۆت بدۆزیەوە، لەو ڕۆژە ناشـیرنانە خـۆت لە بارێکی وەها دابنێی، کـە ئەرێنیانە بێ، دەنا گەر وانەکەی، ئەوا هەموو شـتێکت لەدەسـت دەردەچێ، ئەوسا ژیان وەک لمی ناو لەپ، لە نێو درزی پەنجەکانت دەڕژێ و خۆشت فت دەبی.

کـەس چاوەڕێی ئەوە نەبـوو کە ڕوویدا، بەڵام خۆ مـەلا ڕوحانییەکان ڕادیـکال و تۆڵەسـتێن بـوون. ئێسـتاش کـە جڵـەوی دەسـەڵاتیان کەوتۆتەدەسـت و تامیشـیان کرد، ویسـتیان دەست بەسـەر جیهاندا بگرن. وەک هەنگاوی یەکەمیان، بەسەر باڵوێزخانەی ئەمریکایان دادا. باڵوێز و کارمەندەکانیان بە بارمتە گرتن.
نەشدەکرا هیچ فیلمێکی سینەمایی بەرهەمبێنم، بەڵام دەکرا شاهید بم، پیاوێک بە خۆی و کامێرایەکەوە بەسەریاندا گەواهیدەر بێ.
مـن فیلمی باڵوێزی ئەمریکام گرت، بەدەسـت و چاوبەسـتراوی بەرەو شـوێنێکی نهێنـی بـردرا. لەگـەڵ پیـاوە ڕیشـدارەکاندا چوومە ماڵی باڵوێزەکـە و فیلمی هەموو شـتێکم گرت، فیلمی هەموو ئەو کورسـی و قەنەفـە و پێخەفانەی شـکاندبوویان. وێنەی دۆڵابی جلەکانیم گرت، وێنەی منداڵەکانی، نانی سـەر خوان، شـیری نێوبەفرگرە و دانەیەکی لەبەرگیراوی فیلمەکەشم بۆ تۆڕی تەلەفزیۆنەکان نارد. سی ئێن ئێن و

بی بی سیش ڕاستەوخۆ بۆ جیهان پەخشیانکرد.
ئەوەی ئەو ڕۆژانە کردم شتێکی ترسناک بوو.

مـن کورتەفیلمێکـم لـە سـتۆدیۆکەی خـۆم دروسـتکرد و هەموو ئەو فیلمە سـینەماییانەم، کە لە لای هاوڕێ کۆنەکانم بون، لای خاوەندارە پێشـووەکانی سـینەماکان بوون، کە هەر هەمووشـیان فیلمی بێگانە بوون، لە ماوەی ئەو دە سـاڵەی ڕابردوودا بەرهەمهێنرابوون، هێنانەوە تا تەماشـایان بکەمەوە. هەر شـەوێک سـەیری فیلمێکم دەکرد. خۆی ئەمەش تەماشاکردنێکی فێرخوازانە بوو، خۆشیشیم لێدەبینی. هەروەها لەو ماوەیەدا کتێبیشم خوێندنەوە و گوێشم لە موزیک دەگرت.
کەچـی لەمـاوەی ئەو شـەوانەدا، حەزم چووە گەرمی و بەخشـندەیی ژنێـک. غەریبـی «بـاران»م کرد و داڵغـە و هـزرم زۆر لای ئەو بوو.
ئەویش ڕۆیشتبوو، لە ئەمریکا ژیانێکی نوێی بۆ خۆی پێکەوەنابوو.
دەستەخوشـکێکی ئەو پێیڕاگەیاندم، کاتێ من شـاژنم ڕفاند ئەویشیان گرت.
ڕۆژێکـی تـەواو لـە ژوورێکی تاریکیان کـرد، ئازار و ئەشـکەنجەیەکی دەروونییـان دابوو و سـەبارەت بـە ڕفاندنەکە کەوتبوونـە لێکۆڵینەوە لەگەڵـی. کاتێکیش قەناعەتیان وا بـوو، کە باران هیچی لەگەڵ هیچدا نییـە، ئازادیانکردبوو. بۆ ڕۆژی پاشـتر کەوتبووە نەخۆشـخانە. لەوێ بۆیدەردەکەوێ، کە دووگیانە و کۆرپەلەکەشی لەبار چووە.
یـەک دوو جـار هاتمەسـەر ئـەوەی لە ڕێـی براکەیەوە لـە ئەمریکاوە پەیوەندی پێوە بکەمەوە، بەڵام وام نەکرد. خۆ لەو هەموو ساڵانە ئەو هەوڵی نەدا سۆراخێکی هەبێ، تەنانەت تاکە نامەیەکیشی بۆ نەناردمە زیندان. دەشـیزانی ئازادکراوم، دەکرا زەنگی تەلەفۆنم بۆ لێبدا، بەڵام ئـەوە ڕوون بـوو، بڕیاری ئەوەی دابوو پشـت لە ڕابـردووی بکا، بۆیە

منیش نەدەبوو پەیوەندی پێوە بکەمەوە.

لە لایەن هاوکارەکانمەوە باسی «مەرجان»م بۆ کرا، بەڵام خۆ کەس نەیدەزانی لە کوێیە. هەموو ڕۆژێ، هەموو شەوێ چاوەڕێی ئەوەم دەکرد لەپڕ لێم پەیدابێ، کەچی پەیدانەبوو. دایکی کۆچی دوایی کردبوو، بەدەر لەوە کەسی دیکەی ماڵباتەکەم نەدەناسی. گومانم بۆ ئەوە چوو مردبێ، لە یەکێ لەو شەڕانەی سەرشەقام یان لە ژووری ئەشکەنجەداندا کوژابێ و ئیدی هەیتە و پۆلیسە نهێنییەکانی ڕژێم بەنهێنی و بە گۆڕغەریبی لە شوێنێک بن گڵیان کردبێ.
غەریبی ژنێکم دەکرد، بەڵام دوای دە ساڵی ڕەبەق کە لە زیندان ژیابووم، نەمدەتوانی هێندەی بڵێن یەک و دوو دەست بە پەیوەندی دیکە بکەمەوە. هەموو ئەوەی دەمەویست ئەوە بوو، خۆ بای ئەوەندە ئافرەتیش هەبوون لەگەڵ خۆیان ببەمەوە ستۆدیۆکەم، بەڵام من خۆمم دەناسی: ئەو شتە نەکرا.

## ٤

تەنیاییم لە نێو ستۆدیۆکەدا خستمیە سەر کەڵکەڵەی بیرکردنەوە لە کەسایەتیی کتێبێکی کۆنی فارسی، ناوی (**کوندەبەبۆ کوێرەکە**)یە.

چیرۆکێکی تاریک و قورسە سەبارەت بە کەسێکی تەنیا، کە هەر لە نێو یادەوەرییەکانی دەژی و هیچ پەیوەندی و هاموشۆیەکیشی بە جیهانی دەرەوە نییە.

شەوێکیان، کاتێک لە پیاسەکەی خۆی دەگەڕێتەوە ماڵێ، ئافرەتێکی تەلیسماوی لەبن جلوبەرگێکی ڕەشدا لە دەرکەی ماڵێ چاوەڕێیدەکا. ئەویش دەرکەکە دەکاتەوە هەنگاوێک لە ژنەکە دووردەکەوێتەوە. ژنەکە

بەبێ ئەوەی فەرمووشی لێبکا بەدوایدا دەچێتەژوور.
کتێبەکە دەق هەر دەڵێی باسی ئەو کەشە سامناکە دەکا، کە مەلا ڕوحانییەکان دوای دەسەڵاتگرتنە دەستیان خوڵقاندیان. لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە، ئەو بارستە کتێبە دووبارە چاپکراوەی ڕۆمانەکە لە جامخانەی کتێبفرۆشەکان دانرابێ.
ساڵانێکی درێژە، لە تافی لاویمدا کتێبەکەم خوێندبووەوە. هەر بەڕاستیش یەکێک بوو لە کتێبە هەرە جدییەکان، کە خوێندبوومەوە. هەمووان بە شاکاری لەقەڵەمدەدەن، بەڵام من ئەو کات زۆر گەنج بووم، هێشتا زوو بوو تا چیرۆکێکی وەها ڕەشبین و تاریک کارمتێبکا.
لێ گەلۆ، ژنە تەلیسماویەکەی نێو چیرۆکەکە ماوەیەکی درێژ بە خۆیەوە سەرقاڵیکردم. هەرچەندە خۆیشی ژنێکی نێو خەیاڵ بوو، بەڵام خۆ دەکرا بە شێوەیەکی باش شێت و شەیدای ببم. من برگەیەکی لێدەهێنمەوە تا مەبەستەکەم بەباشی ڕوونبکەمەوە. پیاوە تەنیاکە ئەمەی خوارەوەی گوت: «خۆشەویستی من بۆ ژنەکە شتێکی تەواو جیاوازبوو. بەدڵنیاییەوە، من ئەوم پێشتر دەناسی و چاوە ناسک و نازدارەکانی، دەمە نیوە کراوەکەی، دەنگە نەرم و بەئەستەم بیستراوەکەی، هەموو ئەو سەرنجانەی ئەو یادەوەریی دوور و بەئازارەی لێ بەسوێ هێنامەوە. ئەو شتێکی بەرجەستەدەکرد، کە من لێی بێبەش بووم.»
دانەیەکی کتێبەکەم لە نێو دۆڵابی کتێبخانەی ستۆدیۆکەمدا هەبوو تا سەرلەنوێ بیخوێنمەوە. ئاخر من ئێستا لەگەڵ ڕابردوو تەواو جیاواز بووم، بەڵام خۆ ژنەکەی نێو کتێبەکە هەمیشە هەر مایەی سەرنجڕاکێشانم بوو. دیسان برگەیەکی دیکەی کتێبەکە:
«ئەو بۆ من ژنێک بوو، لە هەمان کاتیشدا بەرجەستەکردنی شتێک بوو لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە. ڕوخساری کاریگەرییەکی سەرگەردانانەی

لەسەر من هەبوو، هەموو ڕوخسارە کۆنەکانی نێو یادەوەریشمی تارماویکردن، ئەو ئەوەندە چڕببووەوە، ئیدی لە شوێنی خۆم لەرزیم و ئەژنۆکانیشم بە دیتنی شل بوون. لە نیگایەکی ڕاگوزەرەوە سەرتاپای ژیانی پڕ لە ناسۆرم لە چاوەکانی ئەودا، لەو چاوە گەورە بێ وێنانە، ڕەنگیدایەوە. چاوی تەڕ و پرشنگدار وەک ئەڵماسی خڕ، کە لەنێو فرمێسکدا نغرۆ ببن. ئیدی لەنێو ئەو چاوانە، لە نێو ئەو چاوە ڕەشانەدا خۆم لە نێو شەوێکی بێ کۆتا و ئەنگوستەچاودا دۆزییەوە، کە پێشتر زۆر هەڵوەدای ببووم.»

خۆی، کتێبەکە هی ئەوە نەبوو بەیەکجار و لەسەر یەک بخوێندرێتەوە و خەتمبکرێ، من هەموو شەوێک لەسەرخۆ چەند لاپەڕەیەکم لێدەخوێندەوە، تا هەر لەنێو کەشوهەوای چیرۆکەکەدا بمێنمەوە.

ئەوە بوو شەوێکیان بە درەنگەوە لە پیاسە گەڕامەوە ستۆدیۆکەم، ژنێکم بینی لەبن چارشێوێکی ڕەش، لەبەردەم جامخانەی کتێبفرۆشەکە وەستاوە.

ئەوەش مایەی تێبینی بوو، ئای لەوە، ژنێکی ئاوا لەو ڕۆژگارە پڕ لە هەرا و پاشاگەردانییەی شۆڕش، بەو درەنگ وەختە بەسەر شەقامدا بەتەنیا بڕوا.

لەو ساتەی کلیلم لە قفڵی دەرکەی ستۆدیۆکە بادا و دەرکەم کردەوە، تەماشایەکی کردم. منیش لەوەی بینیم حەپەسام. نەمدەتوانی ڕاستی و خەیاڵ لەیەک جیابکەمەوە. وام زانی ئەو ژنەکەی نێو ڕۆمانەکە بوو. خۆ دەشکرا ئەو هەر ژنێکی لەشفرۆش بێ. ئاخر ئایەتوڵڵا خومەینی فەتوایەکیشی سەبارەت بە لەشفرۆشەکان دەرکردبوو: «ئەوەی ئەوان دەیکەن حەرامە.» دوای ئەوە پیاوە بەرپێنەکان قەحپەخانەی گەورەی تارانیان بە بلدۆزەر لەگەڵ زەویدا تەختکرد. لەو کاتەوە قەحپەکان خۆیان لە تاریکیی شەقامەکان، لەژێر چارشێوی ڕەشدا حەشاردا.

من هەروەک پیاوێک سەیری قەحپەیەک بکا، ئاوەها لێمڕوانی. هەڵبەتە ئەو شتێکی خەیاڵی نەبوو، خۆم بە چاوی خۆم بینی، ئەو ئافرەتێک بوو بە دووچاوی تەڕی پڕشنگدارەوە. ئیدی یادەوەرییە بەسوێکانی بەبیرهێنامەوە.

خۆ ئەگەر قەحپە بوایە، دەکرا بانگیبکەم و لەگەڵ خۆمدا بیبەمە ژوور. ئاخر ئەو پارەی دەویست و منیش بەخشندەیی. بەڵام نەخێر، ئەو لەشفرۆش نەبوو. ئەو بۆ ئەوە هاتبووە ئێرە لای من تا بەیەکەوە سەیری فیلمەکان بکەین، بۆ ئەوەی من بە تەنیا نەمێنمەوە. منیش هەندێ خۆم لادا و لێگەڕام ئەو بێتە ژوور.

دەرکەی ژووری کارکردنم لەسەری کردەوە و گڵۆپەکەشم هەڵکرد. ئەویش بە متمانەوە خۆی بە نێو ژوورەکەدا کرد، وەک ئەوەی زۆر جاری دیکەش هاتبێ. ئەو چوو لەسەر ڕەخی پێخەفە بچکۆلەکەم دانیشت و چارشێوە ڕەشەکەشی لەسەر شانەکانی لادا. دەمودەست بینیم، ئەو ژنێکی ئاساییە، ئەمما کاریگەر.

لە ژوورەکە چوومەدەر بەڵکو چایەک لە دێم بنێم و هەرچی میوەیەکیش لەنێو بەفرگرەکە هەیە بێنم و لەسەر مێز داینێم. کاتێکیش گەڕامەوە، بینیم لەسەر پێخەفەکە ڕاکشاوە و ئەژنۆکانیشی هێناونەتە بەرخۆ بۆ بن چارشێوەکە.

پیاوە تەنیاکەی نێو ڕۆمانەکە ژنەکەی نێو چیرۆکەکەی کوشت، بەڵام من لەبەر خۆمەوە ئەوەم هەڵسەنگاند، لەبەر خاتری شەوە تەنیاییەکانم لە لای خۆمی بهێڵمەوە.

ئینجا گڵۆپم کوژاندەوە، دەزگای فیلمەکەم هەڵکرد و لەتەنیشت ئەو لەسەر پێخەفەکە دانیشتم. ئێمە بەبێدەنگی سەیری فیلمەکانمان کرد. دەستێکم بۆ سەری برد، لە ژێر تیشکی ئامێری فیلملێدەرەکە یاریم بە داوە پرچەکانی کرد. ئەویش دەستیگرتم و لەسەر ڕوومەتی خۆی

دانــا، منیــش بە نەرمی قورنجێکــم لە کوڵمەی گرت و بــە پەنجەکانم بــەدوای خەتــی لێوەکانیدا ڕۆیشــتم. کاتێک خۆم بۆ شــۆڕکردەوە تا برژانگەکانی ماچ بکەم، فڕۆکەیەکی گەورە بە دەنگێک، کە مرۆڤی کەڕ دەکــرد، بەلای پەنجەرەکەدا ڕەتبوو. بان و دیوارەکان لەرزین، دەزگای فیلملێدەرەکە کەوتە سەر زەوی و شکا و ژوورەکەش بە تەواوی تاریک بــوو. کامێراکەم و وێنە لەچوارچێوەگیــراوەکان، ئەوانەی بە دیوارەوە هەڵواســرابوون، بەربوونــەوە. لــە شــوێنی خۆم بازمــدا و چومە لای مینا شــکاوەکانی پەنجەرەکە. هەر یەک دوو چرکە دواتر، ســێ بۆمب تەقینەوە، پەنجەرەی ستۆدیۆکەمیان هەژاند.

پیاوێک لە خوارەوە هاواری کرد: «جەنگ هەڵگیرسا!»

عێراقی دراوسێ، فڕۆکەخانەی تارانی بۆمبارانکرد.

زەنگی جەنگ لەسەرتاپای شارەکە دەنگیدایەوە. لە بڵندگۆوە داواکرا، هەموو چراکان بکوژێننەوە.

فڕۆکەیەکــی دیکەش پەیدابوو، لە هی یەکەم بەدەنگتریش بوو. منیش غارمدایــە لای ژنەکــە، کە وەک بەرد هێشــتا هەر لەســەر پێخەفەکەم دانیشــتبوو، ئیدی ڕامکێشا خوار بۆ ســەر ناوکەوەکە، هەرچەندە گەر هاتبــا و باڵەخانەکــە بۆمبارانکرابــا، هیچ دادی نــەدەدا. بۆمبەکان لە شوێنێک لە دوورەوە کەوتن. منیش دیسان خێرا چوومەوە لای پەنجەرە و بینیم ســتوونێک لە گڕیەئاگر و دووکەڵ بۆ ئاســمان بەرزدەبووەوە. دەبــوو هــەر زوو دەربچم و هەموو شــتێک بە کامێراکــەم تۆماربکەم. بەپەلەپــروزێ بــە دوای کامێراکــەدا گــەڕام. کاتێکیــش دۆزیمــەوە، تاقیمکردەوە ئاخۆ کاردەکا. بۆ خۆشــبەختی نەشــکابوو. دەستم گێڕا بەڵکو یەک دوو کاســێتی بەتاڵ هەڵگرم، ئینجا بەدوای کۆڵەپشتەکەم گــەڕام تــا بیانخەمەنــاو. کاتێکیش لەمــە بوومەوە، ئەوەم لەمێشــکی خــۆم دانا هەندێــک پارە بدەمە ژنەکە و بە ڕێــگای خۆیدا بینێرمەوە،

هەرچۆنێک بو بڕیارەکەم هیچی لێشین نەبوو، ئاخر خۆ ئەو لەشفرۆش نەبوو. لەو تاریکییە لەسەر زەوییەکە گەڕام ئاخۆ لە کوێیە، بەڵام ئەو لەوێ نەمابوو. سەیری سەر پێخەفەکەشم کرد، لەوێش نەمابوو.

بانگمکرد: «ئەرێ لە کوێی؟»

هیچ وەڵام نەبوو.

- «ئەرێ هێشتا لێرە ماوی؟»

ئەو لەوێ نەمابوو.

دیسان فڕۆکەیەکی دیکە پەیدابوو. بە دەنگەدەنگێکی زۆرەوە بە ئاراستەی ئەو گەڕەکە ڕۆیشت، کە ئایەتوڵڵا خومەینی بە شێوەیەکی کاتی لێیدەژیا، ئیدی بۆمبەکانی لەوێ بەردانەوە.

منیش بە ئەسپایی لە پەیژەکان دابەزیم.

بەو تاریکییە بەرەو گەڕەکەکەی ئایەتوڵڵا ڕامکرد. **وام دانەنا بوو، کەوا بەرەو ڕێچکەیەکی نوێ غاردەدەم.**

## ٥

**کاتێک هێشـتا گەنجی، هێشـتا بەهۆی ئەو ڕێیانەی بڕیوتن، شەکەت و کەنەفت نەبووی؛ ئەوا دەبێ ئاساییانە ڕێبکەی و درێژە بە کاروانەکەت بدەی. هەندێک دەتوانن تا کۆتایی بە ڕێگەکەیاندا بڕۆن، هەندێکیشیان لە نیوەی ڕێگە پەکیاندەکەوێ و گیردەخۆن، هەندێکیش لەسـەر ڕێگە لادەدرێـن. کەچـی خۆ خاڵی مـاک لێرەدا ناگۆڕێ: ئـەوە ڕێگەکەتە و تۆش دەبێ لەسـەری بـڕۆی. هەر بە ڕێگەوە ئـەوەت بۆ دەردەکەوێ، ئاخۆ چۆن دەیبڕی و بە چی دەگەی.**

ڕاستییەکەی ئەوەی لێرەدا دەیگێڕمەوە، هەر هەمان شتە کە زەردەشت

سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە شێوەی گاتادا پوختی کردووەتەوە: **«هەر کەسە و بەو ڕێگەیەدا دەڕوا کە پێی لەسەر داناوە.»**

لـە سـەردەمی منداڵیمدا، کاتێ لە قەڵاکەدا دەژیـام، بۆ هەموو لایەک هەر بە پێی خۆمان دەڕۆیشتین. هیچ کات پێویست نەبوو سواری پاس یان تەکسی ببین. خۆ غاردانیش نەبووەتە یاری کەسانی ئاسایی. ئەوە تەنیا هەر بۆ وەرزشـوانانە، ئەوانـەی دەیانەوێ بۆ بردنەوە لە خەڵاتی کێبڕکێی ڕاکردندا بەشداریبکەن.

لە تاران زیاتر ئەوەم پێ خۆش بوو، بە پێ لە ماڵ بەرەو ستۆدیۆکەم بڕۆم. هاوڕێکانم بەسـەر شـاخەکان دەکەوتن، بەڵام خۆ من پێویستیم بەمە نەبوو.

لە هۆبەی زیندانی ژمارە (٧)دا هەموو بەیانیان مەشـقماندەکرد. خۆی ئەمەشیان وەرزش نەبوو، بەڵام جووڵەکە زۆر پێویست بوو.

لە ڕۆژە جەنجاڵ و سەرقاڵییەکانی شۆڕشدا، هیچ کاتی وەرزشم نەبوو. هەر بیریشم لێنەدەکردەوە.

دوای ئـەوەی لـە وڵات هەڵاتم و گەیشـتمە «کەراچی» لە پاکسـتان، ڕۆیشتن و غاردان ببوونە دوو چالاکی پێویستیی ژیانم.

ئاخـر دەقـاودەق لەو شـارەدا ژیانێکـی ئاوارەیی دەژیام. لە شـەو و ڕۆژێکدا بوومە کەسێکی بێ ماڵ و لانە و بێ ئایندە. هەر بە تەنیا نانی وشکم دەخوارد و ئاویشم بەسەردادەکرد.

دوو سـاڵ لەسـەریەک ڕۆژانە تێکڕا سـی کیلۆمەتر بە پێ دەڕۆیشتم. ئاگام لەوەش نەبوو، لە میانەی ئەو هەموو ڕۆیشـتنە، ماسـولکەکانی قاچم چەند بەهێز و ئەستوور ببوون.

لەڕێی ڕێکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشـتمە هۆڵەندا، لەوێ بۆ یەکەمیـن جـار چاوم بە کۆمەڵە خەڵکێک کـەوت بە دەوری مەزراکەدا ڕایاندەکرد. منیش هەر لە خۆمەوە بەدوایاندا ڕامکرد. ئیدی لەو ساتەوە

لە ڕاکردن نەوەستاوم.

کاتــی خۆی هەرگیز من لــە هەوادارانی ڕاکردن نەبووم، هەمیشــە ئەو کارەم بەم جۆرە کردووە، کە ڕیتویلێکە تا پشــوویەک بە مێشکم بدەم و هزرەکانــم ڕێکبخەمەوە. کاتێکیــش کێڵگە و مەزرای دکتۆر ماینەمام کڕیەوە، هەمیشــە بە ئاراستەی «پاینەکەر» ڕامدەکرد، لە گوندەکەی «نۆوتــدۆرپ» تێدەپەڕێــم ئینجــا لەوێــوە دەگەڕامــەوە کێڵگەکــەم. مەوداکەشــی دە کیلۆمەتــر دەبــوو، منیش ژمارەکەم جوان و خشــت دەبینی و زیاتر لە بایی پێویستیش بوو بۆ من.
لە کاتی غاردانێشــدا هەمیشە تەماشــای کاتژمێرەکەی دەستم دەکرد، زۆر جاران دوای یەک سەعات غاردان دەوەستام. لێ کاتێ (ئاورێلیا)م لێپەیدابوو، هەموو شتێک گۆڕا.
ئاخر (ئاورێلیا) لە کاتی نەدەزانی.
دەکرێ منیش ســەرچیخچوویم. لەوانەیە بەباشــی کاتی زانیبێ، بەڵام لێرە لەو کێڵگەیەدا بە ئەنقەست پشتگوێی خستبێ.
هەروەها گوێی بە مەوداش نەدەدا.
هێشتاش بۆم دەرنەکەوتووە، کە بۆچی وەها دەکا.
بەڵکو لە هەوڵی ئەوە دابێ کاتی مانەوەی خۆی لە کێڵگەکەدا حیساب نەکا، تا وادەی گەڕانەوەی نەیەت.
خۆ ڕێیتێدەچێ لەبەر منیش وەها بکا، تا بە شێوازێکی دیکە بەیەکەوە بمێنینەوە.
گەلۆ، خۆ بۆ من کات بە دروســتی هەیە. هەر لەو کاتەی (ئاورێلیام) لێپەیدابــووە، کات لــە خۆیەوە خێرا بووە. هەر بۆیە زیاتر کاردەکەم و کاتیشــم زیاتر بۆ تەواوکردنی ئەم کتێبــە تەرخانکردووە، لە جارانیش بەئاگاترم، بە باشــی کەڵک لە مــاوەی ڕۆژەکەم وەردەگرم، تامی کات

دەکەم و چێژ لە هەموو هەنگاوێک دەبینم، کە لە کاتی غارداندا دەیهاوێژم.
ساڵانێکی دوورودرێژ هەر هەمان مەودا ڕۆیشتووم، بە ئاراستەی «پاینەکەر» بەرەو «نۆوتدۆرپ» و لەوێش بگەڕێوە. ئەوە (ئاورێلیا) بوو، کە منی خستە سەر ڕێچکەیەکی دیکە.
دوای نیوەڕۆیەکیان، ئەو کاتەی ویستم غاربدەم، ئەویش سواری ئەسپەکە بوو، بەدوای مندا هات. منیش ئاماژەم بۆکرد: «دەی بگەڕێوە کێڵگەکە!» بەڵام خۆ ئەو هەر گوێیپێنەدا، هەر بە گورگەلۆقێی ئەسپەکە هات و لێم تێپەڕێ و بە پێشم کەوت.
ئیدی منیش بەدوایدا ڕامکرد.

ئاورێلیا کات و مەوداکانی منی بەلاوە نا. کاتێکیش جلوبەرگی وەرزشی بکەمەبەرم و پێڵاوی غاردان بکەمە پێم، ئەویش یەکسەر دەچێ ئەسپەکە لە تەویلەکە دەردێنێ. ئەو لە پێشم بەرەو دارستانەکە غاردەدا و زیاتر دەڕوا تا لای دەریاچەکە، لەوێ بە لای خانووی پلاستیکی تووفەڕەنگی، کێڵگەی مێلاقە (تولپە) پرتەقالیەکان، باخی سێو و هەرمێ، گۆمی قازەکان، ئاشی هەوایی سەدەکانی ناوەڕاست ئینجا دوورتریش بەسەر پردە گەورە ئاسنینەکەدا دەپەڕێتەوە، بە لاڕێی ڕێگای خێرا، بە دەوری ڕێگەی ئاسنین، کە هەندێک جار قیتاری هەرە خێرای بەرەو پاریسی بەسەرردادەڕوا، ئینجا بە لای مزگەوتێکی بچکۆلەی تورکەکان و بەلای کڵێسا کۆنەکە، کە هەمیشە بەسەر پشتی ئەسپەوە لەوێ دەسووڕێتەوە، ئەوسا بەلای سەدان گامێش، ئەسپ، بەراز، مراوی، مێشومەگەز، لێرە و لەوێش بە لای ئاسک و مامزەکاندا دەڕوا و دەگەڕێتەوە. ئەو لە پێشمەوە بەغار دەڕوا لەنێو یادەوەرییەکانی نغرۆبووە، منیش بەدوایدا لەنێو یادەوەرییەکانم هەر غاردەدەم.

کاتێکیش دەگەڕێینەوە کێڵگەکە، بە خۆشم نازانم چەند دوور ڕۆیشتووم و چەندی پێچووە تا گەڕاوینەتەوە. بە نێو تەختایی کێڵگەکەدا غاردەدەم و ئارەقــەی تەواودەکــەم و ئینجــا دێم و لەســەر کورســی قەپەنگەکە پاڵدەکەوم. (گورگی)ش دێت و خۆی لە لاقم دەخشێنێ.

(ئاورێلیــا)ش پەرداخێــک خواردنــەوەی تەڕوتــازەی نایابــم دەداتێ. خواردنەوەکــەی لــە گیا ڕەنگیــن و هەنگوێنی خۆماڵیی مێشــەکانمان دروستکردووە، ئای کە چەند سەرسامکەرە، هێز و تینم بۆ دەگەڕێنێتەوە، خواردنەوەیەکی زۆر ســووکە، دەســتکردی ماڵەوەیە، وات لێدەکا هیچ کات فەرامۆشینەکەی.

دوێنــێ کاتێ لە دووتوێی چیرۆکەکەمدا جەنگ هەڵگیرســا، بانگمکرد:

«ئاورێلیا! ئەرێ دەکرێ مەودایەک ڕابکەین؟»

ڕاســتییەکەی خۆ هەر پێویســتیش نەبوو بانگیبکەم. ئەو لە خوارەوە بە خۆی و ئەســپەکە ئامادەبوو. ئەو گەیشــتە گۆڕاییەکە منیش خۆم گەیاندێ.

## ٦

ئەوەبوو بەو تاریکییە بۆ شــوێنی حەوانەوەی ئایەتوڵڵا، ئەو شــوێنەی کە ســتوونی ئاگر و دووکەڵی لێهەڵدەستا ڕامکرد. ئای کە تاکسی یان ترۆمبێلێکی باربەر بۆ ئەو کاتە چەند پێویست بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ترۆمبێلێکــی پڕ لە ماددەی تەقینەوە لەبــەردەم دەروازەی تەلەفزیۆن تەقیبووەوە. نەدەبوو ترۆمبێلی دیکە بەرەو ئەوێ بڕۆن.

بەڵێ ماتۆڕســوارێک بەوێدا هات. لێخوڕە ڕیشــدارەکە منی بە کامێرای سەرشــانمەوە ناســییەوە، لەگەڵ خۆی ســواریکردم و بــەرەو ئامانجە بۆردمانکراوەکە لێیخوڕی.

ڕێگەکـەی ئـەوێ پڕبوو لە پیاوە چەکدارەکانی پاسـەوانانی شـۆڕش، چونکـە کامێرام پێبـوو، وێنەی هەموو شتێکیشـم دەگـرت، ڕێگەیان لێنەگرتین.
فیلمی ئەو خەڵکەم گرت، کە لە ترسی بۆمبارانکردن ماڵەکانی خۆیان جێهێشتبوو بەڕەقوتەقی لە ناوەڕاستی شەقامەکان وەستابوون.
ئینجا زەنگی ئاگادارکردنەوەی شەپۆلێکی دیکەی بۆمباباران لێدرایەوە. بـە بڵندگۆش هـەر هاواردەکرا چـراکان بکوژێننەوە، بۆ خۆپاراسـتن بڕۆنـە ژێرزەمینی باڵەخانەکان، ئەوانـەی وەک کونەتەیارەی گەورە وا بوون. دایبابەکانیش منداڵەکانیان لە کۆڵدەکرد و بەرەو ئەو شـوێنانە ڕایاندەکرد.
فڕۆکەیەکـی دیکەی جەنگـی بە خۆی و دەنگێکی یەکجار سـامناک و تۆقێنـەر پەیدابوو. ئەوەندە بە نزمی فـڕی توانیم هەم وێنەی خۆی و هـەم فڕۆکەوانەکەشـی بگرم. ئیدی خەڵک خۆی بەسـەر زەوی دادا و دەستیان بە گوێکانی خۆیانەوە نا. فڕۆکەکەش هەروەک ئێمە ئاراستەی خۆی بەرەو گەڕەکی ئایەتوڵڵا سووڕاندەوە، بەڵام خۆ دۆشکەکانی سەر بانـەکان کردبوویانە ڕۆژی خۆیان. ئینجا فڕۆکەکە ئاراسـتەکەی خۆی گـۆڕی، هەر زوو خـۆی خاڵیکردەوە، بۆمبەکانی بەردانەوە و خۆشـی تێیتەقانـد و دوورکەوتـەوە. دیار بوو پێکرا و دووکەڵێکی چڕی سـپی لەدوای خۆی جێهێشت. وێنەی فڕۆکەکەم گرت تا لە لەپشت تەلارەکە ئاوابوو، لەودیو، لە شـوێنێک کەوتەخوار؛ لە دووکەڵەکەیەوەڕا دیاربوو لـە دامێنی چیای «توچال» کەوتەخوار. ماتۆڕسـوارە ڕیشـدارەکەش پێیپیوەنا و بەو پەڕی خێراییەوە بۆیدەرچوو، بەڵکو بیگەینێ و وێنەی فڕۆکەکە بە تێکشکاوی بگرین.
خەڵکەکە، فڕۆکەوانە عێراقییەکەی بینی بوو، بە پەڕەشووت بەر لەوەی فڕۆکەکە لەسـەر گردەکە بکەوێ، خۆی هەڵدابوو. بەسـەدان کەس بە

کێوەکـەدا هەڵگـەڕان بەڵکـو فڕۆکەوانەکە بگرن بەرلــەوەی بەتەواوی تاریک دابێ و بتوانێ ڕابکا.

ڕاستییەکەی ئەو نەیدەتوانی لە ڕێی شاخەکانەوە دەربازببێ، بەڵام خۆ ئەو هەڵات، بێگومان لە ترسی ئاپۆرای خەڵکەکە هەڵات، نەبادا بیگرن و هەر لەوێش ساردیبکەنەوە.

ئێمەش گەیشــتینە سەر شــکەلکی[1] فڕۆکە تێکشکاوەکە، هێشتا ئاگری لێهەڵدەســتا. من بەکامێراکەم فیلمەکەم گرت؛ ئاخر دەمزانی تۆمارەکە چەند بۆ شــانازی نیشــتمانی گرنگە تــا ئەم ســەرکەوتنە بچکۆلانەیە لەســـەر شاشـــەی تەلەفزیۆن نیشانبدرێ. بەدوای ئەو خەڵکەشدا چووم کە بەســـەر شاخەکان کەوتبوون، بەدوای گرتنی فڕۆکەوانەکەوە بوون. فیلمـی خەڵکەکە، هــی کێوەکان، هــی مانگە درەوشــاوەکە، هی ئەو کەروێشــکانەی هەڵدەهاتن، هی ئەو مارانەی خێرا لە بن بەردێکەوە بۆ ئەوی دیکە دەخشــان، هی بزنە کێیوەکان کە نەیاندەزانی ئاخۆ بۆچی ئەو خەڵکە شــەوە ئارامەکەیان لێتێکداون، فیلمی هەموو ئەو شــتانەی هاتنەڕێـم، گــرت. خۆ نابــێ فڕۆکەوانەکــەش زۆر دوورکەوتبێتەوە، لە دوورتر نیشــانە بێژمارەکانی تایبەت بــە کێوەکە دانرابوون، هەموویان نیشــانەبوون بۆ عاسێبوون، لەوێوە پتر هیچ ڕێچکەیەک نەدەما تا مرۆ پێیدا بڕوا.

یــەک دوو کەروێشــک، کە لەپڕ بەســـەر گابەردەکان بازیاندا، شــوێنی خۆحەشــاردانی فڕۆکەوانەکەیان ئاشــکراکرد. ئاخر ســێ پیاو بە دوای کەروێشکەکاندا چوون، ئەوە بوو فڕۆکەوانەکەیان لەبن گابەرێکدا دەرهێنا. منیش لەبەر تیشــکی مانگدا وێنەی فڕۆکەوانە تۆقیوەکەم گرت. یەکێ لە پیاوەکان بە مست لە دەموچاویدا، یەکێکی دیکەش هاواریکرد نابێ

---

١. شکەلک: شتێک لەکەلک کەوتبێ، لێرەدا واتای بۆدییە تێکشکاوەکەی فڕۆکەکە دەدا.

لێیبدرێ چونکە ئەو بەدیل گیراوە. فڕۆکەوانە عێراقییەکەش هەردوو دەستی بەرزکردنەوە و بە عەرەبی، بەزمانتێکئالاوی کەوتە پاڕانەوە. بەلام خۆ کەس لە عەرەبی نەدەگەیشت، ئیدی فڕۆکەوانەکە بە دەستی لەرزۆکەوە وێنەیەکی لە بەرکەی دەرهێنا: ویستی ئەوە بلێ سێ منداڵی وردیلەم هەن. منیش لەبەر تیشکی مانگدا فیلمی هەموو شتێکم گرت. لە وێنەکەدا کوڕێکی تەمەن پێنج ساڵە و دوو کیژی تەمەن خوار دە ساڵی وەستابوون. دیسان یەکێک ویستی زللەیەکی لێبدا، بەلام ئەوانی دیکە نەیانهێشت. بە قایشی پشت دەستیان بەستەوە و لە شاخەکەدا هێنایانەخوار.

منیش خێرا دابەزیم و هاتمەوە ئەو شوێنەی، کە ماتۆڕسوارە ڕیشدارەکە لەسەرم وەستابوو.

ئینجا بانگمکردێ: «بەرەو تەلەفزیۆن!»

کاتێ گەیشتینە باڵەخانەی تەلەفزیۆن تازە ڕۆژ هەلاتبوو. ئەو ترومبێلەی لەوێ تەقیبووەوە دەرکە و پەنجەرەکانی شکاندبوو، نەوەک هەر ئەوەندە بەڵکو چەندین ترومبێلی ئەو ناوەشی تێکوپێکشکاندبوون. بەڕێوەبەرە نوێیەکەی تەلەفزیۆن، کە مەلایەکی ڕوحانی بوو، کاتێک کاسێتەکەم دایێ و لە ژوورەکەی خۆی سەیریکرد، هەڵسا باوەشی پێداکردم و سەری ماچکردم. لەبەر ئەو تەقینەوەیەی لە بارەگای تەلەفزیۆن ڕوویدابوو، نەیاندەتوانی هیچ ڕاپۆرتێک لەسەر بۆمبارانی فڕۆکەکە و کەوتنەخوارەوەی بکەن. جارێکی دیکە پیاوەکە باوەشی پێداکردم و فەرمانی بە کارمەندەکان کرد، ئەو شریتەی تۆمارمکردبوو، چەند جارێک لەسەر یەک لە تەلەفزیۆن لێیبدەنەوە.

بۆ ئێوارەی پاشتر عێراق دامودەزگا نەوتییەکانی پارێزگای باشووری بۆمبابارانکرد. لەهەمان کاتیشدا سەدام حوسێن، سەرۆکی عێراق لەسەر

شاشـەی تەلەفزیۆنـی وڵاتەکەی بەدەرکەوت و فەرمانی بە سـوپاکەی خۆی کرد هێرشبکەنە سەر ئێران.
ئەوە بوو بە هەزاران سـەربازی عێراقی پەلاماری شارەکانی باشووری ئێرانیان دا و دزەیانکرد.
وتەبێـژی ڕۆژنامەوانی ئایەتولـڵا خومەنییش هەمـوو ڕۆژنامەوانەکانی ئاگادارکردبـووە، کـەوا ئایەتولـڵا دوای نوێژی بەیانـی وتارێکی گرنگ دەدا. ئیدی بەو بەیانییە زووە سەروبەندی دووسەد ڕۆژنامەوانی ئێرانی و بیانی لەبەردەم ماڵی ئایەتوللا وەستابوون.
ئایەتولـڵا بەتەمەنەکـەش لەسـەر قەپەنگی ژوورەکـەی بەدەرکەوت و لەسـەر کورسـییەک دانیشـت، ئاخر ئەو هەمیشـە هەر بەدانیشتنەوە دوانی دەدا.
ئـەو بەئارامی سـورەتێکی لـە قورئـان خوێندەوە. ئەوەش سـورەتە ناسـراوە قافیەدارەکـەی (ئەلعادیات) بوو، کـە جارڕدانێکی ئاگریناوی شـەڕ بـوو. بەڵێ، ئەمەش ئەو دەقانە بوون، کـە محەمەدی پێغەمبەر بـۆ شـوێنکەوتوانی دەخوێنـدەوە تا پەلامـاری دوژمنەکانیـان بدەن. دەقەکە بریتییە لە وشەی توند و بە جۆش، کەچی ئایەتوللا بە نەرمی خوێندییەوە.
من ئەو سورەتەم لەبەرە، هەوڵدەدەم لێرە بە جوانی بیکەمە هۆڵەندی:
**بەو ئەسپە سەرکەش و جەنگاوەرانە کە هەناسەی خێرا و کورت دەدەن**
**بەو بریسکە ئاگرانەش کە لە بن سمەکانیان دەردەچن.**
**بە شەرڤانانی بەرەبەیان.**
**بەوانەی تۆز و غوبار پەیدادەکەن.**
**ئەوان بەیەکەوە لەنێو مەیدانی جەنگدا ڕێگەی خۆیان دەکەنەوە.**
**ئادەمیزاد لەچاو ئافەریدەکارەکەی بێمنەت و سپڵەیە.**
**ئەویش خۆی ئەم شتە دەزانێ.**

**ئەو مرۆڤێکی چاولەدەر و عەودالّی مالّی دنیایە.**
**ئەرێ باشە نازانێ، هەمووی لێدەبێتە گڕ؟**
**ئەوسا ڕاز و نهێنییەکان ئاشکرا دەبن؟**
**بە ئەسپە سەرکەشە جەنگاوەرەکان.**
**بەو پڕووشکە ئاگرانەش لە بن سمەکانیان دەدرەچێ.**

خۆ سەدام حوسێن بە سواری ئەسپەوە نەهات، بەلّکو بە فڕۆکەی ئەمریکی پەلاماری دەولّەتە ئیسلامییە ساواکەی ئایەتوللای دا. خومەنییش سەری خۆی بەرزکردەوە، ڕووی لە کامێرا کرد و وەها دوا: «سەدام حوسێن زۆر بچووکە. ئەوە ئەمریکایە هێرشمان دەکاتەسەر. من جاڕی جیهاد دەدەم. کاتی ئەوە هاتووە لەپێناو ئەللاّدا قوربانی بدەین! دەی با هەمووان دەستبدەنە چەک، چەک هەلّگرن! هەمووان بەرەو بەرەی شەڕ! ئەللاّهو ئەکبەر!»
ئینجا لەسەر کورسییەکە هەلّسا و لەسەرخۆ گەڕایەوە هۆدەکەی خۆی. لە هەمان ڕۆژ بە هەزاران گەنج دەستیان دایە تفەنگ، بە لۆری بەرەو بەرەکانی جەنگ نێردران. منیش لەگەلّ ئەوان ڕۆیشتم تا قوربانییەک بدەم، بەلاّم نەوەک بۆ ئەللاّ، بەلّکو بۆ سینەما.

## ٧

تا ئەو کات جەنگم تەنیا لە سینەما بینیبوو، بەڵام خۆ ئێستا ڕەگەڵ هەزاران گەنج، کە تەمەنیان لە نێوان هەژدە تا سی ساڵیدا بوو، بەرەو بەرەکانی جەنگ بەڕێکەوتم.

ئەوانیش هەر هەموویان، جەنگیان هەر لە فیلمەکان بینیبوو.

سەدام حوسێنیش نوێترین چەکی جیهانی هەبوو، هەرچی ئەو گوڕدەمە گەنجانەی ئێمەش بوون هەر بە کلاشینکۆفێکی سادەی ناو دەستیان بەرەو بەرەکانی جەنگ ڕۆیشتن. مانگە دەستکردەکانی ئەمریکاش هەموو جووڵەیەکی لایەنی ئێرانیان خستبووە ژێر چاودێرییەوە و

زانیارییەکانیشیان دەدایە سوپای عێراقی.
ئەو جەنگاوەرە بێ ئەزموونە خۆبەخشانەش لە بەرانبەر تەکنەلۆژیای نوێی شەڕ والاّبوون، بێ قەڵغان و سەرپۆش بوون، بەلاّم خۆ ئەوان چەکێکی بەهێزتریان هەبوو: ئەوان چوون قوربانییەکە پێشکەشبکەن.
ئەوان لەپێناوی ئەللادا ڕۆیشتن. منیش لەسەرێکی دیکەوە چوومە بەرەکانی شەڕ بۆ ئەوەی پێویست نەکا بگەڕێمەوە ستۆدیۆکەم، کە لە دوا جاردا مارێک خۆی خزاندبووە نێو پێخەفەکەم.
لە زینداندا من تا کۆتاییەکەی مامەوە و بەشەو و ڕۆژ هەر بە کۆپلە شانۆییەکانەوە خەریکبووم؛ بەلاّم خۆ دە ساڵ زیندانی لە پشت شیشەکانەوە شوێنەواریان لەنێو مێشکمدا جێهێشتبوو. لە ڕۆژەکانی دواییدا بەردەوام تەوژمە بیرۆکەیەکی نەرێنیم بۆدەهات. لە هەرە دواییشیاندا مارێک لە خەونمدا پەیدابوو. ئەو یادەوەرییە سەیر و بێزارانە ڕۆژی ڕوونیان لێ تاریککردبووم، دەترسام نەوەک ڕۆژێک بێ نەتوانم بگەڕێمەوە بەر ڕووناکی. ئیدی دەبوو لە ستۆدیۆکەم و لە پێخەفەکەم دووربکەومەوە، دەنا نەمدەتوانی چیدی لەگەڵ ڕۆژگاردا هەڵبکەم.
هەربۆیە منیش ڕەگەڵکەوتم، لەگەڵ هەزاران کەس ڕووبەڕووی مەرگ بووینەوە. گەڕانەوەش ئەستەم بوو: چونکە فڕۆکە شەڕکەرەکان بە شەو و ڕۆژ هەموو شت و هەموو کەسیان دەدایە بەر بۆمبا. سەرباری ئەوەش خۆ دەبوایە یەکێک فیلمی دۆزەخ بگرێ. منیش ئەو دەرهێنەرە ئامادەبۆکراوە بووم: ئاخر مارەکە منی لێبژاردبوو.
فڕۆکە شەڕکەرەکانی عێراق بە بۆمبا و چەکی کیمیاوی داباریندە سەر حەشاماتی گەنج کە بەرەو بەرەکانی شەڕ دەچوون، لەکاتێکدا ئەوان ئازایانە بەسەر تەرمی هاوڕێکانیان بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن تا هەر سانتیمەترێکی داگیرکراوی نیشتمان لە دەستی دوژمن وەربگرنەوە.
منیش لەگەڵ ئەوان، لەسەر زگ خوشیم و فیلمیشم دەگرت، من فیلمی سەدان پیاوم گرت، کە هەروەک گەلاّی خەزانی پایز لەسەر زەوی

وەریببوون. من فیلمی ئەو فڕۆکانەشم دەگرت کە بەسەر سەرمانەوە بوون، فیلمی سـەربازانی دوژمنم گرت، کـە لە گردەکەی نزیکمانەوە مۆڵگەیان لێدابوو، تۆپبارانیان دەکردین.

شەش مانگی ڕەبەق من لە بەرەیەکەوە بۆ ئەوی دیکە دەچووم و هەموو شـتێکم بە فیلم گرت. لەگەڵ کرێکارە بوێـرەکان چوومە نێو دامودەزگا نەوتییە بۆمبارانکراوەکان، ئەو کرێکارانەی تێکۆشـان تا دەمی بیرەکان بگرنەوە، ئەو چاڵەنەوتانەی وەک دۆزەخ ئاگریان لێهەڵدەستا. دەموچاوم، دەسـتەکانم، جلوبـەرگ و کامێراکەم ڕەش ڕەش ببـوون، ببوونە تەنی، هـەروەک ئـەو کرێکارانـەی کە هەموو ژیانیان لەسـەر ئـەوە دانابوو تا ئاگرەکـە بکوژێننەوە. من ئەوەندەم فیلم گـرت تا توانیم، تا کامێراکەم خەریکبوو بتاوێتەوە. هەموو کاسێتەکانیشـم دەدانە پیاوە ڕیشدارەکان، ئەوانەی فەرمانی شەڕیان لەدەستبوو. من فیلمم دەگرت و یاریشم لەگەڵ مەرگدا دەکرد، بڕواشـم بەوە هەبوو، شتەکە شایانیەتی و دەیهێنێ. ئەو کاتەی گەیشـتمە بەرەکانی شـەڕ، ئینجا لەوە گەیشتم، کە ئەو کاسێتە پڕانە، سەدان جار لە دروستکردنی فیلمێکی سینەمایی گرنگتربوون.

من شتێکم کرد کە سنووری هونەری بەزاند. من فیلمی گیانی کۆنینەی نیشتمانم گرت؛ لە پێناوی قەڵاکەمدا کردم، بۆ باوکم، بۆ دایکم، بۆ مامم و هەروەها بۆ «باران»یشم کرد.

ڕاسـتییەکەی ئەوە بوو، مـن لەگەڵ مەرگدا دەژیـام. ئاخر پەڵەخوێنی سەربازان بە کامێراکەمەوە بوو.

ڕۆژێکیان لەسەر گازەرای پشت لە مەیدانی جەنگ، لەسەر زەوی ڕاکشابووم و فیلمی کەوتنە خوارەوەی بۆمبێکم لە فڕۆکەیەکی شەرکەرەوە دەگرت، بەڵام خۆ بە تەوژمێکی گەرمی تەنێکی ڕەق پێکرام. کامێراکەم لەدەست کەوتەخوار و شەپۆلێک لە گەرمی بەتینم بەرکەوت و لەگەڵ خۆیدا یەک دوومەتـر فڕێیدام و بە بەردێکـی دادام. دنیام لەپێش چاو تاریک بوو. ئیدی هیچی دیکەم نەبیست و مردم.

## ٨

دوای ئەوەی فڕۆکە شـەڕکەرەکە بۆمبەکانی بەسـەر ئێمەدا بەردایەوە و دوورکەوتەوە، منیش هەروەک مردوویەک، وەک ئەوانی دیکە لەسـەر زەوی کەوتبـووم. کاتێ فەرماندەکە کامێرا تێکشـکاوەکەی منی بینی گەیشتبوومە سەر ئەوەی دوا هەناسەم بدەمەوە.

ئەو هاواریکرد: «سوڵتانیش مرد.»

خولەکێک پاشـتر سـەریان پێچامەوە. برادەرێک لە گوێدا چرپاندمی: «سوڵتان! خەم مەخۆ، ڕزگاردەبی. خۆت بگرە.»

کاتێکیش چاوم کردنەوە، لە پەردەی سپی وەرپێچرابووم. منیان گەیاندە تیمارخانەی تاران. دوو هەفتە لە نەخۆشخانەکە کەوتم و چەندین پەرستار تیماریان دەکردم و خەمیان لێدەخواردم. لەپڕێکەوە پەرستارێک هات، کە پێشتر نەمبینیبوو. بێ ئەوەی دەرکی پێبکەم، ئەو نۆبەتەکەی لەگەڵ پەرستارێکی دیکە گۆڕیبووەوە تا ئاگای لەمن بێ. دواتر بیستم کە بە هاوکارێکی خۆی گوتبوو: «من ئەو باش دەناسم. سەرسامم بە کارەکەی و پێمخۆشە خزمەتی بکەم.»
خۆی ئەوەش شتێکی سەیر نەبوو، چونکە هەموو ئەوانەی لە بەرەکانی جەنگەوە بەرەو نەخۆشخانەکان دەنێردرانەوە، بایەخی زیاتریان لە لایەن پەرستارەکان پێدەدەرا.

قاچم شکا بوو، سەریشم برینێکی تێبوو، دوو فیشەک و چەند وردە ساچمەیەکشیان لە جەستە دەرهێنام.
پزیشکێک لەبن جلێکی سپییەوە یەکدوو پرسیاری لێکردم تا بۆی دەربکەوێ ئاخۆ تاچەند زەینم ڕوونە.
- «ئەرێ پیشەت چییە؟»
- «دەرهێنەری فیلم.»
کیژەکەش خەندەیەکی بۆ کرد.
- «ژمارەیماڵتان چەندە؟»
- «ماڵم نییە.»
- «ئەدی لە کوێ دەژی؟»
- «لە ستۆدیۆکەم.»
دیسان کیژەکە پێکەنیەوە.

پاش مانگێک، کاتێک بە دارشەقە لە نەخۆشخانەکە دەرچووم بە

تەکسـیەک چوومەوە سـتۆدیۆکەم، کەچی ڕێگای چوونە سـتۆدیۆکەم گیرابوو.

منیش لە تاکسیەکە دابەزیم و بەپێ و بە شەلەشەلی هەندێک ڕۆیشتم. لە شەقامێکی هاوتەریبی ستۆدیۆکەمدا مۆڵگەیەکی سەربازی پاسدارانی شـۆڕش هەبوو. فڕۆکەکانی عێراق ئەوێشـیان بۆمبابـاران کردبوو، لە ئەنجامدا پانزە کوژراو و چەندین بریندارى لێکەوتبووەوە. هەموو خانوو باڵەخانەکانی دەوروبەری مۆڵگەکەش بە سەختی زیانیان پێگەیشتبوو. دیوی پێشـەوەی ستۆدیۆکەشـم درزێکی گـەورەی تێببوو. هەموو ئەو خانوانەی دەوروبەر لەو ئانوساتەدابوون بەسەریەکدا بڕووخێن.

مـن لەوێ وەسـتام، دەبوایە زۆریـش خەمبار ببم، بـەڵام خۆ وەهاش نەبووم. ئاخر بە سـەدان تەرمم لـە بەرەکانی جەنگدا بینیبوون. ئەوە هەر باڵەخانەیەکی ئاسایی بوو.

ئیدی نەدەبوو بچمە نێو سـتۆدیۆکەم. ئەو شـریتە سوورەی لە دەوری باڵەخانەکە وەرێنرابوو، ڕاگەیەنراوی کۆتاییهاتنی قۆناغی سـینەما بوو لە ژیانی مندا.

ئەزموونـم لـە بەرەکانی جەنگدا ڕوانینی منیان بۆ ژیان گۆڕیبوو. زانیم هەموو شتێک کۆتاییدێ، بەڵام خۆ من چاوەڕێی ئەوەم نەدەکرد بگەمە ئـەم کۆتاییـە. ئیـدی هیچم بۆ نەمابـووەوە تا لە سـتۆدیۆکەمدا بۆی بگەڕێم. هەر بۆیەش پێشتر ڕووم لەبەرەکانی جەنگ کردبوو.

بە پشتوپەنای داردەستەکەم سووڕامەوە، بەڵام دەبوو بۆ کوێ بڕۆم؟ بیـرم لە بـرادەرەکان، لـە هاوکارەکانم و لـە تاقمی فیلمسـازییەکەم کردەوە. ویسـتم زەنگیان بۆ لێبدەم، بەڵام زوو تێگەیشـتم، کە ژمارە تەلەفۆنەکانیـان لـە دەفتەرەکـەی نێـو سـتۆدیۆکەدایە، هیـچ ژمارە تەلەفۆنێکی ئەوانیشم لەبەرنەبوو.

لێ گەلۆ خۆ کێشەکە هەر لەوەدا نەبوو، خۆشم نەمدەویستم بچمە لای

هیــچ کامێکیــان و لە لایــان بمێنمەوە. من خۆم نە بە نەخۆش و نە بە زامدار دەزانی تا لە ماڵی یەکێک لەوان لێیپاڵدەمەوە.
بڕیارمــدا بۆ ماوەیــەک بگەڕێمەوە قەڵاکە و بچمەوە لای دایک و باوکم، هــەر هیــچ نەبێ تا تــەواو چاکدەبمەوە هەندێک لەوێ بەســەرببەم. لە یەکێــک لە کابینەکانی تەلەفۆنــدا، زەنگێکم بۆ لێدان، بەڵام خۆ کەس دەســکی تەلەفۆنەکەی هەڵنەگرت. پاشان تێلم بۆ نوسینگەی مامم لە نێــو بازاڕ کرد. پێمگوتن لە بەرەکانی جەنگــەوە بووم، لێ پێمنەگوت بریندار بووم. پرسیاری دایبابم لێکرد؛ پێی گوتمەوە، ئەوانیش هەروەک خەڵکی دیکە لەبەر بۆردومانەکان ڕوویان لە شــاخەکان کردووە. ئەوان ئێستا بۆ ماوەیەکە لە خانووە کۆنەکەی ماڵە باوانی دایکم دەژین.
ئینجــا خواحافیزیــم لە مامم کرد و بــەدەم شــۆڕبوونەوە و نقومبوون بەنێو خەیاڵدا بەپێ بەنێو شــەقامە جەنجاڵەکاندا ڕۆیشــتم. ئەزموونی زیندان و ئێســتاش هی ئەو جەنگە ســامناکە ژیانیان سادەتر کردووە. مــن ئەوەم بە کێشــە نەدەزانی، کەوا خانوو ماڵ و ســتۆدیۆم نەماوە. خــۆ ئەوەش کێشــە نەبوو، کە چیــدی نەتوانم فیلم دروســتبکەم. من زیندانیکرابووم، ئازار و ئەشــکەنجە درام، جەنگم بینی، تەنانەت مردنم بــە چــاوی خۆم بینی. ئیدی بە تێکشــکاوی بە خۆم و داردەســتەکەم لەبــەر خۆرەتاوەکە قەدەمم لێــدەدا، ئای ژیان چەند خۆش بوو. لەبەر خۆمەوە کۆپلە هۆنراوەیەکی «ئەحمەدی شــاملۆ»ی شاعیری ناودار و دۆستم دەگوتەوە:

بودن بهتر است از نابودن
خاصه در بهار
بوون باشترە لە نەبوون
نەخاسمە لە بەهاردا

ئێستا لە جاران زیاتر متمانەم بە ژیان هەبوو. ئەوەشم دەزانی، دەتوانم ڕێگەی خۆم بدۆزمەوە، بەڵام جارێ نەمدەزانی چۆن چۆنی.

جارێکی دیکە گەڕامەوە نەخۆشخانەکە. لەوێش هیچم نەبوو بۆی بگەڕێم، بەڵام لە هیکەوە بیرمکەوتەوە، یەکێک بە منی گوتبوو، گوایە ئەنگوستیلەکەم لە چەکمەجەکەی ئەو پێخەفەدا دانرابوو، کە لەسەری خەوتبووم، لەبیریشم چووبوو بیبەمەوە.

ئەنگوستیلەکەم ئەنگوستیلەیەکی خانەوادەیی بوو، تەڵایەکی زەردی خوراوبوو، کاتی خۆی مامم پێیبەخشیبووم. ئەم جۆرە ئەنگوستیلەیە بە هەموو پیاوەکانی ماڵباتەکەی دەبەستمەوە، کە لە ماوەی ئەو هەموو سەدانەدا ژیابوون، ڕەنجیان دابوو، خۆشەویستیانکردبوو، هەموو شتێکیان بەسەرداهاتبوو، هەنووکەش لە ژیاندا نەماون. ئەنگوستیلەیەک ئاگاداری کردبوومەوە ئیدی نۆرەی تۆیە.

چوومە نەخۆشخانەکە و لەوێش یەکسەر بۆ ئەو ژوورەی لێیکەوتبووم. چەکمەجەکەم کردەوە، بەڵام خۆ ئەنگوستیلەکەم نەمابوو.

کاتێکیش لە ژوورەکە دەرچووم و گەیشتمە ڕاڕەوەکە، پەرستارەکە بە خەندەوە بەرەو ڕووم هات.

- «من خەمی تۆم بوو،» کیژە پەرستارەکە وەهای پێگوتم و زیاتریش لەسەر قسەکەی ڕۆیشت و گوتی: «باشە بۆچی بەبێ خواحافیزیکردن لێتدا و ڕۆیشتی؟ خۆ تۆ ئەنگوستیلەکەت لەبیرکردووە.»

ئینجا ئەنگوستیلەکەی لە بەرکی دەرهێنا و دایەوە دەستم. لەو ماوەیەی لە خەستەخانەکە مابوومەوە، ئەو دە جاران سەری دام و خەمی خواردم هەروەک ئەوەی ئەرکی خۆی بێ، هەروەک ئەوەی دایکێک یان خوشکێک بێ، هەروەک دۆستێک یان هەروەک هاوژینێکی گەنج بێ و خۆشی بووێی خزمەتیکردم.

منیش ئەنگوستیلەکەم کردە پەنجەم، سوپاسم کرد، کە ئەو هەموو بایەخەی پێداوم، جارێکی دیکە سەرم بۆ نەویکرد و لەوێوە ڕۆیشتم. ئەوسا بە خەمەوە لێیپرسییم: ئەرێ پێمنالێی بۆ کوێ دەڕۆی؟» ئاخر دەیزانی لە ستۆدیۆکەم دەژیام و ئێستاش هیچی لە شوێنی خۆی نەماوە.

منیش نەمدەزانی، دیاربوو ئەو هەموو شتێکی منی دەزانی.

- «کەمێک بووەستە»: ئەو دیسان هەڵیدایێ: «منیش لەگەڵت دێم.» ئەو چووە پشت مێزی نووسینگەی پێشوازی و شتێکی بەو پەرستارە گوت کە لەوێ وەستابوو. ئینجا چووە ژوورێک و خولەکێکی نەخایاند هاتەدەر، چارشێوێکی ڕەشی بەخۆی دادابوو.

- «دەی با بڕۆین.» ئەو وەهای گوت و منیش نەمپرسی بۆ کوێ.

لەو کاتەی ئایەتوڵڵا دەستی بەسەر دەسەڵاتدا گرتبوو، دەبوایە ئافرەت کاتێ دەچێتە سەر کار، چارشێویک یان لەچکەیەکی تاریک بەسەر سەری دابدا.

بە داردەستەکەی دەستم بە دوای پەرستارەکەدا ڕۆیشتم. هێشتاش نەمدەزانی ناوی چییە، تا ئێستا هەر بەچاوی پەرستار نەوەک وەک ژنێک سەیرمدەکرد.

کاتێک وەستاین و چاوەڕێی تەکسییەکمان دەکرد لێمپرسی: «ئەرێ ناوت چییە؟»

- «ئۆو، هەڵبەت تا ئێستا ناوم نازانی. ناوم «زەمان»ە.»

زەمانیش واتای ڕۆژگار دەدا.[2]

- «دیارە تا ئێستا تۆ هەر لە چاوی نەخۆشێک لە من ڕادەمێنی،

---

٢ هەڵبەتە لێرەدا مەبەستی نووسەر خوێنەری هۆڵەندییە، بۆیە واتای وشەی زەمانی لێکداوەتەوە.

پێدەچێ بە باشیش نەتبینیبم.» بە دەم ئەم گوتنەی هەندێک چارشێوەکەی خۆی هەڵدایەوە.
ڕوخسارێکی شیرینی هەبوو، بە پرچە ڕەشەکەی دەورەدرابوو، چەند تاڵێک لەسەر دەموچاوی پەخشببوون. لە شادمانییان دەدرەوشایەوە.
منیش تەکسییەکم ڕاگرت، سوار بووین و دوای نیو سەعاتێک لێخوڕیین دابەزین. ئەو لە تەک من دەڕۆیشت و قۆڵیشی توند گرتبووم، هێشتاش هەروەک پەرستارێک وا بوو.
لە باڵەخانەیەکی گەورە بە ئەسانسێرێک سەرکەوتین. لە نهۆمی حەفتەمدا، کلیلەکەی لە جانتاکەی دەرهێنا و دەرکەی ئەپارتمانی ژمارە ٧١٩ی کردەوە. چارشێوەکەی بە عەلاگەی دەرکەکە وەکرد، منی گەیاندە ژووری نوستن، لەوێ منی لەسەر پێخەفەکەی دانا. منیش هیچم نەگوت و هیچیشم نەپرسی، هەر لەوێ چاوەکانم داخستن و خەوێکی قووڵم لێکەوت.

کاتێکیش بەئاگاهاتمەوە، بۆنی سووپێکی تازەلێنراو هات، ڕاستییەکەی بۆنی ژیانی لێوەدەهات. «زەمان» بە خۆی و مەجمەیەکی[٣] پڕ لە خواردن هاتەژوور و لەسەر مێزەکەی تەنیشت پێخەفەکەی دانا. ئەو فیستانێکی بێقۆڵی گوڵناری لەبەردابوو، تا سەرچۆکانی هاتبوو. ئینجا یارمەتیدام لەسەر پێخەفەکەم دابنیشم و دوو بالیفیشی دانایە بەر پشتم، خۆیشی لەسەر قەراخی پێخەفەکە دانیشت و کەوچک بە کەوچک سووپەکەی دامێ.
منیش هەستمکرد، سەدان جار **باشترە کە هەبم لەوەی نەبم**، بەتایبەتیش، کە ژنێکی گەنجت لەبن فیستانێکی گوڵنارییدا لەتەک

---

٣. مەجمە: سینی، خوانچە.

دانیشتبێ.
ئینجا پەتۆکەی پێدادامەوە لێگەڕا جارێکی دیکە بنوومەوە.
دواتر بۆ شەوەکەی ئەو هاتەوە ژووری نوستن، گلۆپە کزەکەی خەوتنانی هەڵکرد و بە نەرمی لە پاڵ من خۆی خزاندە بن جێ. جەستەشم هێشتا ئەوەندە گەرم نەبوو تا لە باوەشی بگرم.

ڕۆژی پاشتر، کاتێ لە نەخۆشخانە گەڕایەوە، هێشتا هەر لەنێو جێگەدا بووم، گوتی: «مەلایەک هاتبووە نەخۆشخانە و لە تۆی دەپرسی.»
کاتێک مـن بە نیوە مـردی لە نەخۆشـخانە کەوتبووم، لـە یەکەمین هەفتەدا یەک دوو پیاوی ڕیشـدار هاتبوونە خەسـتەخانە و لە هەواڵی منیان پرسیبوو. دواتر نەهاتبوونەوە.
- «ئـەو دەیەویسـت تـۆ ببینێ، بەڵام هیـچ ناونیشـانێکی نەدەزانی. منیش نەمویسـت پێیبڵێم، کە تـۆ لای منی، بەڵام پێمگوت بەیانی بۆ سـەعات دووی پاشـنیوەڕۆ بۆ کۆنترۆڵ دەگەڕێتەوە نەخۆشخانە. ئەو کات دەیبینی.»
بەڵێ هەر بەڕاستیش، سەعات دووی ڕێک، مەلاکە بە ڕیشێکی بۆزەوە هاتە نەخۆشـخانە. «زەمان»یش منی بردە ژووری سەردان، ئەو لەوێ چاوەڕێیدەکردم.
مەلایەکە تۆقەی لەگەڵ کردم و منی لە ئامێزگرت.
ئینجا گوتی: «ئێمە شانازیت پێوەدەکەین.»
ئـەو وتەبێژی ڕۆژنامەوانـی ئایەتوڵلا خومەینی بوو، ئـەو مەلایە بوو، کـە هەموو دوانەکانـی ئایەتوڵلای لەگەڵ میدیـا و ڕۆژنامە بیانییەکان ڕێکدەخست.
ئـەو گوتی؛ کـەوا تەلەفزیۆنی دەوڵەت تۆمارەکانی مـن هی بەرەکانی جەنگی پەخشکردووە. هەروەها گوتی: «نزیکەی هەر هەموو گرتەکانیان

پەخشکردووە. بەم کارە جیهادت کردووە. لە ڕێی ئەو تۆمارانەی تۆوە ئایەتوڵڵا سەرنج و ئاگاهیەکی باشی لەسەر مەیدانی جەنگ پەیداکرد، ئاخۆ لە بەرەکانی پێشەوەدا چی دەگوزەرێ. ئایەتوڵڵا دەزانێ تۆ برینداربووی. هاتووم تا سڵاوی ئەوت پێڕابگەیەنم.»
منیش سوپاسم کرد و سڵاوم پێ ڕەوانەکردنەوە.
کاتێکیش ویستی بڕوا، بە هەردوو دەست توند دەستی گرتم و گوتی: «ئەگەر بتەوێ ئەوا دەتوانم دیدارێکی تایبەتیت لەگەڵ ئایەتوڵڵا بۆ ڕێکبخەم.»
منیش هەستمکرد، ژیان منی بەرەو سەرکێشییەکی نوێ بردووە، لەوانەشە تا ئێستا مەترسیدارترینیان بێ. هەمووشی هەر خەتای خۆم بوو، چونکە لە خەیاڵ و داڵغەمدا ئەوەم دەبینی، چۆن فیلمی ئایەتوڵڵا لەماڵەکەی خۆی دەگرم. بۆیە پێویست نەبوو زۆر بیر لە وەڵامدانەوەی بکەمەوە.
ئەوە بوو گوتم: «منیش حەزم لێیە سەرێکی بدەم، بەڵام بە کامێرایەکەوە.»
مەلاکەش گوتی: «لەگەڵ ئایەتوڵڵا قسە دەکەمەوە، پێموایە لەگەڵ تۆ هیچ گرفتێکی نابێ.»
- «بەڵام خۆ شتێکی دیکە هەیە: من کامێرام نەماوە. ئەوەی خۆم لە بەرەکانی جەنگ ونبوو.»
- «کامێرایەکی نوێت بۆ پەیدادەکەین، جارێ پشوو بدە، تا بەتەواوی چاکدەبییەوە. ناونیشانەکەت چییە؟ دانەیەکت بۆ دەنێرمە ئەوێ.»
منیش «زەمان»م لە پشت مێزەکە بینی وەستابوو، ئاماژەیەکم بۆ کرد. کاتێک هاتە لامان داواملێکرد: «دەکرێ ناونیشانی مانەوەم لەسەر پارچە کاغەزێک بۆ ئیمام بۆ بنووسی؟ کامێرایەکم بۆ دەهێنن.»
ئەویش چووە لای مێزەکە، وەک ئەوەی لە نێو دۆسییەکەدا بە دوای

ناونیشــانەکەمدا بگـەڕێ، ئینجا ناونیشــانەکەی خۆی لەســەر پارچە کاغەزێک نووسی و دایەدەست مەلایەکە.

پــاش دوو هەفتــە کامێرایەکــی فیلمگرتنی نوێ و کارتۆنێک کاسـێتی بەتــاڵ لەگــەڵ نامەیەک لە وتەبێــژی ڕۆژنامەوانیی تێدابــوو بۆم هاتە ناونیشــانەکە، لە نامەکەدا ڕۆژ و ســاتی دیدارەکەمی لەگەڵ ئایەتوڵڵا یاداشتکردبوو.
ئەو کات هێشتا هەر بە دارشەقەکەم دەڕۆیشتم، بەڵام وا دیار بوو ئەو هەموو کاتە پێویستم بە کامێرایەک هەبوو تا بەتەواوی چاکدەبمەوە.
«زەمان»یـش کامێراکەی لــە کارتۆنەکەی خــۆی دەرهێنا. کاتێکیش لــە ژووره بچکۆلەکەی دانیشــتم و کامێراکەم پێکرد تــا تاقیبکەمەوە، هەســتمکرد هێز و گوڕم وەک پیاوێک بۆ گەڕاوەتەوە. دیاربوو غەریبی کامێرام کردبوو تا هەست بە بوونی تەواوی خۆم بکەم. ئەوە بوو لەپڕ حەز و تاسەم بۆ جەستەیەکی ڕووتی ژنەکە دەکولا.
- «دەی هەندێــک بــە نێو ژوورەکەدا بڕۆ.» مــن وەهام بە «زەمان» گوت و لە ڕێی چاوی کامێراوە تەماشمکردێ.
- «دەی بــڕۆ ژووری نوســتنێ.» بــەدەم ئــەم قســانە و کامێــرا بــە سەرشانمەوە بە دوای کەوتم. «ئێستاش جلەکانت داکەنە.»
- «داکەنم؟»
- «هەر هەمووی.»
ئەویش جلەکانی خۆی داکەندن.
- «بڕۆ ســەر جێیەکەت درێژبە.» بەدەم ئەم قســەیە سەیری جەستە تەواو نازدارەکەیم کرد.
ئینجا کامێراکەم بە دیوارەکە هەڵنا و خۆشم جلەکانم داکەندن **تا ئەوە بسەلمێنم، بە هەزاران جار باشترە هەبی لەوەی نەبی.**

## ٩

ئامارەم بۆ «ئاورێلیا» کرد: «وەرە!»

ویستم شوێنی حەوانەی ئایەتوڵڵای نیشانبدەم، بەڵام ئەو لەگەڵ دکتۆر «ماینەما» خەریکی ئەسپەکە بوون و پشتیان بە شانە دادەهێنا. ئاورێلیا، ئەسپی ڕەخش، گورگی سەگ و شیناییەکە وایان کرد دکتۆر ماینەما تا کۆتایی لای خۆیان گلبدەنەوە. کاتێکێش هاوژینەکەی تووشی نەخۆشییەکی ئومێدلێبڕاو بوو، ئیدی خزمەتکردنی ژنەکەی پیرتری کرد، بەڵام ئێستا وا دیارە خوێنی تێکەڕابێتەوە و باش دیارە. ئەو هەموو ڕۆژێک وەک باخەوانێک بە سواری پایسکل دێت و

خۆی بە نێو باخەکەماندا دەکا. پایسکلەکەی لە پاڵ پیرەدارەکە دادەنێ و ڕاستەوخۆ دەچێتە تەویلەکە تا ئەسپەکە ببینێ. ئینجا دەستبەکاردەبێ، سەرەتا ئالیک دەداتە ئەسپەکە، ئەوسا چاوەکانی، بیژووەکانی دەپشکنێ و دەست بە پشت و پەلەکانی دادەهێنێ.

جاران، ئەو کاتەی هێشتا دکتۆر ماینەما و ژنەکەی لە کێڵگەکە دەژیان، زۆر جار کاتێ بۆ لای دەریاچەکە غارمدەدا، خانمی ماینەمام بەسواری ئەسپەوە دەبینی. سڵاوم لێدەکرد، ئەویش سڵاوەکەی وەردەگرتەوە، بەڵام خۆ ئەو کات هەرگیز نەمدەزانی، کە ئەسپەکەی دەبێتە هی من.

بەرلەوەی (ئاوریلیا) بێتە لای من، دکتۆر ماینەما هەفتەی یەکدوو کەڕەت دەهاتە کێڵگەکە و خۆی بە شینایییەکە سەرقاڵدەکرد. لەوەتەی (ئاورێلیا)ش هاتووە ڕۆژانە سەردەدا.

ئەو ئێستا سەر بە بازنەیەکە، کە ئاورێلیا، ڕەخش، گورگی و هەنگە ڕەنگئاڵتونییەکان پێکدەهێنن. مارەکەش هەر سەر بەو بازنەیە، بەڵام تا ئێستا تەنیا لە خەوە مۆتەکەییەکانمدا دەبینرێ.

دکتۆر ماینەما هەمیشە دەڵێ: «هیچ مارێک لە نێو کێڵگەکەدا نییە. هیچ مار لە هۆڵەندا نەماون.»

ئەمشەو دیسان مارەکە هاتەوە خەونم. لە خەونەکەدا ئێوارە بوو، من لەنێو باخەکەدا دەڕۆیشتم و خۆم شۆڕکردەوە تا لقەدارێکی وشک، کە کەوتبووە سەر برکە تەماتەکە هەڵبگرمەوە و لاببەم، بەڵام خۆ ئەوە لقەدارێکی وشک نەبوو، بەڵکو مار بوو. مارێکی قەڵەو و نەرم، هەر زوو لەنێو دەستم خزی، خێرا خۆی خزاندە بن گەڵا وشکەکان و لێم ونبوو. منیش لە تاوا بە ڕاچڵەکینەوە بەئاگاهاتمەوە، یەکسەر چوومەوە خوار و قوومە ئاوێکم خواردەوە.

مارەکە لەو شەوانە دەهاتە خەونم، کە هیلاک و ماندوو دەبووم.

دوێنێ دەقێکی زانستیم سەبارەت بەو ئەستێرانە خوێندەوە، کە

ماندوودەبــوون و دواییــش دەمــردن و کۆتاییاندەهــات، ئینجــا کونــە ڕەشەکەی گەردوون هەڵیدەلووشین. کاتێکیش بابەتەکەم دەخوێندەوە، بیرم لەخۆم کردەوە. ئاخر خۆ ئەم کتێبە منی بۆ نێو خۆی هەڵلووشی. لەوانەیــە هــەر لەبەر ئەوەش بــێ، کە (ئاورێلیــا) گوێیلێنەبوو کاتێک بانگمکرد: «دەی وەرە! دەمەوێ ماڵەکەی ئایەتوڵلات نیشانبدەم.»
نووسین دەربارەی جەنگ و یادکردنەوەی ڕووداوەکانی هەینێ، هیلاکی کردم، شــەنگی لێبرِیم، بەڵام خۆ دەبێ تا لە گێڕانەوەی ئەم قۆناغەی چیرۆکەکەم بە ئۆقرە بم.
لە نێو کۆمپیوتەرەکەمدا لە یەکدوو وێنە ڕامام، کە هی ماڵەکەی ئایەتوڵلا بــوون. ڕۆژگار هەموو شــتێک دەگۆڕێ، نەخاســمە یادەوەرییەکان. لە یادگەی خۆمدا خانووەکە گەورەتر بوو، بەڵام کاتێک ســەیری وێنەکانم کردن، بەوە سەرسام بووم، چەند بچکۆلانە بوو.
کاتێکیــش ئایەتولــڵا لــە پاریســەوە بەرەو تــاران فڕی تا دەســەڵات بگرێتەدەســت، نەیویســت لە کۆشکی شادا بژی. ئەو پێی لەسەر ئەوە داگرت، لە خانوویەکی سادەدا بمێنێتەوە.
دوای گەڕانێکی زۆر، ئەو خانووەیان لە جەرگەی گەڕەکێکی ئیســلامی لــە «جەمــاران» دۆزییەوە، گەڕەکەکەش لەســەر گردێک لە دەرەوەی شار هەڵکەوتووە.
ئایەتولــڵا ژوورێکــی بچووکــی لــە نهۆمــی ســەرەوەدا بەرکــەوت، کە قەپەنگێکــی لەپێــش بوو، زۆر جارانیش هەر لەســەر ئــەو قەپەنگەوە قسەی بۆ شوێنکەوتووانی دەکرد.
لە ڕۆژی دیاریکراودا ســواری تەکســییەک بووم بــەرەو ماڵی ئایەتوڵلا ڕۆیشــتم. بە باوەشــی کراوە لە لایەن وتەبێژی ڕۆژنامەوانیی ئیمامەوە بەخێرهێنــرام. منیــش کامێراکــەم دانا و فیلمی هەموو شــتێکم گرت. فیلمــی بەرزاییەکان، شــەقامە تەنگەبــەرەکان، پاســەوانان، دەرکەی

دەرەوە، ناوحەوشــە، ناوکەوە بەردینەکــە، پلیکانە و دەرکەی هۆدەی ئایەتوڵڵا، کە تەنیا هەر ژنە بە تەمەنەکەی، کوڕەکەی، ئەو سەروەزیرەی خۆی دانابوو، ژەنەڕاڵەکان و ڕاوێژکارە هەمیشــەییەکانی بۆیان هەبوو بچنەژوور.

ئینجـا بـە پلیکانــەکان بـۆ ژوورەکــەی ســەرکەوتم، شــوێنەکە وەک پەرســتگایەک دەبینرا. ئایەتولــڵا بەهایەکی تایبەتی بە کامێراکەی من دابوو، هەر بۆیە ڕێگەی دا بچمە لانە تایبەتییەکەی خۆی.

دوای دەستبەسەرداگرتنی دەســەڵات، لەچاوتروکانێکدا ئەو پیرەپیاوە ببــووە فەرمانــدەی بــاڵای ســوپا. کەچــی خۆ ئــەو قەت دەســتی بە دەمانچەیەکیش نەکەوتبوو.

مــن، ئەو هەمــوو کلاشــینکۆف، تۆپ، تانــک و فڕۆکــەی جەنگیم بۆ ژوورەکەی ناردبوو، لەسەر دیواری هۆدەکەی لێدەدران.

بە شــێوەیەکی ئاســایی، هەر کاتێــک ئایەتوڵڵا میوانــی هەبوایە، هەر لــە شــوێنی خۆی لەســەر دوگردێــک[4] دادەنیشــت، بــەڵام کاتێک من لێیچوومــەژوور، ئــەو بە خــۆی و جلی نوێــی مەلایانە لە ناوەڕاســتی ژوورەکەی وەســتابوو. وتەبێژە ڕۆژنامەوانییەکەی پێیڕاگەیاندبوو، کەوا من بە کامێراوە دەچمە لای.

منیــش فیلمــی ژووره ســادەکەییم گرت، کە پێشــتر ڕێگــەی هیچ بە کامێراوانێک نەدرابوو.

ئەو بۆ لای ڕەفەی ڕۆپاکە ڕۆیشت، قورئانەکەی هەڵگرت و چوو لە لای دیوار لەســەر دوگردەکە دانیشــت. ئینجا قورئانەکەی لەسەر تەختەکە دانا و بە قامک ئاماژەی بۆ کردم تا لای ئەو لەسەر ناوکەوەکە دابنیشم. ئینجا کامێراکەم کوژاندەوە و لە تەنیشت ئەو دانیشتم. ئەویش سەری

---

4. دوگرد: بەرماڵ

خۆی بەو مێزەرە ڕەشە و ڕیشە سپییەکەیەوە لێمنزیککردەوە و گوتی:
«ئەڵڵا کامێراکەی تۆی پیرۆز ڕاگرتووە.»
منیش سەرم نەویکرد. ڕاستییەکەی بەتەما نەبووم وەها بکەم، بەڵام خۆ من بۆ ئەو سەرم نەوی نەکرد بەڵکو بۆ ئەڵڵام کرد، چونکە ئەو ئەڵڵایەم لە شوێنێکی دیکە دەناسی. زۆریش لە ئەڵڵای ئایەتوڵڵاکان بیرفرەوانتر بوو. ئاخر خۆ ئەڵڵا هەرگیز سینەما قەدەغە ناکا. هەروەها هەرگیز ڕێگەش نادا کتێب سانسۆربکرێ. من ئایەتێکی نایابی ئەوم لە نێو قورئاندا لەبەرە، ک ئەڵڵا سوێند بە قەڵەم و هەروها بە هەموو ئەوەی پێیەوە دەنووسرێ دەخوا.
ئەڵڵا لە سوورەتی قەڵەمدا وەها سوێند دەخوا: «ن والقلم وما یسطرون.»
هەندێک بەبێدەنگی دانیشتم، پێم وا بوو هێشتا ئایەتوڵڵا دەیەوێ شتێکی دیکەم پێبڵێ، کەچی هیچی دیکەی نەگوت. ئەو چاویلکەی کردەچاو و دەستی بە خوێندنەوەی قورئان کردەوە.
وتەبێژی ڕۆژنامەوانییەکەش لە پشت دەرکە بەدەرکەوت. منیش هەڵسام، سەری خۆم نەویکردەوە و بە ئەسپایی لە هۆدەکە هاتمەدەر. پیاوەکە منی بۆ ژووری کاری خۆی بانگهێشتکرد و پیاڵە چایەک و خۆرمای تەڕوتازەی لەپێش دانام.
پێیڕاگەیاندم هەمیشە بە کامێراوە سەرسام بووە. سەرنجێکی وەهای دا، گوایە لەبەر ئەوە ئیرەییم پێدەبا و گوتی: «بە کامێرایەکی سەرشانەوە و دەسەڵاتت لێدەبارێ. هەموو دەرکەکان بە ڕووتدا دەکرێنەوە.»
پاشان ئەوەی پێڕاگەیاندم، بەتەمایە فیلمێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیانی ئایەتوڵڵا سازبکا.
منیش گوتم: «شتێکی ناوازە دەبێ، هەر بەڕاستیش تا ئەم ژیانە سادەیەی ئایەتوڵڵا نیشانی هەموو جیهانی بدەین. منیش حەزم لێیە

بە کامێراکەم بێم ژیانەکەی تۆماربکەین.
«هــەر بۆیە دەمانەوێ تۆ فیلمــە بەڵگەنامەییەکە بکەی.» وتەبێژەکە وەهای پێگوتم، بەهۆی ئەم قسانەش جەستەم گەرمداهات.
منیش لەبەر تیشکی ئەوەی کە کامێراکەم لە لایەن ئەڵڵاوە پیرۆزکراوە پێمگوتەوە: «بەتاسەوە! بەخۆشییەوە ئەم کارە دەکەم.»
«یەکــەم جــار ئایەتوڵڵا بەمــە قایل نەبوو،» وتەبێژەکە وەها لەســەر قسەکەی بەردەوام بوو: «بەڵام ئەو ئێستا لاری لێ نییە، هیچ نارەزایی نیشاننەدا.»
«من شەرەفمەندم.» بە دەم ئەم گوتەیەم دەنکە خورمایەکم هەڵگرت. ئینجا ژمارە تەلەفۆنی «زەمان»م لەســەر پارچە کاغەزێک نووســی و دامە دەست وتەبێژە ڕیشدارەکە.

دڵخۆش، بەڵام بە ترسیشەوە شوێنی مانەوەی ئایەتوڵڵام بەجێهێشت. هیچ بیرۆکەیەکیشــم نەبوو، ئاخۆ نەخشەکە چۆن دەچێتەسەر. سواری ئەو ترومبێلە بووم، کە لەســەرم وەســتابوو، کاتێکیش ترومبێلەکە لە ترافیکی قەرەباڵغییەکە وەستا، لە گژ هزران ڕاچووبووم.
خــۆ چیدی بیرم لە ئایەتوڵڵا هەروەها لە ئەڵڵاش نەدەکردەوە، بەڵکو هەموو بیروهۆشــم لای «زەمان» و لەشــولارەکەی بوو، دەکرا ئەڵڵا بە باشترین شێوە پیرۆزی کردبایە.

## ١٠

کاتێکیش لەناو جێدا «زەمان» سـەری خستەسـەر سـینگم، ویسـتم هەمیشە هەر لای ئەو بمێنمەوە و هیچی دیکە.
ئەو پرسی: «ئەریّ چاوپێکەوتنەکەت لەگەڵ ئایەتوڵڵا چۆن بوو؟»
منیش گوتم: «زەحمەتە بتوانم وەسـفی بکەم. شتێکی خەیاڵاوی تێدا بوو. ئایەتوڵڵا زیاتر لە ئەکتەرێک دەچێ. ڕاستییەکەی وەک ئەوەی لە نێو فیلمێکی ڕەش و سـپییەوە هاتبێتەدەر و پێیناببێتە سەر زەمینەی واقیع. ئەوەم لێڕوون بوو کاتێ فیلمم دەگرت، ئەو ڕۆڵی دەنواند.»
«زەمان» سـەری لەقاند. «بەڵێ هەر بەڕاستی ئەو هەروەک کەسێکی

پیرۆزی سەدەکانی ناوەڕاست خۆی دەنوێنێ. ئەرێ باسی چیتانکرد؟»
- «خۆ ئێمە قسەمان لەگەڵ یەک نەکرد، ئەو تەنیا یەک ڕستەی گوت.»
- «چی گوت؟»
من دەستم لەسەر سەری هێنایە خوار و گەیشتە سەر پشتی.
دیسان لێی پرسیمەوە: «ئەو چی گوت؟»
لەو ساتەدا منیش بیرم بۆ ئەو کارە بەڵگەنامەییە چوو، کە دەربارەی ئەو سازیبدەم، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جۆرە دوودڵییەکیشم لێپەیدابوو.

بەڵێ، لە دوای شۆڕشەکەدا، گەریلاکان بە هەزاران لایەنگرییان پەیداکردبوو، لە دژی دەوڵەتێکی تیۆکراسییدا ڕادیکاڵ بوون. ئەوان بەنیازبوون بە ڕاپەڕینێکی چەکداری دەسەڵاتە ساواکە بەر لەوەی وەدرەنگ بکەوێ بڕوخێنن.
بۆ ئەم کارەش گەریلاکان هێزی پێویستیان نەبوو، بەڵام ڕژێم دەترسا نەوەک بە کۆمەکی یەکێتیی سۆڤیەت، درواسێ کۆمۆنیستەکە نەخشەکەیان بەدیبێنن.
ئێستاش عێراق پەلاماری داوە و هاتۆتە نێو خاکی وڵاتەکە و پارێزگا پڕنەوتەکەی باشووری داگیرکردووە، ئایەتوڵڵاش بە بێدەنگی فەرمانی دەرکردبوو، کە بە مستێکی ئاسنین لە بەرهەڵستکاران بدەن و سەرکوتیانبکەن. ئەوە بوو هەر بە تەنیا لە نێو تاراندا بە هەزاران کەس گیران. ئەوان خرانە نێو زیندان و وەک سزادانێکیش ئەوەیان بەسەردا سەپێنرا، هەموو ڕۆژەکەیان قورئان بخوێننەوە و سورەتەکانی لەبەربکەن. ئەوەی وەها نەکا، سزایەکی دووروودرێژی بە تەنگەدا دەدەن.
منیش دەمزانی، بەڵام هەموو شتێکیش نا، چونکە لەو ماوەیەی لە

بەرەکانی جەنگ بووم، هەموو شتێک بە دوای یەکدا خۆی نمایشکردبوو.
سەرباری ئەوەش، ئایەتوڵڵا فەرمانی دەرکردبوو، کەوا کاروباری دەستەی نووسەرانی هەموو ڕۆژنامە و بەڕێوبەرایەتیی تەلەفزیۆنی دەوڵەت بدرێتە دەست مەلا گەنجەکان. کتێب سانسۆرکرا، کۆمەڵە و یەکێتییەکانی خوێندکاران هەڵوەشێنرانەوە و سەرۆکی زانکۆی تارانیش لادرا و مەلایەکی پیریان لەجێگە دانا.
خۆی نەدەبوو درۆ لەگەڵ خۆمدا بکەم: لەو هەموو ڕەفتارانەدا زانیم، بەڵام بەشێوەیەکی تایبەت بیروهۆشم هەر لای کامێراکەم بوو. ڕەوشەکە وای لێکردم بیرم بۆ لای ئەو کامێراوانە بچێ، کە هەر خەریکی گرتنی فیلمی ئەو فڕۆکە پێکراو و تێکشکاوە بوو لە کاتێکدا سەرنشینەکانی هەر داوای بەهاناوەچوونیان دەکرد. ئەو لەئاست هاواری ئەوان کەڕ بوو، ئەو ئەو شتەی بۆ نەهات، کە کامێراکەی لە لایەک دابنێ و بە هانای سەرنشینە بریندارەکانەوە بچێ، کە هەر هاوار هاواریان بوو. منیش زانیم هەمان شتم کردووە. نەشمدەویست گوێم لە تاوانەکانی ئایەتوڵڵاکان بێ، کە دژی مرۆڤایەتی دەیانکرد، ڕاستییەکەی هەر بەتەنیا بیرم لەوە دەکردەوە، ئاخۆ چۆن فیلمی ئایەتوڵڵا بگرم.
هەنووکەش لە سەر جێ، لەناو پێخەفی نوستندا، کە «زەمان» سەری وەسەر سینگ کردووم، گومانم هەبوو لەوەی من ڕاست بم بەوەی کارێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ئایەتوڵڵا دروستبکەم. دەوڵەتی ئیسلامی، کە ئایەتوڵڵاکان خەریکی دروستکردنی بوون، دە جاران لە ڕژێمی پێشوو پۆلکتر بوو.
بەڵام خۆ ئەو دەنگەی ناخم بانگی کردم: «دەی بیکە.»
من لە زیندان فێرببووم، دەبێ هەمیشە گوێڕایەڵی دەنگەکە بم، بڕوای پێبکەم و دوای بکەوم.

- «بێدەنگ بووی؟» «زەمان» بێدەنگییەکەمی وەها شـکاند پرسـی: «ئەرێ ئایەتوللا چی گوت؟»
- «ئەو گوتی: ئەللا کامێراکەمی پیرۆز کردووە. شتێکی ئاوەها.»
- «ئەو وەهای گوت؟»
- بەڵێ، ئەو بە گرتە تۆمارەکانی من سەرسام بوو.»
- «دەکرێ پێشبینی شتێکی وەها بکەم.»
- «وتەبێژە ڕۆژنامەوانییەکەی داوایلێکردم کارێکی بەڵگەنامەیی لەسەر ژیانی ئایەتوللا بکەم.»
- «بەڕاسـتی؟» بەدەم ئەم قسـەیە «زەمان » هەڵسـایەوە و لەسەر پێخەفەکە دانیشت.
- «منیـش تێبینیـم کـرد ئەوان پەلەیانـە. ئایەتولـڵا زۆر بە تەمەنە. هەموو ئەو گرژییانەی شۆڕشەکە و جەنگ بۆ دڵە بەتەمەنەکەی ئەو زۆر زۆرن. پرسەکە پرسی کاتە، دەنا هەر سپێدەیەکیان بە ئاگانەهاتەوە و تەواو. هەر بۆیە پێدەچێ تا ئەو لەسـەر پێی خۆی وەستاوە، بیانەوێ خێرا فیلمێکی لەبارەوە سازبدەن.»
- «باشە کەی دەستپێدەکەی؟»
- «کتومت نازانم، هێشتا قسەی یەکلاکەرەوەمان لەسەر نەکردووە.»

دیسـان خـۆی درێژکردەوە، لەشـولاری لێمنزیککردەوە و بە سـرتەوە پێیگوتم: «ئێسـتا ژیانی ڕووناک و خۆش لە جەسـتەی تۆ دایە، هەر بەتەنیا ئەوەندە و بەس.»

ئەو پێکەنی و ئەوەندە بە توند باوەشـی پێداکردم، دەستبەجێ کامێرا و ئایەتوللا لە مێشکمدا نەمان.

## ١١

بەدەقاودەقــی پــاش دە ڕۆژ زەنگی تەلەفۆن لێدرا. من بەتەنیا لە ماڵ بــووم، وام زانی «زەمان»ە زەنگلێدەدا، بــەڵام خۆ ئەو نەبوو، بەڵکو وتەبێــژی ڕۆژنەنامەوانییەکــە بوو. بە کورتی لەســەر فیلمەکە دواین و دیدارێکمان بۆ ڕۆژی یەکشەممەی داهاتوو دانا.

کاتێکیــش «زەمــان» لە نەخۆشــخانە هاتەوە، یەکســەر پێمڕاگەیاند شتەکە: «ڕێکخرا!»

ئەویش بە تامەزرۆوە گوتی: «چی؟»

– «فیلمەکە، کارە بەڵگەنامەییەکە، لەسەر دیدارێک ڕێککەوتین.»

- «بڕیاریلێدرا؟»
- «یەکلابووەوە. یەکشەممە.»

من سێ ڕۆژم بۆ خۆئامادەکردن لەبەردەمدا بوو. هەرچەندە لەو دۆخەدا نەدەکرا هیچ نەخشەیەک دابنرێ، لێ هەوڵمدا سیناریۆکەی دابڕێژم. لەو بارەیەوە لەگەڵ «زەمان»یش دوام.

ئێوارەکەی کە ئەو لە گۆشە بچکۆلانەکەی ناندینەکە، لای پەنجەرە دانیشتبوو کاری خۆی دەکرد گوتی: «دڵخۆشی؟»

- «ئەم وشەیە لەگەڵ ئەم بەرپەوتەدا[5] نایەتەوە. خۆ دەکرێ هاوڕێکانم لەسەر ئەم کارە سەرکۆنەم بکەن بەوەی من لەگەڵ ڕژێمدا هاوکارم، بەڵام خۆ من بە شێوەیەکی دیکە لێیدەڕوانم.»
- «بیر لە چی دەکەیتەوە؟»
- «بیر لە ئایەتوڵڵا ناکەمەوە، بەڵکو بیر لە فیلمەکە دەکەمەوە، کە دروستیدەکەم. خۆ ئەگەر لە هیتلەریشەوە هەمان داوام لێکرابایە، هەر دەمکرد.»

خۆم لەم هزرە واقموڕما. پێشتریش بیرم لە فیلمەکانی «لێنی ڕیفێنستهال»[6] سەبارەت بە هیتلەر کردبووەوە. ئەگەر نازییەکانیش بخەینە دەرەوەی بازنەکە، پێموابوو هێزێکی ناوازە لە پشت دەرهێنانی فیلمەکە هەبووە.

ڕژێمەکەی نازی بەتەواوی ڕووخا و زۆر لەمێژیشە هیتلەر خۆی کوشتووە، بەڵام فیلمەکانی «ڕیفێنستهال» سەبارەت بە هیتلەر بوونەتە بەڵگەنامەی نایاب. دیارە خانمە دەرهێنەرەکەش مردووە، بەڵام بێ سێ و دوو فیلمەکانی ماون، ئەمەش هەمووی لەسایەی سەری تۆمارە لێهاتووکەوە بوو.

---

٥. بەرپەوت: بەردەق، سیاق، کۆنتێکست.

٦. Leni Riefensthal لێنی ڕیفێنستهال (١٩٠٢-٢٠٠٣) خانمە دەرهێنەرێکی ئەڵمانی بوو.

خەریکبوو شتێکی وەها بە «زەمان» بڵێم، بەڵام هەر زوو تێگەیشتم، لە ڕاستەڕێ لامداوە تا بەو پاساوانە قەناعەتی پێبێنم.

- «تکایە لێم مەگرە. هەر ئەوەیە خەریکم بەباشی بیری لێدەکەمەوە.»

ئیدی بەدەم ئەم قسەیەوە هاتمەدەر تا هەوایەکی سازگار هەڵبمژم. کاتێکیش لە پیاسەکەم گەڕامەوە، چیدی سەبارەت بە شتەکە نەدواین. بۆ ڕۆژی پاشتر کتێبێکم لەسەر « لێنی ریفێنستهال» لە کتێبخانەی گشتی هێنا و هەموو ڕۆژەکە خەریکی تاوتوێکردنی وێنە ڕەش و سپییەکانی کتێبەکە بووم، ئاخۆ چۆنچۆنی وێنەی هیتلەری گرتووە. لە هەموو گۆشەکانەوە سەیرمکرد و سەرنجەکانی خۆشم یاداشتکردن.

بۆ شەوەکەی «زەمان» شتێکی گوت، بە هۆیەوە بە ڕەوا منی بۆ سەر ڕێچکەیەکی ناڕوون و دژوار نارد. ڕێچکەیەک پێشبینی کۆتاییەکەی نەدەکرا. ئێمە لەناو جێگەدا بووین. دەکرێ بڵێی ئێمە لە خۆشییدا مردبووین. کەچی لە پڕێکەوە «زەمان» هەڵسایەوە، ڕووی خۆی لە سەرم نزیککردەوە، دەمی گەیشتە ئاستی گوێم. پێم وا بوو بە نیازە شتێکم پێبڵێ تا لە مردنەکە هەڵمسێنێتەوە؛ بەڵام ئەو هیچی نەگوت، ئەو وەها لەپاڵم مایەوە و منیش هەستم بە هەناسەی گەرم و نەرمی ئەم کرد، کە بەر گوێم کەوت.

ئەو هەندێکی دیکەش هەڵکشا، بۆ ئەوەی دەق دەمی بگاتە گوێچکەم. ئینجا بە سرتەیەکەوە گوتی: **«ئەرێ ئامادەی جارێکی دی قوربانییەکی دیکە بدەی؟»**

منیش پەتۆکانم لەسەر خۆم لادا و هەڵسام و لەسەر پێخەفەکە قیت دانیشتم. قسەکە کرا. نە ئەو و نە منیش پێمان نەکرا بیگێڕینەوە. خۆی ئەوە قسەیەک بوو هەموو شتێکی گۆڕی. گۆڕانی بەسەر هەردووکماندا هێنا. من و ئەو بەڵام بەشێوەیەکی تایبەتتر ئەوی گۆڕی. وەک ئەوە وا بوو، ئیدی ئێستا ئەو کیژۆڵەیەکی دیکە بێ.

ئەویش لەنێو پێخەفەکە هەڵسا و بە ڕووتی چووە ژووری دانیشتن.

کەمێـک دوای ئـەوە گەڕایەوە، جلەکانـی کردبوونەوەبـەر و پەرداخە ئاوێکیشـی لە دەسـت بوو. کاتێک پەرداخە ئاوەکەی دامێ، ڕوخساری بزرکابوو، دەستەکانیشی دەلەرزین.

لێم پرسی: «ڕاستییەکەم پێ بڵێ، تۆ کێی؟»

ئەویش لەسـەر کورسـییەکەی نزیک پێخەفەکە دانیشـت، نەیدەویست چیدی لە تەنیش منەوە ڕابکشێ.

بە نەرمی وەڵامیدایەوە:

- «یەکێ دەیەوێ بتبینێ.»
- «کێ؟»
- «لەوە زیاتر نازانم. هەر ئەوەندە دەزانم، کەسێک دەیەوێ بتبینێ.»

منیـش نەمدەویسـت هیـچ شـتێکم گوێلێبـێ، هیـچ گۆڕانکارییەکەم نەدەویسـت، حەزم لێبـوو بگەڕێتەوە ناوجێگـەی، وەک ئەوەی هیچی نەگوتبێ؛ بەڵام خۆ هەموو شتێک ببووە مەحاڵ.

«زەمان» پارچە کاغەزێکی نوشـتاوەی ڕادەستکردم، ئەوەندە بچووک بوو بە ئاسانی لە درزی قامکەکان دەشاردایەوە. لەبەر تیشکی گڵۆپی خەوتن، پارچە کاغەزە نوشتاوەکەم کردەوە. شوێن و ساتی دیدارەکەی تێدابوو، ئەم شەو سەعات هەشت.

ئیـدی سـەیری «زەمان»م کرد، بەڵام ئەو خۆی لـە نیگام دزییەوە و سەیری پەنجەرەی کرد.

- «یەکێکی لەوان؟ گەریلا؟»

من لەو تووڕە بووم، لە پارتیزانەکان تووڕەبووم، ئاخر خۆشەویسـتییە ساواکەی منیان خراپ قۆستەوە.

ئیدی ئەو هاتە سـەر پێخەفەکە دانیشـت. منیش ئەوم پشتگوێخست، بەڵام سەری خستە سەر شانم و گریا.

بۆ من گریا.

## ۱۲

ئەو شەوە دیدارێکم لەگەڵ سەرکردە نوێیەکەی بزووتنەوەی ژێرزەمینی گەریلاییدا هەبوو. من نەمدەناسی. ئێمە یەکدیمان لە چاپەخانەیەک لە گەڕەکێکی کرێکاراندا بینی. ئەو گەنج بوو، سی ساڵان دەبوو، یەکسەر دەستی بە چیرۆکەکەی خۆی کرد: «ڕژێم بە کردەیەکی هاوکاری و بەرنامە بۆدراێژراو هەموو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی تودەی کۆمۆنیستی لەگەڵ پێنج لە سەرکردە جەنگاوەرەکانی ئێمەی گرتووە. ئەوەندەش ئازار و ئەشکەنجەدراون، ئامادەن بێنە سەر تەلەفزیۆن و ڕاییگەیەنن، کەوا سیخوڕی یەکێتیی

سـۆڤیەتن. ئەوان ئەم جۆرە قسـانەیان لێوەرگرتوون، کە لە ئایەتوڵڵا دەپارێنەوە بەڵکو لێیان خۆشبێ. ئێمە هەواڵی ئەوەمان هەیە هەفتەی داهاتوو، بۆ شەوی سێشەممە، ئەم تۆمارانە لە تەلەفزیۆندا پەخشبکەن. ڕژێم بە نیازە چاوی ملیۆنان کەس بەوان بشـکێنێ و شۆڕیکا. دەی با زۆر ڕوون و ڕاشـکاو بـم: دەمانەوێ بـە هەموو هێزی خۆمان ڕێگە لەم ڕەفتارە بگرین.»

منیش ئارەقەم کرد، بۆیە چاکەتەکەم داکەند. زۆر لەو شتەش ترسام، کە لە منی ڕەچاودەکرد.

- «چەند ترسناکە.» منیش وەها کەوتمە سەر قسە: «هەر بۆ ئەوەی خەڵکی بترسێنێ ئەمە فیلمێکی قێزەون دەبێ.»

- «دەق وەهایە، بەڵام دەمانەوێ ئەو ترسە بشکێنین. دەمانەوێ ئەوە نیشانبدەین، کە ئێمە لەم تیرۆرە ناترسین.»

- «بەڵام چۆن؟»

- « نەخشەیەکمان هەیە.»

مەیلێکـی وەهـام هەبـوو بە پانیەدەسـتم هـەردوو گوێچکـەم بگرم. نەمدەویسـت گوێم لە قسـەی داهاتووی بێ، حەزم لێبوو لەوێ بڕۆم، لـەوێ هەڵبێـم و نەمێنم. بـەڵام خۆم گرت، بەسـەرخۆمدا زاڵ بووم و پشتم ڕاستکردەوە و گوتم: «نەخشەکەتان چییە؟»

- «دەی بـا جارێ لێـرە بچینە دەرێ، لـەوێ پێتدەڵێم.» بەدەم ئەم قسەیە ئەو هەڵسا.

لـە دەرەوە بـە تاریکـی پیاسـەیەکی هێـواش و درێژمـان بە پشـت چاپخانەکـەدا کرد. هەندێـک بە بێدەنگی ڕۆیشـتین، وەک ئەوەی ئەو کورتە ماوەی پێویست بێ تا نەخشەکەی بدرکێنێ. لەوێ لە لای دارێک وەستا، ڕووی تێکردم و گوتی: «تۆ پێشتر جارێکیان بۆ ڕفاندنی شاژن لەگەڵمان هاوکاربووی. ئێمە باش تۆ دەناسین هەروەها هی سەردەمی

زیندانیش. ئێستاش جارێکی دیکە پێویستیمان پێتە.»
دەمودەست لە مەبەستەکەی گەیشتم، بەڵام هەر لێشم پرسی:
- «چۆن؟ من چیم پێدەکرێ؟»
- «هاوکاریی تۆ چەقی بازنەی نەخشەکەمانە. تۆ دەچی فیلمی ئایەتوڵڵا دەگری. تۆ بە ئاسـوودەیی لەو شـوێنانەی نەخشەت بۆ داناوە فیلمی خۆت بگرە. ئێمە هاوکاریی تۆمان بۆ ڕۆژی سێشەممە پێویستە. کتومت لە سەعات سێی دوای نیوەڕۆ، کاتی گۆڕینی نۆرەی پاسەوانێتی. ئێمە داوات لێدەکەین لەو سـاتەدا بۆ ماوەیـەک ئایەتوڵڵا بهێنیتە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی، بیهێنیتە سـەر شەقام و لەوێ فیلمەکەی بگرە. ئەگەر ئەم شتەت بۆ ڕێکبخرێ، ئەوا بۆ نەخشەکەی ئێمە فیت دەبێ.»
- «باشە ئێوە بە نیازی چین؟»
ئەویش ڕێکوڕەوان سەیری ناو چاوی کردم و پرسی: «دەکرێ متمانەت پێبکەین؟»
- «ئەمە پرسـیارێکی زێدەیە. خۆ پێشـتر متمانـەت پێکردووم، دەنا بەیەکەوە لێرە نەدەبووین.»
- بـە پێداگرتنـەوە پرسـەکەی دووبارەکـردەوە: «دەکـرێ متمانەت پێبکەین؟»
- «بەڵێ دەکرێ متمانەم پێبکەی.»
- «گوێبگرە! ئەو وەهای گوت و سـەیرێکی دەوروبەری خۆشـی کرد: «ئـەو سێشـەممەیە دەمانەوێ بە تفەنـگ و نارنجۆکەکانمان بەسـەر شەقامەکەی ئایەتوڵڵا دابدەین، ئەو شەقامەی بۆ ماڵەکەی ئەو دەچێ. ئەگەر لەو کاتەدا لەبەردەم ماڵەکەی بێ، کردەکە نموونەیی دەبێ.»
- «قسـەی قۆڕ،» منیش بە دەنگی بەرزەوە پێمگوتەوە: «ئایا ئەمە نەخشەکەتانە؟ ئەمە نابێ. سەرناگرێ.»
ئەو چاوەڕوانی ئەو بەرتەکە توندەی منی نەکرد.

- «زۆر بەداخەوە، بەڵام خۆ سەد دوو سەد چەکدار لەسەر ئەو شەقامە هەن. ئەمە کردەیەکی خۆکوژییە. بەم نەخشەیە تۆ هانی ڕژێم دەدەی، ئەمـە دەبێتـە بەهانە و هەلێکـی زێڕین تا هەمووان و هەموو شـتێک وێرانبکا و لەناوببا.»
- «بەڵام خۆ ئەوان هەموو شتێکیان تێکداوە.»
بێ هیچ دودڵییەک پێمگوت: «ئەم کارە مەحاڵە. من لەگەڵیدا نابم.»
- «تـۆ لەگەڵماندابـی یـان نەبـێ، ئێمـە ڕۆژی سێشـەممە لەسـەر نەخشەکەمان دەڕۆین. ئامانجی هەرە سەرەکییمان دوورەدەستە، بەڵامماڵـی ئایەتوڵڵا دروسـت ئەو شـوێنەیە، کە کردەیەکـی مێژوویی تێدا بکەین.»
- «ئەمە کردەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو سەرچیخچوونێکی مێژووییە. بـا مـن شـتێکت پێبڵێـم. کاتێـک من لـە بەرەکانـی جەنـگ بووم، شـتێکی گرنگم بۆ دەرکەوت. لەم وڵاتەدا ئەڵڵا بە تەواوی دەسـەڵاتی گرتۆتەدەسـت. ئەو بڕیاردەدا، کەسـیش ناتوانی لە دژی بوەستێتەوە. جارێکـی دیکـە دووپاتیدەکەمـەوە، نەخشـەکەی ئێوە ڕاستەوڕاسـت کردەیەکی خۆکوژییە. شەڕێکی دۆڕاوە لە دژی ئەڵڵا.»
- «ئێمە بە جۆرێکی دیکە سەیریدەکەین.» سەرکردەی گەریلاکان بەم جۆرە کەوتەوە سـەر قسە: «لە مێژووی دێرینی ئێمەدا بایی پێویست نموونەی ئەو جۆرە کردەوانە هەن. کاتێک ئەلێکساندەری گەورە پەلاماری شانشـینیەکەی ئێمەی دا، هەموو شتێکی سـووتاند، هەموو هەوڵێکی بەرگری سـەرکوتکرد. کەچی هێشتا گرووپێکی بچکۆلە لە دارستان بە ڕووی سـوپا دژوارەکەی وەستانەوە. کاتێ عەرەبەکانیش بەسەر وڵاتی ئێمەیان دادا، سەری هەزاران کەسیان پەلدا، ئەوانەی نەیاندەویست ببنە موسڵمان؛ بەڵام خۆ تاقم و کۆمەڵەی بچووک بچووک مانەوە و بە هەموو هێزی خۆیان دژی حوکمی خەلیفە وەسـتانەوە. کاتێکیش جەنگیزخان

پەلامارە خوێناوییەکەی دەستپێکرد، ئەویش هەموو شتێکی لەناوبرد، بەڵام هێشتا جەنگاوەر مانەوە، دژی وەستانەوە. هەموو ئەندامانی جەنگاوەرە گەریلاکان تا دوا کەسیان کوژران و تەرمەکانیشیان بە دەروازەی شارەکانەوە هەڵواسرا. ئێمە ڕێکوپەوان شانازی بەو کلتوورە دێرینەی خۆمانەوە دەکەین، کە ئاڵاکەیان بەرزبکەینەوە. دەکرێ تۆ شەڕی ئەو جەنگاوەرانە بە هەوڵێکی خۆکوشتن لەقەڵەمبدەی، بەڵام خۆ ئەوان کارێکی پاڵەوانانە دەکەن. ئەگەر نەتەوێ لەگەڵمان بەشدار بیت، قەیناکا مەیکە، بەڵام ئێمە لەسەر نەخشەی خۆمان و سەعات سێی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە لەکاتی نۆبەتگۆڕینی پاسەوانەکان کاری خۆمان دەکەین. ئێمە بەسەر شەقامەکە دادەدەین. خۆ ئەگەر ئەو کات ئایەتوللا لە دەرەوەی ماڵەکەی بێ، ئەوا نەخشەکەمان فیت دەردەچێ. ئینجا تۆ دەتوانی لەو هەراو پاشاگەردانییەدا هەڵبێی، دەتوانین لە وڵات ئاودیوت بکەین.» ئەو ئەم قسەیەی کرد و دەستی تەوقەی بۆ درێژکردم.

منیش پێمگوتەوە: «تۆ ناوی ئەو هەموو بزووتنەوە بەرگرییە مێژوویانەت هێنا و دەتانەوێ ڕاپەڕینەکەی دارستان دووبارەبکەنەوە، بەڵام ئەمجارەیان لە لای ماڵەکەی ئایەتوللا. لەگەڵ هەموو ڕێزێکمدا، بەڵام تۆ یەک شتت فەرامۆشکرد. کات گۆڕاوە. من بەشداریناکەم.»

ئەوسا توند دەستم گوشی و لەوێ ڕۆیشتم.

کاتێک گەڕامەوە شار، گەڕامەوە ئەپارتمانەکەی «زەمان»، لە نەخۆشخانە بە شەو نۆبەتدار بوو. منیش دەستم دایە کامێراکە و بۆ شەوەکەی چوومە هوتێلێک. تا بۆ ڕۆژی پاشتر بچمە ماڵەکەی ئایەتوللا.

## ١٣

ئایەتوڵــڵا هەرچەنــدە پیاوێکی بەتەمەن بوو، بــەڵام ئەجێندایەکی زۆر پڕی هەبوو. بە گوێرەی دکتۆر دەبوایە بەهێواشــی بمێنێتەوە و خۆی ماندوونــەکا، بــەڵام خۆ ئــەو دەیزانی زۆر کاتی نەمــاوە، لەوانەیە هەر ڕۆژێکی نوێ بۆ ئەو دوایین ڕۆژی بێ.
بــە پەیبــردن بەو ڕاســتییە، ئەو بوارێکــی تەواوی پێدام تــا لە کاتی ڕۆتینی ڕۆژانەیدا فیلمەکەی بگرم.
منیــش هەروەک ســێبەرەکەی بــە دوایەوە بووم. فیلمــی ئەوم دەگرت بێئــەوەی هەراســانیبکەم. لەکاتــی دەستونوێژشوشــتن و لەکاتــی

نانخواردنیش هەر تۆمارکەربووم. لەو کاتەش کە لەسەر زەوی ڕادەکشا، دەستی ڕاستەی دەخستە بن سەر و مێزەرە ڕەشەکە ببووە سەرین تا چاوگەرمبکا، لە فیلمگرتن نەدەکەوتم.
من فیلمی پیرەژنەکەی ئایەتوڵڵاشم لەبن چارشێوە ڕەشەکەیدا گرت، کە بە زەحمەتێکەوە بەسەر پلیکانەکان سەردەکەوت تا پیاڵەیەک چا و یەک دوو دەنکە خورمای بۆ ببا. پیرەژنەکە ئایەتوڵڵای لە خەو بەئاگادەهێنایەوە، یارمەتیدەدا دابنیشێ، بالیفی دەخستە پاڵ پشتی، ئینجا پیاڵە چایەکەی دەدایە دەست و خورماکەشی لەپێش دادەدنا.
بەم جۆرە کەمێک لای دادەنیشت و قسەی لەگەڵ دەکرد تا چایەکەی خۆی دەخواردەوە. ئینجا پیرەژن بە زەحمەتێکەوە هەڵدەستایەوە و سینی پیاڵە بەتاڵەکانی هەڵدەگرتەوە و لە ژوورەکە دەهاتەدەر و بەئەسپایی لە پلیکانەکان دەچووە خوار. من هەموو ئەو دیمەنانەم لە درزی دەرکەوە دەگرتن.
دوای سەرخەوشکاندنەکەی ئایەتوڵڵا. لەپڕێکەوە ماڵەکە جەنجاڵ دەبوو، منیش تێگەیشتم کە زنجیرەیەک لە میوانی گرنگی دەهاتن. لەوانەیە وتەبێژە ڕۆژنامەوانییەکەی منی بەتایبەت بانگکردبێ تا ئەو چاوپێکەوتنانە تۆماربکەم.
منیش بە کامێراکەم هەموو شتێکم تۆماردەکرد. هەر ئەوەندەم بینی ترومبێلێک لەبەردەم دەرکەی ماڵەکە ڕایگرت، بەتیلەی چاو سەروکەللەی فەلەستینێکی ناودارم بینی. تەوژمێک لە خۆشی پەڕییە نێو دڵم. «یاسر عەرەفات» سەرکردە ئەفسانەییەکەی فەلەستین، کە بە دەیان ڕۆژنامەنووس و هەواڵنێر دەورەدرابوو گەیشتە ماڵەکەی ئایەتوڵڵا. ئینجا بە کامێراکەی خۆم بەدوایکەوتم. ڕۆژنامەوانەکانیان دەرکردنە دەرێ، بەڵام من لە ژوورێ مامەوە. من فیلمی هەردوو سەرکردە مێژووییەکەم گرت کە باوەشیان بەیەکداکرد.

پاشـــان لە ژوورەکە چوومەدەر و لە پشـــت میناى پەنجەرەکەش وێنەم گرتن. دوو کەسایەتیی کاریگەر، دوو کەسى دیار و بەرچاو کە مێژوویان دروســتکرد، لەســەر ناوکەوى ژوورەکە دانیشتبوون، وەک دوو ئاشناى دێرین قسەیان لەگەڵ یەکدى کرد، هەرچەندە ئەوان پێشتر یەکدیشیان نەبینیبوو. من وێنەى پێڵاوەکانى «عەرەفات»یشم گرت، کە لاى دەرکە لەپێیکردبــوون. بۆ ئەوەى لەوە تێبگەم ئاخۆ ئەو هیچ ناڵچەى زێڕینى لە بنى پێڵاوەکەى نەداون، پێڵاوەکەم هەڵگێڕایەوە.

پیرەژنەکــەى ئایەتولــڵاش بــە خــۆى و ســینییەکەى لــە پلیکانەکان بەســەرکەوت. هێشــتا «عەرەفــات» نانــى نیــوەڕۆى نەخواردبــوو. پیرەژنیــش نانــى گەرم و پەنیر و گوێز و کاڵەکــى بۆ ئامادەکردبوون. ئایەتولــڵاش ئــاگادارى عەرەفاتى کــردەوە، کە ژنەکــەى خواردنى بۆ هێناون. عەرەفاتیش یەکســەر هەڵســا، بەرەو دەرکە ڕۆیشــت، سڵاوى لــە ژنەکــەى ئایەتوڵڵاکــرد، هەندێک ســەرى بۆ دانەوانــد و خوانچەى خواردنەکەشى لێوەرگرت.

پیرەژنەکــەى ئایەتوڵڵا بە عەرەبییەکى تێکشــکاو بە یاســر عەرەفاتى گــوت: «عەرەفــات بەخێربێــى بــۆ ماڵەکەمــان، پێدەچوو ئەو شــڕە عەرەبییە لە کاتى نەفیبوونەکەیان لە عێراق فێربووبێ.

بەڵێ من کەوتبوومە ژینگەیەکى ســوریالى. زۆرم پێخۆش بوو، منیش، ئەو ژنە، عەرەفات و تەنانەت لەو ســاتەدا ئایەتوڵڵاشــم خوشویســت. ئــەو پیــاوەى فەرمانیدابــوو تــا هەمــوو ســەرکردەکانى حیزبى تودە ئەشــکەنجەبدەن تا ئەو کاتەى ســەبارەت بەو گوناحە کۆمۆنیستیانەى کردوویانە کە ئاشکرایان کردوون، ئەوان دانپێدابنێن، بۆیە کردووبوویــان لە ئەلــڵا دەپاڕێنەوە بەڵکو لێیان خۆشــببێ. دواى نیو ســەعات دیســان عەرەفات هەڵســایەوە و ئایەتوڵڵاش تــا پلیکانەکان لەگەڵــى هــات. لەوێوە پاســەوانەکان دەورەى عەرەفاتیان دا و لەگەڵ خۆیان بردە دیدارى داهاتووى.

کاتێکیش عەرەفات لەوێ ڕۆیشت، هێمنی گەڕایەوە ماڵەکە. منیش لای وتەبێــژە ڕۆژنامەوانییەکە چایەکم خواردەوە و چاوەڕێمکرد تا ئایەتوڵڵا بۆ کورتە پیاسەی دوای نیوەڕۆیانی دێتە خوارەوە.

شــتەکە وەهــا بوو: ئــەو لە پلیکانــەکان هاتەخوار و بەنــاو باخەکەدا ڕۆیشــت. لەبــەردەم برکــە تەماتەیەک دانەویــەوە، بۆڵــە تەماتەکەی پشکنی، دانەیەکی سووری لێکردەوە، هەڵسایەوە، بە دامەنی عەباکەی تەماتەکــەی پاککردەوە ئینجا بە ســێ قەپاڵ خــواردی. ئاوی تەماتە سوورەکەش بەسەر ڕیشەکەیدا هات.
منیــش یەک چــارەک بە دوای ئەودا ڕۆیشــتم، فیلمــی باخچەکە، هی دارەکان و هی باڵندەکان و پشیلە بەڕەڵاکەشم گرت.
دوای تۆمارکردنــی فیلمەکــە گەڕامــەوە هوتێلەکــەم. غەریبی پێخەفی «زەمان»م کرد، بەڵام خۆ ڕێگەی ماڵی ئەوم لەسەر داخرابوو.

# ١٤

بۆ ڕۆژی پاشــتر، بۆ دووشــەممە هەر لەپشتی مینای پەنجەرەکە فیلمی ئایەتوللآم گرت لەو کاتەی بە پێنج ژەنەراڵ دەورەدرابوو، لەسەر زەویەکە دانیشــتبوون. وتەبێژەکەش لە ســەر پلیکانەی سەرەوە وەستابوو، دیار بوو بۆ ئەوە بوو تا ئاگای لەوە بێ من زیاتر لە پەنجەرەکە نەچمەپێش. وتووێژ ماوەیەکی درێژی خایاند، بێگومان باسوخواســەکەیان ســەبارەت بە پێشــهاتە نوێیەکانی بەرەکانی جەنگ بــوون. کاتێکیش ژەنەڕاڵەکان ڕۆیشــتن، ئایەتولــڵا لە ژوورەکەی هاتەدەر تا بای پێیەکانی خۆشــبکا. پشــیلە بەڕەڵاکەش کە پێشــتر یەکدوو جار بینیبووم، دیســان لەســەر

دیوارەکـە پەیدابـووەوە. خـۆی لەسـەر دیوارەکە فرێـدا و ئایەتوڵلاش بەدوایـدا چـوو. منیش بە کامێـرا دیمەنەکەم دەگـرت، هەروەها وێنەی پێیەکانی ئایەتوڵلاش. کاتێکیش پشـیلەکە هەسـتیکرد وێنەی دەگرم، بەرەو لای ئایەتوڵلا ڕۆیشت، خۆی لە پێیەکانی خشاند و چیدی نەوەستا. ئایەتولـڵاش بە دامەنــی عەباکەی وای لێکرد بڕوا، بەڵام خۆ پشـیلەکە جارێکی دیکە گەڕایەوە. ئەمجارەیان ئایەتوڵلا بە دامەنی عەباکەی توندتر لێیدا، کەچی پشیلەکەش توندتر خۆی لە قاچی ئایەتوڵلا خشاندەوە.
«ئەلـڵا... ئەلـڵا.» ئایەتوڵلا قسـەیەکی وەهای لـەدەم دەرچوو ئینجا پێیەکی لە پشیلەکەدا و بۆ ماوەیەکیش سەری لەدونا.
وتەبێژەکـە ئاماژەیەکـی بۆ کردم، کە ئـەم دیمەنە نەگرم، بەڵام خۆ من هەموویم تۆمارکرد کوڕەکەی ئایەتوڵلاش، کە پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵە بوو، هاتە نێو باخەکە و سڵاوی لێکردم، بەدوای ئایەتوڵلادا ڕۆیشت و وادەی دیداری داهاتووی بەبیرهێنایەوە، کە لەگەڵ کۆمەڵێک لە مەلا گەنجەکاندا هەیبوو. ئایەتوڵلا گەڕایەوە هۆدەکەی خۆی. کوڕەکەی یارمەتیدا تا عەبا فەرمییەکەی بکاتەبەر و یاوەری کرد تا گەیاندییە قەپەنگەکە. کۆمەڵێک مەلا بە خۆیان و مێزەری ڕەش و سپییەوە چاوەڕێی ئایەتوڵلایان دەکرد. کاتێـک ئایەتوڵلایان لێوەدەرکەوت دەسـتیان بەرزکردەوە، قامکەکانیان کردبووە مست و دروشمیان دەکێشا. من دیمەنەکەم بە شتێکی ترسناک هاتەبەرچـاو: ئاخر بینیم چـۆن مەلاکان ئامادەکاری ئـەوە دەکەن، کە دەسەڵات بەلای کەمییەوە بۆ سەد ساڵی ئایندە لەژێر دەستیان بهێڵنەوە. خۆی ئەوە مێژوو بوو، بۆ ماوەیەک لە ژێر عەبا و جوببەی مەلاکان خۆی نمایشکرد. منیش فیلمی مێژووم گرت.
من ڕووخابووم. بیرم لە بەیانی، لە ڕۆژی سێشەممە دەکردەوە، ئەو کاتەی سەرکردە تێکشـکاوەکانی حیزبی تودە بۆ سووکایەتیپێکردن دەهێنرانە سەر شاشەی تەلەفزیۆن. پاشان چوومە ژوورەکەی وتەبێژی ڕۆژنامەوانیی ئایەتوڵلا و تەواوی کاسـێتە ڤیدیۆکەم ڕادەستکرد و کامێراکەشم خستە نێو دۆڵابێک و لەوێ ڕۆیشتم.

## ١٥

بۆ شـــەوەکەی خـــەوم لێنەدەکـــەوت. خەونی زۆر ناخۆش و ترســناکم بینین، خۆم وەها بینیەوە لەبەردەم شاشـــەی تەلەفزیۆن دانیشتبووم، بەسەرســورمانەوە ســـەیری ســـەرکردە تێکشـــکاوەکانی حیزبی تودەم دەکـــرد. بینیـــم ئـــەوان وەک ســـەگ لەبەر دەســـت و قاچـــی ئایەتوللا کەوتبوون و بەگریانەوە داوای لێخۆشبوونیان دەکرد. ئەوان کەسانێکی بەتەمەن بوون، ســـی چل ســـاڵێک بوو خەونیان بە پاشەڕۆژی وڵاتەوە دەبینی و کاریان بۆدەکرد.

خۆ ئەگەر ڕژێم نمایشـــێکی وەها قێزەون بڵاوبکاتەوە، ئەوا هەزاران لە

لایەنگری حیزبەکە لە ترسان لە وڵات هەڵدێن.
سەر لەبەیانی ڕۆژی سێشەممە بە نابەدڵی چوومەوە ماڵەکەی ئایەتوڵڵا. هەموو ڕۆژەکە و لەکاتی چالاکییەکانیدا لەسەر کارەکەی خۆم بەردەوامبووم. بەڵام بە دڵنیاییەکی ڕەهاوە نیازێکی وەهام نەبوو کارێکی شاش بکەم، هەروەها لەوە هەر گەڕێ، کە لەگەڵ ئەو جەنگاوەرە گەریلایانەدا بچمە نێو مێژوو. بەڵێ، من دەمەویست بژیم تا فیلمەکانی خۆم بگرم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بەیانییە بە وتەبێژەکەم گوت، دەمەوێ بۆ دیمەن لە دەرکەوە فیلمی ئایەتوڵڵابگرم، ئەوەش لەو کاتەی کە سواری ترومبێل دەبێ و شوفێرەکەش هەندێک بە ترومبێل دەیگێڕێ.
لە ڕۆژەکانی ڕابردوودا، بینیم چۆن وتەبێژە ڕیشدارەکە بەسەرسامییەوە لێمدەڕوانێ، بەتایبەتیش سەیری کامێراکەمی دەکرد. ئەو بە منی گوتبوو، کە هەرگیز لە تەمەنیدا نەچووەتە سینەما و هەروەها هیچ فیلمیشی نەبینیبوون. بە پرسنییەوە دەیەویست بزانێ ئاخۆ کامێراکە چۆن کاردەکا. منیش نیشانمدا کامێرا چۆن کاری خۆی دەکا. تەنانەت جارێکیان کامێراکەم خستە سەرشانی ئەو و پێمگوت: «دی فیلمەکە بگرە! تۆماری بکە!»
ئەویش کردی و بەختەوەریش بوو.
ئێستاش ترومبێلەکەی ئایەتوڵڵا لەبەردەم دەرکە وەستاوە و ئامادەی ڕۆیشتنە. منیش فیلمی ئایەتوڵڵام گرت، ویستم بوەستم و ئایەتوڵڵاش لەگەڵ خۆم بهێنمەوە ژوور، کەچی ئەو بەرەو ترومبێلەکە ڕۆیشت و منیش نەمتوانی بیگێڕمەوە.
ژیان دەیەویست بمخاتە سەر ڕێچکەیەکی نوێ. باشە بۆچی بە دوایدا نەچووم؟ بۆچی ڕەتمکردەوە؟ خۆی دەبوایە وریابم و ئازایەتی ئەوەم هەبێ بەسەر ڕێگەکەدا بڕۆم.

وتەبێژەکـەش یارمەتـی ئایەتولـڵای دا تا سـواری ترۆمبێلەکە ببێ و منیش بە ئەنقەست فیلمەکەم گرت، چونکە دەمزانی پێیخۆشە.
لەو کاتەی شوفێرەکە چووە پشت سوکانەکە، هەر لە جێوە نەخشەیەکم بۆهات، دەمودەسـتیش زانیم، کە ناکرێ جێبەجێیبکەم. هێشتا دوودڵ بووم، بەڵام هەرچۆنێک بێ کامێراکەم خسـتە سەر شانی وتەبێژەکە و گوتم: «ئەمە دوایین دیمەنە، تۆ ئەمەیان بگرە.»
ئەو لە خۆشـییان گەشـایەوە. منیش لەو کردەیەی خۆم حەپەسـام، بەدڵنیاییەوە خۆ ئەوە من نەبووم وەهام کرد، بەڵکو جنۆکە بوو وەهای کرد.

شـوفێرەکەش بە هێواشـی بە نێو شـەقامەکەدا لێیخوڕی، لەو کاتەدا پاسـەوانە ڕیشـدارەکان لوولـەی تفەنگەکانیـان لە هـەوا کردبوو، بە خۆشـییەوە سـەیری وتەبێژەکەیان دەکرد، کە بـە دوای ترۆمبێلەکەدا دەڕۆیشت و فیلمەکەی دەگرت.
منیش لەپاڵ دیوارەکە، بە تەریبی بەسەر شۆشتەکەدا لەگەڵ وتەبێژەکەدا دەڕۆیشـتم. سەیری کاتژمێرەکەی دەسـتم کرد. دەق سەعات سێ بوو کە لەسـەر شـەقامەکە تەقەکرا. وتەبێژەکەش ئەوەنـدە چووبووە ناو کارەکە هەموو تیشـکۆی هزری خۆی خسـتبووە سـەر فیلمگرتنەکە و هیچ شـتی بەدینەکرد، ئاگای لەهیچ نەبوو. ترۆمبێلەکە زیاتر ڕۆیشت. منیش پێڵاوی وەرزشـییم لەپێبوون، هەر کاتێک شـەڕڤانەکان لەوەدا سەرکەوتن بەسەر شەقامەکەدا دابدەن و بیگرن، ئامادەی هەڵاتن بووم. ئەوە بوو لەپڕ لەسـەر شـەقامەکە بووە هەرا و پاشـاگەردانی، دەنگی تەقە و نارنجۆک هات. لەسەر بانەکان تەقەکرا. خەڵک لەسەر جادەکە کەوتن، پاسـەوانەکانیش لەسەر شەقامەکە خۆیان دامەزراند. هەمووان بە هەموولایەک هەر ڕایاندەکرد. ترۆمبێلەکەش وەسـتا، وتەبێژەکەش،

که سـەرەداوی ڕەوشـەکەی لەدەسـت دەرچوو، نیگایەکی بەدگومانی تیـژی تێبڕیـم. دوو لـە پاسـەوانەکان یارمەتی ئایەتوللایـان دا تا لە ترومبێلەکەی دابەزێ، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە ماڵەکەیان دەپاراسـت. هەلیکۆپتەرێکیش بەسەر شەقامەکەدا فڕی.

منیـش هەسـتمکرد کۆتاییم هات، ئاخر ئەگەر ڕژێـم بە پەیوەندی من بە پەلامـارە چەکدارییەکە بزانێ، بەدڵنیاییەوە لە سـێدارەیان دەدام. خۆ هیچ سـاتێک بۆ دوودڵی نەمابووەوە، ئەوە بوو پاشـاگەردانییەکەم قۆستەوە و هەڵاتم. دوای ئەوەی ماوەیەک بەسەر شەقامەکەدا ڕامکرد، دەسـتە ڕاسـت بامدایەوە بە لاکۆڵانێک و بە هەموو هێزی خۆم بەرەو ڕێگای سـەرەکی غارمدا. هەر گەیشـتمە ئەوێ تەکسـییەکەم ڕاگرت، سواری بووم و پێمگوت: «ڕێک برۆ!»

دوای پێنـج خولـەک لـە تەکسـییەکە دابەزیم، خێرا خێـرا بە دەوری گۆشـەکەدا سـووڕامەوە، تەکسـییەکی دیکەم گرت و پێمگوت: «هەر ڕێک برۆ!»

ڕێک برۆ، ئەو ڕێگەیەی دوای ئاوارەبوونێکی زۆر و لە ڕێی پاکستانەوە منی گەیاندە «ئەمستەردام».

# کتێبی چوارەم

## لە کێڵگەکەدا

### ١

دکتـۆر ماینەمـا کتێبێکی کۆنـی پێنج بەرگی کۆبەرهەمی شـیعری بە ناونیشانی (ئاوێنەی هۆنراوەی هۆڵەندی) دامێ.
منیـش هۆنـراوەی «خێریـت کاوەنار[١]»م بـۆ (ئاورێلیـا) خوێندەوە. هەڵبەت هیچی لێتێنەگەیشت. خۆ منیش هیچی لێتێنەگەیشتم، کەچی بەلای هەردووکمانەوە هۆنراوەکە جوان بوو، لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ، کە هۆنراوەکە سەبارەت بەماڵێک بوو، هەروەک ئەو کێڵگەیە بوو، کە

١. Gerrit Kouwenaar

ئێستا من تێیدا دەژیم.
من وەسفیماڵێک دەکەم
ماڵێک بە بانێکی قرمیدی سوورەوە
بە لوولە زۆپایەک، کە دووکەڵی لێبەرزدەبێتەوە
دوو دەرکەی هەیە، یەکێک لە پێش و ئەوی دیکەش لە پاش
شوێنی پۆست و زەنگێکی مسیشی هەیە
ئینجا لە هەموو لایەکەوە هەر پەنجەرەیە

دەبینم خەڵک دێنەژوور
ڕاڕەوێک دەبینم شەمعەی پاڵتۆهەڵواسینی پێوەیە
لە هەموو لایەکەوە هەر هۆدەن
دیمەنی گوڵە ساردۆنیا
ڕوون لە نێو بوتڵدا
ناندینێک بە شتی ترش و شیرنەوە
پیرەمێردێک نیوە کوێرە
پیرەژنێک ناوماڵ گەسک دەدا

خۆ ئەمە ئەفسانەیەک نییە لە لایەن خواوە
خۆ من گەف لەکەس ناکەم تا بیگورگێنم[٢]

شـیعرەکە لەوە زیاترە. هەوڵمدا بۆ (ئاوریلیا) ئەوە ڕوونبکەمەوە، کە دکتۆر ماینەما لەگەڵ ژنەکەی خۆی پێشتر لەم کێڵگەیە دەژیان. ئامـاژەم بـە ژووری دانیشـتن، بـە قەنەفە و مێز، بـە دۆڵابەکان و بە

٢. خوێنەری خۆشەویست، من لە وەرگێڕانی شیعر دەترسم. پێموایە باشترە شاعیران بەم کارە هەڵبستن، بەڵام داوای لێبووردن دەکەم جار بەجار لە نێو ڕۆمانەکەدا کۆپلە شیعریی تێدەکەون. وەرگێڕ

تەلەفزیـۆن کرد و هەر بــە ئاماژە پێمگوت: «ئــەو هەموو کەلوپەلانە ڕۆژێـک لە ڕۆژان هــی ماڵباتی ماینەمــا بوون. ئەو هەمــوو هیربارە[٣]، شــوێنی پۆست لە دەرکە، زەنگە مســینەکە، پەنجەرەکان، ناندینەکە، تەنانەت گوڵە ساردینەکانیش، گورگی و ڕەخشیش هەر هەموویان.»

پاشان ئاماژەم بە غەڵێفە هەنگێک لەسەر دارەکە کرد و گوتم: «ئێستا ئەو مێشە ڕەنگزێڕینانە لێرە ماونەتەوە، هەروەها تۆش.»

جارێکیــان پیلــی (ئاوریلیــا)م گــرت و بردمە ئەو گەڕەکــەی کە لێی ژیابــووم. لــەوێ ئامــاژەم بە خانووێکــی بچکۆلانــە دا و گوتم: «لێرە دەژیام، ئێرە یەکەمین ماڵی هۆڵەندییم بوو.»

ڕاستییەکەی خانووەکە وەک کۆڵیت بوو، لێ بۆ کەسێک کە لە مەرگ هەڵاتبوو، ئاوارە و دەربەدەر لە پاکستان دەسووڕایەوە، شایستە بوو. تا ڕاددەیەک لە ڕێی ســینەما و وێژەوە، ئەمریکا، ئینگلســتان، ئاڵمان و فەرەنگستانیشــم باش دەناســین، بەڵام هەرگیز فیلمێکی هۆڵەندییم نەبینیبوو، هەروەها هیچ کتێبێکیشم لە بارەی هۆڵەنداوە نەخوێندبووەوە. زمانــی هۆڵەنــدی لەبــەر گوێــی مــن نامۆ بــوو. ئەوەشــم لەبەرچاوی خــۆم دانەنابــوو، ڕۆژێ لە ڕۆژان لە زمانی هۆڵەنــدی بگەم. ئاخر هەر دەستبەجێ ئەوەم بۆ ڕوونبووەوە، کە ئەم زمانە هیچ بۆ من ناگەیەنێ و فرم بە سەریەوە نییە.

ڕاســتییەکەی لە جەنجاڵی و هەراو پاشــاگەردانییەکەی تاران و شاری کەراجی پاکستان ڕاهاتبووم.

هــەزاران جار بەو خانووە بچکۆلانەیەی لە هۆڵەندا پێیاندابوم، شــاد و شوکور بووم، بەڵام خۆ ماوەیەکی درێژی خایاند تا لە چۆڵی خانووەکە و بێدەنگیی و بێدەنگیی گەڕەکەکە ڕاهاتم.

---

٣. هیربار: قاپوقاچاغی نارماڵێ.

سـەرەتا لە خانووە بچکۆلانەکە، ڤیدیۆیەکم کڕی و هەموو شـەوێکیش فیلمێکی هۆڵەندیم بەکرێ دەهێنایەوە ماڵێ و سەیرمدەکرد، بە نیازبووم لەگەڵ وڵاتەکە ئاشـنا بم. لە شـوێنی فرۆشـتن و بە کرێدانی کاسێتی ڤیدیۆ داوای فیلمی کلاسیکی هۆڵەندییم کرد.

خودانی ڤیدیۆخانەکە پێیگوتم:

- «ئێمە هیچ فیلمێکی کلاسیکمان نییە.»

- «کەواتە فیلمێکم بدەرێ، هۆڵەندییەکی ڕاستەقینە بێ.»

ئەویش کاسـێتێکی ڤیدیۆیی دایەدەستم، ناوی «فانفارە Fanfare» بوو.

فیلمێکی ڕەش و سپی، بێ ژێرنووس بوو.

بە گوێرەی قسـەی ماخـۆی ڤیدیۆخانەکە، فیلمەکە سـەرکەوتووترین فیلمی هۆڵەندی بوو.

منیش لە ماڵێ بە تەنیا لەبەری دانیشتم، بەڵام خۆ هیچ لە چیرۆکەکەی نەگەیشـتم، کەچی کەشوهەوا، کێڵگەکان، جۆگە ئاوەکان، مانگاکان و جوتیارەکانی نێو فیلمەکە ختووکەی بیرۆکەی نوێیان دام.

لـە یەکێ لـە دیمەنەکانی نێـو فیلمەکـەدا، مانگایەک لـەو کاتەی بۆ پێشەوە دەیڕوانی بە هێواشی بۆ دواوە دەگەڕایەوە. لەبەر ئەوەی گیای لە پێش بوو، بۆیە بە باشـی نەتدەبینی ئاخۆ دەرهێنەرەکە ئەو شتانە بەڕێکی بەدوای یەکدا بهێنێ. ئەم کاتانە کاتوساتی یادەوەرییم بوون تا وەک دەرهێنەرێک بە هۆڵەندا بەڵەد بم. خۆم تا ڕاددەیەک لە وڵاتێکی وشکانییەوە هاتبووم، پێم وا بوو مانگاکە بەرەو شوێنێکی دیکە براوە، بەڵام خۆ وەهاش نەبوو: چێڵەکە لەسـەر بەلەمێکی نادیار وەسـتابوو، لە پشت گیاوگۆڵیشەوە بە پەتێک بەلەمەکە ڕادەکێشرا.

ئەمە هۆڵەندا بوو.

لە هۆڵەندا و لە مانگەکانی سـەرەتادا وەهام بەسـەربرد، شـەوانە لە

فیلمە هۆڵەندییەکانم دەڕوانی و لێمدەکۆڵیەوە و بە ڕۆژیش بەســەعات بە نێو کێڵگە و مەزراکانیدا دەڕۆیشتم.

من ڕابردوویێکم هەبوو نەدەکرا بە ئاسانی بەلاوەبنرێ. من پیاسەم دەکرد و بیریشم هەر لەسەر ئەوە بوو، ئاخۆ دەبێ لەمەودوا چیبکەم. دەمزانی پێویستە سەرلەنوێ تێهەڵچمەوە، بەڵام دوای چەندین مانگ ڕۆیشتن و پیاسەکردن گەیشتمە ئەو بەرەنجامە، لەگەڵ مانگا و بەلەمەکان ناتوانم هیچ فیلمێک دروستبکەم.

لە زیندان ئەو هۆشمەندییە فێرببووم: **بڕوات بە ژیان هەبێ و ئارامبگرە**. ئەمەش ئەو چارەســەرە بوو، کە پێویســتم پێیهەبوو. متمانەکردن بە ژیان و بڕوابوون بەو ڕێگە ڕاستەی، کە خۆی دێتەپێشت.

## ٢

پارکێکـی بچکۆلـه و دڵگیـر له پشـتی ماڵمانـهوه هەبـوو، یەک دوو تەختەبەندی دانیشـتنی لێبوو. کاتێـک ڕۆژ بە دەرەوە بوایە، دەچووم لەوێ دادەنیشتم و کتێبم دەخوێندەوە.

شـەش مانگ بـوو لـەو خانـووەدا دەژیـام. ڕۆژێکیان لـە پارکەکەدا دانیشـتبووم، سـەرم بەسەر کتێبێکدا گرتبوو، بینیم خانـمێکی گەنج بـە خۆی و کیژۆڵەکەی هاتنە نێو پارکەکە. دەسـتی منداڵەکەی توند گرتبوو، لەسەر چیمەنەکە فێرە ڕۆیشتنی دەکرد.

منیـش دیمەنەکەم پـێ جوان بوو، بەڵام هیچ خـۆم تێهەڵنەقورتاند و

بەکاری خۆمەوە سەرقاڵ بووم.
بۆ ڕۆژی پاشتر، دیسان خۆرەتاو بوو. منیش دەستم دایە کتێبەکەم و چوومە پارکەکە. کەوتمە سەر خوێندنەوە. دایکە گەنجەکە بە خۆی و منداڵەکەیەوە پەیدابووەوە. دایکەکە لە پشت پیرەدارێک کە لق و چڵی پانوپۆڕ شۆڕبووەوەی هەبوو وەستا، بۆیە زۆر باشم لێدیار نەبوو. کەمێک دواتر، ژنە بە خۆی و کامێرایەک بەدەرکەوت، دیار بوو فیلمی کیژەکەی بە شێوەیەکی ناکارامە دەگرت.
منیش لە شوێنی خەم هەڵسامەسەرپێ تا باشتر بیانبینم، بەڵام خۆ من نە سەیری ژن و نە منداڵەکەشم نەدەکرد، بەڵکو لە کامێراکە ڕامابووم. ئەمەش یەکەمین کامێرای دیجیتاڵ بوو بینیم، کە بۆ یەکەمین جار لە بازاڕی هۆڵەندا پەیدابببوو.
بەدەر لە ئێمە، کەسێکی دیکە لە پارکەکە نەبوو، منیش پێم ڕاست نەبوو بچمە پشت دارەکە و بە دوای ژنەکەدا بێم و بچم.
بۆیە گەڕامەوە سەر تەختەبەندەکە، دانیشتمەوە، بەڵام نەمتوانی چیدی بخوێنمەوە.

یەک دوو ڕۆژ دواتر، چوومەوە هەمان جێ. ژنەکەی لێنەبوو، بەڵام زۆری نەبرد، پاش چارەکێک بینیم ژنە بە خۆی و کامێرا و کیژۆڵەکەی لە پارکەکە پەیدابووەوە. ئەمجارەیان لێگەڕا کیژەکەی لەسەر چیمەنەکە بە تەنیا بڕوا و ئەویش هەوڵیدا فیلمی ڕۆیشتنەکەی بگرێ. ژنە بانگیدەکرد: «دەی، کیژۆڵەکەم دەی، یەک هەنگاوێکی دیکە بڕۆ.» بەڵام خۆ هەر جارێک کیژۆڵەکە هاوسەنگی خۆی لە دەستدەدا و دەکەوتە سەر زەوی. دیار بوو دایکەکە یارمەتیدا هەڵیسێنێتەوە، ئینجا دەستی بە وێنەگرتن دەکردەوە: «دەی هەنگاوێکی دیکە، هەر یەک هەنگاو. زۆر باشە، ئافەرین.»

ئەوە بوو کیژەکە بەسەر چڵە دارێکی وشکدا کەوت و گریا. دایکەکەش کامێراکەی بە سەلامەتی لەسەر تەختەبەندەکە دانا و بە ڕاکردن بۆ لای کیژەکەی ڕۆیشت. لەسەر چیمەنەکە چەمایەوە، دەستی دایە کیژەکەی، هەڵیگرتەوە و ماچێکی لێکرد.

بەڵێ لەو ساتەدا چی بۆ دەرهێنەرێک دەمایەوە لەوە زیاتر کە من کردم. لە شـوێنی خۆم هەڵسـام، دەسـتم دایە کامێراکە، هەڵمکرد و کەوتمە سـەر فیلمگرتنـی دایک و منداڵەکەی. دایکەکـەش کە مەودایەک دوور لەسەر چیمەنەکە بۆ کیژەکەی دانەویبووەوە، هەوڵیدەدا هەڵیگرێتەوە، بیخاتــە سـەر پێ، بەڵکـو یەک دوو هەنگاوی دیکـە تاتی تاتی بکا تا فیلمەکەی بگرێ.

ئینجا کامێراکەم داوە دەستی ژنەکە و پێمگوت: زۆر جوانە، کامێرایەکی نایابە.»

ئەویش گوتی: «سوپاست دەکەم.»

ژنەکە دروسێمان بوو. ئەو ڕاستەوخۆ لە خانووی تەنیشتمەوە نەدەژیا، بەڵکو لەبەرانبەر بوو.

جارێکیان لەسەر شۆستەکەدا مێردەکەی سڵاوی لێکردم و گوتی فیلمی کیژۆڵەکـەی زۆر جـوان بووە، زیاتر لەسـەری ڕۆیشـت و گوتی: «وا پێدەچێ پیشەمەندانە فیلمەکەت گرتبێ.»

منیش خۆم پێناساند، کەوا لە نیشتمانی خۆمدا دەرهێنەری سینەمایی بووم.

- «ئۆو، چەند باشە. چ جۆرە فیلمێکت دەردەهێنان؟»
- «فیلمی سینەمایی.»
- «دەکرێ ئەو فیلمانەت لە هۆڵەنداوە ببینین؟»
- تا ئەو ڕاددەیەی بزانم، پێم وانییە فیلمەکانم لێرە هەبن. لەوانەشـە

لە شوێنێک کاسێتی فیلمێکی خۆم ببینمەوە.»

- «بەڵـێ، کـێ دەیزانێ.» ئەمە وەڵامی پیاوەکە بوو، ئینجا سـواری ترومبێلەکەی بووەوە و لێخوڕی.

زۆر جاران کاتێک بەسـەر بەربەسـتی[4] ئاوەکەدا بە پیاسە دەڕۆیشتم، تووشی ژنی کابرا دەبووم بە سواری پایسکل و کیژەکەشی لە کورسی تایبەتی منداڵان لەپشت خۆی سوارکردبوو.

جـاری یەکـەم بە خەندەوە سـڵاوی لێکردم و تێپـەڕی. جاری دووەم دیسـان سـڵاوی کرد و تێپەڕی بەڵام دەستی بۆ ڕاوەشاندم. سێیەمین جار وەستا و بۆ مەودایەک لەگەڵم ڕۆیشت و وەها کەوتینە گفتوگۆ:

- «مێردەکەم گوتی، گوایە دەرهێنەری فیلمی.»

- :بەڵێ دەرهێنەری فیلم بووم. ئێستاش پیاوێکم بێ کامێرا.»

- «باشە تۆ هەر بەڕاستی فیلمی وەهات دەردەهێنان، کە لە سینەمادا لێبدرێن؟»

- «بەڵێ.»

- بە دوو چاوی شینی هۆڵەندییانە لێیپرسیم: «هەر بەڕاستی؟»

- منیش هەر بەگاڵتەوە پێمگوتەوە: «بەداخەوە دایکم لێرە نییە، دەنا بەدوورودرێژی باسی زیرەکی ڕۆڵەکەی بۆ دەکردی!»

- «پێویسـت ناکا، دەتوانم خۆم ئەم شـتە ڕەچاوبکەم.» بەدەم ئەم قسەیە سواری پایسکلەکەی بووەوە و ڕۆیشت.

دوای ئەم کورتە دەمەتەقێیە، یەکدیتنمان لەسـەر بەربەستی ئاوەکە بووە شتێکی ئاسایی. زانیم کەوا بە سواری پایسکلەوە بە دیاردەکەوێ و سـڵاوم لێـدەکا و لـە پایسـکلەکەی دادەبەزێ و مەودایـەک لەگەڵم

---

٤. بەربەست: مەبەست (سد)ی ئاوە، بە هۆڵەندی ئاوێکی سەیری هەیە، پێیدەڵێن دایک Dijk.

دەڕۆیشــت و کیژەکەشی هەر لەســەر کورسییە تایبەتییەکەی منداڵان، کە لەسەر پایســکلەکەی قایمکردووە. سەبارەت بە سینەما، سەبارەت بە ئــەو فیلمانــەی بینیومانــن و هەروەهــا دەربارەی ئــەو فیلمانەی خۆم دەرمهێنابوون دواین.

- «باشە ئێستا لە هۆڵەندا دەتەوێ چیبکەی؟»
- «فیلمێک دروستبکەم.»
- «چ جۆرە فیلمێک؟»
- «نازانم، هێشتا هەر بە دوادادەگەڕێم، بەڵام ئەوە دەزانم، کە نامەوێ فیلمێکی هۆڵەندی دروستبکەم.»
- «بۆ چی نا؟»
- «زمانەکە، ئاخر خۆ ناتوانم هیچ بە زمانی هۆڵەندی بدۆزمەوە؟»
- «خۆ دەتوانی بەهەموو گۆشــەیەکدا هەنگاوبنێی، ســەیری ئەو گرتە فیلمــە نایابە بکە، کە هی کچەکەی منت گرتووە. پێموابێ پێویســتت بــەوە نابــێ زانیارییەکی زۆر دەربارەی زمانــەوە بزانی تا کارێکی وەها بکەی.»

ئیدی بە شــێوەیەکی چاوەڕواننەکراو شــتێکی کرد، کە ئاراســتەیەکی دیکەی دایە گفتوگۆکەمان. ئەو باســکی بۆ ئاسمان ڕاهێشت لەکاتێکدا بە دەســتی چەپەی توند پایسکلەکەی گرتبوو، وەستا و گوتی: «هەر بۆ نموونە دەکرێ فیلمی من بگری.»
ئینجا پێکەنی و ڕۆیشت.

مــن بە خۆشــم نازانم چۆن ئەوە ڕوویدا، جارێکــی دیکە، کاتێک خۆی و کیژۆڵەکەی بە ســواریی پایســکل هاتن و لە لام وەستان، بە هەردوو قۆڵەکانــم گرتــن و دەمم لەســەر دەمــی دانا و ماچمکــرد. ئەو هیچی نەگــوت، منیش هەر هیچ. ئینجا ســواری پایســکلەکەی بــووەوە، بێ

ئەوەی یەک قسەش بکا پەیدانی لێدا و دوورکەوتەوە.

دەمودەســت پەشــیمانبوومەوە. خۆی نەدەبوو لە وڵاتێکدا دەست بەو شێتایەتییە بکەمەوە، کە پەنایدابووم.
وێڕای ئەمەش، خۆ پیاوێکی ڕەشۆکی سەر جادە نەبووم. من دەرهێنەری فیلــم بووم، شــازنم ڕفاندبوو، دە ســاڵی ڕەبەقیش لــە کونجی زیندان بووم، شەڕی قورسم بینیبوو لە وڵاتیش هەڵاتبووم. ژنەکەش مێردی و ماڵ و منداڵی خۆی هەبوو.
خۆی نەدەبوو شیرازەی ئەم خێزانە گەنجە تێکوپێکبدەم بدەم.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئەرێ بۆ وام کرد؟
نــە ئەو ڕۆژە، نە ئەو شــەویش، بەڵکو دواتر ئــەوەم بۆ دەرکەوت، کە کامێرا ڕێنوێنی هەردووکمانی کرد.
هەمــان ڕۆژ و دوای ڕۆیشــتنی، ژنەکــەم نەبینیەوە، ڕۆژی پاشــتریش هەر نەمبینیەوە. کەچی بۆ ئەنگۆرەی ڕۆژی ســێیەم، ئەو لەو دیوەوە، لە پشــت جامــی هۆدەی نوســتنیەوە بەدیارکــەوت. خەندەکەی خۆی نیشاندام و پەردەکەشی داخستەوە.
ئیدی بەردەوام شــەوان پەردەی لەســەر دادەخســتمەوە و بە ڕۆژیش لەسەر بەریەستی ئاوەکە بەدەردەکەوت.
ئەو ناوی «ئێلا» بوو.

## ٣

«ئێلا» بە تاســەوە لە ژیانی منی پرســی، لە دایبابمی پرسی. منیش گێڕامــەوە، کــە وەک منداڵێــک دەچوومــە ســەر قوللــەی قەڵاکەمان دادەنیشــتم و بە دووربینەکە ســەیری بازاڕ، سەیری مزگەوتێ، سەیری منداڵان و سەیری ئەشکەوتەکانیشم دەکرد.
ئێمە هیچ شــتێکی شێتانەمان نەکرد، هیچی گەوجانەمان نەکرد، تەنیا لەگەڵ یەک دەڕۆیشــتین و قســەمان دەکرد. من باســی باوکم بۆ کرد، ئەو پیاوەی تا بە دەگمەن نەبێ نەدەدوا و هەر جووتە پێڵاوی بۆ دایکم دروستدەکرد.

«ئێلا»ش بە نۆرەی خۆی باسی دایبابی خۆی بۆ کردم، باسی باوکی خـۆی بۆ کردم، کە جوتیارێکی شـیرفرۆش بـووە، دەوروبەری پەنجا گامێشـی هەبوون. ئەو تاکە کچی ماڵباتەکەی بوو، خاوەنی پێنج برای لەخۆی گەورەتره بوو.

«بـە بەراورد لەگەڵ حاڵەتـی تۆ، من ژیانێکی ئارام، بەختەوەرانەم لە کێڵگەکەمانـدا هەبـوو.» ئەو وەها کەوتە قسـە و زیاتریش بەم جۆرە لەسـەری ڕۆیشـت: «لەو هەموو ساڵانەشـدا کە تۆ لە کونجی زینداندا بووی، لەگەڵ یەک دوو هاوپۆلی خۆم بە پایسکل دەچووینە قوتابخانەی گوندەکەمان. هیچیشم سەبارەت بە وڵاتەکەی تۆ نەدەزانی، هەر نەشم دەزانی ئاخۆ کەوتۆتە کوێ.»

لە ماوەی ئەو پیاسانەدا، ئەو پایسکلەکەی خۆی لە شوێنێک دادەنا. لەو شوێنەی کە مانگاکان لە چیمەنەکە دەلەوەڕاند، بەلەمێکی بارهەڵگریش بەوێدا تێدەپەڕی و ئەسـپێکیش بەتەنیـا و بە گورگەلۆقە بۆ ئەوبەری ڕووبارەکە دەپەڕیەوە. ئێلاش دەچوو لە زورگی سەر بەربەستی ئاوەکە لەنێو چیمەنەکەدا بە شێوەیەک دادەنیشت تا ببێتە مایەی سەرسامی و تەماشاکردن، هەموو ئەمەش بەرلەوەی بە پەلەپرووزێ بکەوێتەخۆی، تا خێرا بەسواری پایسکلەکەی بگەڕێتەوە دایەنگا و کیژەکەی بهێنێتەوە. منیش پێیەوە سەرسـام بووم، بەڵام سـەرنجی ئەوەمدا، هێشـتا بەس نییـە. ئاخر هێشـتا شـتێکی کەم بوو. ئەمەشـیان پێشـتر و لەکاتی پیاسەکانماندا سەرنجمدابوو. خۆی پێویست بوو شتێکی دیکە هەبوایە تا بەیەکەوەبوونی ئێمەی فراژی بکردبایە. ئەوە بوو نیگام پەڕییە سەر کامێراکەی، کە لەتەک ئەو لەسەر چیمەنەکە کەوتبوو.

ئیـدی دەسـتم دایە کامێراکـە، فیلمی ئەوم گرت کە لەسـەر فریزەکە ڕاکشـابوو. ئەویـش تەنوورەکەی تا سـەر چۆکان هێنـا، منیش هەروا فیلمی دەگرم. ئینجا خۆی وەرسـووڕاندە لای من و خۆی نمایشـکرد.

هەروەک ئەوەی باش بمناسێ، وەک ئەوەی منی خۆشبوێ، هەر وەک ئەوەی من سەوداسەری ئەو بوویم، ئەوە بوو منیش فیلمم دەگرت. ئەو بلووزەکەی داکەند، ئازادانە وەک ئەوەی ژنی یەکێکی دیکە نەبووبێ. ئەو ڕۆڵی دەبینی منیش فیلمەکەم دەگرت. بە پێی پەتی بەرەو نێو ئاوەکە غاریدا، بەسەر گردی سەر بەربەستەکە کەوت. لە لێژایی بەربەستەکە هاتەخوار بە تەنیشت مەزرایەکی پڕ لە گوڵەبەڕۆژەی پێگەیشتوو ڕایکرد.

کاتێ سۆڵەکانی[٥] کردنەوە پێ دیمەنێکی دیکەشم گرت. ئەوسا سواری پایسکلەکەی بووەوە و بە توندی پەیدانی لێداو بەرەو ماڵ گەڕایەوە. منیش بەدوایدا ڕامکرد و کامێراکەم خستەوە نێو جانتای پایسکلەکەی. نەخێر، من نەمدەزانی، هەروەها ئەویش هەر وا بوو نەیدەزانی، کەوا پێویستی بەوە هەیە ڕۆڵی ئەکتەر بگێڕێ و منیش پێویستم بەوە هەبوو هەموو دیمەنێکی بگرم.

لەو هەموو ساتانەدا من هەر وەک ئەکتەرە ژنێک لەگەڵی جووڵامەوە، پێشموابێ ئەویش لە نەستی خۆی هەمان ڕەفتاری نواندبێ، کەوا منی وەک دەرهێنەرێک دەبینی. ئەو نمایشەکەی بۆ من نەبوو، بەڵکو بۆ کامێراکە بوو.

ئێوارەیەکی درەنگ بوو، تاریک داهاتبوو، دیار بوو لە پەنجەرەی دیوی پشتەوەی باخچەکەم درا. منیش نەمدەبینی تا بزانم ئاخۆ کێیە. کاتێ سورگی دەرکەم کردەوە، بینیم ئێلا بوو، ئێلا بە بێ کامێرا.

لێمپرسی: «لێرە چی دەکەی؟»

- «دەکرێ....»

- «نەخێر، مەبەستمە بڵێم، بەڵێ، بێگومان، بەڵام من نامەوێ

---

٥. سۆڵە: جۆرە قاپقاپەیەکە بەڵام مەرج نییە بنی دار بێ. لە گۆرانی فۆلکلۆریشدا هاتوە: بزمارە و بزمارە... سۆڵێ بە بزمارە... بزمار نیەو مێخە... یارم کچە شێخە...

کـەوا....» وەهــام پێگوت و هەندێکیش کشــامەوە و بەری دەرکەکەم بەردا تا بتوانێ بێتەژوور.

ئەویش هات و لە ناوەڕاســتی ژوورەکە وەســتا. منیش نەمدەزانی چی بکەم. پەردەکانم داخست.

- «فەرمــوو دانیشــە.» بــە دەم ئەم قســەیە ئاماژەشــم بــۆ قەنەفە بچکۆلانەکەم کرد.

کەچی ئەو هەر بە پێوە مایەوە.

ئیدی ترسـێک دایگرتم. ئاخر ژنێک لە هۆدەکەی من بوو، لە دەرکەی پشــتەوەی حەوشەکەشــەوە هاتبووەژوور. ژنێک بە بێ کامێرا هاتبووە ماڵێک، کە هێشتا بۆ ژنێک شیاو نەبوو.

منیـش نەمدەویســت بێتە لای مــن، هەر هیچ نەبێ بــەو کاتە درەنگە نەبێ. من بۆیە هەڵنەهاتبووم تا دەســت بەســەر ژنــی پیاوێکی دیکە دابگرم. ئەو هێشتا دایکێکی گەنج بوو. نەخێر، من نەمدەتوانی.

- «دەتەوێ شتێک بخۆیتەوە؟»

- «نا، نەخێر، سوپاس.»

دەمزانی نابێ دەستی لێبدەم. باشە ئەدی ئێستا دەبێ چیبکەم؟

ئینجا ئەو گوتی: ئێمە دەڕۆین، دەگوازینەوە، باردەکەین.»

منیش پێمگوتەوە: «ئۆو، چەند باشە. مەبەستمە بڵێم بۆچی؟»

هیچ وەڵامێکی نەدامەوە.

پاشان گوتی:»هاتووم ماڵئاواییت لێبکەم. هیوای بەختێکی باشت لەم وڵاتە بۆ دەخوازم.»

منیش بەرەوڕووی چووم و توند دەستم گرت.

ئەویش باوەشی پێداکردم، کەمێک توند لە ئامێزی گرتم. ئینجا ڕۆیشت.

بۆ بەیانییەکەی، کاتێک چوومە نانەوینەکە، کیســێکی پلاستیکم لەسەر زەوی لە لای دەرکەی باخچەکە بینی. کامێرای ئێلای تێدابوو.

## ٤

ئێستا کامێرایەکم هەیە. ئەو ڕۆژگارەی فیلمی سینەماییم دروستدەکردن، بەسەرچوو. ئێستا دەبێ بەتەنیا، بە بێ هەبوونی تاقم دەستپێبکەمەوە. لەپاڵ فیلمی سینەمایی، هەمیشە کاری بەڵگەنامەییشم دەکرد. بۆیە زۆر بیرم لێکردەوە، لەسەر ئەو هێڵە بەردەوامبم.

کاتێکیش لە پاکستان بووم، بە چاوی خۆم بینیم چۆن بە هەزاران کەس لە وڵاتەکانی خۆیان باریاندەکرد. پاشان و لە ڕێگەمدا دیسان بە هەزاران عێراقی، ئەفغانی، سووریم بینین لە وڵاتەکانی خۆیان هەڵاتبوون و ڕێی ئاوارەییان گرتبووەبەر. تا دەهاتیش دەهاتمە سەر

ئەو بڕوای بەڵکو شتێک سەبارەت بە گوڕدەمی ئەو حەشاماتە بکەم، بەو تەوژمە وزەدارەوە، کە بە شێوەیەکی نابیانایانە کۆچدەکەن. وا باشترە ئەوانە لە چوارچێوە کارێکی بەڵگەنامەییدا بگرمەخۆ، تا لە نزیکەوە نیشانیان بدەم، لێ ئەوەشم نەدەزانی، کتومت چۆن بێ.

ڕۆژێکی ناخۆشی هەوراوی نامەیەکم بە پۆست پێگەیشت، کە پوولی ئەمریکای بەسەرەوە بوو. نامەکە بانگهێشتنامەیەکی دیاسپۆرای ئێرانییەکان بوو لە نیویۆرک، کە شریتی ڤیستڤاڵی فیلمەکەیان لە نیویۆرک ببرم و لەوێدا کۆڕێکیش لەسەر سینەمای ئێرانی بگێڕم.

ئەمەش ئەو ڕێچکەیە بوو، کە سالانێکی درێژبوو بە دوایدا وێڵ بووم، کەچی بە خۆی هاتەپێش.

دیسان نیویۆرک لە ژیانمدا سەریهەڵدایەوە. خۆی هەر دەبوو بەو وەرچەرخانەی ڕۆژگار پێبکەنم. ئاخر یەکەمین کتێب بە منداڵی، کە خوێندبوومەوە، کتێبێکی پەڕدڕاو بوو بە ناونیشانی (ئیسماعیل لە ئەمەریکا). گەشتنامەیەکی تەوسئاسای پیاوێکی گاڵتەجاڕ بوو بە نێو ئەمریکادا.

چەند ساڵێک دوای ئەوە و لە تەمەنی نەوجەوانیمدا، خۆشییم لەو زنجیرە کتێبانە بینی، کە دەربارەی (مارک هامەر) نووسرابوون. لێکۆڵەرەوەیەکی خەیالاوی کە بەردەوام بەدوای ڕاوکردنی دز و جەردەکانی نیویۆرکەوە بوو.

نیۆیورک وای لێکردم بیر لە دوکانەکەی ئالاسکای هۆشەنگی یەکدەستیش بکەمەوە، کە هاوینان لەوێ کارمدەکرد. هۆشەنگیش یەکەمین کەس بوو، ئایسکرێمی خۆش و بەتامی هێنایە شارەکەمان. ئێستاش هەر گوێم لەو قسەیەی ئەوە، کە هەمیشە دەیگوت: «لە نیویۆرک هەمووان هەر مۆتەی ئالاسکایان پێخۆشە.»

بیرم لە «باران»یش کردەوە، بەڵام خۆ گەڕان و سوڕان بەدوای

خۆشەویســتە کۆنەکە هیچی لێشین[٦] نەدەبووەوە . من دالغەم بۆ سەر ئەو چوو، بەڵام خۆ ئەو ئێســتا هی من نەماوە، ئەو ئەو ژنە بوو، کە بەیەکەوە لەگەڵ ســتۆدیۆکەم و کامێرای ژیانی ڕابردووم لە نیشــتمان بەجێمهێشتن.

ئیدی بەم هزرە تێکەڵوپێکەڵانە جانتاکەی خۆم تێکنا و بەرەو نیویۆرک فڕیم.

بە شــێوەیەکی ئاســایی گەر باسبکەم، کاتێ ســواری فڕۆکە دەبووم، چاوم لە ســەریەک دانەدەنان، بەڵام لەو گەشــتەمدا، کاتێ گەیشــتینە ســەر ئۆقیانوســەکە، خەوێکــی قووڵم لێکەوت. خەوم بــەوە بینی، لە ئەمریکا بە دوای سەروسۆراخی «ئەکرەم جون»دا دەگەڕام. کاتێکیش بــە بانگنامــەی فڕۆکەوانەکە بەئاگاهاتمەوە، هێشــتا «ئەکرەم جون» بــە زیندووی لەنێو مێشــکمدا بوو. دەمودەســت زانیــم ئاخۆ یەکەمین کاری بەڵگەنامەییم چۆن ســاز بکەم. لە مێشــکم کورتە ســیناریۆیەک گەڵاڵــە بــوو. پێدەچوو لە نەســتی خۆمدا دەمێک بووبــێ بەو کارەوە خەریکبوویم، هەنووکەش شەقڵ و شێوەی خۆی وەرگرت.

هێشــتا هەر لەســەر ئۆقیانووســەکە بوویــن، بڕیاری ئەوەمــدا، لەگەڵ کامێراکــەم بە دوای «ئەکرەم جون»دا بگەڕێــم، کەچی دەقاودەقیش نەمدەزانی لە کوێ دەژی.

لە دواجاردا، کە دایک و باوکم لە تاران بینین، لە دایکم پرسیبوو ئاخۆ هیچ هەواڵی «ئەکرەم جون»ی لە لا هەیە.

ئەویش گوتی: «زۆر دەنگودۆ ســەبارەت بە ئەو هەن. دەگوترێ گوایە دوای ئەوەی ڕفێنراوە زگی پەیدابووە. هەشــن دەڵێن گوایە هۆشــەنگ هەرســێ پیاوەکانی کوشــتوون، ئەوانــەی وێنەکانیان لــە ڕۆژنامەکەدا

---

٦. لێشین نەدەبوو: لێبەرهەم نەدەهات.

بڵاوکرایەوە. هۆشەنگیش هیچ سۆراخی لە دوای خۆی جێنەهێشت، لەوانەیە لەوە ترسابێ نەوەک پۆلیس بەدوایدا بگەڕێ و بیگرن.»

- «باشە مامیشم نازانێ ئاخۆ «ئەکرەم جون» بۆ کوێ چووە؟»

- «بەڵێ، هەر دەبێ ئەو بزانێ. بەڵام من هیچ نازانم، ئەمەش بابەتێکە هی باس لێوەکردن نییە. هەر ئەوەندە دەگوترێ، کەوا ئەو لەگەڵ هۆشەنگ لە ئەمریکا دەژین. هەر خوایە هەموو شتێک دەزانێ. من هیچ نازانم.»

لە ترسی زەبروزەنگی ڕژێم و کاتێک من بەڕێگاوە بووم، لە ڕۆژانی هەڵاتنمدا بە مەبەست هیچ پەیوەندیم بە ماڵباتەکەمەوە نەکرد. سوور دەمزانی تەلەفۆنی ماڵەوەمان لەژێر چاودێری دایە. تەنیا ئەو کاتەی گەیشتمە پاکستان، زەنگم بۆ مامم لە فیرماکەی لێدا و بە کورتی پێمگوت: «سەلام. من لە وڵات دەرچووم. ئێستا سەلامەتم.»

ئەویش بە هەڵچوونێکی سۆزاوییەوە گوتی: «ئەللا بتخاتە ژێر باڵی خۆیەوە.

منیش هەر ئەوەندەم پێگوتەوە: «هەروەها تۆش.» ئیدی تەلەفۆنەکەم داخستەوە.

ئەو ڕێگە هەڵاتنەی گرتبوومەبەر، کۆتاییەکەی لە هۆڵەندا گیرسامەوە. لەوێش لە فڕۆکەخانەکەدا بۆ دووەمین جار زەنگم بۆ مامم لێدایەوە: «گەیشتمە ئەمستەردام، ئێستا بەتەواوی سەلامەتم.»

ئەویش گوتی: «ئەللا نزا و پاڕانەوەی دایکتی قبووڵکردووە.»

لەو ماوەیەشدا دەسەڵاتدارانی ئێران زۆر لە ڕکابەرەکانیان لە دەرەوەی وڵات لەناوبرد، هەر بۆیە خۆم لە هەر پەیوەندییەک بە کەسوکار دەپاراست. بەڵێ جارێکیان فیستانێکم بۆ دایکم و کراسێکم بۆ باوکم و شەپقەیەکی ئەستووری زستانیی هۆڵەندیشم بۆ مامم بە بازرگانێکی زافەرانی ئێرانی ڕەوانەکردنەوە.

لە فرۆکەخانەکەی «جۆن ئێف کەنەدی»دا , ڕاســتەوخۆ چوومە چاوە تەلەفۆنێک و زەنگم بۆ نووسینگەی مامم لێدا.
سوپاس بۆ خوا هەر زوو تەلەفۆنەکەی هەڵگرت. لە دەنگیڕا هەستمکرد پیر بووە.
- «سەلامون عەلەیکوم، فەراهانجی لەگەڵتە.»
- «سەلام، سوڵتانم.»
- «ئەللا ئەللا. ئەرێ چۆنیت؟»
- «زۆر باشــم. ئەرێ ئێوە چۆنن، کەســوکار، هەموو باشــن، دایک و باوکم چۆنن؟»
- «ئەلحەمدولیلا هەموو باشن، هەموو ساغ و سەلامەتن.»
- «مامە، من ئێستا لە ئەمریکام. تۆبڵێی ناونیشانی «ئەکرەم جون»ت لا نەبێ؟
شتەکە وەها بوو، وەک ئەوەی پەردەی بێدەنگییم لەسەر نهێنییە سادەکە هەڵدابێتەوە. ئەویش کەمێک کاتی پێویست بوو تا وەڵامبداتەوە.
- «ئــای، بــەڵام. خــۆت دەزانی. ڕاســتیەکەی... ئای چەند شــتێکی باشــتکردووە. بەڵــێ، بە دڵنیاییەوە هەردەبــێ وا بکەی، بەڵام خۆ من ناونیشــانی ئــەوم نییە. هەندێ جار تەلەفۆنم بــۆ دەکا، بەڵام هەرگیز لێم نەپرســیوە ئاخۆ لە کوێ دەژی. لەوانەیە لە شــوێنێک لە ئەکلاند UKelland بێ.»
- «لە کوێ؟»
- «ئەگــەر باش ناوەکە گۆبکــەم، لە ئەکلاند Ukelland یان ئوکلاند Oekelland ە. کەمێــک بووەســتە، جارێکیــان نامەیەکــی ئەوم بۆ هاتووە، بەڵکو ناونیشانەکەی لەسەر بێ، بەڵام خۆ لێرە و لە شوێنێک دامنابوو، من دەبێ لێیبگەڕێم و بیدۆزمەوە. هەندێ کاتت هەیە؟ دەچم بەدوایدا دەگەڕێم. ئای چەند باشــە، کە تۆ لەوێ بە دوای ســۆراخیدا

دەگەڕێی.»

- «مامـــە، مـــن وا دەچـــم جانتاکـــەم وەردەگرمەوە، دواتـــر زەنگت بۆ لێدەدەمەوە.»

پاش نیو ســـەعات، زەنگم بۆ لێدایـــەوە. ئەویش نامەکەی دۆزیبووەوە، بەڵام هیچ ناونیشانی لەسەر نەبوو.

- «مامە، ســـەیری پوولەکە، ســـەیری مۆرەکەی بکە، بزانە ناوی کامە شاری لەسەر نووسراوە؟

- «من باش نابینم، کەمێ بوەســـتە، بانگی ئەو کوڕە دەکەم.» ئەوە بوو بانگی یەکێکی کرد.

لای خۆمەوە گوێم لە دەنگی کوڕەکە بوو، ئەویش دەسکی تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و سڵاوی لێکردم. منیش وەڵامی سڵاوەکەم دایەوە و گوتم:

- «دەکـــرێ تەماشـــای پـــول و مۆرەکـــەی بکـــەی بزانـــە چی لەســـەر نووسراوە؟»

- «لەسەری نووسراوە USA.»

- نـــا ، ئەمـــە نا، ســـەر پوولەکە بخوێنـــەوە، بزانە لە کامـــە ولایەتەوە مۆرکراوە؟»

- «ئەمەی نووسراوە ناخوێنرێتەوە. بوەستە، با وردبین بێنم. پیتەکان شۆڕاون، خەریکە نەخوێنرێنەوە.»

- «دەی پیتەکانم بۆ بخوێنەوە، منیش دەیاننووسمەوە.»

- «بە پیتی b، ئینجا o یان e، پاشان r یان s پاشان o یان y.»

منیش پیتەکانم لە دوای یەک نووسینەوە: Beskeloy, Berkeloy.

- «لەوانەیە بێرکلی Berkely بێ.»

- «ناتوانم بڵێم هەوە، بەڵام دەشـــکرێ هەروا بێ.» ئەمە دوا قســـەی کوڕەکە بوو.

پاشـــان کوڕەکە دەســـکی تەلەفۆنەکـــەی دایەوە دەســـت مامم ئەویش

پرسی:
- «زانیت؟»
- «زۆر دڵنیا نیم، لێ هەر کاتێ دۆزیمەوە ئاگادارت دەکەمەوە.»
ئیدی ناوی شارێکم پێ بوو، پێدەچوو بێرکلی Berekely بێ، هەروەها ناوێکی دیکەی لەنێوان Ukelland, Oekelland یاخود Okkelland لابوو. زۆریش تامەزرۆ بووم کە «ئەکرەم جون» و هۆشەنگی یەکدەست بدۆزمەوە. تا بزانم تۆبڵێی لەو هەموو ساڵانەدا لە ئەمریکا چییان کردبێ. تۆ بڵێی هۆشەنگی یەکدەست ببێتە جۆرە «مایک هامەرێک»؟ تریاکفرۆشێک؟ ئاخۆ ژیانی «ئەکرەم جون» لە ئەمریکا چۆن بێ، ئاخر خۆ ئەو تاکە کەسی شارەکەمان بوو، کە ئینگلیزی دەزانی.
بە خاترجەمییەوە دەبێ بیاندۆزمەوە، بەڵام هەموو شتێکیش کاتی خۆی هەیە. لە فڕۆکەخانەوە یەکسەر سواری شەمەندەفەر بووم بۆ شارەکە و لەوێش تاکسیەکم گرت تا هوتێلەکەم لە «مانهاتن».
دوای پشوویەکی یەک ڕۆژە، بە پۆشتەوپەرداخی بەرەو میهرەجانی فیلم ڕۆیشتم. هیچ بیرۆکەیەکیشم نەبوو، ئاخۆ لەوێ چیم دێتەڕێ.
هەر بەگەیشتنم بۆ ئەوێ، لە لایەن سەد دووسەد هاونیشتمانییەک وەک پاڵەوانێک پێشوازییم لێکرا. بۆ من ساتێکی زۆر خۆش و فەرامۆشنەکراو بوو. کاتی خۆی لە پاکستان وەک دەربەدەر دەژیام، لە هۆڵەنداش ساڵێکی ڕەبەق بەتەنیاییەکی ئازاربەخش ژیام، بەڵام هەنووکە پاداشتی ئارامگرتنەکەم وەرگرتەوە. کاتێکیش کۆڕەکەم کرد، دوای چەپڵەیەکی درێژ، پاکەتێکی داخراوم وەرگرت. منیش کردمەوە و بە هۆیەوە بێدەنگ دۆشدامام. ئاخر ئەوان فیلمە سینەماییەکانی منیان لەسەر یەکدوو کاسێت تۆمار کردبوون. ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزیش چاوپێکەوتنێکی سەبارەت بە سینەمای ئێرانی لەگەڵ کردم، ئیدی

هەمــوو ڕۆژەکە هەر بە هاونیشــتمانییان دەورەدرابووم، دەیانەویســت وێنــەم لەگــەڵ بگــرن. زۆر لــە ئامادەبووانیش لە شــارە جیاجیاکانی دیکەوە هاتبوونە نیویۆرک. ڕاستییەکەی میهرەجانەکە بەهانەیەک بوو، بۆ ئەوەی دوای وڵات بەجێهێشتن، جارێکی دیکە یەکدی ببینینەوە.
کاتێکیش منیان لە باوەش دەگرت و بەخێریان دەهێنام، ئەو ڕاستییەم بۆ دەرکەوت، کە پێم ناوەتە سەر ڕێگەیەک، پێشتر و یەک ساڵی درێژ لە هۆڵەندا بەدوای شتێکی وەهادا دەگەڕام. داوایانلێکردم لەو ماوەی لە ئەمریکا دەمامەوە، بەڵکو سەردانی شارەکانی ئەوانیش بکەم و کۆڕ و مێزگەرد لە مەڵبەندی ڕۆشنبیری و کلتوری ئێرانی لای ئەوانیش بگرم. «دڵنیابن بە خۆشییەوە دێمە لای ئێوەش.» منیش وەها وەڵاممدەدانەوە و چاوەڕێی سەردانێکی دیاریکراویشم دەکرد، بە خاترجەمییەوە هەر بۆم دەهات. باپیرەم فێرە شتێکی شایستەی کردبووم. ئەوەش لەو ڕۆژەدا بوو، کە چیرۆکی عەلائەدینی بۆ گێڕابوومەوە. عەلائەدین کوڕێکی هەژار بــوو، قۆدیلەیەکی دۆزیبووە، کە جنۆکەیەکی تێدابوو. ئەم جنۆکەیەش لەباریدا هەبوو هەر شتێکی لێداوابکرێ، بیکا.
عەلائەدینیش گوتی: «هۆ جنۆکەکە، بمبەرەوە لای دایکم.» جنۆکەکەش ئەوی بردەوە لای دایکی.
عەلائەدین داوای مافوورێکی فڕندەی لێکرد، جنۆکەکەش بۆی هێنا.
جارێکیــان باپیــرەم بە منی گوت: «**ڕۆڵە، جنۆکــە لە ناو خۆت دایە. هەمــوو کەســێک جنۆکەی خــۆی هەیــە، گیانێک لە جەســتەی دایە. تــۆ داوابکــە و جنۆکەکەش بۆت جێبەجێدەکا. تــۆ بەدوایدا دەگەڕێی. جنۆکەکەش بۆت پەیدادەکا. پێویستە بڕوات بە ژیان هەبێ.**»
ئەم ئاوەزمەندییەم هەروەک ئەنگوستیلەیەکی زێڕینی کۆن لە پەنجەکرد، بەڵام خۆ بۆ ماوەیەکی درێژیش دەروەستی نەدەهاتم.
متمانــەم بــە ژیان هەبوو. بــەدوای سەروســۆراخی «ئەکرەم جون»دا

گەڕام و دەشمزانی، جنۆکەکە ئەوم بۆ دەدۆزێتەوە.
دوای نیوەڕۆ بوو، ئەو کاتەی ویستم میهرەجانەکە بەجێبێڵم، کچە خوێندکارێکی چاویلکەلەچاو هاتەپێشم. کچەکە سەرۆکی یەکێتیی خوێندکارە ئێرانییەکانی زانکۆی کالیفۆرنیا-بێرکەلی بوو. ئیدی دەمودەست زانیم، جنۆکەکەم کچەکەی لێکردووەتە خدری زیندە.
هەر لە کۆنەوە بە هەزاران لە ئێرانی لە کالیفۆرنیا نیشتەجێببوون، بەڵام دوای شۆڕش و دوای جەنگ بە یەکجاری هەزاران کەسی دیکەشیان گەیشتنێ. کچە خوێندکارەکە باسی ئێرانییەکانی کرد، ئەوانەی لە بێرکلی و لە شارە نزیکەکانی دەژین، هەروەها باسی ئەو یەکدوو سەد خوێندکارەی زانکۆکەشی کرد. ئیدی بە ناوی ماڵی کلتوری بێرکلی بانگهێشتیکردم بەڵکو لەوێ کۆڕێک پێشکەشبکەم و دەق وەهای پێگوتم: «**باشترین خەڵات بۆ ئایندەی ئێمە گرێدانەوەیەتی بە ڕابردوومان.**» [٧]
منیش ڕاستەوخۆ وەڵامی بانگهێشتنامەکەم نەدایەوە، بەڵام لێمپرسی:
«ئەرێ لە بێرکلی گەڕەکێک یان شوێنێکی هەیە ناوی ئەکلەند بێ؟
- «ئەکلەند؟ نا ، نەخێر؟»
- «من بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێم بە ناوی ئەکلەند Ukellend.»
- «هەرگیز گوێم لە شتێکی وەها نەبووە.»
- «ئەدی ئوکلەند Oekellend؟»
- «نەخێر، ئەویش نا.»
- «بەڵکو ئۆکەلاند Okkelland بێ؟»
- «نەخێر، ئەمەشیان نییە.»
کچەکە هەندێک بیریکردەوە، ئەویش پرسیاری لە جنۆکەکی خۆی کرد.

---

٧. ئەم دێڕە لە ڕۆمانەکە بە ئینگلیزی هاتووە.

ئینجا گوتی : «لەوانەیە ئۆکلاند Oakland بێ.»
ئیدی بەرەو بێرکلی فڕیم.
لــە فرۆکەخانــە بــە دوامــدا هاتــن. ڕێکخەرەکانی کۆڕەکە بــۆ ماوەی هەفتەیەک سویتێکیان بۆ گرتبووم، گەر بشمویستبا دەمتوانی ماوەکەی درێژتربکەمەوە. ئەوان پێشــوەختە هەواڵی کۆڕەکەیان لە ڕێی ڕایەڵەی ئێرانییــەکان بڵاوکردبووە و هەمــوو ڕۆژێکیش لە ڕادیۆ خۆجێیەکەیاندا هەواڵی منیان ڕادەگەیاند. کۆڕەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو لە ســەرووی چاوەڕوانی یەکێتیی خوێندکارەکانیشەوە بوو. نەوەک هەر ئێرانییەکان، بەڵکــو زۆر لــە خوێنــدکار و کارمەند و تەنانەت ســەرۆکی زانکۆکەش هاتبوو. سەرەتا لە نیویۆرک، ئێستاش لە بێرکلی، ئیدی تێگەیشتم، کەوا فیلمەکانم ببوونە بەشــێک لە ناســنامەی هاونیشتمانیانم لە هەندەران. لە ڕێی فیلمەکانمەوە و هەروەها لە ڕێی کەســێکی وەک منەوە، ئەوان ئەوەیان بیرخۆیان هێنایەوە، کە کێن و لە کوێوە هاتوون.
دوای سەردانەکەم بۆ ئەمریکا، لەو جۆرە بانگهێشتنانەم لە زۆر شوێنی دنیــاوە لە لایــەن هاونیشــتمانییەکانم بۆ دەهات. ئەمەش هەســتێکی گەرمــی پێبەخشــییم، کەچی لە هەمان کاتیشــدا ترســاندمی، چونکە هاونیشــتمانییە خۆشەویســتەکانم ئەوەندە ســۆز و بایەخیــان پێدام، متوویان[٨] ببووم. هەر بۆیە دەبووە مایەی زیادەڕۆیی، ئەمەش بۆ گیان زیانبەخشە. خۆ ئەگەر وریا نەبووبام، ئەوا دەیانکردمە ئەو فیلمسازەی ئەوانی بە ڕابردووەکەیانەوە گرێدەدا. لێ گەلۆ، خۆ نەدەبوو ئەوە ڕووبدا، چونکە ئەمە واتای مەرگی منی دەگەیاند؛ کەواتە ئەو کات هیچی نوێم بۆ بنیاتنەدەنرا. منیش دەمزانی چیم دەوێ، ئاخر پێشتر بڕیاری خۆم دابوو. دەمەویســت هەموو ئەو خەڵکە لە کارێکی بەڵگەنامەیی بئاخنم

---

٨. متوو: هۆگر.

تا باری کۆچ و کۆچبەریی لە نزیکەوە نمایشبکەم. ئەم قۆناغە نوێیە لە کارنامەم هەر دەبێ بە «ئەکرەم جون»ەوە دەستپێبکا.
لە میانەی کۆڕەکەم لە بێرکلیدا لەنێو خەڵکە ئامادەبووەکەدا چاوم لە «ئەکرەم جون» و هۆشەنگی یەکدەست گێڕا.
خۆی بیرۆکەیەکی سەیروسەمەرە بوو ئەوان لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکە ببینمەوە، ئیدی هەر بیرم لێدەکردەوە. هەر هیچ نەبێ هەواڵی کۆڕەکەی من بڵاوببووەوە، خۆ ئەگەر ئەوان لەو دەوروبەرەی بێرکلیدا ژیابان، ئەوا گوێیان لێدەبوو.
دوای کۆڕەکە چوومە چێشتخانەیەکی ئێرانی، لەوێ لەگەڵ ماخۆی چێشتخانەکە کەوتمە گفتوگۆ. ئەو نزیکەی چل ساڵێک دەبوو لە بێرکلی دەژیا و هەمووانی دەناسین.
ئەوە بوو لێمپرسی:
- «ئەرێ من بەدوای هاونیشتمانییەکدا دەگەڕێم، پیاوێکی یەکدەست، ناوی هۆشەنگە.»
- «لە کوێ، لە بێرکلی؟
- «دڵنیا نیم لە کوێ دەژی. لەوانەیە لێرە لەو دەوروبەرە لە شوێنێک بێ.»
- «باشە پاشناوەکەی چییە؟ دەتوانم لە تەلەفۆننامەدا بەدوای ناوەکەیدا بگەڕێم.»
لەپڕێکەوە پەییم بەوە برد، کەوا هەرگیز پاشناوەکەی هۆشەنگی یەکدەستم نەزانیوە.
- «من ناوێکی دیکەم لە لایە، ئەوان بەیەکەوە دەژین. ئەگەر بکرێ بە دوای ناوی «ئەکرەم سادات فەراهەنجی»دا بگەڕێ.»
پیاوەکەش لە تەلەفۆننامەکەدا گەڕا، بەڵام هیچی نەدۆزییەوە.
بۆ ڕۆژی پاشتر سەرۆکی زانکۆ زەنگی لێدا و منیش چوومە لای. ئەویش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەرۆکی شارەوانی بێرکلی کرد و

زانیارییەکانــی «ئەکــرەم جــون»ی دانــێ. پاش چارەگێک ســەرۆکی شارەوانی تەلەفۆنی کردەوە و گوتی: «ئەو کەسەی بە دوایدا دەگەڕێن لە ناو شاردا ناژی، بەڵکو لە کێڵگەیەکدا دەژی دەکەوێتە نێوان بێرکلی و ئۆکلاند Oakland. هەر (٣٠) مایلێک لێرەوە دوورە.»
ســەرۆکی زانکۆش زانیاری ســەبارەت بە ناونیشــانی کێڵگەکە لەسەر پارچە کاغەزێک نووسی و دایەدەستم.
منیش پێمگوت: زۆر سوپاس.»
ئەویش وەڵامیدامەوە: «سوپاس بۆ تۆ، کە قسەت بۆ خوێندکارەکانمان کرد.»
ڕۆژی ســێیەم ســەرۆکی یەکێتیــی خوێنــدکاران هات تــا هەڵمبگرێ، بەڵام ناوەکەیم بیرنەماوە. ئیدی کچە خوێندکارەکە بە جێبێکی شــێوە سەربازییانە هاتبوو، دیار بوو لە دۆستەکەی وەرگرتبوو.
منیــش ناونیشــانی کێڵگەکــەم دایێ، ئەوە بوو لێخوڕی و لە شــارەکە دەرچوویــن. لــەو کاتدا لە نێو دەرهێنەرە ســەربەخۆکان مشــتومڕێک ســەبارەت بە ژانری «ســینەمای نووســراو» لەئارادا بوو. مەبەستیان ئەوە بوو؛ زۆر باش دەکرێ فیلمسازێک هەروەک نووسەرێک بکەوێتەکار، بەوەی ســیناریۆی پێویســت نەبێ و خۆی بــە دوای کامێراکەیدا بڕوا. شــتەکە ئەوەی دەگەیاند، کە فیلمســازەکە دەردەست لە شوێنی خۆی بە دوای دیمەنە خەیاڵی و ئەندێشەکانیدا بچێ.
منیــش هەمان شــتم کرد، نەشــمدەزانی ئاخۆ کامێراکــە دەمگەیەنێتە کــوێ. هــەر بۆیــە دیمەنــی قامکەکانی ماخــۆی چێشــتخانەکەم گرت کاتــێ لــە تەلەفۆننامەکەدا بە دوای ناوی «ئەکــرەم جون»دا دەگەڕا. هەروەها فیلمی ســەرۆکی زانکۆکەشــم گرت کاتێ پاشــناوی «ئەکرەم جــون»ی بۆ ســەرۆکی شــارەوانی گۆدەکــرد (ســپێلدەکرد). فیلمی کچــە خوێندکارەکەشــم گرت، کــە بە دوودڵی بەنێو ڕێــڕەوی خاکێکدا دەڕۆیشــت، کــە نەدەزانرا هی کێیە. کاتەکە لــەوە زیاتری خایاند، کە

ئێمــە داماننابــوو. کچــە خوێندکارەکە لە ڕێی نەخشــەوە بۆ کێڵگەکە دەگــەڕا، کە ئەوەندە لاڕێــی لەنێودا نەبوون. ئێمە بەســەر ڕێگەیەکی بەرزونزمدا ڕۆیشتین، جێبەکەش بۆ ڕێگەکە زۆر شیاو بوو. ئەوە بوو لە دوورەوە کێڵگەیەک بەدیارکەوت، بەڵام خۆ نەمدەزانی ئاخۆ ئەو شوێنە خۆیەتی، کە بەدوایدا دەگەڕێین.

هەندێ دیمەنی ڕێگەکە و دیمەنی کێڵگەکەشم گرت. لەوێ لە شوێنێک ئەسپســوارێک پەیدابــوو، ژنێک بە شــەپقەیەکی کاوبۆیی لە کێڵگەکە هاتــەدەر. کاتێکش لێمان نزیککەوتەوە، بینیم کــە لە ئافرەتی ئێرانی دەچــێ. ئەو دەســتی بۆ هەڵبڕیــن و هەر بە گورگەلۆقــە بەرەو گردە دوورەکان لێیخوڕی.

ئەوسا بە خوێندکارە یاوەرەکەی خۆم گوت: «پێموابێ هەردەبێ ئێرە هەوبێ.»

کاتێکیــش لە کێڵگەکە نزیکبووینەوە، ســەگەکان لــە دوورەوە کەوتنە وەڕین.

- «لێرە ڕاگرە،» وەهام بە کچە خوێندکارەکە گوت؛ «کاتێ فیلمەکەش دەگرم هەر لە تەنیشتم بمێنەوە، بەم جۆرە متمانەمان پێدەکەن.»

پاشــان پیاوێکی چوارشــانە بە خــۆی و ڕدێنێکی بۆز و شــەپقەیەکی کاوبۆییــەوە لە قەپەنگــی خانووەکەی نێو کێڵگەکــە بەدیارکەوت. بە بەدگومانییەوە ســەیریکردین. کاتێک تێبینیکرد، کەوا فیلمی دەگیرێ، خێــرا چــووە ژوورەوە و ئەمجارەیان بەخــۆی و تفەنگێکی لوولەدرێژ هاتــەوە. کچە خوێندکارەکە، کە هیچــی دەربارەی «ئەکرەم جون» و هۆشەنگی یەکدەست نەبیستبوو گوتی: ئاگاداربە، تەقە دەکا.»

پیاوەکە لە شوێنی خۆی بانگیکرد، بەڵام خۆ من هەر خەریکی گرتنی دیمەنــی ســەگەکان، و پیکابێکی ڕەشــی گــەورە و تەویلە و عەمباری کێڵگەکە و بەردەرییەکەیان بووم.

کابرا فیشەکێکی ئاگادارکردنەوەی لە هەوا بەسەر سەرماندا تەقاند.
«کچە خوێندکارەکە بە ترسەوە گوتی: «ئەرێ خۆ ئەو بە ئاراستەی ئێمە تەقەدەکا.»
منیش پێمگوتەوە: «برۆ لای پەرژینەکە و قسەی لەگەڵ بکە.»
کچەکەش لای پەرژینەکە بانگیکرد: «ئێمە بەدوای ناونیشانێکدا دەگەڕێین. پێمان وایە ئێرە بێ، زەحمەت نەبێ دەکرێ یارمەتیمان بدەی؟»
ئیدی کابراش بە تفەنگەکەی نیشانەی لێگرتین و بانگیکرد: «فیلمەکە ڕاگرن یان تەقەبکەم.»
خوێندکارەکەش هاواری کردەوە: «نا، نەخێر، تەقە مەکە! خۆ ئەو فیلمی تۆ ناگرێ بەڵکو هی دەوروبەرەکە دەگرێ.»
پیاوەکە بە خۆی و تفەنگەکەی لە قەپەنگەکە هاتەخوار و لوولەی چەکەکەی لە من کرد. شێوازی ڕۆیشتنەکەی، یادەوەرییە کۆنەکەی لێژیاندمەوە. موچرکێکم پێداهات، ئاخر لە هیکەوە خۆم دیسان وەک ئەو کوڕە نەوجەوانەی دوکانی ساردەمەنی ئالاسکای هۆشەنگی یەکدەست لە زێدەکەم هاتەوەپێشچاو. ئینجا زوومی کامێراکەم خستە سەر پیاوەکە و هێنامەپێش، لە چاوی کامێراکە چاوم کەوتە سەر قۆڵی ڕاستەی، کە تفەنگەکەی پێهەڵگرتبوو. خۆ ئەو ئێستا باسکێکی ئاسنینی پێوەیە، پیاوێک بە دەستێکی ڕۆبۆتەوە.
ئەو بانگی کرد: «تۆ کێی؟ بۆچی دیمەکان تۆماردەکەی؟»
کچە خوێندکارەکەش وەها بەدەنگ وەڵامیدایەوە: «ئەو فیلمسازە، بە دوای دۆستەکانیدا دەگەڕێ.» بەدەم ئەم قسانەش، ئەو پارچە کاغەزەی ناونیشانەکەی بە دەستخەتی سەرۆکی زانکۆکە بۆ بەرزکردەوە.
منیش لە خۆشییان و لە پەرۆشییان لەرزم هاتێ. خۆ من سەرچیخ نەچووبووم؟ ئەرێ خۆ ئەوە هۆشەنگی یەکباسک، چەتەی شارەکەم

بوو؟ ئەو پیاوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە ژنە گەنجەکەی خۆی دا، ئەو کیژەی من خۆشمویست و یەکەمین وێنەشم لێگرت؟
ئەو ئێستا ریشێکی بۆزی هەیە، بە شێوەیەک کە جێبرینی چەقۆکەی لەسەر ڕوومەتدا دیار نییە. ئەو چەکەکەی هێنایەخوار و بە دەستیش شەپقەکەی هەندێ بۆ پشتەسەر برد. دیاربوو ئەویش منی ناسییەوە. دڵم تا دەهات خێراتر لێیدەدا. ئینجا ئاوڕێکی لە قەپەنگەکە دایەوە و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە بانگی کرد: «میوانی خۆشەویستمان هاتوون!» سەگەکانیش لە وەڕین کەوتن. منیش کامێراکەم دایە دەست کچە خوێندکارەکە و پێمگوت: «هەمووی بگرە! فیلمی هەرچی دەبینی بیگرە.»
چووم و لای پەرژینەکە وەستام و بە فارسی بانگم کرد: «هێشتا هەر نامناسییەوە؟»
- «ئای بە نەفرەت بێ! کوڕەکە؟» وەها بانگیکرد. پێم وا بوو ئەو ناوی منی چیدی لەبیرنەماوە.
ئینجا بە ئاراستەی قەپەنگەکە بانگی کردەوە: «ئەوە تۆ لە کوێی؟ میوانی خۆشەویستمان هاتوون!»
ئەو دەرکەی پەرژینەکەی کردەوە، باسکە ڕۆبۆتەکەی هەروەک باسکە ساغەکەی لێککردەوە.
منیش بە هەردوو دەست، دەستە ڕۆبۆتییەکەم گرت و گوتم: «پیاوێکی ئاسنین!»
ئەویش باوەشی پێداکردم و گوتی: «هۆ کوڕەکە، سوڵتان.»
ئەو پیر ببوو، ژنێکی پرچ ماشوبرنجیش لە پشت مینای پەنجەرەکە دیاربوو، بەڵام نەهاتەدەر.

٥

تۆبڵێـی ئـەو ژنە پیرەی پشـت جامی پەنجەرەکـە «ئەکرەم جون»، دۆتمامە خۆشەویسـتەکەم بێ و ئێسـتا وەها پیر و پرچیشـی سـپی بووبێ؟

دیـار بـوو ئەو هەموو شـتێکی لە پشـت میناى پەنجەرەکـە بینیبوو. بێ دوودڵی منی ناسـیبووەوە. ئەی باشـە بۆچی نەهاتەدەر؟ لەوانەیە هەندێ کاتی ویسـتبێ تا بەخۆی بێتەوە، ئاخر ئەو میوانە ناوەختە بە هاتنی هەموو شتێکی لێ سەراوبنکرد.

خۆ نەشدەکرا لەوە زیاتر لە ڕابردووی خۆی هەڵبێ.

هۆشــەنگ بە ئینگلیزی گوتی: «دەی با بچینە ژوور.» ئیدی نازناوی هۆشەنگی یەکدەست چیدی بۆ ئەو دەستی نەدەدا.
منیش کیژە خوێندکارەکەم پێناساند و بە دوایدا چووینە ژوور.
هۆشەنگ بە پێکەنینەوە بانگیکرد: «ئێمە میوانی غەریبمان هاتووە!»
ژنە بە تەمەنەکە هاتە بەر پەنجەرە، بە بێدەنگی هەر ســەیریدەکردم. هەر بە ڕاستی خۆی بوو، «ئەکرەم جون» بوو، ئێستاش هەر دەق بە پوورە پیرەکەم، بە دایکی خۆی دەچێ.
کاتێ منی بینی فرمێسک بەسەر ڕوومەتیدا هاتنەخوار. منیش باوەشم پێداکرد و پرچە سپیەکەم ماچکرد.
کچە خوێندکارەکەش فیلمی هەموو شتێکی گرت.
«ئەکــرەم جون» کە هێشــتا هــەر دەگریا، گوتی: «ئــەرێ چی تۆی گەیاندووەتە ئێرە؟»
- «کامێراکــەم،» منیش وەهــام پێگوتەوە، «هاتووم فیلمی تۆ بگرم، ئــەرێ بەبیــرت ماوە؟ خۆ تــۆ یەکەمین کەس بووی، کــە بەکامێراکەم وێنــەم گرتــی، ئــەو کامێرایەی بــە کۆکردنەوەی پێنج هــەزار لەزگەی کەڵەشێرەکە وەرمگرت.»
ئەویش بە خەندەوە سەری لەقاند.
لەوێدا هیچ نیشانەی ژیانی ڕابردوو، هی سەردەمی قەڵاکە بە ماڵەکەیانەوە دیــار نەبــوو. هەروەها پێدەچــوو، ئێمە لــە کێڵگەیەکــی کاوبۆیەکان بیــن. ســەیری کەلوپەلی ژووری دانیشــتنم کرد. نەخێر، هیچ شــتێکی ژیانی بەرێی هۆشــەنگی یەکبــاڵ و هەروەها هیچی «ئەکرەم جون»ی لێنەبوو، کە کاتی خۆی وەک شــازادەیەک بە شــانازییەخۆکردنەوە، بە جووتپێــڵاوی نوێیەوە دەچــووە بازاڕ. ناوکــەوە دارینەکەی ماڵەکەیان داشۆرابوو، شایستەی لەسەر ڕاخستنی مافووری ئێرانی نەبوو.
لە پشت مینای پەنجەرەوە بینیم سوارئەسپێک لە دوورەوە لە مەزراکەوە

دێ، ئەمەش ئەو ژنە بوو بەخۆی و شەپقە کاوبۆییەکە، کە لە دەرەوە بینیبوومان. ئەو گەیشتەوە بەردەرکەی ماڵ و وەستا، لە ئەسپەکەی دابەزی، دەستی بە سەر و بژی ئەسپەکەدا هێنا و کڵۆ شەکرێکی خستە دەمی ئەسپەکەوە. دەستیشی بۆ شەپقەکە برد و بردییە پشتەوە، کە هەر بە لاسکەکەی لەسەر ملی مایەوە. ئەو گەنج بوو.

ئەو جێبەکەی ئێمەی بینیبوو، هاتە بەر قەپەنگەکە و لە جامی پەنجەرەکەوە سەیری ناوەوەی کرد تا بزانێ کێن، بەڵام کە نیگای کەوتە سەر من، هەروەک ئەوەی زللەیەکی لێدرابێ سەری کێشایەوە دواوە. گەڕایەوە لای ئەسپەکەی و خۆی بە شانەکردنی سەروملی ئەسپەکەی خەریککرد. دەنگی تراکتۆرێکیش لە پشت کێلگەکە پەیدابوو. کچە خوێندکارەکە لە جامی پەنجەرەکەوە سەیری مەزراکەوە سەیری ئەو ناوەی کرد، ئاخۆ دەنگەکە لە کوێوە هات.

منیش بە دوای نیگاکەی ئەودا گەڕام. کوڕە جاحێڵێک، تەمەنی بیستساڵێک دەبوو بە تراکتۆرەکەی گەنمەشامی دەدرویەوە، لە کاتێکدا کوڕە نەوجەوانێکی دیکە، کە لەو گەنجتر بوو، باقە گەنمەشامییەکەی بە شەنەیەک لەسەر یەک دەکردە باقە و مەلۆ.

هۆشەنگیش بە شانازییەوە گوتی: «ئەمانە کوڕەکانمانن.»

ویستم بپرسم ئاخۆ ئەو کچە کێ بوو، کە لە دەرەوە سەر و مل و پشتی ئەسپەکەی شانەدەکرد. کەچی دەنگی ناوەوەم لە نەستەوە پێیگوتم: «جارێ بوەستە، ئەم پرسیارە مەکە.»

کاتێکیش هۆشەنگ سەرنجیدا، کە من چاوم لەسەر کچەکەیە. گوتی: «سۆفیای کچمان.»

منیش سەیری «ئەکرەم جون»م کرد. ئازارەکەم بینی و گومانم بۆ شتێک چوو، نەمدەویست بیری لێبکەمەوە.

ئەوە بوو هۆشەنگ بانگیکرد: «دەی سۆفیا، وەرەژوور! میوانێکی

خۆشەویستمان هەیە.»
سـۆفیاش هاتەژوور. منیش نەمزانی بۆ، بەڵام ئەوم وەک ژنێکی گەنج هاتەبەرچاو، کە لە هەسـارەیەکی نامۆوە دابەزیبێتە سـەرزەوی. قەت ئەوم پێشتر نەبینیبوو، بەڵام ترسام وەک ئەوەی باش ناسیبێتم.
سۆفیا هیچ فارسی نەدەزانی. «ئەکرەم جون» منی وەک کوڕە مامێکی خۆشەویست پێناساند، وەک کەسێک کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەیەکەوە لە قەڵاکەدا دەژیان.
منیش گوتم: «لە دوورەوە هەر بە کاوبۆییەکی ڕاستەقینە دەچی.»
ئێسـتا کـە زانیم ئـەو کێیە، پێم وا بوو حەز بە چـارەی ناکەم، بەڵام کاتێـک هـات و ئامێـزی پێداکردم، هەسـتێکی گەرم و بەخشـندەیی دایگرتم. بەڵێ حەزم لێیبوو، خۆ ئەو پارچە مەتەڵێکی حاشاهەڵنەگری تافی نەوجەوانیم بوو لە قەڵاکەدا.
«کوڕینە!» هۆشـەنگ لەپشت پەنجەرە و بە ئاماژە بانگیکرد: «دەی وەرنە ژوور.»
تراکتۆرەکـە وەسـتا. کوڕەکانیـش هاتنـە ژوور. هۆشـەنگ ئەوانـی پێناساندم: «مارسێل» و «مارکۆ».»
دەستبەجێ زانیم، ئەوان هیچ سەبارەت بە ژیانی کۆنی دایبابیان نازانن. هیچ دەبارەی بازێڕ، سینەما، مزگەوت و قەڵاکەمان نازانن. خۆ لەوەش هەر گەڕێ هەر فریان بەسـەر زانینی دوکانی سـاردەمەنی ئالاسـکای باوکیان لە شاری «ئاراک»ەوە نەبوو. ئەوان سەر بە ماڵباتێکی مێژوو شاراوەن.

بـۆ نانـی نیوەڕۆ لەگەڵ ماڵباتەکە ماینەوە. زۆر جاریش بێدەنگی باڵی بەسەردا دەکێشاین. هەستمکرد، هۆشەنگ و «ئەکرەم جون» دەترسان لەوەی لە هیکەوە کونێک لە دیواری مێژوویان بکەم، کە بە دەوروبەری

خۆیان هەڵنابوو. منیش بە ئەنقەست تەنها هەر باسی ڕۆژانی ئێستام دەکرد، باسی کێڵگەی گەنمەشامی، کە کوڕەکان دەیاندوریەوە، باسی سەگەکانم دەکرد، کە هاتبوونە ژووری میوان و هەموو جووڵەیەکیان خستبووە بن چاوان. لەوە زیاتر باسی هۆڵەندا، باسی باران، باسی هەور و باسی ڕووبارە بێدەنگەکانی وڵاتەکەم بۆ کردن.

هەر بۆ ئەوەی قسە لەگەڵ سۆفیا ئاڵوگۆڕ بکەم بە ئینگلیزی پێمگوت: «ئەرێ سۆفیا تۆ دەخوێنی یان کاردەکەی؟»

هۆشەنگیش بە شانازییەوە بۆی باسکردم، کەوا کیژەکەی وەک ئەکتەرێک لە شانۆدا ڕۆڵی بینیوە. ئەمەش بابەتێکی باش بوو، کە بتوانم بە سەلامەتی لەگەڵ سۆفیا قسەی لەبارەوە بکەم، بەڵام لە پڕێکەوە هێدمەگرتمی کاتێ سۆفیا سەرنج و تێبینی سەبارەت بە فیلمەکانم دا. ڕاستییەکەی ئەوە بوو وەک گوتی، ئەو منی دەناسی، زۆر باشیش دەیناسیم.

منیش هەستێکی وەهام بۆ پەیدابوو کەوا بەسەر دیمەنێکی فیلمدا کەوتووم، دیمەنێکی درامای خانەوادەیی.

لە چاوە خەمخۆرییەکانی «ئەکرەم جون»دا ئەوەم خوێندەوە: «تکایە بوەستە، تکایە هەڵسە و بڕۆ!»

منیش ناونیشان و ژمارە تەلەفۆنە هۆڵەندییەکەم لەسەر پارچە کاغەزێک نووسی و لەسەر گۆشەی مێزەکە دامنا و هەڵسام. سۆفیاش دەستی دایە پارچە کاغەزەکە و بێ ئەوەی کەس هەستی پێبکا خستییە نێو بەرکی.

من هەڵسام.

ئەوسا گوتم: «بە دڵنیاییەوە، یەکدی دەبینینەوە. جارێ خواحافیز.»

لێ هەر لەوێ زانیم، هەرگیز جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە لایان.

ئەوە بوو لەماڵیان هاتمەدەر.

## ٦

کاتێکیش گەڕاینەوە ئەو هەستەم بۆ پەیدابوو، کەوا لە کێڵگە ئەمریکییەکە هەڵاتم، لە سۆفیا هەڵاتم ئەو کچەی گومان دەکرێ ئەندامێکی نەویستراوی ماڵباتەکەی بێ.

کەچی هەر لەگەڵ گەڕانەوەشمدا، تێبینی ئەوەم کرد، غەریبیدەکەم، حەزملێبوو بۆ ماوەیەکی درێژتر ببینم. ئەمەش هەستێکی نائاسایی بوو، لەپڕ بۆم هات.

من لە کێڵگەکەدا ڕاستییەکی ڕەق و تاڵم بینی، بەڵام خۆ بە کامێراکەم دەمتوانی ڕاستییەکە بەرزبکەمەوە و بیکەمە پارچەیەک لە هونەر.

ئیدی بەو هزر و داڵغانە گەیشتینەوە بیرکلی و کچە خوێندکارەکە منی لە شوێنی حەوانەم دانا.
منیش پێمگوت: «سـوپاس بۆ ئەو کاتەی بە منت بەخشـی، سوپاس بۆ تۆماری شتەکان.»
ئەویش وەها وەڵامیدامەوە: «هیوادارم هەموو شتێکم بە باشی کردبێتە فیلم.» لەوەش زیاتر هیوای گەشـتێکی خۆشـی بە نێو ئەمریکادا بۆ خواستم.
بـە درەنگـەوە نانی شـێوانم لـە کافتریایەک خوارد، پیاسـەیەکم کرد و بیریشـم لە سـەردانەکەم بـۆ کێڵگەکە کردەوە. خۆی من کەسـێک نەبووم بەدمەسـت ببم، وەها نەمدەخواردەوە، کەچی هەر سەریشم بە قاوەخانەکەدا کرد و چوومە سەر مێزێک، قسەم لەگەڵ هاموشۆکارانی ئەوێ کرد و سێ پێکی ڤۆدکاشم بەدوای یەک هەڵدان.
کاتێکیـش گەڕامەوە شـوێنی نوسـتنم، بینیـم ترۆمبێلێـک لەبەردەم دەرکەکـە ڕاگیـراوە، پیکابێکی ڕەش بوو هەر دەتگـوت ترۆمبێلەکەی ماڵی هۆشەنگە. وەهای بۆچووم کە ئەو بێ، دیارە ویستوویەتی بمبینێ و قسەی زیاترم لەگەڵ بکا، بەڵام کاتێ نزیکتر بوومەوە، بینیم سۆفیا لە پشت کورسی سوکانەکە دانیشتووە.
ئەو لە پیکابەکە دابەزی، داوای لێبوردنی کرد، کە بەم شـەوە هاتۆتە لام.
منیش پێمگوت: «نا نەخێر، ئەمە هیچ گرفت نییە. زۆریشم پێخۆشە، کە دەتبینم.»
ئەویش پێیڕاگەیاندم کەوا بە خۆشـحاڵیەوە لە کۆڕەکەشم ئامادەبووە، خـۆی دەبوایـە زووتـر بهاتبایە لام، بـەڵام ئەو وەهای پێباشـتر بوو.
داوایلێکردم ئایا کاتم هەیە هەندێ قسە بکەین.
منیـش ویسـتم فەرمـووی ژوورەوەی لێبکەم، کەچی وەهاشـم نەکرد.

ڕاستییەکەی هەموو ڕۆژەکە هەموو هزر و داڵغەم هەر لەسەر ئەو بوو. مەیلێکی وام لا پەیدابوو لە باوەشی بگرم.
لـێ گەلۆ، ئەرێ بۆ وا بوو، بۆچـی غەریبیم کردبوو، ئەمە هەمووی بۆ من ناڕوون بوو.
ئینجا پێمگوت: «شـەوەکە خۆشـە و هەواکەشـی سـازگارە. دەکرێ پیاسەیەک بکەین.»

شەوەکە شەوێکی ساماڵ بوو، ئاسمانیش پڕ لە ئەستێرە بوو. ئەویش بـە شـارەکە بەڵەد بـوو، ئەو منـی بـردە لای دەریاچەیەکـی ئارام. بۆی باسـکردم کـەوا فیلمەکانی منی بینیون، هەمیشـە هیوای ئەوەی خواستووە، بەڵکو جارێک بمبینێ.
منیش تەزوویەکی سـاردم پێداهات. ئاخر خۆ ئەو فیلمی (قەیسـەر)ی بینیوە، ئەو فیلمەی دەربارەی پیاوێکی یەکباڵ و ڕفاندنی ئافرەتەکە. ئـەو پێیڕاگەیاندم، گوایـە دایبابی نایانەوێ دەربارەی من بدوێن، بەڵام خـۆ تـا هەتایەش ڕاسـتی هـەر دیزەبەدەرخۆنـە ناکـرێ. منیش لەو باسوخواسـەی دەیەوێ بیهێنێتەگۆڕێ، ترسـام؛ ئاخر منیش هەروەک «ئەکـرەم جـون» لەبەری هەڵدەهاتم و نەمدەویسـت ئەوەی بن بەڕێ بێتە سەر بەڕێ.
- سۆفیا لەپڕ (بە ئینگلیزی) گوتی: «من دەزانم.»
- «چی؟»
- «هۆشەنگ باوکی من نییە.»
منیش وەها ڕەفتارمکرد وەک ئەوەی نەمزانیبێ مەبەسـتەکەی چییە و گوتم:
- «ئەوە باسی چی دەکەی؟»
- «ئێستا دەمەوێ زیاتر لەبارەی باوکی ڕاستەقینەمەوە بزانم.» بەدەم

ئەم قسەیە و لە پرمەی گریانی دا.
کەواتــە دەیزانی هۆشــەنگ باوکی بایۆلۆجی ئەو نییــە و خوازیار بوو، من دەربارەی باوکە ڕاســتەقینەکەی بۆی باســبکەم. تۆ بڵێی ئەوەشی زانیبێ کە هۆشــەنگ هەر ســێ پیاوەکانی کوشــتوون؟ ئاخر من چۆن بزانم کامەیان لەوان باوکی ڕاستەقینەی ئەو بووە؟

- «باشە کێ ئەمەی بە تۆ گوتووە؟ چۆن زانیت کەوا هۆشەنگ باوکە ڕاستەقینەکەی تۆ نییە؟»

ســۆفیا بۆی گێڕامەوە، کاتێ «ئەکرەم جون» ئەوی لە نەخۆشــخانەی بێرکلــی بــووە، مەلۆتکەکــەی لە خــۆی دوورخســتووەتەوە. دیار بوو نەخشــەکەیان وەها دانابوو، مەلۆتکەکە ببەنە کڵێســایەکی بێرکلی تا لەگەڵ منداڵە نەخوازراوەکان بەخێوبکرێ.
ئەو ژنە ڕاهیبەیەی مەلۆتکەکەی لە نەخۆشخانەکەوە گواستووەتەوە بۆ دایەنگای کڵێساکە، ناوی سۆفیای لێناوە. ئەمەش ناوی مەلۆتکەیەکی دیکە بوو، کە لە دایەنگای کڵێساکە مردبوو.

دوای ئــەوەی «ئەکــرەم جــون» منداڵەکــەی دەبــێ و خــۆی لــێ دووردەخاتــەوە، لــە ڕووی دەروونییــەوە نەخۆشــدەکەوێ و دەخرێتە نەخۆشخانە و دەخەوێنرێ.
پــاش یــەک ســاڵ هۆشــەنگ ڕاپۆرتێکــی نەخۆشــخانەی دەروونی بۆ دایەنگای کڵێساکە دەبا، بەڵکو زراسکەکەیان بگەڕێنێتەوە.
هۆشــەنگیش منداڵەکە دێنێتەوە و دەیخاتە کۆشــی «ئەکرەم جون»، پاشان هەردووکیان لە نەخۆشخانەکە دەردەهێنێ و دەیانباتەوە ماڵێ.
ڕاهیبەکەش لەگەڵ کەلوپەلی ســۆفیا زەرفێک و یەکدوو وێنەی خۆی و هۆشەنگیش لەنێو کەلوپەلی مەلۆتکەکەدا دەنێرێ، هۆشەنگیش وێنەکە لە شوێنێک لە ماڵەکەیان دەشارێتەوە.

ئیدی هۆشەنگ و «ئەکرەم جون» دەست بە ژیانێکی نوێ دەکەنەوە. ئەو لە بەنزینخانەیەکی بچکۆڵە کاردەکا و «ئەکرەم جون»یش دەرسی ئینگلزی بە کۆچبەرە نوێیەکان دەداتەوە. ساڵانێک دوای ئەمە، کاتێک بۆ کێڵگەکە دەگوازنەوە، ئەو سندووقەی نامە و وێنەکانی تێدایە لەگەڵ هەندێ کەلوپەلی عەمبارەکەیان بزردەبن.
سۆفیا بۆی گێڕامەوە، لە تەمەنی بیستساڵیدا، ڕۆژێکیان هەر بەڕێکەوت چاوی بەو سندووقە بۆرە دەکەوێ، کە لەنێو شتە فەرامۆشکراوەکانی نێو عەمبارەکەیاندایە.
ئیدی دەستی دەداتێ، تەپوتۆزی لەسەر ڕادەماڵێ و سەری سندووقەکە دەکاتەوە، پێنج وێنەی منداڵێکی تێدا دەدۆزێتەوە. تۆبڵێی ئەم کیژۆڵەیە کێ بێ؟
کاتێکیش ئەم تێبینینامەیە لەسەر پشتی وێنەکە دەبینی سەراسیمە دەبێ: سۆفیای زرا.ک لە ڕۆژی یەکەمی ڕۆژی دایەنگای کڵێسادا.
سۆفیا لەناو هاوڕووڕەکانی لە نێو پێخەفی خۆیدایە. تەمەنی سۆفیا شەش مانگە، لەگەڵ بووکەڵە خۆشەویستەکەی یاریدەکا. سۆفیا ئاهەنگی یەکساڵەی دەگێڕێ. سۆفیا لە وێنەیەکی بە کۆمەڵدا لەڕیزی یەکەم دانیشتووە، سێیەمینە لە لای چەپەوە.
وێنە بە کۆمەڵەکە لە لای پەیژەکانی دەروازەی تەلارەکە گیرابوو، کە بەڕوونی دروشمی دایەنگای کڵیساکەی لەسەر دیار بوو: گیانی پیرۆز، لانەی منداڵان.
ئیدی هەر سۆفیا گوتی؛ لە چاوتروکانێکدا ژیانی گۆڕا.
ڕاستییەکەشی ئەوە بوو، ویستی بە هاتوهاوارەوە بانگی دایکی بکا، کەچی وای نەکرد. بەڵکو چووە تەویلەکە و دەردەدڵی خۆی لای ئەسپەکەی هەڵڕشت.
بۆ ڕۆژی پاشتر سەرێکی دایەنگای (گیانی پیرۆز)ی دا. ئێستاش

ئەو تەمەنی بیست ساڵانە، کەواتە بۆی هەبوو داوای فایلەکەی خۆی بکا. هیچ کەسێکی سەردەمی پێشوو لەوێ نەمابوو، خۆی دۆسیە و چیرۆکێکی لەبیرکراو بوو.
ئیدی لەوێ دۆسیەکەی خۆی دەخوێنێتەوە و جیهانی لەبەرچاو ڕەش و تاریکدەبێ. کەواتە دایکەکەی لە لایەن سێ پیاوەوە ڕفێنرابوو و لاقەش کرابوو. سۆفیاش ئەو مەلۆتکەیە بوو، کە لە لایەن دایکییەوە دوورخرابووەوە.

ئەو شەوەیان لە بێرکلی و لەگەڵ سۆفیا بە کەنار دەریاچەکە پیاسەمانکرد، ئەو هەموو چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە. ئینجا لای دارتێلێک وەستا و ئەو پرسیارەی لێکردم، منیش نەمدەویست گوێم لێبێ:
- «ئەرێ ئەوان چ جۆرە پیاوێک بوون؟
- «بیبڕەوە!» منیش وەهام بەسەردا هاوارکرد.
سۆفیاش گریا. باشە ئێستا چۆن دڵی بدەمەوە؟ ئاخر ئەو کچی یەکێک لە سێ پیاوەکە بوو، کە هەرگیز لەبیرمنەکردوون. ڕوخساری سۆفیا وای لێکردم بیر لە دەموچاوی پیاوێک بکەمەوە، بەتەواوی لەبیرمماوە. ئاخر لە فیلمەکەمدا، بێ بەزەییانە سزامدا. ئەو ئەکتەرەی ڕۆڵی هۆشەنگی یەکدەستی بینی، یەکەمجار چەند چەقۆیەکی لە کابرایەکەدا، ئینجا سەروکەللەی بە گوللە دابێژت.
- «تۆ ئەوانت بینیون. یەکێکیان دەبێ باوکی من بێ.»
- «بیبڕەوە!» جارێکی دیکە لێم دووبارەکردەوە.
سۆفیا، کیژی پیاوەکە، هەنوکە لەبەرانبەرم وەستاوە. منیش ڕقم لە کابراکە بوو، ڕقیشم لە کچەکەیە، چونکە ئەو یادەوەرییە تاڵەی بیرهێنامەوە. ئەو گریا، منیش هەروەک پیاوێک لە پاڵی وەستابووم.
بە گریانەوە گوتی: «دەی بڵێ، توخوا شتێک بڵێ.»

منیــش هیچی دیکــەم بۆ گوتن پێنەبوو. هەموو شــتێکم لە فیلمەکەدا گوتبوو. بۆ ئەوەی دڵیشــی بدەمەوە، دەســتیم توند گرت. ئەویش لێم نزیککبووەوە. باوەشــم پێداکرد ئەوەندەم توند لە ئامێز گرت هەروەک ئــەوەی ئەو ژنە بێ، کە خۆشمویســتبێ. ئەویــش زیاتر هاتە ناومەوە، هەروەک ئەوەی تەنیا لە باوەشی مندا لەنگەربگرێ. یەک خولەکی درێژ بەم جۆرە ئێمە یەکدیمان توند لە ئامێز گرتبوو.

ئینجا بە دەنگێکی نەرم گوتی: «دەی شتێک بڵێ.»

ئــەوە بــوو تۆڵەکردنەوەیەکی ئاژەڵئاســا لــە جەســتەمدا بەئاگاهات، تۆڵەکردنەوەیــەک لە کیژی ئــەو پیاوەی، کــە نەمدەتوانی لە یادگەی خۆمــدا ڕەشــیبکەمەوە، بــەڵام خــۆ ئەو هەســتە بەهێزەم بــەلاوە نا. ســەری ســۆفیام بــە هەردوو دەســت گرت لەســەر یەک و بــێ پچڕان سەریم ماچکرد، نێوچاوانم ماچکرد، چاوم ماچکردن، کەپوویم ماچکرد ڕوومەتە ســوێرەبووی فرمێسکاویشــم ماچکردن. تــا ئەوەندە و بەس، ئاخر سنوورێک هەبوو تا ڕابردوو لەپشت خۆت جێبێڵێ.

- «بگەڕێوە لای باوکت و لێشی خۆش بە.»[٩]

بۆ ڕۆژی دواتر جانتای خۆم تێکنا. بێرکلیم بەجێهێشت، تا دوای یەک مانگ گەشتوگەڕان بە نێو ئەمریکادا، بگەڕێمەوە هۆڵەندا.

ئەگەر ســۆفیا لە باوکی خۆش بووبێ، پێویســتە منیش لە هەر ســێ پیاوەکە خۆش ببم.

---

٩. نووسەر ئەم ڕستەیەشی بە ئینگلیزی نووسیوە.

## ٧

درەختەکان کەسک بوونەوە و سەرلەنوێ گەڵاکانیان هەڵوەرین. منیش بۆزتر بووم و لە کۆتاییدا زانیم مەنزڵگام هەر هۆڵەندایە.
لەو ماوەیەشدا یەک دوو ملیۆن کەس لە نیشتمانی من هەڵاتن و کۆچیان کرد. لە ڕابردوودا ئێرانییەکان بە شێوەیەکی نەریتئاسا دەچوونە ئەمریکا، کەنەدا، ئینگلستان و فەرەنسا، بەڵام خۆ هەنووکە پەنا بۆ ئوسترالیا، نیوزلەندا و تەنانەت باشووری ئەفریقیاش دەبەن. ئیدی بەم جۆرە ژیان ڕێگە نوێیەکەی خۆی خستە بەرپێم تا لەسەری بڕۆم. ئەوان بانگهێشتی من دەکەنە ئەو هەموو وڵاتانە تا فیلمەکانم

ببینــن و کۆڕیان لەبارەوە بۆ بگێڕم. منیــش فیلمی بەڵگەنامەیی نوێم دروستکردن.

بەشــە فارسییەکەی (بی.بی.سی) یەک دوو لە کارە بەڵگەنامەییەکانی منی پەخشــکردن. لەوێوە گرێبەســتێکم واژۆکرد، کە بەردەوام تۆماری کاری بەڵگەنامەیــان بــۆ بنێــرم. تەلەفزیۆنی دەوڵەتــی ئێرانیش هیچ فیلمێکی بیانی لێنادا، هەمیشە هەر ئایەتوڵڵاکانن، بێوچان قسەدەکەن. لەبەر ئەوە هیچ کەس ســەیری ناکا. لە بری ئەوەدا، ئاوا ســەروبەندی (٣٠) ملیۆن خەڵکی ئەوێ ســەیری بەشــە فارســییەکەی بی بی ســی دەکەن، کە لە لەندەن و لە ڕێی سەتەلایتەوە پەخشدەکرێ.

(بی.بی.ســی) داوایلێکــردم، بەڵکــو کارێکی بەڵگەنامەیــی دیاریکراو لەســەر گەشتەکانم دروستبکەم. ئەو فیلمانەی، کە بینەر لەگەڵ خۆی دەباتــەوە ســەر بنچینەی ژیانی ئــەو ئاکنجییانەی، کە من ســەردانی وڵاتەکانیان دەکەم.

منیش زنجیرەیەک لــەو کارە بەڵگەنامەییانەم کرد. یەکەمین تۆماریش بــە بەڕێز ماینەما و هاوژینەکەیم دەســتپێکرد. مــن فیلمی کێڵگەکەی ئەوان، ســەگ و ئەســپ و شینابیەکەیانم[١٠] گرت. لە فیلمەکەمدا ژووری ئەوانم نیشاندا و خانم ماینەماش بەخشندانە بوو لە گەڵم لێگەڕا دۆلابی جلوبەرگی و پێڵاوەکانیشی نمایشبکەم. بارستاییەک لە پێڵاو و قاپقاپە و لە نێو پاکەتی خۆی. ئەو بە لوتفشــیرینی لەبەردەم کامێرادا گوتی: «هەرگیز پێڵاوەکانم فڕێنادەم. لێشناگەڕێم بشۆرێن. ماوەیەک لەبەریان دەکەم ئینجا لە پاکەتی خۆیان دایاندەنێمەوە، تا دواتر لە هەندێ بۆنە بگەڕێمەوە سەریان و لەپێیان بکەمەوە.»

ئەو بە پەنجەی ئاماژەی بە پاکەتی پێڵاوەکان دا و بەچاو تروکاندنیشەوە

---

١٠. شینایی: لێرەدا زیاتر مەبەست ئەو پارچە زەوییە کە هەر ماڵێکی جوتیار یان هەر کێڵگەیەک بۆ بەدی خۆیان بۆ داچاندنی تەماتە و ئارو و سەوزە تەرخانیدەکەن. هەروەها وشەی (پارێز) و (میوەچەومەزرا)ش هەن.

گوتـــی: «ئـــەم جوتەیان هی یەکەمین عاشــقمە. خۆ ئەگـــەر هەندێجار خەفەتبـــار بـــم، لە پێیان دەکەم، کەمێک لەنێو ژووری دانیشـــت پێیان دەڕۆم، ئینجا هەستدەکەم چاکبوومەتەوە.»
بۆ بینەرە ئێرانییەکانم لە نیشتمان، خانم ماینەما ببووە هێمای هۆڵەندا.
بەم شـێوازە چەندین ڕاپۆرتە فیلمم بۆ بەشـــی فارســـی (بی بی سی) بەرهەمهێنان.
چاوپێکەوتنیشم لەگەڵ ناودارانی سیاسی، نووسەر، ئەکتەر بە هەردوو ڕەگەزییەوە کرد، کە هەر هەموویان لە وڵات هەڵهاتبوون.
شەوێکییان بیرۆکەی «فەرەح دیبا»م بۆ هات، ئەو شاژنەی ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕفاندبووم. ئەو ئێســـتا پیر بووە، (شـــا)ش مردووە و ئێستا ئەو وەک بێوەژنێک لە پاریس دەژیێ.
خۆ ئەگەر لەوەدا ســـەرکەوتبام و کارێکی بەڵگەنامەیی باشم دەربارەی ئـــەوە کردبا، ئەوا هەموو کەســـێک، تەنانـــەت ئایەتوڵڵاکانیش لەبەری دادەنیشتن و سەیریاندەکرد.
سەرەتا ویستم نامەیەکی بۆ بنووسم تا بەفەرمی داوایلێبکەم، بەڵام بیرم لێکردەوە، ترسام مەبادا ئەم کارەم ئەنجامی ئاوەژووی لێبکەوێتەوە.
ئیـــدی دەبوو تەڕدەســـتانە بۆ کارەکە بچم. یەکدوو دۆســـتم لە پاریس هەبوون، زانیاری پێویســـتیان سەبارەت بە کۆنە شاژن بۆ کۆکردمەوە.
زانیـــم لە کـــوێ دەژی، لە کوێ قاوەکەی دەخواتـــەوە و جار بەجار لە کوێش نانی نیوەڕۆی دەخوا.
نەشمدەویست هەراسانیبکەم، بەڵام بەنیازبووم وەڵامێک بۆ پرسیارێکی نیشتمانی لە وڵاتی باوک و باپیران وەربگرمەوە: ئەرێ شاژن لە کوێیە و چی دەکا؟
مـــن فیلمەکـــەم لـــە ئەمســـتردامەوە دەســـتپێکرد و ســـواری قیتـــاری نێودەوڵەتـــی بووم بەرەو باشـــوور کشـــام. مێـــرگ و چیمەنی هۆڵەندا،

خانووەکانی بەلجیکا، وێستگەی برۆکسل و هەوراز و نشێوی فەڕەنسام لە دواوە بەجێهێشـت. ئینجا قیتارەکە لە دیوەکەی وێسـتگەی باکوور (گاردیو نۆرد)ی پاریس وەستا.

ڕاسـتییەکەی شتێکی ئاسـایی نەبوو، لەوانەیە هەر قەدەغەش بووبێ، کەوا بە دزییەوە فیلمی کەسـێک، نەخاسمە شاژنی پێشوو بگری. لەم حاڵەتەدا پۆلیسـی فەڕەنسی دەیانگرتی، بەڵام خۆ من دەمەویست ئەو گرتنەش لەنێو ڕاپۆرتە فیلمەکەی خۆمدا بئاخنم.

هەرچەندە ناونیشـانی شاژنم دەزانی، بەڵام دوو ڕۆژی پێچوو تا بتوانم فیلمەکـەی بگرم، ئاخر ئـەو نەدەهاتەدەر. ئێوارەیەکیان یەک دوو جار بـە لای باڵەخانەکـەی ئەودا تێپەڕیم، بۆ خۆشـبەختی دیاربوو گڵۆپی ئەپارتمانەکـەی پێبـوو. کەواتـە ئـەو لە مـاڵ بوو، خۆ مـن بۆ هیچ نەهاتبوومە پاریس.

ڕۆژی پاشتر ترومبێلێکی بچکۆلانەم بەکرێگرت و لەسەر ڕێ لەو شوێنە ڕامگرت، کە پێم وا بوو ڕۆژانە پیاسـەیەک بەوێدا دەکا. بەنیازبووم بە شـێوەیەکی وەها فیلمی بگرم هەر هەستیشـی پێنەکا. لەپشت جامی ترومبێلەکـەم فیلمـی بگرم، بـەڵام خۆ ئـەوێ ڕۆژێ نەهاتەدەر. ئیدی چوومە قاوەخانەکە و لە دیوەکەی دیکەی شـەقامەکە دانیشـتم و ئەو شەقامە تەسکەی ماڵەکەی ئەوی لێیە خستمە ژێر چاودێرییمەوە.

خـۆم بە خۆمم گوتەوە: «ئێسـتاش دەبارێ، ئیدی دەسـتی لێبشـۆ، نایەتـەدەر.» کەچـی لەو سـاتەدا خانـمێک بە خـۆی و چەترەکەی بەدیارکەوت. دەموچاوییم نەبینی، کەواتە دڵنیانەبووم بڵێم ئەوە خۆی بوو، «فەرەح دیبا» بوو. لێ لە شێوازی ڕۆیشتنی ئەوەم بۆ ڕوون بوو، کەوا شاژنە کۆنەکەیە، خەریکە لە ترومبێلەکەم نزیکدەکەوێتەوە. ئیدی چاکەتە ڕەشەکەم بەسەرخۆم دادا و فیلمم گرت.

کاتێکیـش لـە ترومبێلەکەم ڕەت بـوو، بە پێ بە مەودایـەک دوور بە

دوای کەوتــم تا گەیشــتە لای نانەواخانە و نانــی کڕی. هەرچەندە ئەو دیمەنانە تۆمارێکی ســادە بوون، بەڵام بۆ بینەرانی تەلەفزیۆنی ئێرانی زانیاری بەهادار و شایســتەبوون. شــاژنی بنەماڵەی ڕووخاو، کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تاجێکی زێڕین، کە بایی ملیۆنان دۆلار بوو، لە سەری نابوو، کەچی ئێســتا بە خۆی دەچێتە لای نانەواخانە و چەند لەتەســەمونێک دەکڕێ. ئەو جاران موزیکی ڕۆژئاوایی، تیاترۆ، مۆزە و تەلاسازیی نوێی هێنایە نیشــتمان. ئەو ببووە نمونەی مۆدەی ملیۆنان ئافرەتی ئێرانی، کەچی هەنووکە هەروەک ژنێکی فەڕەنســی دەچێتە ســینەما و سەیری پۆســتەری فیلمــەکان دەکا، کە لــە جامخانەی ڕیکلامی ســینەماکاندا هەڵواسراون.

بۆ ئێوارەی ڕۆژی دواتر، کاتێک بە تەنیا چووە سینەما، منیش بلیتێکم کڕی و بە تاریکی بەدوایدا چوومە هۆڵەکە. دیاربوو هۆڵەکە چۆڵ بوو، ئەویش چوو لە نێوەڕاســتی هۆڵەکە دانیشت. منیش چوومە بالکۆنەکە دانیشتم تا باشم لێدیاربێ. ئەویش بەتەنیا دانیشتبوو، دەورەی هەمووی کورسی بەتاڵ بوون.

فیلمەکە سەبارەت بە دایکێک و کچەکەی بوو. لەژێر تیشکی فیلمەکەدا، بینیم بە دەستەسڕێک فرمێسکەکانی دەسڕین.

کاتێکیــش فیلمەکە تەواوبوو، بەدوایدا چوومە پیزاخانە. نەشــمدەزانی ئاخــۆ پێبکەنم یاخود هاوســۆزی بۆ دەربڕم. خواردنی جارانی شــاژن لــە لایەن چێشــتلێنەری تایبەتی خــۆی ئامادەدەکــرا و چەندین کیژە پێشــخزمەتیش لە خزمەتیدابــوون و ژەمەکەیان لەپێش دادەنا، کەچی ئێســتا بــە خــۆی دەچێتە پیزەخانــە و پیزایــەک داوا دەکا تا بیخوا. منیــش لە پشــت جامەوە فیلمم گرت و لــە دەرەوە چاوەڕێمکرد تا بە خــۆی و پاکەتی پیزایەک لە پیزاخانەکە هاتەدەر. ئەمەش هێمــایەک بوو بۆ کۆتاییهاتنی ٢٥٠٠ ساڵ لە پاشایەتی کۆن لە نیشتمان و هاتنی

تراژیدیای دەوڵەتێکی تیۆکراسی لە وڵات.

خۆم بە دوای ساتێکی شایستەدا دەگەڕام تا قسەی لەگەڵدا بکەم. دوودڵیش بووم ئاخۆ پێویست دەکا ئێستا بیدوێنم، هەر واشم کرد و بانگمکردێ: «خانمی پایەدار!»
ئەویش ئاوڕێکی دایەوە، هەوڵیدا پاکەتە پیزایەکە لە پشت خۆی بشارێتەوە.
وێنەی ڕوخساریم لەبەر گڵۆپە زەردەکەی دارتێلەکە گرت. شاژنێکی کەوتوو، مێردەکەی لە خاکی دەوڵەتی میسردا نێژراوە و کچە بچووکەکەشی تازە خۆی کوشتووە.
- «تۆ کێی؟»
- «بۆت باسدەکەم.»

ئینجا کامێراکەم کوژاندەوە. کارە بەڵگەنامەییەکەم تەواو بوو. پێویست نەبوو لەوە زیاتر فیلمی بگرم.

## ٨

بەو مووچەیەی لە (بی.بی.ســـی) و ئەو پاداشتای لەبەرانبەر کۆڕەکان وەرمگرت، ژیانێکی باشــی بۆ دابینکردم و دەشــمتوانی بەشێکی زۆری پارەکەش پاشــەکەوت بکەم. کەچی لەگەڵ ئــەو خانووە بچکۆلانەیەی تێیدابــووم، ئاســوودە نەبووم. ئــەوەم لەبەرخۆم هەڵســـەنگاند بەڵکو بگوازمەوە خانووێکی گەورەتر.

لــە ڕێی ئاگادرکردنەوەیەکی کارمەندێکی ژنی (بی.بی.ســی)، قســـەم لەگــەڵ پارێزەرەکــەم کرد، بەڵکو بــە دوای مافەکانم وەک دەرهێنەری فیلمەکاندا بچێ.

ئاخر چ (بی.بی.سی) و چ (سی.ئێن.ئێن) له ماوەی ساڵانی ڕابردوودا ڕاپۆرتەکانــی منیان بڵاوکردبووەوە، ئەوانەی له کاتی شۆڕشــەکه و له کاتی جەنگەکەدا له وڵات دروستمکردبوون و ئەوانیش تا ئێستا هیچیان لەبەرانبەردا نەدابوومێ.

پارێزەرەکـەش پێیراگەیاندم، وەنەبێ هیچ دەرفەتێک هەر نەبێ، بەڵام گومانیشی هەیه بتوانێ پارێزەرەکانی (بی.بی.سی) و (سی.ئێن.ئێن) بهێنێتەڕایی تا پارەکەی من بدەن.

ئــەوە بوو له ڕۆژێکی هەمیشــە باراناوی هۆڵەندیانــەدا، ئەو کاتەی له ڕێــی فەرهەنگێکەوە خەریکی لێلکدانەوی شــیعرێکی هەراســان بووم، زەنگــی تەلەفۆنەکەم لێیدا. له پارێــزەرە بەریتانییەکەوە بوو. هەواڵی ئــەوەی دامێ، کەوا پەیوەندی لەگەڵ پارێزەرەکانی (ســی.ئێن.ئێن) و (بی.بی.ســی) کــردووە و هیوایەکی باشــی بۆ پەیدابــووە. هەرچەندە نەدەبووایه ئومێدم لەســەر بــڕە پارەیەکی زۆر هەڵچنیبووایە، بەڵام به حوکمی ئەوەی ئەوان کارەکانی منیان ناسیوە، بۆیه داواکەی منیان به تەواوی ڕەتنەکردووەتەوە.

پــاش یەکدوو مانگ هیچم له پارێزەرەکەم نەبیســت. لێ پاشــتر کاتێ نزیکی هەمان کات زەنگی تەلەفۆنەکەم لێدرایەوە، زانیم ئەوە خۆیەتی، پارێزەرەکەمە.

- «هەواڵێکــی خــۆش. حەوت کەناڵی تەلەفزیۆنی جیــاواز له ئەمریکا و پێنج کەناڵیشــیان له ئینگلســتانێ ئەو پەخشانەی منیان هی (بی.بی.سی) وەرگرتووە و لێداوەتەوە. هەمووشیان ئامادەن پارەکه بدەن. هەرچەندە بڕی پارەکەش زۆر نییە، بەڵام لەوە زیاتریان لێهەڵناکرێ.»

- «دەی هەر ژمارەیەک بڵێ.»

پشکەکەی من بەشی ئەوەی نەدەکرد تەنانەت خانوویەکی بچووکیشی پێبکــڕم، بــەڵام خۆ ڕێگەیەکــی نوێی ژیانی لەبەردەمــدا کردمەوە، که

بەسەر ئەم کێڵگەیەدا بکەوم.

ئەمەی ئێستا تێیدام کێڵگەیەکی کۆن بوو، لە دەرەوەی شار هەڵکەوتبوو. دکتۆر ماینەمای خانەنشین بە خۆی و هاوژینەکەیی تێیدا دەژیا. ئەوان بێ منداڵ بوون، بەڵام سەگێکی پیر و ئەسپێکیان هەبوو. دکتۆر ماینەما پێشتریش پزیشکی خانەوادەیی من بوو، ڕاستیەکەی یەکەمین پزیشکی خانەوادەییم بوو.
کاتێکیش بەلای کێڵگەکەی ئەواندا ڕامدەکرد، تووشی خانم ماینەما دەبووم، بە خۆی و ئەسپەکەوە، کە سەری ڕێشمەی بە دەستەوە گرتبوو لەو ناوە دەسووڕانەوە.
هەروەک ئەوەی من کەڕە بم، هەمیشە خانمەکە ئاوەها بانگیدەکرد:
- «ئەرێ چۆنی؟»
- «من باشم، ئەدی تۆ؟»
کسۆکەکەی پیر بوو، ناویشی ماکس بوو. منی دەناسی، هەر کاتێک بیدیتبام بە نەرمی دەوەڕی و کلکی بادەدا. منیش دەوەستام و دەستێکم بەسەری دادەهێنا هەموو جارێکیش نوقڵە سەگێکم دەدایێ. دواتر، کاتێک کسۆکەکە تۆپی، من گجوولە سەگەکە، گورگیم بۆ خانمەکە هێنا.
خۆی ئەمەیان خەونێکی من بوو تا لە کێڵگەیەکی وەهادا بژیم. شوێنێک بێ لە دەرەوەی شار، بە داروبار دەورەدرابێ و چەندین جۆگەلەی ئاوی بەلادا بڕۆن و هەمیشەش هەر سەر بە هەور بێ.
دواتر، کاتێک لەگەڵ دکتۆر ماینەما بوومە ئاشنا، ناوبەناو سەردانم دەکرد و بە یەکەوە بیرەیەکمان دەخواردەوە.
ڕاستییەکەی دۆستایەتیمان ڕەگی داکوتا و منیش خۆی و ژنەکەیم وەک ماڵباتەکەی خۆم دادەنا. کاتێک بۆ پشوودانی هاوینە سەفەریان دەکرد،

شــەوانیش لە کێڵگەکەی ئەوانــدا دەمامەوە، ئاگام لە شــیناییەکەیان دەبوو، مشووری ئاژەڵەکانیشم بۆ دەخواردن.

لــێ گەلــۆ، خۆ هەموو شــتێکیش کۆتایــی خــۆی دێ، هەروەها ژیانی خێزانی ماینەماش لە کێڵگەکە کۆتاییهات. خانم ماینەما نەخۆشییەکی وای گرت، ڕۆژانە پێویستی بە مشوورخواردنی پزیشکی هەبوو. دەبوایە ئەوان لە کێڵگەکە باربکەن و بچنە شار بژین.
خــۆی ئەمــەش بۆ ئــەوان پڕ ئــازار بوو کــە کێڵگەکەیان بفرۆشــن و دەستبەرداری سەگ و ئەسپەکەیان بن.
منیــش پێمخــۆش بــوو کێڵگەکەیــان لێوەربگرمــەوە، بــەڵام پــارە پاشەکەوتەکەم بەشی نەدەکرد.
بۆیە پێشــنیازێکم بۆ کردن: «من کێڵگەکە هەڵدەگرمەوە بە ئەســپ و سەگەکەکانیشــەوە. دەست لە هیچ شتێک نادەم، هیچ شتێک ناگۆڕم. شــوێنەکە هەر کێڵگەی ئێوە دەمێنێتەوە. ئێوە دەتوانن هەموو ڕۆژێک هــەروەک ماخۆ، وەک باخەوان و هەروەک دۆســتیش بێن و ســەردانی بکەن. خۆتان دەزانن، من زۆر لە سەفەردام. لەماوەی سەفەرکردنم گەر حەز بکەن، هەمیشە دەتوانن لێرە بمێننەوە.»
بەم شــێوەیە، کێڵگەکەم لێکڕین. بۆ مایەی دڵخۆشــی خێزانی ماینەما و خۆشم، گرێبەستەکەمان لای کارمەندی تۆمارکردن واژۆکرد و پاشان بارمکردە کێڵگەکە.

٩

لە خانووە کۆنەکەم تەنیا کارتۆنێک، کە هەندێک پارچە چەرم، بەردە گەوهەر و پارچەیەک زێڕم لەگەڵ خۆم برد.
هەر کاتێک دەچمە بازاڕ و پارچە پێستەیەکم بەرچاو بکەوێ، دەیکڕم. نەشدەکرا لە خانووە کۆنەکەم بەجێیانبێڵم، چونکە مرخم لەوە خۆشکردبوو، کاتی پڕشنگداری خۆی هەر دادەهات تا قاپقاپەی لێدروست بکەم.
باوکم ئەو قاپقاپانەی دروستیدەکردن، دەینەخشاندن، بەڵام ئەو قاپقاپانەی من لەبەرچاوی خۆم دادەنا بە پارچە و مۆری و ناڵچەی

ڕەنگزێڕین دەمنەخشاند.

سـەرتاپای کەلوپەلەکانی دیکەم هەر لە خانووەکە بۆ ئەو سـێ کەسە ئەفریقاییە بەجێهێشت، کە دوای من هاتنە خانووەکە.
یەکەمجـار ئەوانم بینیـن. گەنجی پڕ جۆشوخرۆشـی ئەریتێری بوون، لەگـەڵ دەیان کەسـی دیکەوە بە بەلەمێکی شەقوشـڕەوە لە دەریایان دابوو.
کاتێ هاتن و پێمگوتن: «خانووەکە بچووکە، بەڵام باشـترین شـوێنە بـۆ داتەکاندنـی تـۆزی سـاڵانی ڕابـردوو، هەروەها تـا ژیانێکی نوێ دەستپێبکەن و خەونەکانتان بەدیبێنن.»
بارکردنەکەم هەر شـتێکی هێمادار بوو. کاتێک من لەو ماڵە بچووکەدا دەژیام، هەمیشـە هـەر بیرم لای ئەوە بوو، زۆری پێناچێ دەسـەڵاتی مەلایەکان لە ئێران کۆتاییدێ و منیش دەگەڕێمەوە. هەموو شتێک هەر بە کاتی دەبینرا.
**دیاریـوو هزرێکی سـاویلکانە بوو، ئاخر خۆ مرۆڤیش هەروایە، شـیری خـاوی خواردووە.** لەگەڵ بارکردنم بۆ کێڵگەکە، هێڵێکم لەسـەر زەوی کێشا، خانووە کۆنەکەمم خستە دواوە. ئاخر خانووەکە سەر بە ڕابردووم بوو، هەرچی کێڵگەکەیە دەرکەی پاشەڕۆژی لەسەر کردمەوە.
منیش بە کێڵگەکە دڵشـاد بووم، چاوەڕێی ئەوەشم نەدەکرد ئەم ماڵە نوێیـەم بایی ئەوەندە بـێ کە تێیدا بەختەوەر بم. ئاخر خۆ من پیاوی کێڵگە و شـینایی و کردار[11] نەبووم. لێ تەندروسـتی خانم مایندەما شڕ بوو، بە هۆیەوە مایندەماش نەیدەتوانی بێتە کێڵگەکە و خەمی شتەکانی بخوا، بۆیە بۆ ڕێزگرتن لە خانەوادەکە شانم دایەبەر.

---

١١. کرداریش واتای شینایی دەدا، بەڵام بە واتای فراوانتر، بۆ ئەو زەوییە دێ، کە بۆ داچاندنی گەنم و جۆ و دانەوێڵە تەرخانە.

هەر کاتێکیش سـەرقاڵی کار بوومایە، خۆم باشـتر نەدەهاتە پێشچاو لـەوەی کارەکـەم نەکردبایە. هەمیشـە کاتێ بە پـاچ و پێمەڕە زەویم دەکێـڵا، دەترسـام نەبـادا مارێک لە بن گەڵا پانەکانـی کدووەکان لێم بێتـەدەر. هیچیشـم لەگەڵ بیرۆکەکە پێنەدەکـرا، ئەو پیاوەش نەبووم خەیاڵەکەم لە مێشکمدا ببەمەدەر.

زۆر جاریش دوای نیوەڕۆیان دەستم دەدایە پایسکلە کۆنەکەی ماینەما و پەیدانم لێدەدا دەچووم لە نەخۆشـخانەکە، سـەرێکی خانم ماینەمام دەدا.

هەرچەندە ماینەما و من کۆنە دۆست بووین، لێ هێشتا پەیوەندییەکانمان ساردییەکی تێدا هەبوو.

هەرچـی لەگەڵ خانم ماینەما بوو، شـتێکی دیکـە بوو، من ئەوم وەک پیرە پوورەکەم دانابوو و زۆر حەزم بە چارەی دەکرد. ئەویش لەبارەی هەموو شـتێک بۆم دەدوا و ڕەفتاری وای لەگەڵ دەکردم، وەک ئەوەی ڕۆڵەیان بم، کە هەرگیز نەیانبوو.

ئێوارەیەکـی زسـتان، کاتێک ماینەما لەگەڵ کۆنە هاوڕێکانی لە سـەر خوانێـک کۆببونـەوە و لـە ماڵ نەبـوو، منیش لای خانـم ماینەما لای زۆپاکە دانیشـتم. سـەر و پیاڵەیەک شـەرابمان خواردەوە و دەربارەی ڕابردوو دواین، ئیدی باس هاتە سەر «باران».

خانم ماینەما لێیپرسـیم: «ئەی ئەگەر خۆشتویسـتووە، باشـە بۆچی مارەتنەکرد؟»

- «بەنیازبوویـن ببینـە هاوژین، باسیشـمان کرد، بـەڵام لەپڕ هەموو شتێک سەراوبن بوو.»

- «چۆن؟»

- «بـە هـۆی پەیوەندییم لەگەڵ بزووتنـەوەی ژێرزەمینی گەریلایی بۆ هەتـا هەتایـە زیندانیکرام. ئەویش ئـەوکات گەنج بـوو، هەڵبەتە خۆ

نەدەکرا ئـەو هەموو ماوەیە چاوەڕێ بێ.» مـن ئەمەم پێگوت، بەڵام پێشـم نەگوت زگی هەبووە و ئەویش گیرا و ئەشـکەنجەش درا. ویستم ئەوە بۆ خانم ماینەما باسـنەکەم، کە ئەو هەموو شـتە لەبن سـەری ڕفاندنی «فەرەح دیبا»وە هات.

خانم ماینەما بە خەمخۆرییەوە پرسی: «ئەدی دواتر، کاتێک ئازادکرای، پەیوەندیتان بە یەکەوە نەکردەوە؟»

منیش پێمگوت، باران بەرەو ئەمریکا کۆچی کرد و ژیانێکی نوێی لەوێ دەستپێکرد.

- «کاتێ چوویتە ئەمریکا سەروسۆراغت نەکرد؟»

- «نەخێـر خانـم، خۆ دەقاودەق نازانم لە کوێ دەژی. چەندین سـاڵ لەمەوبەر لە دەسـتە خوشکێکی ئەوم بیسـت، گوایە چووەتە ئەمریکا و مێردیشـی کردووە. بێگومان ئێسـتا منداڵیشی پەیدابوونە. خۆ نابێ بـەو خۆشەویسـتییە کۆنەی هەمان بـوو، هەراسـانیبکەم. ئەگەر ئەو ویسـتبای، ئـەوا دەیدۆزیمەوە. کەچی وەهای نەکـرد. لەوانەیە ئاوا بۆ هەموو لایەک باشتر بێ. من گوێ لە دەنگی جەستەی خۆم دەگرم، کە دەڵێ: لێیگەڕێ، بە دوایدا مەچۆ.»

- **«ئـاخ لـە ئێوەی پیاو. ئێوە هەر بیر لـە خۆتان دەکەنەوە و بەس. ئەوانە چەند شـتێکن بە خۆتان دایدەهێنن، خۆ هیچیشـی ڕاست نین. دەی بڕۆ، بە دوایدا بگەڕێ.»**

ئـەم گفتوگۆیە ماوەیەکی زۆری بەسـەردا تێپەڕیوە، هەنووکەش خانم ماینەما وا دوا ڕۆژەکانی خۆی لە نەخۆشخانە بەسەر دەبا. ئەو ڕۆژانە بە داردەسـتەکەی و بە قاپقاپە بۆرە لاسـتیکەکەی بەنێو ڕاڕەوە نیوە تاریکەکەی تەلای نەخۆشخانەکە ڕاوێچکە دەدا.

جارێکیان پێیگوتم: «من غەریبی پێڵاوەکانی خۆم دەکەم.»

منیش هەموو ڕۆژ و شەوەکەی لە عەمباری کێڵگەکە خەریکی دروستکردنی قاپقاپەیەکی زەردبووم بۆی، یەک دوو ناڵچەی ڕەنگئاڵتونیشم لەبنی قاپقاپەکە دا. ئینجا خستمە نێو کارتۆنی پێڵاو و بۆم بردە نەخۆشخانەکە.

کاتێکیش داردەستەکەم دایەدەستی تا لە دالآنەکە بیگێڕم، جووتە قاپقاپەکەم لەبەر پێی دانا.

- «ئەمە چییە؟» وەهای گوت و لەسەر سامیشدا دەستی بۆ دەمی بردەوە.

- «خانم، تایبەت بۆ تۆم دروستکردوون. لە سوپاسگوزاری ئەو هەموو چاکەیە، ئەو ئاسوودەیی و ئەو بەختەوەرییەی لە کێڵگەکەی ئێوەم بۆ هاتۆتەدی.»

ئەویش بە پێکەنینەوە گوتی: «گەنجۆ، دەمت داخە، بە خۆت و سوپاست، بەڵام ئەم قاپقاپە بەو هەموو نەخشە زێڕینانە، ئای خودای گەورە.»

کاتێکیش هەندێک لە نێو ڕاڕەوەکەی نەخۆشخانەکە پێیرۆیشت، وەستا. دەستی توند گرتم و گوتی: «دەنگی قاپقاپەکە هەروەک دەنگی زێڕ و بەخت وایە. من لێرە بەجێیانناهێڵم. لەگەڵ خۆم دەیانبەمە گۆڕ. ئێستاش تۆ، منت ئەوەندە دڵخۆشکرد، خۆ دەتوانی هەر ژنێکی دیکە وەها دڵشادبکەی. ئەرێ هێشتا ژنێک نەهاتووە؟»

منیش گوتم: «نا، نەخێر.»

لێ گەلۆ، خۆ ژنێک بەڕێوەبوو.

## ١٠

نازانم ئاخۆ سەگ و ئەسپێکی پیر هێشتا چەندی دیکە دەژین، بەڵام گورگی و ڕەخش نەمردن. لەوانەیە ئەوانیش هەروەک من لەسەر کەسێ بوەستن. چاوەڕێکردنی کەسێک خۆی لە دژی مردن چارەسەرە.

لە نێو کلتوری ئێرانییشدا، چەند سەدەیەکی دوورودرێژە چاوەڕوانی کەسێک دەکەین.

بە گوێرەی ڕێنمایی زەردەشتی پێغەمبەریش بێ، ئەوا یەکێک دەگات، کە هەموو شتێک ڕاستدەکاتەوە.

بەبێ دوودڵی بەر لە ڕۆژگاری زەردەشتیش ئێمە چاوەڕێی یەکێکی

دیکەمان دەکرد.

**هەمیشە مرۆڤ هەر چاوەڕێ بووە. چاوەڕێکردن لە مرۆڤ دەوەشێتەوە و لێیدێ، ئاخر هەر چاوەڕێکردن بەشێک لە مرۆڤ پێکدەهێنێ.**

هەمیشــە بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەســتم، قاوە لێدەنێم، بەرکوولێکی سووک دەکەم و دەچمە ژووری مونتاژ و دەستبەکاردەبم. لە سەروبەندی ســەعات یەکیشدا لە ژوورەکە دێمەدەر و دێمەخوار، ئاخر لەوێ دکتۆر ماینەمــا و گورگی چاوەڕێمدەکــەن. خواردنیش بۆ گورگی لە دەفرەکە بەجێدێڵــم. خــۆی دەکرێ بەڕێــز ماینەماش ئەوکارە بــکا، بەڵام ئەوە ڕێککەوتنێکــی بێدەنگی نێوانمانە، کە من بەم کارە هەڵبســتم. دکتۆر ماینەما هەمیشــە نانەکەی خۆی دەخوا، هەمیشــە بە شــێوە کۆنەکە سەفەرتاســەکەی خــۆی لەگــەڵ خۆی دێنێ. منیش نــان دەخۆم، ئەو خوەشم وەرگرتووە، نان و پەنیر دەخۆم.
ئەو پەنیری لە بازاڕ لەگەڵ خۆی بۆ هێناوم، ڕۆژانەش بازاڕم بۆ دەکا. ئەمــەش وەنەبێ تا چاکەیەکم لەگەڵ بکا، بەڵکو خوویەکی دێرینەیە و لەسەرڕاهاتووە.
«هێنک»یش تاکە کەسێکی دیکە، جاروبار سەردانمان دەکا. پێموابێ پێشتر باسمکردوە، کە پەیکەرتاشە و چەند پەیکەرێکیشی لە پارکەکان دانراون. کارە سەرنجڕاکێشەکەی ئەو قاچوقولە ئاسنینە مەزنە ژنانەیە کــە لەســەر ڕێی گونــدی «پاینەکــەر» دانراون. بەدەر لــەوەش وەک ناڵبەندێــک لە کێڵگەیەکی نزیــک کاردەکا. لەوێ کوورەیەکی ناڵبەندی هەیە، ناڵچەی ڕەنگزێڕین بۆ من دروستدەکا.
جارێکیان پێمگوت: «من وەهای دەبینم، ئەو پەیکەری قاچانەی ئەوێ هێمای چاوەڕێکردن بن؟»

ئەویش بە دەنگ پێکەنی و گوتی: «لە هەموو لایەکەوە سەرنجم دەربارەی ئەم پەیکەرە بۆ هاتوون، بەڵام ئەوەی تۆ نا. چاوەڕێکردن، چۆن ئەمەت بۆ هات؟»
لە پشووی نانخواردنی نیوەڕۆدا، بە زۆری دکتۆر ماینەما باسی کێڵگە و مەزراکە دەکا. بۆ نموونە دەڵێ: شوێنی ئاوەڕۆی سەربان گیراوە، بە تەنیا ناتوانم خاوێنیبکەمەوە.»
منیش پێمگوت: «بانگی «هێنک» بکە، یارمەتیت دەدا.»
هەروەها بەردەوامیش زانیاری دەربارەی گورگی و ڕەخشی دەدامێ و دەیگوت: «تا دێ گورگی بە زەحمەت دەبێ. ئەمڕۆ ڕەخشیش دەیەویست زیاتر لە تەویلەکە بمێنێتەوە.»
خەواندنی ئەسپ و سەگ شتێک نەبوو لەگەڵ کلتوری مندا بێتەوە. دەبوایە ئەوانیش هەروەک خەڵک چاوەڕێی مەرگی خۆیان بکەن. خاترجەمیش بووم لەوەی، دکتۆر ماینەمایش ڕێگەی ئەمەی نەدەدا. چونکە ئەگەر ئەوان بمرن، ئەستێرەی ئەویش ئاوادەبێ.
دکتۆر ماینەما هەواڵی نوێی نەخۆشخانەشی پێدام: «دوێنێ یەکێکی دیکە مرد.»
منیش لێمپرسی ئاخۆ ئەوەی مردوە کێ بووە و پێشتر چ کارە بووە. منیش بە نۆرەی خۆم باسی گەشتەکانم بۆ کرد.
- «هەفتەی داهاتوو گەشت دەکەم بۆ سێ هەفتە نایەمەوە.»
- «دەچییە کوێ؟»
- «دەچمە ئەمریکا؟»
- «دەچیتە نیویۆرک؟»
- «نەخێر، دەچمە سان دیاگۆ.»

لە خۆوە هەستمکرد شتێک ڕوودەدا، شتێک بەسەر کێڵگەکە دادێ

و شــت دەگــۆڕێ، بەڵام دەق پێشــبینی ئەوەم بــۆ نەدەکرا ئاخۆ چی دەقەومێ.

بەڵێ، هەفتەی پێشــتر جووتە پێڵاوێکم کڕی، دوای گفتوگۆکەم لەگەڵ ماینەمــا، دەســتم دایە پێڵاوەکان بەرەو شــوێنی «هێنک» ڕۆیشــتم، بەڵکو یەک دوو ناڵچە لە بنی پێڵاوەکان بدا.

کاتێکیش «هێنک» بینیمی بە تاســەوە پرســی: «بۆنی شتێکی نوێ لە هەوا دەکەم؟»

منیــش گوتــم: «نازانــم. لەوانەیــە وا نەبــێ، بــەڵام باش خــۆم بۆی ئامادەکردووە.»

## ١١

«سـان دیاگـۆ» دواهەمیـن گەشـتم بـوو، هەر هیـچ نەبێ تائێسـتا دواهەمینیـان بوو. ئاخر کاتی وای بەسـەردا هـات، نەمتوانی زۆرتر لە دەرەوەی ماڵ بمێنمەوە.

دەکـرێ ئەمـەش پەیوەندی بـە تەمەنەکەمـەوە هەبێ. لـە ڕێی (بی بی سـی)یەوە دەسـتم بە جەماوەر، بە ملیۆنان کەس لە نیشـتمانەوە گەیشـت. کەچی لەم دواییانەدا هەستێکی وام لە لا پەیدابوو، کە خۆم دووبارەدەکەمەوە. ئەمەش شـتێک بوو، نەمدەویست ڕووبدا. من دەبێ ئازا بم و ئەگەر هاتوو نەتوانم شـتێکی نوێ پێشکەشـبکەم، پێویستە

بوەستم.
دەبێ کارەکەت هێزت پێببەخشێ و دنەدانێکی ڕۆحی بێ، بەڵام خۆ چی دیکە وەها نەمابووەوە.
دەبوایە شتێکی دیکە بکەم، بیر لە شتێکی دیکە بکەمەوە.
منیش چاوەڕێمکرد. پێشتر ئەوەم باسکردووە، کە چاوەڕێکردن لەگەڵ کلتووری دێرینەکەمدا دێتەوە. ڕاستییەکەی ئەمەشیان ببووە کرۆکی ژیانم. لەوانەشە هەر لەبەر ئەوە بووبێ، کە جووتە پێڵاوێکی نوێم کڕین، جووتە پێڵاوێک بە ناڵچەی نوێوە.
هەر لەو ڕۆژانەدا بوو، زەنگی تەلەفۆنێکم لە «سان دیاگۆ»وە بۆ هات. یەکێ لە هاونیشتمانیانم بەشادمانییەوە گوتی: «سوڵتان، ئەرێ نامناسییەوە؟»
نەخێر، نەمناسییەوە.
پیاوەکە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت: «حەزم لە فیلمەکان و ڕیپۆرتاژەکانی تۆیە. بە گەنجیش سەردانی قەڵاکەی ئێوەم کردووە. هێشتاش هەر نامناسییەوە؟»
- «نەخێر، هێشتاش نا.»
- ساڵانێکی دووروودرێژ بەر لەئێستا وێنەیەکی منت گرت، وێنەیەکی ڕەش و سپی کە باپیرەت و جنۆکەکەشی لە پاشخانی وێنەکە دەرچووبوون.»
- « «ڕەزا»، ئەوە خۆتی؟»
«ڕەزا سەفداری» هاوڕێیەکی سەردەمی خوێندنی قوتابخانەی ناوەندیم بوو. کوڕی خانەوادەیەکی ئەرستۆکراتی بوو. لەو کاتەی من بە خۆم و کامێراکەم دەسووڕامەوە، ئەو تابلۆی دەکێشان.
دوای ئەوەی قۆناغی دواناوەندی تەواوکرد، باوکی بۆ تەواوکردنی خوێندنی هونەر، ناردیە ئەمریکا. ئێستاش لە «سان دیاگۆ»دا دەژی.
- «بۆ خاتری خوا، بۆچی سان دیاگۆ؟»

- «لەبەر ژنان.» بە پێکەنینەوە وەهای وەڵامدامەوە.
لە سان دیاگۆدا گەلەرییەکی هونەری گەورەی هەبوو، لەوێ لە ڕشتەی هونەری پەیکەرتاشی زانکۆدا دەرسیدەدایەوە. بە ناوی زانکۆکە بانگهێشتیکردم، بەڵکو لەوێ دەرسێک بۆ خوێندکارەکان بڵێمەوە، لەگەڵ کۆڕێکی کراوە بۆ خەڵکەکە.
منیش بە بیستنی دەنگی «ڕەزا» کەیفخۆش بووم، بۆ بانگهێشتنامەکەش سوپاسمکرد و پێمگوت:
- «من ماندووم، جارێ نیازی گەشت و مەشتم نییە.»
- «خۆ ئەگەر ماندوو بیت، ئەوا پێویستە بۆ ئێرە بێی. من هەموو شتێکت بۆ ڕێکدەخەم، دەشبینی لێی پەشیماننابیتەوە.»
- «ئاخر خۆ شتەکە پەیوەندی بە گەشتکردنەوە نییە. لە دوا جار دوودڵ بووم ئاخۆ چیدیکە ئەو کۆڕ و مێزگردانە بگێڕم یان نا.»
- «خۆ ئەگەر هەڵە نەبم، وەها دەبینم لە تەنگژەدا بیت. ئەمەش قۆناغێکی ناسراوی تەمەنمانە. کەواتە دەبێ بێیتە لامان، ماڵمان باشترین شوێنە بۆ تۆ. دەی وەرە چاوەڕوانتم.»
لە فڕۆکەخانەی سان دیاگۆش یەکسەر ئەوم نەناسییەوە. ئەو بۆز ببوو، ڕیشێکی قەڵەمکراوی دانابوو. ئیدی باوەشمان بەیەکدا کرد، جەستەمان بایی ئەوەندە گەرم بوو، کە یادەوەرییە هاوبەشە دوورەکان، هی سەردەمی لەدەستچوو، بگەڕێنینەوە. یادی ئەو ڕۆژانەی یەکەمین سینەما لە شارەکەماندا کرایەوە. لەگەڵ ناتاشا وەک ئەکتەرێک بە سینگ و بەرۆکی ڕووتەوە خۆی لەسەر سینەمای نیشتمان نمایشکرد.
ڕەزا لە ئەمریکا ژیانێکی سەختی هەبووە. دوو جار لە ژنەکەی جیابووەوە و نەخۆشییەکی کوشندەشی گرتبوو، بەڵام ئێستا بەیەکەوە لەگەڵ ژنێکی مەکسیکی لە ڤێلا جوانەکەی لە دەرەوەی شاردا دەژی.
ئەو منی بردە گەلەرییەکەی، لەوێ لە قاتی سەرەوەی باڵەخانەکە، سویتێکی بۆ ئامادەکردبووم. ژوورێکی بە تابلۆی جوان جوان و گوڵ

و شــتی ڕازاوەی دەســتکرد. لــەو ماوەی لەوێ دەمامــەوە ئەوێ جێی حەوانــەوەم بــوو. ئەو کــۆڕ و ســیمینارانەی بۆی بانگهێشــتکرابووم، سەبارەت بە کۆچ و ئاوارەیی بوو، کە ئێمەی بە چی گەیاندبوو.
بەر لەوەی کۆڕەکەم دەســتپێبکا، ســێ ڕۆژم بە دەســتەوە بوو تا لە ماندووبوونی گەشتە دووردرێژەکەم بحەسێمەوە.
«ڕەزا» ترومبێلێکــی کۆنــی جــۆری «مەســتانگ»ی هەبــوو، وەک هونەرمەندێکی ناسراو وەک خاوەن گەلەرییەک دەیهاژۆت.
لە یەکدوو ڕۆژی بەراییدا بە یەکەوە لەسەر کەناری دەریا پیاسەماندەکرد و باسی ژیان و کاروباری هاونیشتمانییەکانمان دەکرد، ئەوانەی لە سان دیاگۆشــدا دەژیان، هەروەها باســی ئەو مەکسیکیانەشــمان دەکرد کە بەسەدانیان لە سنوور خۆیان ئاودیوی ئەمریکا دەکەن.
«ڕەزا» بەم جۆرە دوا:
- «بە تاریکی دەبینی بە بەردەم پەنجەرەکەتدا دێن و ڕەتدەبن. خەڵکی ئێرە دەترســێن، بەشەوان ناوێرن بێنەدەر. پێموابێ لە ئەورووپا ڕەوی لەمەش خراپتر هەیە. لە ڕێی تەلەفزیۆنەوە ئاگامان لە پێشــهاتەکانە. ئــەو هەمــوو بەلەمانە بە خۆیان ســەدان کەس لە پیــاو و ژن و منداڵ ملــی ڕێگایــان گرتووەتەبەر. هەڵبەتە ئەمەش دەبێتە مایەی ترس. من لێیان تێدەگەم، لە ئەورووپییەکانیش دەگەم. ئەورووپا زۆر گۆڕاوە، وا نییە؟»
- «بەڵێ ئەم شتە ڕاستە، بە شێوەیەکی زۆر باوەڕپێنەکراو گۆڕاوە، بەڵام گۆڕانی هەرە زەق لە ئەورووپادا نییە، بەڵکو لە کۆچبەران خۆیان دایە.»
- «مەبەستت چییە، لەچ ڕوانگەیەکەوە ئەوان وەها گۆڕاون؟»
- «خەڵکــی خۆجێی لە بیانییەکان دەترســن. لێ ئــەوان بێدەنگ نین لــە ئاســت ڕۆحیانەتــی وڵات، لە ئاســت هێــزی زمان، هێــز و گوڕی کلتوورەکەیــان، هێز و تەوژمی دابونەریتیان. خۆی ئەمەیان ماوەیەکی دووردرێژی دەوێ، بەڵام خۆ هیچ دەرچەیەکیش نییە، نە بۆ ئەوانەی،

کە دێن و نە بۆ ئەوانەش کە پێشتر لەوێ بوون. ئەمەش بابەتێکە لە کۆڕ و سیمینارەکانم لەسەری دەدوێم.
ئێمە زیاتر قسەمان لەسەر کاریگەری کۆچ لە سەر خۆمان کرد. لە قاوەخانە جیاجیا مەکسیکییەکان بیرەمان خواردەوە. بۆ شەوی دووەم چووینە چێشتخانەیەکی ئێرانی، لەوێ لەگەڵ هاونیشتمانییەکانم کەوتمە قسە. لە ڕۆژی سێیەم و بە دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ چووینە «کۆرۆنادۆ»، ئەو نیمچەدوورگەیەی نزیکەی ٢٥.٠٠٠ کەسی تێدا دەژی و بە پردێکی درێژدرێژ بە سان دیاگۆوە بەستراوەتەوە.
ئەم پردە دیمەنی زۆر دڵڕفێن لەسەر دەریا و لەسەر نیمچەدوورگەکە دەبەخشێ. کاتێک بە ترومبێلەکە بەسەر پردەکەدا دەپەڕینەوە، ئاسمان شینێکی زۆر تاریک بوو وەک ئەوەی بە نێو دوو زەریادا بڕۆین وابوو: زەریایەک لەسەر سەرمان و یەکێکیش لەژێر تایەی ترومبێلەکەمان.
کاتێکیش گەیشتینە نیمچەدوورگەکە و لەوێش لێماندەخوڕی، ئەو هەستەم لاپەیدابوو، کەوا گەیشتووینەتە کۆتایی جیهان، گەیشتینە شوێنێک کە کەس نەماندۆزێتەوە.
لە «ڕەزا»م پرسی:
- «ئەرێ هاونیشتمانی لێرە دەژین؟»
- تا ئەو ڕادەیەی بزانم، تەنیا یەک خێزان.»
- «سەیرە. ئەوان لێرە چی دەکەن؟»
- «نازانم. نایانناسم.»
«کۆرۆنۆدۆ» لەسەر نەخشەی ئەمریکا شوێنێکی نادیاربوو، شوێنێکی نادیار بۆ غەریبێک، کە بیەوێ هەموو پەیوەستیەکانی لەگەڵ ڕابردوودا بپچڕێنێ. شوێنێک هیچی بەسەر ئایەتوڵلاکان و زیندانەکانیان، ئەشکەنجەدان و لەسێدارەدەراندا نییە.
ئەمەش مایەی سەرنجڕاکێشان بوو؛ بەڵکو ڕیپۆرتاژێکی لەسەر دروستبکەم. ئێمەش بە نێو شەقامەکانیدا لێمانخوڕی، هەر چاویشم لە

دوکانێکی مافووری ئێرانی یان بە دوای چێشتخانەیەکی ئێرانی دەگێڕا. ئەوێ پڕبوو لە چێشتخانەی مەکسیکی. لە یەکێک لە قاوەخانە مەکسیکییەکان دەستم دایە تەلەفۆننامەی نیمچەدوورگەکە چاوم بە پاشناوە تۆمارکراوەکاندا گێڕا تا بزانم بەڵکو ناوێکی ئێرانی لەنێویاندا بێ. هەندێکم بەدیکردن، هەندێک بە ئێرانی دەچوون.

منیش ناو و ژمارەکەم یاداشتکردن، بەڵکو دواتر بۆ (بی بی سی) ڕێپۆرتاژێکیان لەسەر بکەم.

لەو قاوەخانە هێمنەدا، باسی ژیانی خۆمانمان کرد. ئەو باسی ساڵانی سەختی ئەمریکای بۆ کردم، دەربارەی ژنهێنانە شکستخواردووەکەی، باسی ئەو دوو منداڵەی بۆ کردم، کە لە ژنی یەکەمییەوە پەیدابوون و ئێستاش لە نیویۆرک دەژین. وێڕای ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ دۆستە مەکسیکییەکان، هێشتا هەست بە تەنیایی دەکا.

لەو نێوەدا پرسی:

- «ئەرێ باشە بۆ هەر بەتەنیا دەژی؟ چییە هێشتا نەتدۆزیوەتەوە؟»

- «من چیدیکە بە دوای ژندا ناگەڕێم. ئەگەر بێت، خۆی دێ.»

- «خۆ پێویست ناکا بەدوایدا بگەڕێی؟ پێتوایە تۆ بایی پێویست سەرنجی ئافرەتانت بۆ لای خۆت ڕاکێشاوە.» ئەو ئەم قسەیەی بە پێکەنینەوە دەربڕی.

- «ناو بەناو پەیوەندی هەیە، بەڵام ئەوەنییە، کە بەدوایدا دەگەڕێم.»

ئەو باسی ئەوەی بۆ کردم، کە هەر دوو ژنەکانی خۆی خۆشویستوون، بەڵام هەردوو پەیوەندییەکەی بە شێوەیەکی دراماتیکییانە کۆتاییان پێهات.

ئینجا پرسی:

- «ئەرێ تۆ، هیچ کەسێکی وەها هەبووە پێشتر خۆشتویستبێ؟»

- «هەڵبەتە، یەکێک هەبوو کە خۆشمدەویست، بەڵام لەدەستچوو.»

- «بۆ؟»

- «چیرۆکێکی درێژە. من زیندانیکرام، بڕیاری زیندانی هەتا هەتاییان

بۆ بڕیمەوە، ئەویش بۆ ئەمریکا کۆچیکرد.»
- «بۆ ئەمریکا؟ هێشتا نەتبینیوەتەوە؟»
- «نەخێر. نازانم لە کوێ دەژی. سەرباری ئەمەش، خۆ ئەو هەرگیز بە دوای مندا نەگەڕا تا پەیوەندیم پێوەبکاتەوە.»
- «هەر بەڕاستی؟ هیچ بیرۆکەیەکت نییە ئاخۆ بۆچی پەیوەندی نەکردووە؟»
- «نەخێر. بەڵێ ئێستا، بەڵێ دەزانم. من ئەوم کردە قوربانی سینەما. خۆ ئەگەر تۆ قوربانی بدەی، ئەوا بە کۆتایی دیکە دەگەی. ئیدی تۆ لە هەرە خۆشەویستەکەت دووردەکەویتەوە. ئینجا ئەوە دێتەپێش، کە چیدی ئەو هی تۆ نییە، تۆش نابێ جارێکی دیکە بەدوای هەمان کەسدا بگەڕێی. ئاخر خۆ تۆ ئەوت بۆ ناگەڕێتەوە، ئەمەش ڕێساکەیە.»
- «بەم جۆرە فەلسەفەیە مەدوێ. کارەکە لە فیلمان کارەساتبارتر لێمەکە. ئەمە ژیانە خۆ فیلم نییە. دەی بە دوایدا بگەڕێ. کێ دەزانێ، بەڵکو تووشیبییتەوە.»
- «بەڵێ دروست وایە، لەبەر ئەوەی فیلم نییە، ئەوا تووشی نابمەوە. خۆزی دەبووە کۆتاییەکی دڵخۆش لە فیلمێکی هۆلیوددا.» منیش بە گاڵتەوە وەهام پێگوت و پیاڵەکەی بەردەمیشم هەڵدا.
لە ڕۆژانی دواییدا تیشکۆی هزری خۆمم خستە سەر کۆڕ و سیمینارەکانم. یەکەمین کۆڕیشم لە هۆڵێکی گەورەی زانکۆیەکە بوو. بەر لە دەستپێکی کۆڕەکەم، کاری بەڵگەنامەییم لەسەر ماڵباتی مانەما لێدرا.
بە جەماوەری ئامادەبووم گوت: «وەک پاداشتێکی ئازایەتیت، ژیان کێڵگەیەک، ئەسپێک، سەگێک، شینایییەک و هەروەها ژن و مێردێکی وەک مانەمات دەداتێ.»
چەند نموونەی جۆربەجۆری دیکەی ڕیپۆرتاژەکەم نمایشکرد، کە لە هەموو لایەک لەسەر ئەم جیهانە پانوبەرینەم گرتبوو، بەم جۆرە سەری قسەم بۆ ئەوان کردەوە. لەپاڵ ئەو نمایشەم لە زانکۆکەدا، سێ کۆڕم

بۆ خوێندکارانی ئەکادیمیای هونەری سان دیاگۆ پێشکەشکرد.
پاشـان دەسـتم بەتاڵ بوو تـا کار لەسـەر ڕیپۆرتـاژی تایبەتی خۆم سەبارەت بە نیمچە دوورگەی «کۆرۆنادۆ» بکەم.
لە گەلەرییەکەی «ڕەزا»شدا زەنگم بۆ هەموو ئەو ژمارە تەلەفۆنانەی لێدا کە لەبەر تەلەفۆننامەی قاوەخانەکەم نووسیبوونەوە.
لەو حەوت ژمارانەی کە زەنگم بۆ لێدان، شەشـیان مەکسـیکی بوون. دواییـن ژمارەیـان خێزانێکـی ئێرانی دەرچـوو. ژنێـک تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بێ ئەوەی خۆی بناسـێنێ بە شێوەیەکی دۆستانە و لەسەر دابونەریتـی ئێرانیانە گوتی: «هەلۆ؟ زەحمەت نەبێ قسـە لەگەڵ کێ دەکەم؟»
منیش بەشـێک بە ئینگلیزی و بەشـێکیش بە فارسـی داوامکرد ئاخۆ دەتوانـم لەگەڵ ئـەو خێزانە ئێرانییە بدوێم. ئینجا ئەویش بە فارسـی لێیپرسیم ئاخۆ من کێم. منیش خۆم پێناساند، ناوی خۆم و پاشناوەکەم بـۆ گوت و ئەوەشـم پێڕاگەیاند، کەوا خەریکی کارێکـی بەڵگەنامەییم لەسـەر کۆچبەرە ئێرانییەکان، بەڵام کە وای گوێلێبوو، ژنەکە یەکسەر دەسـکی تەلەفۆنەکەی داخستەوە. جارێکی دیکە زەنگملێدایەوە، بەڵام هەڵنەگیرا. بۆ جاری سێیەم زەنگەکەم لێدایەوە؛ لەو ماوەیەشدا دەستم بـە گرتنی فیلمەکەم کردبـوو. ئینجا دەسـکی تەلەفۆنەکەم دانایەوە، چوومـە لای ترومبێلەکەی «ڕەزا» کە لەبـەر دەرکە ڕاگیرابوو، بەرەو «کۆرۆنادۆ» لێمخوڕی. نیو سـەعات بەنێو شـاردا سووڕامەوە دیسان سـەیری تابلۆی سـەر دوکانەکانم کرد، بە دوای سەروسۆراغی ناوێکی ئێرانییدا گەڕام، بەڵام خۆ هیچم نەدۆزییەوە.
پاشان بەرەو کەناری دەریا لێمخوڕی، ترومبێلەکەم لە شوێنێک ڕاگرت، دەسـتم دایە کامێراکـەم و چوومە نێو ئاوەکە. پێـڵاو و گۆرەوییەکەم لەپێکـردن. گۆرەویەکانم خسـتنە نێو پێڵاوەکـەم، قەیتانەکەم لەیەک قایمکردن و بەسـەر شـانم دادا. دەلینگی پانتۆڵەکەم تا سـەر چۆکان

هەڵکرد، بەناو ئاوەکەدا ڕۆیشتم و شەپۆڵەکانیش لە قاچ و گوێزینگیان دەدام. بەنــاو ئاوەکــەدا دەهاتم و دەچووم و هەســتمکرد، بە کردەوە گەیشــتومەتە کۆتایــی ڕێچکەکــەم، گەیشــتمە کۆتایــی ئــەو قۆناغە تایبەتیەی کە تێیدا ڕیپۆرتاژەکانم ئەنجامدان.
قۆناغی ئەو گەشتە دووروودرێژانە بۆ من کۆتاییهات. گەیشتمە تەمەنێک، کە ئەم جۆرە کارە بەڵگەنامەییانە چیدی بەس نەبوون، دادیان نەدەدا. پێویســتیم بەوە هەبوو فلیمێکی ســینەمایی درێژ دروستبکەم، شتێکی قــووڵ، شــتێک بتوانــم قووڵتر بــۆی شــۆڕببمەوە. جــۆرە کارێک کە بەتەواوی خۆمی تێدا ونبکەم. لێ گەلۆ، خۆ زانینە ســنووردارەکەم بە زمانی هۆڵەندی و تەمەنەکەشم ڕێگربوون لەوەی فیلمێکی سینەمایی وا دروستبکەم. هەندێک جار بیرم لە کتێبێکی قەبە و ئەستوور دەکردەوە، بیرم لە ڕۆمانێکی چەند بەرگی دەکردەوە، بەڵام وەها پێدەچوو زیاتر لە سەرچڵی بچێ، دڵنیاش نەبووم ئاخۆ پێداڕۆیشتن بەم ڕێگەیەشدا دادم دەدا یان نا. هەر لە کەڵکەڵەی ئەو هزر و داڵغانەدا بووم، لە دوورەوە ســوارێکم بینی بە قەراغ ئاوەکەدا دەڕۆیشــت. سوارەکەش ژنێک بوو. بــە گورگەلۆقی ئەســپەکەی تاودابوو، منیــش کامێراکەم پێکرد. بینیم ژنێکی گەنجە، ژنێکە بەباشی لە یەکێک دەچێ، کە دەیناسم، ژنێک لە نێو یادەوەرەییەکانمدا هاتەدەر. لێ لەوانەیە هەر ژنیش نەبووبێ، بەڵکو ئەمەیان هەر زەریا بێ و پاشان لە کۆتایی ئەم دنیایەدا کارێکی شێتانە بکا. بە گورگەلۆقێیەوە هات و لە منیش تێپەڕی. منیش بانگم کردێ:
«ئەری تۆ ئێرانی؟»
ئەویــش ئاوڕێکی دایەوە، دەســتی خۆی بۆ هەڵوەشــاندم و بە گورگە لۆقی و توندتریش ڕۆیشت و لەبەرچاوان ون بوو.

# کتێبی پێنجەم

## هەنگە ڕەنگزێڕینەکان

### ١

دوای ئەوەی گەڕامەوە هۆڵەندا، تێگەیشتم، کەوا گەیشتوومەتە کۆتایی ڕێگە بەردرێژەکەم. ڕێگەیەک، کە لە زێدەکەم و بە کامێرایەکی ڕەش و سپی دەستمپێکرد، پاشان وێستگەی تاران، کەراچی و ئەمستەردامی بەدواداهات و لە وێستگەی سان دیاگۆشدا کۆتاییپێهات.

منیش هیلاک و کەنەفت ببووم، نەمدەتوانی لەوە زیاتر لە ژووری مۆنتاژەکەمدا دابنیشم و کاربکەم.

لە ماوەی ئەو ساڵانەی تێپەڕین، زۆر شت گۆڕان، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ڕابردوومەوە هەبوو. هەردووکیان «محەمەد ڕەزا

پەهلەوی» و «ئایەتوللا خومەینی» بوونە بەشێک لە مێژوو. ڕۆژگارە شکۆمەندییەکەی گەریلاکانیش لەسەرتاسەری دنیادا بەسەرچوو. مامم، باوک و دایکیشم کۆچی دواییانکرد و قەڵاکەشمان لە لایەن سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامییەوە دەستی بەسەرداگیرا. ئەوێیان کردە بنکەیەکی سەربازیی.

لێ گەلۆ، یەک شت بە نەگۆڕی مایەوە. ئەویش ئەو بوونەوەرە خەپە ڕەزاقوڕسە بوو، کە لە زۆرانبازە سومۆکانی ژاپۆنی دەچوو. ڕۆژگار و گۆڕانکارییەکان نەیگەیشتنێ.

پێم وا بوو ئەو ترسەی کاتی خۆی لە نیشتماندا هەمبوو، بۆتە پاشخان و مێژوو، بەڵام خۆ من لەو بارەوە شاش بووم. ترسەکانم لە شێوەی بیچمی ئەو بونەوەرە ڕەزاقوڕسە لە قووڵای ناخ و نەستی مندا خۆی حەشاردابوو.

لە ڕۆژانی منداڵیمدا ئەو بوونەوەرە ڕەزاقورسە دەهاتە خەونم و سواری سەر ملم دەبوو. منیش لە ژێریدا تەنگەتاو ببووم، ویستم هاواربکەم، بقیژێنم، کەچی بێسوود بوو، نە دەنگ و نە هەناسەم دەرنەدەچوو.

ئەو بوونەوەرە بەو قوڕساییەی خۆی دەهات و لەسەر پشتم دادەنیشت، هەنووکەش وەک پیاوێکی هەراش دیسان کەوتوومەتە ژێری و تەنگەتاوی کردووم، ویستم لە هاڕژنبدەم[1]، بەڵام دەنگیشم دەرنایە. بەسڵەمینەوە لە خەو بێداربوومەوە. گوێم لە دەنگی گورگی بوو لە ژێرەوە دەقروسکایەوە.

کاتی خۆی بە منداڵی نەمدەزانی، بەڵام خۆ ئێستا دەزانم. زەقوزۆپ کەوتوومەتە نێو تەنگژەیەک، «ڕەزا»ش لەسەر هەق بوو، پێویستم بە ڕێگەیەکی نوێ هەبوو تا لەم دۆخە دەربچم.

---

١. هاڕژن: لە هاڕژنی گریانێ دا، واتە بە دەنگێکی گەورە گریا. هاوار هاواری گریانێ.

ئەو دەعبا بێڕەزا قورسەش، جنۆکەیەک بوو، ئەو جنۆکەیەی لەنێو مندا دەژیا. هەمیشە هەر دەیپاراستم، هەر کاتێک پێویستم پێیهەبا بە ڕاوێژ بــە هانامــەوە دەهات، هەر ئەویش بڕیاریــدەدا ئاخۆ لەو کاتەی دوودڵ دەبووم، پێویســتە چی ڕووبدا. لێ کاتێک گوێم لە ئاگادارکردنەوەکانی ئەو نەگرت، دەهات وەک شــتێکی ڕەزاقورس لەســەر پشــتم دانیشــت تا ئەوە ڕوونبکاتەوە، کەوا کۆتایی بەم شــێوازە هاتووە، کە تائێســتا پێیژیاوم.

جنۆکەکە، جنۆکەکەی من، ویســتی ئازارمنەدا، بەڵام خۆ لەوە باشــتر نەیدەزانی چیدی بکا. ئەو هەر ئەوەی کرد، کە بە شــێوازەکەی خۆی پێویســت بوو بیکا. ڕاســتییەکەی ویســتی ناچارمبکا ڕێگەیەکی نوێ بگرمەبەر، کە بیرم لێکردبووەوە و لەبارەشیەوە دوودڵ بووم.

لە کۆتاییدا ئەوەم هەڵســەنگاند کە بۆ هەمیشــە کامێراکەم بەلاوە بنێم و دەســتبدەمە قەڵەم. بیرم لە کتێبێکی نوێ کردەوە، بەڵام نەشمزانی ئاخۆ چی باسبکەم و بە چ زمانێک چیرۆکەکەم بنووسمەوە.

زستان بوو، ڕۆژەکان کورت و شەویش درێژ. زۆریش لە ماڵ دەمامەوە. لــە یەکێ لەو شــەوانەدا مێزەکــەم گواســتەوە لای پەنجەرەکە، کە بە ڕۆژ دەیڕوانییــە ســەر ئاو و چیمەن. ئیدی دەســتم دایــە قەڵەمێک و بارســتاییەک کاغەزم هێنایە پێش خۆم، لەپشــت مێزەکە دانیشــتم و سەرم بەسەر کاغەزەکان داگرت و کەوتمە سەر نووسین. هەر بۆ خۆشم ســەیر بوو، بە هۆڵەندی نووسیم. خۆ ئەمەش هۆڵەندییەکی ستاندارد[٢] نەبوو کە من نووســیبووم، بەڵکو هۆڵەندییەکەی تایبەت بە خۆم بوو، بــە هــەزاران هەڵەی یەک لە دوای یەکەوە. خۆی ئەمە بوو، ئەمە ڕێگە

---

٢. نووسەر دەق نووسیویەتی زمانە گشتییە شارستانەی هۆڵەندییەکە... بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم دەستەواژەیە لای ئێمە نامۆیە و مەبەستیش هەر زمانی ستانداردە بۆیە، وەهام نووسی.

نوێیەکە بوو، منیش پرسەن و تاسەمەند بووم ئاخۆ بەرەو کوێم دەبا. لەوێ لای پەنجەرەکە دانیشتبووم و ڕۆژ بەڕۆژ هەر دەمنووسی، بەڵام ساتێکی وەها هاتەپێشەوە هیچی دیکە نەکرا. شەنگم لێبڕا. ئەو هۆنینەوەیەی، کە بەو کەمە زمانە هۆڵەندییەی خۆم نووسی، ئەوپەڕی دەستکراوەیی پێبەخشییم، تا هەموو ئەو کۆتوبەندانەی کلتور، دین، ئەدەبیات و سیاسەتە کۆنەکەی ناو سەرم خۆی بەدەستەوەبدا و لە نووکی خامەوە هەڵبڕژێتەسەر کاغەز. هیچ شتێک سەبارەت بە خۆسانسۆرکردن لە ئارادا نەما، لە دەقە نووسینەکەم بە هەموو لایەکدا پەلمهاوێشت. دەرکە ژەنگاوییەکانی یادەوەرییە کۆنینەکانم لەبەرانبەر زمانەکەم خۆیان نەگرت و نەمان. ڕنوویەکی مەزنی یادەوەری کۆنینە بەسەرمدا هاتەخوار و منیش ئەو هێزە شایستەیەم نەبوو بیگرمەوە و بیکەمە کتێبێک. ئاخر بەتەنیا ئەم کارەم پێنەدەچووەسەر، پێویستم بە کەسێک هەبوو هێز و دنەی ڕۆحییم بداتەبەر.

لەماوەی ئەو ڕۆژانە زۆر جاران تا دوای نیوەڕۆیەکی درەنگ لە قەپەنگەکە لەسەر کورسییەک دادەنیشتم، تا پیاڵە چایەک بخۆمەوە. هەموو شتێک کڕ و بێدەنگ بوو. ڕۆژیش بەهێواشی لەسەر دارەکان ئاوادەبوو. گورگی لەبەرپێم لەسەر زەوی وەرکەوتبوو، کەچی لەپڕ گوێچکەکانی قیتکردنەوە.

- «گورگی، خێرە؟»

ئەو هەڵسایەوە بۆ بەرزی، بۆ ئاسمانی ڕوانی. بەڵێ، ئەوەندەم بینی بە هەزاران هەنگی بچکۆڵەی ڕەنگزێڕین دەجووڵانەوە، لەو ناوەدا و لە بوولێڵیدا بەسەر کێڵگەکەدا دەخولانەوە.

منیش هەڵسامەوە بەسەرسامییەوە سەیری شڵخە مێشەکەم کرد، کە چۆن بەرەو کێڵگەکە دێ.

## ٢

ئەرێ ئەوانە لە کوێوە هاتن؟ هەرگیز ئەم جۆرە هەنگە ڕەنگزێڕینانەم لەم دەوروبەرەدا نەبینیون. هەموو ئێوارەکە هەر گیزەگیزیان بوو، خەریکی ئەوە بوون لە کون و درزی پیرە شابەڕووەکەدا بگیرسێنەوە، ئەوە بوو دو ڕۆژ لەوێ نەجووڵان. پێدەچوو لە دوورەوە هاتبن و لە هەڵفڕینەکە شەکەت و ماندوو بوون.

خۆ ئەوەش دەبێ، ئەوان لەگەڵ هەزاران غەریبە هاتبن، کە بەسواری بەلەمە شەقوشڕەکانەوە هەوڵیانداوە ئۆقیانووس ببڕن.

هەنگەکەکان شابەڕووەکەیان وەک لانەیەکی نوێ هەڵبژارد و کردییانە

ماڵی خۆیان. ئەمەش منی دڵخۆشکرد و هەستمکرد دوای ماوەیەکی درێژ چاکبوومەتەوە.

من دیندار نیم، هەروەها بڕوام بە خورافیاتیش نییە، بەڵام هەندێک شتی ڕابردووم لە باپیرەمەوە وەرگرتووە و بۆم ماوەتەوە.

دەمزانی بڕوام بەوە هەیە، کە هەنگە ڕەنگزێڕینەکان پەیکن بۆ شتی دیکە، شتێک هێز و گوڕی ئەوەم پێبدا، کە پێویست بوو.

دەبوایە شێوێکی دیکەش بڕازێم تا بۆم دەربکەوێ ئاخۆ ئەم شتە چییە.

بۆ ڕۆژی پاشتر دایکردە باران و خۆشیشی نەکردەوە. نزیکەی ئێوارەیەکی درەنگ بوو، منیش هەر لە نهۆمی سەرەوەی خانووەکەم بووم. لە مینای پەنجەرەوە بینیم ئافرەتێک لە دەرەوە، لە دەروازەکە پشتی بە داربەڕووێکدا داوە. لەوێ وەستاوە. پێم وا بوو بە دوای هەنوانێک[٣] دەگەڕێ تا لە بارانەکە بیپارێزێ.

ئەو بەو شێوەیەی لە تاریکی لە بن دارەکە وەستابوو، وای لێکردم بیر لە دیمەنی فیلمێک بکەمەوە، کە پێشتر، ڕۆژێ لە ڕۆژان بینیبووم.

ویستم بچمە خوارەوە تا بزانم ئاخۆ کێیە، کەچی هێشتا هەر لە شوێنی خۆم مامەوە و چاوەڕێم کرد. وام زانی ئەگەر هاتوو بارانەکە بوەستێ، ئیدی ئەو دەڕوا.

لە کۆتاییدا بارانەکە وەستا، بەڵام خۆ ئەو هەر لە شوێنەکەی خۆی مایەوە.

منیش دەستم دایە پەشتەماڵێک[٤]، لە پلیکانەکان دابەزیم و چووم، ببینم ئاخۆ چی لەئارادایە. گورگیش بەدوامداهات. ئاماژەیەکم بۆ کرد تا لەشوێنی خۆی ئارامبگرێ.

---

٣. هەنوا، ئەشکەوت، شوێنێک بەفر و باران نەیگرێتەوە

٤. پەشتەماڵ: خاولی.

لە پشت دەرکە داخراوەکەی حەوشەوە بانگمکرد: «ئەرێ خانم چۆنی؟ ئەرێ چی هەیە؟»

هیچ وەڵام نەبوو.

هەر بەڕاســت بە کچە ئەکتەرێکی نێو فیلمێکی ڕەش و ســپی دەچوو، کە لە هیچ شــوێنێک نەمبینیبوو، یان وەک کەســایەتیی نێو کتێبێکی دێرین دەچوو. لێ تۆ بڵێی کەسێکی وەها هەبێ، ئەو وای لێکردم بیرم بۆ دوور، بۆ ڕابردووی دوور هەڵفڕێ. پێدەچوو چاوەڕوانییە نەبڕاوەکەم بەرەو کۆتایی بڕوا. ئیدی دڵم خێراتر کەوتە لێدان.

دەرگەکــەم کردەوە و بەرەو لای ڕۆیشــتم، خاولییەکــەم دایێ و گوتم: «خانم، هەوا ساردە. لەبەر باران تەڕ بووی.»

من هێشتا پەییم بەوە نەبردبوو، کە ئەو لێم تێناگا.

دیاربوو ئەو وەها تێگەیشــت، کە من بانگی ژوورەوەی دەکەم، چونکە بەرەو دەروازەکە ڕۆیشت و گورگیش بە دوایدا چوو. منیش پێم وا بوو کەسێکە خەوی لێکەوتووە و دەشڕوا.

لــە خانووەکــە هاتەژوور، چووە ژووری دانیشــتن، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هی خانم ماینەما بوو. هەر لەســەر قەنەفەکە دانیشت خەوێکی قووڵی لێکەوت.

ئــەو زۆر جوان بوو، بەڵام لەبەر ماندوبــوون و پرچەکەی، کە هاتبووە سەر دەموچاوی، دەمودەست نەدەبینرا. تەواو هیلاکببوو.

تۆبڵێی چۆن گەیشــبێتە کێڵگەکەم؟ تۆبڵێی بمناســێ؟ یاخود ئەویش یەکێکــە لەو هــەزاران کەســەی، لەدیوەکــەی دیکەی ئۆقیانووســەوە هاتوون؟

منیــش پەتۆیەکم هێنا و بەســەر قاچەکانیــم دادا و لێیگەڕام بۆ خۆی بخەوێ. خۆ ئەگەر گەشــتێکی بێکۆتاییشــی کردبێ، لــە کۆتاییدا ئەو گەیشتە بن هەنوانێک.

## ٣

ژنــە غەریبەکــە ســێ شــەو و دوو ڕۆژان لەســەریەک و بێپچــڕان هەر لەسەر قەنەفەکە پاڵیدایەوە، وەک ئەوەی ساڵانێک بێ خەو نەچووبێتە چــاوی. هەروەک ئەوەی هەزاران کیلۆمەتری بە پێ بڕیبێ. خۆی ئەوە شــتێک بوو لە خەیاڵی من، ئاخر لە قاپقاپە دڕاوەکانی، بەو پاشپانیە خوارەوەی پێڵاوەکەی دیار بوو.

منیــش بــە نەرمی نان، ســووپ و چام بۆ لەســـەر مێزەکەی تەنیشــت قەنەفەکە دانا و لێیگەڕام بخەوێتەوە.

بەڵێ خۆ ئەو بنیادەم بوو، بەڵام هەســتێکی وەهام بۆ هات، ئەو زیاتر

سەر بە مێشە ڕەنگزێڕینەکان بێ ئەوەک سەر بە من بێ.
ئەوەش ڕێیتێدەچێ، ئەو و پوورە هەنگەکە لە هەمان شوێنەوە هاتبن، لە کۆنە جەنگەڵێکی وڵاتێکی دوور دوور.
بۆ شـــەوی ســـێیەم چاوی کردنـــەوە، منیش خاولییەکەم دایدەســـت و ڕێگەی ژووری گەرماوەکەم نیشاندا. کاتێکیش لە گەرماوەکە هاتەدەر، هەر ڕووت ڕووت لە ناوەڕاســـتی ژوورەکە وەســـتا وەک ئەوەی من هەر لەوێ نەبووبم. منیش پیر ببووم، ئەو کات ئەوەم بینی هەروەک ئەوەی لە ئاوێنەوە سەیری جەستەی خۆم بکەم.
ئەو ویســـتی هەمان ئەو تەنوورەیـــە بکاتەوە بەری، کە پێیهاتبووە نێو کێڵگەکە. منیش ویستم یەک دوو پارچە جلوبەرگی خانم ماینەمای بۆ بێنم، بەڵام شـــتێکی دیکەم بۆ هات. ئەوە بوو تراکسوت و تیشێرتێکی وەرزشیی خۆمم بۆ هێنا.
بە هۆڵەندی لێمپرسی: «ئەرێ ناوت چییە؟»
وەک ئەوەی هەر گوێی لێنەبووبم وا بوو.
- «مـــن ناوم ســـوڵتانە،» ئەمجارە بە ئینگلیـــزی پێمگوت: ئەدی تۆ؟ ناوی تۆ چییە؟»
ئەویش بەچاوێکی پرسەوە لێڕوانیم.
- «مـــن، ســـوڵتانم.» بە دەســـت ئامـــاژەم بەخۆم دا. «ئـــەی تۆ. تۆ کێی؟»
ئەویش پەنجەی ئاماژەی بۆ ســـەر ســـینگی خۆی برد و شتێکی گوت، دەنگە دەنگێکی لێوەهات، لە ناوێک دەچوو.
- «دەی جارێکی دیکە بیڵێرەوە،» ئاماژەم بۆ کرد و ســـەیری دەم و لێویم کرد: «ئاوریل بێنتا Aurrrril Bentta»
- لێمپرسییەوە: «ئاریلا بێنتا Arrila Benta؟»
ئەویش سەیری دەم و لێوی کردم و سەری خۆی بادا: نەخێر.

- «ئارۆلا Arrola؟»

نەخێر.

- «ئارێلیا Arelia؟»

بزەیەکی کەوتەسەر لێو. ئای خوایە، هەروەک ئەوەیە، کە ڕۆژ لەنێو دڵی مندا هەڵبێ.

ئارێلیا بێ یان هەر شتێکی دیکە، خۆ لەم هەلومەرجەدا هیچی لە شتەکان نەدەگۆڕی. بۆ ئەو هەروەها بۆ منیش هیچ کێشە نەبوو. ئەو برسی بوو، دەستی بۆ پارچە نانێکی نێو سەبەتەکە برد و سێوێکیشی لەنێو تریانی میوەی سەر مێزەکە هەڵگرت.

بۆ شەوەکەی ئینسکلۆپیدیایەکی کۆنی مابنەمام هێنا و بە دوای ناوێکی وەک ئاوریل Aurill یان ئارێلیا بێنتا Arelia Bentaدا گەڕام. کەچی هیچم لێهەڵنەکراند. زیاتر لە فەرهەنگێکی لاتینییدا گەڕام. شتێکم دۆزییەوە کە زۆر لەو دەچوو: بێنتا ئاورێلیا Benta Aurelia. ئەوەش واتای شتێکی دەگەیاند کە بە ئاراستەی زێڕی پوختە و پیرۆزدا دەڕۆیشت.

زیاتر بە نێو فەرهەنگی هۆڵەندیشدا گەڕام. وشەی بێنتا Bentaم نەدۆزییەوە، بەڵام ئاورێلیا Aurelia هەبوو. ئەویش جۆرە پەپوولەیەکی باڵ ڕەنگزێڕین بوو.

هێشتاش دڵنیانیم ئاخۆ ئەو ئەم ناوەی لێیە یان نا، بەڵام خۆ من ناوەکەم بە بەردابڕاند و بە گورگیشم ناساند: ئاورێلیا Aurelia.

ئەویش لە خۆشیان کلکی ڕاوەشاند و سەری لێیوەرکەوت.

بەرەبەیانی ڕۆژی چوارەم بوو، گوێم لە دەنگی ئەو بوو لە باخەکە دەهات. منیش لەناو پێخەفەکەم هەڵسام و لە پشت جامی پەنجەرەوە

تەماشـامکرد. ئەو لە تەویلە لای ڕەخش وەسـتا بوو. ڕەخش، کە لەم مانگانـەی دواییدا، تا ڕاددەیەک هەر لە شـوێنەکەی خۆی نەدەجووڵا، هەنووکـە قیتببووەوە. ئاورێلیاش بە شـانە سـەر و ملـی دادەهێنا و چاوەکانی خاوێندەکردنەوە. جلێکیشی بەسەر پشتی دادا و لە تەویلەکە هێنایەدەر تا پیاسـەیەکی بەیانیانی لە نێو باخەکەدا پێبکا. گورگیش بەدوایاندا چوو.

لەبەر ئەوەی ماوەیەک باران و تەڕیەتی بوو، ڕێگاکان خلیسکاوی بوون، هەفتـەی ڕابردوو ماینەما نەهاتبـوو. کاتێکیش ڕۆژ بەدەرکەوت، بینیم بەسـواری پایسـکلەکەی هات. پایسکلەکەی لە شوێنی خۆی لای پیرە شـابەڕووەکە هەڵپەسـارد. منیش تاسـەمەند بووم ئاخۆ تێبینی ئەوە دەکا، کـەوا هەزاران لە مێشـە هەنگ خۆیـان کردووەتە کونی دارەکە و کردوویانەتە لانەی خۆیان. ئەو گوێی لێیان بوو، سـەری بۆ بەرزیی هەڵبڕی، بەڵام لەبەر هەڵکشانی تەمەنی نەیدەتوانی باش ببینێ.
کاتێکیـش دکتـۆر ماینەما هاتە نێـو کێڵگەکە، گورگـی لای دەرکەی قەپەنگەکـە وەرکەوتبـوو. لـەم دواییانەدا کاتێک یەکێک بە پایسـکل بـە لای پەرژینەکـەدا دەڕۆیی، گورگی چیدی نـەدەوەڕی. هەروەها بۆ ماینەمـاش نەدەوەڕی. کەچی ئێسـتا کە ماینەمای بینی، لە شـوێنی خۆی هەڵسا تا ئاگاداربیکاتەوە بەوەی ئاورێلیا لە ناندینەکەیە.
- «ئەرێ پیرەسـەگ چۆنی؟ هێشتا هەر تاقەتت ماوە؟» کابرا وەهای بە گورگی گوت و دەستێکیشی بەسەردا هێنا.
هـەروەک جاران بەرەو ناندینەکە ڕۆیشـت تا قاوەیەک بۆ خۆی تێبکا. لێ کاتێک لەوێ ئاورێلیای بینی، لە دەرەوە لای گورگی وەستا. منیش هاتمە خوار و بەخێرم هێنا.
- «دیارە میوانت هەیە.» ئەو لەسـەر قسەکەی ڕۆیشت: «دەڕۆمەوە،

جارێکی دیکە دێمەوە.»

- «نەخێر، پێویست ناکا بڕۆی. وەرە ژوور با بەیەکەوە قاوەیەک بخۆینەوە.»

ئینجا ئەو خۆی بە ئاورێلیا ناساند و بە چاوی پڕ لە پرسیارەوە سەیریکردم،

«ئەو ناوی ئاورێلیایە.» وەهام پێگوت. لەبەرئەوەی هیچی دیکەم لەبارەوە نەدەزانی، لە جامی پەنجەرەوە ئاماژەم بۆ پیرەدار شابەڕووەکە کرد و گوتم: «ئەم لەگەڵ ئەو هەنگانە هاتووە.» پاشان قاوەیەکم بۆ تێکرد.

ماینەما پیاوێکی خاکەڕا بوو، پڕبوو لە بەهای مرۆڤایەتی. ئەو نە هیچی زێتر و نە پرسیاری زیاتریشی نەکرد. ئەو بەو کوپە قاوەیەی دەستی چووەدەر تا مێشە هەنگەکان ببینێ.

دیار بوو وەهای دانابوو، کەوا لە کاتی گەشتەکانمدا ئاورێلیام بینیبێ و هەر یەک دوو ڕۆژ لە لام بمێنێتەوە و پاشان بڕوا.

منیش پێمگوت: «ئاورێلیا بۆ ماوەیەک لای من دەمێنێتەوە.»

ئەمەش ڕوونکردنەوەیەک بوو، لێشی دڵنیانەبووم. دکتۆر ماینەماش پرسیاری لەبارەوە نەکرد، بەڵام پرسی: «باشە بە چ زمانێک لەگەڵی بدوێم؟»

منیش گوتم: «بە زمانی ئاماژە.»

ماینەما پیر ببوو. ئەگەر هاتبا کەشوهەوا سارد بوویا، لە ئارامگەی بەساڵاچووان نەدەهاتەدەر. کەچی لەو کاتەی ئاورێلیا هاتۆتە کێڵگەکە، گوێی بە هەوای سارد و باران نەدا، ڕۆژانە سەرێکی دەدا. ئەو ئێستا گورگی، ڕەخش و ئاورێلیاشی بۆ پیاسە لەگەڵ خۆی دەبا.

منیش لە نوێوە هێز و گوڕم بۆ گەڕایەوە، تەنگژەکەم بەسەرچوو.

ئەو چیرۆکەی لەم کتێبەدا نووسیومەتەوە، بە ئاسانی لە مەرەکەبی قەڵەمی نێو پەنجەم هەڵڕژایە سەر کاغەز. هەستمکرد باشم، هەمووومان هەستمان بە چاکبوونەوە کرد. ئەو قۆناغەی کە بەوپەڕی خێراییەوە لەگەڵیدا گەورەبووم، پیربووم لەپڕێکەوە لە وێستگەیەک وەستا. خۆ ئەم حاڵەتە بۆ دکتۆر ماینەما، بۆ گورگی و ڕەخش و بۆ مارەکەش هەروا بوو.

ئەوەی ڕاستی بێ، هێشتاش مارەکەم لە نێو شینایی باخەکەدا نەبینی، کە هەروام دەزانی لەوێ خۆی مەڵاسداوە. کەچی لەو کاتەی هەنگە ڕەنگزێڕینەکان هاتن و لانەی خۆیان لە نێو دارەکەدا چێکرد، لەو کاتەی ئاورێلیا هاتە لای من، بەتەواوی و بە شێوەیەکی دیکە بیردەکەمەوە. دیارە مارەکەش بۆیە لەنێو پارێز[٥] و باخەکەمدا دەسووڕێتەوە تا بمپارێزێ. ئەو هاتووە ئاگادارمبکاتەوە لەوەی نەبادا من بکەومە سەر ڕێگەیەکی شاش.

بەڵێ، ئەو خۆی یەکەم جار لەنێو باخەکەدا سەرهەڵدێنێ، بەڵام ئەگەر هاتوو گوێی لێنەگرم، ئەوا خۆی دەخزێنێتە نێو خەوم. خۆ ئەگەر دووبارە هۆشدارییەکەی بەلاوە بنێم، ئەوسا جنۆکە ڕەزاقورسەکەم لێ پەیدادەبێتەوە. ئەوسا بە هەموو قورساییەکەی خۆی چۆک لەسەر پشتم دادەدا تا لەوە تێدەگەم ئاخۆ ئەو چیدەڵێ.

کەواتە مارەکەش هەروەک چۆن دەستی ڕاستەم سەر بە منە، ئەویش هەروا.

ئەوەی ئێستا دەیهێنمەگۆ شتێکی نوێ نییە. دەمێکە ئەم شتە لە نێو کتێبە کۆنەکەی باپیرم نووسراوە. لەو کتێبەدا مارەکان لە نێو گەنجینە زێڕینەکەی پاشای گەورەدا دەسووڕێنەوە، مارەکان لە کاتی

---

٥. پارێز: شینایی.

نوستنی فیرعەونەکاندا ئێشکیان لێدەگرتن. مارەکان لەسەر دارودیواری کۆشکەکانی میسری، ئێرانی و گریکی بوون، بە جۆرێک نەخشێنرابوون، پارێزگاری شانوشکۆی و نەمرێتیان بوون. کیلۆپاتراش مارێکی ئاڵتوونی وەک تاج لەسەر دەنا.

بەهار بە هەموو هێزوگوڕی خۆی هات. دکتۆر مایتەماش قۆڵی لێهەڵکرد و بە یارمەتی ئاورێلیا ژیانیان وەبەر پارێزەکە هێنایەوە.
بینیم «هێنک»یش، «هێنک»ی پەیکەرتاش و دۆستە نزیکەکەمان لە عەمبارەکەدا زۆر سەرقاڵە. ئاخر مایتەما داوایلێکردبوو بەڵکو غەڵێفێک بۆ مێشەکان دروستبکا.
کاتێ هێنک منی بینی گوتی: «ئێستا باشتر لە جاران دەتبینم، هەنووکە میوانت هەیە. هەر دەبێ خانەوادە بێ؟»
منیش وەڵامی پرسیارەکەیم نەدایەوە، لەبری ئەوەدا گوتم: ««هێنک» جووتە پێڵاوەکەم پێویستیان بە یەک دوو ناڵچەی نوێ هەیە. کەی بێمە لات تا دروستیانبکەی؟»
«هێنک» ناڵی ئاسنینی بۆ ئەسپەکان و ناڵچەی زێڕینیشی بۆ بنی پێڵاوی من دروستدەکرد.
- «هەموو کاتێک هەر بەخێربێی، هەفتەی دادێ ڕۆژی هەینی باشە؟»
ئەوە بوو، هەینی لەگەڵ ئاورێلیا، گورگی و ڕەخش چوومە کوورەخانەکەی «هێنک». ئاخر ڕەخشیش پێویستی بە دوو جووت ناڵ هەبوون.
لەو کاتەی خانم مایتەما لە کێڵگەکە باریکردبوو، ناڵەکانی ڕەخش نەگۆڕابوون. ئاورێلیاش ئاگاداری کردبوومەوە، کە پێویستە ناڵەکانی بگۆڕین. کاتێکیش ڕەخش و من بەو ناڵ و ناڵچانە گەڕاینەوە کێڵگەکە، هەردووکمان لە دەنگی سم و پێیەکانمان، کە لە بەردەکان دەکەوتن زانیمان، کەوا قۆناغێکی نوێ لە ژیانمان دەرکەوتووە.

## ٤

دکتـۆر مایەنەمـا داوای لـە «هێنـک» کردبـوو، بەڵکـو لـە بڕینـی دارەدرەختەکان یارمەتی بدا. دوو ڕۆژ پێوەی خەریکبوون، لەو کاتەی خێزانـی مایەنەما لەوێ نەماون، نە مـن و نە دکتۆر مایەنەماش ئاگامان لە دارودرەختەکان نەمابوو، مشـوورمان نەخواردبوون. ڕاستییەکەی لە چرووپڕی داروبارەکان خانوەکە لە هیچ لایەوەکەوە نەدەبینرا.

ئێسـتاش کـە بـاران بە تـەواوی کێڵگەکەی شوشـتووەتەوە، هەموو شـتێک لای ئێمە لەگەڵ تیشـکی خۆردا دەدرەوشـێتەوە. پێشـتر کە پایسکلسوارەکان بێرەدا ڕەتدەبوون، هیچ شتێک سەرنجی ڕانەدەکێشان،

نوستنی فیرعەونەکاندا ئێشکیان لێدەگرتن. مارەکان لەسەر دارودیواری کۆشکەکانی میسری، ئێرانی و گریکی بوون، بە جۆرێک نەخشێنرابوون، پارێزگاری شانوشکۆی و نەمرێتیان بوون. کیلۆپاتراش مارێکی ئاڵتوونی وەک تاج لەسەر دەنا.

بەهار بە هەموو هێزوگوڕی خۆی هات. دکتۆر مایندماش قۆڵی لێهەڵکرد و بە یارمەتی ئاورێلیا ژیانیان وەبەر پارێزەکە هێنایەوە.
بینیم «هێنک»یش، «هێنک»ی پەیکەرتاش و دۆستە نزیکەکەمان لە عەمبارەکەدا زۆر سەرقاڵە. ئاخر مایندما داوایلێکردبوو بەڵکو غەڵێفێک بۆ مێشەکان دروستبکا.
کاتێ هێنک منی بینی گوتی: «ئێستا باشتر لە جاران دەتبینم، هەنووکە میوانت هەیە. هەر دەبێ خانەوادە بێ؟»
منیش وەلامی پرسیارەکەیم نەدایەوە، لەبری ئەوەدا گوتم: ««هێنک» جووتە پێڵاوەکەم پێویستیان بە یەک دوو ناڵچەی نوێ هەیە. کەی بێمە لات تا دروستیانبکەی؟»
«هێنک» ناڵی ئاسنینی بۆ ئەسپەکان و ناڵچەی زێڕینیشی بۆ بنی پێڵاوی من دروستدەکرد.
- «هەموو کاتێک هەر بەخێربێی، هەفتەی دادێ ڕۆژی هەینی باشە؟»
ئەوە بوو، هەینی لەگەڵ ئاورێلیا، گورگی و ڕەخش چووینە کوورەخانەکەی «هێنک». ئاخر ڕەخشیش پێویستی بە دوو جووت ناڵ هەبوون. لەو کاتەی خانم مایندما لە کێڵگەکە باریکردبوو، ناڵەکانی ڕەخش نەگۆڕابوون. ئاورێلیاش ئاگاداری کردبوومەوە، کە پێویستە ناڵەکانی بگۆڕین. کاتێکیش ڕەخش و من بەو ناڵ و ناڵچانە گەڕاینەوە کێڵگەکە، هەردووکمان لە دەنگی سم و پێیەکانمان، کە لە بەردەکان دەکەوتن زانیمان، کەوا قۆناغێکی نوێ لە ژیانمان دەرکەوتووە.

## ٤

دکتۆر ماینەما داوای لە «هێنک» کردبوو، بەڵکو لە بڕینی داروەدرەختەکان یارمەتی بدا. دوو ڕۆژ پێوەی خەریکبوون، لەو کاتەی خێزانی ماینەما لەوێ نەماون، نە من و نە دکتۆر ماینەماش ئاگامان لە دارودرەختەکان نەمابوو، مشوورمان نەخواردبوون. ڕاستییەکەی لە چڕوپڕی داروبارەکان خانوەکە لە هیچ لایەوەکەوە نەدەبینرا.

ئێستاش کە باران بە تەواوی کێڵگەکەی شوشتووەتەوە، هەموو شتێک لای ئێمە لەگەڵ تیشکی خۆردا دەدرەوشێتەوە. پێشتر کە پایسکلسوارەکان بێرەدا ڕەتدەبوون، هیچ شتێک سەرنجی ڕانەدەکێشان،

لەســەر پەیدانلێدانــی خۆیان بەردەوامدەبوون، کەچی ئێســتا ڕادەگرن و ســەیری دیمەنە دلڕفێنەکانی ئەم ناوە، ســەیری کێڵگەکە، ســەیری ئاورێلیا، گورگی، ڕەخش و مانیەما دەکەن.
دەمودەستیش شتێکی سەرنجڕاکێشم لە نێو کێڵگەکەدا دۆزییەوە. مەلە کۆچەرییەکان، ئەوانەی جارێکی دیکە کاروانەکەیان بەســەر کێڵگەکەدا گەڕایەوە، ئیدی شەو لای ئێمە بەسەردەبەن. ئەوان لەسەر دارودرەخت دەکەنە جریوە و ژاوەژاوی خۆیان. ئاورێلیاش لە هەموو لایەکی کێڵگەکە کۆلی پڕ لە ئاو و دانیان بۆ دادەنێ. مەلەکانیش بۆی دەخوێنن.
بۆ بەیانییەکەی لە شــەققەی باڵەکانیان دەدەن و لەســەر ڕەوەکەیان بەردەوامدەبن.
ڕاســتییەکەی ناتوانــم ئــەوە بســەلمێنم، بەڵام لــەوەش بەگومان نیم، کەوا ئەو مەلە کۆچەرییانە ســەر بە ئاورێلیا و هەنگە ڕەنگزێڕینەکانن.
ئەوانیش لەو شوێنە هاتوون کە ئەوانی لێهاتووە.
بۆ ئەو شوێنەش دەفڕن، کە پێویستە لێی هەبن.

سەرەتای هاوین بوو، مەزراجارەکەش لەو پەڕی بووژانەوەی خۆیدا بوو. پێشــتر هەرگیز ئەوەندە گوڵی لێنەپشــکوتبوو. شــیناییەکەش کدووی گەورۆنــە گەورۆنــەی پێوەهاتبوون، هــەروەک ڕۆژ وا بوون لەبن پەلکە پانوپۆڕەکاندا دەدرەوشانەوە. هەنگەکانیش بەنێو مەزراکەدا دەهاتن و دەگەڕانەوە غەلێفەکانیان، ئەو غەلێفانەی کە «هێنک» لەســەر قەدی دارەکە بۆی دانابوون.
منیش لە ژوورەکەی خۆم، لە نهۆمی سەرەوە دانیشتبووم، دەمنووسی. دکتۆر مانیەما و ئاورێلیاش لە عەمبار و تەویلەکەدا خەریکی کارەکانی خۆیان بوون.
مانیەمــا جامــی شووشــەی دەهێنان لەســەر مێزی کارکردنــی دادەنا

و ئاورێلیاش پرپێدەکردن لە هەنگوینی تەڕوتازە. ئینجا سەرەکانی دادەخستەوە بایەدان و بە ئەسپاییەوە شوشەکانی لەنێو سندووقێکدا دادەنا و تا دواتر بیخاتە نێو سندووقی ترومبێلێ. ئەم شوشە هەنگوینانە بۆ ئەو پیر و پەککەوتانە بوو، کە لە خانەی بەساڵاچوان دەژیان.
ترومبێلەکەش کاتی خۆی هی مایندما بوو، بەڵام ئێستا من لێیدەخوڕم.
کاتێکیش ئەوان لێبوونەوە، خۆم هەڵدایە پشت سوکانی ئۆتۆمبیلەکە تا مایندما بە خۆی و شوشە هەنگوینەکانەوە لە بەردەم خانەی بەساڵاچواندا دابنێم.
کاتێ سلفم لە ترومبێلەکە دا بە مایندمام گوت: «دەی با ئاورێلیاش لەگەڵ خۆمان ببەین. لەگەڵ بەساڵاچووەکان زۆرم باسی مایندما کردووە. ئەوانیش حەزیان لێیە جارێک ببینن.»
بە دەستیش ئاماژەی بۆ ئاورێلیا کرد: «ئاورێلیا! ئەرێ لەگەڵمان دێی؟ دەچین سەرێکی برادەرەکانی مایندما دەدەین.»
ئاورێلیاش دەستە بە هەنگوینەکەی شوشتن. هات و لە پشتەوەی ترومبێلەکە دانیشت. دکتۆر مایندماش جارێکی دیکە سەیرێکی سندوقی ترومبێلەکەی کرد و شوشە هەنگوینەکانی بەسەرکردنەوە. ئیدی لێمان خوڕی.
کاتێکیش بە لارێی لای خانەی بەساڵاچووانم بادایەوە و ترومبێلەکەم لە بن دارەکان ڕاگرت، بە تەمەنەکان بە ژن و پیاوەوە لە شوێنی خۆیان هاتنەدەر. دەورەیان لە ئاورێلیا دا، بە دڵخۆشییەوە لەگەڵ خۆیان بردیانە ژوور تا بە یەکەوە قاوەیەک بخۆنەوە.
ئەوان کورسییەکیان بۆ ئاورێلیا لە بەردەم مێزێکی خڕی گەورە دانا و هەموویان لە دەوری مێزەکەدا دانیشتن. هەوڵیاندا بە زمانی ئاماژە لەگەڵ ئاورێلیا بدوێن.
هەوڵیاندا لێی بپرسن: «ئەرێ ئاورێلیا، تۆ خەڵکی کوێی؟»

ئاورێلیاش ئامازەی بۆ شـوێنێکی دووردوور کرد، ئامازەی بۆ شوێنێک کرد لە پشـت هەورەکان، شـوێنێک لەودیو ڕۆژ، کە بۆ ساتێک سەری دەرهێنا، بۆ شوێنێک لەو دیو چیاکانەوە، کە هەر بوونیان نەبوو.
ئەوان بێ هوودە هەر هەوڵیاندەدا بپرسـن: «ئەرێ ئاورێلیا، خوشک و برات هەن؟»
هەر کاتێکیش پرسیاری بۆ ئەو ناڕوون دەبوو، خەندەیەکی بۆ دەکردن.
دیسان پرسیان: «ئەرێ ئاورێلیا دایکت ماوە؟»
ئەویش هەر بە ئامازەوە پێیگوتن، کەوا دایکی بەپێ دەڕوا، سەگێکیش، سەگەکەیان لە دوای دەڕوا تا ئەگەر ڕێگەکەی ونبکا بیهێنێتەوە ماڵێ.
ئەو شتێکی دیکەشی بۆ گێڕانەوە، بەهۆیەوە هەموو پێکەنین.
لـەو هەموو کاتـەدا هەنگە ڕەنگزێڕینـەکان لەودیو جامـی پەنجەرەی کێڵگەکەوە دەفڕین و ئێشکیان لەو دەوروبەرە دەگرت.
پاش ئەوەی هەمووان قاوەکەیان خواردەوە و شووشە هەنگوینەکانیش دابەشدەکران، من و ئاورێلیا سوار بووینەوە و گەڕاینەوە کێڵگەکە.

کاتێکیش گەیشتینەوە ماڵ، ئاورێلیا، گورگی و ڕەخشی لەگەڵ خۆی برد تا لە دەوری جۆگەکە بیانخولێنێتەوە. منیش لە پشـتی پەنجەرەکەوە سەیرمدەکردن.
ڕۆژێک دادێ ئەوان کێڵگەکە جێدەهێڵن، بەڵام ئەوەشم نەدەزانی ئاخۆ ئاورێلیا چەند لای من دەمێنێتەوە. تا ئێستا ئەم شتەم لەگەڵیدا باس نەکردووە، وەهاش باشترە هەر باسینەکەم.
ئاخـر خۆ وەڵامەکە ڕوونە. ئەو بـۆ ئەوە هاتۆتە ئێرە، چونکە دەبوایە لێرە بێ.
هەر واشـی لێدێ، ڕۆژێک دێ مەلە کۆچەرییەکان دێن و لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە.

کەواتە هیچ شــتێکی ئەرخایەنم لە لانییە بیڵێم، بەدەر لە یەک ڕاســتی نەبــێ. بەدڵنیایــەوە ئەو نابێ بەخۆیی و ئەو قاپقاپە ســواوانەی خۆی ئێــرە جێبێڵــێ. ئەوە بوو بــە دزییەوە جووتــە قاپقاپەیەکی زەردم بۆ دروســتکرد. بــە مــرواری و تەلاشــم بۆ ڕازانــدەوە، ئــەو پارچە زێڕ و زیوانەی لە هەموو لایەک، لە گەشتەکانم کۆکردوونەتەوە و لەگەڵ خۆم هێناونەتــە ماڵەوە. لاچکەکانی قاپقاپەکەم بە داوی زێڕ نەخشــاندن و ناڵچەی زێڕیشم لەبنی کەوشەکە دان.

لە پشت مینای پەنجەرەکەوە بە ئاماژە بانگمکرد: «ئاورێلیا.»

ئەویش گوێی لێم نەبوو، لێ کاتێ گورگی وەڕی، ئاوڕیدایەوە.

بە ئاماژەوە: «دەی وەرە! وەرە ئێرە!»

ئەویش گەڕایەوە کێڵگەکە. منیش بە پەیژەکان چوومە نهۆمی خوارەوە، لەوێ چومە ناندینەکە و قاپقاپەکانیشم لە پشت خۆم گرتبوون

ئــەو چاوەکانــی خۆی نوقانــدن و ڕوومەتی خــۆی هێنایەپێش. منیش ماچێکــم لەســەر گۆنــای کرد. ئینجــا چــووە دەرەوە تــا قاپقاپەکان نیشــانی گورگــی، ڕەخش و هەنگــە ڕەنگزێڕینەکان بــدا. کاتێکیش لە دەرکەی باخەکە چووەدەر، ڕۆژ لەســەر بەردە مرواریەکانی قاپقاپەکە ڕەنگیدایــەوە، لەوێــوە کۆلکەزێڕینەیەکــی ڕەنگیــن لــە نێو و بەســەر دارەکاندا هات.

# کۆتایی

ئیدی چیرۆکی سوڵتان خرایە سەر کاغەز.
منیش دەستنوسەکەم خستە نێو زەرفێک، سواری پایسکەلەم بووم و مەودایەکی درێژم بۆ لای کێڵگەکەی ئەو بڕی.
گورگی لە قەپەنگەکە وەرکەوتبوو، منی بینی، بەڵام نەوەڕی.
ڕەخشیش لە کولانکەی تەویلەکەوە سەیری کردم. هەنگەکانیش هێشتا هەر لە نێو غەڵێفەکەیاندا بوون. دکتۆر مایندماش کدوویەکی گەورەی لێکردبووەوە، کدووەکە وەک ئەوە وا بوو ڕۆژێک بێ لەنێو لەپی دەستی دابێ. ئاورێلیا منی بینی و هاتە لای پەرژینەکە. منیش بە دەست و ئاماژە سڵاوم لێکرد و گوتم: «ئەم کتێبە هی سوڵتانە.»
ئەویش سڵاوەکەی بە دەست و سەر وەرگرتەوە. لەسەر پەرژینەکە زەرفە کاغەزەکەم دایەدەست. دەروازەکەشی نەکردەوە. ئاخر چیرۆکەکە تەواوببوو. کەسایەتییەکانیش سەربەخۆ بوون. نەشدەبوو لەوە زیاتر بچمە نێو جیهانەکەیان.
چاوم پڕ لە فرمێسک بوون.
ئینجا گەڕامەوە و ڕێگەیەکی دیکەم گرتەبەر.

# هەندێک تێبینی ڕۆماننووس

١

«سەعید سولّتانپوور» شاعیر و شانۆنووس و دەرهێنەر و ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی ئێرانی بوو. لەبەر فیلم و شیعرە شۆڕشگێڕییەکانی لە لایەن ڕژێمی مەلاکان گیرا و لەسێدارەدرا.

٢

ئەم برگەیەی خوارەوە لە وەرگێڕانە هۆڵەندییەکەی (کوندەبەبۆی کوێر)ی «سادقی هیدایەت» وەرگیراوە:

خۆشەویستیم بۆ ئەو تەواو شتێکی دیکە بوو. بە خاترجەمییەوە من ئەوم پێشتر دەناسی. ئەو چاوە ئەندازەییانە، ئەو دەمە نیوە کراوەیە، ئەو ئارامییە- هەموو ئەو سەرنجانەی ئەو یادەورەییە تاڵە دوورەکانی لێ بەسوێ هێنامەوە. ئەو شتێکی بەرجەستەدەکرد، کە من لێی بێبەش بووم.

٣

ئەو دەقەی پێشبەندەکە لە «زمانگۆی مەلان (منطق الطیر)ی

ئوستادی فارسی «فەریدەدین عەتارە»وە وەرگیراوە. «عەتار» لەنێوان ١١٤٥-١٢٢١ دا لــە ئێرانــی کۆندا ژیاوە. کتێبە بەناوبانگەکەی **(منطق الطیر)** یان «زمانگۆی مەلان»ە کە بە کۆڵەگەیەکی ئەدەبیاتی فارسی دادەنــرێ. لــە کتێبەکەی ئــەودا، مەلان بــە دوای ئافەریدەکارەکەیان، بــە دوای پاشــای جیهانەکان دەگەڕێــن. پەپوســلێمانکەش ڕێگەیەک دەدۆزێتەوە تا سۆراخی پاشاکەیان بکەن.

٤

ئەم دەقەی خوارەوە لە قورئانەوە لە سورەتی (العادیات) وەرگیراوە:

وَالْعَادِيَاتِ ضَبْحًا (١) فَالْمُورِيَاتِ قَدْحًا (٢) فَالْمُغِيرَاتِ صُبْحًا (٣) فَأَثَرْنَ بِهِ نَقْعًا (٤) فَوَسَطْنَ بِهِ جَمْعًا (٥)

٥

ئەم ڕستەیە: «ئەوە بوو بینرا، چیدی بە هەستپێنەکراوی نەمایەوە.» لــە ڕۆمانی (De avonden)ی «خێــرارد ریڤ Gerard Reve) وەرگیراوە.

٦

هۆنــراوەی «بــڕوات با بەهار بێ!» هی شــاعیری فــارس «فەرەیدون مشیری»یە.

٧

(جون) واتای خۆشەویستی دەدا. ئەکرەم جون: ئەکرەم گیان.

# چەند سەردێڕێک لە ژیاننامەی وەرگێڕ

- لە ١٩٦٨ لە گوندی (گرک) لە (دۆڵی ڕوستێ)ی دەڤەری باڵەکایەتی لە دایک بووە.
- لە ١٩٨٨دا بە کالۆریۆسی لە قانوون لە زانکۆی بەغدا وەرگرتووە.
- لە ١٩٩٧ـەوە تا ٢٠١٢ ئاوارەی ئەورووپا (هۆڵەندا و بەریتانیا) بووە.
- لـە پاڵ زمانی زگماکیدا؛ زمانەکانی عەرەبی، هۆڵەندی و ئینگلیزیش دەزانێ.
- لە ١٩٨٦ـەوە هەوڵی نووسینی داوە. تا ئێستا ١٧ کتێبی لە زمانەکانی هۆڵەنـدی و ئینگلیزییـەوە وەرگێـڕاون. دەیان گوتـار و لێکۆڵینەوەی قانوونی و سیاسیشی بڵاوکردوونەتەوە.

# چاپکراوەکانی وەرگێڕ

١. نهێنییەکانی مۆساد، نووسینی گۆردۆن تۆماس، وەرگێڕان لە زمانی هۆڵەندییەوە، سێ جار چاپکراوەتەوە؛ چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی، هەولێر. چاپی دووهەم دەزگەی چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات، هەولێر ٢٠١٤. چاپی سێهەم ڕۆژهەڵات ٢٠١٦.

٢. مادلین ئۆلبرایت، سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، سەنتەری نما ٢٠٠٩، هەولێر.

٣. داود بنگۆریۆن، دامەزرێنەری دەوڵەتی ئیسرائیل، نووسینی ڕۆبەرت سەنت یۆهن، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی هێڤی ٢٠١١، هەولێر. چاپی دووەم ناوەندی ئاوێر ٢٠١٦ هەولێر.

٤. کوردستان لە نێوان سیڤەر و سنوورە دەستکردەکاندا، نووسینی: هیسەر لێهر واگنەر. مێژوو. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە. چاپی یەکەم؛ لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی هەولێر ٢٠١٣. چاپی دووەم، ئاوێر ٢٠١٥.
٥. وەرزێکی سپیی وشکوبرینگ، ئەندریێ برینک. ڕۆمان. وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٣.
٦. ژیانی من، چۆن ئیسرائیل دامەزرێنرا؟ گۆڵدا مایەر، یاداشت، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر. ٢٠١٤.
٧. ئینفێرنۆ، دۆزەخ، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.
٨. شەرەف، ئەلیف شەفەق، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٥.
٩. یاخیبوون، مناحیم بێگن، یادەوەری، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.
١٠. خانووەکەی مزگەوتێ، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر ٢٠١٦.
١١. کۆدەکەی داڤینشی، دان براون، ڕۆمان، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، ناوەندی ئاوێر، هەولێر ٢٠١٦.
١٢. خەتی بزماری، ڕۆمان، قادر عەبدوڵلا، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، ناوەندی ئەندێشە، سلێمانی ٢٠١٧.
١٣. کردە هەرەگرنگەکانی مۆساد، میخائیل بار زۆهار و نەسیم میشال، وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی.
١٤. لە مەککە، قادر عەبدوڵلا، ڕۆمان، وەرگێڕان لە هۆڵەندییەوە، چاپخانەی حەمدی، ٢٠١٨ سلێمانی
١٥. ئەریێ کورد بوونە بەردەباز؟! ڕۆبەرت بریان گیبسن، مێژوو، لە ئینگلیزییەوە، چاپخانەی کوردستان، سلێمانی ٢٠١٩.
١٦. شەوە سپییەکان، مناحیم بێگن، یادەوەریی، لە ئینگلیزییەوە، ئامادەی چاپە.

ئازیزم شەفیق،

سەلام،

دەستت خۆش بێ، کارێکی باشت کردووە.

خۆشم نازانم چۆنە، بیرم هەر لای کوردستانە، ئەوەش گرفت نییە کە چ بەشێک بێ.

هەروەها ئەوەش نازانم چۆنە، کە لە کوردستان هەستدەکەم لە ماڵی خۆمم (هەرچەندە لەوێش نیم).

من ژنم هێناوە و دوو دۆتی جوان و نازداریشم لە ماوەڵەوە هەن. کاتێ هێشتا گەنج بووم، هێشتا هیچ کتێبم نەنوسیبوون، ئەوە بوو یەکەمین کتێبم سەبارەت بە بەرزایی و گوندەکانی کوردستان نووسی، هەر لەوێش لە شوێنێک کیژێکی جوان، ژنێکی گەنجی زۆر نازدارم بینی، ئەویش منی بینی و چاومان بەریەک کەوت. ئیدی هەردووکمان زانیمان، لە چاوەکانی یەکدی خوێندمانەوە. شتێکمان خوێندەوە کە خەڵک تێیدەگا چییە. کەچی بۆ هەردووکمان ئەوە دیار بوو، کە بەیەکگەیشتنمان ئەستەمە. کەواتە نە هیچ قسەیەک و نە نیگایەکی درێژتر، ئاخر خۆ شتەکە نەکردە بوو. منیش درێژەم بە ڕێگەی خۆم دا، بەڵام بینیم دەستی ئەو نیوەی لە هەوا بوو، بۆ منی ڕادەوەشاند. کاتێکیش ئەم کتێبەم نووسی، بۆ ئەوم نووسی. هەرچەندە نە ناو، نە ناونیشان، نە هیچ قسەیەکی ئەویشم لا نەبوو. لێ گەلۆ، ڕووە گەشاوەکەی، دوو چاوە جوانە کێوییەکەی ڕوخسارێکی (مۆزە)ی خواوەند بوو.



قادر عەبدوڵڵا

هۆڵەندا ـ ٢٠١٩/٥/٧

KADER ABDOLAH

# ZORBA the PERSIAN

Translated by

SHAFIQ H.KHEDER

2020